# ئیلشا

**دیدار مەسیفی**

کوردستان
٢٠١٠

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**
**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

ناوی کتێب: ئیلشا

نووسەر: دیدار مەسیفی

پیتچنین: نووسەر

نەخشەسازی بەرگ:

چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (      ) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێی دراوە.

*** مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و خاوەن کتێبەکە**

*** ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە**
www.kurdchap.com

بۆ

باران هیوا

دڵشاد نەبی دەمێک بوو دەیزانی کەوا نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە، بەڵام چ جاران ئەوەندەی ئەو رۆژە دڵپڕ لە گریان و پەشۆکاو نەبوو، کاتیک دکتۆرەکەی پێی گوت کەوا تەنها پێنج شەش رۆژێکی لە ژیاندا ماوە. دکتۆرەکە بێ ئەوەی بەزەیی بێت بەو نەخۆشە بەستەزمانەی بەردەمی و چاوەڕێ بکات کە چۆن لە ژێر ئەنجامی دوا لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئەودا بووە رەشبینترین مرۆڤی دونیا. بە دڵشاد نەبی گوت " هێشتا کاتت بە دەستە ئەگەر بتەوێت بگەڕێیتەوە و لە وڵاتی خۆتدا بمریت! " ئەو وشانە وەک دوکەڵی هەناسەی جگەرەکێشێکی سی پڕ لە قیڕ لە نێوان ددانە سپی و شاشەکانی دکتۆر هاتنەدەر و لە پڕ وەک شەپازلەیەکی سارد و سڕ دران بە بنا گوێی دڵشاد نەبیدا. پاش ئەوەی ترسا و تۆقیوو دەمێک بوو لە سەر کورسییە پرتەقالییەکەی بەرامبەر دکتۆر لە چاوەڕوانیدا دانیشتبوو.

دڵشاد کە ناوی وڵاتی گوێ لێبوو یەکسەر ئانیشکی خستە سەر مێزە مەڕمەڕەکەی پێش دکتۆری پسپۆر و بە دەستی راستەی توند نێوچەوانی گرت، کە لە بەر رووتانەوەی سەری دەستی لە هەموو جارێک بچووکتر و بێدەسەڵاتتر دیار بوو، لە دەستی مێرمنداڵێکی دەست و پێ سپی دەچوو کە بە درێژایی تەمەنی داری لە سەر بەرد دانەنابێت.

دڵشاد نەبی بەم دانیشتنەی کە سەری چووبوو بەلایەک و قونیشی چووبوو بە لایەکدا، دیمەنی لە کەسێکی گەلێک بەدبەخت و چارەڕەش دەچوو، لە بنیادەمێکی دوو کەرت و رووخاو لە نێوان دوو دونیای لە یەکتر جودا دا. یەکەمیان کەلتوری بریقەدار و پێش ڕەفتی ئەوروپا و دووەمیشیان رۆحی گەرمی پیرە وەلات و ئازارەکانی. وەک ئەوەی کورسییە پلاستیکە پورتەقالییە

سارد و سڕەکەی ژێرەوەی لە سەری دانیشتبوو ئەوروپا بێت و مێزە مەڕمەڕە گەرمەکەش سنگی سپی دایێ وەلات.

*　　　*　　　*

دواجار دڵشاد نەبی تەسلیمی ئەو راستییە بوو کە تازە ئەو پیاوێکی ناشیرینی سەر لووسە، ئێوارەکی هاوینی گەرم بوو. کاتێک فانیلەیەکی ئارەقگیری سپی لەبەر بوو و نیوە رووت لە بەرامبەر پەنجەرەدا وەستابوو. دوو باسکی سپی ئێڤای کچە برادەریشی لە سەر ناوکیدا بە شێوەیەک لە یەکتر ئالابون و پیتێکی گەورەیX) ) یان لەسەر لەشیدا کێشابوو. دڵشادیش دەستی چەپی بردبوو بۆ پشتەوە، یەکسەر بۆ سەر سمتی توورت و پڕی ئێڤا کە لە ناو تراکسووتە قاوەییە تەسکەکەدا لە قاوغی دوو کیسەڵی دەستە خوشک دەچون. نێو لەپی دەستی راستەشی چەند جار بە نێوچەوانی دادەهێناو و تا پشتە ملی دەبرد. بزەیەکی خەمناک دەکەوتە سەر لێوانی و بە ئێڤای دەگوت "
ئاووا، پێنج شت باخچەی سەرمیان هەڵوەراند: تەقەی براکوژی، سەختی ڕێگای قاچاغ، دووری خوشکە تاقانەکەم، دەردەسەری ژیانی کەمپ، وە ژانی.......! "

هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و لە شووشەی پەنجەرەکە دا رووی گەشی ئێڤای دەبینی کە پرچێکی قاوەیی لوول بەسەر شانی سفت و لووسیدا پەرش و بڵاو ببوو. سەرنجڕاکێش تر لە ئەوەش ئێڤا بە قردێلەی پرچ، لە جیاتی لوول دان و بەستنی کەزییەکانی دووگوڵی قەرەنفولی سووری لە گۆی مەمکە خڕ و سپییەکانی دابوو دەتگوت تابلۆیەکی سەدەی نۆزدەهەمە.

دڵشاد لە خۆشی هاتنی ئێڤا پێش وەخت چەپکێ گوڵی ڕەنگاوڕەنگی لە دوکانی پیرەژنە تورکەکە کڕیبوو کە کەوتبووە سەر گۆشەی ئەو جادەیەی لە لای سەرەوە بۆ ئەپارتمانەکەی ئەو دەهات. ئای، ئەو ژنە چەندە رقی لە هەردووکیان بوو کاتێک لە ئەوبەری جادەکەوە تیژ بە بەردەمی دوکانەکەی

ئەودا رەت دەبون. بۆیە ئەو رۆژە ئەگەر لە جیاتی مێردی لە دوکانەکە بووایە، لە برِی چەپکێک گوڵ درکی پێ دەفرۆشتن.

هەردووکیان باش دەیانزانی کە هۆی ئەو هەموو رقە تەنها رووداوێکی سادەو ساکارە!

کاتێک ئێوارەیەکی تاریکی درەنگ بوو و یەکەم جار بوو وەها پێشبێت ئێڤا لەگەڵ دڵشاد دا بەرەو ماڵ بێتەوە. هەر بە گەیشتنیان بۆ بەر دەرگای دوکانەکە دڵشاد بە ئێڤا دەڵێت" لێرە بوەستە، ئێستا دەگەرێمەوە! " پاشان خۆی و کیسە نایلۆنەکەی دەستی کە شەش قووتووە بیرەی (Hieneken)ی تێدابوو خۆی کرد بە دوکانی پیرەژنە تورکەکە بۆ ئەوەی چارەکە کیلۆیەک زەیتونی رەش بکرِێت لەگەڵ هەندێک دۆڵمەی پەلکی مێو کە ژنەکە لە ماڵەوە دروستی دەکردن و لە دوکان دەیفرۆشتن. لەنێو دوکانەکە پیرەژنەکە شاد بوو بەوەی کەوا موشتەرییێکی تازەی رووخسار رۆژهەڵاتی بەرەو دوکانەکەی دێت. کەچی لە بەدبەختی دڵشاد چوارچێوەی دەرگای دوکان کەمێک لە شۆستەی جادەکە بەرزتر بوو. دڵشادیش هەموو خەیاڵی لەسەر زوو گەرِانەوە بوو بۆ لای ئێڤا و دەیەویست ئەو ماوەیە یەکجار خێرا ببرِێت کە کەوتبووە نێوان کچە برادەرە شۆخەکەی و ژنە پیرەکەی بەرامبەری. وەک ئەوەی لە ناخەوە دژ بەم لۆژیکە بجەنگێت کە هەردەم جوانی دەخاتە دوا و پیریش دەخاتە پێش. لە ئەنجامدا و بە هۆی ئاورِدانەوەیەک بۆ دواوە لە پرِ ساتمەیەک لە سەکۆی دەرگاکەدا دەکات و لە ناوەرِاستی دوکانەکە دا لە سەر زگ دەکەوێتە بەرامبەر پیرەژنەکە کە ئاگر لە نێوچەوانی هەڵدەستا کاتێک پەلامیزەی قوتووە بیرە تەقیوەکان وەک هەنگ بەرببونە دەموچاوی. ئەو بە قورگێکی پرِ لە گریان بە توورِەیی هاواری بەسەر دڵشادی کەوتوو دەکرد" شەرەف سز، سەن شەرەف سز " بە پێڵاوە قاڵتاغە بچووکەکانیشی لەقەی لە سەرێک دەدا کە لە ژێر زەبری دژواری لوکیمیا و ئارەقەی شەرمەزاری ئەو کەوتنەیدا وەک زەوی بەر بارانی وەرزی پایز نەرم ببوو. دڵشاد لە تاو ئازاری ئەژنۆ و دەستەکانی ئەوەندە ئاگای لە هات و هاواری پیرەژنەکە نەبوو، بەڵام کە سەر بەرزدەکاتەوە لە

جیاتی باڵای کورتیی ئەو ببینێت، چاوەکانی لەسەر نەخشێکی ئایەتی کورسی دەنیشن کە بەسەر قاسەی پارەکەوە لە چوارچێوەیەکی زێڕین بە دیواردا هەڵواسرابوو. دڵشاد هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکات، چونکە پیرەژنەکە بەر لەچەند دەقیقەیەک لە چاوەڕوانی هاتنی کەسێک بەرەو دوکانەکەی لەوپەڕی شادمانی دا بوو. یان دروست تر بەو مارکە خەوتووانەی نێو گیرفانی دڵشاد کە دەبووایە چووبانایە باخەڵیی ئەو، نەوەک سەرفنەکراو و تەڕ بە بیرە لە گیرفانی موشتەرییەکی بێکەلک و کەوتوو لە ژێر پێییەکانی.

ئێڤا نەیدەزانی لە ژوور چ باسە؟ بەڵام کە بینی دڵشاد هەناسە سوارە و بە جلی تەڕەوە بەغار لە دوکانەکەوە دێتە دەرەوە، کەمێک تاسا و هەستی بەو گومان و ترسە ئەوروپاییە کرد کە لە بەرامبەر بنیادەمی سەر ڕەش دا هەیە. هەر کەسێکی سەر ڕەش ئەگەرچی وەک دڵشاد نەبیش بێت و زۆرینەی مووەکانی سەری لە ژێر هەڵمەتی هەڵوەرانداین. لە بەرامبەر دا دڵشاد تا لە ئێڤا نزیکتر دەبووەوە ڕونتر ئەو بەرائەت و دڵپاکییەی لە روو دەخوێندرایەوە کە لە ڕێگاکانی هات و نەهات، ڕێگاکانی قاچاغ دەکەوێتە سەر رووخساری ئەو کاروانچییانەی کە دەکەونە بەر دەستی پۆلیسی وڵاتان.

دڵشاد نەبی بێ ئەوەی هیچ بڵێت دەستی ئێڤای گرت و هەردووکیان بەخێرایی لە شوێنەکە دوورکەوتنەوە. بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن نەچون بۆ ئەپارتمانەکەی دڵشاد کە سەد مەترێک لە دوکانی پیرەژنەکە دوور بوو، بە پێچەوانەوە بەرەو رۆژهەڵاتی شار بەڕێکەوتن. ئێڤا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد ماڵی ئەو کوڕە رۆژهەڵاتییە ببینێت کە بەر لە چەند مانگێک بۆ ماوەی بیست و هەشت رۆژ ڕۆژانە لە پەنجەرەکەی ئەودا مێوان بوو.

هەردووکیان بە هێواشی بەجادەکاندا پیاسەیان دەکرد، دڵشاد رووداوی نێو دوکانەکەی وەک شتێکی بێبایەخ بۆ ئێڤا دەگێرایەوە. بەڵام لە ناخەوەوە نیگەران بوو نەوەک تووڕەبونی لە رادە بەدەری پیرەژنەکە ببێتە هۆکاری دڵ وەستانی و بەوەش ئەو لە غوربەتدا گرفتار بێت بەدەست ئازاری دەرون و

خەونە کابووسییەکان. بۆیە دەیەویست هەرچی زووترە شوێنەکە بەجێبهێڵێت و ئەو رووداوە لە بیر خۆی بەرێتەوە.

بێئەوەی هەست بە ماندووبون بکەن پێنج سەعات بە پێ ڕۆیشتبون و دڵشاد بە ئەڵمانییەکی سەر و گوێلاک شکاو بە سەرهاتی ژیانی لە سفرەوە بۆ ئێڤا گێڕابووەوە: باسی منداڵی خۆی، مردنی لەپڕی دایک و باوکی لەیەک رۆژدا، باسی خوشکە تاقانەکەی، کەزان، ئایفەر و باوکی لە لالەلی ئەستەنبۆل، جوانی یۆنان، هەناو رەشی دەریای سپی ناوەڕاست بۆ بەلەمە بچووکەکانی ریگای قاچاغ، باسی کەمپ، نەخۆشی و ئەوینی لە پڕ و ناکاوی لەگەڵ ئەو. سەعاتەکان لە سفرەوە بچووک بچووک دووبارە دەبونە ئێڤاش غەرقی نەشئەو خەیاڵی ئەو بەسەرهات و رووداوانە، موچرک بە گیانی دادەهات و زیاتر تامەزرۆی دونیای نامۆی ئەو کوڕە رۆژهەڵاتییە خوێن گەرمە دەبوو. پێنج سەعاتی بەردەوام لە سەر جادە و شەقام و پرد و ناو باخچەکانی شار گەڕان. کەنار و کەناری رووبار تێر تێر یەکتریان لە باوەش گرت، یەکتریان ماچ کرد.

ئەو شەوە شوێن نەمابوو گاسنی ماچ نەیکێڵابێت، روومەت و گەردن و پشتەمل،لێوە گێلاسەکانی ئێڤا و چەناگە هەرمێییەکەی دڵشاد. پاش پێنج سەعات قسەکردن، یەکتر لە باوەش گرتن و ماچ کردن، هەردووکیان چون لە قاوەخانەیەکی سەر رۆخ رووبار دانیشتن. ئێڤا لە رۆژنامەیەکی نیوە دڕاودا کە لە سەر مێزەکەی ئەوان فڕێ درابوو چەند کۆپڵە لە شیعری ریلکەی بەرچاو کەوت و بە دەنگ بۆ دڵشادی خوێندنەوە، پاشان بە زمانێکی سادە و ساکارتر مانای یەک بە یەکی کۆپڵە شیعرەکانی وەک کۆدی شەو بۆ دڵشاد نەبی شیکردنەوە.

ئەو شەوە پێکەوە تێر تێر لە ئەستێرەکانی ئاسمان ڕامان، تا شەو دەستی لە ملی بەیان کرد، سەیری مۆر بون و ئەرخەوانی بونی ئاسمانیان کرد، سەیری نارنجی بون و زەرد بون و سپی بونی. ئەو شەوە هەردووکیان بە ئاگری ئەوینێک سووتان کە بە تین و زیوین بوو وەک شۆرت کردنی سارد و گەرمی کارەبا، زستان و هاوین، رۆژئاوا و رۆژهەڵات.

*          *          *

ئەو بەیانییە سارد و خەمناکەی کە دڵشاد نەبی شوێنی دکتۆرەکەی بەجێهێشت، لە جیاتی جادان بە کۆڵاناندا ملی ڕێی گرت. ئەو ڕۆژە ڕۆیینی لە هی کەسێک دەچوو کە بە دزی و پەناگرتن بیەوێت لە دەست جەنجاڵی شار هەڵبێت، هێواش هێواش دەڕۆیشت و دەیەویست وەک ژووژک ئەگەر بیتوانیایە گرمۆڵە بێت و دڕکە تیژەکانی لەشی پێش ئەوەی بچووبانایە بە گژ تەنێکی تردا، چەقیبانایە لەشی داڕزاوی خۆی. تا جارێکی تر نەتوانێت سەری بۆ خۆشترین و ناخۆشترین هەواڵ دەربهێنێتەوە.

لە ژێر پەنجەرەیەک دا نەیتوانی بستێک زیاتر بڕوات. لەو ماڵەی بەرامبەر کە بالکۆنەکەی پڕ بوو لە مەرکان و ئینجانەی گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، دەنگی سەمفۆنیایەکی گەلێک خەمناک دەهات. دڵشاد لەگەڵ ئاوازی ئەم موسیقایە غەمگینە هۆڕ هۆڕ بۆ بەختی خۆی گریا و دانیشتنی شەوی قاوەخانەکەی هاتەوە یاد کە کلیل و قوفڵی هەموو دەرگا داخراوەکانی ناخی دایە دەستی ئیڤا، جگە لە دەرگایەک نەبێت کە بە خەتێکی شەڕە پشیلە بە گەورەیی لە سەری نووسرابوو (لوکیمیا!)

ئەو شەوە پاش ئەوەی ئیڤا لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ریلکە بووەوە، دڵشاد دەستی برد بۆ کلینیکسێک کە لۆگۆ و نیشانەی قاوەخانەکەی لەسەر بوو، وە بریتی بوو لە سەر و کلکی پشیلەیەکی ڕەش کە ببوو بە فینجانی قاوە. ناوی خۆی چەند جارێک وەک مەتەڵێکی سەیر دەنووسی و ماناکانی بە ئەڵمانی بۆ ئیڤاشی دەکردەوە. دەیگوت " ئیڤا گیان، من لەوەتەی هەم گیرۆدەی ناوی خۆمم! دڵشاد نەبی ............! دڵشاد نەبی Prophet Glücklicher نازانم من چیم!؟ پێغەمبەر و نەبیێکی دڵشادم، یان نەعلەتێکی ئەزەلم و لەوەتی هەم شەیتانێک بە گوێمدا دەچرپێنێت، دڵشاد نەبی .... ت ....... ت ...... دڵشاد نەبیت Nicht Glücklick Sein "

ئیڤا قەڵەم و کلینیکسەکە لە دڵشاد وەردەگرێت و خەتێک بەسەر ناوی نەبی دادێنێت و لە جیاتی دەنووسێت Eva پاشان لە خوارەوە شتێک دەنووسێت کە

لە وانەی ماتماتیک دەچوو بۆ کەسێکی تەمبەڵ، نووسی (Adam + Eve = Dilshad + Eva)

دڵشاد بزەیەک دەکەوێتە سەرلێوانی و لە تەوقی سەرەوە تا قونپانیی پێییەکانی نقوومی خۆشییێکی بێهاوتا دەبێت. پڕ بە دڵ حەز دەکات ئەو و ئێڤاش وەک ئادەم و حەووا دوو عاشقی ئەزەل بونایە.

*                    *                    *

دڵشاد یەکەم جار کە لە پارکەکەدا ناوی ئێڤای گوێ لێبوو نەیدەزانی لە زمانەکانی ئەوروپا ئەم ناوە بە حەووا دەڵێن. بۆیە پاش یەکتر ناسینی ئەو ڕۆژەیان کاتێک گەڕابووەوە ماڵ تا درەنگ بیری لەم ناوە کردبووەوە. تا لە خەونییدا کەسێکی سمێڵ ڕەشی قەترانی دەبینی کە بە جلێکی سەربازی خاکییەوە بە کەلاشینکۆف هەڵیدەکوتایە سەر ماڵان و ئیفا سەربازییەکەی پڕ دەکرد لە کیژی هەرزەکار. پاشان ئەو کچانەی دەبردنە بازاڕێک کە لە نێو کڕیارەکاندا هەموو نەژادێکی سەر ئەرزی لێبوو، بەڵام کچە هەرزەکارەکان هەر هەموویان یەک شیوە و سیمایان هەبوو دەتگوت گشتیان فۆتۆکۆپی و دەستەخوشکی ئێڤان. بۆیە ئەو شەوە کە ئێڤا مانای ناوی خۆی پێ گوت، دڵشاد نەبی یەکسەر ئەو خەونەی هاتەوە یاد کە تێیدا ئێڤا هەرزەکارە جوانەکان بە زۆر دەخرانە نێو ئیفا سەربازییەکان و بۆ دوور دەبردران. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ناوی ئێڤاش وەک ناوی من بۆ خۆی مەتەڵێکە. دەبێت بۆچی بۆ بەختی من ناوی ئەو کچە جوانە ئەوەندە لە ناوی ئەو ئیفا عەسکەرییە ناشیرینانە بچێت، کە ڕۆژانێک بە هەزاران حەووایان بۆ چاڵەکانی مەرگ ڕاپێچ کرد.

لەقاوەخانەکە پێش ئەوەی لە یەکتر جودا ببنەوە و دڵشاد بەرەو ئەپارتمانە چۆڵەکەی بڕوات کە لە دوکانی پیرەژنە تورکەکە سەد هەنگاوێک دوور بوو، ئێڤاش بەرەو ئەو ماڵەی کە لە پەنجەرەکەیەوە ئەو یارە خەمناکەی ناسی.

دڵشاد خەونی ئەو شەوەی بۆ ئێڤا گێڕایەوە و پێ گوت " حەز دەکەم ناوت بنێم حەووا! "

بەڵام بۆ ئێڤا قورس بوو ئەو ناوە وەک خۆی بڵێتەوە. بە پێکەنینەوە لە ناو لێوە گێلاسەکانیدا زمانکە تەڕ و لینج و جوانەکەی لە بنەبانی قورگیدا وەک گلۆپێکی فوسفۆری سوور دەبینرا کاتێک چەند جار لە سەر یەک بەبێ وەستان دەیگوت، ئەوا....، ئەووا،..... ئاووا. تا دڵشاد لە پڕ ڕایدەگرێت بانگی دەکات ئاووا(Awa ) " ئەم ناوە خۆیەتی لە ئێستاوە من بانگت دەکەم ئاووا " دوایی دڵشاد وەک ئەوەی نهێنێکی گەورەی ئاشکرا کردبێت بە خۆی دەگوت " ئای لەم ناوە، چۆن سەر و بنی ناوی من بە(D ) دەست پێدەکات و بە(D ) یش کۆتایی دێت، با سەر بنی ناوی ئەو پەرییە ئەویندارەشم بە(A ) دەست پێبکات و بە(A ) یش کۆتایی بێت. تا لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی من(D ) دونیا و دەرگای ئەو بم، و ئەویش لە سەرەتاوە تا کۆتایی(A ) ئاسمان و ئاواتی من!"

دڵشاد نەبی دوو مانگ دەبوو ئاووای دەناسی بەڵام هەرگیز نهێنی ئەو نەخۆشییەی بۆ نەدرکاندبوو کە بەهۆیەوە لە کەمپە سارد و سڕەکە بە یەکجاری ڕزگاری ببوو و هاتبوو لە پاڵ جوانی ئاووا و جوانی شار نەفرەت لە رۆژە ناخۆشەکانی رابردووی بکات، لە یادگارە تاڵەکانی شەڕی ناوخۆ، مەترسی ڕێگاکانی قاچاغ، برسیەتی و سەرماوسۆلی ئەستەنبۆل، دڵەڕاوکێی ئەسینا، بێ ئومێدی و تەنیایی کەمپ، دواییش هەرەس هێنان و رووخانی ناوەوەی بە دەرکەوتنی دیاردەکانی شڵەژان و نائارامی ناو سووڕی خوێنیدا.

ئەو کاتە بەیانییەکی زوو بوو ئاووا لە ماڵەکەیدا سەیری ئەو پارکەی دەکرد کە لە پەنجەرەکەوە دیاربوو. دەبینێت پۆلێک مراوی گەردن ڕەنگاوڕەنگ لە نێو گیایەکەدا دەهاتن و دەچون. ئەو بە پەلە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ زانکۆ، بەڵام وەک ئەوەی ئەو رۆژە شتێکی و نکردبێت چەند جارێک دەگەڕایەوە بەرامبەر پەنجەرەکە و هەمان پۆلە مراوی دەبینەوە. دیمەنی ئارامی پارکەکە و جوانی مراوییەکان وەها لە ئاووا دەکەن کە بڕیاری ئەوە بدات کە هەموو بەیانییەک چەند دەقیقەک ببەخشێت بەو نیگارە جوانەی سەر لە

بەیان. سێشەممەیەک ئاووا کەمێک لە جاران زیاتر بەرامبەر ئاوێنە هێلکەییەکەی تەنیشت پەنجەرەکەدا دەوەستێت و خۆی لە هەموو کاتێکی تەمەنی جوانتر دەبینێت. کاتێک ڕەونەق و ڕۆشنایەک کەوتبووە سەر گلێنەی چاوە قاوەییەکانی و رووە سپی و جوانەکەشی پڕ لە نەشئە و گوشاد ببوو وەک ئەوەی ئەو ئاوێنە بێت بۆ ئاوێنە هێلکەییەکە.

ئەو بەیانییەی سێشەممە وەک پیشەی هەموو ڕۆژانی، ئاووا لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا دەوەستێت و دەبینێت لە بەرامبەر پۆلە مراوییەکان کوڕێکی باریک و جوان دانیشتووە و دەفتەرێکی بچووکی بە دەستە وەک ئەوەی خەریکی کێشانی وێنەی مراوییەکان بێت.

ئاووا بۆ ماوەی دە ڕۆژ هەستی دەکرد ڕۆژ لە دوایی ڕۆژ لە جاران جوانتر و ئاڵتر دەبێت، وە هەموو بەیانیان بەرامبەر هەمان ئاوێنە و هەمان پەنجەرەدا دەوەستا تا هەمان کوڕ بە هەمان جل و بەرگ لە هەمان شوێندا ببینێت. ئاووا بە سەرسامی و سەرسوڕمانێکی زۆرەوە پرسیاری لە خۆی دەکرد کە بۆچی پەنجەرەکەی ئەو لە پڕ بووە بەم نیگارە سەیرە، وەک ئەوەی فریشتەیەکی نادیاری هونەرمەند لە پشت پەردەوە دەست بخاتە نیگارەکە و هەر ماوەیەک وێنەی شتێکی نوێ بخاتە سەر.

ئاووا لەبەر ئەو ڕەونەقەی کەوتبووە سەر گلێنەی چاوە قاوەییەکانی، پەنجەرەکەی لێ ببوو بە نیگارێکی سیحراوی و ڕۆژ بە ڕۆژ لە جاران زیاتر خۆشیدەویست. وە هەموو بەیانییەک بە شەوقەوە ماوەیەک لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا دەوەستا تا سەیری پۆلێک مراوی باڵ نەخشین بکات، لەگەڵ کوڕێکی شێوە ڕۆژهەڵاتی جوان و غەمگین.

ماوەی بیست و هەشت ڕۆژ لەم گومان و نیگەرانییەدا دەژیا، تا ڕۆژێک بڕیاردەدات کە ئەویش ببێتە بەشێکی ئەو نیگارە سیحراوییەی پەنجەرەکە. ئەو ڕۆژە بڕیاری دابوو درەنگ بچێتە زانکۆ، بەڵام وەک جاران زوو لە خەو ڕابووبوو. پاش خۆشووشتن لە بەرامبەر ئاوێنە هێلکەییەکەدا جلەکانی یەک بە یەک لەبەردەکات و دایاندەکەنێت، لەبەردەکات و.... دایاندەکەنێت،

لەبەردەکات و .... دایاندەکەنێت. تا لەسەر سکێرتێکی لە ڕەنگی سێبەر دەوەستێت و ئیتر ئەوە داناکەنێت. ئەو جلە فەرەنسییە لەشی بیشەنگی وەک ماسی بەدەردەخات، بەژنی لە دارهەنارێک دەچووێنێت کە بە درێژایی تەمەنی بەرەکەی تەنها دوو هەناری گوڵ سوور بن، مێخۆش و خڕ، پڕ بە دەستی بەهرەداری فریشتەیەکی هونەرمەند.

ئاووا لە سەر مێزی ئاوێنە هێلکەییەکە خۆشترین بۆن هەڵدەبژێرێت و لە بناگوێیە بچووکەکانی دەدات. کە ژوورەکە بەجێدەهێلێت بە ئومێدەوە سەیری پێڵاوە ناسکەکانی و ئەو هەنگاوانەی دەکات کە دەیانبرد بەرەو دەرگا بۆ ئەوەی ئەویش ببێت بە بەشێک لەم نیگارە زیندووەی نێو پەنجەرەکە. ئەم نیگارە سیحراوییەی بیست و هەشت ڕۆژ بوو خەونەکانی ئاووایان بە جۆرێک ڕەنگاوڕەنگ کردبوو. هەروەها بۆ دە ڕۆژێکیش ڕەونەقێکی عەجاییبیان خستبووە سەر گلێنەی چاوە قاوەیی و گەشەکانی.

ئاووا هێواش هێواش لە پارکەکە نزیک دەبووەوە، لە باخچەی گوڵەکان، لە فوارەی ئاوەکەی کە لە زاری دە ماسی خەپە دەردەچون. لە مراوییە گەردن نەخشینەکان، لەم کورسییە ساجەی کە وێستگەی تەنیای هەموو بەیانییێکی دڵشاد نەبی بوو. ئاووا کە بەرەو کورسییەکە دەڕۆیشت دڵی بە گوڕ خورپەی دەکرد، وەک بڵێیت لە پڕ چووبێتە جەستەی کیژێکی هەولێری شەرمن کە لە بازاڕی شێخەڵا بە زۆر بە سەر هێلکەدا بە بەردەم ئەو پیاوە سمێڵ بابر و گەورانە ڕەتیکەن کە بێشەرمانە هەردەم ناوگەڵیان دەخورێنن. ئەوەش وەک سزا و گەڕان بە دوایی ئەوینێک کچەکە لەخەونیشیدا نەیکردبێت. تا ئەگەر هێلکەیەک لە ژێر پێییە ترساو و لەرزۆکەکانی کیژە شەرمنەکەدا شکا، ئەوە نیشانەی بێشەرمی و ئابڕوو ڕژانێکی گەورە بێت و دواتر دەسبەجێ لە لایەن پیاوە بێشەرمەکانی هەردەم ناو گەڵیان دەخورێنن لە سەرجادە وەک مەریمەیەکی داوێن پیس هێلکە باران بکرێت و بکوژرێت.

ئاووا دەڕوات و دەبێت بە بەشێک لەم نیگارە ڕۆمانسییەی کە بیست و هەشت ڕۆژ بوو لە پەنجەرەی ماڵەکەیدا هەموو بەیانیان وەک تقوسێکی ڕۆژانە

سەیری دەکرد. کە دەگاتە نزیک کورسییە ساجەکە دەوەستێت و دەستی بۆلای دڵشاد درێژدەکات و پێیدەڵێت " Güten Morgen " دڵشاد نەبی لەو کاتەدا کەمێک ڕادەجڵێت و بە پەلە دەفتەرە بچووکەکەی بۆ دەستی چەپەی دەگوازێتەوە. ئینجا وەک منداڵێکی سەرسام دەستی راستەی بە هەوادا دەوەشێنێت بۆ گرتنەوەی دەستی ناسکی ئاووا وەک ئەوەی دەستیی کچە جوانەی بەردەمی، پەپوولەیەکی رەنگاوڕەنگ بێت و بە ڕێکەوت بە لای ئەودا فڕی بووبێت یان چۆلەکەیەکی چاونەکراوەی پڕ لە ئارەزووکرن بۆ فڕین بێت کە بۆ یەکەم جار هێلانەی جێهێشتبێت. دڵشاد دەستی ئاووا توند دەگرێت و خۆی پێ دەناسێنێت.

ئاووا کەمێک لای دڵشاد دادەنیشێت و بە وردی سەیری دەکات. لە دەفتەرەکەی دەستی ڕادەمێنێت و دەبینێت جگە لە هەندێک نووسین بە خەتێکی شەڕەپشیلە کە ئەو ناتوانێت وشەیەکی لێ تێبگات، هیچ وێنەیەکی دیکە لەسەر دەفتەرەکە نییە. ئاووا سەیری سەعاتەکەی دەکات و بە پەنجە ئیشارەت بۆ کورسییە ساجەکە دەکات کە هەردووکیان لەسەری دانیشتبون، پاشان تەنها سێ وشە بە دڵشاد دەڵێت کە کوردییەکەی دەبێتە – شەممە، یەکشەممە، ئەوکاتە. ئینجا وەک کردارێکی هەرگیز چاوەڕوان نەکراو ماچێک لە ڕوومەتی سپی دڵشاد دەکات و هەڵدەستێت بێ ئاوڕدانەوە بۆ دواوە هەنگاو دەنێت.

دڵشاد نەبی نەیدەزانی ئەو کچە جوانە لە کوێوە هات و بۆ کوێ ڕۆیشت. لەو کاتە ناسکەیدا نەیدەتوانی بیر لە ئاسانترین مەسەلە بکاتەوە، بۆ نمونە یەک و یەکی پێ کۆ نەدەکرایەوە. دۆش دامابوو، نەیدەزانی رەگی نۆ سێیە!

کەچی ئاووا بە درێژایی ڕێگاوە بۆ زانکۆ لە ناخەوە بەو کردارە شێتانەیەی ئەو بەیانییەی پێکەنیبوو، ئەو ڕۆژە لە یەک وشەی دەمی پرۆفیسۆرەکەی نەگەیشت. چۆن دڵشاد نەیدەزانی کە ئاووا بیست و هەشت رۆژ بوو لە پەنجەرەکەیەوە ئەو دەناسی و پێی فریشتەیەکی ئاسمان نەبوو. ئاوواش بە هەمان شێوە نەیدەزانی کەوا دڵشاد نەبی نزیکەی مانگێکە لە شوێنێکی نزیک ئەو پارکەوە خەریکی فێربونی زمانی ئەڵمانییە. لەبەر کاتە ناڕێکەکەی هات

وچۆی پاسی بەیانیان، ناچارە زووتر لە کاتی دەست پێکردنی کلاسی زمان بگاتە پارکەکە و بێزار لە دەست ڕۆتینە زۆرەکانی دونیای ڕۆژئاوا لەوێ لە چاوەڕێ دا بێت. بەڵام بێ ئەوەی بە خۆی زانیبێت کە ئەو بیست دەقیقەیەی چونە نێو پارک و مانەوەی لە بەرامبەر مراوییەکان خۆی بووە بە ڕۆتین و خوویێکی ڕۆژانە.

ڕۆژانی دواتر ئاووا دڵشادی هەر لە شوێنەکەی خۆی دەبینیەوە، هەروەها سەرسام ببوو بەوەی کە لە ڕۆژی ماچەکەوە پەپووسلێمانکەیەکی باڵنەخشین دێت و لە لێواری پەنجەرەکەی ئەو بۆ ماوەیەک دەخوێنێت، پاشان خێرا بۆ ناو پارکەکە دەفڕێت و دەبێت بە بەشێک لە نیگارە سیحراوییەکەی پەنجەری ماڵی ئاووا.

*                    *                    *

دڵشاد نەبی شەوی هەینی بە خەونی ژووانی یەک لە دوایی یەکی شەممە و یەکشەممە بە چاو کراوەیی نووست. لە لایەکی دیکەشەوە ئاووا بەپەلە بوو تا شەممە دابێت و لە دونیای سەیری ئەو کوڕە ڕۆژهەڵاتییە بگات کە لەگەڵ پۆلێک مراوی شان و مل ڕەنگاو ڕەنگ و پەپووسلێمانکەیەکی باڵ نەخشین ماوەیەکە لە پەنجەرەی ماڵی ئەودا مێوانن. ئەو شەوە حەز و ئارەزوویێک گڕیان لە ئاووا بەردەدا کە تەنها لای شەو هەیە بۆ ڕۆژ، لای ئەو دوو عاشقە پیرەی ئەزەل و گەردون، ئەو جووتە دڵدارەی هەتا سەر. ئاووا بە گڕی ئاگرێک دەسووتا کە تەنها شەوە هەموو ڕەنگەکانی دەپۆشێت ئەو دەمانەی کە لە ڕۆژ نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت دەست لە ملی بێت.

ئاووا تا گەزەنگی بەیان تاوێک نووستبوو و تاوێکیش بە ئاگا، دەچوو لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا دەوەستا و سەیری شوێنی کورسییەکەی دەکرد کە دەتگوت لە شوێنی دانیشتنی دڵشاد نەبیدا تارمایی شەو و ڕۆژ دەبینی عەشقبازی و سەمایان دەکرد، وە ئەوێیان کردبوو بە شوێنی کەرنەڤالی ڕەنگ و هەڵمی چڕی جۆرا و جۆری لە مۆر، فەیرۆزی. ئەرخەوانی، پەمەیی، نارنجی،

زەرد، و سپی. لەگەڵ تێکەڵ بون و گۆڕانی ڕەنگەکان بە هەزاران ئەستێرەی بریسکەدار لە ناو هەڵمەکاندا دەدرەوشانەوە و بەسەر کورسییە ساجەکەدا دادەبارین، ئەو شوێنەی کە شەو و ڕۆژ لەو کاتەدا عەشق و سەمایان لە سەر دەکرد. ئاووا دەمێک لە باوەشی شەودا خەوی لێ دەکەوت، دەمێکیش لە باوەشی ڕۆژ. بەرامبەر پەنجەرەکەی بەرنەدەدا دەتگوت لوغزێکی گەورەی ئەزەلی ئاشکرا کردووە، نهێنی عەشقیکی سەیر.

شەممە داهات، و دڵشاد نەهات!

دڵشاد نەبی یەکشەممە لەگەڵ زەنگی بەیاندا بە ئاگا هاتبوو. پاش سمێڵ و ردێن تاشین، چینێکی تەنک لە کەفیGillette) ) لە سەر ڕوویدا بەجێدەهێڵێت کە بەو ڕووخسارەی لە سۆفی و دێوانەیەکی کۆڕی عەشق دەچوو. ئەوانەی لەگەڵ شنەی بەیان سەمای عیشق دەکەن، دواییش دەچنە ناو کانیاوە ساردەکانی شاخە سەر بە بەفرەکان و خۆیان بسمیل دەکەن. دڵشاد دڵ پڕ لە نەشئە و حەز و ئارەزووی سۆفییێکی عاشقی سپێدەزوو لەشی باریک و درێژی نقوومی بلقەبلق و بۆنی خۆشی کەفاو و ئاوی بانیۆکە دەکات.

پاش خۆ شووشتن، دڵشاد خەریکی ئامادەکردنی قاوەلتی دەبێت، سەرمێزەکە بە زەیتون و پەنیر و هەنگوین لەگەڵ کولێرەی بە کونجی تورکی دەڕازێنێتەوە. بەدەم خواردنەوە بیر لە نەخۆشییەکەی دەکاتەوە و ئەو قسەیەی خوشکە تاقانەکەی بیردێتەوە کە وەک پیرپندۆک هەردەم بە گوێیەکانی دەیچرپاند " برای شیرینم، ئەگەر مرۆڤ پارەکەی نەدات بەخۆراکی چاک، ١٠٠٪ ڕۆژی دوایی دەبێت بیدات بە دەرمان"

دەیگوت" دڵە گیان کە سەفەرت کرد ئەم قسەیەی من لە بیر نەکەیت. نەکەیت لە خەمی ئێمە خۆت برسی و نەخۆش بکەیت! "

دڵشاد چاوەکانی پڕ ببون لە ئاو و زوو ئەو خەیاڵانەی لە مێشکیدا وێڵ کرد. بیری لە دوێنێکەی دەکردەوە کاتێک هەستی کردبوو ئەو خۆشحاڵترین مرۆڤی سەر ڕووی زەمینە. پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار لەوەتەی شار و وڵاتی بەجێهێشتووە گوێی لە دەنگی خوشکە تاقاناکەی بێت.

ئەو کاتەی زەنگی تەلەفۆن لێدرا ئەو لەبەر دەرگا خەریکی لە پێکردنی پێڵاوەکانی بوو تا بچێت ئاووا ببینێت، بەڵام ناچار بە پەلە گەڕابووەوە ناو ژوورەکە و کەمێکی مابوو فریای دوا جرەی زەنگی تەلەفۆنەکەی نەکەوێت.

بە هەناسە بڕکێوە هاواری دەکرد" هەلۆ ...... هەلۆ ....... هەلۆ! " وەک ئەوەی ئەو هەلۆ هەلۆیانەی دەنگە نووساوەکەی گرێ و پێچی گوریسێکی درێژ بن کە بۆ فریادی خوشکە تاقانەکەی ڕەوانەی بیرێکی بێ بنی کردبێت. چونکە لە نێو وشەوشی خەتەکەدا دەنگی پڕ لە سۆزی خوشکە تاقانەکەی بە ئاستەم دەهات و باش نەدەگەیشتە گوێییەکانی ئەو. پاش چارەکە سەعاتێک گریان و منگە منگ خوشکە تاقانەکەی توانی کەمێک لە هەواڵی گەڕەک، ماڵی خاڵی و هەواڵی خۆی بە دڵشاد بڵێت کە بۆ ئەو ساڵە دەچێتە کۆلیجی پزیشکی. کاتیک هێڵی پەیوەندی نێوانیان لە ناکاو دەپچڕێت، دڵشاد نەبی زۆر بە نادڵییەوە تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە و پڕ بە دڵ رقی لە کپی و بێدەنگی ژوورەکەی دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای داخی بوو نەمانی کات بوو بۆ ئەوەی بگات بە دیداری ئەو فریشتەیەی لە پڕ گۆمی وەستاوی ژیانی ئەوی بە نیگایەک، تەوقەیەک، ماچێک شلەقاند. دڵشاد ناچار وەک ئارەق خۆرێکی سەرگەرم لە پەنا تەلەفۆنەکە لەگەڵ سۆزی دەنگی بەجێماوی خوشکە بچووکەکەی لە نێو گوێییەکانی و ژوورەکەدا پاڵ دەکەوێت و خەوێکی قووڵی لێدەکەوێت. کە خەون دەبینێت وا دەزانێت لە ژێر پەنجەرەی هەمان ماڵە کە رۆژێک مەلوول و کز لە پاڵ دیوارەکەیدا دەوەستێت پاش ئەوەی دکتۆرەکەی ناخۆشترین خەبەری ژیانی پێدەڵێت. لە خەونەکەیدا هەیوانی ماڵەکەی بەرامبەر، پەنجەرەکەی پڕبوو لە گوڵ و باڵندەی بچووک و رەنگاوڕەنگ کە بە دەنووکە بچووکەکانیان قیسارەیەکی زێڕینیان هەڵگرتبوو و دەیانهێنایە باخچەکە. قیسارەکە سەری بڕاوی کچێکی لەسەر بوو کە کت ومت لە سەری خوشکە تاقانەکەی دەچوو. باڵندە سیحراوییەکان پاش ئەوەی قیسارەکەیان لە ناوەندی باخچەکە دادەنا، یەکە یەکە دەنیشتن و دەبون بە بازنەیەکی رەنگاوڕەنگ لە دەوری قیسارەکە. دواییش کیژێکی ناسکی بیشەنگ کە چاوەکانی رەنگی هەنگوینی شاخیان

هەبوو لە سێ قالدرمە مەڕمەڕەکە بە لەنجەوە پێیەکانی دەخستە سەر فریزی فێنکی باخچەکە و بەرەو لای قیسارەکە دەچوو. کچەکە کە دە پەنجە ناسکەکانی لە تەلە باریکەکانی قەفەزەی سنگی قیسارە زێڕینەکە دەدا و لەگەڵ هاتنی دەنگی مۆسیقا رووی بە سەد شێوە دەگۆڕا. دەمێک دەبوو بە کەزانی کچە جیران کە چاوەکانی دوو یاقووتی سەوز بون و پڕ بون لە عیشوە و ناز. دوایی رووی کچەکە دەبوو بە رووی ئایفەری روومەت سێو کە لە ئەسکی بازار لە رقی باوکی دڵڕەقی ماچێکی دەکاتە دیاری پاش ئەوەی پارەی دوو مانگ کارکردنی پێ نادرێت.

پاشان بە خێرایی رووی شەکرە سێوی ئایفەر دەبوو بە رووی دەیان کچ و ژنی نەناسراو کە رووی تاساو و لە سەرما سڕبوویان هەر لە رووی تۆقیو و ترساوی ئەو کیژ و ژنە کوردە جوانانە دەچوو، کە لە رێگاکانی قاچاغ بە نێو بەفر و باران و کڕێوەدا ببون بە شەختە و هەر دەڕۆیشتن، سەردەکەوتن و دادەبەزین بە سەر دار و بەردی ئەو شاخە بەرز و ئەو دۆڵە قووڵانەی دەکەوتنە رێیان، لە ناو شەپۆڵی ساردی دەریا سەد جار دەمردن و دەژیانەوە. وە عزرائیل لە پشتەوە تەنها یار و یاوەریان بوو کە دەمێک دەستی لە سەر شانیان بوو و دەمێکیش دەیخستە سەردەمیان. هەتا شەکەت و ماندوو دەگەیشتنە لای ئەو یارانەی کە ئەوانیانی هەر لە وێنەدا بینیبوو، یان ئەو مێردانەی کە بە یەکجاری ئەوانیانی لە یاد چوو بوو. لە کۆتایشدا رووی ئەو هەموو کچ و ژنە شەکەت و جوانانە دەبوو بە یەک روو ئەویش رووی پەری شێوەی ئاووا بوو، ئەو کچە جووە چیکیە چاو قاوەییەی کە بە جلێکی لە رەنگی سێبەر بەیانییەک وەک کۆترێکی سابونی هەڵنیشتە سەر ئەو کورسییەی ساجەی لە پارکەکەدا ببوو بە هێلانەی دڵشاد نەبی. لەو خەونەیدا رووی ئاووا هەموو شێوەکانی جوانی ژنی تێدا کۆببووەوە، چاوە یاقووتییەکانی کەزانی تێدا بەدی دەکرد، کوڵمە سوورەکانی ئایفەر، وە گەردنی گازی ئەو کچ و ژنە خەمناکانەی رێگای قاچاغ. ئاووا لەو خەونەدا جلێکی قاوەیی تەنکی لەبەر بوو کە تەنها رەنگی پێستە بەفرینەکەی ئەویان

داپۆشیبوو، ئەگەر نا بەرزی و نزمی، خڕ و پڕی ئەندامە جوان و ناسکەکانی لەشی هەر هەمووی بەدەرەوە بون، دەتگوت ئەو جلە قاوەییەی ئاووا خۆڵبارانێکی تەنکە و بە سەر جوانی و سروشتی زیوینی بەفردا باریوە. ئاووا بە جوولاندنی دە پەنجە ناسکەکانی لەسەر تەلەکانی قیسارە زێڕینەکە ئاوازی مۆسیقایەکی گەلێک غەمگینی لێدەدا، وە بە دووچاوی گەلێک غەمگینتر سەیری دوو چاوە زەرد بچووکەکانی دڵشادی دەکرد. دڵشاد بە گوێگرتن بۆ ئاوازی مۆسیقاکە و شێوەی سەیرکردنەکە بۆ چرکەیەک زیاتر نا بیری لە وشەی مردن کردبووەوە و کەمێکی مابوو ڕاچڵەکێت و خەونەکەی بە نیوە چڵی بەجێبهێڵێت. بەڵام ئەوەی خەو و خەونەکەی لێ بەردەوام و درێژتر دەکرد ئاوازی ئەو مۆسیقایەی ئاووا بوو کە لە هیچ مۆسیقایەکی تر نەدەچوو. باڵندە سیحراوییە ڕەنگاوڕەنگەکان لەگەڵ ئیقاعی مۆسیقاکە بەرز و نزم دەبونەوە، دوایی دەبون بە هەور و بە سەر سەری ئاووادا دەفڕین کاتێک دەست لە قیسارەکە هەڵدەگرێت و بە هێواشی بەرەو لای دڵشاد دەچێت، بۆ ئەوەی دەستی بگرێت و لەگەڵ خۆی بیباتە ناو باخچەکەوە. لەو خەونەدا ئاووا دەست لە ملی دڵشاد نەبی دەکات و ماچی دەکات، بەڵام پێش ئەوەی لە ڕاستیدا و وەکو خەونێک لە پارکەکەدا بێهۆشانە ماچی بکات، ماچی ئەم خەونە سێیەمین ماچی تەمەنی دڵشاد نەبی بوو پاش ئەوەی لە ئەسکی بازاڕی ئەستەنبۆل بۆ یەکەمین جاری ژیانی لە کچێکەوە ماچێکی بۆ کرابوو بە دیاری.

سێ ماچ لە بیست و شەش ساڵ!

سەیر بوو کاتێک دڵشاد لەخەو بەئاگاهات لە خەیاڵیدا تەنها ئەو سێ ماچەی لە یاد مابوو کە دووانیان ڕاست بون و یەکێکیشیان درۆ. دڵشاد هەر بە تەنها ئەو سێ ماچەی بە ماچ دانابون کە بۆنی سێکسیان لێدەهات. نەوەک لەو بیست و شەش ساڵەی تەمەنیدا بە هەزاران جار لەلایەن دایک و باوکی کۆچکردووی ماچ کرابوو، لەلایەن خاڵ و خاڵۆژنی، خوشکە تاقانەکەی، هەروەها لەگەڵ هاوڕێیانی لە جادەی باتا چەند جار ئەملاو ئەولای یەکتریان ماچ کردبوو بەرلەوەی هەریەکەیان بچن بەلایەکدا و وەک گەڵاڕێزانی پایزان

ڕەنگ زەرد و وشک بە سەر زەمینە تەڕ و سەوزەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا ببارن.

دڵشاد نەبی ئەو ئێوارەیە پایزییە خەمناکەی ئەوان و شار و وڵاتی بۆ دوا جار لە دوایی خۆی بەجێهێشت، دەنگێگ وەک پستەپستی بناگوێ هەتا ئیبراهیم خەلیل، ئاکسەرای، و ئەکرۆپۆل هەر بەدواییەوە بوو و بە گوێییەکانیدا دەیچرپاند " دڵشاد نەبی، ......... دڵشاد نەبی، ......... نەبی دڵشاد، .......... نەبی دڵشاد" نەیدەزانی نهێنی ئەو دەنگە چییە کەوا لە نێو گوێییەکانی دەزرینگانەوە. ئایا دوعا و لۆمەی ئەو پیاوە قووتەی گەڕەکە کە بە شەو و ڕۆژ زمانی لە خەڵک دەدا و خەریک بوو گۆبەندێکیش بە سەری ئەودا بێنێت. یان دەنگی پڕ لە سۆزی کەزانە کە دڵشاد بۆ یەکەم جار و دوا جار لە پەنای دەرگاوە گوێی لێ بوو. ئەوەش بەیانییەکی زوو بوو کە بەر دەرگای ماڵیانی ئاوڕشێن دەکرد و جار جارەش سەری سۆندە سوورەکەی دەستی زیاتر دەگووشی و پەلکە زێڕینە و وردە بارانی دەباراندە بەر دەرگای ماڵی دڵشاد. ئەو بەیانییە زووە دڵشاد نەبی پێش ئەوەی لە دەرگا بێتەدەر و پڕ بە سییەکانی بۆنی خۆڵی تەڕی بەر دەرگای هەردوو ماڵ وەکو فیل هەڵلووشێت، ئاوڕێک بۆ دەرگای ماڵە جیران دەداتەوە. سەراسیمە دەمێنێت کاتێک بۆ یەکەم جار چاوە یاقووتییەکانی کەزان وەها لە نزیکەوە دەبینێت، گوێی لە دەنگی شەرمن و ناسکی ئەو دەبێت کە بە ناز و پلارەوە پێیگوت " بەیانی باش ..... نەبی دڵشاد! "

بەو بەیانی باشەی کەزان و پاش و پێش کردنی ناوەکەی، دڵشاد هەستی کرد ئەو بەیانییە زووە بووە بە پێغەمبەرێک و بە پەیامە شیرینەی کەزان دەتوانێت بگات بە هەموو شوێنێک. بۆیە ئەو ڕۆژەی کە جانتای سەفەری لە شان کرد بە نیگایەکی بۆ ئەو دەرگایەی کە پڕ بە بەژنی کەزان بوو، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و ناتوانێت چیتر نە بۆ ئەو دەرگایە ئاوڕ بداتەوە نە بۆ دەرگای ماڵی خاڵی کە چارەکە سەدەیەک بەبێ دابڕان لێی ژیا. پاش ئەوەی دایک و باوکی لە یەک ڕۆژدا هەردووکیان پێکەوە دەمردن.

سەیر نەبوو کەزان وەها بانگی دڵشاد بکات، چونکە کاتێک خۆی و کتێبە قەبەکانی بن هەنگڵی هەردەم لە دەرگاوە خێرا دەردەپەڕی، هەرگیز چاوە زەردو بچووکەکانی بۆ چرکەیەک زیاتر نەبڕیبووە چاوە یاقووتییەکانی ئەو. دڵشاد نەبی هەر بەو شێوەیە بینی بوو کە بەیانیان تیژ لە دەرگای تەنیشتماڵیان تێپەڕبێت و ئێوارانیش هێواش هێواش بگەڕێتەوە. تەنها ئەو بەیانییە زووە جیابوو کە دڵشاد پڕ بە لووتی بۆنی خۆڵی تەڕی بەر ماڵی ئەوانی هەڵمژی و تێر لە چاوە سەوزە یاقووتیەکانیی ڕاما. بە بزەو خەندەیەکی پڕ لە خۆڕازیبون و شەرم، گوێگری ئەو وشە کۆنترۆڵ نەکراوانەی سەر زاری ئەو بوو کە بە گاڵتەوە پێ ی گوت نەبی دڵشاد.

کەزان باوک و سێ برای شوێن بزرکرابون. ماوەی حەفت ساڵ دەبوو خۆی و دایکێکی جحێڵی لە ئۆردوگایەکی دەرەوەی شار هاتبونە گەڕەکەکە. ئەو گەڕەکەی کە لە ماڵی خاڵی دڵشاد بترازێت ماڵێک نەبوو کەسێکی لە یەکێک لەو چوار مەیدانە نەفەوتابێت.

- شۆڕشی شاخ لە حەفتاکان و هەشتاکان
- ئەنفالی هەشتاکان
- شەڕی براکوژی لە هەشتاکان و نەوەدەکان
- ساڵی دوو هەزار و ڕێگای هات و نەهاتی قاچاغ

دڵشاد کە دەیزانی ئەو تاقە کوڕی گەرەکە هەستی بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکردو تا لە گەڕەکەکە دەردەکەوت سەری هەڵنەدەبڕی. تەنها ئەو بەیانییە زووە نەبیت کە پڕ بە سییەکانی بۆنی خۆڵاوی بە دەرگای ماڵی خاڵی  و ماڵی کەزانی هەڵمژی.

دڵشاد نەبی پاش تەواو کردنی زانکۆ لە ڕۆژانی بێکاریدا تا بیتوانیایە لە گەڕەکەکە دوور دەکەوتەوە، لەو قەدەرەی هەڵدەهات کە تووشی ببوو. لە کاتی دەسبەتاڵیدا دەست و کتێبی شەڕ بوو، ببوو بە کرمی کتێب و کتێب لە سەر کتێبی دەخوارد. تا ئەو ڕۆژەی بە بەیانی باشێکی کەزان لە پڕ بوو بە نەبی

دڵشاد و وەک هەر چل و چوار هەزار پێغەمبەر دەربەدەری بوو بە چارەنووس و بڕیاری سەفەرکردنی دا.

*                    *                    *

چواردە مانگی رەبەق پاش ئەو بەیانییە زووەی کە دڵشاد نەبی خۆشترین بەیانی باشی تەمەنی لێکرا، کاتێک بۆ ساتێک کەزانی وەک فریشتەیەک هاتە بەرچاو و گەڕەکی چۆڵ و خەماویش وەک بەهەشتێکی نائامادەی پان و بەرین. سپێدەیەکی دیکەی زوو بوو برسی و لە سەرما لەرزیو وەک مەلێکی باڵ شکاو لە نێوان باسکی ئەستووری دوو پۆلیسی زەبەلاحی ئەڵمانی خۆزگەی بۆ ئەم ساتە بەسەرچووە خۆشەی تەمەنی دەخواست. ئەو رۆژە لە ژووری لێکۆڵینەوە دا وایدەزانی پاڵەوانێکی دۆڕاوی ئەو فلیمانەیە کە هۆلیوود بە کەیفی گونی خۆی لە سەر شەڕە نەبڕاوەکانی جیهان بە بەرهەمیان دەهێنێت. دڵشادی برسی و لە سەرما لەرزیو، نقووم بووی نێو دونیای ئایدیالی کتێب. نەیتوانی سیناریۆی فلێمێک بۆ خۆی و چارەنووسی دابڕێژێت و خۆی بکات بە پاڵەوانێکی بێ وێنە. بیری تەنها لەو بەیانییە زووە دەکردەوە کە بۆ یەکەم جار تێر لە چاوە یاقوتییەکانی کەزان ڕامابوو، و گوێییەکانی تا قووڵایی ناخ بۆ بەیانی باشەکە شل کردبوو کە پڕ بوو لە عیشوە و ناز، گاڵتەجاڕ و تووڕە لە شەرمی کچانەی دڵشاد نەبی. ئەو بەیانییەی کە لە زاری شیرینی کەزان ناوی خۆی بە جۆرێک گوێ لێبوو کە تەنها لە ئیندێکسی کتێبە قەبەکانی مێژوو و فەلسەفە بینیبونی، کاتێک ناوی دووەم دەکەوێتە پێش ناوی یەکەم وەک نەبی، دڵشاد.

لە ژووری لێکۆڵینەوە دڵشاد نەبی بیرهاتنەوەی بەیانییە زووە خۆشەکەی تەمەنی هەموو مێشکی داگیر کردبوو وە خۆی وەک کەسێکی دەرهاتووی ناو ئیندێکسی کتێبان دەبینی و جارێکی تر یەک وشە بە زاریدا نەهات، نەیتوانی داستانێکی دیکە بۆ خۆی تۆمارکات. ئەوەی لە خەیاڵیدا نوسراو بوو تەنها ئەو بەیانییە زووە بوو کە تێیدا خۆی لە هەموو رۆژێکی تەمەنی مەزنتر بینی،

گەڕەکەکەشی لە هەموو دونیا گەورەتر و ئارامتر، وە کەزانیش لە هەموو کچێک جوانتر و دەلال تر. بەڵام بۆ لێکۆڵینەوە بێدەنگییەکەی دڵشاد پولێکی سووتاوی نەهێنا. چونکە دوایی لێکۆڵینەوە و هەتا ئەو ڕۆژەش کە لە باوەشی ئاووادا دەمرێت. دڵشاد نەبی هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەری بۆ کێسەکەی لە دەوڵەت وەرنەگرت.

چوار مانگ لە کەمپ مایەوە. لە ناکاو ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ نەخۆشییەک ئاشنا دەبوو کە هێواش هێواش ناخی دەخوارد و خوێنی لەشی چک دەکرد. کەمپەکە کۆنە زیندانێکی نازییەکان بوو لە شوێنێکی زۆر سارد و ناخۆش. دەتگوت پارچە ئەرزێک بوو و لە سیبیریا قەرز کرابوو. لەو شوێنە ناخۆشەی کەمپ هەموو ڕەنگێکی بەشەری لێبوو، لەگەڵ ئەوەش دڵشاد نەبی چوار مانگ لە کەمپ ژیا، کەچی هاوەڵێکی نەبوو.

پەنابەران:

- ڕەش بون وەکو شەو.
- سپی بون وەکو بەفر.
- زەرد بون وەکو گەنمە شامی.
- ئەسمەر بون وەکو گەنم.

بەڵام چتاقیان نەبون بە هاودەرد و هاو خەمی دڵشاد نەبی. ئەو دەیزانی کەوا ئەو هەموو ڕەنگە جیاوازەی بەشەر بە ئاشی یەک جۆرە دڵ و خوێن دەگەڕێت کەچی لە کەمپە نەگبەت و سارد و سڕەکەدا کەسەکان دڵیان وەک شەختە بەستبووی، وە خوێنیان وەک ڕووباری بەستۆڕە چکی کردبوو. دڵشاد نەبی وایدەزانی ئەو چوار مانگەی مانەوەی لە کەمپ چوار هەزار ساڵە و تێیدا خوێن بە بەردەوام لە جەستەی ڕۆییوە. لەو دوورییەی کەمپ و غوربەتدا کەسێک نەببووە کەسی. بۆیە هەستی دەکرد ئەگەر لە تەمەنیدا بەیانییەک {نەبی دڵشاد} بووبێت، ئەو هەزار بەیانی دیکە {دڵشاد نەبی}یە.

ئەو ڕۆژەی لە کەمپ دەرچوو وایزانی لە زیندانی ئەبوغرێب دەرچووە و سەر لە نوێ لە دایک بۆتەوە. لەبەر ئەوە بۆ چرکەیەکیش بێت ئەو ڕۆژە نەیدەویست بیر لە فایل هێنان و فایل بردنی یەکەی تەندروستی کەمپ بکاتەوە سەبارەت بە نەخۆشییە لە پڕ و ناکاوەکەی. بیر لەو هۆکارە دژوارە بکاتەوە کە لە کەمپە سارد و سڕ و ناخۆشەکەدا بە یەکجاری نەجاتی دا.

دڵشاد ڕەوانەی شارێک کرابوو کە تۆزی لە سەر نەنیشتبوو، لە وێنەی ئەو پۆستکارتە گەورە و بریقەدارانە دەچوو. کە پێش هاتنی بۆ دەرەوە لە سەر دیواری ئەو گەس خانانە بینیبونی کە هۆڵەکانیان پڕبون لە خەڵکی نێر {منداڵ و گەنج و پیر}، پڕ بون لە مێش و مەگەز، لە تۆزی ژێر تایەی ئەو قەمەرانەی بە تووتە تووت تیژ تێدەپەڕین و دوکەڵی مەفلەرە ژەنگرتووەکانیان لە گۆشتی برژاودا هەڵدەسوی. دڵشاد لە نێو هۆڵی ئەو گەس خانانە لەگەڵ سڕینەوەی چەوری دەم و لێو و سەر چەناگەی تێر تێر لە جوانی ئەو شارانە رامابوو کە تەنها لە وێنە بریقەدارەکان و لە دووریدا یۆتۆپیاییەکی خاڵی بون لە خەم. ئەگەر ئەوە راستیش بووایە، ئەو تازە بەو نەخۆشییەی بووە بە خەم و گرێیەک لە سەر دڵی هەموو دونیا، نەوەک تەنها ئەو شارە فەنتازییانەی لە دوورەوە ئەو و هەزاران کەسی وەک ئەوییان پەلێکێشی رێگەکانی هات و نەهات کرد. رێگاکانی قاچاغ، ئەوانەی:

- شەوان لەگەڵ دەستڕیژی خەستی جەندرمەدا، شێتانە لە پێدەشتەکانی چیای جوودی بۆ نەجات بون لە شان و ملی گەمییەکەی نووح دەگەڕان!
- ئەوانەی لە سەر لێواری ئاوە شینەکانی پەسفور و دەردەنیل کەنار بە کەنار دەگەڕان، تا لە کۆتایدا لە قولەقاپی گیرفان و چارەییان دەخستە ناو دەستی قاچاغچییەکی چلێس، بەلەمێکی کۆنی رزیو!
- ئەوانەی لە ئەکرۆپۆل دۆش داماو دانیشتبون لە نێوان هەڵبژاردنی قاپە پڕ لە ژەهرەکەی سوکراتیس یان شمشێرە تیژەکەی ئەسکەندەر!
- ئەوانەی وەک ئەشیلۆس بە لەنجەوە دەکەوتنە سەر ئاوە بێ بنەکەی دەریای سپی ناوەڕاست و دواییش بە ترس و لەرزەوە خۆیان بە لێوارە

جوانەکانی ئیتالیا هەڵدەواسی. دواتر لە نێو تاریکی شەو و ڕێژنەی باراندا دەستە بریندار و سڕبووەکانیان یان ئەوەتا دەکەوتە سەر گونی هەیکەلی داوود و دەگیران و دیپۆرت دەکران، یانیش دەکەوتە سەر مەمکی چەپەی ئەفرۆدێت و لە چیای ئەلپیش قورتار دەبون!

دڵشاد لە یەکەم ڕۆژییەوە لە کەمپ هەستی دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ لە جاران کزتر و لاوازتر دەبێت. بەڵام هۆکەی نەدەزانی تا شەوێک لەبەر ئازاری جومگەکانی و ئارەقە کردن خەوی لێ زڕا و دەستی دا تەلەفۆن. لە یەکەی تەندروستی کەمپ چەند ڕۆژێک دەیخەوێنن و چەندین تاقی کردنەوە و فەحسی بۆ دەکەن. تا چەند ڕۆژێک دواتر لاپەڕەیەکی شوومی نیشان دەدەن، کەچی ئەو هیچ لە نووسینەکانی سەری نەگەیشت. جگە چەند وشەیەکی نا مۆسیقی و ترسناک نەبیت کە پەیوەست بون بە چارەنووسی ئەو و دەبوایە مانا شارەوەکانیان بزانێت، کاتێک دکتۆر و سستەرەکان چەند جارێک پەنجەکانیان دەخستە سەر و بۆ ئەوەی نیشانی بدەن.

Myelodysplastic Syndrome: MDS واتە شلەژان و شێوان لە ناو سووڕی خوێن.

دڵشاد نەبی ئەو کاتە دەزانێت کە ژیانی ئینسان چ لوغزێکی سەیرە، وە ئەویش لەو تەنیایەی غوربەتدا چەند تامەزرۆی تێگەیشتن و کردنەوەی ئەو لوغزەیە.

*                    *                    *

ئەو ڕۆژانەی خۆی و پۆلێک مراوی و پەپووسلێمانکەیەکی باڵنەخشین لە پەنجەرکەی ئاووادا ببون بە نیگارێکی سەردەمی ڕۆمانتیک. دڵشاد لە لاپەڕە سپییەکانی دەستی لە جیاتی وێنە کێشانی مراوییەکان، یان شیعر نووسین، لاپەڕە سپییەکانی دەفتەرەکەی بە زاراوە لاتینیە سەیرەکانی دونیای خوێن پڕدەکردەوە. لەگەڵ یەک بە یەکی ئەو زاراوە نا ئاشنایەنەدا دەژیا و خۆی لە ناو هەریەکێکیان دەدۆزییەوە. دەفتەرەکەی ببوو بە فەرهەنگۆکەیەکی بچووکی زانستی و زاراوەکانی تایبەت بە خوێنی بەم شێوەیە تێدا نوسیبونەوە.

MDS : شێوانێکە تووشی مۆخی ئێسک دەبێت کاتێک بە ئاسایی کارناکات و ناتوانێت بە پێی پێویست خانەکانی خوێن دروست بکات. لەگەڵ کاتدا ئەو شێوانە ئەگەر تەشەنە بکات دەبێت بە جۆرێکی ترسناک لە لوکیمیا.

ANC : پێوەرێکە بۆ پێوانی رێژەی خڕۆکە سپییەکان لە ناو خوێندا.

WBC : خڕۆکە سپییەکانی خوێن.

RBC : خڕۆکە سوورەکانی خوێن.

DNA : کەس نییە نەزانێت چییە.

دڵشاد بیر و ئەندێشەی قەرەبالغی کتێبخانەیەک بوو، بەڵام پاش ئەوەی تێستیDNA) )ی کە لە کەمپ بۆی کرابوو و لە بەدبەختی ئەو ئەنجامەکەی MDS)) بوو. وشە و رستە و پەرەگرافەکانی خەیاڵی وەک مووەکانی قژی هێواش هێواش هەڵدەوەران. هێواش هێواش خەیاڵی دەبوو بە دەستەسڕەکەی گیرفانی گۆتەنبەرگی زانا، تەنها چەند پیتێکی لاتین و ئینگلیزی وەک بارانێکی خۆڵەمێشی خەمناک بەسەریدا باریبون و لەسەردەستەسڕە سپییەکەی خەیاڵیدا چاپ ببون. دواییش شەوان دەبون بە ناوی ئەو زاراوە رەزاگران و کوشندانەی فەرهەنگی زانست، دەبون بە ناوی دراکۆلا و بە کابووسی خەو.

دڵشاد لە پارکەکەدا تا ئەو بەیانییەی کە ئاووا وەک کۆترێکی سابونی بە جلێکی لە رەنگی سێبەر هەڵنیشتە سەر کورسییە ساجەکەی تەنیشت ئەو، لە کۆی هەموو ئەو زاراوە پزیشکیانەی کە لە غوربەتدا پێیان ئاشنا ببوو، تەنها دوو زاراوەی لە دەفتەرە بچووکەکەی دەستی بەردەوام دەنووسیەوە و بیری لێدەکردنەوە. دوو زاراوەکە یەکیان MDS بوو و ئەویتریشیان DNA.

جیا لە هەموو ئەو زاراوانەی کە لە دەفتەرەکەی نوسیبونییەوە و بە بەردەوام لە گەڵیان دەژیا، ئەو دوو زاراوەی پەرەگرافی پێشوو ئازارێکی شیرین و خۆشیان دەدا بە دڵشاد نەبی. هۆکەشی گەلێک سادە و منداڵانە بوو کە تەنها بونی پیتیD) ) لە هەردووکیان وای لە دڵشاد کردبوو کە چارەی بەختی خۆی تەنها لە شیکردنەوەی ئەو دوو زاراوەیە ببینێتەوە، لە شێوەی ئەو پیتە پشت راست و زگپڕە، ئەو پیتە دوو رەگەزە، لە هەمان کات نێرینە و

مێینەدا. کە دەتگوت ڕووی شێواوی ناوە سەیرەکەی خۆیەتی داوای لێدەکات جیا لە پسپۆری تاقیگەکان، دکتۆری خەستەخانەکان، مامۆستای زانکۆکان وەڵامێکی دیکەی پێبدات و باشتر لە مانای ئەو زاراوە کورت پڕ لە لوغزانە بگات.

DILSHAD بە ناوی خۆی دەگوت ئەی ئەسیری دەستی پیتی (دال) و نەیدەزانی چ ناوێک لەو دوو پیتە دالەی سەر و بنی ناوی بنێت، کە ئایا هەردووکیان دوو (دال)ی دوو دۆزەخن یان دوو دەرگا. ئەویش لە نێوان ئەو دوو ئاگرە و ئەو دوو دەرگایەی (دال) دا نەیدەزانی بە چ ناوێک بانگی خۆی بکات. چۆن لەو چەند پیتە سەیرە رابمێنێت کە لە نێوان دوو (دال) ی ناوەکەی ئەو دابونILSHA) ) یانILL+SHA) ) سەیری ئەو چەند پیتە سەیرەی ناوەکەی دەکرد کە لە دوو دۆزەخەکەی پیتیD) ) هەڵاتبون، لە دوو دەرگا داخراوەکانی. ئای خودایە، بێ بونی ئەوان ئەو بووە بە ناوێکی چەند سەیرو قووڵ، چەند لە ناوی پاڵەوانی ناو کتێبەکانی ئاین و فەنتازیاوە نزیکە، لە ناوی دۆن کیخۆتەیێکی نوێ. ئیلشا لەو ناوە نوێیەی خۆی رادەما و لە ناخەوە پێکەنینی دەهات کە تووشی چ قەدەرێک بووە، چ ناوێکی سەیر؛ ئیلشاILLSHA) ) واتە شا بە کوردی و نەخۆش بە ئینگلیزی. شا لە ڕۆژهەڵات و نەخۆش لە ڕۆژئاوا، شای نەخۆش.

دڵشاد نەبی کە بۆ چەند جارێک ناوە تازەکەی لەسەر رووپەڕی دەفتەرەکەی دەنووسییەوە و لە دڵیدا دەیگوت " ئای کەزان، سەیر کە ئەو ناوە نوێیەم چەند لە ناوی پێغەمبەران دەچێت! "  بە بێدەنگی لە ناخەوە قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد و بەیانی باشەکەی کەزانی بیر دەهاتەوە کە بە پلارێکی پڕ لە عیشوە و ناز پێی گوت " بەیانی باش، نەبی دڵشاد" ئەو ڕۆژەی بە ئاووای گوت کە ئیتر بەو ناوە بانگی بکات سێیەم جاری یەکتربینین و دیداریان بوو. ئیلشا لەو ڕۆژەی ئەو ناوەی نوێیەی بۆ خۆی هەڵبژارد هەستی کرد تازە بووە بە دڵیکی دوو کەرت لە نێوان نەخۆشییەکی خوێنبەر و عەشقێکی خوێنهێنەر. کەسێکی سەر سیراتی نێوان مردن و ژین، جەهەنەم و بەهەشت.

ئەو رۆژە بە ئاووای دەگوت " ئیلشا یان شای نەخۆش! ئاووای شیرینم، سەیرکە ئەو ناوە چۆن پڕ بە پیستمە. من شاییکی نەخۆشم، پێغەمبەرێکی مردوو! تکایە لە ئێستاوە بەو ناوە بانگم بکە" لەو کاتەدا لێشاوی گریان لە ناخیدا دەیەویست وەک رووبارێکی بێزار و تووڕە گشت وشە و رستە دروست نەبووەکانی ناو قورگی وەک ریزە دوکانێکی چینکۆی بێ خاوەن، کۆمەڵە خانووێکی تەجاوز ڕابماڵێت. دەتگوت لە نێوان لێوە وشک و تەنکەکانی ئیلشادا ئەو وشە ڕاماڵدراو و شکاوانە، هەمان تفە زۆر ورد و بێنرخانەن کە بە بناگوێییەکانی ئاووا ڕەت دەبون و لەسەر تاڵە مووەکانی قژی دەنیشتن، بەڵام هەرگیز ناڵە و سکاڵایان لە لای ئەو نەدەبیسترا.

ئەو بەیانییەی ئاووا هات و لە سەر کورسییە ساجەکەی تەنیشتی دانیشت، چەند رۆژێک بوو دڵشاد بیری لە هەردوو زاراوەی DNA و MDS دەکردەوە. دەینوسی DNA واتە دڵشاد نەبی و ئاووا. یان چارەنووس و بەختی D ی دڵشاد لە بەردەم N ی نا و نەبی لە لایێک و A ی ئا و ئاووا لە لاییکی دیکەوە. D ! واتە دڵشاد لە بەردەم دوو رەهەندی دژ بەیەک و لەیەکتر جودادا. لە سیناریۆی یەکەمدا D ی دڵشاد کەسێکە کە پیتی A ی بە چارەیەوە دەنوسێت و زوو دەمرێت. بەڵام لە سیناریۆی دووەمدا پیتی N ی بەخت و چارەیەتی و تەمەن دەکات و نامرێت. پاشان دەینوسی MDS واتە مێشک و دڵ و سییەکانم، یان D ی دڵشاد لەو نێوانەدا یان دەکەوێتە بەر چنگی M ی مۆتەکەی مردن یانیش سەرفرازانە S ی سروودی سەرکەوتن دەچڕێت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و بە پەلە لاپەرەیەکی سپی لە دەفتەرە بچووکەکەی دەستی دەکردەوە. لە هەردوو زاراوەکەدا پیتی D ی لە هەردووکیان دەردەهێنا و چوار پیتەکەی کە دەمانەوە لە لایەک دا دەینووسین.

S M A N

هەریەک لەو پیتانەی لە سەر پارچە کاغەزی بچووک بچووک دەنوسی و بە دوو پەنجە وەک بنێشت لوولی دەدان. پاشان بە گەورەیی پیتی D ی لە ناو لەپی هەردوو دەستەکانی دەنووسی. پارچە کاغەزە پێچراوەکانی یەک بە یەک

دەخستە ناو دەستە داخراوەکانی کە لە دوو پیتی دالی ئینگلیزی دەچون کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم یارییە پشتیان لە یەکتر کردبێت. وەک دوو دالەکەی ناوی خۆی، ئیلشایان بێکەس فڕێ دابێتە نێو گۆڕەپانێکی چۆل و هۆڵ. ئیلشا وەک قوماربازێکی گەورە پارچە کاغەزە لوولدراوەکانی وەک زار و نەردی یاری تەختە دەشەقاند و بێباکانە فڕێ ی دەدانە سەر گیایە سەوزەکەی ژێر پێیەکانی. لەگەڵ دەستپێکی ئەو یارییە پۆلە مراوییەکە بەرەو لای ئیلشا دەهاتن و بۆ هەڵگرتنەوەی کاغەزە لوولدراوەکان غەشیمانە غارییان دەدا. پێش ئەوەی ئیلشا بتوانێت بۆ بەختی رەشی پارچە کاغەزێکی لوولدراوی سپی هەڵگرتبێتەوە، کە N ی نەمری یان S ی سەرفرازی لە سەر نووسرابێت. کەوتبێتە سەر پیتە پشتڕاست و زگپڕەکەی سەر و بنی ناوی ئەو، کە لە نێو هەردوو لەپی دەستەکانیدا نوسیبونی. بەڵام لە بێبەختی ئیلشا مراوییەکان لەو خێراتر پارچە کاغەزە لوولدراوەکان بە دەنووکە پانەکانیان دەقۆزنەوە. کلک و گوێ ی ئەم پیتانەیان بە جووین دەقرتاند کە لەسەر پارچە کاغەزەکاندا نووسرابون، ئەو پیتانەی کە بریتی بون لە شتی سەیر و نامۆ بە دونیای ئەوان. ئیلشا ئێرەیی پێدەبردن وە خۆزگەی دەخواست وەک ئەوان لە ماناکانی مردن و ژیان نەگەیشتبایە. لە جیاتی بنیادەم مەلێک بووایە وەک پەپووسلێمانکە، پەرەسێلکە، هەوێردە، یان هەر باڵندە و مەلێک گرنگ نەبوو رەنگ و دەنگی، قەوارەی، جوانی و کرێتی. خودای دەکرد تەیری شمقار دەبوو، ئەویش وەک ئەوان بە تەنیا دوو باڵ و کلکێکی هەبووایە و بیتوانیایە بفڕێت، بەڵام لە مانای ژیان بترازی هیچ شتێکی دیکەی نەزانیبایە.

لەبەرهاتن و نزیک بونەوەی مراوییەکان، ئیلشا یارییەکەی بە شێوەیەکی تر دەگۆڕێت، پاش ئەوەی سەر لە نوێ چوار پیتەکە لە سەر چەندین پارچە کاغەزی بچووک بچووک دەنوسێتەوە، وەک جاری پێشوو و زار و نەردی یاری تەختە لەناو دەستەکانی دەیانشەقێنێت. بەڵام ئەمجارە لە جیاتی گیای ژێر پێیەکانی بە ئاسماندا فڕێیان دەدات. پاشان وەک تێنووی سەحرا نێو لەپی

هەردوو دەستی وەک جامی شەراب لێدەکرد تا تەنیا یەک حەرف بگرێتەوە، یەک تنۆک لە بارانی ڕەحمەت، بارانی ژیان، بارانی بەهەشت.

جاری یەکەم پیتی N دەگرێتەوە و پڕ بە دونیا خەنی دەبێت. بەڵام چ کەسێک بە جارێک دڵی ئاو دەخواتەوە و واز لە یاری بەخت دێنێت! بۆیە ئیلشاش یارییەکەی دووبارە و سێبارە و چوار بارە و ...... و دەبارە دەکاتەوە. لە نێو چەرخوفەلەکی چوارپیتەکەدا دەکەوێتە نێو گێژاوێک کە کەس دەرئەنجامەکەی نەزانێت. ئیلشا تا ئەو ڕۆژەی ئاووا دەناسێت، لە پارکەکەدا هاوڕێ ی گیانی بە گیانی ئەم یارییە بێ ئەنجام و منداڵانەیە بوو.

یەکشەمە پێش چونی بۆ دیداری ئاووا بە دەم ڕێگاوە بیری لە خوشکە تاقانەکەی دەکردەوە کە چۆن لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵدا لە تاقیگەیەکی کۆلیجی پزیشکیدا چاوە گەشەکانی لە سەر مایکرۆسکۆپ دادەنێت وسەیری دونیای نامۆی خوێن دەکات. خوێن ئەو شلەیە سوور و سیحراوییەی کە ئاشی ژیان دەگێڕێت، ئەو شلەیەی کە خوشکە تاقانەکەی لەژێر مایکرۆسکۆپدا چەند تەڕ و گەش دەیبینێت، چەند ئاڵۆز و پڕ نرخ. کەچی بە پێچەوانەوە لە بەر چاوی ڕێبوار و پیادەیێکی سەر جادە خوێنی هەمان کەس چەند سادە و ساکارە بە سەر چەقۆی بکوژدا، چەند وشک و بێنرخ .

ئیلشا بە دەم ڕێگاوە خەیاڵ دەکات و دەبینێت خوشکە تاقانەکەی لە ژێر تاقی کردنەوەیەکی سەختدایە، کاتێک پرۆفیسۆری خوێن داوای لێدەکات لەو دونیا سەیرەی نێو ناخی ئینسان بگات. ببێت بە دەزگاییێکی جاسووسی و یەکە یەکەی تەنەکانی بناسێت و ناوە نوێ و ناوە لاتینیە کۆنەکانیان بنووسێت، پاشان وەک ناوی خۆی یەک لە دوایی یەک ئەزبەریان بکات. خوشکەکەی پێناسەکان وا دەنوسێت:

خڕۆکە سوورەکان – erythrocytes تەنی ڕوو سوورن وەکو مێ کار بە ئاسن ناکەن بەڵام گیانیان پڕە لە ئاسن. جۆرە ماکیاجێک لە نێو جانتا بچووکەکانیان هەڵدەگرن کە لە جۆرە سووراوێکی لێو دەچێت بە ناوی هیمۆگڵۆبین. ئەو خڕۆکانە کامەیان لە هەموویان ڕوو سوورترە، لە هەموویان

زیاتر ئۆکسجین دەدات بەژیان. هەروەها ئەوانە بەشی سەرەکین لە دونیای خوێن. باشتر لە خرۆکە سپییەکان لە ڕۆحی ژیانی خوێن دەگەن.

خڕۆکە سپییەکان – leukocytes تەنی روو بەردن وەکو نێر. کاری سەرەکیان بەرگرییە لە دونیای خوێن یان وەک خۆیان دەڵێن نامووسی خڕۆکە سوورەکان. چەندین جۆرن گەورە و بچووک، جوان و ناشیرین. لەبەر ئەوەی کاری سەرەکیان شەڕ و بەرگرییە. ئەوانیش باشتر لە خڕۆکە سوورەکان لە ڕۆحی مەرگی خوێن دەگەن.

تەنی مەیین – platelets نە نێرن، نە مێ. کەمینەن لەنێو خوێندا. گیانیان پڕە لە بەهرە، هونەرمەندن، ژیان و مردنیان وەک یەکتر خۆش دەوێت. لە چ شوێنێک دڵۆپە خوێنێک ڕژا ئەوان وەک کۆتری ئاشتی لەوێندەر حازرن، جاریش وایە خوێن وەک جۆگەلە دەڕوات بەڵام ئەوان دخونی ناکەون.

ئیلشا لە پارکەکە نزیک دەبێتەوە دەبینێت ئاووا لە شوێنەکەی ئەودا دانیشتووە و چاوەڕێی دەکات. کە دەگاتە لای سەرەتا داوای لێبوردنی لێدەکات کە شەممە بۆچی نەیتوانی بێت بۆ پارکەکە. ئاووا پێدەکەنێت و دەستی بستێک لە تەنیشت ڕانی چەپی چەند جارێک لە کورسییە ساجەکە دەدات و بە نیگای چاوەکانیشی ئیلشا ئاڕاستەی ئەو شوێنە دەکات تا دابنیشێت. هەر کە دادەنیشێت ئاووا ماچێک لە ڕوومەتی ئیلشا دەکات. بەو ماچە شتێکی خەوتوو لە ناخی ئیلشادا بە ئاگا دێت، یەکسەر بیری دەچێت بۆ ئەو زاراوە پزیشکییەی کە چەند ڕۆژێک بوو خەریکی نووسینەوە و پشکنینی بوو –MDS شێوان و شلەژان لە ناو مۆخی خوێندا. وەک ئەوەی ئەو ماچەی ئاووا دکتۆرێک بێت لە نێو خڕۆکە سپییەکاندا بە نێو برینداره‌کاندا بگەڕێت بۆ ئەوەی چارەیان بکات، ئەو جۆرە دکتۆرەی کە لە گەرمەی شەڕدا گوێ ناداتە شەبەحی مردن و دەچێت بە هانای هاوار و ناڵەی برینداران. بۆیە ئیلشا بەو ماچە کە لە راستیدا سێیەمین ماچی تەمەنی بوو کە لەلایەن کچەوە لێی کرابێت، لەلایەن دوو کچی شۆخەوە کە کەس و کار و هاوخوێنی ئەویش نەبون، بەڵام لە غوربەتدا ببون بە چەتری سەری ئەو، بە تاکە ئومێد و هیوا. ئیلشا وایدەزانی ئەو برینێکە لە

جەستەی برینداریکی نێو گەرمەی شەڕ و ئەو ماچەش رۆحی ئەم دکتۆرە فریشتەکەیە. بۆیە جیا لە جارانی پێشوو کە لە سەر هەمان کورسی خۆی دەکرد بە پیتیD ی MDS و دەمێک خۆی دەخستە ناو قەپی M ی مردن و دەمێکیش سەر قاڵدرمەی S ی سەرکەوتن. لە تەنیشت ئاووا و بە ماچێکی سیحراوی لێوە تەڕەکانی ئەو زاراوەیە پزیشکییە نامۆیەی نێو سووڕی خوێنی بە شێوەیەک لە بەر چاوی گۆڕا و بە جۆرێکی تر لە سەر دڵی نەخشا – – MDS ماچ دڵشاد سارێژدەکات.

ئەو لێکدانەوانەی ئیلشا سەبارەت بە نەخۆشییە شاراوەکەی هەر لە نێو دڵ و دەرونی خۆی مانەوە و لە ئاخاوتنی بۆ ئاووا هەرگیز بە رێکەوتیش نەکەوتنە سەر زار. بە تایبەت کاتێک لە سەر کورسییە ساجەکەی نێو پارکەکە تێر و پڕ قسەیان دەکرد. ئاووا تا کات زیاتر تێپەڕ دەبوو زیاتر کەسییەتی ئیلشا بە دڵییەوە دەچەسپا. کەچی لە لایەکی دیکەوە ئیلشا هەستی دەکرد کە ئەو چەند مێوانێکی گوناهبارە بۆ دونیای ئەو کچە دەلالە جووە.

ئیلشا نەیدەوست باسی نەخۆشییەکەی بۆ کەس بکات. بەڵکو فەحسەکەی حەفتەی داهاتوو کە لە لایەن پسپۆری خوێنەوە بۆی دەکرێت لەوەی کەمپ زیاتر ئارام بەخشە. بۆیە تا هاتنی ئەو رۆژە نەیدەویست بیر لە هیچ شتێکی دیکە بکاتەوە.

ئەو رۆژە ئیلشا و ئاووا تا ئێوارە پێکەوە دەبن و زیاتر یەکتری دەناسن، وە بڕیاریش دەدەن کە زوو زوو یەکتری ببینن. ئیلشا بە ناسینی ئاووا کەمتر لە جاران روو دەچووە نێو بیرکردنەوە و خەیاڵ؛ هەروەها بە جۆشتر لە جاران خەریکی فێربونی زمانی ئەڵمانی دەبێت.

پاش ئەو دیدارە دڵخۆشکەرەی لەگەڵ ئاووا، ئیلشا ئەو رۆژەی دەبوو بچێت بۆ لای دکتۆری پسپۆر زۆر زوو لە خەو ڕاببوو. حەفتەیەک پێشتر ئەدرەس و کاتی بینینی دکتۆری بە پۆست بۆ ڕەوانە کرابوو، بۆیە ئیلشا پێشتر سەیری نەخشەی جادەکانی شاری کردبوو تا بزانێت شوێنەکەی دکتۆر لە کوێیە و چەند کاتی پێویستە بۆ گەیشتن. کاتێک زانیبووی ئەوەندە لە ماڵی ئەو دوور

نییە بڕیاری دا بە پێ ئەو مەسافەیە ببڕێت. ئیلشا حەفتی سپێدە لە خەو ڕابـبوو تا ئەگەر بە هێواشیش ڕێبکات، بگات بە کاتی دیاری کراو کە کاتژمێر نۆ بوو.

ئیلشا کە دەگات دەبینێت لە ژوورەوە دکتۆر کەسێکی درێژی خوێن ساردە، چاویلکەییێکی وەک ئەوەی ئێریش هۆنیکەری سەرکردەی شیوعی ئەڵمانی لە چاوە، کەمێکیش رووخساری لە هی ئەو دەچێت. ئەگەر ددانە شاش و گەورەکانی نەبونایە کە بە بزەیەکی کەم تا خرێنەکانی بەدەر دەکەوتن.

دکتۆرەکە لەسەرکورسییێکی چەرمی قاوەیی خوولەر دانیشتبوو، لە پشتەوەی بە دیوارەکەوە چەندین بڕوانامەی جۆراو جۆر هەڵواسرابون. لە لایەکی دیواری ژوورەکەدا کۆپی نیگارێکی حەفتا بە پەنجا سانتیمی سوریالیست هەڵواسرابوو کە بریتی بوو لە دیمەنی دوو رانی سپی وەک بەفر کە لە نێوانیان خوێنێکی قورمزی دەچۆڕاییەوە و ببوو بە رووبارێکی باریک. دواییش ئەو رووبارە لە کۆتایی نیگارەکەدا بە پانایی هەر حەفتا سانتیم ببوو بە مێرگێکی سوور لە کولیلکی نیسان. نیگارەکە بە دوو شێوە دیار بوو. ئەگەر لە سەرەوە سەیرت بکردبایە، ئەوا دیمەنێکی بێتامی سێکسیت دەبینی کە پڕ بوو لە لەزەتی تاوان و تاوانی لەزەت. بەڵام ئەگەر لە خوارەو لێی ڕامابایت ئەوا دەتبینی کە چۆن هەموو وەرزەکانی ساڵ، هەموو کات و ساتەکانی شەو و ڕۆژ لەیەک وێنەدا کۆبونەتەوە. دەتبینی رووبارێکی ئەرخەوانی لە نێوان دوو شاخی سپی پڕ لە بەفر هەڵدەقوڵێت کە دەتگوت دیمەنی ئێوارایەکی خەمناکی زستانە. کە تێیدا کەسێکی نەفام و دڕندە سەرشێتانە دایکی خۆی بە جۆرێک هەتک کردبێت و جەستەکەی شێواندبێت کە کەس نەزانێت ئەو دوو رانە هی یەک جەستەن یان چەند جەستەیەک؛ ئەو دوو شاخە بەفرینە هی یەک خاکن یان چەند خاکێک! ئاسمانی نیگارەکە شەوێکی تاریکی پڕ لە ئەستێرە بوو کەچی لەسەر شوێنی جیابونەوەی هەردوو رانە سپییەکە یان شاخە بەفراوییەکە، یەکسەر لە شوێنی ڕژانی چۆڕاوکەی خوێنەکە رەشایی دووسێبەری خامۆش هەبوو.

دەتگوت تارمایی دوو قابیلن لە دەربەندێکی وەکو کۆڕێ لە سەر هەتک کردنی دایکیان بەشەڕ دێن.

ئیلشا لەو سەردانەیدا بۆ ژووری دکتۆری پسپۆر نیگارەکە تەنها بە جۆرێک دەبینێت کە دیمەنێکی کپی سرووشتە لە ئێوارەیەکی خەمناک.

بەرامبەر بە نیگارەکە لایەکی دیوارەکەی ژووری دکتۆر هەر هەمووی شووشە بوو و دیمەنی جوانی شارەکەی تێدا دیار بوو. دیمەنی ئەو رووبارە ئارامەی کە چەند رۆژیکی تر لەگەڵ ئاووا خۆشترین شەوی ژیانی لە کەنارەکانی بە سەر دەبات. ئەو رۆژەی کە دەڵێیت لەبەر ئەوە ساتمە لە دەرگای دوکانی پیرەژنەکە دەکات تا بزانێت کە بە چونی بۆ نێو هەر دەرگایەک هەرگیزا و هەرگیز دڵشاد نابێت، ئینجا دەرگاکە:

چ دەرگای دکتۆر بێت.

چ دەرگای دوکانی پیرەژنەکە.

چ دەرگای چێشتخانەی باوکی ئایفەر.

چ دەرگای ئەپارتمانی ماڵە سارد و سڕەکەی.

یان دەرگای ماڵی خاڵی!

ئەو تەنها ئەو رۆژە سڵاوێکی لە کەزانەوە لێکرا کە لە دەرگا دەهاتە دەرەوە،لە دەرگا دوور دەکەوتەوە. هەروەها چەند رۆژێکی ترە لە قاوەخانەیەکی سەر رۆخ رووبار کە کەپرێکە بە بێ دەرگا، ئیلشا دەگات بە ئەوپەڕی خۆشحاڵی. کاتێک لەگەڵ ئاووا دا خۆشترین و درێژترین پیاسەی تەمەنی دەکات. هەر ئەو شەوە بە درێژایی بڕینی جادەکانی نێو شار، کەنارە فێنکەکەی رووبار. باسی نەگبەتی خۆی دەکات و لەسەر کلینیکسێکی قاوەخانەکە ناوی خۆی بە چەند شێوەیەک دەنوسێت و نیشانی ئاووایان دەدات، پێیدەڵێت " شیرینەکەم، قەدەری ناوەکەمە کە لە شوێنێک شادبم کە بێ دەرگا بێت، سەیرکە چۆن بە زمانی دایک من بریتیم لە (دال) ی چوار دەرگا، کە بە قووڵبونەوە لێیان یان من هەم یان ئەوان. بڕوانە چۆن کە دەرگاکان بەسەرمدا دادەخرێن من دەبم بە هیچ و نامێنم! "

لە پێش دکتۆرەکە مێزێکی گەورەی لووس هەبوو کە دوو منارە کتێبی لە سەر بوو، لەگەڵ سەعاتێکی سەر مێز کە شێوەی دڵێکی لە شووشە هەبوو. دەنگی چرکەکانی سەعاتەکە لە جیاتی بڵێن چرک........ چرک......... چرک، دەیانگوت ترپ...... ترپ ..... ترپ. دکتۆرەکە بە هەر جۆرێک بێت شتێکی بۆ ئیلشا شیکردەوە دەربارەی ئەو فایلەی کە لە یەکەی تەندرووستی کەمپ بۆی هاتبوو. دیاردەکانی حالەتی ئیلشا وەک گێژبون، پشت ئێشان، جومگە ئێشان، و ئارەقە کردن بە شەو هەموو ئەوەیان نیشان دەدا کە لەوانەیە جۆرێکی ترسناک لە شێوان و شڵەژان لە نێو خوێنی ئیلشا هەبێت. دکتۆرەکە پێی گوت کەوا ئەو تێست و پشکنینی زیاتر دەکات تا لە نەخۆشی و حالەتی ئیلشا دڵنیا دەبێت. بەڵێنی پێدا کە یارمەتی بدات بۆ چارەسەرکردن. ئیلشا بەو قسانەی دکتۆر کەمێک دڵەڕاوکێ و ئەو ترسەی ڕەوییەوە کە لەیەکەم ڕۆژی هاتنە دەرەوەی لە کەمپ تووشی ببوو. بۆیە خێرا خۆی گەیاندەوە ماڵ تا بۆ ئێوارە کاتێک لەگەڵ ئاووا دابنێت بۆ ئەوەی دووبارە یەکتری ببینن.

ئیلشا کە گەیشتەوە ماڵ پێش ئەوەی تەلەفۆن بۆ ئاووا بکات. گوێ لە ماسێجێکی سەر تەلەفۆنەکە دەگرێت و کە کەسێک بوو بەو شێوەیە قسەی کردبوو " ئەم کاتەت باش کاک دڵشاد، من ناوم سەیفی یە! حەزدەکەم ئەم ئێوارەیە بتبینم. من ماوەیەکە لەم شارە دەژیم. خوشکم دەستە خوشکی خوشکتە وە لەسەر داوای ئەو دوێنێ ژمارەی تەلەفۆنی تۆی پێدام. هەر کارێکت هەبێت من ئامادەم یارمەتیت بدەم. ئەوەش ژمارەی تەلەفۆنمە ٢١٦٢٨٣٨ "

ئیلشا هەست بە سڕ بونی ئەژنۆکانی دەکات، جلەکانی دادەکەنێت تەنها بە مایۆیەک دەمێنێتەوە کە ڕەنگی شین بوو و بەر لە ساڵێک لە ئەسکی بازاڕی ئەستەنبۆل کڕیبووی. دەچێت لە سەر ئاودەستەکە دادەنیشێت و لەگەڵ ئیقاعی پەلامیزەی بۆ نێو ئاودەستەکە بە دەستی ڕاستەی ئەژنۆی چەپی دەشێلێت و بە دەستی چەپیشی ئەژنۆی ڕاستەی. پاشان بۆ زیاتر لە چل دەقیقە لە نێو بانیۆکەدا ڕادەکشێت و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت. خۆشحال دەبێت بە دوا دیداری لەگەڵ ئاووا و سەردانی دکتۆری پسپۆر و ماسێجەکەی سەیفی.

پاشان به پەشتەمالێک خۆی وشک دەکاتەوە کە تا ئێستا زیاتر لە سەد حەمامی پێکردبوو. لە هەموو حەمام کردن و خۆ وشک کردنەوەکانیشیدا هەر هەمان رۆژی دەهاتەوە یاد کە لەگەڵ ئایفەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ئەسکی بازاڕدا پێکەوە گەڕابون، ئەوەش بریتی بوو دوا گەڕانی ئیلشا بوو لە ئەستەنبۆل. ئایفەر بۆ ماڵئاوایی کردن لە ئیلشا ئەو پیاسەیەی وەک دیارییەکی چاوەڕوان نەکراو لەبەر دوو هۆ ئامادە کردبوو، یەکەمیان لە رقی نەدیم بەی باوکی کە پارەی ئیلشای خواردبوو و دووەمیشیان لەبەر ئەو سۆزو ئەوینەی کە بۆ کەسییەتی ئیلشا هەیبوو.

ئیلشا لە ماوەی سێ مانگ ئیش کردنی لە رێستورانەکەی نەدیم بەی هەردەم بە لاچاوێک سەیری ئایفەری دەکرد، بە تایبەت ئەو کاتانەی بۆ یارمەتی دانی باوکی دەهاتە رێسورانەکە و لە سەر قاسەی پارە دادەنیشت. کە لەوێش نەدەبوو لە خەیاڵی ئیلشا دا ئایفەر شێوەی یەک بە یەکی ئەو کیژانەی وەردەگرت کە لە گۆرانییە کۆنەکانی ئیبۆ دەردەکەوتن. کاتێک خۆی بە سەر و پرچی قرژنییەوە لێ دەبوو بە ئیبۆ، یان کەسێکی دیکەی وەک کە رۆژگارێک بە چاوی پڕ لە هیواوە لەوپەڕی رۆژهەڵاتەوە هاتبووە بەردەم قاپییە کۆنەی دەرگای ئەوروپا. کەچی ئەو لەسەر مەغسەلەیەکی لە بەیانییەوە تا ئێوارە پڕ لە قاپ و پەرداخی پیس، لە مەتبەخێکی بە بۆن پنگاوەی بان نزم زیاتر لە زەرافەیەکی مل چەماوەی ماندوو دەچوو کە بە زۆرەکی لە ئەشکەوتی ورچێکی میزکەر ئاخنرابێت.

حەفتەی جارێک ئەگەر ئایفەر بۆ یارمەتی دانی باوکی بهاتبایە سەر قاسەی پارە، ئیلشا وەکو رۆژانی گەڕەک لە ترسی گۆبەندێک کڵاوی خۆی دەگرت تا با نەیبات. هەرگیز نەیدەویست بە ترس و لەرز لە جوانییەکانی کچ بڕوانێت، ئەو هەردەم – یان هەمووی یان هیچ– شیعاری بوو. بۆیە ئەو رۆژەی ئایفەر بە ئیشارەت پێی گوت کە پازارتەسی لە میترۆی ئاکسەرای چاوەڕێی دەکات. ئیلشا لە خۆشیان شا گەشکە بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت " دەبێت لە ژووانی کچ خۆشتر هەبێت!؟ "

لەو دەرکەوتنەدا کە نزیکەی حەفت سەعاتێکی خایاند، ئایفەر لە ئیلشا خێراتر دەڕۆیشت و هەردەم هەنگاوێک لە پێشەوە بوو. دەتگوت سێبەری باوکی لە گەڵیدا هاتبوو و بەو جۆرە بۆ پێشەوە پەلکێشی دەکرد. بەڵام ئیلشا بە هیچ جۆرێک نەیدەویست جوانی ئەو گوڵە بژاکێنێت، نەیدەویست لە دڵە پاک و گەورەکەی برینێک دروستکات کە دوایی ڕۆیشتنی هەرگیز ساڕێژ نەبێت. هەروەها لە دوا ڕۆژی مانەوەی لە تورکیادا، کەسێک لە دوایی خۆی بە جێبهێڵێت کە لە چاوەڕوانیدا بمرێت. بۆیە ئەویش لە پیاسەکەدا بە پێی خۆی دەڕۆیشت و نەیدەویست بگات بە ئایفەر. تەنها بۆ ئەو ئەوە بەس بوو کە پاش چوار مانگی ساردی و درێژی پڕ لە دەردەسەری و برسییەتی، پڕ لە ترس و لەرز و ناخۆشی. کیژێکی جوان لە دوا کاتەکانی مانەوەی لە ئەستەنبۆل خەریکە هەموو یادگارە ناخۆشەکانی ئەو شارەی لە بیر دەباتەوە و رووە شارستانییەکەی ئەستەنبۆلی پێ نیشان دەدات.

*                    *                    *

پاش هاتنەوە یادی ئەو یادگارە شیرین و تاڵانە، ئیلشا جلەکانی لە بەر دەکات و پێییەکانی بەرەو جادەیەک ئاڕاستەی دەکەن کە یەکەم جار بوو پێیدا بڕوات. سەد مەترێک دەڕوات و دەبینێت دوکانێک بانەرەکەی بە تورکی نوسراوە و کەوتۆتە مەسافەیەکی زۆر نزیک لە ماڵی ئەو. سەیری سەعاتەکەی دەکات و دەزانێت ئەگەر بچێتە نێو دوکانەکە ناگات بە گالەری هونەر و ناتوانێت سەیفی ببینێت، برای ئەو کچەی کە دەستە خوشکی خوشکیەتی.

هێشتا پەشتەماڵە شینەکەی ئایفەر لە خوار ناوکییەوە تا سەر ئەژنۆکانی داپۆشیبوو کە ئیلشا بۆ کەمتر لە دەقیقەیەک قسەی لەگەڵ سەیفی کرد بۆ ئەوەی شوێنێک بۆ یەکتر بینین دیاربکەن. بەهۆی هەڵبژاردنی ئەدرەسەکە لەلایەن سەیفی یەوە کەمێک لە کەسییەتی ئەو بۆ ئیلشا ئاشکرا دەبێت.

ئیلشا کە دەگاتە بەردەم گالەری لە دوورەوە کەسێک دەبینێت کە لەسەر قالدرمە پان و بەرینەکانی دانیشتووە و تەماشای هاتن و نزیک بونەوەی ئەو

دەکات. دەتگوت هێزێکی وەهمی موگناتیسی بەرەو یەکتر کێشی دەکردن، سەیفی هەڵدەستێت و تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ دەکات و دەستە بچووکەکەی ئیلشا بەتەواوی لە ناو دەستیدا ون دەکات. باڵای ئیلشا نزیکەی دوو ئینچ لە باڵای سەیفی بەرزتر بوو بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لە ئیلشا زیاتر قژی بە سەرەوە بوو بەژنی هەردووکیان وەک یەکتر دیاربوو. کەچی شێوە و رەنگی چاوەکانیان عارد و ئاسمان لەیەکتر دوور بون. هەردووکیان لە کاتی ئاخاوتن و قسەکردندا بە دەیان جار چاوەکانیان دەترووکاند و دەیانکردنەوە، بۆیە لە دوورەوە و لە یەکەم جاری بینینیان کەس بە ئاسانی جیاوازی و لە یەک چونەکانی نێوان ئەو دوو کەسەی نەدەزانی. چاوەکانی ئیلشا وەک چاوی بازو کوندەپەپوو زەرد و گەش و جوان بون کە هەردوو دیوە گەش و خامۆشەکەی ژیانی بە سادەیی تێدا دەخوێندرانەوە، کەچی چاوەکانی سەیفی دوو دەنکە ترێی رەشمیری و رەشبون کە لەبەر سپییێتی ددانە رێکەکانی و سپێنەی چاوە گەورەکانی دەتگوت رەشترین دوو چاوی سەر ئەرزن. دوو دەنکە ترێ ی ڕاستەقینەن لە سەر قاپێکی فەخفووری سپی کە لە ژێر پێستە گەنم رەنگەکەی روویدا شاراوە بێت. پاش ئەوەی هەردووکیان بە تاسەوە لە چاوانی یەکتر ڕامان، سەیفی هەر ئەو قسانەی دووبارە کردەوە کە پێشتر لە ماسێجەکە بۆ ئیلشای کردبوو.

پاش ئەوەی کەمێک لەسەر قاڵدرمەکانی گالەری پێکەوە دادەنیشن، سەیفی بە ئیلشای گوت " کەمێک پیاسە دەکەین پاشان لە رێستورانێکی ئیتالی داوەتی من دەبیت " ئیلشا ئەو رۆژە لەبەر ئێشی جومگەکانی هێزی ڕۆیشتنی نەبوو، بەڵام پێی شەرم بوو لە یەکەم یەکتر ناسینیدا لەگەڵ کەسێک ناڕەزایی نیشان بدات.

هێشتا لە گالەری هونەر ئەوەندە دوور نەکەوتبونەوە کە سەیفی دەستی برد بۆ گیرفانی راستەی پانتۆلە زەردەکەی و بە خێرایی گوێی مێدالیایەکی دەرهێنا کە ژمارەییەک کلیلی گەورە و بچووکی پێوە بون و یەکسەر بەرەو دەرگای ئۆپلێکی زیوینی مۆدێل نوێ چوو. دەرگای بۆ ئیلشا کردەووە و پیی گوت"

فەرموو، برا " ئیلشا لەوەتەی هاتبووە دەرەوە ئەوە یەکەم جاری بوو لە کورسی پێشەوەی ئۆتۆمبێلێک دابنیشێت.

ئەو لە ساڵ و نیوێکی ژیانیدا لە غوربەت هەر بە پێ، باس، بەلەم، و ترام وەی دووری و نزیکی ڕێگاکانی بڕیبوو. لە دڵیدا دەیگوت " چەند سەیرە ئینسان لە غوربەتدا بۆچی ئەوەندە گیرۆدەی رابردوو دەبێت. چۆن خۆشی و ناخۆشییەکانی بە پێوەری ڕووداوە دووبارە بووەکانەوە دەپیوێت. بۆچی سواربونی ئەو قەمەرە تازەیە و دانیشتنی لە کورسی پێشەوە، بەرازیلیە سوور و شرەکەی خاڵی دێنێتەوە یاد کە ڕۆژانی هەینی پێی دەچون بۆ سەیران؟ "

کاتێک لەبن دار بەڕوویێکی گەورە دادەنیشتن پاش ئەوەی دۆشەگ و سفرەیان لە سەر گیایە نەرم و شێدارەکانی بەهار ڕادەخست. لەگەڵ خاڵ و خاڵۆژنی و خوشکە تاقانەکەی دەورییان لە خوانچەیەکی پڕ لە دۆڵمە دەدا کە هەڵمێکی چڕ و گەرمی لێ هەڵدەستا. دەتگوت تەمی دوایی بارانی بەهار بوو بە دەشت و دەرا پەرت و بڵاودەبێتەوە تا جوانی و ڕەنگەکانی بەهار بەدەرخات. لە ژێر باوەشێنەی دەستە خەپەکانی خاڵۆژنی دەیبینی کە چۆن ڕەنگەکان هێواش هێواش بە دەردەکەوتن. یەکەمجار سووری تەماتەکان، زەردی پیازەکان، سەوزی پەلکە مێو و سلق و ئاروو و کولەکە، ڕەشی و مۆری باینجان و ڕەنگی قاوەیی و سپی گۆشت و برنج. هەموو ڕەنگەکان دەبون بە نیگارێکی ڕەنگاوڕەنگی ئەبستراکت و لە ژێر دەستە خەپە و میهرەبانەکانی خاڵۆژنی سەمایان دەکرد، لە گەڵیاندا بۆنی سماق و بەهارات تێکەڵ بەو هەموو جۆرە سەوزەیە پڕ دەبووە نێو سییەکانیان و هەر چواریان سەبریان نەدەما، تامەزرۆی زوو تام کردنی ئەو خواردنە خۆشەی فەسلی بەهاردەبون. ئەو خواردنە بەناوبانگ و بەلەزەتەی ئەو میللەتانەی کە وەک کەرستەکانی دۆڵمە ڕەنگاوڕەنگن، کەچی هەرگیز وەک ئەوان ناچنە نێو توێ ی مەنجەڵێکەوە، دەستی هیچ کابانێکی سەر ئەرز ناتوانێت لەگەڵ یەکتر بیانگونجێنێت!

هێشتا کیلۆمەترێک نەڕۆیشتبون کە سەیفی سی دییێکی ئەحمەد کایای خستە سەر سی دی لێدەری قەمەرە تازەکەی و لەگەڵیدا هەردووکیان بۆ ماوەیەک کپ و

بێدەنگ بون. گۆرانی { یاغموور ..... یاغموور} بارانی ئەحمەد کایا خەیاڵی هەریەکەیانی بە لایەکدا برد. ئیلشا ژیانە سەختەکەی تورکیا و پیاسە خۆشەکەی لەگەڵ ئایفەردا دەهاتەوە یاد کە وەک دەنگە بە سۆزەکەی کایا بوو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان لەسەریەک تەوەرە و ئیقاعدا سەمایان دەکرد و چتاقیان ئامادە نەبوو بۆ ئەوی دیکە مەیدان بەجێبهێڵێت. جار بە جار لەگەڵ سەیفی قسەیان دەکرد و دوایی دووبارە کپ دەبونەوە. تا پاش چل دەقیقە گەڕان لە بەر دەرگای ڕێستورانێکی ئیتالی دەوەستن و لەگەڵ ستۆپ کردندا دەنگی ئەندرێ بۆچیلی لە دەرەوە وەکو کەسێک کە تازە شتێکی لێ ون بووبێت، دەستەکانی کوێرانە بە ناو فەزای قەمەرەکەدا دەگێڕێت، دەڵێیت لە سەرە بۆز و خڕ و گەورەکەی ئەحمەد دەگەڕێت بۆ ئەوەی ماچی بکات و پێی بڵێت " هەر خۆش و تەمەن درێژ بیت برا "

هەردووکیان لە ئۆپلەکە دابەزین و بەرەو ڕێستورانەکە ڕۆیشتن و لەدەرەوە لە سەر مێزێک دانیشتن کە ئینجانەیەکی بچووکی پڕ لە گوڵی لە سەر بوو. پاش کەمێک دانیشتن کیژێکی باڵابەرزی مەمک دەرپەڕیوو کە کەپووی لە دەنووکی کەو دەچوو، بە خۆی و مەنیۆکەی دەستی لە میزەکەی ئەوان نزیک بووەوە. ناوی خواردنەکان گشتی نامۆ بون بۆ ئیلشا بۆیە دوایی چەند دەقیقەیەک دامان بە سەیفی گوت کە شتێک بۆ ئەویش هەڵبژێرێت. سەیفیش بە خێرایی لە هەردوو مەنیۆکە ئەوەی پێش خۆی و ئەوەی بەردەم ئیلشا، خواردنی ژمارە پێنجی هەڵبژارد. پاش بیست دەقیقە دوو نەفەر تۆرتەلینی هات لەگەڵ دوو پەرداخ شەربەت یەکیان پرتەقال بوو بۆ ئیلشا و ئەوەی دیکەشیان سێو بۆ سەیفی. لەسەر نان خواردن هەریەکەیان بەسەرهاتی خۆی بە جۆرێک بۆ ئەوی دیکە دەگێڕایەوە. بەڵام کاتێک لە یەکتر جیابونەوە، تەنها یەک ڕووداو تا درەنگانی شەو بە قووڵی لە بیری هەردووکیان بەجێما. تا ئەو کاتانەش کە هەریەکەیان بە جیا لە شوێنی خۆی سەری خستە سەر بالیفەکەی و زوو خەوەکەی لێ بوو بە خەون!

"ئێمە سێ هاوڕێ بووین کاتێک لە فولکەی کۆتر یەکترمان ناسی و دەستمان خستە ناو دەستی یەکتر بۆ ئەوەی پێکەوە بە ڕێگای قاچاغ بچین بۆ تورکیا. سەرهەنگ کوڕێکی تورکمان بوو کە بەژنێکی باریک و سوکەڵەی هەبوو و هەردەم بزەیەک لە سەر لێوانی بوو. سمکۆ لە دارەتوو گەورە ببوو بەڵام بە ئەسل خەڵکی دێیەکی خاپوورکراوی شارەزوور بوو. کوڕێکی کورت و بە هێز بوو، لەسەر لێوی خاڵێکی سێگۆشەی بچووک هەبوو کە سەرنجی هەموو کەسێکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. پاش چەند ڕۆژ هێنان و بردن لەگەڵ قاچاغچییەک ڕێکەوتین و ئێوارەیەک گەیشتینە سەر پردی چامێ تا بۆ شەو لەگەڵ کاروانێک لە گەنجی ناشارەزای ڕێگاکان بکەوینە دوایی قاچاغچی ئەمبەرە و تاکە شارەزای ڕێگاکان. لە سەر قسەی قاچاغچییەکەی لای خۆمان کە چەند ڕۆژێک بوو دەماننناسی دەبووایە لە شوێنێکی دووری پردەکە لە ڕووبارە بە تەوژمەکە بپەڕینەوە. دوایی شاخێکی بەرز دێتە ڕێمان و دەبوو ئەویش بە چەند سەعاتێک ببڕین تا دەگەین بە شوێنی مەبەست. ئەو شوێنەی کە لەگەڵ قاچاغچییەکەی ئەوبەر لە سەری ڕێکەوتبون.

ژمارەمان حەڤدە کەس بوو بە قاچاغچییەکە دەبووین بە هەژدە کەس. هەریەکەمان هەگبەیەکی بە پشتەوە بوو کە پڕ بوو لە نان، خورما، گۆشتی قوتوو، بسکویت و نەستەلەی ئولکەر و چەرەزات. هەر یەکێک لە ئێمە بە جۆرێک ئەو بڕە دۆلارە ئەمریکاییەی حەشاردابوو کە لە ڕۆژانی تەنگانە و ڕەشدا بە بەرگە سپی و سەوزەکەی سەری ئینسان دەکڕێتەوە. دەبێت بە پسوولەی دەربازبون ئەو کاتانەی کاروانچیانی ڕێگای قاچاغ بە ڕوویێکی پڕ لە نیگەرانی و هیواوە سەیری ئاوە شین و بێبنەکانی ئەستەنبۆل دەکەن. هەروەها دوایی بە ترس و گومانێکی زۆرەوە پێ دەخەنە نێو بەلەمە بچووکەکانی سەر ئاو و دۆلارە نێوچەوان سەوزەکانیان دەخەنە دەست یەکێک لەو قاچاغچیانەی

که ناوەکانیان پڕە لە نهێنی و گومان، ناوی وەک قورتار، تەتەر، بەربەر، ڕەشێ، درێژ، گوللە، ششش، خەتەر. پاپۆڕ، هتد.

شەو ئێمە پەڕینەوە، پاش ئەوەی بەردی تیژی بنی رووبارەکە وەک چەقۆ چەقیبونە پێییەکانمان، وەک ئەوەی رووبارەکە بیەوێت پێمان بڵێت" هەتیووینە، بۆ لە ماڵی خۆتان دانانیشن و بەم تاریکە شەوە بۆ هاتونەتە سەر زگ و پشتی من "

لەبەر ئازاری پێییەکانمان ماوەی چەند سەعاتێک هێواش هێواش بە دوایی قاچاغچی یەکەم دەڕۆیشتین و گوێمان لە دەنگی نووساوی بوو کە راستە ڕێی دەکردین. ئەو تاریکە شەوەی جگە لە شەوقی لایتە کزەکەی دەستی ئەو و شەوقی ئەستێرە بچووک و دوورەکان روناکییەکی دیکە نەبوو. شتێک نەبوو نێوانی عارد و ئاسمانمان پێبلێت، بەفری سپی شاخەکانی بەر پێمان و دوروپشتمان لە تاریکایی شەو جیابکاتەوە. ئەو شەوە ئێمە لە نێوان ئەو دوو فەزایە بێرەحمەدا، لە چەند منداڵێکی سەرگەردان و هەتیوو دەچووین، کە تا ئەبەد رەنگەکانیان لێ زەوت کرابێت و بووبن بە رەوە بزنی شوانێکی دەبەنگ بەوە سزا درابن هەتا سەر دونیا بە رەش و سپی ببینن.

من خورمام دەخوارد دەڕشامەوە، نەمدەتوانی بستێک زیاتر بە سەر شاخەکەدا هەڵبگەرێم. پێش ئەوەی دوو هاورێکەم بگەنە هانام، من لە ناو بەفرەکەدا دەمێک بوو لە هۆش خۆم چوو بووم و لە سەر دەم کەوتبووم، بەڵام خۆشبەختانە گەیشتبووم بە لوتکە. ئەو کاتە قاچاغچی یەکەم لە پەنای کەپکە شاخێک ئاگرێکی کردبووەوە بۆ گەرمبونەوەمان و نیشانە بۆ ئاگادارکرنەوەی قاچاغچی ئەمبەر. لەگەڵ کردنەوەی هەگبەکانمان دەستمان کرد بە خواردن و قسە کردن. دەورمان لە ئاگر و قاچاغچییەکە دابوو وەک ئەوەی ئاگر و ئەو دایک و باوکی کۆمەڵە کەروێشکێکی چاو نەکراوەی بێچارە بن، تاکە نوور و سەبووری ئەمشەوە.

دارەکانی نێو ئاگرەکە بە پێچەوانەی کاتی چاوەڕوانی ئێمە وەک تووتنی نێو قەننەی کەسێکی بێخەم بێباکانە دەسووتان و دەبون بە سۆتەک. لە نێوان زوو

به سەر نەچونی شەو و خێرا خامۆش بونی ئاگرەکەدا ئێمە هەژدە کەسی زراو ڕژاو بووین و کەسمان غیرەتی ئەوەی نەبوو لە دوا تریسکەی کوژانەوەی ئاگرەکە دوور بکەوێتەوە و هەندێک دار بکات بە گەروویدا بۆ ئەوەی نەمرێت. لەگەڵ شەو دا تاق و تەنیا ماینەوە و لە چاوەڕوانیدا وەخت بوو وە زگ بدەین. لە ترسی loوورە لووری گورگ کە لە دوورەوە دەهاتە نێو گوێمان ئەوەندەی نەمابوو شێت بین. تا قەلەندەر لە پڕ هەر هەژدەمان بە رەوەیەک گوڕگی ددان تیژ گەمارۆ درابووین. چاوی گورگەکان لە ژێر لایتەکزەکەی قاچاغچییەکە دەتگوت ئەستێرەن دەبریسکێنەوە. گشتمان زراو ڕژاو و تۆقیوو، هەروەها ترس و لەرزی مەرگ لەشی هەموومانی داگرتبوو.

میزی گەرممان بە رانە سڕبووەکانمان دادەکرد بەرلەوەی یەکە یەکە بکەوینە بەرکەلبەی تیژ وبێ ڕەحمی گورگە هارەکان. ببوو بە هاوار و فیغان، هەریەکەمان بەلایەکدا ڕاماندەکرد. ئێمە هەرسێکمان سەرهەنگ و سمکۆ و من هەر لە فولکەی کۆترەوە بەڵێنمان بە یەکتر دابوو کە هەرگیز یەکتر بەجێنەهێلین. بە دوایی یەکتردا غارمان دەدا و لە ترسی گورگەکان ئاگامان لە سڕبونی پێیەکانمان نەمابوو. بەو شەوە نەماندەزانی بۆ کام لا ڕابکەین، بەڵام بە هاوار و دەنگە دەنگ دەبووایە یەکتر راستە ڕێ بکەین بۆ ئەوەی لە یەکتر دانەبڕێین. هەناسە بڕکێی هەرسێکمان وەک رەشەبای سلێمانی لە نێوان بێدەنگی شەو و کپی بەفردا دەنگی دەدایەوە، هەرسێکمان هەرینایی ببووین کەچی بۆ چرکەیەکیش نەدەوەستاین. تا لە پڕ هەرسێکمان پێکەوە هەڵخلیسکاین و بە دامێنی شاخەکەدا بەرەو نادیار غلۆر بووینەوەو و جلەوی دەست گرتن بە چارەنووس و هیوای جارێکی تر ژیان بە تەواوی لە دەستمان دەرچوو. لەگەڵ غلۆر بونەوەمان بە دامێنی شاخەکەدا بەرە بەرە قیژە و هاواری بریندارە بێکەسەکان، loوورە لووری گورگە هارە دەم بەخوێنەکان کەمتر لە جاران دەهاتە گوێمان. ئێمە و گورگەکان و ئەوان لە نێوان ئەو دوو دونیایە کپ و لە یەک چووەی شەو و بەفردا هەر لایە و بە جۆرێک ون دەبوو، کپ دەبوو و دەکەوت. بەڵام هەر هەموومان بەیەک رەنگ رووی رەش و سپی

ئەو دوو دونیایە لە یەکتر جوایەزەی شەو و بەفرمان سواغ دا. خۆشمان هەر هەمان رەنگمان پۆشیبوو کە ئەویش رەنگی سوور بوو، رەنگی خوێنی ڕژاوی جەستەمان و خۆری ئاوابووی سەرمان.

بۆ بەیانی خۆشبەختانە هەرسێکمان لە تەنیشت یەکتر لە نێو گەرووی حەشاردراوی ئەشکەوتێکدا نیوە مردوو لە سەر دەم کەوتبووین. پێڵاوەکانی پێمان گۆڕدرابون، چاکەتەکانی بەرمان. هەروەها لەگەڵ بۆنی گرمخاو و بە جێماوی ئەوان و قرچە قرچی ئاگرێک کە لە بنەبانی ئەشکەوتەکەدا بۆ ئێمە دەسووتا لە خەوێکی قووڵی وەک کۆما نیوە مردوو بە ئاگاهاتین. کە خۆمان خستە سەر پشت هەرسێکمان ئەوەی یەکەم شت دیقەتمان دا لموزی پێڵاوە کۆن و داتەپیووە گۆڕاوەکانی پێمان بون. کە وەک لموزی هەردەم کراوەی تیمساح لە گەڕان بەدوایی نێچیردا شل و شەکەت کراوە بون. کە سەیری پێییەکانمان دەکرد دەتگوت ئەو پێڵاوانە لە ئەزەلەوە بۆ پێییە شەقار بووەکانی ئێمەوە هاتبون. وەک ئەوەی هی پێی جۆرە کاروانچییەک بن کە پێڵاو دڕاوە و ڕێگا تەواو نەبووە، پێڵاو دڕاوە و ڕێگا، پێڵاو دڕاوە ....، پێڵاو.....! یان پێڵاوەکان لە گەڕان بە دوایی شتێکی نادیار دا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە چووبن، لە کاروانچییەکی چاو پڕ لە فرمێسک و هیوا بۆ کاروانچییەکی تری چاو پڕتر لە فرمێسک و هیوا.

برسی بووین، بەڵام هەگبەی خواردنەکانمان نەمابوو!

تاریکایی شەو بە سەرسوڕمانەوە باسی ئەو تارماییە شاراوەمان دەکرد کە لەلایەک ئێمەی نەجات دابوو لە لایەکی دیکەوە هەموو شتێکی ئێمەی دزیبوو!

برسی بووین و پڕ بە دڵ سوپاسی پێڵاوە تازەکانمان دەکرد، سوپاسی ئەو ئاگرە زەردەی بنەبانی ئەشکەوتەکە. کە شەو و ڕۆژێک بە دیار گەرم بونەوەی ئێمە حەسحەس بوو و دواتر هێواش هێواش خامۆش دەبوو و دەمرد. سوپاسی جێ شوێنی لە خۆڵ نەخشاوی ئەو کەلاشینکۆفە کۆچکردووانەمان دەکرد کە چەند دەستێکی نادیار بۆ ماوەیەک لەسەر زەوی ئەشکەوتەکەدا دایانابون و دواییش بە گورجی بەرەو شان هەڵیانگرتبون.

کەسمان نەمانزانی ئەوە چەکە چەکی دوژمن بوو یان چەکی دۆست!؟

کەلاشینکۆف ئەو ئامێرە رووسییەی کە لە کوردستان ئەم هەموو جۆرە تەقانەی پێکرا تەقەی شۆڕش، تەقەی براکوژی، تەقەی خۆشی، تەقەی دوژمنداری، تەقەی ژن هەڵگرتن، تەقەی پیاو کوشتن، تەقەی ئیعدام، تەقەی نەفام، تەقەی نامەرد و مەرد، تەقەی دز و جەردە، تەقەی.....، تەق!

نەدەکرا هەتا سەر لە ئەشکەوتەکەدا بمێنینەوە نەوەک لە بەفرێکی وا ئەستوردا چ لەوە خۆشتر نەبوو لە ناو ئەشکەوتێکی گەرم و گوڕ لێی پاڵ کەویت، بەڵام برسییەتی لە دێر زەمانەوە تاکە گرفت و هۆکار بووە کە وەهای لە بەشەر کردووە لە نێو ئەشکەوتەکاندا نەمێنێت و بە دوایی خۆراکدا بجولێت. بۆیە ئێمەش بە ناچاری دەبووایە زوو ئەشکەوتەکە چۆلکەین. بێ ئەوەی بمانەوێت بزانین کە کێ بون ئەوانەی جەستەی بەستووی ئێمەیان لە بەفردا دەرهێنا و لە مەرگی سەدا سەد رزگاریان کردین. پاشان بێ ئاگادارکردنەوەی ئێمە خۆیان پاداشتی خۆیان کردبوو، ئەویش بە ئاڵوگۆڕکردنی پێڵاوەکانمان و بردنی هەگبەی خۆراکمان.

ئێمە سێ کەسی برسی بووین، وەک سێ بنیادەمی سەردەمی کۆن نەشارەزا بە دەوروپشت و بێئاگا لەو دەست و قەدەرەی کە ئێمەی لە ئەشکەوتێکدا فڕێدابوو بێئەوەی خۆی ئاشکرا کردبێت و یان پەیامێکی بەجێهێلابێت.

لە ئەشکەوتێکدا ئەگەر خۆراک مشە بووایە و بەفریش لە گۆڕێدا نەبووایە، هێشتا حەزێکی تر هەبوو کە ئێمە بجولێنێت و ئەشکەوتەکەمان پێچۆڵ بکات. بەڵام بۆ ئێمە زیاتر لەبەر دوو هۆ دەبووایە پێش داکەوتنی رەزای قورسی شەوانی نێو بەفر ئەشکەوتەکە بەجێبهێلین، یەکەم برسییەتی بوو و دووەمیشیان ترس.

ئێمە وەک سێ گەنجی کوڕ هەریەکەمان چارەکە سەدەیەکی ژیانی بەڕێکردبوو کەچی کەسمان ماچێکی کچی نەکردبوو، سێبەری مێ بە رێکەوتیش لە باڵامانی نەدابوو. هەروەها دەست گرتنی کچ شتێک بوو نامۆتر و دوورتر لە خەون. بۆیە بێ ئەوی بە خۆمان بزانین و وەک گەلیک شتی تر لەوانەیە

فتیلەی ئەو ئاگرە هەڵکراوەی ناخیشمان یەکێک بووە لەو پاڵنەرانەی کە ئێمەی پەراگەندەی نێو چیا و دۆڵە بێ ئەژمارەکانی داپۆشراو بە بەفر کرد.

لە نێو ئەشکەوتەکەدا سەرەڕای برسییەتی و ترس، هەستێکی دیکەی شاراوەی ناخمان داوای لێدەکردین تا زووە ئەشکەوتە تاریک و قووڵەکەی دامێنی چیا بەجێبهێلین بۆ ئەوەی وەک مەلی سەربەست و بەرزەفڕ بزانین لەودیوی دەریاکان چ باسە؟ لەو شوێنانەی کە پڕن لە باغ و مێرگی ڕەنگاوڕەنگ و بۆ هاوتەمەنانی ئێمە لە دوورەوە یۆتۆپیای سەر ئەرز بون، چیمەن و مێرگی بەهەشت. کە لەوێ حەزەکانیش وەک حاجی لەقلەق باڵێکی گەورەیان هەیە بۆ فڕین، وەک ئەوانیش دەم درێژ و لاق درێژن. بەڵام لەو شوێنانەی زەوی و ئاسمان ناتەبان حاجی لەقلەقەکان وەک نۆبەتدار بەسەر خەفەکردنی حەزی خەڵک ئێشک دەگرن و بۆ ئەو مەبەستەش بەرزترین شوێن دەکەن بە هێلانە. پاشان بە ئاشکرا ئارەزووەکانیان بەتاڵ دەکەن و جیقنە بەسەر موقەدەساتی خەڵک دادەکەن. بە رووی ئەوانەی کە نایانەوێت باڵێک هەبێت زەوی بە ئاسمان بگەیێنێت، قاسید و پەیامبەرێک هەبێت لە نێوان ئەو دوو عاشقە گەورەیەی سروشت نامە بهێنێت و نامە ببات. ئەنجام یەکێکیان وەک لەقلەقەکەی سەر منارەی مزگەوتی شێخەڵا بەدبەخت دەبێت و لە شەڕێکی هەردەم دۆڕاو دا دەکوژرێت. کاتێک لەگەڵ ڕێژنەی تەقەی دەستی نەفامێک خوێنەکەی ئەو سنوورە وەهمییە سواغ دەدات کە لە نێوانی زەوی و ئاسمان دایە. ئەو باڵندە مل درێژ و قاچ درێژ و دەنووک درێژەش وەک بەرخێکی سەربڕاوی قوربانی لە خوێنی خۆی دەگەوزێت. بەڵام هێشتا لە سەر منارەی مزگەوتەکە ئەو خەڵکانە بچووک بچووک دەبینێت کە بە مەرگی ئەو خەنی ببون. ئەو نەزانانەی لەسەر بچووکترین شت گۆمی گەورەی لە خوێن دەڕێژن و ئاواتیانە ئاسمانیش وەک سەر ئەرز پڕ بێت لە سنووری جیا جیای بە خوێن نەخشاو و دەسکرد. ئەوانەی گورگن وەک ئەو گورگانەی شەو کە ئێمەیان لە سەر باڵی ڕەش و سپیی بەفر و شەو بەرەو نادیار ڕاونا، باڵی رەش و سپی ئەو حاجی لەقلەقە شەهیدەی سەر منارەی مزگەوتی شێخەڵا کە لەبەر

خوێناوی بونی، لەشی زامداری لە شوێنە بەرزەکەوە لە ئاڵای کۆمۆنە دەچوو کە بە سەر تاقە دیوارێکی رووخاوی سەر قەڵای پاستیل بشەکێتەوە. یان لە پەڕۆی بەزاوابونی مەلایەکی هەشتا ساڵە دەچوو کە بەزەبری شەرع و پارە کیژێکی بیست ساڵەی کردبێتە ژنی پێنجەمی.

نەخێر، لەقلەقە کوژراوەکە پارچە پەڕۆیەکی خوێناوی و هیچ بوو بەسەر سەری ئەو خەڵکانەی کە تاوەکو ئێستاش دونیایان یەک کۆڵانی تەسک و باریکە کە ئەگەر زەعیفەیەک لە ناکاو پێیدا تێپەڕی وەک تەیرێکی غەریب بە سەدان چاوەوە بیخۆن! ئاڵایەکی سووری هیچە بەسەر چاوانی ئەبڵەق و زەق کراوەی ئەو پیاوانەی هەر کە ژنیان بینی بە نێو قەرەباڵغی و جەنجاڵی بازاڕ دا تێدەپەڕێت زوو سمێڵە تۆز لەسەر نیشتووەکانیان بادەدەن و نێوگەڵی ژەنگ گرتوویان دەخورێنن. بەڵێ، باڵندەیەکی خوێناوی و مردار بووی هیچە بەسەر ئەو چاوانەی سەرسامانە هەردەم بۆ ڕوانین و بینین کراوەن. بەڵام هەر کە خوێنی بە ناهەق رژاوییان بەدیکرد یەکسەر وەک لایتی ترافیک دەنووقێن و چەپڵەی سەوز بۆ ئەو شەڕانە لێدەدەن کە براوەو و دۆڕاو تیایاندا رووی هەمان فلسی سووتا و قەڵپیان هەیە!

خۆر لە زاری ئەشکەوتەکەی دەدا وەک ئەوەی دەستێکی میهرەبان بێت لە هەموو کون و کەلەبەری سەر ئەو دونیایە بە دوایی ئەو کەسانەدا بگەڕێت کە لە ترسی شتێک لە قوژبنێکدا ماون و تۆقیون، خۆیان بە جۆرێک مەلاس داوە کە هەرگیز نەوێرن جارێکی تر سەر دەربهێنن. دەستێک بیەوێت لە برسییەتی و سەرما و سەرلێشێوان دەربازیان بکات. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی تیشکە زێڕینەکانی یەک بە یەک هەڵدەستاین دەستمان لە ملی ئەو کەزییە گەرمانەی ئەو دایکە بە سۆزە دەکرد، کە بەسەر دیوار و زەوی ئەشکەوتەکەدا وەک پەل و پۆی لاولاوێکی سەوز دەکشا، وەک دەست و قاچی ئەختەبووتێکی نەرم و نیان و رزگارکەر کە لە ئۆقیانووسە دوورەکان بۆ گەڕان بە دوایی بێچووەکانی هاتبێت. بەڵام کە سەرمان لە ئەشکەوتەکە دەرهێنا ئەو کات زانیمان کە ئێمە چەند لە ڕزگاربونەوە دوورین. هەروەها لەو دونیایە پان و بەرینەی بەفردا

تەنها سێ پنتکی ڕەشی بچووک و هیچین. لە دامێنی شاخە بەرزەکەدا چەندە بەد بەختین کە هەتا مردن دەستێک نییە پێمانبگات.

ئەی کێ بون ئەوانەی لە نێوان دوو باڵی شەو و بەفردا وەک ئەستێرە ڕەنگاو ڕەنگەکانی حەفت برا ئێمەیەیان لە مردن ڕزگار کرد، دواییش ئێمەیان رووت و ڕەجاڵ و برسی و تەنیا لە ئەشکەوتەکەدا بەجێهێشت!؟ کێ بون ئەوانەی لە یەک ساتدا میهرەبانن وەک سپییەتی بەفر و تووڕەن وەک ڕەشیەتی شەو!؟ بە یەکترمان دەگوت ئەگەر پێش داکەوتنی شەو ئەشکەوتەکە بەجێنەهێڵین ئەوا مەرگ سەدا سەد دەرگای لێدەگرێت گرنگ نییە چ بەرگێکی لە بەر بێت!؟ برسییەتی، سەرما، گورگ. بەڵام کە سەیری پێڵاوە گۆڕاو و لموز کراوەکانی پێمان دەکرد ترس دایدەگرتین و لە ناخەوە جوێنمان بەو کەسانە دەدا کە ڕزگارکەر و ڕووتێنەرمانن، بە دەستێک هەڵمان دەگرن، بە دەستێکی دیکە فڕێمان دەدەن. چاوێکیان لە سەر برینەکانمانە، چاوێکیان لە سەر گیرفانەکانمان. بە دەمێک، دەمێک ئۆکسجێنی ژیان پف دەکەنە گەروومان، بە دەمێکی دیکە، دەمێکی دیکە کەمترین خواردنمان لێدەخۆن. بەڵام چارە نەبوو دەبووایە لە دامێنی شاخەکە، لە نێو گەرووی قووڵی ئەشکەوتەکە بهاتبایەنەدەر. هەرسێکمان وەک سێ بێچووە حاجی لەقلەقی غەریب لە کونی ئەشکەوتێکی دوورەوە نەماندەزانی چ قەرارێک بدەین بۆ چ لایەک هەڵفڕین کاتێک لە پێشمان دونیایەکی سپی و سارد و سڕی بێڕەحم، کە هەموو شتێک هەر بەفر بوو و بەس. تا چاو حوکمی دەکرد ڕەشایی ئاوەدانییەک دیار نەبوو، منارە و قووبەی مزگەوتێک، خاچێکی شکاوی کلێساییێک، بەردی سەر کێلی پیاو چاکێک، دار بەڕوویێکی موتفەرک! وەک ئەو ڕۆژەی فولکەی کۆتر ناچار جارێکی تر دەستمان خستە نێو دەستی یەکتر و دووبارە سۆز و پەیمانمان بە یەکتردا کە هەرگیز یەکتر جێنەهێڵین، پشتی یەکتر بەرنەدەین. هەرسێکمان هەڵستاینە سەر پێ و هەناسەی قووڵمان هەڵکێشا. بە چاوی پڕ لەهیواوە دەرگای ئەو ئەشکەوتەمان بەجێهێشت کە ئێمەی لە سڕبون لە ناو بەفر نەجاتدا بەڵام کەڕ و لاڵ نهێنی گەورەترین لوغزی پێ نەگوتین. بەنێو

بەفردا زۆر بە زەحمەت دەڕۆیشتین دەتگوت لە نێو بازنەیەکی داخراوەین هەموو شتەکان دووبارەن. بەفر دووبارەیە. ئاسمان دووبارەیە. شاخەکان دووبارەن. بێدەنگی، برسییەتی، ترس، سەرما، و ڕێگاکان هەر هەمووی دووبارەن. هەر هەموویان دوژمنی سەر سەختی گۆڕانن، دوژمنی گەورەی ئێمە. دەڕۆیشتین هەر کاتێک یەکێکمان قاچی بۆ نێو قووڵایی بەفردا ڕۆچووبوایە و بکەوتبایە ئەوا دووەکەی تر بەغار دەگەڕانەوە بۆ لای، ئەو سۆز و پەیمانەی بە یەکتریان دابوو بە بێ یەک زەڕە لاری جێبەجێمان دەکرد. پێکەوە بۆ بڕینی ڕێگا هەرگیز نەشکاوەکانی بەفر هەنگاو بە هەنگاو دەچووینە پیش. شاخەکان دەتگوت فۆتۆکۆپی یەکترن دووبارە دەبونەوە، درۆ نەبوو ئەگەر بڵێیت ئەو ڕۆژە هەموو شاخەکانی دونیا لەو شوێنەدا کۆببونەوە تا گشتیان یەک شێوەو یەک رووخساریان هەبێت و بەرزترینیان بۆ بەردەمی ئێمە هەڵبژێرن. دە سەعات بە بێ وەستان لە نێو ئەو شاخە بەفراوییە لە یەک چووانە ڕۆیشتین، بەڵام تا لە پڕ لووتمان نەچەقی بە دیواری قووڵی شەو نەمانزانی ئێمە لە نێو چ ترسێکی گەورە دا بووین. نەماندەزانی بۆ کام لا بڕۆین کە وەک ئەشکەوتەکە وابێت و هێلانەیەکی ئارامی شەو بێت. ناچار بووین بڕۆین و نەوەستین بەڵام هێواشتر لە جاران. هەرسێکمان وەک سێ کوێری بێکەس دەستی یەکترمان گرتبوو، لەسەر شوێن پێی یەکتر دەڕۆیشتین. دەڕۆیشتین و دەڕۆیشتین بە پێی ورچێکی گەورە و وێڵ بە دوایی ئەستێرەی قوتبدا. تا لە ناکاو کەوتینە بەردەم گردۆلەیەک کە لە مۆلگەیەکەی سەری شەوقی لایتێکی زۆر بە هێز و روناک لێیداین. سێبەری هەرسێکمان یەکسەر وەک سێ ڕۆحی دەرهاتووی زیندوو بە گەورەیی کەوتە سەر بەفری سپی و ئاشکرا بووین. پاش روناکییەکە چەند دەستڕێژێکی نەبڕاوەی جەندرمە وەک چەقوی تیژی نێو ئاگر بەرەو رووی لە پیازی ئێمە هاتن. من لە ناوەڕاست بووم کاتێک هەرسێکمان کەوتین. من هیچم بەر نەکەوتبوو بەڵام ئەوان هەردووکیان خوێن لە لەشیان وەک بەلۆعە فرچکی دەکرد و دەڕژایە سەر بەفرەکە و سەر لەشی من. دواییش دەبون بە جۆگەلەی باریک باریک لە چوار لاوە بەفرەکەیان دەتواندەوە. هەردووکیان جوولە و

نوزەیان تێدا نەمابوو. منیش کەسێکی زیندوو بەڵام تۆقیوو تا ئەو ئاستەی ئێیرەیی بە مەرگی بێدەنگی ئەوان ببەم. نەمدەزانی چی بکەم و چۆن بیر بکەمەوە. جەندرمەکان بە درێژایی چاوەڕوانیم لە نێوان هەردوو تەرمە خوێناویەکەدا نەهاتنە لامان، من تا سەر نەمزانی ئەوەیان لە ترسان بوو یان لەوەی بە تەواوی دڵنیا ببون کە ئێمە هەرسێکمان مسۆگەر مردووین.

من لە نێوان دوو هاوڕێ کوژراوەکەمدا ئەو بەڵێنانەم دەهاتەوە بیر کە بەیەکتریمان دابوو، سوێندمان بۆ یەکتر خواردبوو کە لە کاتی مردنی هەر یەکێکمان دەبێت کەسی زیندوو ئەو هەنگاوانە بە تەواوی جێبەجێ بکات.

- یەکەم:  پارە و شتی بەنرخی مردووەکە بەجێنەهێڵدرێت.

- دووەم: تەرمی کەسی مردوو ئەگەر کرا بنێژرێت یان شوێنەکەی بە نیشان بکرێت.

- سێیەم: هەواڵەکە زوو بگەیێنرێتەوە کەسی و کاری مردووەکە.

- چوارەم: کەسی زیندوو تا پێیدەکرێت زوو خۆی ڕزگارکات و گەردن ئازادە ئەگەر پارەی هاوڕێکانی لە تەنگانەدا بۆ خۆی هەڵگرت، نەیتوانی تەرمەکە بنێژێت، یان هەواڵی کۆستەکەی زوو نەگەیاندەوە کەس و کاری مردوو. بەڵام هەردەبێت ڕۆژێک فرمێسکی ئەو دایکە جگەر سووتاوە وەک فرمێسکی دایکی خۆی بە بسڕێتەوە.

ئەو شەوە لە سێ سەعات زیاتر لە نێوان دوو تەرمەکە دا مامەوە ئەوەندەی دەمکرد نەمدەتوانی دەست بە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان بکەم. جارێک بە بیرکردنەوە لە بەڵێنی یەکەم بەتەواوی شکستم خواردبوو. نەمدەتوانی عەقلم سواری ملی عاتیفەم بکەم و بۆ پارە بگەڕێم. خۆزگەم دەخواست من بام کەسی ناو بەڵێنی دووەم و چوارەم، کەسی پاسیڤی ناو ڕووداو! من ئەو شەوە لە نێو تەنگژەی بڕیاردان و بڕیارنەدان، لەنێو چوارچێوەی ئەو بەڵێنە سەختانەدا دەبووایە ببم بە کەسێکی دوو ڕوو. بە ئەنجامدانی بەڵێنی یەکەم بەرگی گورگێک ببپۆشم، و بە پێچەوانەش لە کاتی ئەنجامدانی بەڵێنی چوارەم ببم بە مەڕ. لە لایەک وەک دزێک دەرگای بەڵێنی یەکەم بشکێنم و بچمە ژوور، کەچی

لە لایەکی دیکە وەک پاڵەوانێک بە سەر تەرمی کوژراوان بازدەم و دەرگای بەڵێنی چوارەم بە شێنەیی لە دوایی خۆم دابخەم. دەبووایە ببم بە کەسێکی دوو روو؛ لە نێو بڕیاردان و بڕیار نەدان دا چاوە ڕەشەکانم وەک دەرگای قایمی شەو بە سەر خۆم و تەرمی هەر دوو هاورێ کوژراوەکەم، بە سەر دونیای خامۆش و سپی بەفر بە تەواوی بنووقێنم. تا لە کۆتاییدا دەستێکم وەک مارێکی ساڵانێک لە نێو بەفردا سڕ بوو لە هێکڕا بە پێچەوانەی قانونی تەبیعەت جوولا. وەک ئەو مارەی کە لە یادەوەری سەرکردەیەکی شۆڕش وشەڕ دەچێت خوێنی برینداریکی دواتر شەهید دەمژێت و دواییش بێبەزییانە و سەرشۆڕ بەجێیدەهێڵێت. دەستێکم جوولا بەرەو گیرفانی یەکێکیان. دەستەکەم بوو بە دوو، دەستەکانم بون بە چوار، بون بە شەش، بون بە هەشت، بون بە دە! هەر هەموویان بەخوێن سوور! لە هەموو قوژبن و کەلێنەکانی لەشیان دەگەڕام. پێڵاوەکانیانم دادەکەند تا لەنێو تاکە پێڵاوێکی سمکۆدا نایلۆنێکی پێچراو کەوتەخوار، کە هەڵمگرتەوە بۆ ئەوەی بیبەمە نزیک چاوەکانم لە پڕ سەر و گوێلاکی گەورەی فرانکلینەکان لەسەر دۆلارەکان دەرکەوتن، وەک چارەی ڕەشی سمکۆ لە سەر سپییێتی بەفر دەکەوتنە سەر کاغەزی سپی دۆلارەکان. فرانکلین ئەو سەرۆکە زانا و دانایەی کە لە شەوێکی وەهادا رووی لە رووی مامە تۆم رەشتربوو، کەچی چەند رۆژیکی تر لە قوولە قاپی هەر ئەو رووە گیپەیە بێمووە دەبوو بە نووری کارەبا! من زۆر بە پەلە نایلۆنە پێچراوەکەم دەخستە نێو گیرفانم وەک ئەوەی دەوروپشتم پڕ بێت لە خەڵک، نەهێڵم کەس وەها بمبینێت. دواییش هەزار و یەک تفم لە خۆم و لەم سۆز و پەیمانە دەکرد کە لەگەڵ ئەو دوو هاورێیە کوژراوە بەستبووم. ئەو پەیمانەی لە سەر رووی سپی بەفردا تووشی رەشترین و ناخۆشترین شەرمەزاری کردم. ئەو شەوە چەند لەو کەسانە دەچووم کە لە نەوەد و یەک بۆ راوەڕووت بە خەندەوە بەسەر گۆمی ڕژاوی خوێنی کوژراوان بازییان دەدا. لەگەڵ سڕینەوەی فرمێسکەکانی خۆم و چاوانی کزی دایکی سەرهەنگ لە خەیاڵم، دووبارە دەستەکانم درێژ کردن کە خوێناوی تر بون لە جاران. ڕووم کردە لای

سەرهەنگ و نە لە نێو پێڵاوەکانی، نە گیرفانەکانی، نە هەگبەی بەتاڵی لە خواردن، شوێن نەما نەگەڕێم بەڵام هیچ شتێکم نەدەدۆزییەوە. بێ ئومێد بووم و ویستم بڕۆم بەڵام دیمەنی جەندرمەکانم هاتە بەر چاو کە بەیانی چۆن لەگەڵ رووت کردنەوەی تەرمەکان دۆلارەکان دەدۆزنەوە و لە نێو خۆیان بەش دەکەن. چۆن بۆ ئێوارەش پەرداخی راکی دەدن بە یەک و دوو و سروودی "موتلوم تورکم" بە گوێی شەو و بەفر و مندا دەچریژێنن. دیمەنی ئەو دایکە میهرەبانەم دەهاتە بەر چاو کە هەتا لە کۆڵانەکەش ئاوابووین بە کوردییەکی شکاو هاواری دەکرد " ئیشتەم دەلێم کورم ئاگاتان لە کورم بێت " لەگەڵ ئەو بیرکردنەوانەمدا لە ناکاو دەستم بردە نێو پانتۆڵەکەی و هەردوو تۆپە خڕەکەی گونی سارد و سڕ کەوتنە نێو پەنجەکانی دەستم و پشتی دەستیشم لە گیرفانێکی بەلبووی بچووک خشا کە دایکی لە مایۆکەی کوڕی پینەی کردبوو. لە بەرامبەر حەساسترین شوێنی لەشی سەرهەنگدا گیرفانێکم دۆزییەوە و تێیدا گوێ فرانکلینەکانم یەکە یەکە دەگرت و وەک کەسێکی تاوانکار لەو شوێنە نهێنییە دەرمدەهێنان. لەگەڵ ئەو کردارەشمدا هۆن هۆن فرمێسک لە چاوانم دەبارین، پاشان دەکەوتنە سەر بەفرەکە و تێکەڵ بە خوێنی ئەوان دەبون. من ئەگەر ئەو بەڵێن و سوێندە نەگبەتییەی نێوانمان نەبووایە هەرگیز بە خەیاڵیش ئامادەنەبووم دەست بخەمە گیرفانی هاوڕێکانم. ئەگەر بێبەزەیی جەندرمەکان نەبووایە هەرگیز تووشی تەنگژەیەکی وەها نەدەبووم، ئەگەر ........ و هەزار و یەک ئەگەری دیکە!؟

به زگەخشکێ هێواش هێواش لە تەرمەکان دوور کەوتمەوە. بە ئومێدی ئەوەی ئەگەر دەرباز بووم بتوانم فرمسێک و ئارەقەی شەرمەزاری ئەو شەوەم بسڕمەوە، بتوانم ئەمانەتی ئەم دوو هاوڕێیە بگەیێنمەوە لای کەس و کاریان.

دوور دەکەوتمەوە و ئاوڕم لە دوو تەرمەکە دەدایەوە کە بە لەشی سارد و سڕییان، بە خوێنی سوور و گەرمیان بەفری ژێرییان بە شێنەیی دەتواندەوە و گۆڕێکی سرووشتیان لە بەفر بە دەستی خۆیان بۆ خۆیان هەڵدەکەنی. تەرمی دوو کوژراوەکە ملیم بە ملیم بۆ ناو بەفرەکە ڕوودەچون و منیش هەنگاو بە

هەنگاو لەوان دوور دەکەوتمەوە. ئەو شەوە من و ئەوان ئاراستەی دوو چارەنووسی جودابووین. ئەوان بە شاقوولْدا بەرەوە نەمری نەرم و هێواش جوولەیان دەکرد و منیش زراو رژاو بەرەو ئاسۆ، بۆ مردنێکی دیکەی لە سەرخۆ. ئەوان هەردەم لەگەڵ زۆرینەدا دەبن و منیش هەتا سەر تاق و تەنیا. هەردوولامان بە دوو ئاراستەی جودادا جوولەمان دەکرد، ئەوان هێواش هێواش بۆ نێو باوەشی بەفری سپی ڕوودەچون و منیش خێرا خێرا لە دەست بەفر هەڵدەهاتم و لە تاریکایی شەودا ون دەبووم. ئەوان بە جوولەی نەرم و هێواشیان بۆ نێو ناخی بەفر، بە چۆراوگەی خوێنی ڕژاو و نەخشاویان لە سەر بەفر هەتا مردن وەک تراجیدیاییێکی ئەبەدی یەک چرکە دەرناچن لە خەیاڵم. کەچی ئازار و فرمێسکەکانی خۆم لە یاد نامێنن، ئازار و مردنی ئەو شەوە رەشەی ژیانم! "

به دەم خواردنی تۆرتەلینیەوە سەیفی بۆ ماوەیەک سەیری چاوە زەردەکانی ئیلشا دەکات و چاوەڕوان نەکراوانە لە ناکاو بەسەرهاتی ئەم چیرۆکە خەمناکەی وەک فلیمێکی هەرگیز تەواو نەبوو دەوەستێنێت.

* * *

ئیلشا ئەو یەکشەممەیەی کە چوو ئاووا ببینێت بەدەم رێگاوە نقوومی خەیاڵ بوو تا ئەو کاتەی گەیشتە کن کورسییە ساجەکەی نێو پارکەکە، دانیشت و بیری لەوە کردەوە کە چەند شێوە ئاخاوتنێک بە ئەڵمانی لەبەر خۆیەوە بڵێت کە بۆ داوا کردنی لێبوردن بەکاردێن. ئیلشا نەیتوانی هیچیان هەڵبژێرێت کاتێک بینی ئاووا بە تراکسووتێکی سپییەوە لەسەر کورسییە ساجەکەدا دانیشتبوو و لە دوورەوە بزە و خەندە لە لێوەکانییەوە دەبارێت. ئیلشا کەمێک دڵەڕاوکێی دەرەوەتێەوە و رستە ئەڵمانییە نا ئامادەکراوەکانی خەیاڵی وەک پەپوولەی بێ باڵ دەفڕن.

ئاووا دەست لە ملی ئیلشا دەکات. بەڵام ئیلشا بە جۆرێک ئاووا لە باوەش دەگرێت وەک ئەوەی بووکە شووشەیەکی لە بەفر بێت، ناسک بۆ شکان و

دەستە سڕ بوو و شەرمنەکانی ئەو. ئیلشا بە هەر جۆرێک بێت ئاووا تێدەگەیێنێت کەوا دوێنێ لەبەر تەلەفۆنی خوشکە تاقانەکەی نەیتوانی بێتە لای. ئاووا کاتێک راستگۆییەکی رەها و بێگوناهیەکی بێوێنە لە رووە سادە و پێغەمبەرانەی ئیلشا دەخوێنێتەوە، یەکسەر قامکی باریک و ناسکی بۆ ئەو پەنجەرەیە درێژ دەکات کە دەیڕوانییە شوێنی دانیشتنی ئەوان. پاشان بە ئیلشای دەڵێت " من لەم پەنجەرەیەوە تۆم ناسی، تۆم خوێندەوە، تۆم خۆشویست، و لە کۆتاییشدا هاتمە لات! "

ئیلشا ویستی بیر لە مەتەڵی ئەو پەنجەرەیە سەیرە و ئەو وشە جوانانە بکاتەوە کە دەتگوت هی زاری ساوایەکی سێ ساڵەن. کە بەر لەوەی ئینسان لە ماناکانیان بگات، دڵخۆشە و دڵنیایە بەوەی هەر هەموویان بۆنی پاکی و خۆشەویستییەکی بێسنووریان لێدێت. ئیلشا لە نێو ئەو بیرکردنەوانە دا بوو، کاتێک ئاووا دەستی دەگرێت و بەرەو پۆلە مراوییەکە و فوارەی ئاوەکە دەیبات کە لە دەمی دە ماسی خەپە دەردەچون. پاش ئەوەی پێکەوە نزیکەی سەعاتێک لە ناو پارکەکەدا گەڕان و پیاسەیان کرد، دواتر ئیلشا خۆی لە بەرامبەر هەمان پەنجەرە دا بینییەوە کە ئاووا رۆژی شەممە لە گشت رۆژانی پێشووی زیاتر لە بەرامبەری دا وەستا. هەروەها وەک وەستانی ئێستاکەی ئیلشا ئەو تا درەنگانی ئێوارێ لە کورسییێکی چۆڵ و هۆڵ بترازێ کەسێکی لە نێو پارکەکە دا نەبینی. دەتگوت دەستێکی قەدەر ئەو کورسییەی بۆ چاوەڕوانی و جوولانی پەنجەرەکەی ماڵی ئاووا لەو شوێنەی داناوە. ئیلشا بە کەمێک وەستان لە بەرامبەر پەنجەرەکە دا لە نهێنی ئەو عەشقە لە پڕ و ناکاوە دەگات کە لە هیچ عەشقێکی دیکە نەدەچوو.

ماڵی ئاووا ژوورێکی بێ ژوور بوو، شوێنی نووستن و دانیشتن هەردووکیان پێکەوە بون. هەروەها لەگەڵ حەمام و ئاودەسێکی بچووک کە دەرگاکەیان یەکسەر بەرامبەر دەرگای هاتنە ژوورەوە بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی رەنگی دوو دەرگاکە لە یەکتر نەدەچون و دوو دەرگاکەش هەرگیز لە دەرگا نەدەچون. ئاووا کە دەرگای داخست، ئیلشا تووشی حالەتێکی سەیر بوو دەتگوت لە

نێوان دوو دەرگای چارەنووس دایە. کە وەک دوو( دال) ە کانی سەر و بنی ناوی ئەو نە لە یەکتر دەچن و نە بەیەکتریش دەگەن. دوو دەرگا کە هەریەکیان بەسەر دیمەنێک دەیڕوانی، بەسەر دونیایەک. ئیلشا لەو ماوەیە کورتە و رووبەرە تەسکەی نێوان دوو دەرگاکە بیر لەوە دەکاتەوە کە خۆی و ماڵی ئاووا دوو شتن کت و مت لە یەکتری دەچن. ماڵەکەی ئاوواش وەک ناوەکەی ئەو کەوتۆتە نێوان(دال)ی دوو دەرگا، دوو دەرگای لەیەک نەچووی لەیەکتر چوو. رەنگی دەرگای یەکەم شینێکی ئاسمانی بوو، هی دووەمیشیان سوورێکی مەیلە و خاکی. لە نێوانیاندا ئاووا بە کردنەوەی دەرگا شینەکە دەروازەیەک بۆ ئاسمان دەکاتەوە و لە جوانییەکانی سروشت ڕادەمێنێت، بە کردنەوەی دەرگا سورەکەش لە نهێنی و جوانییەکانی لەشی خۆی.

ئیلشا پێش ئەوەی سەیری ناو ماڵەکە بکات و بۆ ناوەوە هەنگاو بنێت. ناو بۆ هەردوو دەرگاکە دادەنێت، بە ئاسمانییەکە دەڵێت دەرگای باخ و بە سوورەکەش دەڵێت دەرگای ناخ. کە سەیری ژوورەوە دەکات دەبینێت لە نێوان ئەو دوو دەرگا سەیرە دا ماڵێک هەیە بچووک خنجیلانە بەڵام تەنیا و پڕ مانا وەک ناوە تازەکەی ئەو. ماڵەکەی ئاووا بریتی یە لە سۆفایەکی گوڵ گوڵی پەمەیی کە شەوان دەبوو بە سیسەمی خەو، لەگەڵ مێزێکی لاکێشەی شووشە لە بەرامبەر سۆفاکەدا. مێزەکە ئینجانەیەکی مۆری پڕ لە گوڵی لەسەربوو لەگەڵ چەند کتێب و گۆڤاری بەرگ بریقەدار و رازاوە بە کچانی مۆدێل.

لە ژێر پێچکە ئاسنینەکانی مێزەکەدا رایەخێکی چوارگۆشەی رەنگاوڕەنگ هەبوو کە لەبەرپڕی رەنگەکان و سادەیی نەخشەکان لە کاری دەستی هۆزێکی هەژاری ئەفریقی دەچوو.

لەگەڵ چونە ژوورەوەی بۆ نێو ماڵی ئاووا، ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا، ئەو پەنجەرەیە دارینە چوارگۆشەیە بوو کە کەوتبووە لای راستەی مێز تەوالێتەکەی ئاووا. کە رەنگی بریقەداری فۆرمیکاکەی لەگەڵ رەنگی بادەمی پەردەکان و رەنگی داری پەنجەرەکە لە لایەک و داری فەرشکراوی ماڵەکەدا زۆر بە جوانی دەگونجا. دەتگوت ماڵەکە ماڵی کەسێکی

پسپۆره لە دیکۆر دانان. جیا لە سەرسام بون بە دوو دەرگاکە، پەنجەرە و ئاوێنەکە لە دوو دەستە خوشک دەچون، لە دوو چاوی گەشی ئاووا تا بە چاوی راستەی لە جوانی پارکەکە ڕابمێنێت و بە چاوی چەپەش لە ئاوێنە هێلکەیەکەدا سەیری رووی خۆی بکات. ئەو رووە سپی و رونەی کە کەوتبووە مابەینی دوو کەزی ئەستوور و دەلالی قژە بۆڕ و قاوەییەکەی. ئیلشا تا لە سەر سۆفاکە دانەنیشت دیقەتی ئەوەی نەکرد کە لایەکی دیوارەکە بریتی یە لە دەرگای کانتۆرێکی جێگیر کە وەک قەپەنگی هەندێک لە دوکانەکانی ئەسواق سیروان بوو، ئەوانەی بە ئاراستەی جادەدا دەکرێنەوە و دادەخرێن. ئەگەر ئەوەی نەزانیایە هەتا ماڵەکەشی بەجێدەهێشت سەرسامی ئەوە دەبوو کە ئەو خانمە ناسک و نازدارە دەبێت جل و بەرگی لە کوێ هەڵگرتبێت. هەروەها ئیلشا سەرنجی ئەو سەلاجە بچووک و نیوداشەی قوژبنی ماڵەکەش دەدات کاتێک لەگەڵ دانیشتنی ئاووا بەرەو ئەوێ دەچێت. ئەوەی سەرەنجەکانی ئیلشا بەرەو قووڵتر دەبەن دیمەنی دوو سمتە تورت وخڕەکەی ئاووا بوو کە لە نێو تراکسووتە سپییەکەدا لە سنگی دوو نەورەسی سپی و قەڵەو دەچون کە بیانەوێت بۆ مەسافەیەکی نزیک بفڕن و زوو بگەڕینەوە. ئاووا لە سەلاجەکەدا دوو قوتووە شەربەت دەهێنێت و دێت لە تەنیشت ئیلشا دادەنیشێت.

*                    *                    *

ئیلشا پاش ئەوەی لە خەودا سەدان جار لەگەڵ کچ و ژنی جۆرا و جۆر خەریکی ران و سمت و مەمک گوشین دەبوو، پاش بە ئاگاهاتن و درۆ کەوتنەوەی خەونە شیرینەکانی تا درەنگ لە نێو جێگە و ژێر بەتانی و لێفە گەرمەکانی شەو خۆی مەلاس دەدا. هەروەها بە نادڵییەوە دەستێکی خەمناکی بۆ نێو دەرپێییەکانی دەبرد و پەنجەکانی بە ئاوێکی لینج تەڕ دەبون. ئینجا دەیزانی کە نووستن لەگەڵ مێ دا بۆ ئەو تەنها بریتی بووە لە خەونێکی بەتاڵ. ئەو خۆزگەی دەخواست ژیانی سەرتاپا خەونی ئەو شەوە لە یاد نەچووانەبایە و هەرگیز بە ئاگا نەهاتبایە، بەڵام ئەفسووس هەردەم خۆی لە

نێو ژوورێکی سادە و ساکاری ماڵی خاڵی دا دەبینییەوە کە جێگەی خوشکە تاقانەکەی چەند بستێک لە هی خۆی دوورە. یان لە ژوورێکی ئوتێلە پیسەکەی لالەلی بوو، یانیش لە سەر قەرەوێلە سارد و سڕەکەی کەمپ. هەندێک جار ئایفەر لە خەونیدا پێش ئەوەی ببێتە ژن بریتی بوو لە سۆپایەکی سوری گەرم. هەروەها چاوە یاقووتییەکانی کەزانیشی دەبینی کە وەک دوو ئەستێرەی سەوز لە دوور بە ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە. ئیلشا هەرگیز نەیدەزانی ئەو کیژە داماو و بێکەسەی هاوسێیان ئێستاکە چەند عاشق و تامەزرۆی بینینییەتی، پیشتر چەند جاران ویستبووی نامەی بۆ بنووسێت. بەڵام کە لە دەرزی دەرگاوە سەیری کتێبە قەبەکانی بن هەنگڵی ئیلشای دەکرد، ترس و دڵەڕاوکێ سەرتاپا گیانی دادەگرت لەوەی بە چ وشەیەک، چ زمانێک و دەستخەتێک دەتوانێت دڵی ئەو کۆلکە فەیلەسووفەی گەڕەک بۆ خۆی ڕابکێشێت. چۆن دەتوانێت بە خوێندنی سەرەتایی نامە بۆ دڵی کەسێک بنووسێت کە پاش تەواو کردنی زانکۆ ببوو بە کرمی کتێب! بە هەر جۆرێک بێت نە کەزان توانی نامە بۆ ئیلشا بنووسێت، نە ئیلشا هەستی بە ئازار و سووتانی ئەو ئەویندارە ئەبەدییە بێکەسە کرد. کە لە ماوەی هەر چوار ساڵی غوربەتی ئیلشا، شەوان دەیان خەونی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ئەوین دەچنی. هەردەم وای خەیاڵ دەکرد ئێوارەیەک ئیلشا خۆی و تاکسییەکی سەر پڕ لە جانتا لە پێش دەرگای ماڵی ئەوان دەوەستێت. ئیلشا لە جاران گەنج و جوان و سپیتر لە تاکسییەکە دێتە خوار و بە دەستە بچووکەکانی بە گوڕ لە دەرگای ماڵی خاڵی دەدات کە پڕ بە ماڵی ئەوان و پڕ بە گەڕەک دەنگ بداتەوە. تا لە پشت دەرگا نیوە کراوەکان سەری هەموو ژنانی گەڕەک دەربهێنێت، چ ئەوانەی چاوانیان پڕە لە فرمێسکی خۆشی و ئەماراتی حەسرەت، چ هی ئەوانەی پڕە لە ئێرەییەکی بێ مانا. کەچی ئەو خەیاڵەی کەزان وەک سەدان خەونی شەوانی دیکەی هەرگیز نەهاتە دی! تا دەگاتە ڕۆژگارێک و لە مەرگی یارە دوور و بەدبەختەکەی، مەرگی ئەوینێکی یەک لایەنە و قووڵ خۆی دەسوتێنێت. سەرەتا بوتڵێکی پیپسی یەک لیتری بەتاڵ پڕ دەکات لە نەوت و خۆی لە

حەمامی ماڵەوەیان دەئاخنێت بەڵام بێئەوەی دەرگاکە بەسەر خۆی دا قوفل بدات. دوایی بێ وەستان و بیرکردنەوە بوتلە پڕ لە نەوتەکە لە تەوقی سەریەوە بەسەر باڵای زراڤی دا دەڕێژێت و دەنکە شقارتەکە دادەگیرسێنێت!

* * *

ئیلشا بە دانیشتنی لە تەک ئاووا دا، یەکەم جاری تەمەنی بوو کە بەتەنیا لە ژوورێکدا خۆی لە گەڵ کچێکدا ببینێت، بە تایبەت یەکێکی تا بڵێیت شۆخ و بەر لە چەند دەقیقەیەک خۆی دەستی گرتبێت و بۆ ژوورەکەی هێنابێت. بۆیە خۆشحاڵانە قوتووە شەربەتەکەی دەخستە سەر لێوە تەنکەکانی و خەیامانە فڕی دەکرد، وەک ئەوەی شەربەتەکە شەرابی نەمری بێت. هەروەها ئەو ماڵەی کە بریتی بوو لە دوو دەرگای ئەفسوناوی، پەنجەرەیەکی سیحرباز، سۆفایەکی سێکسی، و شتگەلی تر، بەهەشتێکی سەر رووی ئەرزبێت بۆ ئەو. تا تێیدا بە فڕکردنی شەربەتی سێوەکە ئیلشا لە پێغەمبەرێکی غەمگین و ناشادەوە ببێت بە عاشقێکی ئاسوودە و دڵشاد.

ئەو رۆژە هەتا دوازدەی نیوەڕۆ لەگەڵ ئاووا لە سەر سۆفا پەمەییەکەدا دانیشتن و قسەیان کرد. دەتگوت دوو نوێنەری دانوستانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوان. یەکەم بە زمانێکی هێواش و لە سەرخۆ، پڕ لە هەڵەی زمانەوانی قسەی دەکرد، بەڵام قسەکانی لە دڵەوە دەهاتنە سەر زوبان. لە لایەکی دیکەوە دووەم بە پاراوترین زمان بە خێرایی و بێهەڵە قسەی دەکرد وەک ئەوەی بۆ کەسێکی هاوزمانی قسە بکات. هەردوولا لە دڵەوە بۆ لە یەکتر گەیشتن دانیشتبون، بۆیە هەردووکیان زۆر بە ئاسانی لە یەکتر دەگەیشتن. توانیان باسی ئەو کتێبە ئەدەبی و فەلسەفییانە بکەن کە ئاووا لە رۆژی هینانیان لە پەرتوکخانەی زانکۆوە لەسەر مێزە شووشەییەکەدا نەیجوولاندبون.

ئیلشا لەگەڵ دیقەتدانی بۆ سمتە خڕ و تورتەکانی ئاووا لە نێو تراکسووتە سپی و تەسکەکەدا، چاوێکی خێرای بە پشتە ملی هەموو کتێبەکانیشدا گێڕابوو

که لەنێو شێوە و ناو و ناونیشانی کتێبەکاندا تەنها یەک ناو بۆ ئەو زۆر ئاشنا بوو ..... دیکارت.

ئاووا بە درێژایی رۆژانی سەیرکردن و رامانی لە تەنیایی ئیلشا لە پەنجەرەکەدا وایزانیبوو ئەو گەنجە شێوە رەوان و عاشقە نیگارکێشێکی دەست رەنگینە. کەچی ئەو رۆژەی بڕیاریدا بچێتە پارکەکە بۆ پشکنین و ئاشکرا کردنی ئەو سڕە سەیرەی ماوەیەک بوو لە پەنجەرەکەی ئەودا مێوان بوو. ئاووا بە دزە نیگاییێکی کورت بۆ سەر دەفتەرە بچووکەکەی دەستی ئیلشا یەکسەر بۆی ئاشکرا دەبێت کە ئەو کوڕە سەر و سیما رۆژهەڵاتییە نە نیگار کێشە و نە هیچ! بە نووسینە شەڕەپشیلەیەکەی سەر دەفتەرەکە کە دەتگوت پیتی زمانە کۆنەکانن و شێتانە وەک ماسی تازە دەرهێنراو لە ئاو لە سەر لاپەڕەی دەفتەرەکەدا هەڵدەپەڕن، ئاووا وای مەزەندە کرد کە ئەو کوڕە کەسێکە بۆ زمانێک دەگەڕێت تا ناخی خۆی پێ بنووسێتەوە، یان تارمایی یەکێک لە پێغەمبەرانی تەوراتە و بە رێکەوت کەوتۆتە ناو پارکەکە و بووە بە نیگارێکی سەیر و زیندووش لە پەنجەرە دارینەکەی ماڵی ئەو! ئاووا یەکە یەکەی کتێبەکانی سەر مێزەکەی نیشانی ئیلشا دەدا، لەگەڵ هەڵگرتن و دانانەوەی کتێبەکان مەمکی خڕی چەند جارێک لە شانی چەپەی ئیلشا دەخشا و موچرکێکی تیژتر لە تەزووی کارەبای دەخستە نێو خوێنی سەر لێشێواوی ئەو. لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو کتێبە قەبەیەی کە بە ئاوزێڕ بە خەتێکی ئەستوور لە بەرگەکەی نوسرابوو دیکارت. ئیلشا وتە مێژووییە کورت و قوڵ و راستەکەی ئەو فەیلەسووفە روو شاش و بسک لوولەی هاتەوە یاد کە دەڵێت " من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم! " ئەویش لەگەڵ خۆشی و شادی بەو ساتە وەختەی کە تێیدابوو، لە ماڵی ئاووا خۆی بە خۆشحاڵترین بنیادەمی سەر رووی زەمین دەزانێت. هەروەها لەگەڵ قووڵ بونەوە لە وتە بەنرخەکەی دیکارتی فەیلەسوف، شتێکی هاوشێوە لە خەیاڵدا هەڵدەقولا، کە فەلسەفیەکی سادە و تایبەت بوو بە ژیانی خۆی بوو و لە غوربەتدا تا سەر ئێسقان هەستی پێکردبوو. ئیلشا لە ناخەو باوەڕی بەو وتە فەلسەفەیە کۆپیکراوە بوو کە

تایبەت بوو بە خۆی. دەیڕوانییە قوڵایی چاوە گەش و قاوەییەکانی ئاووا و لە ژێر لێوانییەوە چەند جارێک ئەو وتەیەی خۆی دەگوتەوە " من خۆشدەویستریێم، کەواتە من هەم "

ئیلشا لەگەڵ بیرکردنەوەیدا بێهوشانە دەستی چەپی دەخستە سەر شانی نەرم و شێوە تەماتەییەکەی ئاووا و پاشان بە شێنەیی لەشی نەرم و نیان و گەرمەکەی ئاووای توند بە لای چەپەی لەشییەوە دەنووساند. کە لە ژێر پێست و لایەکی قەفەزەی سنگیدا دڵێک وەک دەهۆڵی زەماوەند لێدەدا. دڵێک کە لەگەڵ ئەو ئەوینە لە پڕ و ناکاوە پڕببوو لە نەفەسی ژیان و هەرگیز نەیدەویست بوەستێت. بەڵام ئەفسووس بە ماوەی کەمتر لە ساڵێک ئەو دڵە گەورەیەی ئیلشا ئەو رۆژە دەوەسێت کە هەمان شۆخی لە هەمان باوەش بە هەمان حەز و تامەزرۆوە لە باوەش گرتبوو. بە تەواو نەکردنی دوا ماچی تەمەنی لێوە تەنکەکانی لە جوولە دەکەون و لەشی بە تەواوی خاو دەبێتەوە. پاشان هێواش هێواش دەستەکانی لە باڵای پڕ لە ژینی ئاووا دەبنەوە وەک ئەوەی بەژنی ئەو کچە دار هەنارێکی بەهەشت بێت و ئەویش ئادەمێکی بە بێ حەووا و بەزۆردەرکراو لەو بەهەشتە!

ئەو رۆژە خەمناکە، ئیلشا دەستەکانی بە گەردنە بلوورییەکانی ئاووا دا دەخشێن، بە کەزییە ئەستوورەکانی، بە هەردوو کلاوەی شانەکانی و پلە بە پلە بەرەو خوارە دەکەون، دەیانەوێت بە مەمکە خڕەکانی ئەو خۆیان بگرنەوەو ناتوانن. توند خۆیان بە ناوقەدی ئاووا دەگرنەوە کەچی لەوێش ناتوانن بمێنن. دوایی دەستەکانی دەکەونە سەر هەردوو سمتی سەدەفینی ئاووا و لەوێش دووبارە دەخزن. ئەمجارە خۆی بۆ ناگیرێتەوە دەستەکانی ئیلشا بە خێرایی دوو رانە گەرمەکە و سەر چۆکە نەرمەکانی ئاووا جێدەهێڵن. دواجار دەچن یەکسەر لە سەر پوزە سپییەکانی ئەودا رەق دەبن و دەوەستن. وەک ئەوەی قەدەرێک ئەو مەسافەیەی نێوان هەریەک لە پانتۆلە زەیتونییە تەسکەکە و بووتە لموز تیژ و کورتەکەدا وەها رووت و لووس و جوان جێیهێشتبن، تا لە رۆژی مەرگی ئیلشا ببن بە جێشوێنی دەستە بچووکەکانی

ئەو، بۆ ئەوەی دەما و دەم نەکەوێتە سەر مەڕمەڕە قاوەییە بریقەدارەکانی زەمینی فڕگەی نێودەولەتی شار و بە لووت شکاوی نەمرێت!

*　　　*　　　*

چەند رۆژێک پاش ئەو دیدارەی ئیلشا لەگەڵ ئاوودا، ئیلشا هەموو گیانی پڕ ببوو لە نەشئە و خۆشی. پاش دوو ساڵ ژیانی غوربەت، لەو پیاسەیەی ئەسکی بازاڕ بترازێ کە لە دوا رۆژی مانەوەی لە ئەستەنبۆل ئایفەر بۆی کردبووە دیاری، کەسێک بەلایدا نەچوو بوو کە بۆنی خۆشەویستی لێبێت. بۆیە لە نێوان ئەو ساڵ و نیوەی کە لە لالەلی و کەمپە سارد و سڕەکەدا بەسەری برد، هەموو شتێکی نامۆ بینیبوو. مزگەوتە جوانەکانی ئەستەنبۆل، گەمییە زەبەلاحەکانی سەر ئاو، بەلەمە بچووک و ژەنگرتووەکانی سەر کەنارە ئارامەکان کە لەگەڵ جوولەیان بۆ رێگاکانی قاچاغ هەموو گیانیان پڕدەبوو لە شەرم، لە کونی بچووک بچووک. کە لە نێو شەپۆلە ترسناکەکانی تاریکی شەو خۆیان و نەفەرەکانی ناوەوەیان نقوومی قوولایی دەریا دەبون. ئیلشا هەرگیز ئەو رۆژانەی لە یاد نەدەچوو. ئەو حەفت رۆژەی تەمەنی کە لە نێوان ئەستەنبۆل و کەمپ لە رێگای قاچاغ و نێو ئاو دا بە سەری برد. ئەو حەفت رۆژەی کە بریتی بون لە تاڵترین و سەیرترین و دراماتیکترین رۆژانی تەمەنی ئەو. ئەو رۆژانە شەرخێکی قووڵیان لە خەیاڵی  دروست کرد بوو. شەرخێک کە یادەوەری و ڕێڕەوی خەتەرترین رێگا بوو کە لە ژیانیدا پێیداچووبێت، رێگای نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە وەک پردی سیرات ئەگەر لە چاوتروکانێکدا بە خێرایی نەیبڕیت ئەوا تێیداچوویت.

ئیلشا بە گەیشتنی بۆ کەمپەکە تووشی نائومێدی ببوو لەوەی کە ئەو شوێنە ناجۆرە ئەو قوربانییە گەورەیەی نەدەویست، بۆ ئەو مردن لە چاوەڕوانی گەلێک خۆشتربوو. بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر نائومێد و دڵتەنگ نەبێت بڕیاری دا بوو چیتر بیر لە رابردوو نەکاتەوە. بە تایبەت ئەو حەفت رۆژە وەسفنەکراوەی رێگای قاچاغ بەتەواوی لە زەینیدا بسڕێتەوە. بەڵام دوایی بە ناسین و

دیدارەکانی لەگەڵ سەیفی دا یادگارە تاڵەکانی ئەو ڕێگایە دووبارە سەریان هەڵدەدایەوە. نەوەک ئیلشا هەر لە ڕۆژی لێکۆڵینەوە هەر ئەم حەفت ڕۆژە نا بەڵکو حەفت ساڵی تەمەنیشی قرتاندبوو. مەوالیدی نوێی خۆی کردبوو بە حەفتی حەفتی حەفتاو حەفت!

سەیفی هەر جارەی ئیلشای دەیبینی داوای لێدەکرد کە باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ بکات کە ئەویان گەیاندبووە لای ئەو، کەچی ئیلشا هەردەم خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدزییەوە و هەرگیز نەیدەویست باسی ئەو ڕۆژانەی بکات. بەڵام پاش بینە و بەردەی زۆر لەلایەن سەیفی یەوە ئیلشا ناچار دەبێت لە سەرە مەرگدا لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن ئەو دەفتەرە بچووکە بە تێپ پێچراوە بدات بە سەیفی. کە بە خەتێکی ناخۆش لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو (نامیلکەی دڵشاد نەبی – ١٩٧٧/٧/٧).

نامیلکەکە بریتی بوو لە یادگاری ئەو ڕۆژانەی کە هەرگیز لە یاد نەدەچون.

ئیلشا مەوالیدی تازەی بۆ ئەوە لەسەر بەرگی دەفتەرەکە نوسیبوو تا لە یادی نەکات. ئەو لە ڕۆژی لێکۆڵینەوە بێئەوەی بە خۆی بزانێت حەفت ساڵ بچووکتر خۆی بەو وڵاتە نامۆیە ناساند. بەڵام لە نامیلکە بچووکەکەیدا تەنها باسی ئەو حەفت ڕۆژە نەگبەتییەی تەمەنی کردبوو کە لە کاتی نووسینەوەیان بڕیاری دا بۆ دوا جار بیانسڕێتەوە.

کاتێک ئیلشا لە ژووری لێکۆڵینەوە تەمەنی خۆی بچووکتر گوت وایزانی پستەپست و ئامۆژگاری دەمی ئەو قاچاغچی و کاروانچییانەی ڕێگای قاچاغە کاتێک لە ڕێگا تەماوییەکان ئاخاوتنی لەو شێوەیان بە گوێی یەکتر دا دەچرپاند. کە لە ئەوروپا چەند منداڵتر بیت ئەوەندە زووتر وەڵام وەردەگریت. بەڵام لە بەدبەختی ئیلشا ئەو ئامۆژگارییە بێکەلک و جێماوەی نێو گوێیە مووتەکانی بە درێژایی مانەوەی لە کەمپ فلسێکی سووتاویان نەهێنا. پاش گوێزرانەوەی بۆ شار و تێکڕای بیست و پێنج مانگ مانەوە لە ئەڵمانیا وەک کەسێکی پەنابەر کەس نەبوو وەڵامێکی خۆشی پێبڵێت. بۆیە ئەگەر باوەشە

گەرمەکەی ئاووا نەبوایە، ئەو پێش ئەوەی بە نەخۆشی بمرێت لە چاوەڕوانی دا دەمرد.

ئیلشا ئەوەندەی بە نووسینەوەی رۆژگارەکانی نامیلکەکە قەڵس و بێیتاقەت بوو، لە بەرامبەردا دە ئەوەندە شاد و بەکەیف دەبوو کاتێک لە جیاتی ١٩٧٠/٧/١ لە سەر بەرگی نامیلکەکە مەوالیدی تازەی دەبینی. وەک ئەوەی ژمارەکانی رۆژ و مانگ و ساڵی ئەو بەرواره نوێیەی لە دایک بون دوو (دال) ەکەی ناوی ئەوبن، جیفرەی سڕێکی عەجیب، یان ئیلهامێکی ئیلاهی و بەنرخترین دیاری تەمەن.

حەفت ساڵ بچووکتر، حەفت ساڵ گەنجتر!

بە خۆشحالییەوە سەیری ئاوێنەی دەکرد و هەستی دەکرد بە راستی حەفت ساڵ لە جاران منداڵترە، خودا بەزەیی پێداهاتووە لەو تەنیاییەی غوربەتدا حەفت ساڵی تەمەنی بە دیاری بۆ گەڕاندۆتەوە. حەفت ساڵی سەرەتای تەمەن، حەفت ساڵی منداڵی کە ئیلشا تەنها لەو ساڵانەی تەمەنیدا هەتیوو و بێکەس نەبووە. ئەو ساڵانەی کە خۆی و خوشکە تاقانەکەی دوو منداڵی چاوگەشی نەبی گەلیار و نەسرین مامۆ بون. بەر لەوەی هەردووکیان لە یەک رۆژ دا بە رووداوی تامپۆن کردن بمرن. کاتێک زیلێکی سەربازی لە رۆژێکی باراناوی سەر پردی بەستۆڕە دا بە شەقێکی تووڕە لەسەر پرەدەکە ڕایاندەماڵێت. لە ئەنجامی قۆپانەوە و تێکشکان و کەوتنە خوارەوەی ئۆتۆمبیلەکەیان بۆ نێو ئاوی بە تەوژمی رووبارەکە، هەردووکیان پاش زگ پڕ ئاو دەبن و خەڵکی بەستۆڕە تا تاریکایی شەو ناتوانن دوو تەرمەکە بە سانایی لە نێو فیاتە سپییەکە دەربهێنن. ئەو ساڵە شوومەی کە جەرگبڕترین و دڵتەزێنترین هەواڵی تەمەنی ئەوی تێدابوو، لەگەڵ حەفت رۆژی دژواری رێگای قاچاغ بون بە ناسنامە و قەدەری ئەو، هەر ئەوانیش لە کۆتایی دا سەر بەرگی نامیلکەکەیان نەخشاند کە تاکە بەرهەمی نوسراوی تەمەنی بوو. ئەو رۆژەی بە تێپێکی رون دەفتەرەکەی لە هەر چوارلاوە دادەخست و لە ناو و مەوالیدە نوێکەی ڕادەما، روندک هوڕ هوڕ لە چاوانیدا دەبارین. دەتگوت حەفتەکانی بەرواری لە دایک

بون، دالەکانی سەر و بنی ناوە راستەقینەکەی خۆی بون، کە ئامادەنین چیتر لەگەڵ ئەم کەسییەتیە خەمناک و ناشادە ژیان بەسەربەرن. ئەوانن و یەک لە دوایی یەک واز لە دڵشاد دەهێنن و لە دووری ئەو لە پیتەوە دەبن بە ژمارە، و چەشنی باڵندان بەرەو ئاسمان و خودا دەفڕن ٧٧/٧/٧.

*　　　　*　　　　*

پاش تێپەڕبونی دوو ساڵ بەسەر مەرگی ئیلشا و چوار ساڵ بەسەر کوژرانی هاوڕێکانیدا، سەیفی بە سەردان دەگەڕێتەوە، لە شەوێکی تاریک و بێ کارەبا دا لەگەڵ خوشک و دەستگیرانە تازەکەی بۆ سەرەخۆشی سەردانی ماڵی خاڵی ئیلشا دەکات. نامیلکەکە و هەندێک شتی هەڵبژێردراویان بۆ دەبات کە ئیلشا لە دوایی خۆی بەجێیهێشتبون.

شتەکان بریتی بون لە قورئانێکی بچووک کە مۆری وەقفێکی تورکی بەسەرەوەبوو، ئەلبومێکی پڕ لە رەسم، دوو کتێبی بە ئەڵمانی کە هەردووکیان دیاری ئاووا بون. گەورەکەیان بە خەتێکی پان لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو کانت، لە سەر بەرگی بچووکەکەشیان بە خەتێکی ناسک نوسرابوو رومی. لەگەڵ گەیشتنی نامیلکەکە بۆ نێو دەستی خوشکە تاقانەکەی ئیلشا، هاوار و فیغان و قیژ و هۆڕ دەست پێدەکات. نامیلکەکەی دڵشاد نەبی وەک دەستەسرێکی پڕ لە روندکی گەرمی چاو و ئاوی لینج و گەرمی لووتی شینگێڕێکی لێزان ئەم دەست و ئەو دەستی پێدەکرا. لە نێوان دەستی خوشک و خاڵ و خاڵۆژن وەک شتێکی دەست سووتێن دەهات و دەچوو، کە لە ئەنجامدا پیتەکان و ژمارەکانی سەر بەرگەکە کە ناو و مەوالیدی دڵشاد بون وەک کۆمەڵە منداڵێکی هەتیوو و بێکەسی بەر باران بە فرمێسکی گریانی هەرسێکیان تەڕ دەبون. دەبون بە سفر و لە سەر بەرگی دەفتەرەکە نەدەمان، پێش هەموویان دوو دالەکەی سەر و بنی ناوی دڵشاد دەبون بە دوو لەقلەقی کۆچبەری غەمگین، یەکەمیان وەک دەستی شەوە دەنووکی دەبرد بۆ ناوی (نەبی) و وەک مەلۆتکەیێکی ساوای گەشکە گرتوو هەڵیدەگرت و بۆ دوور

دەیبرد. دووەمیشان ناوی (ئیلشا)ی وەک هی پێغەمبەرێکی نابالغ و لە دایک نەبوو دەخستە سەر باڵەکانی و دەیبردەوە بۆ ئاسمان. دەتگوت ئەو دوو لەقلەقە دوو مەلائیکەتەکەی سەر شانی راست و چەپن و لە سەر بەرگی دەفتەرەکەدا لەگەڵ دڵشاد نەبیدا حیساب و کیتاب دەکەن. وەک لە کەمپ کە چۆن کەسەکانی ژووری لێکۆڵینەوە مشت و مڕیان بوو کاتێک پیتەکان و ژمارەکانی ناو و مەوالیدی تازەی دڵشاد نەبییان هەڵدەسەنگاند. بۆیە لە شەوی شینیشدا وەک ئەو رۆژە ژمارەکانی بەرواری لە دایک بون لە ژێر پرسیاردابون، بەڵام ئەمجارە لەلایەن خۆشەویسترین کەسانی ئیلشا. هەروەها وەک ئەو رۆژەش هەموویان پێکەوە دەلەرزین، بەڵام لە ئاست وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و لەترسی ئاشکرابون و دیپۆرت کردن نا. بەڵکو بە فرمێسکی ئەو خۆشەویستانە هەموو گیانیان ببوو بە ئاو.

بۆ ماوەیەک گوێگری سەیفی دەبون گریانەکەیان دەوەستاند. دوایی لەگەڵ سەیرکردنیان بۆ ژمارەکانی بەرواری لە دایک بونی دڵشاد نەبی کە وەک مەلی بەستەزمان و تازە باڵ گرتوو یەک لە دوایی یەک دەفڕین و لە سەر بەرگی دەفتەرەکە شوێن پێیان دەبوو بە سفر و مەوالید و تەمەنێک بۆ ئیلشا نەدەما، ئەوان دووبارە دەستیان دەکردەوە بە شین و گریان. لە کۆی پیت و ژمارەکان ئەوەی لەسەر بەرگی نامیلکەکە بە جێما، تەنها دوو پیتی لە یەکتر نەچوو بون، دوو پیتی سادە و خەمناک کە پێکەوە لە سەر بەرگی نامیلکەکەدا وشەیەکی پڕ لە سیحر و گومانیان بەجێدەهێشت. بەڵام لە ژێر تەڕ بون و پرسیار دا زۆر کاڵ دیاربوو و بە زەحمەت دەخوێندرایەوە. پیتی یەکەم (ش ش ش ...... !) ی وسکت بون و مەرگ بوو، دووەمیشیان پیتی ( ا ا ا ا........!)ی ئاووا و ئاواتی بەدی نەهاتووی ئیلشا. کاتێک شین وەستا ئەو وشە سیحراوی و پڕ گومانەی لەو دوو پیتە دروست ببوو و بە تەنیا لەسەر بەرگی نامیلکەکەدا مایەوە کە بریتی بوو لە وشەی شا!

سەیفی لەگەڵ دەستگیرانە تازەکەی بەر لەوەی سەردانی ماڵی خاڵی ئیلشا بکەن، چووبون بۆ لای دایکی سەرهەنگ کە لە چاوەڕوانیدا هەردوو چاوانی

کوێر ببون. هەروەها پێشتر سەیفی لە ڕێگای ئامۆزاییەکی کەماڵیان لە قوشتەپە بوو، توانیبووی پارەی هەردوو هاوڕێ کوژراوەکەی بۆ ماڵەکانیان بنێرێتەوە. سمکۆ دایک و باوکی نەمابون؛ ئامۆزای سەیفی پاش سەر ئێشەیەکی زۆر تەنها سۆراغی برایەکیی پەیدا کردبوو کە ماڵیان لە دەربەندیخان بوو. ئەو ڕۆژەی چوو بوو بۆ ئەوێ گەرما سەری کەچەڵانی دەسووتاند، لەگەڵ لێدانی دەرگادا ئارەقەی نێو لەپی وەک ئاوی سەر ئووتوێکی گەورە بە خێرایی لەسەر ئاسنە بێ ڕەنگ و بۆیەکەی دەرگاکەدا دەبوو بە هەڵم. ئەو پاش ئەوەی بە دوایی ئاراستەی پەنجەی تەڕە فرۆشێکی گەڕۆک داچووبوو و گەیشتبووە بەر دەرگای ماڵی برای سمکۆ، لە دوورە بە سەیرکردنی ئاسنی ڕەنگ خۆڵەمێشی ئەم دەرگاییە ترسی دەست سووتان کەوتبووە دڵی.

ئەو ڕۆژە ناوەڕاستی وەرزی هاوین بوو، هەمووی حەفت مانگ بەسەر ڕووداوەکە تێپەڕیبوو. سەیفی تا ئەو کاتە هەر لە ئەستەنبۆل بوو، چەند جارێک لە ڕێگای دابوو بەڵام نەیتوانی بوو دەرباز بێت. لەو ماوە درێژەی مانەوەی لە ئەستەنبۆل کە بەس بوو بۆ لە دایک بونی بەبەیەک، سەیفی توانی بووی تەنها دوو جار قسە لەگەڵ ئامۆزاکەی بکات، ئەویش لە کۆی نۆ جار تەلەفۆن کردن. کە لە نێو هەر شەشەکەی دیکە لەبەر گریان و منگە منگی دایک و باوکە پیرەکەی و دوو خوشکە بە دەزگیران و دوو خوشکە بێدەستگیرانەکەی دیکەیدا نەیتوانی بوو یەک وشە بخاتە نێو ئەو ڕستە تەواو نەکراوانەی کە گریان وەک پەڕۆییە ناسکەکانی دەستی ئووم کەلسووم دەیدڕاندن و فڕێ ی دەدانە بەر با. بۆیە سەیفی بۆ دوا جار ناچار دەبێت پەنا بۆ ئامۆزاکەی ببات، لە دوو تەلەفۆنی چل دەقیقەیدا توانیبووی تەواوی بەسەرهاتی شەوە شوومەکەی ژیانی بۆ سەمەدی ئامۆزای بگێڕێتەوە کە تێیدا دوو هاوڕێکەی بێباکانە و لە خۆڕا لە ناو بەفردا کوژران.

*　　　*　　　*

سەیفی لەو شەوەدا پاش ئەوەی هەر دوو تەرمی سارد و سڕ و خوێناوی هاوڕێکانی لە نێو بەفردا بەبەجێدەهێڵێت، دەتگوت هەر چوار پێییەکانی دوو هاوڕێ کوژراوەکەی بۆ دەرباز بونی خۆی قەرز کردبوو. بۆیە بێئەوەی بە خۆی بزانیت ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتبوو و تا لەگەڵ گوێ لێبونی قوقەقووقی کەڵەشێری یەکەم ئاوەدانی دڵی ترپە خێرا و تووڕەکانی نەرمتر بون و هەناسەی سواری هێواش هێواش هێورتر بووەوە لە جاران. بە تایبەتی کاتێک گوێی لە دەنگی زوڵاڵی مەلای گوندە خۆشەی قەد پاڵ چیا دەبێت. سەیفی سەرەتا وێنەی مەلایەکەی بەو شێوەیە هاتبووە بەر چاو کە ئەو بەر لە هەستانی بۆ بانگدان لەوانەیە دوو پەرداخی گەرم لە شیری بزنی فڕکردبێت، شەوی خووتبە لە پاڵ جوانترین ژنیدا خەوتبێت و بە سازگارترین ئاو خۆی بسمیل کردبێت. دواتر لەگەڵ تەواوی کوڕ و کیژانی بۆ قاوەڵتی لە سەر خوانچەیەک دانیشتبێت کە خۆشترین و گەرمترین کولێرە بەڕۆنی بەیانی لەسەر بێت، تەژی بێت لە قاپی پڕ ژاژی، پەنیر، ماست، گوێز و هەنگوینی سپی شاخ، هەروەها لە پیاڵەی چای رەش و بۆندار. نەوەک ئەو چۆن دەتوانێت بەو دەنگە پڕ لە سۆزە ڕۆژانە پێنج کەڕەت ئەڵڵاهوئەکبەرێک بخوێنێت، کە سەیفی دواتر لە چ مزگەوتێکی ئەستەنبۆل و هەتا سەر نە هاوشێوەی گوێ لێبوو، نە ئەوەندەی ئەو سەر لە سپێدەیە زووەش بانگ دان بەو شێوەیە کاری لە ناخی کرد.

ئەو بەیانییە زووە، بێئەوەی گوێ بدات بە زمانی جاسووسان و چەقەلی چەمان، چوو لە بن هەیوانی مزگەوتەکەدا لەگەڵ دەنگی بە سۆزی مەلادا ئەوەندەی لە توانایی دا بوو گریا. پاش ئەوەی بە درێژایی سێ شەو و ڕۆژی سەختی ڕێگا چ کاتێک فرسەتی نەببوو وەک ئەو دەمەی بن هەیوانی مزگەوتەکە پڕ بە دڵ بگریت. دەتگوت شەختە بللوری و تیژەکان کە لە ژێر سواندەی هەیوانی مزگەوتەکەدا بەڕیز شۆڕبونەوە، ئەلفە یەک دوایی یەک و نەبڕاوەکانی دوا بڕگەگانی ئەڵڵاهوئەکبەرن کە لەژێر هەیوانە ئەرخەوانییەکەی

سەر لە بەیاندا دەنگیان دەدایەوە، مەلی بێزار بون بۆ کۆچی دوور دەفڕین بەرلەوەی لە نێو دۆڵە قووڵەکاندا وەک سێبەری ئەبەدی بکەون.

بڕگەکانی حەییەعەلەللفەلاکان بریتی بون لە ئا.. ئا.. ئا.... ئای بێ بڕانەوەی لە دواییەک، لە نەغمەی مەلێکی نادیاری نێر دەچون کە لە تەنیایدا قووڕگی ئاوی نەمری پێداچووبێت.

سەیفی لە ژێر هەیوانە نزم و ساردەکە دا کە هەمان کەش و هەوای هۆڵە یەخچاڵییەکەی خەستەخانەی شتوتگارتی هەبوو، لە دوا رۆژێکی گەلێک دوور نا بە بارێکی گرانی پڕ لە خەمەوە بە دیار تەرمی بەستووی ئیلشا دەوەستێت و کت و مت بەو شێوەیە دەگریت. ئەو سپێدە زووەی کە ئاااا... ئاااا..... ئاااا... ئاااای رەوان و بێ گرێکانی ئەڵڵاهوئەکبەری مەلایەکە بە غرورێکی نێرانە سوواری ملی با دەبون و دەخزانە نێو هەر چوار کونە سوور هەڵگەڕاوەکانی کەپۆ و گوێی سەیفی. ئەو ئەلفە قیتانە لە تاریکایی نێو تونێلە تەسکەکانی دەزگای هەناسەدانی سەیفی یەک لە دوایی یەک دەقۆپانەوە نێو یەکتر و دەبون بە ئوهوو.... ئوهوو.... ئوهووەکانی نوزە و گریانێکی قووڵ لە نێو دەنگی کەوتوو و شکاویدا. دەتگوت ئەلفەکانی ئەڵڵاهوئەکبەری ئەو بەیانییە زووەی ژیانی سەیفی تاکە حەرف بون کە بێباکی و رەهایی و کەمالبونی وشەکانی ئاو و ئاگر و ئاسمانیان تێدابێت.

سەیفی وەک دوو شەوی پێشوو کە لەگەڵ دوو هاوڕێ کوژراوەکەیدا بێهۆش و جەستە سارد بە دەستێکی نادیارەوە لە ئەشکەوتەکە فڕێدرابوو، ئەمجارەش کاتێک چاوەکانی دەکاتەوە دەبینێت لە ژوورێکی گەورەی بە مافوور و لبادی رەنگاورەنگ ڕاخستراو دا لە پاڵ سۆپایەکی گەرمی پڕ دار لە سەر پشت درێژکراوە.

لە بێدەنگی بەفری دەرەوە و قرچە قرچی سووتانی دارەکانی نێو سۆپاکە بترازێت نقە و جوولەی کەسێک نەبوو لە ژوورەکەدا. کاتێک سەیفی بە چاوە رەشەکانی لە پەنجەرە گەورە و نزمەکەدا بێکۆتایی و سپییەتی بەفری دەپشکنی وەک ئەوەی لە وەڵامێک بگەڕێت بۆ ئەو گەشتە بێ پەروا و

ترسناکەی. لە ژوورەوەش چاوەکانی بە هەرچوار لا و دیوارەکاندا گوزەریان دەکرد و لە وەڵام دەگەڕان. تا لەگەڵ جیرەی لە ناکاوی ئەو دەرگایەی کە وەک ژنێکی سەردەمی تالیبان بە بەتانییەکی رەنگ شینی ئاسمانی حەشار درابوو. چاوەکانی سەدا هەشتا دەنووقێن و لە نێو پەنجەرەی برژانگە رەش و ئەستوورەکانی هەردوو گلێنەی ئەبلەق دەوەستن و ئامادەی سەیرکردنی هەنگاوی ئەو کەسە دەبێت کە بەسەری پەنجەوە بەرەو میحرابی ژوورەکە دەچوو. پاشان دوو یان سێ خخخ ... خخخ ... خخخی قورگ پاککردنەوەی ئەو کەسەی گوێ لێدەبێت و چاوەڕوان لەوەی شتێک نهێنی ئەو کاتە ون بووەی پێبڵێت کە لە نێوان بەرە بەیانی ساردی ژێر هەیوان و سەر لە ئێوارەی ئەو ژوورە گەرمە دابوو.

" ئەڵڵاهوئەکبەر .... ئەڵڵاهوئەکبەر! "

لەگەڵ گوێ گرتن بۆ هەمان ئەو دەنگە زوڵاڵەی بەرەبەیان، سەیفی لە ژێر لێفە گەرمەکەدا وەک بریندارێکی شەڕی نەبڕاوەی ئاینەکان هەردوو چاوی پڕ دەبن لە ئاو و بەو بانگە رۆحانییە رابردوویەکی دەهاتەوە یاد کە تێیدا هەردەم خەم و خۆشی دوو دەستە خوشکی تەبابون. ئەو شەوە تاریکانەی دەهاتەوە یاد کاتێک مێرمنداڵێکی سمێڵ گووگرە بوو و لە سەرەڕێی کۆڵانە تاریکەکان دەوەستا و ئێشگری بۆ سەمەدی ئامۆزای دەکرد. وەختانێک کە ئەو ئامۆزایەی بە دەم و چاوی پێچراوەوە قوتوویەکی بۆیەی لە شێوەی قوتووی دەرمان مێشی بە دەستەوە بوو و یەک بە یەکی کۆڵانەکانی دەنووسی. چەند جارێک سەیفی لەگەڵ دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەری سەر لە بەیانی زستان ئەوەندەی نەدەما زراوی بڕژێت، بۆیە تەنگاو دەبوو و هەردوو دەستەکانی بە بەبێ وەستان دەبزوواند و سەمەدی ئامۆزای وا لێدەکرد کە ئەویش وەک موئەزینە دەنگ ناخۆشەکەی گەڕەکی هاوسێیان کە هەردەم حا و عەینی تێکەڵ دەکرد، چەند جار پیتەکانی بە ناتەواوی لە سەر دیوارەکان بەجێبهێڵێت. جارێکیان خەڵک بە مانگ بەو نووسینە پێکەنیبون کە لە سەر دیوارێک دا لە جیاتی بژی ........، نووسیبووی دزی........!

یان ئەو نووسینەی کە بە سەر و گوێلاکی شکاو و پیتە تەواو نەکراوەکانی قاقای پێکەنینی خستبووە بن سمێڵی ئەو پیاوە موستەشارەش کە بە زۆرداری خوشکە بچووکەکەی سەمەدی لە خۆی مارە کرد و پاشان دوو ژنی دیکەشی بە سەر داهێنا.

سەیفی لە ژێر جێگا کەمێک سەری بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت سەرچاوەی ئەو دەنگە چ جۆرە پیاوێکی نوورانی یە و چۆن وەک داری نێو ئاگرەکە بۆ خۆشەوستی خودا دەسووتێت. خۆشی چ مارکسییەکی چۆکشکاو و دۆڕاوە و چۆن بەدەنگی قووڵی ئەو پیاوە ئاینییەی نێو میحرابی ژوور چاوەکانی بێ وەستان پڕدەبن لە ئاو.

کە بزە لە سەر لێوەکانی موئەزینەکە دەبینێت یەکسەر ناو لەپی هەردوو دەستی دەخاتە سەر لبادە گەرم و ڕەنگاوڕەنگەکەی ژێری و بەهێز نیوەی لەشی هەڵدەستێنێتەوە. ئێسکە خڕەکەی پشتە ملی وەک بزماری جل هەڵواسین بە دیواردا گیردەکات و لەشی پێ ڕادەگرێت. تا زوو وەڵامی سەرچاوەی ئەو دەستە بەخشندە و رزگارکەرە بداتەوە کە ئەوی لە لێواری مەرگێکی مسۆگەر نەجات دا، وەڵامی سەرچاوەی ئەو دەنگە زوڵاڵە و ئەو بزە شیرینە. بەڵام پێش ئەوەی سەیفی بزە و وەڵامێک بخاتە سەر لێوەکانی، کەسەکەی سەر میحراب بە دەنگێک کە دەتگوت دەیان مەتر لە دوور دێت یەکسەر گوتی " بەخێرهاتی برا "

سەیفی بەدوو چاوی پڕ لە پرسیار سەیری چاوە بچووکەکانی ئەو کەسە دەکات و کەمێک پێدەکەنێت. هەرگیز لە خەیاڵی دانەبوو کە لە پشت جۆش و خرۆشی ئەو ئەڵڵاهوئەکبەرە خۆشەی سەر لە بەیان کەسێکە هاوتەمەنی ئەو.

پاش ئەوەی خواردنی ئێوارە پێکەوە دەخۆن، سەیفی بەسەرهاتی خۆی و کوژرانی دوو هاورێکەی بۆ ئەو کەسە دەگێڕێتەوە و تا مردن خۆی بە قەرزاری دەزانێت.

ئەو کەسە ناوی جونەید بوو و بە تەنیا لەو شوینە دەژیا کە هەم ماڵی و هەم مزگەوت بوو. لە خوارەوەش دە بیست ماڵێک هەبوو کە دەتگوت گوێچکەی

بچووک بچووکن لە دامێنی شاخەکەدا بۆ ئەوەی دەنگە پڕ سۆزەکەی جونەید ببیستن. جونەید کەمێک باسی خۆی بۆ سەیفی دەکات کە هی ئەویش موچرکی دەخستە گیانی گوێگر. جونەید شیرەخۆرە بووە کاتێک دایکی دەمرێت. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک باوکی ژنێکی دیکە دەهێنێت و بۆ کارکردن ماڵی دەگوازێتەوە شاری مووش. جونەید زڕدایکێکی زۆر خراپی هەبوو، بۆ ماوەی شەش ساڵ ئەو ژنە شەش کچی لە دوایی دەبن. لەگەڵ لە دایک بونی هەر کچێکی وەک خووێکی بەردەوام ژنە لەسەر جێگاکەی هەڵدەستایەوە و جونەیدی دارکاری دەکرد، تا ئارەقەی رەش و شینیشی دەرنەکردبایە وازی نەدەهێنا. جونەید شەلاڵی خوێن و ئارەقە و روندک لە بەردەستەکانی وەک گیاندارێکی بەستەزمان و بێ تاوان دەبوورایەوە. هەروەها هەموو ساڵێک لەگەڵ بەل بون و هەستانی زگی زڕدایکی ترس و تۆقینی ئەویش مانگ لە دوایی مانگ گەورەتر دەبوو. تا ئەو رۆژەی  لەگەڵ زیرەی مەلۆتکەیەکی بن زگ فلات، ترس و تۆقینی ئەویش وەک بۆمبێکی تەوقیت کراو لە بنا گوێییەکانی دەتەقین و دووبارە خۆی دەم بە خوێن و چاو بە فرمێسک دەبینییەوە.

تا رۆژێک مەرگی لە پڕی باوکی لە یەکێک لە چایخانە قەرەباڵغەکانی شاری مووش کۆتایی بەو ژیانە ناخۆشەی جونەید دەهێنێت کە ئەوەندەی چەپۆکی زڕدایک زبر و بچووک بوو. باوکی بەو مردنە کپ و لە ناکاوەی هەم خۆی لە دەست ژیان هەڵات و هەم رێگەیەکیشی بۆ هەڵاتنی کوڕەکەی کردەوە.

لە سێیەمین رۆژی تازیمانەی باوکیدا ئەو وەک برایەکی نەبوو مایەوە بۆ خوشکەکانی. چونکە براکانی زڕدایکی خوشک و خوشک زاکانیان دەبەنەوە لای خۆیان لە گوندێکی دە کیلۆمەتری قەراغ مووش. بە ئەویش دەڵێن " کوڕۆ، تازە کەس نکاریت کرەیێ مالا هەوە بدەت، توژی بو خۆ برەڤە و هەرە عەردەکێ! "

جونەید بەو ئێوارەیە پایزییە پەراگەندەی جادان دەبێت، شوێنێک شک نابات رووی تێ بکات. تا تاریکایی شەو لە جادە و کۆڵانەکانی شاری مووش

دەمینێتەوە و دەرگایەک شک نابات لێی بچێتە ژوور. پاش ئەوەی ترس و برسییەتی تەنگی پێهەڵدەچنێت، ناچار دەبێت بە هەموو هێزییەوە لە دەرگای مزگەوتێک بدات. بەو شەوە تاریکەی زستان جگە لە مجێور، گەنجە نورچییەکانیش لە ژوورەوە دەبن بۆ ئەوەی نوێژە درێژەکانیان تا درەنگانی شەو بخوێنن. جونەید لەگەڵ پێخستە سەر مافوورە ئەستوور و رەنگاو ڕەنگەکانی ناو مزگەوتەکە نورچییەکان لە نوێژەکانیان تەواو دەبن و بەرەو پیری دێن. یەکێکیان دوور بە دوور جونەید دەناسێت و پێی سەیر دەبیت لەو درەنگە وەختەدا ئەو لە مزگەوتدا ببینێت.

نورچییەکان شەش گەنجی هاوتەمەنی ئەو دەبن و لە یەکەم پێشوازی گەرمیان شێوەی تەوقە کردنیان بۆ جونەید پڕ بوو لە گوڕ و تینی دەستی برایێک و هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی و دڵسۆز. لە شەوێکدا کە جونەید هەستی کردبوو بێکەسترین کەسی دونیایە. ئەو شەش گەنجە نورچییە بە جوولانەوەی پڕ لە شەرم و رێز و باوەڕییان زوو توانیان سەرنجی جونەید بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و ئەویش وەک هەزاران گەنجی دیکە لە بێکەسی دا، لە دڵدانەوەی ئەوان سۆزی گەرمی برایەکی پشتی بینی.

دەوڵەت بە تەواوی ئاگاداری کۆڕ و دانیشتنی ئەو نورچییانەیە بوو بەڵام چاوی لە کردار و ڕەفتارییان دەنووقاند چونکە ئەگەر ئەوان نەبونایە لە شارە قەرەبالغ و کار دەگمەنەکانی خاکی کوردان، هەزاران گەنجی دلشکاو و بێزار وەک مەلی تووڕە بەرەو شاخەکان هەڵدەفرین. ئەو شاخانەی سەیفی بەر لەوەی لە دەرگای جونەید بدات، لە ژماردنیان بێزار ببوو.

لەبەر ئەوەی جونەید لە ئێوارەیەکی خەمناک و بێزاری پایز دا بە چونە نێو مزگەوت سەرە داوی ژیانی بەتەواوی گۆڕابوو، لە هەرەتی لاویدا وەک پیرە سۆفییێکی هەشتا ساڵەی رەبەن دەژیا. بۆیە هەرگیز نەیدەویست ئەو بیروباوەڕەی لە نورچییەکانەوە فێری ببوو بە سەیفی بفرۆشێت. هەروەها نەیدەویست هەرگیز وەک ئەو کەسانە رەفتار بکات کە چاکە ناکەن ئەگەر لە پاڵیدا ئایدیایەکت پێ نەفرۆشن.

سەیفی پێنج رۆژ لە مزگەوت مایەوە، بەڵام هەستی بە هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەک نەکرد. جونەید بە درێژایی پێنج رۆژ توانیبووی سەیفی لە بەر چاوی خەڵکە ژمارە کەمەکەی گوند بشارێتەوە، ئەوانەی پاش تەواو بونی هەر نوێژێک بە سەعات لەلای ئەو دادەنیشتن و باس و خواسی دونیا و قیامەتیان لەگەڵ دا دەکرد. بۆ ئەوەی بزانن کە لەو ژوورەی ئەوان لێی دانیشتبون کەسێک حەشار دراوە کە نە لە دونیا و نە لە قیامەت دا جێگای دەبێتەوە.

پاش ئەو پێنج رۆژە جونەید بە هەر جۆرێک بێت توانی رێگای نەجات و دەربازبون نیشانی سەیفی بدات. هەروەها بەڵێنیشی پێدا کە لە رێگای ئەو گوندییانەی جێگای باوەڕن هەوڵ دەدەن تەرمی دوو هاوڕێ کوژراوەکەی لە نێو بەفردا بدۆزنەوە و ڕەوانەی ئەمبەرییان بکەنەوە. سەیفی لە ماوەی مانەوەی لە مزگەوت دا لە زاری ئەو نوێژکەرانەی پاش نوێژ بە سەعات لای جونەید دادەنیشتن، گوێبیستی هەزار و یەک چیرۆک و بەسەرهات دەبوو. بۆ ئەوەی چارەی کەسەکانی چیرۆکە پڕ لە ترس و نهێنییەکانیان دەگێڕایەوە، ببینێت، لە دەنگی کەسەکان کە پیر و گەنج و مێرمنداڵ بون راستی و دروستی چیرۆکەکانی تاو و توێ دەکرد کاتێک لە زۆربەیان جنۆکە کارەکتەرێکی دایم بوو. چیرۆکیان دەگێڕایەوە سەبارەت بە هێسک و پروسکی بنیادەم کە پاش توانەوەی بەفر وەک بەردی کلس بە سەر رووی شاخ و داخ و دوڵ و شێوەکان بەجێمابون. زۆربەیان ئەوانە بون کە لە رێگاکانی قاچاغ خۆییان لە دار و بەرد دابوو، لە رووبارە سارد و بە تەوژمەکان، هەروەها لە دارستانی چڕ و پڕ. جونەیدی سەرسام بە دڵتەزێنی ئەو چیرۆکانە، خۆی دەهاتەوە بەر چاو ئەو رۆژەی بێ ماڵ و باوک و دایک لە سەر جادە خامۆشەکانی مووشدا بە جێما. بۆیە دواتر هەردەم دەپاڕاییەوە و دوعای دەکرد کە رۆژێک کەسێک لە بەر دەرگای ببینێیت و یارمەتی بدات کە لە هەموو کەسێکی سەر زەمین بێکەس تر بێت. کەسێک کە جۆرە ناخۆشی و ترسێکی بینیبێت کە هیچ زارێک لە تواناییدا نەبێت نە وەسفیان بکات و نە بیانگێڕێتەوە.

* * *

سەیفی پاش حەفت ساڵ کە دەگەڕێتەوە، هەر بە گەیشتنی بۆ سەر خاکی تورکیا لە نێو زۆرینەی دەم و چاوان دا سەر و سیمای جونەیدی بەدیدەکرد لە جیاتی شێوەی تەماوی ئەو قاتیلانەی کە دوو هاورێکەی ئەویان بە ناهەق کوشت، یان ئەو پۆلیسە داخ لە دڵ و ئۆفیسەرە دڵڕەقانەی ئیلشایان نیوە مردوو ڕەوانەی ئەڵمانیا کردەوە. ئەو دەیزانی تازە هەرگیز جارێکی دیکە بە ڕێکەوتیش ڕێی ناکەوێتەوە بە دەرگای ئەو مزگەوتەی کە ماڵ و مەسکەنی جونەید بوو، لەوانەیە تا ڕۆژی مردنیش جارێکی دیکە چاوی بە جونەید نەکەوێتەوە. بۆیە لە ڕوانینی بۆ هەر دەم و چاوێک لە سیمای پاک و پڕ نووری جونەید دەگەڕا! دەیەویست تەنیا سەیری سیماکان بکات بەڵام کەس لە نزیکەوە نەناسێت، بە خۆی دەگوت " ئەی هاورێی شووم، کەس مەناسە باشترە، تۆ هەر کەسێکت ناسیبێت بۆ دووەم ڕۆژ کارەساتی بەسەرداهاتووە! ئەی هاورێی شووم، ئیدی کەس مەکە بە دۆست و هاوڕێت! "

سەیفی لە ڕێگای گەڕانەوەدا بۆ وەلات لە نێو پەنجەرە واڵاکانی پاسەکانی تورکیا هەزار و یەک خەیاڵی جۆرا و جۆری بۆ دەهات. لە دڵی خۆیدا دەیگوت " دەڵێیت عزرائیل بۆتە سێبەری من و هەر کەسێک لێم نزیک بێتەوە و ببێت بە هاوڕێم، ئەو خێرا دەیڕفێنێت. دەبێت بەڵێن بە خۆم بدەم ئیتر نەبم بە هاوڕێ ی کەس، تا ئەبەد بە دوایی جونەیدا نەگەڕێم. دەگەڕێمەوە ماڵ و کچێکی جوان هەڵدەبژێرم کە بۆ دواڕۆژ هەم ببێتە هاوسەر و هەم ببێتە هاوڕێشم. ژنێک تا ئەبەد لە تەنیایی کوشندەی غەریبستان ڕزگارم بکات! پاش مەرگی ئیلشا تازە چیتر ناتوانم ببم بە هاوڕێی کەس، دەچم لە سێبەری چوار خوشکەکانم پشووێکی درێژ دەدەم. کە هەر چواریان لە نیوەڕۆیانی بێ کارەبایی هەولێر دا بە دەستێک باوشینەی خوشکانەم لێبکەن و بە دەستێکی دیکەش لە دەرگای ئەو ماڵە بدەن کە کچێکی جوان و دەلالیان هەیە بۆ شوو! بەڵام بەر لەوە دەبێت بچم بۆ لای دایکی سەرهەنگ، برای سمکۆ، ماڵی خاڵی ئیلشا و خوشکە تاقانەکەی، دەبێت بچمە کن ئەوان و بۆ دواجار هەگبەی دڵی پڕ لە خەمم لە ماڵەکانیان بە تاڵ بکەم "

سەیفی ئەو خەیاڵانەی بۆ دەهات کاتێک پاسە مێرسیدیسە نوێیەکەی کۆمپانیای خابوور– تور بەرەو جزیرە دەچوو تا لە ئۆتۆگاری ئەو شارە پشت گوێ خراوە نیو سەعات بوەستێت. کە دەگەن بە ئۆتۆگار، سەیفی پاش ئەوەی سێ سەد هەزار لیرەیەک دەخاتە دەستی ئەو مێرمنداڵەی کە هێڕ و گێژ ببوو بە بۆنی ئەو ریزە ئاودەستەی کە لە بەیانییەوە لە پێشیان دانیشتبوو. دوایی پرسیار لە شوێنی گۆڕی مەم و زین دەکات. مێر منداڵەکە گوێییەکانی دەتگوت دوو سەتەلایتی بچووکن، چونکە سەیفی هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو ئەو دەستی بۆ لای ئاودەستەکان درێژ کرد. وەک ئەوەی پەنجە باریک و وشکەکەی بخاتە چاوی ئەو هەوا بۆگەن و تۆزاوییەی کە لە لایەک ببوو بە ئاسمان قەدەری ئەو، لەلایەکی دیکەشەوە جوانییەکی هەزارساڵەی داپۆشیبوو. سەیفی لە شێوەی جوولانی پەنجەی دەستی مێرمنداڵەکە بەرەو دەرگای ئاودەستەکان دەزانێت کە مەزاری پیرۆزی ئەو دوو عاشقەی مێژووی کوردان ئەوەندە لە ئۆتۆگار دوور نییە، چونکە مێرمنداڵەکە لە جیاتی تەون کێشانی ڕێگاکان لە هەوادا تەنها یەک دوو جار پەنجەی دەستی بۆ پێشەوە و پاشەوە دەبات وەک ئەوەی شوێنی خەزێنەیەکی شاراوە بە کەسێکی بیانی گەڕۆک نیشان بدات، بیانییەک کە یەکەم جاری بێت پێی نابێتە خاکی بۆتان.

سەیفی سەیری سەعاتە کاسیۆکەی دەستی دەکات و بە پەلە بۆ دەرەوەی ئۆتۆگار ڕادەکات وەک ئەوەی ئیلشا تارماییێکی نادیار بێت و لە دواوەو پێی بڵێت " تۆ و خودا لەبەر خاتری من و ئاووا برۆ سەردانی گۆڕی ئەو دوو عاشقە بەدبەختەی مێژووی کوردان بکە "

سەیفی هەرگیز مەزەندەی نەکردبوو کە مەم و زین لە شوێنێکی وەها تۆزاوی نێژرابن. بە گوێرەی خوێندنەوەی بەیتە شیعرە کورت و دەلالەکانی خانی، سەدان چیرۆک و شانۆنامە و داستان، هەروەها گوێبیستنی بۆ دەیان لاوک و گۆرانی هەمە جۆر، ئەو وای خەیاڵ کردبوو کە مەم و زین لە سەر ترووپکەی شاخێکی بەرزتر لە جوودی نێژرابن. هەتا تەنیا ئەو کەسانە بتوانن سەردانیان

بکەن کە وەک ئیلشا عەشقێکی قووڵ لە ناخیان دایە و لە ڕێگای عیشقدا هەرگیز هەست بە ماندوو بون ناکەن.

" بەڵێ، تەنها عاشقێکی وەک ئیلشا! نەوەک کەسێکی وەک من کە بە ناوەخت بچێت لە هێلانەی نازدارێک هەڵبنیشێت کە پێشتر هەرگیز سێبەری منی بە ئاسمانیدا نەفڕیبێت. من دەزگیرانێکی ئامادە و لە ناکاو بم وەک ئەوانەی لە پڕ لە پرۆسەی سیاسیدا لە ژیانی خەڵک خۆنەویستانە دەردەکەون و ژیانیان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لێ دەگۆڕن. ئای، چەند رقم لە خۆم بوو کە من وەک دوو هاورێیەکەم بە گیانێکی پڕ لە خەون نەمردم، یان وەک ئیلشا بەر لە مردن نەبووم بە پاڵەوانی چیرۆکێکی مەم و زینانە! من لە سەرەتاوە دەمزانی ژیانی من لە ژیانی خەڵکی سادە دەچێت، ئەوانەی خەونەکانیان لە یەکتر چوو و دووبارەن وەک شەو و رۆژ. بۆیە ئەو کەسانە کە دەژین لە ناخیاندا هەردەم گیانێکی بێ خەون بە ئاگایە و لە مەرگیشیاندا تەنها بۆ مەرگ دەمرن! "

لە ڕێگای نێوان ئەدەنە و ئورفە دا لەگەڵ گەزەنگی بەیان، سەیفی دەستی دا ئەو جانتا بچووکەی کە لەگەڵ خۆی بردبووی بۆ نێو ئەو تەکسییانەی سواریان ببوو، فرۆکە سپییە گەورەکەی بە ئاسماندا پێی فڕیبوو، هەروەها ئەو پاسە مێرسیدیسە نوێیەی کۆمپانیای خابوو ـ تور. جانتاکە جگە لە شتە تایبەتیەکانی خۆی وەک تاخمی تراش، فڵچە و مەعجونی ددان، کتێب و گۆڤاری رەنگاو ڕەنگ، سی دی و سی دی لێدەرێکی رەنگ زیوین، هەندێک شت و مەکی ئیلشاشی تێدابوو. یەکیان ئەو نامیلکەیە بوو کە بەر سێ ساڵ لای سەیفی بەجێهێشتبوو بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە نێو جانتا دەستییەکی دا بون، ئەو عەسرە خەمناکەی سەیفی و ئاووا بەسەر تەرمەکەیدا دەگریان!

*                    *                    *

" کەسمان چاوەڕێ و پێشبینی ئەوەمان نەکردبوو کە مەرگی ئیلشا بەو شیوەیە ببینین. کە من و ئاووا ئیلشامان بەڕێ کرد لەو باوەڕەدا نەبووین جارێکیتر بیبینینەوە. ئەو ڕۆژە من لە کاربووم کاتێک دوازدەی نیوەڕۆ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێدرابوو. دەنگی پڕ لە نائارامی و خەمی ئاووا تۆمار ببوو کە بە زمانێکی تاساو هەواڵی ئەوەی پێدابووم کەوا ئیلشایان ڕەوانەی ئەڵمانیا کردۆتەوە. هەردووکمان بە جیا و بە پەلە چووین بۆ فرگەی نێودەولەتی شار، بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانی ئەو فرۆکەیەدا بوەستین کە بەدبەخترین بنیادەمی سەر ئەم زەمینەی تێدابوو. کەسێک کە تەنها من و ئاووا ناخی پاکیمان بە چاکی ناسی؛ لە ئێمەش بترازێت ئەو پێشتر بۆ کەسی دیکە دەرگاکانی دڵی بەو شێوەیە ئاوەڵا نەکردبوو.

ئیلشا جگە لە بەدبەختی و گیرۆدەبونی بە دەستی لوکیمیا، بێبەختی دووەمی ئەوە بوو بە درێژایی شەو و ڕۆژانی دووری تەنها دوو کەسی ناسیبوو کە یەکێکیان ئاووای یار بوو و ئەوی دیکەش منی هاوڕێ و یاوەر. من باسی ئەو خۆشەویستییە ڕەهایەی ناکەم کە بۆ خوشکە تاقانەکەی هەیبوو، ڕێز و خۆشەویستی بۆ خاڵ و خاڵۆژنی، یان سۆزی تایبەتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕێڕەوی ژیانیدا پێیان شاد ببوو و کەوتبونەتە بەردڵی مەزنی. ناسینی من و ئاووا بۆ ئەو تایبەتمەندی و جوداییەکی هەبوو کە خۆشی هەندێک جار بە ڕێکەوتێکی دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمە وەسفی دەکرد، ڕێکەوتێکی ئیلاهی. منیش وەک ئەو هەر هەمان لێکدانەوەم هەبوو لە ئاست ئەوینی ئیلشاو ئاووا، بۆیە بە وەستانم لە سەر سەکۆی گۆڕی مەم و زین تارماییی خانیم لەسەر دیوارە شێدار و کۆنەکەی ئەو مەزارە دەبینی و پێی دەگوتم " کوڕۆ کرمانجێ نەفام، تۆژی وەک من شاهەتێ عەشقەکا گەلەک پیرۆزی، د بنڤییسە بسەرهاتێت ئەڤان بۆ خەلکی! "

بەڵی منیش شایەتی عەشقێک بووم کە بە تەنها لە سەر رووپەری کتێبان هەیەو دەبینرێت، عەشقێکی گەورە و پیرۆز بە قەدەر گەشتی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، عەشقێک بۆ تێکەڵ بونی ئەم دوو دونیایە جیا و لە یەکتر دوورە.

لەو بەرەبەیانە خەواڵووەی نێو پاسدا ئەو ڕۆژە تاڵەم دەهاتەوە یاد کە لەشی شەکەت و پەککەوتەی ئیلشا لەسەر مەڕمەڕە لووس و بریقەدارەکەی نێو هۆڵی قەرەباڵغی فرگەی نێودەوڵەتی شاری شتوتگارت کەوتبوو. لە پێش هەموو ئەو چاوانەی کە بە دیار مەرگی لە پڕ و نائاسایی ئیلشا ئەبلەق ببون، بە لە یەک دابڕانی باڵای بەرزی ئەم دوو عاشقە تا سەر ئێسقانەکانیان نیگەران و تاساو بون. هەروەها بە بینینی تارمایی مەرگ لە شوێنێکی وەها گشتی دا، دەمیان بە قەدەر گەورەیی هێلکە قازێک بۆ ماوەیەک بە کراوەیی جێمابوو!

کە ئیلشا مرد شتێک لە ناخی ئێمەش دا مرد و هەرگیز نەمانزانی چی ناو بنێین. هەستمان بە بۆشاییەکی گەورە کرد لە چاومان، لە دڵمان، لە ناخمان. هەستمان بەوە کرد کە تازە هەر یەکێکمان بە چاوێکی دیکە لە مردن دەڕوانێت و نزیکتر هەستی پێدەکات. چونکە مەرگی ئیلشا جۆرە مەرگێک بوو مرۆڤی لە ناخەوە دەتاساند، مەرگی ئیلشا لوتکەی هەموو ئەو مەرگانە بوو کە پێشتر لە بەر چاوی من ڕوویاندابوو.

ئەو جانتایەی کە ئیلشا لە ڕۆژی سەفەر بردبووی بۆ نێو هۆڵی فرۆکەکە کەمێک لەوەی ئێستاکەی من بچووکتر بوو. بەڵام جانتاکەی ئەو وەک هی من تاخمی تراش و فڵچە و مەعجونی ددانی تێدانەبوو. ئەو لە ڕێگای چونی بۆ مردن هەرگیز پێویستی بەم سێ شتە نەبوو. ئەوەی ئەو لە نێو جانتاکەیدا هەڵیگرتبون بریتی بوو لە قورئانێکی بچووک، کتێبێکی کانتی فەیلەسووف، دیوانێکی رومی، لەگەڵ دوو دەستە بنێشتی بە پونگ خۆشکراو کە لەبەر تاڵی و بێتامی و بۆگەنی دەمی ناچار ببوو هەر سەرە سەعاتێک دەنکێک لەو جۆرە بنێشتانە بخاتە نێو زاری. بۆ ئەوەی ئەو پیاوە قەڵەوەی تەنیشتی بێزار نەکات کە سەر و کەللە و هەیبەتی بازرگانانی هەبوو. ئەو پیاوەی کە هەتا نەگەیشتنە سەر بەحری ڕەش ورتەیەک لە دەمییەوە دەرنەهات، کاتێک ڕەنگ هەڵبزرکاو رووی کردبووە لای ئیلشا و لێی پرسی بوو " سەن نەرە لسن !؟ "

ئیلشا نەیزانی بوو ئەو پرسیارە لە ناکاوەی ئەو پیاوە ئایا هەوڵێک بووە بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ، یان ڕەواندەوەی ترسێکی دەرونی خۆی!؟ بە تایبەت کاتێک پرسیارکردنەکەی یەکسەر دوایی ئەو وەختە دەبێت کە سەری گەورەی بەرەو پەنجەرە بچووکەکە دەبات. ئیلشا لەو پەنجەرەیە بچووکە ناوە ناوە سەیری ئاسمانی دەکرد بەرلەوەی کابرای بازرگان بە ترسێکی زۆرەوە لە قووڵایی خوارەوە و رەنگی نیلی بەحری رەش ڕابمێنێت. پنتکێکی خاکی نە دەبینی چاوەکانی لە نێوان ئەو دوو شینییەی ئاو و ئاسماندا بۆ ماوەیەک رێشکە و پێشکەیان دەکرد و بێ دواکەوتن دەگەڕانەوە سەر رووی پەشۆکای ئیلشا. بەڵام بێ ئەوەی چاوەکانی بزانن کە ئەو مرۆڤە سپیلکە و ناسک و جوانەی بەردەمیان کەسێکە بەرەو سەفەری مەرگ دەچێت.

وەڵامی ئیلشا گەلێک لە پرسیاری ئەو پیاوە قیافە دەوڵەمەندە کورتتر بوو، وەڵامێک کە وەک چوار ئاراستەکەی جوگرافیا بریتی بوو تەنها لە چوار پیتی کورت.

" کورد! "

ئیلشا وەک ئەوەی بەو وەڵامە کورتە بەو کەسانە بڵێت کە لە ئەمسەر و ئەوسەری دونیادا پرسیاری شوێن لە شێوەی هی بازرگانە تورکەکە لە رێبوارانی رێگاکان دەکەن، وەڵامدەر بە پرسیارە ناوەختەکان هەردەم کەسێکە وەک ئەو لە بێشوێنی دا لە هەموو شوێنێکە!

کە جانتاکەم کردەوە بە خێرایی سەیری شتەکانی ئیلشام کرد و دواهەمین دەنکە بنێشتم خستە نێو دەمم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی نامیلکەکەی ئیلشا. کە بریتی بوو لە بەسەرهاتی حەفت رۆژی مانەوەی لە نێو ئاو دا. من لە نێوان ئەدەنە و ئورفەدا لەگەڵ بارینی تیشکی خۆری بەرەبەیان بەسەر خاکە کۆنەکەی حەزرەتی براهیم پێغەمبەر و شاری ئورفە، بڕیارم دا بۆ حەفتەمین جار و دواجار دەستبکەم بەخوێندەنەوەی نامیلکەکەی ئیلشا. هاوکات دواهەمین دەنکە بنێشتم خستە نێو زارم، زۆر بۆم قورس بوو دەنکە بنێشتەکە وەک یادگارێک بۆ خوشکە تاقانەکەی ببەمەوە. لەو دەمەدا چاوەکانم بەرە بەرە پڕ

دەبون لە رۆندک و دەنکە بنێشتەکەی نێو زاریشم تەوژمێکی لە هەناسەی سارد بە بۆنی تیژی پونگ فوو دەکردە نێو سییەکانم، نێو ناخم. ئەمجارە بڕیارم دا بۆ دوا جار نامیلکەکە دابخەم و جارێکی دیکە بۆ ئەبەد نەچمەوە سەری. هەرگیز بیر لەو رووداوانە نەکەمەوە کە وەک مۆتەکە ماوەیەکی دوور بوو سواری ملم ببون و هێواش هێواش جەرگمیان کون کون دەکرد. بڕیارم دا بچم لە سێبەری چوار خوشکەکانم لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ژیانم بکەمەوە. بەڵام پێش ئەوەی ئەو بڕیارە بدەم شتێک بە خەیاڵم دا هات کە بۆ دڵنەوایی خۆم گەلێک سەرنج ڕاکێش بوو. بڕیارم دا بەر لە خوێندنەوە، یەکەیەکەی لاپەڕەکانی نامیلکەکەی ئیلشا بە پەنجەرەی گەورەی پاسەکەوە بنووسێنم و نیشانی ئەو دەشت و دەرەی بدەم کە رۆژگارێکی دوور کەسێکی وەک براهیم پێغەمبەری بە دونیادا بەخشیبوو. لاپەڕەکانم یەک لە دوایی یەک بە شووشەی هەڵم گرتووی پەنجەرەی پاسەکەوە دەنا وەک ئەوەی هەزاران کەس ڕێزییان بەستبێت بۆ خوێندنەوەی نامیلکەکەی ئیلشا. لاپەڕەکانم یەکە یەکە دەدایە دەستی با و لە خەیاڵمدا براهیمێکی پیر وشە بە وشەی بە دەنگەوە بە گوێی چیای جوودی دا دەچرپاند. بۆ ئەو دەشت و دەرەی دەگێڕایەوە کە رۆژگایێک خاکی بەر پێی ئەو بوو، هەنووکەش مەیدانێکە بۆ ئەو تەرمانەی کە بێکەس و بێ ناز دەکەون و دواتریش دەبن بە هێسک پرووسک و تا سەر ناناسرێنەوە! "

## __ناميلكەی ئيلشا__

*__رۆژی یەکەم__ ١٩٩٦/٩/٥*

{ئاو، ئەی خۆشەویسترین شلەی سەر ئەرز، واهاتم و پێییەکانم بە شێنەیی تەڕ بکە، من بەختی خۆم دەدەمە دەستی تۆ!}

پاش ئەوەی لە قولەقاپی ئاوی بەسفوور پێڵاو و گۆرەوییەکانمی تەڕکرد خۆم لە نێو بەلەمێکی هەشت مەتری بچووک بینییەوە کە بە من و قاچاغچییە کوردەکەو قوپتانە تورکەکە، چل کەس دەبووین. نۆزدەی پیاو و دوازدەی ژن و نۆ دانە منداڵ و مێر منداڵ. سەعات نۆی شەو بوو کاتێک تونجای قوپتان ماتۆری بەلەمەکەی هەڵکرد. ئەو بەلەمەی لە تاریکایی شەو دا و بەر لەوەی پێ بخەینە ناوەوەی لە نەورسێکی لووس و سپی و قەڵە و دەچوو کە لە قەراغێکی ئارام دوور لە جەنجاڵی شاری ئەستەنبۆل وەستابێت. بەلەمێک لە چاوەڕوانی ئێمە دا لەسەر شەپۆڵە نەرمەکانی ئاو دا بە جۆرێک لەنجە بکات کە خۆی بە خۆشحالترین بەلەمی سەر ئاو بزانێت.

توڕ... توڕ.. توڕ، ماتۆرەکە چەند جارێک هەڵدەبوو و دەکوژایەوە دەتگوت رۆژگارێکە بەنزین لە گەروویدا خنکاوە. کە هەڵبوو نەفەرەکان هەریەک بە جۆرێک ترس و دڵەڕاوکێ و خۆشی و سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕی. ژنێک لە بەرامبەرم دانیشتبوو دوو منداڵی لە باوەش بوو، لێوەکانی ئەو ژنە وەک باڵی پەڕەسێلکە رەش داگەڕابون، هەروەها وەک باڵەکانی ئەو تەیرە غەریبەش بە خێرایی دەجوولان بە تایبەت ئەو کاتانەی کە هێلانە قوڕینەکانی بن سوواندەی ماڵان بەجێدەهێلن. لێوەکانی بێ نقە دەجوولان، من سەدا سەد دەمزانی کە دەیان ئایەتی کورسی لە گەروویدا بە نیوە چلی بەجێدەهێلێت بەر لەوەی دەست بە خوێندنی یەکێکی دیکە بکاتەوە.

دواتر لەبەر تاریکایی شەو من نەمدەزانی کێ کێیە، دەتگوت یەکێک لە شەوەکانی هەقەیە کە تێیدا هەزار و یەک وشە و زیکر و پاڕانەوە بەریەک

دەکەوتن و هەڵدەقۆزینەوە و تێکەڵ بە یەکتر دەبون. هەندێک دەردی دڵیان بە جوێن و تف ڕۆکردن دەدایەوە، کە لەگەڵ دەست پێکردنی گەشتەکە شڵۆقییێکی وای خستە ناو بەلەمەکە کە دواتر بە چ باجێک تەواو نەدەبوو، هەروەها هیچ کەس لە ئێمە بە خەونیش جورئەتی ئەوەی نەبوو پێشبینی بکات.

من مات و بێدەنگ لەبەرامبەر ژنەکەدا دانیشتبووم کاتێک لە هێکڕا هەستم بەوە کرد کە دەمەقاڵی و دەنگەدەنگ لە نێو بەلەمەکە دەستی پێدەکرد. یەکەم جار ئەو رووداوەم لە بەر سێ هۆ ئەوەندە بەهەند هەڵنەگرت، یەک ـ تاریکی هەموو دونیای لێ داپۆشی بووم و وامدەزانی هەرچی ڕوودات هەرگیز ئاگرەکەی ناگات بە من، دوو ـ نەمدەویست شوێنەکەم لە دەست بدەم نەوەک کەسێکی دیکە لێی دابنیشێت، سێ ـ بە دانیشتم لە بەرامبەر ئەو ژنەی دوو منداڵەکەی لە باوەش خەوتبون هەستم بە ئارامییەکی بێ کۆتا دەکرد و وامدەزانی لەو گەشتە دژوارەدا سەدا سەد بەشێک لە سێبەری میهرەبانی ئەو دایکە بەر منیش دەکەوێت.

دەنگە دەنگ تا دەهات زیاتر دەبوو، ئەوەی من گوێم لێی دەبوو بریتی بوو لە دەمەقاڵی نێوان دوو کەس، کە یەکەم بە تورکی دەئاخڤی و تووڕە بونێکی بێئەندازەی پێوە دیار بوو، کەچی دووەم بە تێکەڵ کردنی کوردی و تورکی وەک دۆ و دۆشاو شێواوی کەسێکی پێوە دیار بوو کە بە زۆرەکی ڕەوانەی شەڕێکی بەرۆک گرتوو کرابێت. من بە لەیەک گیربون و لەیەکتر گیرنەبونی قسەکانیان لە دوورەوە دەمزانی کە زۆر نابات شەڕێکی چاوەڕوان نەکراو لە نێو بەلەمەکە روو دەدات. لە هات و هاواری قسەکان و کۆبونەوەی خەڵک لە دەوریان زانیم کەوا یەکێک لە نەفەرەکان لەگەڵ هەڵبونی ماتۆرەکە تفێکی بە لێواری ئاوی بەسفوور دا کردبوو. لەو کاتەدا قوپتانی بەلەمەکە ئاگاداری کرداری ئەو کەسە دەبێت و مێشەکەی لێدەکات بە گامێش، بەوە تاوانباری دەکات کە تفی لە خاکی تورکیا کردووە. نەفەرەکە بە سەرسوڕمانەوە ئاوڕ بۆ لای ئەو کەسانە دەداتەوە کە لەگەڵ دەستپێکی گەرم بونی دەمەقاڵی نێوان ئەو و قوپتان کۆببونەوە، وەک ئەوەی بیەوێت دەستەک و پشتگیری لە ئەوانەوە

بخوازێت" من هەرگیز تفم بە تورکیادا نەکردووە، خەڵکینە ئەو کابرایە لە خۆڕا و لەسەر هیچ شەڕم پێدەفرۆشێت!"

پاش ئەوەی لە هیچ کەس شتێک نابیستێت، بەردەوام دەبێت دەڵێت " بە خوا من تەنها قووڕگم پاک کردەوە! " پاشان لەگەڵ وشە باران کردنی یەکتر بە کردووتە، نەمکردووە!... کردووتە، نەمکردووە! لە نێوان ئەو و قوپتاندا دەمەقاڵی دەگات بە ترۆپک و بنبەست. قوپتانی بەلەمەکە کە ناوی تونجای بوو بە هات و هاوار لە نەفەرەکە نزیک دەبێتەوە و توند یەخەی دەگرێت. لە نێو هات و هاوار و جوێن دانی هەردووکیاندا زۆر نابات زرمەی بۆکس وشەق دەبیسترێت، هاوکاتیش دەنگەدەنگی ئەوانەی هاتبون بۆ بەڕەڤانی بارەکەی خراپتر شڵەژاندبوو. من لە جێگای خۆم هەڵنەستام، بەڵام گوێیەکانم وەک قەپاغی دوو مەنجەڵی گەورە کە بە دەستی کابانێکی چێشت خەسار بوو توند بەیەکتر دادرابن پڕ ببوو لە هات و هاواری ئەو دوو کەسە بەشەڕ هاتووە، دەنگە دەنگی بەڕەڤانان، لەگەڵ قیژە و زیڕ و هۆڕی منداڵان. خەڵکەکە نائارام و تاساو بون بەوەی نەوەک بێدەنگی شەو وەک گوێییەکانی من چیتر نەتوانێت قیڕ و هۆڕی ئەم هەموو دەنگانە بە خۆیەوە بگریت، بە تایبەت کاتێک هێشتا گلۆپەکانی قولەقاپی شەوقیان وەک نەورەسە خەووتوەکانی قەراغ ئاو بوو و بە دەست دەگیران. لەوە دەترسان نەوەک ئەنجامی ئەو شەڕە ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموویان خۆیان بە دەستبەستراوی لە قەرەقۆلێک دا ببیننەوە، ماندوو بون و مەسرەفی ئەو گەشتەیان بە فووی تفێک بدرێتە بەر با. بۆیە هەموویان پێکەوە هەوڵیان دەدا کە تونجای دابمرکێنەوە.

بەلەمەکە هێشتا کیلۆمەترێک نەڕۆیشتبوو کە هەمان نەفەرەکەی جاران هەستایە سەر پێ و ئەمجارە تفێکی پڕ بە گەرووی بە رووی تورکیادا فڕێ دا. کە هەواڵ گەیشت تونجای زۆر بە بێدەنگی ماتۆڕی بەلەمەکە دەوەستێنێت و بە خێرایی بۆ لای کابراکە دەچێت. بێئەوەی ماوەی بدات رووی وەربگێڕێت، تونجای یەکسەر پاڵ بە پشتی نەفەرەکەوە دەنێت و بە دوایی تفەکەی دا فڕێ دەداتە نێو ئاو. لەو شەوە بێدەنگەدا کابرا وەک شتێکی بێ بایەخ دەکەوێتە نێو

دەریا و بڵقەکانی دوا هەناسەشی وەک بڵقەکانی تفەکەی زوو ون دەبن و دەمرن.

لەوە ناخۆشتر نییە کە گەشت بە مەرگی کەسێک دەست پێبکات. خەڵکەکە زۆر هەوڵیاندا یارمەتی ئەو کەسە بدەن کە لە بێدەنگی شەو و دەریادا هێواش هێواش دەخنکا، بەڵام لەبەر تاریکایی شەو هەموویان شڵەژا بون و کەس نەیدەزانی یارمەتی و دەستەک بەرەو کام لا ڕەوانە بکات. هەتا لە پڕ کابرایەک پەیدادەبێت و دەگاتە سەر لێواری خوارووی بەلەمەکە و شەوقی لایتەکەی لە شوێنی هاوار و شڵپە شڵپی کەسەکەدا دەدا. بەڵام ئەو و نیوەی خەڵکەکە لە جیاتی ئەوەی سەر و کەللەی کابرا ببینن کە بەر لە چەند دەقیقەیەکی روناکییەکە لە پەلەقاژەی مەرگ دابوو، تەنها بڵقە بڵقی دوا هەناسەکانی ئەویان بینی کە وەک نیوە گلۆپی سفری ڕەنگاو ڕەنگ سەر ئاو کەوتبون. لە هەمان کاتدا نیوەکەی تری خەڵکەکە خەریکی لێدان و قوتانی تونجای بون کە لەژێر لایتی هەمان پیاو کە بۆ سەری کەسە خنکاوەکەدا گەڕابوو، سەری تونجای دەردەکەوت کە لەبەر شەلالی خوێن کەس رووی ئەوی نەدەناسیەوە. ئەو شەوە جگە لە من و ئەو ژنەی دوو منداڵی لە باوەشدا خەوتبون نەفەرەکانی نێو بەلەمەکە ببون بە دوو بەرە، بەرەیەک هەقیان دەدا بە بکوژ بەرەکەی تریش دەیان دا بە کوژراو یان راستر بڵێین بە خنکاو. ئەمەش لە بێدەنگییەکدا بەڕێوە دەچوو کە تەواوی دونیا ئاگاداری بەسەرهاتی نێو بەلەمەکە نەبوو. دەتگوت ئێمە لە نێو بەلەمێکدا بووین کە دوا تۆی ژیانی هەڵگرتبێت. بەر لەوەی لافاوێکی سەر تا سەر هەر حەفت کیشوەری لەگەڵ خۆی بردبێت. بەلەمێک کە بە گەیشتنی بۆ سەر وشکایی ژیان لە نوێ دەست پێبکاتەوە، بەڵام ژیانی ئەویش وەک جاری ئەوەل بە مەرگ و کوژرانی کەسێک دەستی پێکردەوە، بەلەمێک کە قوپتانەکەی هەم کەسی بکوژە هەم کەسی نیوە کوژراو.

ئای، من چەند رقم لە کرداری کوشتن بوو، کاتێک بکوژ ژیانی کەسێکی تر لە هی خۆی کەم نرختر دەزانێت. کاتێک لە تووڕەیی و دەمار گرژی دا گەورەترین هەڵە دەکات.

پاش ئەو کارەساتە بەلەمەکەی ئێمە بستێک رێی نەکرد و دەنگی تونجایش وەک لوورەی گورگێکی بریندار شەوە ڕێیەک دەڕۆیشت. قاچاغچییە کوردەکە ناوی سامی قورتار بوو وەک برایەکی پشتی لە پاڵ سەری دانیشتبوو و هێواش هێواش برینەکانی تیماردەکرد، سەر و ملی تونجای شارەزایانە بە لەفافێکی سپی پێچابوو. دواییش وەک کادرێکی سیاسی هەستایە سەر پێ و بە چەند وشەیەکی کورت ویستی شڵەژان و تێکقژانی نێو بەلەمەکە کەمێک هێور بکاتەوە. کە گەڕایەوە پاڵ سەری تونجای هەریەکێک لە ئێمە بە جۆرێک چارەنووسی خۆی لە نێو ئەو وشە ئامادەنەکراوانەی سامی قورتاردا بینییەوە.

من وەک ئەو ژنەی دوو منداڵەکەی لە باوەشدا خەووتبون لە شوێنی خۆم نەجوولابووم، لە کاتیکدا ئەو بەرەیەی دژ بە تونجای دروست ببوو لەگەڵ ئاخاوتنە کورتەکەی سامی قورتار وەک هەوری چڕی بەر با هەڵدەتەکا، هەڵدەوەشا و پەلە هەورەکانی خەریک بون سێبەرییان بۆ سەری برینداری تونجای دروست دەکرد. ئەو کەسانە لە ترسی قەدەری خۆیان ئومێدی زووتر چاکبونەوەیان بۆ تونجای دەخواست و بە هەردوو دەست ئەو قوژبنە تاریکانەی خەیاڵیان دادەپۆشی کە ناوە ناوە بە نیوە گڵۆپی سفری ڕەنگاوڕەنگ روناک دەبونەوە و سەری کابرا خنکاوەکە بەدەر دەکەوت کە ئاخی حەسرەتی هەڵدەکێشا.

من لەو نێوانەدا لە شوێنی خۆم نەجوولابووم و داخ و پەژارەیەکی زۆرم لە بەرامبەر ئەو گەشتە هەبوو کە بە مەرگی کەسێکی بێتاوان دەستی پێکرد. ترسم هەبوو کە من و گەلێک کەسی دیکە وەک ئەو لەو گەشتە ترسناک و نادیارە دا نەگەین بە هیچ!

*رۆژی دووەم* ١٩٩٦/٩/٦

{ئەی دەریای سپی و جوان ئێمە زۆر بچووکین لە ئاستی تۆدا، میهرەبانبەو بەزەییت بە ئێمە دا بێت!}

پاش ئەوەی بەلەمەکەی ئێمە بۆ ماوەی حەڤدە کاتژمێر لە شوێنی خۆی نەجوولا هەر یەکێک لە ئێمە ناخۆشترین شەوی تەمەنی بەڕێ کرد. لەو ماوە درێژەدا باوەڕ ناکەم جگە لە منداڵەکان کەس تیکە نانێک یان قوومە ئاوێکی چووبێت بە گەروویدا. سەرەڕای ئەوەی کە سامی قورتار بەلەمەکەی پڕ کردبوو لە نان، خورما، مۆز، سێو، تەماتە و گەلێک سەوزە و میوەی دیکە. ئەوەش بە کۆی ئەو پەنجا دۆلاری ئەمریکاییەی کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە لە هەر یەکێک لە ئێمەی وەرگرتبوو.

سامی قورتار بە وەستانی لە بەردەم تەلیسە بەسەریەک دا دراو و نەکراوەکانی پڕ بەو شتانە لە دوکانداریێکی بازاڕی تەیراوە دەچوو، کە خەڵک لە بەر گرژی و مۆنی دەم و چاوی ماوەیەکی دوور بێت پشتیان لە دوکانەکەی کردبێت.

من و گەلێک کەسی دیکە بە تەنها پشتمان بەو خۆراکە کەلەکە کراوانەی سامی قورتار نەبەستبوو کە بۆ کڕینی هەر دوو سەد دۆلاری تێچووبوو کەچی ئەو هەزار و نۆ سەد دۆلاری بۆ کۆکردبووەوە. هەر یەکێک لە ئێمە جانتایەکی بچووکی پێ بوو کە لەگەڵ کەمێک خۆراک هەندێک شتی پێویستی دیکەشی تێدابوو، نینۆک بڕ وەک یەک نمونە.

من لە لوتکەی بێزای و رقبونەوە لەو چاوەڕوانییە بێمانایەی تێیدا بووین زریزەی جانتاکەم کردەوە و لەگەڵ جیڕەی کرانەوەیدا ئایفەرم دەهاتەوە خەیاڵ. کاتێک لە ئەسکی بازار بەر لە کڕینی ئەو جانتایە یەک بە یەکەی ئاوزێنە و زریزەی ئەو جانتایانەی سەیر دەکرد کە لە بەردەم دوکانەکاندا دانرابون، یان بە دیوارا هەڵواسرابون. من لە کاتی دەستگێڕانم بە نێو ئەو جانتایەی کە لەو ساتە ناخۆشە دا ئایفەری دەلالی بیرهێنامەوە، ژنەکەی

بەرامبەرم دەبینی خۆی و دوو منداڵەکەی باوەشی لە شیرینی خەودا بون. یەکەم شت کە کەوتە نێو لەپم بریتی بوو لە سۆسەجێکی تورکی پڕ لە سیر کە پێنج دانەیانم لێی کڕیبوو.  بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە، یان گوێ بەو رۆژگارە بدەم کە لە کەنار ئاو چاوەڕێم دەکات. کاتێک خۆم لە نێوان دوو پۆلیسی بیانی دەبینمەوە و یەک وشە لە زمانایان حالی نابم، ئەوانیش لەبەر بۆنی پنگاوەی سیر لە هەناسەم دا خوایان دەبێت کە وسکت بم و قسە نەکەم.

ئێمە هەمووماں واماندانابوو یان سامی قورتار پێی ڕاگەیاندبووین کە سەفەرەکە لەیەک رۆژ زیاتر ناخایەنێت. بەڵام کاتێکی زۆر بەسەر چوو بوو و هەر لە نێو ئاودا بووین. لەگەڵ هەڵاتنی خۆر سامی قورتار سافیرەیەکی قایمی لێدا و زۆربەی نووستووەکانی بە ئاگاهێنا. لە ناواڕاستی بەلەمەکە نا ئارام وەستا وەک ئەوەی رابەری شوڕشێک بێت کە لە نیوەی ڕێگاوە تێک شکابێت. یان سەرکردەی شۆڕشێک کە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ئەو هەڵەی بۆ ڕێکخستبێت کە ئەو رۆڵە بگێڕێت. لەگەڵ سافیرەکەی سامی قورتار نیوەی خەڵکەکە هەستابونە سەر پێ و دەوریان لە سامی قورتار دابوو کە زۆربەیان پیاو بون. کەچی ژن و منداڵەکان بە بێدەسەڵات و داماو لە شوێنەکانی خۆیان مابونەوە و چاوەڕێی گەڕانەوەی پیاوەکانیان دەکرد کە بە هەواڵی خۆشی وەک کولێرەی گەرم بگەڕێنەوە لایان. ئەو ژن و منداڵانەی کە فرمێسک لە چاوانیان وەک ئاوێکی ئەبەدی قەتیس مابوو، لە ئەنجام هەموو شتێکیان تەڕ دەبینی، هەموو شتێک سارد.

من لە بێدەنگیدا قەپم لە سۆسەجی دووەم دەدا، لە کاتێکدا هێشتا ئەو ژنەی بەرامبەرم خۆی و منداڵەکانی لە شیرینی خەودا بون. پیاوەکان هێشتا بە تەواوی نەگەڕابونەوە کە گەمیێکی زەبەلاحم دیت لە دوورەوە بەرەو بەلەمە بچووکەکەی ئێمە دەهات. لە نێو تاریکایی شەودا لە هەورێکی رەش دەچوو کە لافاوێک بارانی پێبێت. گەمییەکە دیاربوو عەمبارێکی بازرگانی بوو و شلەیەکی سووتێنەری هەڵگرتبوو. ئەوەش لە هێمای هۆشداریکردنەوەکەدا دیار بوو کە

لەسەر بورجی گەمییەکەدا کێشرابوو. ئەو هێمایە بریتی بوو لە کەللەی سەرێک کە دەتگوت فلچەی نیگارکێشێک وێنەکەی کێشابوو کە پێشتر راستەوخۆ یان لە شاشەی بچووکی تەلەفزیۆندا بە دەیان و سەدان و هەزاران کەللە سەری بینیبێت. ئەو کەللە سەرە وێنەکەی ئەوەندە زیندوو و سامناک کێشرابوو کە لەگەڵ نزیک بونەوەی گەمییەکە و تێپەڕینی بە تەنیشتماندا هەترەشی من بە تەواوی چوو بوو. ئەو کەللە سەرەی کە من بەسەر بورجی گەمییەکەوە دەمبینی زۆر جیابوو لەوانەی کە ریکخراوی ئێم ئەی گی بۆ هۆشداری خەڵک لە دەشت و دۆڵە بێ ئەژمارەکاندا چەقاندبونی. ئەو کەللە سەرەی کە دەمبینی رووی بە ترسی بە دوو ئێسکی شێوە ئێکسی ئینگلیزی دانەپۆشرابوو، بەڵکو رووی ترسناکی بە تەواوی بەدەرەوە بوو. لەگەڵ نزیک بونەوەی گەمییە زەبەلاحەکە لە بەلەمەکەی ئێمە، کەللە سەرەکە وەک مۆتەکەی مەرگ بە سەرسەری منەوە دەرکەوت. لەگەڵ نزیک بونەوەی گەمییەکە لە ئێمە، کەللە سەرەکە تا دەهات زاری زیاتر دەکردەوە و لە پێش چاوم گەورەتر دەبوو. هەستم دەکرد ئەو کەللە سەرە گەورەیە مۆتەکەیەکی زیندووە و بە دوایی بکوژانیدا دەگەڕێت، بە دۆزینەوەی کەسێکی وەک تونجای لە نێو بەلەمەکەی ئێمەدا خەریکە هەموومان پێکەوە هەڵووشێت. بۆیە ئێمە هەموومان بە تونجای و سامی قورتایشەوە ترس و لەرز هەتا سەر ئێسقانەکانمان ڕۆچوو بوو. من دوایی بۆم دەرکەوت کە تونجای و سامی قورتار ئەوەندەی لە ئاڵا سوورەکەی پێشەوەی بەلەمەکە ترسابون ئەوەندە بایەخییان نەدابوو بە کەللە سەرەکە. ئاڵاکە لەبەر رەنگە خوێناوییە تیرەکەی و شەکانەوەی بێ پەروای بە شنەی دەریا زیاتر لە فیستانی سەماکەرێکی فلامینگۆ دەچوو کە تازە کچێنی خۆی لە دەست دابێت.

تونجای و سامی قورتار هەر هاوار و منگە منگیان بوو بەر لەوەی هاوار لە ئێمەش بکەن بۆ ئەوەی خۆمان لە سەر زگ درێژ بکەین. بە جۆرێک کە نەدەبوو نە چاومان، نە ددان، نە شتێکی شەوقدەرەوەی لەشمان بە دەرەوە

بێت. من وامدەزانی ئەو گەمییە عزرائیل بوو و بە دوایی بکەری ئەو مەرگە دا دەگەڕا کە لە دوور چاوانی ئەو لە تاریکایی شەو دا ئەنجام درابوو!

مەرگێک کە هۆکارەکەی هیچی و بێقیمەتی تفێک بوو!

مەرگێک کە دەسپێکی گەشتێکی نا هەمواری پڕ لە بەدبەختی بوو! وامدەزانی عزرائیلە بە هەمان گوڕی ئەو رۆژانە دوایی ئێمە کەوتووە کە تەرمی هابیل لە پێدەشتێکی دوورە دەست بەدی دەکات و دواییش لە تۆڵەی ئەو تا ئەبەد بە دوایی قابیل و نەوەکانی دا دەگەڕێت. بە دوایی هەموو ئەو کەسانەی کرداری کوشتن ئەنجام دەدەن پاشان لە پڕ لە نێو تاریکایی شەودا ون دەبن.

من ئەو خەیاڵانەم دەکرد کاتێک شەکەت لەبەر پێی ئەو ژنە کەوتبووم کە دوو منداڵەکەی لە باوەش بوو. لەسەر زگ ڕاکشابووم بەڵام لە جیاتی لووت من گوێم بە تەختەی بەلەمەکە نوساندبوو. دەنگێکم گوێ لێ دەبوو کە لە قووڵایی دەریاوە دەگەیشت، دەنگێک بوو تەنها لە دەنگی بۆشایی و ڕەهابون دەچوو. گوێی راستەم پڕ ببوو لەو دەنگە کە وەک پستە پستێکی پەنا دیوار پێی دەگوتم " دڵنیابە، تۆ هەرگیز لە ڕێگای سەفەردا نامریت! "

بۆ دەنگەکە، من وامدەنوواند کە هیچ حاڵی نابم، ناچار دوو بارە و سێ بارە و دە بارە دەهاتەوە گوێم و دەیگوت " دڵشاد، تۆ لە ڕێگای سەفەردا نامریت. ئەو کاتانە نامریت کە گیان و جەستەت لە نێو شتێکی بە جوولە دان! " دیسان من وامدەنوواند کە هیچی لێ حاڵی نابم. ئەمجارە دەنگەکە سەد بارەو هەزار بارە دەبووەوە دڵمی بە جۆرێک دادەخورپاند کاتێک پێی دەگوتم " مردنی تۆ هەرگیز لە کاتی جوولەدا ڕونادات، تۆ هەرگیز ئەو وەختانە نامریت کە چ بە خۆت چ ئەو شتەی ژێرەوەت لە جوولەدا بێت! "

زۆر دەترسام و لەو مەتەڵە نەگەیشتم، دەمگوت خودایە نهێنی ئەو دەنگە چییە کە لە قووڵایی دەریاوە دەهێتە نێو گوێم. ئایا من رۆژێک بە پیری لە سەر جێگای نەخۆشیدا دەمرم کە قەرەوێلەکەی ژێرم جوولە نەکات و ئیتر نەبردرێت بۆ ژووری نەشتەرگەری. لە کاتێکدا دەمرم کە دۆشەکەکەی ژێرم بەر لەخۆمەوە ماوەیەک بێت مردبێت. واتە بە پیری دەمرم پاش ئەوەی من بەر لە

خۆشەویستانم لە بونی خودی خۆم دەمێکە بێزار بوویم. من بە جۆرێک دەمرم کە لە کۆتاییدا مەرگێکی سادە و ساکار بێتە ڕێم، و ئەو مەرگە لە مردنێکی بەتاڵ و هیچ، هیچ ناوێکی دیکەی نەبێت.

دەنگەکە لەگەڵ نزیک بونەوەی گەمییەکەدا گەورەتر دەهاتەوە نێو گوێم و پێی دەگوتم " نا نا..... نا، دڵشاد، هەرگیز خەیاڵی وەها مەکە!؟ تۆ بە جۆرێک دەمریت کە بە پیۆەبیت، لە باوەشی جوانێک کە تا نێو مۆخی ئێسقانەکانی تۆی خۆشبوویت! "

" ئای، خودایە! ئەو پەیامەی ئەمجارەی هەناوی قووڵی دەریا گەلێک لەوەی پێشوو سەرسامترە، گەلێک ترسناکتر! "

" بە پیۆە و لە باوەشی جوانێک! "

" کەوابێت دیارە من بە گەنجی دەمرم، ئەگەر وەها نەبێت چ جوانێک حازرە منی پیر لە باوەش بگرێت!؟ "

لە ترسان زوو گوێم لە تەختەی زەمینی بەلەمەکە کردەوە و لە جیاتی دا کەپۆم بە توندی بە تەخەکەوە نووساند. ئەمجارە لە جیاتی گوێ گرتن لە قسەی سارد، بۆنێکی ساردتر لە بای قووتب، ناخۆشتر لە بۆنی ماسی مردارو سپێنەی هێلکە دەپرژایە نێو سییەکانم. کەچی سەرەڕای ئەوە نەمدەویست چاوەکانم هەڵبڕم نەوەک لە ناکاو چاوم بکەویتە سەر جوانێکی شاراوە لە نێو ئەو دوازدە ئافرەتەی کە لە نێو بەلەمەکە دا لە گەڵمان بون. نەمدەویست هەتا سەر لە ڕاکشانەکەمدا هەڵبستم، نەوەک لە نێو ئافرەتەکان دا ئەگەر جوانێکیشم نەهاتە بەر چاو، فاتیمەیەکی یۆنانی لەوسەرەوە و لە قەراغ ئاو بۆ گەیشتنم چاوەڕێ بێت. تا هەر بە گەیشتنم و پێ دانانم بۆ سەر وشکایی دەست بخاتە ملم و بە ماچێک بمکوژێت.

بە لاچاوێک سەیری کەللە سەرەکەی سەر بورجی گەمییەکەم کرد و دووبارە ترس دایدەگرتمەوە. سەیری ئاڵا سوورەکەشم دەکرد کە وەک فیستانی سەماکەرێکی فلامینگۆ دەهاتە بەر چاوی من و لێی نەدەترسام. کەچی لەولاوە تونجای و سامی قورتار وەک دوو گای بلح ئەو ئاڵایەیان وەک پەرۆی دەستی

پاڵەوانێکی ئیسپانی شمشێر وەشێن دەبینی و دەترسان لەوەی ئاڵاکە ئاڵای توركیا بێت و گەمییەكەش پڕ بێت لە پۆلیسی سنوور پارێز. وایاندەزانی هەر دەمێکی ترە خۆیان کەلەپچەکراو لە قەرەقۆلێکیدا دەبینەوە و کۆتایی بەو بازرگانییە خەتەرناکەیان دێت. لە ئەنجامدا هەردووکیان سەرشۆڕ و مایە پووچ دەردەچن. ئەوان لە رەنگی ئاڵاکە دەترسان کە رەنگەکەی لەو خوێنە دەچوو کە بە لەفافەکەی سەری تونجای وشک ببووەوە.

من ئەوەندەی لە رەنگی سپی و ئاڵی کەللە سەرەکە دەترسام، ئەوەندە رەنگی ئاڵاکەم بە لاوە گرنگ نەبوو. ئەمشەوە ئاڵا هەر رەنگێک بووایە هەرگیز بەو ئەندازەیە کاری لە ناخم نەدەکرد و مانای مەرگی نەدەبەخشی ئەوەندەی کاریگەری کەللە سەرەکە بە سەر من دا. کەللەی سەر هی چ وڵات و خاکێک بێت هەرهەمان رەنگی هەیە، هەر هەمان ترس و گومان لە پێنج قوڵتە بۆش و تاریکەکانی دەم و لووت و چاوەکانی دەخوێنرێتەوە. دەمەویست لەو کاتەدا هاوار بکەمە لای تونجای و سامی قورتار و پێیان بڵێم " هۆ کەللە پووت و سەرسەرینە، لەو پارچە پەڕۆییە مەترسن کە وەک بەرگی سەماکەرێکی فلامینگۆ بە ئاسماندا دەشەکێتەوە. لەوانەیە ئەوە ئاڵای هیچ وڵاتێکیش نەبێت! ئاڵا سەرەڕای ئەوەی کە سومبولێکی پیرۆزە بۆ نەتەوەکان، پارچە پەڕۆیەکی هیچ و بێگیانیشە، بۆیە پێتان دەڵێم ئێوە بەرلەوەی لەهەر ئاڵایەک بترسێن دەبێت بزانن ئەو کەللە سەرە شەڕخواز و دوژمنکارە کێیە کاتێک ئاگری شەڕ هەڵدەکات  و چاوانی زارۆ و ژنی بێ تاوان نابینێت!؟ تونجای، تۆ بەر لەوەی لە ئاڵایەکە بترسێیت لە کەللە سەری خۆت بترسە کە خوێناوییە وەک کەللە سەری کەسی بکوژ و خراپەکار. هۆ سامی قورتار، تۆش لەو کەللە سەرەی سەر بورجی گەمییەکە بترسە، لە کەللە سەری تونجای، هەروەها لە کەللە سەری خۆشت بترسێ کە هەم شەریکی بکوژە، هەم رۆژێکیش دێت چلێسی بۆ پارە تۆش دەکات بە بکوژ "

تا گەمییەکە نزیکتر دەبووەوە من زیاتر لە کەللە سەرەکە دەترسام و ئەوانیش زیاتر لە ئاڵاکە. خۆشی لە خۆیان ترسی ئەوان زوو وەلاچوو کاتێک

بازنەیەکی سپییان بە دەوری ئەو هەیڤە بەدی کرد کە لە لەتە کاڵەکێکی بێتام دەچوو. بەرە بەرە بۆیان رون دەبووەوە کە ئەو ئاڵایەی دەیانبینی ئاڵای وڵاتی تونسە نەوەک تورکیا!

بە نزیک بونەوەی گەمییەکە لە بەلەمەکەی ئێمە، کەللە سەرەکە تا دەهات ترسناکتر دیار دەبوو لەبەر چاوی من و ئەوانەی وەک من لە تارمایی مەرگێک دەترسان کە کەللەی سەر دیارترین هێمایەتی. لەگەڵ تێپەڕینی خێرای گەمییەکەدا تەوژمێکی سپیتر لە ئاوی تاڤگەی بێخاڵ، بەڵام پێچەوانەی ئەو لە بەخشندەیی زۆر تووڕە و تووش درا بە رووی بەلەمەکەی ئێمە و نقوومی ژێر ئاوی کردین. چەند جارێک نقووم دەبووین و سەر ئاو دەکەوتینەوە هەتا گەمییە نەگبەتیەکە دوور نەکەوتەوە ئێمە لە گەمەی چەرخ و فەلەکی نێوان مەرگ و ئاو دا دەربازیمان نەبوو. کە دەکەوتینە ژیر ئاو زیڕەی دوو منداڵەکەی ئەو ژنەی لە بەرامبەرم دانیشتبوو لە ناو گوێیەکانمدا ویزە ویزێکی بێ کۆتایان دەهات و دەیانبردم بۆ ئاقارێکی لە بیرکراوی ژیر ئاو کەوتوو کە تاڵی مەرگی منداڵی بە نێوچەوانەوە بوو. لەو کاتەدا من لە لێوارێکی بەلەمەکە خۆم لە شوێنێک ئاخنیبوو کە سەرەکەی بە پلێتێکی ئەستوور داپۆشرابوو، لەو دژوارییەدا من لە مێروولەیەک بێدەسەڵاتر دیاربووم و پەرۆشیم بۆ دوومنداڵەکە وەک چەقۆیەکی تیژ جەرگمی شەقار شەقار دەکرد. ئەو دوو منداڵەی کە لە نێو تێکقژان و هەڵپەهەڵپی خەڵکی نێو بەلەمەکە بە تەواوی سەرگەردان و سەرنگووم ببون. ئەوەی دەهاتە نێو گوێی من تەنها دەنگی هات و هاوار و گریە و ناڵەی ئەوان بوو. ئەو دوو منداڵە بێکەس و خەمبارەی کە تەوژمی ئاو لە بەر چاوی دایکیان گۆل گۆلێنی پێدەکردن، سەر ئاو و ژێر ئاوی دەخستن، و بێبەزەییانە ئەملاو ئەولای پێدەکردن. بۆ دوا جار بەلەمەکەمان سەر ئاو کەوتەوە دایکەکەم دەبینی وەک مریشکە ئاوی تەڕ سەرلێشێواوانە دەگەڕا و بە دوایی منداڵەکانیدا ئەمسەر و ئەوسەری بەلەمەکەی دەپشکنی. کە بێئومێد بوو لە گەڕان، لە ناوەڕاستی بەلەمەکەدا قیژەیەکی لێدا کە لە نێو میحرابی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد دەنگی دەدایەوە،

لە سەر ترۆپکی ئەکرۆپۆل دەبیسترا. قیژەیەک لە هەناوی جەرگ بڕاوی دایکێک دەردەچوو کە نەیدەزانی رووی بۆ چ لایەک وەرگێڕێت، فریادڕەسی لە کێ داوا بکات.

ئەو کەسەی لایتی بە دەستەوە بوو خێرا خۆی گەیاندە لای پشتەوەی بەلەمەکەو شەوقی لایتەکەی ئاڕاستەی ئەو شوینە کرد کە گەمییە تونسییەکەی پێدا تێپەڕیبوو. من بە پەلە خۆم گەیاندە لای ئەو کەسە بۆ ئەوەی بتوانم سەیری شوێنی روناکییەکە بکەم بەڵکو دوو منداڵەکە ببینم. ئەوەی یەکەم جار بینیم دیمەنێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو دەتگوت بازاڕێکی وەک بازاڕی تەیراوەیە و ئاو بردوویەتی. سەر رووی ئاوەکە پڕببوو لە تەماتە، سێو، مۆز، پورتەقال، قوتووە گۆشتی ماسی و مانگا، و دەیان شتی تریش. پاش چەند دەقیقەیەک لە گەڕان بەدوایی گووم بوواندا کابرای لایت بە دەست توانی چەند شتێک بخاتە نێو شەوقی بازنەیی لایتەکەی کە لە سەر ئاوی دەریادا لە بەلەمێکی زەرد و خڕی فریاگوزاری دەچوو. شتەکانیش لە دوورەوە ئەوەندەی لە گیانلەبەرێکی سەیر دەچون ئەوەندە شێوەی ئادەمیزادیان نەدەدا. کابرایی لایت هاوارێکی کردە لای تونجای و سامی قورتار تا ماتۆری بەلەمەکە وەگڕ بخەنەوە. بەڵام ئەوەندەی هەوڵیان دا سوودی نەبوو، چونکە هەموو پلاک و وایەرەکانی دەزگاکە تەڕ ببون و پێویستیان بە کردنەوە و وشک کردنەوە هەبوو. دوو کەس لەولاوە دەستیان کردبوو بە سەوڵ لێدان و پاش چەند دەقیقەیەک نزیک بونەوە لە شوێنی شەوقی لایتەکە. دوو سەر لە نێو ئاودا دەردەکەوتن و ڕەش دیاربون، لە پاڵیشیان رووی دوو منداڵەکە لە دوو مانگی بچووک دەچون کە لە ئاسمانی سەردەمێکی پێشترەوە کەوتبن. من بێ ئەوەی وردتر لەو دیمەنە پڕ لە مەترسییە بڕوانم، بە غار چووم بۆ لای ئەو ژنانەی کە دایکی دوو منداڵەکەیان توند گرتبوو کاتێک ویستبووی بە دوایی رۆڵەکانی خۆی فڕێ بداتە نێو ئاو. من بە پەلە گەیشتمە لایان و پێم گوتن" خوشکینە منداڵەکانمان دۆزییەوە! "

لەو کاتەدا وامدەزانی منم تەنها پاڵەوانی نێو بەلەمەکە، من بووم ئەو کەسەی کە لایتەکەی دەرهێنا و دوو منداڵەکەی خستە نێو بازنەیەکی روناک، من بووم ئەو کەسەی بە گوورپێکی زۆرەوە سەوڵی بەلەمەکەی لە ئاو دەدا. ژنەکە لە نێوان قۆڵی ئەو دوو ژنەی کە بە زۆر گرتبوویان و لەبەر چاوی من لەکەسێک دەچوو کە لە رۆژی جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانی یەکێک وەک خدرێ زیندە لێی وە ژوور کەوتبێت و پێی گوتبێت، برۆ ئیتر تۆ ئازادیت.

من لەگەڵ کردنی قسەکانم بۆ ئەو ژنە لەو خدرێ زیندەیە دەچووم و پەیامبەری خۆشترین هەواڵ بووم بۆ ئەو. ئەو هەر کە گوێی لە دەنگم بوو رووی وەکو مانگی چواردەی لێهات و ئەمجارە لە جیاتی هەوڵدان بۆ خۆ فڕێدانە نێو ئاو دەیەویست بەرزبێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسمان و ئەو قوژبنانە روناک کاتەوە کە لە تاریکیدا لە نێو دژوارترین تەنگژە دان. ئەو ژنە لەو وەختەدا رووی ئەوەندە گەش و جوان بوو، من ئومێدی دەربازبونی خۆم ڕەوان لە نێو چەوانی ئەودا خوێندەوە. هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبون لەشی لە نێوان قۆڵی دوو ژنەکەدا هەڵپچڕکاند و یەکسەر بەرەو رووی من هات. یەکسەر پڕی دا دەستم و دەستی کرد بە ماچ کردنی. من لە نێو هەڵچونی پڕ لە سۆزی ئەو ژنەدا چەند لە تەیرێکی بێ باڵ و بێزمان دەچووم ئەوەندەی دەمکرد نە دەمتوانی خۆم دەربازکەم، نە ئاخاوتنی هەناوم لە سەر زمانم بکەم بەدەنگ و قسە. ئەوەندە بێهێزیش بووم نەمدەتوانی دەستم لە ژێر لێوە ساردەکانی ئەو ژنە دەربهێنم تا چیتر ماچیان نەکات. دوو ژنەکەی پێشتر ئەویان گرتبوو باش بوو زوو گەیشتنە هاوارم و ئەو ژنەیان وەک جاری پێشوو لە نێوانان بەند کردەوە و بەرەو ئەو شوێنەیان برد کە کابرای لایت بە دەست لێی راوەستابوو. منیش بە دوایی ئەوان دا خۆم گەیاندە شوێنەکە و لە تەنیشت کابرای لایت بە دەست وەستام. وامهەست دەکرد تەنیشت ئەو لە هەموو شوێنێک ئارامترە، چونکە باوەڕم وابوو ئەوەی روناکی بە دەستە هەردەم رزگارکەر و سەرکردەیە. روناکی ئەو توانی پەردە لەسەر تاوانێک هەڵماڵێت کە لە سەرەتای

گەشتەکەمان ئەنجام درا، هەروەها رووی بکوژ و سیمای نادیاری کوژراومان نیشان بدات وەک دوو بچمی هەرگیزا و هەرگیز دژ بە یەک و لەیەکتر نەچوو!

خەڵکەکە بە درێژکردنی دەستی یارمەتی، بە فڕێ دانی چووپی پڕ لە هەوا، بە بەکارهێنانی سەوڵ و قایشی پشت توانیان دوو پیاوەکە دەربهێنن کە لە نێو ئاودا هەر یەکەیان منداڵێکی لە باوەشیدا هەڵگرتبوو. منداڵێکیان ساغ بوو و چاوەکانی وەک گۆمی خوێنیان لێهاتبوو و بۆ دەرەوە دەرپەڕی بون. دەگریا و بێئەوەی بزانێت کە چی بەسەرهاتووە. منداڵی دووەم کە ساڵێک گەورەتر بوو لە باوەشی سامی قورتار دەتگوت خەوێکی قووڵی لێکەوتووە. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک پتر سەرنجمانی ڕادەکێشا و ترسی خستە گیانمان سکی ئاوساوی منداڵەکە بوو کە لەژێر بلوزە رەنگاوڕەنگەکەیدا لە شووتییێکی حەفت رەنگ دەچوو. منداڵە بچووکەکە بە پەلە گەیشتەوە لای دایکی، کەچی گەورەکە لەسەر بەتانییێکی تەڕ درێژکرا. ئەوەی حەرفێکی لە کاری فریاگوزاری دەزانی لە منداڵەکە دەچووە پێش و هونەری خۆی تاقی دەکردەوە. لەلای ئەوانەوە منداڵەکە ئەوەندە پاڵ بە سنگییەوە نرابوو، من باوەڕم وابوو لە ژێر ئەو فشارە زۆرەیان، پەراسووە ناسکەکانی منداڵەکە یەک بە دوایی یەک دەرزیان دەبرد و دەشکان. ئەوەندەیان پف کردە نێو دەم و لووتی، بەڵام هەر هەمووی بێ سوود بوو و نزەیەکی لێوەنەهات.

ژنەکە بە تووڕەبونێکی بێئەندازە دەیەویست تەوقی ئەو بازنەیە بشکێنێت کە دەوری رۆڵەکەی ئەویان دابوو. دەیەویست هاوار بکات بڵێت " پێشم چۆڵکەن برایینە، پێشم چۆڵکەن. من رزگارکەری رۆڵە شیرینەکەی خۆمم، بە تەنها من دەتوانم دڵی بچووکی بە دەستەکانم بە ئاگابێنم. برایینە لێیم گەڕێن هەر من دەتوانم هەناسەی ژیان جارێکی تر بخەمەوە نێو ئەو دوو کونە کەپووە جوانەی. بە قوربانتان بم، رێگەم بدەن با تێر رۆڵەکەم لە باوەش بگرم و بۆنی بکەم. من دایکم و لەو دژوارییەی کە ئەوی تێدایە هەر من بە تەنها تاکە دەربازکەر و هیوام بۆ ئەو "

***رۆژی سێیەم ٧/٩/ ١٩٩٦***

**{خودایە! مەرگی منداڵ شەرمەزارییە بە نێو چەوانی گەورانەوە یان قەدەرێکە بچووک بچووک؟}**

**جگە لە دایکی دوو منداڵەکە کە وزە و تینی تێدا نەمابوو لە بەرگری و شین بۆ منداڵە خنکاوەکەی، هەر یەک لە ئێمە لە پاش شەکەتی و ماندووبونی دوو رۆژی پێشوو کەوتبووینە نێو خەوێکی قووڵ. نە ئاگامان لە خۆمان بوو، نە لە شین و گریانی ئەو ژنە. هەروەها نە تەڕی جل و بەرگیشمان ببوو بە رێگری خەو.**

**بۆ بەیانی من لەگەڵ تیشکی گەرمی خۆری پایز بە ئاگاهاتم و خۆم دووبارە لە بەرامبەر ئەو ژنە بینییەوە کە منداڵە مردووەکەی توند توند لە باوەش گرتبوو. ساغەکەش لەسەر رانەکانی خەوی لێکەوتبوو. تیشکی خۆری بەیانی بە سەر رووی هەردوو منداڵەکەدا جیاوازی نێوان رووی مەرگ و ژیانی لە نزیکەوە نیشاندەداین. لەگەڵ وشک کردنەوەی جل و بەرگی تەڕمان، تیشکەزێڕینەکانی ئەو خۆرە دەتگوت دەنگی دایکێکی میهرەبانە و پێماندەڵێت کەوا ئەگەر دەریا مەرگی بۆ هێنابین، ئەوا ئەو بەرگی ژیانەوەمان دەخاتەوە بەر. لەگەڵ وشک بونەوەی جل و بەرگ و شتەکانمان یەک بە یەکی نەفەرەکانی نێو بەلەمەکە منداڵەکانی لێدەرچێت بۆ سەرەخۆشی و دڵدانەوە دەهاتە لای ئەو ژنەی دوو منداڵی لە باوەش بون یەکیان مردوو و ئەویتر زیندوو. نیوەڕۆ تونجای و سامی قورتار بەر لە هەموو پیاوەکان یەکەم کەس بون کە هاتبونە لای ئەو، کەمێک خواردنی خۆیان بۆ هێنابوو کە ئاو شانسی ئەوەی نەببوو بە هەدەری ببات وەک تەلیسی سەوزە و میوەکان.**

**ئەوەی من پێم سەیر بوو تونجای و سامی قورتار دووبارە بۆ شەو گەڕانەوەو ژنەکە کە بە رەقی و توڕەبون وەڵامی بەرخوردی هەردووکیانی دەدایەوە. یەکەم جار نەمدەزانی مەسەلە چییە بەڵام بۆ دوایی لە گریەی ئەو و هات و هاواری ژنەکانی لە دەوری ئاڵابون زانیم کە تونجای و سامی داوایان**

لە ژنەکە کردبوو کە منداڵە مردووەکەی فڕێ بداتە نێو ئاوی دەریا. پێیان گوتبوو کە ئەگەر هەتا ئێوارە ئەو داوایەیان جێ بە جێ نەکات ئەوان هەڵوێستێکی دیکە وەردەگرن، ماتۆڕی بەلەمەکە چاک ناکەنەوە و بەردەوام نابن لەو گەشتە پڕ مەترسییەکەی نێو دەریا. یەکەم جار بە ژنەکەیان گوتبوو کەوا ماتۆڕی بەلەمەکە سووتاوە و ئەگەر چەند ڕۆژێکی دیکە وەها بمێننەوە ئەوا تەرمی منداڵەکەی بۆگەن دەکات کەس ناتوانێت لە نێو بەلەمەکەدا بمێنێتەوە و ئەوانیش ئامادە نین ئەو هەموو خەڵکە بکەن قوربانی منداڵێک!

ژنەکە لەو بینە و بەردەیەدا هەر هاوار و قیژەلێدانی بوو. ئەوەندە دەهری و تووڕە بوو وایدەزانی لەو ساتە وەختەی کە تێیدایە دونیا هەر هەمووی دژ بە ئەوە. من هەستم کرد لەو نێوانەدا قەت ناتوانم دوورە پەرێز بوەستم، بە تایبەت بۆ کەسێکی وەک من کە لە گەڕەکێک گەورە بووبێت کە هەردەم ژنی کۆست کەوتووی لە بەر چاو بووە. هەروەها لەو گەشتەشمدا چارەی ژنێکی بێبەخت هەر لە سەرەتاوە بەرامبەرم بوو وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ هەموو ئەو خەم و پەژارەییەی من لە بەرگی ڕەشی بێوەژندا خوێندمەوە کاتێک لافاوی خوێن سەری دەبرد، ئەو ڕۆژانەی برا سەنگەری لە برا گرتبوو.

پاش ئەوەی تونجای و سامی قورتار مۆڵەتیان دا بە ژنەکەو و گەڕانەوە شوێنی خۆیان، من بە باشم زانی قسە لەگەڵ ژنەکە بکەم و کەمێک دڵی بدەمەوە بەرلەوەی بچمە لای تونجای و سامی قورتار. من داوام لە تونجای و سامی قورتار کرد کە دەبێت نرخێک بۆ سۆزی قووڵی دایک دابنێن لە کاتی جەرگ سووتان دا. پرسیاری ڕاستی و دروستی سووتانی ماتۆڕی بەلەمەکەشم لێپرسین. هەروەها پێم گوتن کە من شووشەیەک گوڵاوی گرانبەهام پێیە دەتوانم بەژنەکەی ببەخشم تا بەسەر تەرمی کوڕەکەیدا بیپژێنێت بەڵکو کەمێک لە بۆنەکەی کەم دەکاتەوە. من لە بەرامبەریان بە پێوە وەستابووم کە ئەو سێ داوایەم لێدەکردن، بە کوردی لەگەڵ سامی قورتار و شێوە تورکیەکیش لەگەڵ تونجای دەدوام کە لە لۆقانتەکەی نەدیم بەی فێری ببووم. هەردووکیان ئەوەندە بایەخیان بەو کردارەی من نەدا وەک ئەوەی من تارمایی شتێکی هیچبم

بەرامبەریان، کەسێکی بێدەسەڵات بم کە تەنها لە کاری ژنانەدا پسپۆر بێت، یان کەسێک بم کە داواکارییەکانی بۆنی بازووی پیاوانەیان لێنەیێت. من لەگەڵ ئەو بێبایەخیەی تونجای و سامی قورتار تەواو هەڵچووم بەڵام دانم بە خۆمدا گرت و ناچار گەڕامەوە لای ژنەکە. هەر بە گەیشتنم بۆ لای ئەو بڕیارم دا کە پارێزگاری لەو ژنە بکەم ئەگەر گەشتەکە و ئەوروپا و خۆشم لە سەر دانابێت. پێم گوت " خوشکێ، هەتا من لێرە بم کەس ناتوانێت تەرمی رۆڵە خنکاوەکەت فرێبداتەوە نێو ئاو؛ دڵنیابە هەرگیز ڕێگایان نادەم ئەم زوڵمەت لێبکەن "

پاش ماوەیەک بینیم کە سامی قورتار بەرەو لای ئێمە دەهات، من یەکسەر هەستامە سەر پێ و چووم لە بەردەم ژنەکەدا وەستام. سامی هەر کە گەیشت دەستی کرد بە هات و هاوار بەسەر ژنەکە کە بۆچی وەک کابرای تفکەر بووە بە رێگر و بەربەست لەبەردەم دەست پێکردنەوەی گەشتەکە. بە لاچاوێک سەیری منی دەکرد و بە ژنەکەی دەگوت " دەزانی تونجای سوێندی خواردووە کە تا ئەم تەرمە فڕێ نەدرێت جوولە نەکات! "

سامی قورتار کە بینی من بەردەمی ژنەکەم گرتووە بێئەوەی یەک وشە لە زاری بێتە دەر یەکسەر هات بەرۆکی منی گرت بۆ ئەوەی لە بەردەم ژنەکە وەلام بنێت. من لەبەرامبەر ئەو رەفتارە نابەجێیەی سامی دا نەمویست بە توندی بەرپەرچ بدەمەوە نەوەک بارەکە ئاڵۆزتر بکەم. بە تایبەتی کاتێک ئێمە کۆیلەی دەستی ئەو بووین و رێگایەکمان لە پێش نەبوو بۆ هەڵاتن. سامی بێدەنگی منی بە ترسنۆکی لە قەڵەمدا و چەند جارێک منی هێنا و برد و نینۆکی پەنجەکانی وەک دڕک توند چەقیبونە گەردنم. من پاڵم پێیوە دەنا کەچی دووبارە دەگەڕایەوە دەتگوت خوێنی تونجای بەسەر چاوی ئەودا ڕژابوو. لەگەڵ ئەو دەنگ و هەرایەی ئێمە کابرای لایت خێرا گەیشتە لامان. ئەو پێشتر چەند جارێک شەوقی لایتەکەی خستبووە سەر ئاخاوتنی من و ژنەکە لەلایەک و پرتە و بۆڵەی سامی قورتار لەلایەکەی دیکەوە.

کابرای لایت و ئەو دوو ژنەی کە بەر لە دۆزینەوەی دوو منداڵەکە دایکەکەیان لە نێوانیاندا توند گرتبوو تا نەتوانێت خۆی فڕێ بداتە ناو ئاو لە ئێمە نزیک بونەوە. پاشان هێواش هێواش دەور و پشتم قەرەباڵغ تر دەبوو، لەگەڵ ئەوەدا من زیاتر پێم دادەگرت لەسەر پشتگیری کردنی ژنەکە. کاتێک بینیم هەموو ئەوانەی پێشتر ببون بە دژی تونجای لە ئەنجامی رووداوی کابرا خنکاوەکە هاتبون پشتگیری لە ژنەکە و هەڵوێستی من بکەن لە بەرامبەر سامی قورتاردا. سامی قورتار کە ئەو هەموو خەڵکەی لە پشتگیری من بینی یەکسەر هەڵچوو و وەک گوربەیەکی هار پڕی دایە قرت قرتۆکم ئەوەندەی نەمابوو بمخنکێنێت. لەگەڵ نینۆکە پیسەکانی پێستی گەردنم بە خراپی بریندار بوو و داماڵا. پاش ئەوەی سامی قورتار لە ژێر فشاری خەڵکەکە وازی لێ هێنام و گەڕایەوە لای ئاغاکەی، من هەستم کرد لە یەک کاتدا کەسێکی دۆڕا و سەرکەوتووم، هەروەها ترسنۆک و ئازا. لە ژێر شەوقی کابرای لایت بە دەست و لەو ئاوێنەیە بچووک چوارگۆشەیەدا کە یەکێک لەو دوو ژنە گەنجەی کە رۆژی پێشوو دایکی دوو منداڵەکیان گرتبوو نەوەک خۆی فڕێداتە ناو ئاو. توانیم برینی سوور هەڵگەڕاوی گەردنم ببینم کە لە ئیمزای حاکمێکی زاڵم دەچوو کاتێک بە نووکە قەڵەمێک تاوانبار و تاوانکەر لە بێتاوان بێتاوانتر نیشان دەدات. برینەکە ئەگەر هەتا سەریش بە گەردنیشمەوە بمابایەوە من هەرگیز هەستم بە شەرمەزاری خۆم نەدەکرد و ئەو رۆژگارانەم بیرنەدەچووەوە کە تیایاندا من بەرگریم لە ژنێکی خەمبار و بێدەسەڵات کرد. کاتێک وەک جەنەرالێکی بریندار لە گەرمەی شەڕ سەیری برینەکانی بکات، منیش لە ناوەڕاست خەڵکەکە دانیشتبووم سەیری برینەکەی گەردنم دەکرد و گریانم بۆ ئەو منداڵە مردووە دەهات کە لە باوەشی دایکی ئاگای لە هیچ خۆشی و ناخۆشییەکی دونیادا نەمابوو. لەو کاتەدا دەنگێکی پڕ لە سۆز بە شێنەیی بوو بە مێوانی چاوەڕوان نەکراوی گوێییەکانم. دەنگەکە لە لای ئەو کەسە دەهات کە مردن و ژینی پێکەوە لە باوەش گرتبوو. ئەو ژنەی بە دەنگێکی پڕ لە سۆز و گریەوە پێی گوتم " برام، خودا دەست بەتەمەنتەوە بگرێت "

سەعات هەشتی شەو بوو جلەکانمان بە تەواوی وشک ببونەوە هەموومان خەونمان بە خەوێکی بیست و چوار سەعاتی دەبینی کە لە بە ئاگاهاتنیدا خۆمان لە کەنارێکی ئارام ببینینەوە. لەو شەڕە ڕزگارمان بێت کە بەرۆکی بەلەمەکەمانی گرتبوو و ببوو بە چارە و قەدەرمان. ئەو بەلەمەی کە کارەساتی دوو مەرگی ناوەخت کردبووی بە دوو کەرت، دوو بەرەی لە یەک نە چووی دژ بە یەک. بەرەیەک کە لەگەڵ دەستپێکی گەشتەکەمان کرداری کوشتنی بێگوناهێکی ئەنجامدا و زوو چاوپۆشی لێکرد، دوابیش لەگەڵ ڕۆحی ناسکی منداڵێکی بێکەسی خنکاودا کەوتە ملە. بەرەی دووەم بەرەی زوڵم لێکراوان بوو ئەوانەی بەرگریان لە مافی کابرا خنکاوەکە کرد، تونجایان سزا دا، دوابیش پشتی ئەو ژنەیان گرت کە هەرگیز ئامادە نەدەبوو دەست بەرداری تەرمی منداڵەکەی بێت و فڕێی بداتە نێو ئاو. بەرەی یەکەم بەرەی تونجای و سامی قورتار و هەموو ئەو کەسانە بوو کە تەنها بۆ گەیشتنە سەر خاکی یۆنان ئامادە بون چاوپۆشی لە مەرگی بێگوناهێک بکەن، پشتیان بکەن لە دایکێکی بێکەس و جگەر سوتاوو. من و کابرای لایت و ژنە خاوەن ئاوێنەکە کرابووین بە رابەری ئەو کەسانەی دژ بە ڕەفتارە زاڵم و ناڕەواکانی تونجای و سامی قورتار بون.

بەلەمەکەمان لە ناوەندی دەریاوە چەقی بەستبوو نە بۆ پێش دەڕۆیشت نە بۆ پاش دەگەڕایەوە، وەک تەنێکی نامۆ بەسەر ئاودا دەلەنجییەوە و سەمای لە سەر نەغمەیەک دەکرد کە لە نێوان مەرگ و ژیاندا بوو. لەو کاتەدا ئێمە ئەوانەی لە نێو بەلەمەکەدا بووین بە تەواوی ببووین بە دوو بەش و ململانێمان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ئەوان سوور بون لە سەر ئەوەی کە بەلەمەکە یەک بست نەخەنە جوولە ئەگەر ئێمە تەرمی منداڵە خنکاوەکە نەخەینە ئاوەوە.

لایەنی ئێمە بریتی بوو لە چوار پیاو، حەفت ژن، کوڕ و کچێکی دوازدە ساڵان، لەگەل دوو منداڵەکانی ژنەکەی بەرامبەرم ئەویش یەکیان زیندوو و

ئەوی دیکەش مردوو. کەچی لایەنی ئەوان بریتی بوو لە چواردە پیاو، پێنج ژن، سێ کچی هەرزەکار و کوڕێک.

باوکی کچە دوازدە ساڵییەکە کە خۆی و هاوسەرەکەری لە بەرەکەی ئێمەدا بون، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو. ئەو رۆژەی لە قولەقاپی بەڕێکەوتین دەستی کرد بە چڕینی گۆرانییەکی میکائیل بەڵام پاش ئەوەی تونجای پاڵی نا بە کابرایەکە و خنکاندی گۆرانییەکەی لە نیوەدا بڕی و بێدەنگ دانیشت. تا ئەو رۆژەی بەرەی ئێمە لە دەوری دایکی دوو منداڵەکە دا ئاڵابوو لە هێکڕا دەستی کرد بە خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئان و لەوێدا زیاتر دەنگی لە دەنگی تووخی دەچوو. لەسەرەتا ئێمە هەموو وامان دەزانی کە ئەو پیاوە دەنگ خۆشە دەبێتە ئاهەنگ و خۆشی گەشتەکەمان. بەڵام لە بەر ئەو دوو رووداوە جەرگبڕەی هاتە رێمان و ئەو پێشهاتانەی کە لە رۆژانی دواتریش قەومان. ناچار ئەو پیاوە تەنها لە دوو رێکەوتدا دەنگی خۆی پێناساندین لە جاری یەکەم دەنگی پڕ بوو لە نهێنی نەغمەیەکی خۆش کە لە دەنگە خەمناکەکەی میکائیلدا هەیە، کەچی جاری دووەم دەنگی پڕ بوو لە حووزنێکی قوول کە هەر بەتەنیا لە دەنگە خۆشەکەی تووخیدا دەردەکەوێت.

ئێمە هەمووومان برسیمان بوو، ئەوەی جێگای دڵخۆشی من بوو جانتاکەم هەر لە شوێنەکەی خۆی مابوو. ئەوەش هەم لەبەر قورسی کێشەکەی بوو بە قوتووە گۆشت و سۆسەجی پڕ سیر، هەم لەبەر خزانیشی بوو بۆ ئەو قوژبنەی کە لە رۆژی پێشوو دا لە ئەنجامی تەوژمی ئاو خۆم تێیپەستبوو. بەر لەوەی خۆم دەست بە خواردن بکەم سۆسەجێکم دەرهێنا دام بەو ژنەی منداڵێکی زیندوو و یەکێکی مردووی لە باوەشدا هەڵگرتبوو. ئەو بەشەرمەوە سۆسەجەکەی لێ وەرگرتم لە کاتێکدا کە خەم و ئەسرین و پەژارە لە هەر بستێکی ئەو ژنە باڵا بەرزەدا دەباری. ئەو ئێوارەیە ئەو ژنەم بە خەمبارترین بنیادەمی سەر ئەم زەمینە هاتە بەر چاو. ئەوانی تریش دەستیان کردبوو بە خواردنی ئەوەی هەیانبوو لەگەڵ ئەو سێو و پورتەقالانەی کە تەوژمی دوێنێکەی ئاو لەگەڵ خۆی دا بۆ لای ئێمەی هێنابون. شوێنی ئێمە کەوتبووە

لای سەرەوەی بەلەمەکە لەوێ هەموومان دەورمان لەیەکتر دابوو وەک ئەوەی کۆمەڵە خێزانێکی رۆژانی کۆچڕەو بین و لە دەم و چاوی یەکتردا ئومێدی ڕزگاربون بخوێنینەوە. لە نێو ژنەکاندا من ژنێکی زگپڕی تەمەن دەوروبەری بیستساڵەم بەدی کرد کە لە تەنیشت ئەو ژنە دانیشتبوو کە پێشتر ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە من تا سەیری برینی گەردنم بکەم. ئەو دوو ژنە لە گفتوگۆ و تێکەڵیان لە خزم و ناسیاری یەکتر دەچون. من بە دیتنی ئەو ژنە ئاووسە خۆشحاڵ بووم، بەوەی کە لە نێو بەرەکەی ئێمەدا دڵێکی زۆر بچووکی شاراوە بۆ ژیان لێدەدات. هەر بۆیەش ئومێدم وابوو کە لە بەر خاتری ئەو ساوایە بێگوناهەی نێو رەحمی ژنەکە رزگاریمان دەبێت و دەگەین بە کەنارێکی ئارام. ئەو رۆژە لەگەڵ گەیشتنمان دەست دەکەین بە ناشتنی تەرمی منداڵە خنکاوەکە، داواش لە دایکە تازەکە دەکەین کە بۆ سەبووری چەند دەقیقەیەک مەلۆتکەکەی بخاتە باوەشی ژنە کۆست کەوتووەکە. کەس لە ئێمە پێشبینی ئەو ناخۆشییانەی نەکردبوو وەک سامی قورتار پێشتر پێی ڕاگەیاندبووین کە گەشتەکە هەمووی چەند سەعاتێکە و ئیتر خۆمان لە سەر خاکی دورگەیەکی یۆنانی دەبینینەوە. لەو کاتەدا یەکێک پرسیبووی کە ئەو بۆچی بەلەمەکەی پڕ کردبوو لە خۆراک. ئەو لە وەڵامدا گوتبووی کە لە ڕێگای قاچاغدا متمانە بە هیچ شتێک ناکرێت جا ئەگەر ئەو شتە دەریا بێت، خاک بێت، ئاسمان و ئینسان.

دیار بوو لە ئەنجامی هەرا و هۆریا و تراژیدیای رۆژی یەکەم بە خنکانی کابرایەکەی تفی کرد بە رووی ئاودا، پاشان لێدان و قووتان و سەرشکاندنی تونجای. بەلەمەکە لەو رێڕەوەی دەبوایە پێیدا تێپەڕ بێت زۆر بۆ دوور لایدابوو. دەتگوت بەلەمەکەی ئێمە تەنێکی نامۆی و بێخودان بوو کە شەپۆلی دەریا وەک سەگێکی بەرەڵا بەرەو نادیار بزوواندبێتی.

تونجای و سامی قورتار خۆشیان سەریان لێشوابوو، ئای، کە چەندە ئەستەم و بەدبەختی بوو کاتێک چارەنووسمان کەوتبووە دەست کەسانێک کە تەنها لە بیری گیرفانەکانیان دابون. ئەوانەی گریە و ناڵین و مەرگی منداڵ

هەرگیز کار لە دڵە بەردبووەکانیان ناکات. خەمناکی ژن ئەبەد نابێتە خەمناکی ئەوان. ئای، ئەو رۆژە چەند رقم لە هەردووکیان بوو!

وەک زۆربەی گەشتیارانی نێو بەلەمەکە چەند رۆژێک بوو نەچوبوومە سەر ئاو و ئەوەی خواردبووم هەمووی ببوو بە بەرد لە هەناوم. زگی خۆم گرتبوو لە تاو ئازار و دەمەویست دان بە خۆمدا بگرم چونکە لە نێو بەلەمەکەدا پەناگەیەکم شک نەبرد بۆ ریتن لێی. نەمدەزانی وەستای ئەو بەلەمە نەگبەتییەی ئێمە بە چ عەقلێک ئاودەستێکی لە دروست نەکردبوو، دەتگوت هەمان بەزمی بازاڕە قەرەبالغەکانی لای خۆمانە کە کەس لە تەنگاویدا قەیسەری لێ دەبێتە کونە مشک. نازانم ئەوانەی بنیاتی ئەو شتانەیان کردبوو وایانزانیوە خەڵک ئەوەی دەیخوات بە عەقل، یان ئەو خەڵکەیان بە ئاژەڵێکی قیت و وەستاو داناو و پێیان ئاسایی بووە کە وەک ئاژەڵ لە کوێ تەنگاو بون بتوانن لەوێندەر بڕین. ئای، کە ناخۆشە لە تەنگانەدا تەنگاو بیت! دڵم لەپەڕی تەنگی دابوو و جوێنم بە دروستەکەری ئەو بەلەمە دەدا. هەروەها رۆژگارێکی نێو قەیسەری هەولێریشم دەهاتەوە یاد کە تێیدا نەفرەتم لە بنیاتنەری قەیسەرییەکەش دەکرد.

نەفرەتم لە خۆشم دەکرد کە چۆن بە دەستی خۆم، خۆم تووشی ئەو بەزمە کردبوو، کە چۆن بەتاڵ کردنی ئەو شتە بۆگەنەی نێو هەناو کە پێیدەڵێن گوو بۆم ببوو بە گەورەترین کێشەی ژیان. ئاوڕێکم بۆ لای دەستە چەپم دایەوە شەوقی لایتێکم بەدی کرد یەکسەر بە پەلە بۆ لای چووم وەک ئەوەی مسۆگەر ئەو دەرسە بزانم کە روناکی هەرگیز هەڵخەڵەتێنەر نییە. دوایيش هەر وا دەرچوو لەگەڵ نزیک بونەوەم لە شوێنی روناکییەکە بۆنی پنگاوەی گوو لەگەڵ هەوای شێداری دەریا بێ روخسەت چووە نێو هەردوو کونە کەپۆکانم.

" ئحم .... ئحم! " کابرای لایتەکە وەکو هەر دانیشتووێکی گووکەر بێئەوەی زاری بکاتەوە ئەو دەنگەی بە باشترین شێوە زانی بۆ ئەوەی کەسێکی ڕەتبوو بە تەنیشتیدا ئاگاداربکاتەوە.

" منم، من ...... دڵشاد! " گوتم.

**ئەو لایتەکەی هەڵگیرساند و بە شەوقێک شوێنێکی بۆ کردمەوە بۆ ئەوەی لێی دانیشم، وەک ئەوەی هاتنی منی پێشتر پێشبینی کردبێت.**

**" دڵشاد، ئەگەر تەنگاویت وەک من قونت بدە بەر با و وەرە لێی دانیشە! "**

**من زۆر بە پەلە قایشی کاوبۆکەم کردەوە و لەسەر لێواری بەلەمەکە دانیشتم، نیوەی لەشم خستبووە دەرەوە و نیوەکەی تریشم لە ناو بەلەمەکەدا هێشتبووەوە. پێییەکانم بە هێز لە بنمێچی بەلەمەکەدا گیر کردبوو و بە دەستیشم توند لێوارەکەیم گرتبوو تا پشتا و پشت نەکەوم. پاشان دەستم کرد بە خۆ گوشین و دەمەویست ئەوەی لە هەناومدا هەیە لە جیاتی کابرا خنکاوەکە و دایکی دوو منداڵەکە بیکەم بە رووی دەریادا، بە رووی تونجای و سامی قورتار. ئەوە ترسناکترین گووکردنی تەمەنم بوو کە تێیدا گرمەی دەنگی ترِم وەک تۆپی نەمساوی بە گوێی شەودا دەنگی دەدایەوە. من و کابرای لایتەکە ئەو شەوە لەگەڵ ئەوەی هەردووکمان رابەری بەرەیەک بووین دژی زوڵم، دوو ترِکەنی گەورەش بووین.**

***رۆژی چوارەم*** ***٨ /٩/١٩٩٦***

**{ئەی دەریای سپی بێباک تۆ بەوەی هەر رۆژەی کەسێکمان لێدەخنکێنیت، ئێمە ناچار دەکەیت پیسایی بکەین بە رووتدا! }**

**کابرای دەنگ خۆش بڕیاری دا ببێت بە نوێنەری ئێمە و بچێت لەگەڵ بەرەی خواروو دابنیشێت تاوەکو بزانێت تونجای و سامی قورتار داواکارییان چییە و لەبەر چی بەلەمەکە جوولە پێناکەن؟ بەیانی زوو بوو و ئە لەگەڵ هەڵاتنی خۆر دا هەڵستابوو. پێش ئەوەی بڕوات هاتە لای من و کابرای لایت بە دەست بۆ ئەوەی باس و خواسمان لەگەڵ بکات بەر لە چونی بۆ لای ئەوان.**

**ئێمە هەردووکمان هیچ لاریمان لەو بیرۆکەییەی ئەو نەبوو، وەک دوو کەسی سەڵت هەرگیز نەماندەویست ببین بە بەربەست لەبەردەم بیری کەسێکی خێزاندار کە لە تەنگانە و ناخۆشییەکاندا باری سەر شانی سەد جار و هەزار جار قوورسترە.**

**کابرای دەنگخۆش هێشتا بەتەواوی نەڕۆیشتبوو کاتێک دیمان چوو لە پەنایەک دانیشت تا ژنەکان نەیبینن و بە خێرایی خەریکی داکەندنی بلوزە خورییە ئەستوورەکەیی و فانیلە ئارەقگیرە سپییەکەی بوو. دوایی دووبارە بلوزەکەی کردەوە بەر و چاوی بەئەملا و ئەولا و بنمێچی ژێر لێواری بەلەمەکەدا گێڕا تا پارچە دارێکی پەیداکرد. دوایی چەند دەقیقەکەیەک بە پەلە فانیلە ئارەقگیرە سپییەکەی لە دارەکە بەست و جارێکی تر هەستایەوە سەرپێ. لەگەڵ هەر هەنگاو هەڵێنانێک فانیلە سپییەکەی دەشەکاندەوە دەتگوت کەسێکە بە ناو خاکێکی بە مینرێژکراو ڕێدەکات بۆ سەپاندنی ئاشتی و راگەیاندنی ئاگربەست. ئێمە هەردووکمان من و کابرای لایت بە دەست لە دوورەوە چاودێریمان دەکرد کاتێک دیمان لەوبەر سامی قورتار هەستاوەتە سەر پێی و بە گومانەوە لە دیمەنی پێکەنیناوی کابرای دەنگخۆش دەڕوانێت. کە لەو سەربازە بێچارەیانە دەچوو کە لە شەڕە دۆڕاوەکان لە ترسی کوشتن ناچار خۆیان دەدایە دەست نەیارانیان.**

نزیکەی سەعاتێک بە سەر چوو و کابرای دەنگخۆش نەگەڕایەوە! ئێمە لەوە دەترساین کە ئەوان دەست بەسەریان کردبێت، هەروەها بیرمان بۆ سەد گومانی خراپتریش دەچوو، خیانەت بۆ نمونە! ژن و کچە دوازدە ساڵییەکەی چەند جارێک هاتنە لای ئێمە و داوای سۆراغی ئەویان دەکرد. هەردووکیان وەک هەموو مێینەیەکی بێبەری لەو دووبەرەکی و ئاژاوە و شەڕانەی کە پیاوان لە شوێنە جیاجیاکانی دونیادا بەبێ پرس کردن بە ئەوان دەیانگێڕن، چاوانی ژن وکچەکە پڕببون لە پرسیار و ناڕازیبون و گریان.

نزیکەی نیو سەعاتی دیکەش بەسەرچوو ئینجا کابرای دەنگخۆش گەڕایەوە. لەو وەختەدا هاوسەرەکەی لە تەنیشت من و کابرای لایت بەدەست وەستابوو، هەر کە شووەکەی لە دوور بەدی کرد دەستی چەپەی بە هیز لە سنگی دا و گوتی " ئۆخەی! وا گەڕایەوە " هەر کە دانیشت گرژی و ماندووبون بە دەم و چاوییەوە دیار بوو، دەتگوت دانوستانێکی چڕ و پڕ و ئاڵۆزی هەبووە کەچی دوا ئەنجام گەییووە بە گرێ کوێرە و بنبەست.

بەر لەوەی ئەو هیچ بڵێت دەستی برد بۆ گیرفانی پانتۆڵەکەی و پارچە کارتۆنێکی قەدکراوی دەرهێنا. کە لە رەنگی سووری پیتە ئینگلیزییەکان زانیمان تونجای و سامی قورتار جگەرەی وینستۆن دەکێشن و ئەوەی لەسەر دیوە سپییەکەی پاکێتە بەتاڵەکەدا بۆ ئێمەیان نوسیووە گەلێک لە دوکەڵی جگەرەی هەناسەیان پیسترە! ئەمجارە بەر لەوەی دەنگخۆش سەبارەت بە ناواخنی نوسراوەکە هیچمان پێبڵێت، دەستی کرد بە باسکردنی سەردانەکەی کە چۆن ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ تونجای و سامی قورتار قوڕییان لە دەمیان دابوو و بە چاک و خەراپ قسەیان نەکردبوو. بە تایبەت کاتێک ئەوان سوور بونی خۆیان ڕادەگەیاند بەوەی کە بستێک ناجوولێن ئەگەر تەرمی منداڵە مردووەکە فڕێ نەدرێتە دەریا. بە دەنگخۆشیان گوتبوو کە ئەو چەند رۆژەی کە بەلەمەکەی تێدا وەستابوو هۆی سەرەکی تەڕبونی ماتۆڕەکە بووە نەوەک ململانێ لەگەڵ ئێمە یان شتی تر. ئەوان پێشتر هەرگیز پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە دەکەونە بەر تەوژمێکی وەها ترسناک کە لە ئەنجامی ڕەت بونی

گەمییە تونسییەکەدا ڕوویدا. سەرەتا تونجای زوو بەرگری لە خۆی کردبوو لەسەر ئەو کارە ناڕەوا و نا ئینسانیەی دژ بە کابرای خنکاو ئەنجامی دابوو. هەروەها تووڕەبونی خۆی نیشان دابوو لە هەمبەر هەموو ئەوانەی هەستابون بە لێدان و قووتانی. تونجای سوێندی خواردبوو ئەگەر بە گیانی خۆشی تەواو بێت هەرگیز ڕێگەنەدات ئەو کەسانە بگەنە وشکایی. بەڵام ئەوەی جێگای ئاڵۆزی بوو بۆ ئەو، نە ناسینەوەی رووی کەسەکان بوو لە تاریکایی. سامی قورتار لەو نێوانە لەلایەک پشتی تونجای دەگرت و لەلایەکی دیکەش دڵنەوایی دەنگخۆشی دابووەوە کە ئەوان هەوڵدەدەن زوو ماتۆرەکە چاک بکەونەوە. پێی گوتبوو ئەوەش هەمووی لەبەر خاتری ئەو قورئانەیە کە ئەو لە سەر تەرمی منداڵە خنکاوەکەدا خوێندبووی. بەڵام سامی قورتار خۆشی پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە دەنگخۆش هەر لە نێو بەلەمەکەدا جارێکیتر قورئان لەسەر تەرمێکی دیکە زۆر بە سۆزتر لە ئەو جارەی دەخوێنێت.

ئەوان دەنگخۆشیان بە لیستێک بەندەوە ناردبووەوە لای ئێمە و پێیان گوتبوو کە جوولە ناکەن ئەگەر تەواوی بەندەکان جێبەجێ نەکرێن. دەنگخۆش گوتی لەو کاتەدا داوای قەڵەم و کاغەزییان لێکردبوو، ئەویش بە پێکەنینەوە گوتبووی کە نییەتی. بەوە تونجای کە پێشتر دەمی وەک لوولەی تفەنگ حازر کردبوو یەکسەر هەڵچوبوو و دەستی کردبوو بە هات وهاوار و جوێن دان. بە سامی قورتاری گوتبوو کە بە دەنگخۆش بڵێت چۆن بێ قەڵەم هاتۆتە گفتوگۆ. سامی قورتاریش بێئەوەی جوێنەکانی تونجای وەرگێڕێتە سەر کوردی تەنها ئەوەی بە دەنگخۆش ڕاگەیاندبوو کە دەبێت زوو بەندەکان جێ بەجێ بکەن. سامی قورتار زۆر دیپلۆماسی تر لە تونجای قسەی کردبوو و لە ترسی ئەوەی نەوەک بەرەکەیان هەڵبوەشێتەوە یەک لە قسە ناخۆش و جوێنەکانی تونجای نەکردبوو بە کوردی. تونجای لە بەرامبەر دەنگخۆشدا وایزانیبوو کە ئەو قوپتانێکی دەوڵەتی عوسمانی یە و دەریای سپی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی دەورییان داوە هەمووی مولکی ئەون. بۆیە لە کاتی گەڕانەوەی دەنگخۆشدا بە

غرورێکی زۆرەوە هەستابووە سەر پێ و هاواری کردبوو. بێئەوەی نرخێک بۆ ئەو کەسانە دابێنێت کە لایەنگری ئەو بون و قەلاقوپ لێی دانیشتبون.

من جودا لە کابرای لایت بەدەست لەگەڵ گوێ گرتنم لە هەر وشەیەکی دەمی دەنگخۆش هەزار و یەک لێکدانەوە و پرسیارم بۆ دروست دەبوو، دونیام لە چارەی ئەو بەلەمە دەبینی کە کەوتبوومە ناوی، هەستم دەکرد کە دواڕۆژی دونیا بە لەنگەر گرتنی بەلەمەکەی ئێمە پەیوەستە. لەبەر خۆمەوە بە خۆمم دەگوت " دڵشاد نەبی، دەڵێیت قەدەرێک تۆی وەک پێغەمبەرێک خستۆتە نێو ئەو بەلەمە تا بەرگری لەو کەسانە بکەیت کە کەسیان نییە! "

من لەو خەیاڵانە دابووم کە دەنگخۆش دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەو خاڵانەی کە بەرەی ئەوبەر پێیان ڕاگەیاندبوو.

١- دەبێت بە زووترین کات تەرمی منداڵە خنکاوەکە فڕێ بدرێتە دەریا.

٢- جگە لە هاوسەری ئەو برایە دەنگخۆشەی هاتۆتە لامان، دایکی منداڵە خنکاوەکە و ئەو ژنەی کە ئاووسە، دەبێت هەر چوار ئافرەتەکەی تر بنێردرێن بۆ لای ئێمە.

٣- دەبێت کابرای لایت بەدەست لایتەکەی بداتە دەستی ئێمە تا چیتر لەمەودوا ئاژاوە لە نێو بەلەمەکەمان نەنێتەوە.

٤- دەبێت نێو بەلەمەکە خاوێن بکەنەوە.

٥- ئەو کوڕەی ناوی دڵشاد نەبی یە و خۆی کردووە بە کەلەشێری ناو ژنان، دەبێت بە گەڵایەک - سەد دۆلار - سزا بدرێت.

٦- ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە هێرش کردنە سەر قوپتان دەبێت خۆیان ئاشکرا بکەن داوای لێبوردن بکەن.

٧- ئەو بڕیارانە ئەگەر لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێ نەکرێن ئێمە ناچاردەبین بە زۆر بیانسەپێنین و لێپرسراوانیش سزا بدەین.

من و کابرای لایت بەدەست سەرمان سووڕما کاتێک گوێمان لەو بڕیارە ناڕەوا و بێمانایانە گرت. گلەیشمان لە دەنگخۆش کرد کە بە بەکارهێنانی فانیلە ئارەقگیرە سپییەکەی وەک ئاڵا ئەوانی بەئاگاهێناوە تا شەڕێکمان لەگەڵ

بکەن کە بۆنی شەڕێکی سیاسی لێوەبێت. دەنگخۆش هیچ وەڵامێکی گلەییەکەی ئێمەی نەدایەوە و دەستی هاوسەرەکەی گرت و یەکسەر هەردووکیان بەرەو لای کچەکەیان چون.

پاش نزیکەی نیو سەعات دوایی ئەوەی لەگەڵ کابرای لایت بەدەست یەک بەیەکی خاڵاکەنمان خوێندنەوە و قسەمان لە سەرکردن، بڕیارمان دا بچین لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی لە بەرەکەی ئێمەدا بون قسە بکەین. تا لەسەر یەک هەڵوێست ڕێکەوین لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵمەی لەلایەن تونجای و دەستەکەی لێمان دەکرا.

یەکەم جار ئێمە چووین بۆ لای ئەو دوو کوڕە گەنجەی کە لە ڕۆژی تەوژمی گەمییە تونسییەکە کەوتبونە نێو ئاو و لەگەڵ خوشیاندا توانی بوویان دوو منداڵی ژنەکە دەربهێنن. بەڵام، ئەفسووس یەکێکیان بەمردوویی. کە گەیشتینە لایان هەردووکیان لە پەنایەک دانیشتبون و لەبەر بۆگەنی تەرمەکە دەم و لووتی خۆیان بە پەڕۆ داپۆشیبوو، بۆیە کاتێک وەڵامی ئێمەیان دەدایەوە دەنگیان منگە منگێکی تێکەوتبوو و لە دەنگ هەڵێنانی کەسێکی دوور دەچوو کە ئەستەم بێت ئاخاوتنی بکرێت بە وشە. دەتگوت هەردووکیان دوو پارووی بە جۆرێک گەورەیان لە زار دابوو کە ئەگەر بە سەعات لە دیاریان بوەستابایین لە جوین و ئاواکردنیان تەواو نەبونایە. کاتێکیش بە یاوەری ئەوان پێکەوە چووینە لای دەنگخۆش و هاوسەر و کچەکەی، بینینمان ئەوان بە راستی پارووی گەورەیان لە زار دا بوو وە بە پەلە خەریکی جوینیان بون. دیاربوو دەنگخۆش کەمێک نان و خۆراکی لە بەرەی خواروو هێنابوو. بۆیە هەر کە ئێمە گەیشتین ویستیان بە پەلە خۆیان خڕکەنەوە وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەیان کردبێت. من و کابرای لایت بە دەست نەمانهێشت دەنگخۆش هەست بە هیچ شەرمەزارییەک بکات، پێمان زۆر ئاسایی بوو بۆ خێزانەکەی خۆراکی لە ئەوان وەرگرتبێت. بەڵام بە مەرجێک پشتی ئێمە بەرنەدات ئەگەر تونجای و سامی قورتار ویستیان بە زۆر غەدر لە ژنە جەرگ سووتاوەکە بکەن و منداڵە مردووەکەی لێ فڕێ بدەنە دەریا. کە داوامان لە دەنگخۆش کرد بۆ ئەوەی لە

سەر حەفت بەندە سەپێنراو و ناڕەواکە دانیشتنێکی گشتی و بە پەلە سازبدەین، ئەو بێ سێ و دوو، بێئەوەی پارووەکەی دەمی ئاوا بکات یەکسەر هەستایە سەر پێ و خۆی و هاوسەر و کچەکەی دوایی ئێمەکەوتن.

کاتێک لە ژنەکان نزیک بووینەوە بینیمان دایکی منداڵە خنکاوەکە خەریک بوو لە پەنایەک شوێنێکی بۆ منداڵە مردووەکەی دەکردەوە کە بۆگەنی ئەویشی بە رادەیەک هەراسان کردبوو. بۆیە ئەوەندەی پێخەف و پەڕۆ و پاتاڵەی کە هەیبوو لەگەڵ خۆی بردبونی هەتا تەرمەکەی پێداپۆشێت. ئەو دایکە بە میهرەبانییێکی بێوێنەوە نووشتابووەوە سەر تەرمی منداڵەکەی و رووی بچووک و پەنماوی لەسەر یەک ماچ دەکرد. وەک ئەوەی ئەو شوێنەی کە ئەوی لێ دادەنا گۆڕێکی ئەبەدی بێت و جارێکی تر نەبینێتەوە. من و کابرای لایت و دوو کەسەکەی منداڵەکانیان لە ئاو دەرهێنا، لەگەڵ دەنگخۆش و خێزانەکەی وەستابووین هەتا ژنەکە ئەم کارە پڕ لە کەسەر و خەم و پەژارەیەی تەواو کرد. بە هێواشی پێمان گوت کە لەگەڵمان بێت تا بچینە لای ژنەکانی دیکەش تا کۆبونەوەیەکی بە پەلە بکەین. کە ئاوڕی دایەوە لای ئێمە رووی کەسێکی لێنیشتبوو کە تازە لە سەفەری مەرگ گەڕابووبێتەوە! سەیری یەک بە یەکی چاوەکانی ئێمەی دەکرد وەک ئەوەی ئێمەی پێشتر ناسیبێت بەڵام پاش مەرگی منداڵەکەی توانایی ناسینەوەی ئێمەی بە تەواوی لە دەست دابێت. پاش ماوەیەک وەستان لە ناکاو وەک ئەوەی بەلەمێکی وێڵ بێت و شەوقێکی لە چاوی ئێمەوە بینیبێت دەستی منداڵە زیندووەکەی گرت و دوایی ئێمە کەوت. کە هەموومان پێکەوە گەیشتینە لای ژنەکانی دیکە بینیمان ژنە ئاووسەکە لە ناوەڕاستی هەموویان دانیشتوو وەک ئەوەی شتێکیان فێر بکات یان وا خەریکی گێڕانەوەی حیکایەتێک بێت لە چەشنی چل کەزی. لەگەڵ بەدیکردن و سەرنجدانی ئێمە ئەو شێوە بازنەیەی کە ژنەکان پێی دانیشتبون و دەوریان لە ژنە ئاوسەکە دابوو، لەگەڵ جوولە و تێکقژانیان بۆ ناو یەک بە خێرایی دەگۆڕدرا بۆ چوارگۆشە، لاکێشە، سێگۆشە و دواییش بوو بە پارابۆلەیەکی

هاوکێشە نادیار و ژنە ئاووسەکەیان لە دووری خۆیان وەک خاڵێکی شلۆق بەجێهێشت.

شەو بوو کابرای لایت بە دەست وەک رۆژنامەوانێکی جەسوور یەک بە یەکی ئەو سەردانانەی دەخستە ژێر روناکی لایتەکەی؛ ئەگەر ئەو نەبووایە من هەرگیز نەمدەتوانی ئەو نامیلکەیەی لە بەردەستاندایە بەم شێوەیە بهۆنمەوە.

ئەو لە کاتی کۆبونەوەکەشدا شوێنی دانیشتنی بۆ یەکە یەکەی ئێمە دیار دەکرد لەو کردەوەیدا زیاتر لە ئیشکەرێکی ناو هۆڵی سینەما دەچوو نەوەک رابەرێکی سیاسی. بەڵام لە کۆتاییدا کە خۆی ویستی دابنیشێت، لەبەر چاوی هەمووان سیمای ڕزگارکەرێکی لەسەر روو نیشتبوو. ئەو هات لە تەنیشت من دانیشت، بە هەمان هێواشی ئەو شەوە کە من بۆ ڕیتن چووبوومە تەنیشتی. لە دەستپێکی کۆبونەوەکدا یەکەم جار من دەستم کرد بە قسە کردن کە چۆن بەرەی تونجای و سامی قورتار شەڕمان پێدەفرۆشن و دەیانەوێت یاری بە چارەنووسمان بکەن. دوایی من کابرای لایت بە دەست قسەی کرد" ئێمە نابێت وورە بەردەین، باشترین شت ئەوەیە کە هەتا سەر پشتی یەکتر بگرین دژ بە ئەوان. خوشک و برایینە، دەزانن خراپترین شت لە بەربەراکانێدا پەرتەوازە بونە " کابرای لایت بەدەست بەردەوام بوو و کەمێک باسی رۆژە سەختەکانی کۆچڕەوی کرد. پاشان داوای لە هەمووان کرد کە ئومێدمان بە داهاتوو هەبێت. دوایی ئەوە دەنگخۆش هەستایە سەرپێ بۆ ئەوەی باسی سەردانەکەی بکات و هەر حەفت خاڵەکەش بە دەنگێکی بەرز بۆ هەمووان بخوێنێتەوە. لەگەڵ تەواو بونی ئەو هەورێکی رەش رووی بەشداربووانی کۆبونەوەکەی بە سێبەرێکی نادیار دادەپۆشی. من هەر کە سەرم بەرز کردەووە زانیم هەورەکە چ بارانێکی ئەستووری پێییە، بارانێک کە ئێمە هەرگیز بەدرێژایی تەمەنمان نەماندیبێت، بارانێک پڕ بێت لە مەترسی بە ئاودا چونی شارێک.

ئێمە پنتێکی بچووکی ناو دەریا بووین، پنتێک کە زۆر زۆر بچووک بەڵام پڕ بە ئاڵۆزییەکانی رۆحی ئینسان، پنتکێک کە لە دوورە دەستی دونیاوە لە هەموو لایەکەوە بە ئاو دەور درابێت، ئاوی دەریا، ئاوی باران، ئاوی فرمێسکەکانی خۆمان.

***<u>ڕۆژی پێنجەم</u> ١٩٩٦/٩/٩***

**{ ئەی بارانی ڕەحمەت بەسەر ئەو خاکانەدا ببارە کە لە وشکەتیدا دەناڵێن}**

**هەورەکانی دوێنێ شەو زووتر لە ئێمە ڕێکەوتبون و یەکیان گرتبوو، هەروەها بەتەواوی ئاسمانیان تەنیبووەوە. بەڵام هەتا ئەو بەیانییە باران نەباری دەتگوت هەورەکان شەوی پێشوو بەزەییان بە کەساسی ئێمەدا هاتبووەوە و بڕیاریان دابوو باران ڕۆژێک دوابخەن. لەگەڵ کەوتنی یەکەم تنۆکی باراندا، دەریا ئەو ڕەنگە شین و جوانە و سەوزباوەی جارانی نەما و یەکسەر وەک پێدەشتێکی سووتاوی نێو شەڕی لێهات. بوو بە خاکێکی پان و بەرینی ڕەنگ خۆڵەمێشی و تەماوی.**

**یەکەم دڵۆپی باران کەوتبووە سەر سەری من، لەوانەبوو کەسێکی تریش وەک من وایزانیبێت کە یەکەم دڵۆپی بارانی بەرکەوتووە. بەڵام لە بەر ئەوەی من یەکەم کەس بووم کە بەئاگا هاتبووم زیاتر پێدەچوو ئەوەی من ڕاستتر بوو بێت کە یەکەم دڵۆپی باران بەر من کەوتبێت. یان لەبەر ئەوەی من لە هەموو کەسێک زیاتر دڵم تەنگ بوو بە بارینی ئەو بارانە، بە شەوقی ئەو هەورە تریشقانەی کە لە دوورەوە ڕەنگیان دەکەوتە پێش دەنگیان و لە ئاگری شەڕێکی نەپساوەی دوور دەچون. شەڕێک کە هەزارانی وەک ئێمەی وەک ڕەوە باڵندەی غەریب پەڕاگەندەی خاکە دوورەکان کردبێت. هەستم کرد کە یەکەم دڵۆپی باران سەری منی بۆیە تەڕ کرد تا پەیامێکم پێ بدات و پێم بڵێت واز لە ڕابەرایەتی بەرەیەک بهێنم کە هەر لە سەرەتاوە دۆڕاو بوو. بەرەیەک کە تا ئێستا دوو کەسی بێتاوانی لە شەڕێکی بەتاڵی نێو ئاودا ببونە قوربانی، بەرەیەک کە زۆرینەی ئەندامانی ژنی دەست و پێ سپی و بێ دەسەڵات بون. دوو ڕابەرە پیاوەکەشی هەر وابون، یەکێکیان چەکی گەورەی لایتێکی دەستی بوو و ئەویدیکەش کە من بووم برینێکم بە گەردنەوە بوو لە شوێنی ڕنەی گورگێکی هار دەچوو نەوەک دەستی بەهرەمەندی ئینسان. بەرەکەمان هەر لە**

سەرەتاوە سیمای شکان و دۆڕانی پێوە دیاربوو، لە دوورەوە مۆری بەدبەختی بە نێوچەوانییەوە دەخوێنرایەوە!

باران بە خوڕ دایدەکرد و من چاوەڕێی کۆبونەوی هەموویان بووم تا لە سەر بڕیارێک ڕێک بکەوین. پاش ئەوەی کۆبونەوەکەی شەوی پێشوومان بە نیوە چلی بەجێهێشتبوو. ئەوەش لە ئەنجامی باری نا هەمواری ژنە ئاوسەکە لەلایەک و ڕشانەوەی یەکێک لەو دوو کوڕە گەنجەی کە لەبەر بۆنی بۆگەن بەدرێژایی کۆبونەوە پەرۆکانیان هەر بە دەم و لووتەوە بوو.

باران لێی دەداین و هەموومان پێکەوە وەک جەستەیەکی بریندار و بێ گیان کەوتبووین، دەتگوت ئەو حەفت خاڵەی کە تونجای و سامی قورتار بە سەر ئێمەیان سەپاندبوو حەفت نووکە چەقۆی تیژبون و هێواش هێواش لە جەستەی سوور هەڵگەڕاو و تەڕمان دەچونە خوار. لەگەڵ درێژ خایاندنی باران وکورت بونەوەی کاتی دیارکراو بۆ جێبەجێ کردنی خاڵە ناڕەواکانی بەرەی خواروو، شڵەژان بە رووی هەموومانەوە دیار بوو. من رقم لە خۆم بوو کە لەبەر دژواری بارەکە نەمدەتوانی پیلانێکی تووکمە دابڕێژم و کۆتایی بێنم بە دەسەڵاتی ناڕەوای ئەو دوو قاچاغچییە تورک و کوردە، ئەو دوو مرۆڤ نەناس و دڕندەیە.

من و کابرای لایت بە دەست وەک دوو رابەر ناسراوبووین بەڵام ئەوەی ئێمە لەو شەڕە دەماندۆڕاند تەنها سەد دۆلاری ئەمریکی و لایتێکی سێ پاتری چینی بوو، بۆیە هەرگیز نەماندەویست فشار بخەینە سەر ئەوانی تر کە لەبەرامبەر لێکۆڵینەوەی قورسترین خاڵەکان دا بون. دوازدەی نیوەڕۆ بوو برسیەتی و دڵەڕاوکێ و ترس تەنگی بە هەموومان هەڵچنیبوو، کەچی هێشتا لە تاوتوێ کردنی دەرئەنجامی خاڵەکان نەببووینەوە. لەو کاتەدا ژنە ئاووسەکە لەگەڵ گرمە گرمی هەورە تریشقە زیڕەیەکی لێدا کە هەموومانی ڕاجڵاند. من نەمدەزانی ئەو ژنە بە چ عەقڵێک خۆی و زگە نۆ مانگیەکەی خستبووە نێو بەلەمەکەی ئێمەوە. وەک ئەوەی من زانی بووم شووەکەی بۆ پارەپەیداکردن لە ئەستەنبۆل مابووەوە، ئەوەش پاش قەلۆش بونیان لە ئەنجامی ساڵێک

مانەوە بە دیار دۆسییەکەیان لە یو ئێنی ئەنقەرا. ڕۆژێک ئەو لە نائومێدی دا و لەسەر ڕێنەوایی قاچاغچییە دڵڕەق و ساختەچی و قۆڵبڕەکانی ئەستەنبۆل ناچار دەبێت ژنەکەی بەمجۆرە ڕەوانەی ئەو ڕێگە ترسناکەی هات و نەهات بکات. ئەوان پێیان گوتبوو هاوسەرەکەت هەر کە دەربازبوو و لە سەر خاکی وڵاتێکی ئەوروپی منداڵی بوو ئەوا یەکسەر ڕەگەزنامەی پێدەدەن و ئەوسا ئەو دەتوانێت تۆ وەک گولله ڕادەبکێشێت.

لەلایەکی ترەوە ئەو ژنە ئاووسە هەر لە چرکەی بەڕێ کەوتنمان تا ئەو ڕۆژەی بەسەر منداڵبونەوە مرد بۆ بەختی خۆی و کۆرپەکەی ناو سکی گریا.

تا ئێمە لە بڕیاردان دواتر دەکەوتین باران بە خووڕتر دەباری دەتگوت ئاسمان بە سەر بەلەمەکەی ئێمەوە کونی تێببوو. من یەکسەر هاوارێکم کرد و گوتم " خوشکینە، برایینە چ بڕیارێک بدەین! "

دایکی منداڵە مردووەکە یەکەم کەس بوو کە هاتە وەڵام و گوتی " برا، ئەگەر بەسەر تەرمی مندا بازبدەن ئەوسا دەتوانن ڕۆڵە شیرینەکەم فڕێ بدەنە ناو ئاو! "

ژنە ئاووسەکە کە لە پەنایەک دانیشتبوو بە ڕشتنی چەند فرمێسکێک لە دوورەوە بە ئیشارەت ڕایگەیاند کە قەدەری خۆی داوەتە دەست خودا و نازانێت چ بێژێت.

ژنەکەی کە ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە من و لەگەڵ ژنە تەنیا و سەڵتەکان پێکەوە گوتیان ئێمە هەرگیز ڕێ نادەین ئەو دوو گورگە وامان پێبکەن.

دوو کوڕە گەنجەکەی کە سەرەڕای باران بارین و کەم بونەوەی بۆگەنی تەرمەکە پەرۆکانیان هێشتا هەر بە دەم و لووتەوە بوو کاتێک وەڵامی منیان وەها دایەوە " بخووا کگاک تلشاد ئمە ئوەی لسەر من کرردمان خوتان پرا گورە بن! "

لە دوایی هەموویان کابرای لایت بەدەست و دەنگخۆش پێکەوە پێشنیاریان کرد کە ئێمە بە نووسراوێکی نەرم و ژیرانە وەڵامی ئەوان بدەینەوە، ئینجا

**ئەوان هەرچی لە دەستیان دێت با بیکەن. هەرسێکمان دانیشتین و دەستمان کرد بە نووسینەوە و وەڵام دانەوەی حەفت خاڵەکەی ئەوان.**

**١– دەتوانین بەلەمەکە وەک گوڵ پاک بکەینەوە.**

**٢– دڵشاد ئامادەیە سەد دۆلارەکە بدات بە مەرجێک ئەوان چیتر بەربەست نەخەنە بەر ڕێکردنی بەلەمەکە.**

**٣– ئامادەین لایتەکە بدەین بە ئێوە بەو مەرجەی بۆ کاری پێویستی هەمووان بەکاربێت.**

**٤– کەس لە ئێمە دەستی لە سزا دانی تونجای نەبووە کاتێک تاوانی کوشتنی کەسێکی بێگوناهی ئەنجامدا.**

**٥– سامی قورتار دەبێت بە یەک چاو ڕەفتار لەگەڵ کەسەکانی نێو بەلەمەکە بکات، ئێمە پارەیەکی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی بمانگەیێنێتە سەر خاکی یۆنان نەوەک تووشی ئەو کێشمە کێشمەی ناو دەریامان بکات و تەنها بۆ ڕازیکردنی گیانی شەڕانگێزی تونجای ببەزێت.**

**٦– ئەو خاڵانەی تایبەت بون بە ژنەکان ئێمە پرسمان پێکردون بەڵام جێبەجێکردنیان کارێکی ئەستەمە و بگرە زوڵمێکی ناڕەواشە. ئەوان بە توندی ڕەتیان کردۆتەوە و ئێمەش پشتیوانی لە ڕای ئەوان دەکەین.**

**٧– ماوە درێژ بکرێتەوە بۆ ڕاگۆرینەوە و لەیەکتر گەیشتن. ئەگەر ئێوە هەڵبستن بە وەگڕخستنەوەی بەلەمەکە و جوولە پێکردنی، ئەو گفتوگۆیەمان بەرو بوومێکی چاکتری دەبێت.**

**دەنگخۆش لە ژێر لێزمەی چڕی باراندا دووبارە هەستایەوە سەرپێ و بەرەو لای بەرەی خواروو بەڕێ کەوت. بە دەم ڕێگاوە دووبارە خەریکی بەرزکردنەوەی فانیلە ئارەقگیرە سپییەکەی بوو کە ئەمجارە لەبەر تەڕبونی بە باران نەدەشەکایەوە و هەرگیز لە ئاڵای ئاشتی نەدەچوو. دەنگخۆش لەو دیمەنەیدا لە نێو تەم و باران زیاتر لە نانەوایەکی سەرلێشێواو دەچوو، کە لە نێوان دوو لایەنی بە شەڕ هاتوو پارچە هەویرێک بە دەستییەوە بابدات و شوێنێک شک نەبات تا بۆ منداڵێکی لە برسا مردوو کولێرەیەک دروست بکات.**

دەنگخۆش ئەمجارە لەجاران کەمتری پێچوو، کە گەڕایەوە لە رووی دیار بوو کە پێشڤەچونێکی بە دەست هێنابێت! هەروەها دیار بوو بەرەی تونجای لە ژێر زەبری باراندا وەک خاکێکی سەر رەق لە هەندێک شوێنی خاڵەکاندا نەرمیان نواندبوو. سەبارەت بە تەرمی منداڵەکە گوتبوویان کە هەتا لێکردنەوەی باران کاریان بەو کێشەیە نییە، بەڵام ئەگەر جارێکی تر بووەوە سامال ئەوان دێن بە زۆرەکی منداڵەکە فڕێ دەدەنە ناو دەریا. کەچی دەربارەی ژنە سەڵتەکان ئەوان سووربون لە سەر داواکانیان و ئەمجارە هەڕەشەشیان کردبوو.

لەبەر ئەوەی درەنگانی شەو بوو، نە ئێمە و نە دەنگخۆش توانایی ئەوەمان نەمابوو زیاتر باس لەم ململانێیە بێمانایە و شەڕە بە زۆر سەپێنراوە بکەین. هەر هەمووومان حەزمان لە خەوێکی قووڵ بوو. لەو کاتەدا ژنەکان لە ئەولاوە کش و ماتی و خشپە خشپیان دەهات دەتگوت خەریکی نهێنییەکی زۆر گەورەن کە تەنها تایبەت بێت بە دونیای ئەوان. کابرای لایت بە دەست وەک خووێک کە لەگەڵ هاتنی بۆ نێو بەلەمەکە فێری ببوو ئەویش بە هەڵکردنی شەوقی لایتەکەی لەگەڵ هاتنی خشپەی هەر دەنگێک. ئەو شەوە لە کاتێکدا من و ئەو و دەنگخۆش و دوو گەنجەکەی لەبەر بۆن پەڕۆییان بە دەم و لووتیانەوە نابوو زۆری نەمابوو پەرتەی لێبکەین و قسەکانمان بۆ رۆژی دوایی دوابخەین. کەچی لەو کاتەدا بوو و یەکسەر بێئەوەی بیربکاتەوە و هۆشیاری خۆی بێت، شەوقی لایتەکەی رەوانەی لای ژنەکان کرد. لەگەڵ شەوقی لایتەکە هەر حەفت ژن لە زیڕەیان دا وەک ئەوەی حەفت باڵندەی تووڕە بن کە تازە بروسکەیەکی ناو با و بۆران هێلانەکانی تێک دابن. ئەو زوو لایتەکەی خامۆش کرد، بەڵام ئەوەی بینیمان هەم لەزەتێکی لە بیرکراوی هێنایەنەوە یاد، هەم لە بەرامبەر دەنگخۆشیش تووشی شەرمەزارییەکی گەورەی کردین. لە ژێر شەوقی لایتەکە یەکەمجار کۆمەڵە قاچێکمان بینین کە دیار بوو لە تەنیشت یەک وەستا بون و بە شێوەیەکی بازنەیی دەوریان لە یەکێک دابوو کە لە ناوەڕاستیان دانیشتبوو. لە بۆشایی نێوان قاچی ژنە وەستاوەکان لای راستەی سمتێکی سپی

وەک بەفر دیار بوو لەگەڵ هێڵی تاریکایی ئەو کەلێنەی کە بە هۆی نووشتانەوە و بەیەکەوەنووسانی ران و قاچی سپی و گۆشتنی ژنەکە دروست ببوو. ئێمە نەمانزانی ئەو ژنە کامەیان بوو بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگخۆش تاقە پیاوی بە ژنی نێو ئێمە بوو، کابرای لایت بە دەست زوو داوای لێبوردنی لە ئەو کرد کە ئەو کارە پڕ لە شەرمەی شتێکی بە ئەنقەست نەبووە. پاشان من و دوو گەنجەکەش داوای لێبوردنمان لێکرد، ئەو بە دڵفراوانییەکی زۆرەوە ئەوەی ئێمەی قبول کرد، بەڵام لەبەرامبەر کابرای لایت کەمێک قەڵس و لالووت بوو و پێی گوت" کاکە گیان، تۆ دار و بەردت داوەتە بەر شەوقی کەچە لایتەکەت. زانیمان سێ کەست لە خنکان رزگار کردووە بەڵام ناشبێت بەو جۆرە سواری سەر ملمان بیت! "

کابرای لایت بە دەست بەو قسانەی دەنگخۆش لە ناوەوە بریندار بوو، یەکسەر بێئەوەی هیچ بڵێت لە ئێمە دوورکەوتەوە و خۆی لە نێو تاریکایی شەودا ون کرد.

من بە دەنگخۆشم گوت کە کابرای لایت بەدەست کەسێکی زۆر نەجیب و گرانە هەرگیز بە چاوێکی خراپ ناڕوانێتە ئەو ژنانەی وەک خوشکمانن. کاتێک هەستم کرد دەنگخۆش بە گوێی دڵ گوێم لێدەگرێت من لە قسەکانم بەردەوام بووم " کاکە، ئەوەی ئێمە ئێستا دەبێت لێی بترسین ئەو دوو گورگە چلێسەی ئەوبەرن کە داوای ژنە سەڵتەکان دەکەن! بۆیە ئەوەی پێویستە لەسەر تۆ کەوا بچێتە لای هاوسەرەکەت تا بە ژنەکان بڵێت بەردێک لەسەر ئەم رووداوە بچووکە دابنێنن گەورەی نەکەن، چونکە تونجای و سامی قورتار لە بیانوویێکی وا دەگەڕێن تا بەرەکەی ئێمە هەڵوەشێننەوە " بەڵی، تونجای لە خودای دەویست دەرزێک بکەوتبایە نێو ئەو یەگرتنەی ئێمە تا کۆڵی دڵی خۆی لەو کەسانە دەربکات کە سەری ئەویان لە چوار جێگاوە شکاندبوو.

کاتێک لە سەر داوای من دەنگخۆش بەرەو لای ژنەکان چوو ئەوان دەمێک بوو تەواو ببون و چوو بونەوە شوێنەکانی خۆیان. پاش ئەوەی یەک لە دوایی یەک ببون بە شایەدی قەبزی، سکچون، رشانەوە، و پەڕۆ گۆڕینی یەکتر.

ئەوەش لە نێو بەلەمێکی سەرلێشێواوی دەریا و تاریکای شەو، بەڵام نزیک لە چاوانی چلێسی ئەو جۆرە پیاوانە کە لەگەڵ دەرکەوتنی ژن وەک گورگی هار ددانەکانیان دەسون و هەرگیز فێر نابن بەر لە گەستن و ئەزیەت دانی ژن، ماچ بدەنە دەست شنەی با و دونیایەکی پڕ لە خۆشەویستی و دوور لە ترس و تۆقین بۆ خۆیان و هاوژینەکانیان دابین بکەن. من بەو خەیاڵانەم وامدەزانی ئەو بەلەمەی کە تێیدا گیرمان خواردبوو نمونەیەکی بچووکی ئەو دونیایە بوو کە ئێمەی بە تەواوی فەرامۆش و پشت گوێ خستبوو.

ئێمە ئەو شەوە دەبووایە بڕیارێک بدەین کە چ هەڵوێستێک وەربگرین لە بەرامبەر زۆرداری تونجای و سامی قورتاردا. بەڵام قیژە و هۆڕی ژنەکان لەو کاتەی شەوقی لایتەکەیان بەرکەوت و ئەو دڵساردییەی لە نێوان کابرای لایت بەدەست و دەنگخۆش ڕوویدا کارەکانی ئێمەی بە جارێک دواخست. من و دوو گەنجەکە تا درەنگ لە چاوەڕوانی کابرای لایت بە دەست و دەنگ خۆش و ژنەکان دابووین کەچی کەسیان نەهاتن. بۆ ئێمە گرنگترین شت ئەوە بوو تونجای و سامی قورتار وازیان لە شەڕ فرۆشتن هێنابوو بە دایکی منداڵە خنکاوەکە و داوای فڕێ دانی تەرمی منداڵەکەیان نەدەکرد. بەڵام لە لایەکی دیکەوە سووربون لە سەر داواکردنی ژنە سەڵتەکان.

من چاوەکانم کوێر ببون بۆ خەو بەڵام نەمدەویست بخەوم بەر لەوەی چارەیەک لەو ساردییە نەکەم کە کەوتبووە نێو بەرەکەی ئێمەوە. یەکەم جار چووم لە کابرای لایت بە دەست بگەڕێم، بەڵام لەو تاریکیە ئەنگوستەچاوەی نێو بەلەم و دەریا هەرچی لێی دادەبڕایت دوایی بە ئاسانی بۆت نەدەدۆزرایەوە. بۆیە بێ هیوا مابوومەوە لە گەڕان بە دوایی کابرای لایت بە دەست و ناچار چووبووم بە تەنیا لە پەنایەک بەرامبەر شەپۆڵەکانی دەریا وەستابووم. میزڵدانم دەمێک بوو پاڵی پێوەدەنام کە ئەو دەرگایە بچووکە بکەمەوە کە بە هەستان و گرژبونی دەمارەکانی ملم ڕامگرتبوو، لە بەرامبەر بای ساردی دەریاوە چیتر خۆم بۆ نەگیرا و دەستم بۆ ئاوزینەی پانتۆڵە کاوبۆ شینەکەی بەرم برد. زۆر بە پەلە کردمەوە و ملی ئامێرە پاکیزە و مێ

نەدیوەکەی خۆمم گرت و وەک سمۆرەیەکی خەوتوو لە شوێنە گەرمەکەیدا دەرمهێنا و خستمە بەر با. دەستم کرد بە میز کردن دەتگوت ئاوی سەد ساڵ لە نێو میزڵدانمە و بنی نایەت. لە تاریکایی شەودا ئەوەی لەوانە بوو زۆر سەرنج ڕاکێش بێت بۆ کەسێک ئەگەر لە تەنیشتەوە سەیری منی کردبایە، بینینی ئەو کەوانەیە زیوینە باریکە بوو کە وەک مووشەک ڕەوانەی ناو دەریام دەکرد.

*<u>ڕۆژی شەشەم</u> ١٠/٩/ ١٩٩٦*

{خودایە! ئەو منداڵە لە باوەشی دەریاوە بێ دایک دێتە ژیان}

لەگەڵ گزنگی بەیان نوزەی ژنە ئاووسەکە دەهاتە گوێم وەک ئەوەی سەدای ژانی کەسێکی دوور بێت و لە قووڵایی دەریاوە جێمابێت. ئەو دەنگە زۆر سەیر بوو دەمێک لە گریەی ژنێکی بێکەس دەچوو کە لە تاو ئازاری گیانی پڕ بە هەناوی بنوزێتەوە، دەمێکی تر دەبوو بە هاوار و ناڵەی کەسێک کە لە نزیکەوە منی ناسیبێت و داوام لێبکات دەستی فریادڕەسی بۆ درێژکەم. من ژنە ئاووسەکەم نەدەبینی بەڵام ئەوەم دەبینی کە ئەو لە گشت لاوە وەک برینداریێکی برین قووڵ بە ژنانی پەرۆش و شێواو دەور درابوو. ئەو ژن دەچوو و ئەم ژن دەهات بێئەوەی بهێڵن وەک دوێنێ شەویان بەسەر بێت کاتێک لە نا ئاگاییاندا لە کەلێنێکی بەجێماوی نێوان قاچەکانیان سمت و ڕانی ژنێک بەدەرکەوت کە لە بەفر گەلێک سپیتربوو. من شەوی پێشتر لە ناخی دڵمەوە هەستم بە شەرمەزاری کرد لە بەرامبەر دەنگخۆشدا هەرچەندە سەداسەد لێم ڕون بوو ئەو ژنەی سمتی رووتی کەوتە ژێر شەوقی کابرای لایت بەدەست و چاوی ئێمە هاوسەری ئەو نەبوو. بەڵام لەبەر بونی هاوسەر و کچە دوازدە ساڵییەکەی لە ناو ژنەکاندا و سەرنجڕاکێش بونی دیمەنەکە بۆ ئێمە، ئەو لە ناکاو هەڵدەچێت و وادەزانێت دونیا بە سەری ئەودا ڕووخاوە و ئابرووی ئەژدادی ئەژدایشی چووە. بۆیە یەکسەر خۆی لە کابرای لایت بە دەست قەڵس و تووڕە دەکات وە ئەوەندە نەمابوو دەست هەڵبڕێت و بە مست لێیبدات.

دەنگی ژنە ئاووسەکە ناوە ناوە وەک نوزەی کەروێشکێکی بریندار دووبارە دەهاتەوە گوێم و دواییش لە ناکاو بێدەنگی ماوەی دەدا بە دەنگێکی تر کە لە نێو قووڵایی نەستمدا دەهاتەوە نێو گوێیەکانم. دەتگوت دەنگی کەسێکی ناسیارە و لە دوورەوە بانگم دەکات و فریادڕەسی لێم دەوێت. من نەمدەزانی ئەو دەنگە سەرچاوەکەی لە کوێوە بوو، ئەو کەسە کێ بوو کە لە قووڵایەکی نەزانراوەوە بانگی دەکردم تا بگەم بە هانای. من لە نێوان شەپۆڵەکانی ئەو

دوو دەنگە تەریب بە یەکتر و نەبڕاوەیەی نێو گوێیەکانم، خەواڵوو بووم و لە کەسێکی سەر پردی سیرات دەچووم کە ناشارەزا بێت لە هونەری لەنگەرگرتن. یان لە پاڵەوانێکی سێرک کە هەرگیز نەیتوانیبێت بە ئارامی بە سەر گوریسێک دا پیاسە بکات کە لە ژێرەوەی مردن و ژین دوو برای پشتی یەکترن و لەسەر بردنەوەی گرەوی ژیان لە رمبازی و زۆرانبازیەکی بێکۆتا دان.

ژنەکان لە جوولە و هاتوچۆیان دیار بوو کە چاوەڕێی شتیکی نائاسایی بون. یەکێکیان هاواری دەکرد ئاوی گەرم، یەکێکی تر دەیگوت پەڕۆم بۆ بێنن، ئەوی تر داوای کیسی نایلۆنی دەکرد. یەکێک ڕایدەکرد، دووەم دادەنیشت، سێیەم بە پەلە هەڵدەستا، و چوارەم نەیدەزانی چی بکات. دەتگوت ئەوەی دەمبینی دوا شانۆگەری دوا دەرهێنەری ئەو جیهانەیە کە بۆ یەک چرکە روناکی خستبووە سەر ئەکتەرەکانی و پاشان سەری خۆی هەڵگرتبوو و بەرەو شوێنێکی دوور و نادیار چوو بوو.

نوزەی ژنە ئاووسەکە موچرکی خستبووە لەشی هەمووومان. بۆ من هەرگیز لە گریانێکی ئاسایی نەدەچوو کە لەمەوپێش گوێم لێی بووبێت. شەپۆڵەکانی ئەو دەنگە لە ناو گوێییەکانم وەک شووشەیەکی ناسک دەشکان و ورد و خاش دەبون. لە زرینگانەوەیدا دوو دەنگی دژ بە بەیەک دروست دەبون، یەکەمیان قاقای پێکەنینی دڵخۆشترین ژن بوو وە دووەمیشیان قیژەی گریانی دڵپڕترین ژن!

ژنەکان لە جاران خێراتر دەجوولان، غەڵبە غەڵب و پسە پس و خشپە خشپیان لە جەنجاڵی خەستەخانەیەکی قەرەباڵغ دەچوو کە لە بەردەمیدا من دەرگەوانێکی بێئاگابم لە نهێنی و ناساغییەکانی ژن.

تیشکی نەرمی خۆری ئەیلول لەچاوانمی دەدا کاتێک دەمەویست سەرهەڵبڕم و بە داوی ئەو دەنگە دا بگەڕێم کە لە پڕ ببوو بە کپکەری هەموو دەنگەکانی پێشتر هاتبونە ناو گوێییەکانم. ئەو دەنگە دەنگی گریانی ساوایەک بوو کە لە مابەینی شینی بێ کۆتای ئاسمان و ئاودا تەنها بریتی بوو لە سێ کیلۆ ئێسک و گۆشتی بە خوێن سوور و هیچ، بەڵێ ساوایەکی زۆر بچووکی گرینۆک لە نێو

شەڵاڵی شلەیەکی لینج و گەرم لە خوێن و ئاو و ئارەقە. ئەو بێئەوەی چاوەکانی بۆ ئەو دونیایە بکاتەوە کە بریتی بوو لە بەلەمێکی سەر لێشواو و ونی نێو دەریا، بە هەموو توانایی و پڕ بە قوڕگی تازە کراوەی دەیزیڕاند. ژنەکەی ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە من بە پەلە خەریکی بڕینی پەتکێکی خوێناوی درێژ بوو کە بە ناوەڕاستی منداڵەکەوە بوو، دەتگوت سۆسەجێکی بارێکی درێژە و ساواکە لەو شوێنەی کە لێیەوە هاتبوو نەیتوانیبوو هەمووی بخوات، بۆیە لەگەڵ خۆی بە دیاری بۆ ماسییەکانی نێو دەریای هێناوە. ژنەکە پاش پەتک بڕینەکە دەستێکی بردبووە نێوان رانە شل و لاواز و بێهێزەکانی ساواکە و دوایی ئەوەی کە هیچ پەتکی دیکەی بچووکتر و کورتر و باریکتری نەهاتبووە رێ یەکسەر بە ساردییەوە بە ژنە ئاووسەکە و ئەوانەی دەوروپشتی دەڵێت " کیژە، کیژ! "

ئەوە یەکەم جاری ژیانم بوو کە تێیدا شایەدی ئەوە بم مرۆڤ بە چ هەیت و هوت و ئازار و گریانێک دێتە سەر دونیا. چۆن لە لایەن ئەو کەسەوە کە یەکەمین و گرنگترین چاکەی لەگەڵ دەکات چەقۆ دەخرێتە لەشی کاتێک ناوکی دەبڕدرێت. چۆن ئەو چەقۆیەی دەستی مامان بە چزەی ئازاری لەشی وردیلە و ساوای ئەو نێوانی مردن و ژین دەنەخشێنێت. ژنەکەی ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە من منداڵەکەی وەک باینجانێکی مۆری سوورباو لە بەر چاوان بڵند کردوو و دوو سێ شەقی هێواشی لە پشتی دا. پاشان لە نێو پەشتەماڵێکی پێچا و خستیە سەر سنگی ئەو دایکەی کە خوێن وەک جۆگەلەی شەڕێکی نەبڕاوەی درێژخایەن لە ژێر لەشیدا دەڕۆیی. بۆیە کاتێک مەلۆتکەکەیان خستە سەر سنگی ئەو هەر بە تەنها وزەی ئەوەی تێدابوو کە ماچێک لە رووە ورد و ناسکەکەی کچە ساواکە بکات و پاشان چاوەکانی بخاتەوە سەریەک. دووبارە چارەی خۆی بخاتەوە دەست ئەو ژنانەی کە جەنجاڵی و دەنگە دەنگیان لە شێوان و سامناکی ساتەکانی دوایی هەر تەقینەوەیەک دەچوو.

ژنەکەی ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە من لە هەموو ژنەکانی دیکە شێواوتر دیار بوو کاتێک لە نێوان لینگە کراوەکانی ژنە ئاووسەکەدا لە سەر چیچکان

دانیشتبوو و هەر هاواری دەکرد " خەڵکینە فریاکەون، ئەم ژنە بەستەزمانە نەزیفە! "

ئەو ژنە وایدەزانی ئاوەدانی و قەرەباڵغی بازاڕێکی لە دەوروپشتە بە خەڵکینە هاوار، خەڵکینە هاوار بە راست و چەپدا دەیڕوانی و داوای فریاڕەسی دەکرد. لەو نێوانەدا هاوسەری دەنگخۆش بە پەلە بۆ لای شووەکەی چوو بەڵکو بینیرێتە بەرەی ئەوبەر تا لەوان بپرسێت ئەگەر کەسێکی شارەزایان هەبێت لە بواری پزیشکی. ئەوەش سەیر و دەگمەن نەبوو چونکە بەلەمەکانی رێگای قاچاغ هەموو جۆرە خەڵکێکیان تێدابوو لە کۆنە وەزیرەوە بگرە تا دکتۆر و ئەندازیار و شاعیر و نووسەر و سەرتاش و دارتاش. زۆربەی جارانیش ئەو خەڵکانە دەکەوتنە ژێر چەپۆکی قاچاغچییێکی پیاو کوژی وەکو تونجای، یان کەسێکی چلێسی وەک سامی قورتار دەبووە دەمڕاستیان و گاڵتەی بە کەسێتی و رابردووی هەمووان دەهات.

من لە بێ هەڵوێستی کەسەکانی ئەمبەر بێئومێد ببووم کە هەر لە رۆژی خنکانی پیاوە بێگوناهەکەوە تا سەردانی یەکەمی دەنگخۆش، گوێیەکانیان قولغ کردبوو و ئامادە نەبون کڵاویان بدەنە بەر بای هەڕەشەکانی تونجای و سامی قورتار. بۆیە من سەدا سەد دڵنیا بووم کە دەنگخۆش بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە و کەسێک لەگەڵ خۆی ناهێنێت بۆ چارەسەر کردنی دایکە نەزیف و بەستەزمانەکە. ئەو کاتەی دەنگخۆش بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، جۆگەلەی خوێنی ژنەکە لە ژێر پێی ژنەکانی دیکە رێچکەی بەستبوو و وەک تیرەمارێکی ماڵ ون کردوو لە کون و کەلەبەرەکانی بنمێچی بەلەمەکە دەگەڕا. دەتگوت ئەو خوێنە لە شوێنێکی نادیاری نێو بەلەمەکە ون دەبێت و تک تک دەڕژێتە نێو ئاوی دەریا. بەوەش بەلەمەکەمانی لە نەهەگێکی برینداری سەر ئاو کەوتوو دەچوواند کە بە دەستی ماسیگرێکی کوێر لە کەنارێکی دوور کوژرابێت. ماسیگرێک کە نێچیرێکی دە ئەوەندەی لەشی خۆی بە ڕێکەوت لە دەریاوە ڕاو کردبێت و پاشان لەبەر بێبینایی و بێتوانایی لە جیاتی ئەوەی ئەو نێچیرە مەزنە لە دەریاوە پەلکێش بکات و بیبات شارێکی پێ تێربکات. بۆ ئێوارە بە

ئاخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دۆش داماو لە دیار شەپۆڵە بێماڵەکانی دەریا دادەنیشێت کە هێواش هێواش بە تیشکی لاری خۆر و خوێنی نەهەگەکە لە خۆڵەمێشەوە دەبون بە نارنجی.

لەو چرکە دژوارانەی ژیانمدا کە لە بەدبەختیمدا ببووم بە تەماشاچی مەرگی ژنێکی گەنج کە تازە کۆرپەکەی بە دونیا بەخشیبوو، من لە هەموو کاتێک پتر خۆزگەی ئەوەم دەخواست کە لە جیاتی زانستی ئەندازە زانستی پزیشکیم خوێندبایە. بمتوانیایە خوێنێک ڕابگرم کە هەردەم موژدەی ژیانەوە بە دونیا دەبەخشێت. خوێنێک کە گەلێک گەش و جوانترە لە خوێنی ڕژاوی ئەو پیاوانەی کە لە شەڕە نەبڕاوەکانیاندا بە شمێر و گوللە و خومپارە لە زەمینە جیاجیاکاندا دەگلێنرێن. خۆزگەم دەخواست هێزێکی سیحراویم هەبووایە و جۆگەلەی خوێنێکم چک کردبایە کە لە جەستەی ژنێکی تازە دایک دەتکا؛ خوێنێک کە هەر دڵۆپێکی بارتەقای هەزاران گالۆن لە خوێنی ئەو پیاوانەیە کە شەڕەکانیان لە سەدەیەکەوە دەگوازنەوە بۆ سەدەیەکی تر.

خوێنی ژنەکە بەرە بەرە دەوەستا و هاوکاتیش ئاسمان و دەریا ڕەنگە سوور و نارنجییەکەیان لە دەست دەدا. چاوەکانیشی لەگەڵ ئاوابونی شەوقی دوا ئەستێرەی ئاسمان هێواش هێواش دەکەوتن و دەتگوت چارەی بەو ئەستێرەیە گرێ درابوو کە وەک موگناتیسێکی گەورە ئەوی بە دوایی خۆی بۆ دوور پەلکێش دەکرد. ئەو ئەستێرەیە دەتگوت چاوە چاوەڕوانەکانی شووی ژنەکە بون کە لە ئەستەنبۆلەوە بە دوایی سۆراغی ئەو بەلەمە شوومەدا هاتبن، ئەو بەلەمەی کە مەرگ و ژینی پێکەوە هەڵگرتبوو، مووسا و فیرعەون!

ژنەکەی ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە من لەناکاو لە قیژەی دا و گوتی " پیاوینە فریاکەون ئەو بەستەزمانە دەمرێت، خودایە هاوار ڕەحمێک! "

بەڵام ئەو کاتەی من و ئەو دوو کوڕە گەنجەی کە پێشتر دوو منداڵەکەیان لە ئاو دەرهێنابوو بە پەلە گەیشتینە لای ژنەکان، ژنە نەزیفەکە دەمێک بوو گیانی دەرچوو بوو و تەرمەکەی بە پێخەفێکی شین داپۆشرابوو. دوایی ئەوەی یەکێک لە ژنەکان کۆرپە تازە لە دایک بووەکەی لە ژێر قۆڵە سارد و سڕەکانی

دایكیدا دەرهێنا لە جیاتی شیری دایک پەنجەی دۆشاو مژەی خۆی خستبووە نێو زاری پڕ لە لیک و هەڵمی مەلۆتكە ساواكە. لە لایەكی دیكەشەوە ژنە منداڵ خنكاوەكە زۆر بە پەلە و بەر لە گەیشتنی ئێمە هەستابوو بە كۆكردنەوەی خوێنی مەییو و پارچە گۆشت و شتی تر كە لە دەوروپشتی ژنە مردووەكە كەوتبون. ئەو شوێنە بە هۆی بۆنی شێداری دەریا و كۆی ئەو شتانەی كە ژنەكە خستبوویە ناو زەرفێكی نایلۆن و خەریک بوو فڕێیان بداتە دەریا، كەش و هەوای خەستەخانە و قەسابخانەی هەبوو. سەرەڕای بۆنی بۆگەنی تەرمی منداڵەكە كە ببوو بە هەوای نەگۆڕی ڕۆژانەمان دەتگوت ئێمە لە خەڵكی سەرلێشێواوی نێو شارێكی بە شەڕ گەمارۆدراو دەچووین. خەڵكانێک كە لە برسییەتی دا دەتوانن باز بەسەر تەرمی مردووان بدەن و گوێ بەو هەموو بۆنە قورس و ناخۆشە نەدەن كە لە جەستە پف بووەكانیانەوە هەڵدەستا.

گشت دیمەن و ڕووداوەكانی نێو بەلەمەكە جێگای دڵوەستان و سەرسوڕمانی من بون، بەڵام ئەوەی لە هەموو بەسەرهاتەكان تازەتر و تاڵتر و غەمگین تر بوو، بریتی بوو لەو مەلۆتكە بچووک و بێكەسە كە لە سەرەتاترین ساتەكانی ژیانیدا، خۆشەوسترین و دڵسۆزترین كەسی بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لێكرد، تاق و تەنیای بەجێهێشت لە نێو كۆمەڵێک دژواری و چەقی دەریایەكی بێ بن. مەلۆتكەیەک كە بەخت و چارەنووسی درا دەست بەلەمێكی پڕ لە مەترسی و دواڕۆژ نادیار دا. بەلەمێک كە جگە لە بونی كۆرپە ساواكە، هەموو كەس و شتەكانی دیكەشی بۆنی مەرگ و مردنیان لێدەهات.

لەگەڵ هەموو ئەو ناهەمواریيانەی كە لە بەرەكەی ئێمە ڕوویاندەدا، بەرەی تونجای و سامی قورتار درەنگانێ دوو ژنیان ناردبووە لای ئێمە تا لە ورد و درشتی ئەو پێشهاتانە ئاگاداربن كە وەک جاری پێشوو بە هەڵكرانی شەوقی لایتی كابرا ون بووەكە دەستی پێكرد. ئەو شەوەی كە لە نێوان قاچی ژنە بە پێوە وەستاوەكاندا سمت و رانێكی سپی وەک بەفر كەوتە بەر دیدی ئێمە، كاتێک چاوە چلێس و برسییەكانی ئێمە ئەو دیمەنە چاوەڕوانەكراوەیان وەک

گولله قۆستەوە و بۆ ساتێکی کورت نەیانتوانی لە جەستەی ژن جگە لە سێکس شتێکی دیکە بخوێننەوە.

دوو ژنەکە کە لای تونجای و سامی قورتار هاتبون دەستیان لەسەر دەم و لووتیان بوو ئینجا قسەیان دەکرد. ئەو کات من و دەنگ خۆش و دوو گەنجەکەی دوو منداڵەکەیان لە ئاو دەرهێنا تازە گەیشتبووینە لای ژنەکان. پاش ئەوەی شوێن نەمابوو بە دوایی کابرای لایت بە دەست لێی نەگەڕابین. دوو ژنەکە بە نەرمی قسەیان بۆ ژنەکانی دیکە دەکرد و جار نا جاریش ئاوڕیکیان دەدایەوە لای ئێمە و باسی ئەوەیان دەکرد کە تونجای و سامی قورتار خەریکی ماتۆڕەکەن و لەوانەیە لەو نزیکانە چاکی بکەنەوە. دەیانگوت کەوا تونجای هەر سوورە لەسەر ئەوەی ژنە سەڵتەکان بچن بۆ لای ئەوان، بەڵام چاکردنەوەی ماتۆڕەکەی خستۆتە پێش هەموو خەمێک. لە قسەی ئەوان دیار بوو کە تونجای و سامی قورتار گەیشتبونە ئەوپەڕی بێزاری و پاش مەرگی دایکی کۆرپە ساواکە هەستیان بە ترسێکی زۆر کردبوو لەوەی کە ئەگەر رۆژگارەکانی نێو بەلەمەکە بەو شێوەیە بەردەوام بێت، لە کۆتایی دا مەرگ ئەوانیش هەڵدەلوشێ.

ئەو کاتەی ژنەکان پێکەوە خەریک بون تەرمی ژنە مردووەکەیان هەڵدەگرت و دەیانبرد بۆ کن تەرمی منداڵە خنکاوەکە، توڕ ...... توڕ ...... توڕ، دەنگی ماتۆرەکە لە پڕ وەک هەورە تریشقە بە گوێمان دەنگی دایەوە. یەکێک لەو دوو ژنەی کە پێکەوە لە لایەن بەرەی تونجای و سامی قورتارەوە بە سەردان هاتبون لەگەڵ دەنگی لە ناکاوی ماتۆڕەکە پشتاو پشت دەکەوێت و تا ماوەیەک هەناسە سوار دەمینێت و ناتوانێت هەستێتەوە سەر پێ.

بەلەمەکە بە خێراییەکی بێوێنە دەڕۆیشت، لەو کاتەدا سامی قورتار بێئەوەی لە ئێمە نزیک بێتەوە هەستابووە سەر پێ و هاواری دەکرد " ئەرێ لەگەڵ ئێوەمە، وا بە پشتیوانی خودا ماتۆڕەکەمان وە گڕ خستەوە. من و تونجای هەرگیز بە خراپەی خەڵکی خراپ ناکەین کە بونە هۆی ئەو هەموو نەگبەتیەی بە سەرمان هات. ئێمە لە گشت داواکانمان خۆش دەبین بەمەرجێک

هەر یەک لە ئێوە دەبێت بیست دۆلار بدات ئەگەر نا هەتا دەمرن وشکایی بە چاوی خۆتان نابینەوە. ئەو کەسە باشانەی لای ئێمە هەموویان پارەی زیاتریان داوە، بەڵام ئێمە لە بەر باری خراپی ئێوە هەر بەو بڕە پارەیە کەمە لێتان خۆش دەبین. دواتر هەر کە گەیشتینە وشکایی دەبێت بە پەلە بەلەمەکە جێبهێلن و تەرمەکان دابەزێنن. لە ئەوە زیاتر چیتان دەوێت هەر شەو و رۆژێکی ترە خۆتان لەناو جەرگەی ئەوروپا دا دەبیننەوە "

ئێمە لەگەڵ بیستنی ئەو ئاخاوتنەی سامی قورتار هەواڵە خۆشەکەمان زۆر بە دڵساردی وەرگرت. من هەستم بەوە کرد کە ئەوان لێرە دەیانویست شانەی نەزانی خۆیان لەسەری ئێمەدا بشکێنن، بەڵام تازە شتەکان بەسەر چوو بون هیچ لایەکمان نەیدەتوانی سەعاتەکان بۆ پاشەوە بگەڕێنێتەوە و سەلامەت لە تەنگژەکە ڕزگاری بێت.

سەعات شەشی ئێوارە بوو کەچی کابرای لایت لە چ شوێنێک دیار نەبوو. ئەو لە شەوی پێشترەوە لە پاش دەمەقاڵێیەکەی لەگەڵ دەنگخۆشدا ون ببوو. من بە دوایی ئەو هەموو کون کەلەبەری لای سەرووی بەلەمەکە گەڕابووم بەڵام نەمتوانی بوو سۆراغێکی ئەو پەیدابکەم.

بە خێراییەک دەڕۆیشتین ئەگەر هەروا بەرامبەر تارمایی بە جێماوی کابرای لایت لە هەمان شوێنی دەمەقاڵێیەکە وەستابام ئەوا با هەر بە پێوە دەیبردم. بەڵام ئەوەی با لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆنی بۆگەن و پنگاوەی دوو تەرمەکە بوو کە وەک دیاری و دەرسێکی بە نرخ دەیدا بە سەر و گوێلاکی تونجای و سامی قورتار، بە گوێی هەموو ئەوانەی کە هەردەم لە وجودی زاڵمدا گوێیەکانیان قوڵاغ دەکەن و دەمیشیان قەلاقوپ.

با بە زەبر و توڕەییەکی زۆرەوە بە گوێیە ڕاچڵەکاو و کونە کەپووە فشبووەکانیانی ئەوان دەیچرپاند " بەس بێت بۆ زوڵم! "

خۆر خەریک بوو وەک تۆپێکی سووری یاری سەبەتە لە ئەمسەری دونیاوە ئاوا دەبوو، بەڵام زۆر نزیک و خێرا تێپەڕیوو بە سەر سەری ئێمەوە. دەتگوت کەسێک لە دوورەوە قاقا و پێکەنینی بەو رۆژگارە تاڵانەی ئێمەدا هاتبوو و بە

گاڵتەجاڕی یاری زانێکی ملیۆنێر زمانی لە بەدبەختی ئێمە دەرهێنا و بە ئاوابونی خۆر گۆلێکی لە ڕۆژێکی دۆڕاوی ئێمە کرد. یان باشترە بڵێم سیاسییێکی فێڵباز و دز کە ڕۆژانە خۆر وەک کولێرەیەکی برژاو بە ئاسماندا فڕێ بدات تەنها بۆ ئەوەی سەتەلایتەکانی ئاسمان وێنەی بگرن و ئەو بە میهرەبان و بەخششترین کەسی جیهان بناسێنن. کەچی وێنەی ڕاستی لە ژێر خۆرە کولێرەیەکەدا بوو کە چۆن خەڵکی برسی دەستی ئەو سیاسەتبازە بە دوایی نان ڕاکە ڕاکەیانبووا؟

من پاش ئەوەی تاوێک دامابووم لە بەرامبەر ئەو دیمەنە دراماتیکیەی کە لە یەک ساتدا هەردوو تارمایی مەرگ و ژیانی وەک دوو کارەکتەری دژ بە یەک و لە یەکتر پەیدابوو نیشان دابووم. کاتێک بینیبووم چۆن ژنەکان ئەمدەست و ئەو دەستیان بە کۆرپە ساواکە دەکرد، چۆن لەلایەک بزە کەوتبووە سەر لێوەکانیان و لە لایەکی دیکەشەوە چاوانیان پڕ ببوو لە فرمێسکی قەتیسماو. لە دواییدا ئەوان زۆر لە من بوێرانەتر لە نێوان هەردوو دیمەنی مەرگ و ژیاندا دانیشتبون و لەگەڵیدا دەژیان. منیش هەڵبەت وەک پیاوە ترسنۆکەکان دەمەویست هەر لە دوورەوە سەیری ئەو دیمەنە پێکەوە شاد و خەمبارە بکەم کە دڵی گەورەی ژنی دەویست لە خۆیدا بیگرێت، نەوەک مێشکی پیاوێکی ترسنۆک و هەڵاتوو.

لە شوێنی خۆم هەستام و چووم بۆ لای دەنگخۆش و دوو کوڕە گەنجەکەی کە منداڵەکانیان لە ئاو دەرهێنا، بۆ ئەوەی داوایان لێبکەم کە لە سۆراغی کابرای لایت بگەڕێین. دەنگخۆش بۆ لای تونجای و سامی قورتار چوو، من و دوو گەنجەکەش کون بە کون بە دوایی سەرە داوێکدا دەگەڕاین تا نهێنی ئەو ون بونە لە ناکاوەی کابرای لایت بە دەستمان پێ بڵێت. ئێمە وەک سێ پشکێنەری شارەزا لە کرنەوەی کۆدە شاراوەکانی تاوان دەگەڕاین بەڵام پاش تێپەڕینی نەوەد دەقیقە بەسەر گەڕان و سووڕان و پشکنین و ئاخاوتن دا هەرسێکمان مایە پووچ دەرچووین و لە کونجێکدا دەست بەتاڵ لە چاوەڕوانی دەنگخۆش دانیشتین. نیگەرانی و روو گرژی و توڕەیی ئەو کەسانەمان لەسەر روو

نیشتبوو کاتێک تەرمی کەسێکی ئازیزیان دوور لە دیدی ئەوان لە چۆڵەوانییێک فڕێ دەدرێت و تا بونی بە خۆراکی سەگ و داڵ و ڕزیو بونی ئێسکەکانی بکوژانی هەرگیزا و هەرگیز ئاشکرا نەبن!

دەنگخۆش وەک هەموو جارانی پێشوو دەست بەتاڵ گەڕایەوە، ماندووبون و پەشۆکان و خۆخواردنەوە لە چاوانی دەخوێنرانەوە. هەر بە گەیشتنی بۆ بەردەم ئێمە دەستێکی وەک باڵی شکاوی کۆترێک بەڕووی ئێمەدا فڕاند و گوتی " ئەرێ ئەو کابرایە چی بەسەرهات، زەوی قووتی دا یان ئاسمان !؟ "

سەعات نۆی شەو بوو کاتێک سامی قورتار کەسێکی نارد بۆ کۆکردنەوەی پارە لە ئێمە. کەسەکە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەربوو بەڵام بۆینباخی نەبەستبوو. کوڕێکی موزەرد و بارێک و درێژ بوو، شێوەی لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی هۆلیوود دەچوو. ئەوانەی لە زۆر بەشدار بونیان لە سینەما ژیانیش وەک فلیم تێدەگەن و هەرگیز خەم و نەهامەتییە گەورەکانی دونیا گەشبینی و خەندە لە رووی پۆدرە کراوییان ناڕەوێنێتەوە، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە لە شوێنە گشتییەکان دەکەونە بەر کامیرای چاوی خەڵک. من پێشتر ئەو کەسەم لە نێو بەلەمەکەدا نەکەوتبووە بەر چاو، کە بە ووربونەوەم لە ئاکارە رۆژئاواییەکەی دەم و چاوی خەیاڵم بۆ دیپلۆماتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چوو بە ناوی دێنیس کە ماوەیەکی درێژبوو ناوبژیوانی نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکانی دەکرد.

ئەو کەسە لە ئاخاوتنی دیار بوو کە پارەیەکی ئەستووری بەو گەشتە دابوو. بۆیە لە جیاتی هەموو کەس ئەو وەک نوێنەری تونجای و سامی قورتار هاتبوو. لە ئێمەش دەپاڕایەوە کە داواکانی ئەوان بە زووترین کات پەسند بکەین. بەدەنگێکی پڕ و بە باوەڕەوە دەیگوت " بڕایینە با ئەو بیست دۆلارەشی لەگەڵدا نەبێت و با لەم نەگبەتییە ڕزگارمان بێت. ئێوەش وەک ئەو کابرایە مەکەن کە سەرەڕای بە هەرزان سوواربونی لە بەلەمەکە بە تفێک پاداشتی چاکەی تونجای و سامی دایەوە، گۆبەندێکی خراپی بە سەر خۆی و ئێمەشدا هێنا! "

من ئەو ئاخاوتنەی کابرای دیپلۆمات ئاسان نەدەچووە نێو گوێییەکانم، وەک ئەویش هەرگیز ئەوەم نەدەسەلماند کە مافی بکوژ بخەمە پێش کوژراو. باوەڕم بەوە نەدەهێنا کە کابرای خنکاو بە پارەیێکی کەمتر لە هی ئەو سواری بەلەمەکە بووبێت. هەرچۆنێک بێت من بە کابرای دیپلۆماتم گوت کە ئێمە کەسمان ئامادە نین یەک فلس زیادە بدەین ئەگەر سەد ساڵ لە نێو دەریا دا بمێنینەوە. پێم گوت کە بە دوو ئاغەکەی بڵێت کە بە چ چاو و ڕوویێک داوای پارە لە ئێمە دەکەن لە کاتێکدا دوو تەرم لە نێو بەلەمەکەدا کەوتون، کەسێکی بێتاوان فرێدراوەتە نێو دەریا، و کابرای لایتیش ماوەی شەو ڕۆژێکە ونە. کابرای دیپلۆمات باش ئەوەی گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو هیچ وەڵامێکی ئەو راستیانەی نەدایەوە و بە بێدەنگی هەستایە سەر پێ و بێ خوداحافیزی ملی ڕێگای گرت.

کۆرپە ساواکە لە برسان و لە یەکەم ڕۆژی ژیان و بێ دایکیدا بە هیچ یەکێک لە ژنەکان ژێر نەدەبووەوە. ئەو ژنەی منداڵەکەی مردبوو کون بە کونی بەلەمەکە دەگەڕا بەڵکو شتێک بۆ خۆراکی ئەو کۆرپە ساوایە پەیدا بکات. هەتا ئەو شوێنەش چووبوو کە ئەو شەوە من و کابرای لایت بە جووتە هەناوی خۆمان لێ بەتاڵ کرد. ئەو شوێنەی کە لە بەرەی ئەوبەر چەند هەنگاوێک دوور بوو و ئەوان بە ئاشکرا دەبینران. ژنەکە ئەوەندەی گەڕابوو شتێکی پەیدا نەکردبوو بە کەلک بێت و ببێتە خۆراکی مەلۆتکە ساواکە. لە دوورەوە ئەو کارەی ئەو ژنە سەرنجی کابرای دیپلۆماتی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، بۆیە پاش کەمێک ئەو بە چاکەت و پانتۆڵە ڕەشەکەیەوە بەرەو لای دایکی منداڵە خنکاوەکە چوو بوو و کیسەیەکی نایلۆنی دابووە دەستی.

تاوێک پاش ئەوە ژنەکە بە خێرایی بە لای مندا تێدەپەڕێت و بێ هاتنی ورتەیەک لە دەمی، زاری نایلۆنەکە دەکاتەوە و ئەوەی ناوەوەیم نیشان دەدات. ئەو ڕەفتارەی لە کردەوەی ژنێکی خانەدان دەچوو کە کیسەیەک لیرەی ڕەشادی دۆزیبێتەوە بەڵام سەیری نەکردبێت بەرلەوەی بۆ مێژوو راستییەکە نیشانی کەسێکی دیکەی نەدات.

شتەکانی نێو نایلۆنەکە ئەوەندە زۆر نەبون کە نەتوانم بیانژمێرم و ناویان بێژم. لەو چەند چرکەیەی کرانەوە و داخرانی کیسە نایلۆنەکە دوو پورتەقال، یەک سێو، و سێ بسکویتی کۆمپانیای ئوولکەرم بینین. ژنەکە بەر لە گەیشتنی بۆ لای من زەردەخەنەیەکی پڕ لە خەم و پەژارە کەوتبووە سەر لێوەکانی وەک ئەوەی کیسە نایلۆنەکەی دەستی پڕ لە ئۆکسجینی ژیانەوە بۆ گەرووی کۆرپە خنکاوەکەی.

هەر بە گەیشتنەوەی بۆ لای ژنەکان، دایکی منداڵە خنکاوەکە کیسە نایلۆنەکەی دا بە دەستی ئەو ژنەی ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە من. ئەو دوایی من یەکەمین کەس بوو کە بزانێت چ لە نێو ئەو کیسە نایلۆنەدا هەبوو. خێرا یەکێک لە پورتەقالەکانی دەرهێنا و لە نێو دەفرێکی بچووک ئاوەکەی هەڵچۆڕاند و دواییش هێواش هێواش پەنجەی دۆشاو مژەی پێ تەڕدەکرد و دەیخستە نێو دەمی کۆرپە ساواکە.

سەعات دوازدەی شەو دوایی ئەوەی کۆرپە ساواکە لە گریان وەستا و نووست، لە خامۆشی شەودا تونجای و سامی قورتار دووبارە لە ناکاو ماتۆڕی بەلەمەکەیان وەستاند، دووبارە ئێمەیان خستەوە نێو تۆڕی دڵەڕاوکێ و ترس. بۆیە من و تەواوی ئەوانەی چارەمان نووسابوو بە هەڵبون و کوژانەوەی ماتۆڕە نەگبەتەکە، تا بەیانی خەو نەچووە چاوانمان. تا بەیانی هەریەکەمان لە شوێنی خۆی لەگەڵ ئەستێرەکانی شەو بە زەقی چاوانەوە ئێشکگر بەجێما، هەریەکەمان لە نێوان دوو دونیای بێ بندا، لە نێوان ئاسمان و دەریا دا تێر تێر بۆ بەختی خۆی گریا.

***رۆژی حەفتەم*** ***1996/9/11***

**{ ئای وشکایی، ئەمجارەش لە باوەشتدا هەڵمبگرە ناخم پڕە لە رق و قینە لە دەریا!}**

**سپێدە زوو زۆربەمان وەک ماسی گیان دەرچوو لە سەر تەختەی بەلەمەکەدا کەوتبووین. من بەر لە هەموویان لەگەڵ خشپە خشپی پێییەکانی سامی قورتار بە ئاگا هاتبووم کاتێک لەشی خەوتووی دووگەنجەکەی راست و چەپ دابووە بەر پێلەقە. پاشان دەستی کردبوو بە هاوارکردن و هەڕەشە بۆ کۆکردنەوەی پارەکە.**

**دووبارە هەروەکو سەرەتای سەفەر هەرا و دەمەقاڵێ لە نێو بەلەمەکەدا دەستی پێکردەوە. وەک ئەو کاتیش بۆنی گۆبەندێکی دیکەی لێوە دەهات. من هەر ئەوەندەم بینی کە سامی قورتار وەک پۆلیسە هارەکانی ڕێگر لە خۆنیشاندان، دارێکی ئەستووری پێبوو و بە هەموو هێزییەوە بەرەو سەر و گوێلاکی دوو گەنجەکە دەیوەشاند. لەگەڵ یەکەم بەرکەوتندا خوێن لەسەری یەکێک لە گەنجەکان فرچکی کرد و دوو جۆگەلەی باریکی بەسەر هەردوو چاوانی گەنجەکەدا بۆ خوارەوە ڕێچکەیان بەست. دەتگوت هەردوو رووباری دیجلە و فورات بون لە حەژمەت نەبڕانەوەی شەڕ و کێشە سەرا و لێژ جوولەیان دەکەن.**

**بەر لەوەی گەنجەکە بە نێو لەپی دەستی چەپەی دوو جۆگەلە خوێنەکە لەسەر نەخشەی رووی بسڕێتەوە، دەیەویست مستە کۆڵەیەک بوەشێنێت بە رووی سامی قورتار دا. کاتێک دەیەویست بەغار بگەڕێتەوە بۆ لای تونجای و بەرەکەی، هەردوو گەنجە تووڕەکە بە خێرایی بۆی دەچن تا بیگرن. بەڵام بەرلەوەی دەستیان لە یەخەی کراسەکەی گیر بێت، سامی قورتار پێییەکانی هەڵدەخلیسکێن و سەراوسەر دەکەوێتە نێو دەریا. من لەو کاتەدا لە شوێنی خۆم ڕاپەڕیم و بە پەلە گەیشتمە ئەو شوێنەی کە سامی قورتار لێیەوە کەوتبووە نێو ئاوەکەوە. بە گەیشتنم بەو شوێنە بینیم دوو گەنجەکە وەک دوو**

مراوی ترسنۆک سەریان بۆ لای ئاوەکە شۆڕکربووەوە و سەیری هەڵبەزین و دابەزینی سەری سامی قورتاریان دەکرد لە ناو شەپۆلە نەرمەکانی دەریادا. کاتێک لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکیدا بە هەردوو دەستەکانی ئاوە ساردەکەی دەریای دەکوتا و شڵپە شڵپی وەک دەهۆڵ دەنگی دەدایەوە. من لە چوپی نەجات، کندرێک، یان هەر شتێکی دیکەی گونجا و بەکەلک دەگەڕام کە بۆ فریادرەسی کەسێکی گیر خواردوو لە ناو ئاودا بشێت. ئەمسەر و ئەوسەری بەلەمەکەم کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هات و هاوارم بۆلای تونجای و بەرەکەی دەکرد تا بێن بۆ هاریکاری. هەمووی چەند چرکەیەکی نەبرد تونجای و کابرای دیپلۆمات و چەند کەسێکی دیکە کە یەکەم جار بوو روویان وەها لە نزیکەوە ببینم.

دووانیان لە سەر داوای تونجای بە پەلە گەڕانەوە بۆ لای خوارووی بەلەمەکە و هەر بە پەلەش گەیشتنەوە لای ئێمە. لەگەڵ خۆیان کندرێکی درێژیان هێنابوو و زوو دایان بە دەستی تونجای کە لە لیواری بەلەمەکە وەستابوو. تونجای بەر لەوەی سەرێکی کندرەکە بۆ سامی قورتار فڕێ بداتە نێو ئاو سەرەکەی دیکەی لە ئەلقەیەکی ئاسنی بنمێچی بەلەمەکە قایم کرد و دوو گرێ کوێرەی قایمی لێدا. دوایی وەک پیاوە کاوبۆکانی ئەمریکای باکوور لە کندرەکەی دەستی بازنەیەکی گەورەی دروست کرد وەک ئەوەی ئەسپێکی کێوی راو بکات نەوەک سامی قورتار. تونجای هەستابووە سەر پێ و شارەزایانە بازنەکەی بە ئاسماندا فڕێدا نێو دەریاکە. لە ئاویشدا سامی قورتار بەگیانی پشیلەیەکی تۆقیووی حەفت رۆح دەست بە جێ دەستی دەگات بە کندرەکە و ئەو بازنەیەی کە تونجای بەر لە چەند ساتێک پسپۆڕانە بۆ ئەوی دروست کردبوو وەک تەوقی زێڕینی سەرکەوتن دەخاتە شانی. ئێمەش لەسەرەوە وەک بەرەیەکی یەکگرتوو دەستمان کرد بە ڕاکێشانی کندەرەکە و سامی قورتارمان لە بەلەمەکە نزیک کردەوە و وەک مریشکە ئاوی هەڵمانکێشایە ناوەوە. لێوەکانی وەک دوو پارچە گۆشتی ناتەبا بەر یەک دەکەوتن و بە چاوەکانیشی کون بە کون لە تارمایی دوو گەنجەکە دەگەڕا تا

جوێن بارانیان بکات. ئێمە هەموومان پێکەوە ویستمان بارەکە ئارام ڕابگرین، من لە لای خۆمەوە ئەو سەد دۆلارەی کە بەڵێن بوو بیدەم خستمە نێو دەستی سامی قورتار و کابرای دیپلۆماتیش دەستی برد بۆ شوێنێکی پانتۆلەکەی و ئەویش سەد دۆلاری دا بە تونجای. هەردووکمان داوامان لێکردن کە بۆ سەلامەتی خۆشیان دەبێت ڕێگا لە هەر ئاژاوەیەکی نێو بەلەمەکەدا بگرن و زوو ماتۆری بەلەمەکەی وە کارخەنەوە بۆ ڕێکردن.

باش بوو هەردووکیان بە دوو سەد دۆلارەکەی ئێمە لە کەللەی شەیتان هاتنە خوار و ماتۆرەکەیان دووبارە هەڵکردەوە. ئیتر جارێکی تر نە داوای ژنە سەڵتەکانی بەرەی ئێمەیان کرد، نە گلەیی و گازاندەشیان لە بۆنی بۆگەنی دوو تەرمەکە کە تەوژمی با بە زۆر دەیخستە نێو سییەکانیان.

ئەوەی بۆ من لە نێو هەموو نەگبەتی و ناخۆشییەکانی دەریادا تا نووسینەوەی ئەو یادەوەرییە تاڵانەش وەک نهێنییەکی گەورە و نائاشکرا جێما و ون بوو، بریتی بوو لە بێسەر و شوێن بونی کابرای لایت بە دەست.

سەعات دەی بەیانی بوو ئاسمان لە هەموو ڕۆژەکانی سەفەر جوانتر و شینتر دیاربوو، من هەر لە خۆمەوە وەهام هەستدەکرد کە لە ژێر ئەو ئاسمانەدام کە ڕۆژگارێکی دوور بە هۆی یەکێک لە ڕۆمانەکانی کازانتزاکیس نەخشەیم بەو شێوەیە لە خەیاڵمدا کێشابوو. هەر هەمان ئاسمان کە لەو گۆڤارە ڕەنگاوڕەنگ و جوانانە دیبونم کە هاوڕێیەکەم لە مەسیف حەفتانە دانەیەکی بۆ دەهێنام لە ژمارە زۆرەکانی هەیبون. ئەو گۆڤارانەی کە کاتی خۆی خزمێکی لەو فۆرمەن و کرێکارە ئیتالی و فەرەنسییانە وەریگرتبون کە هۆڵی سینەما بۆ خەڵک و کۆشکی دیکتاتۆریان بە هەمان دەست دروست دەکرد! لەگەڵ ڕێکردنی بەلەمەکە من لە پەنایەک دانیشتبووم و پشتم لە هەموو ڕووداوەکانی نێو بەلەمەکە کردبوو، لە دامرکانەوە و وشک بونەوەی سامی قورتار، لە گریەی کۆرپە ساواکە، بۆگەنی دوو تەرمەکە، لە هەموو شتێکی گەورە و بچووکی نێو بەلەمەکە. لە پەنایەک دانیشتبووم و پشتم لەو نەهامەتی و ناخۆشییانە کردبوو کە لە ڕۆژانی تەنگانەدا مرۆڤ بە دەستی

خۆی بۆ خۆیان دروستیان دەکات. کاتێک دانیشتم بۆ یەکەم جار توانیم لە نزیکەوە سەیری جوانی و هێمنی دەریا بکەم. ئەو دەریایەی بۆ من لە سەردەمی هەرزەکاری و لە سەر رووی ئەو ئەتلەسە رەنگاوڕەنگانەی کە باوکم بۆ منی کڕیبون، بە تەنها مانای جوانییەکی رەهایان دەدا، مانای خۆشییەکی شین و بەرفرە کە دوور بێت لەو شەڕ و گێژاوانەی رۆژانە لەسەر خاکدا دەکرێن، دوور لەو گوللانەی کە برا بە سنگی برایەوە دەنێت. بۆ من دەریا مانای گەشتێکی دەدا کە هێمن و ئارام، گەشتێک پڕ بێت لە هەوەس و خۆشی. گەشتی کەسێک بێت کە ناسنامەی دونیای لە گیرفاندا بێت و هەرگیز رۆژێک ترسی لە ئەوە نەبێت کە هەر بە گەیشتی بە بەردەم قاپی وڵاتێک وەک دز و جەردەیەکی دەریا ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت و کون بە کونی لەشی و جانتاکەی بپشکێنرێت.

من لە نزیکی ئەو شەپۆڵە دەسکردانەی کە رەوتی بەلەمەکە لە نێو ئاوەکەدا دروستی دەکردن، رەوەیەک سەگەئاویم دەبینین کە بە لەشی خڕ و لووسیان وەک چەقۆ ئاوە شینەکەیان شەق دەکرد. لەگەڵ مەلەکردنی خێرایان چاوانی منیان بەرەو ئاسۆیەک دەبرد کە تێیدا وشکایی وەک پنتکێک لە دوورەوە رەش دەکرا. رەوە سەگەئاوییەک کە لەگەڵ هەر چاو ترووکاندن و سەر بڵند کردنێکی مندا سەری بچووک و لمووزی فلات و سمێڵی دەسکی کەرەوز و تەواوی لەشی سفت و لووسیان وەک ئامێرێکی عەجایبی سێکس بە خێراییەکی بێ وێنە دەخستە ناو هەناوی دەریا و بە هەمان شێوەش دەریان دەهێنان. یان جودا لەو دیمەنە پڕ لە شەرم و رووتییە، رەوە سەگەئاوییەکە لە کۆمەڵە فریشتەیەکی قووڕاوی دەچون کە لە پشتی دەریا دوورەکان بۆ فریاگوزرای کەسانێک هاتبن کە وەک کیسەڵ و رەقیاوی پیر لە ناوەڕاستی دەریادا جێمابن. لە دوورەوە زانیبێتیان کە بەلەمێک حەفت رۆژە لە ناوەڕاستی دەریادا وێڵە و مووسا و فیرعەونی پێکەوە هەڵگرتووە. بەلەمێک کە وەک سەرەتای رەوتی ژیان بە کوژرانی کەسێک دەستی پێکردووە بێ ئەوەی بکوژەکەی سزای وەرگرتبێت. بەلەمێک دەقاو دەق لەو ژیانە دەچێت کە لەسەر خاکدا مرۆڤ بە دەستی خۆی بۆ خۆی دروستی دەکات. ژیانێک کە پڕە لە تاوان، تەرمی

فڕێدراو، کەسی بێکەس، هەروەها پڕە لە منداڵی برسی و مەلۆتکەی گرینۆکی بێ دایک.

بەڵێ، دەتگوت ئەو سەگەئاوییانە کۆمەڵە فریشتەیەکی ڕەنگ قوڕاوی بون و لە دوورەوە بە دوایی بەلەمێکدا هاتبون کە کارەساتەکانی حەفت ڕۆژ وەک شووژنی تیژ لە لەشی کەسێکی وەک من چەقیبن و لە گشت لاوە کون کونیان کردبێت، حەفت ڕۆژ مەرگ هەر جارەی بە ڕوویێک خۆی نیشانم دابێت. من لە مەرگی هەر یەکێک لەو بێ تاوانانەی لە گەشتی شوومی بەلەمەکەدا لە ناوچون، مەرگی نزیک و ناوەختی خۆمم دەبینی!

دانیشتبووم و ڕەوە سەگەئاوییەکم دەبینی کە بە پێچەوانەی کەسەکانی نێو بەلەمەکەی ئێمە هاوپشت و یەکگرتوو دیاربون. ئەوەی پێشەوەیان وەک سەرکردەیەکی چاو تیژ و ڕێ نیشاندەر کەوتبووە سەرووی هەموویان و بە ئاوڕدانەوەیەکی کت و پڕ چاوە بەلبوو و ڕەشەکانی خستە نێو چاوە زەرد و مەلوولەکانی من. وەک ئەوەی پێم بڵێت کەوا بۆچی وا وورە رووخاو لەسەر لێواری بەلەمەکە دانیشتووم!؟ پاشان یەک بە یەکەی سەگەئاوییەکان بە بەردەمی من ڕەت دەبون و منیان وەک دورگەیەکی وشک و چۆڵ دەبینی کە لە ئۆقیانووسە دوورەکانەوە جێمابێت و هەرگیز بەڕێکەوتیش لەمەوپێش کەسێکی بەلادا تێپەڕ نەبووبێت. چاوە ئەبڵەقەکانی ئەم سەگەئاوییانە گەلێک لە چاوانی بچووکی ئەو قاچاغچییە بێبەزییانە تیژتر دیاربون کە هەر بەگەیشتنی سەفتە دۆلارەکان بۆ نێو باخەڵیان، نەفەرە ناشارەزاکانی ژێر دەستیان بە نێو ئەو شاخ و وەردانەدا پەرت دەکرد کە پڕ بون لە قارچکی ژەهراوی، گورگی بەد ڕەفتار، تاشە بەردی تیژی وەک چەقۆ.

سەگەئاوییەکەی پێشڕەو کە بە بەردەمم دا ڕەتبوو چاوەکانی خستە نێو چاوە زەردەکانم وەک ئەوەی بیەوێت نیگا پەرت و شێواوەکانی من کۆبکاتەوە و ئاڕاستەی شوێنێکیان بکات کە وشکایی وەک پنتێکی ڕەش و هیچ لە دوورەوە دیاربوو. هەتا ئەو پنتە بە ڕەوتی خێرایی بەلەمەکە لە بەر چاوم کەمێک گەورەتر نەبوو من هەرگیز ئەو باوەڕەم نەمابوو کە ئەو دەریا شوومە سەرێکی

بە وشکاییەوە بەسترابێتەوە. من تاوێک دامابووم و ئەوەی دەمبینی لە تارمایی خەونێکی بەدی نەهاتوو دەچوو. بەلەمەکە بێباکانە سەگەئاوییەکانی بێ بایەخ و هیچ لە دوایی خۆی بەجێدەهێشت، وەک ئەو کەسانە کە لە شۆڕشە کورت و درێژەکان دا لە رۆژانی سەخت و دژوار ئەوانن رێ نیشادەری پڕ باوەڕ و توانا، کەچی دوایی دەبن شەهید و لە بیرکراو. من لە ئەوپەڕی شادیم بە بینینی پنتکە هیچ و رەشەکەی لە دوورەوە بەدیدەکرا، دەمەویست ببم بە دەمڕاست و شایەد بۆ دەوری پڕ نرخی ئەو سەگەئاوییانەی کە بەر لە ئینسان یەکەم گیانلەبەر بون هاتنە فریادڕەسی من و ئەو بەلەمە بێ وەفایەی کە لەگەڵ گەورە بون و زیاتر بە دەرکەوتنی پنتکە رەشەکە خێراتر دەڕۆیشت و ئەوانی دوورتر لە دوایی خۆی بەجێدەهێشت. من هەرگیز نامەوێت ئەوە لە بیر بکەم کە چۆن بە ڕامانم لە چاوی رەش و ئەبڵەق و بەلبووی یەک بە یەکی سەگەئاوییەکان دوو جۆرە نیگای چاوانم بینین کە هەردوکیان لە هی بەشەر دەچون و وەک چاوانی ئەویش پڕ بون لە پرسیار و ترس، لە گومان و خەم؛ پڕ بون لە چاوەڕوانی!

بەڵی لە چاوانی رەش و ئەبڵەقی ئەو سەگەئاوییانە من شێوەی دوو جۆرە چاوم بینین، یەکێکیان چاوی ئەو کەزان و ئایفەرانە بون کە لە دووری تارمایی ئەو یارانەی دەبەنگ بون وەک خۆم کە لە خەونیشدا نەبون بە دۆست و یاری کەس، ناچار رەنگە هەنگوینی، زەیتونی، ئاووی، گیایی، و خۆڵەمێشیەکانیان لە دەست دا بوو! هەروەها ئاوێتەی رەنگی گشت ئەو چاوانەیان وەک بۆیەی نیگارکێشی کۆچکردوو لە چاوی رەش و گریاوی ئەو سەگەئاوییانە جێمابوو. من لەگەڵ سەیرکردنی چاوە چاوەڕوان و پڕ لە پرسیارەکانی سەگەئاوییەکان تروسکاییەکم لە چاوە یاقووتییەکانی کەزان دەهاتەوە یاد، کاتێک بە ماکسیێکی سوور لە نێو وردە باران و پەلکەزێڕینەی دروست بوو دا تارمایی شیرینی لە فریشتەیەکی خەیاڵی و دوورە دەست دەچوو. بەڵێ، ئەو ئێوارە شیرین و بەسەر چووانەم دەهاتەوە یاد کە کەزان نقوومی نێو ئەو وردە بارانە دەستکرد و نەرمەی دەستی خۆی دەبوو. ئەو کاتانەی لە دیار گەڕانەوەی

هێواش و لە سەرخۆی من لە ناخەوە پێکەنینی بەو کتێبانە دەهات کە وەک منداڵێکی خوو گرتوو لە چونەدەر و هاتنە ژوورەوەی دەرگای ماڵی خاڵم بە دەستمەوە بون. ئەو کتێبانەی منیان کردبووە ئادەمیەک کە بە بۆنی ئەو خۆڵ و خاکە نەبووایە کە کەزان ئاوپرژێنی دەکرد، نەمدەتوانی سەر بۆ هیچ شتێکی دیکە هەڵنەبڕم و پێییەکانم هەرگیز نەیاندەویست بەو خاک و خۆڵ ببەسترێنەوە.

ئەو ڕۆژانە سێبەری باڵای ئەو نەبووایە من مەلێک بووم لە شمقار سەیرتر و بێ شوێن تر! لە نێو جێگای شەوانم پەنجەکانی خۆم دەگەست کە بۆچی لە جیاتی کتێبە وشکەکانی باوەشم کە منیان وەک مەلێکی بێچارە بۆ دوور فڕاند، قۆڵی بەفرینی کەزان سەرینی گەرم نەبووا؟ ئەگەر وەها بووایە من هەرگیز ڕۆژگارێک چاوە یاقووتییەکانی ئەوم نەدەخستە نێو ڕەشایی چاوە پڕ لە گلەییەکانی ئەو سەگەئاوییانە. لە بەیانییەکی خەمناک و تەنیاییم دا هەرگیز دەرگای دڵی دەریای ناوەڕاستم لە کونی چاوی ئەوانەوە نەدەبینی. لە جیاتی ئەوە دەبووایە دوو چاوە یاقووتییە سەوزەکانی کەزان دەرگای شادی بینین و ئاواتی من بونایە. کاتێک بەیانی و ئێواران وردە بارانی سۆندە یەک ئینجیەکەی دەستی زۆرترین سۆز و خۆشەویستیان دەباراندە دونیای تەنیایی من. کەچی لە بەرامبەر دا من هەردەم ئەو باڵندە نامۆ و ناشادەی گەڕەک بووم کە لە نێوان فراوانی ئەرز و ئاسماندا شوێنێکم شک نەدەبرد بۆ فڕین. مەلێک بووم نامۆ بە عەشق لە خاکی خۆم، نامۆ لە بەر چاوە یاقووتییەکانی کەزانی هاوسێ، لەبەر چاوی گەش و کاڵی خوشکە تاقانەکەم. ئەو خوشکەی هەموو ئاواتی ئەوە بوو کە برای ڕەفتار مەلی لە هێلانەیەکی گەرمدا ببینێت کە پڕ بێت لە گوڵ و بۆن و بەرامی بەهەشت. بەڵام ئەفسووس، من هەرگیز نەبووم بەو جۆرە مەلە و هێلانە لەسەر دارێکدا دروست بکەم کە ئەو خەیاڵ ڕەحەت لە ژێریدا دابنیشێت و کتێبەکانی مەکتەب بخوێنێت. بۆیە ئەویش وەک کەزان لە ناخەوە ڕقی لە کتێبەکانی ژێر باڵم بوو کە لە پڕ بون بە ڕایەخە سیحراویەکەی عەلائەددین و منیان بۆ دوورترین شوێن فڕاند. ئەو کتێبانەی

منیان وەک ئەو شاعیرە شێتانە هەڵخەڵەتاند کە هەردەم بە دوایی یۆتۆپیاکەی ئەفلاتونەوە سەرگەردان و وێڵن، بە دەستێک قەڵەم و کاغەزییان هەڵگرتووە و بەدەستەکەی دیکەش نەخشەیەکی کۆن و گەچراوی سەفەرێکی دوور. بەڵێ، من وابووم دەمەویست لە شوێنێک بە دوایی شوێنێکدا بگەڕێم، کە تێیدا چیتر ژنێک نەبێت هاوسەرەکەی لە بەردەمیدا بکوژرێت، کەچی ڕێگەی پێ نەدرێت و نەوێرێت شینی بۆ بگێڕێت. خوشکێک نە بێت بەسەر تەرمی براکەی دا فرمێسکەکانی بووبن بە خوێن کەچی هەر بەردەوام بێت لە شین و گرین.

من لە چاوی ئەبڵەق و بەلبووی سەگەئاوییەکان شێوەی دووەمی ئەو چاوانەشم دەبینی کە لە نێو بەلەمەکەدا یەک لە دوایی یەک لە بەر چاوی من ون بون. بەڵی، لە چاوی رەش و ڕێنیشاندەری سەگەئاوییەکان چاوی ئەو کابرایەم دەبینی کە لە یەکەم رۆژی گەشتەکەدا لەسەر رۆکردنی تفێک پاڵنرایە نێو قوڵایی دەریا و خنکا! چاوی ئەو منداڵە بەستەزمانەم دەبینی کە دەریا رۆحی بچووکی بە فووێک هەڵلووشی. هەروەها ئەو دایکەی کە بۆ چەند ساتێک دایکایەتی بۆ ساواکەی کرد و پاشان شیرینترین شتی دڵی، مەلۆتەکە تازەکەی، لە نێو دەستی شەش ئافرەتێکی نەناسدا جێهێشت. بەڵێ، چاوی سەگەئاوییەکان دەبون بەچاوەکانی کابرای لایت و هەزار و یەک پرسیاریان لە من دەکرد. پرسیاری ئەو هەموو تاوان و غەدر و ناهەقییانەی کە رۆژانە لەکون و قوژبنە تاریکەکانی ئەمسەر و ئەوسەری دونیادا ئەنجام دەدرێن. چاوی سەگەئاوییەکان کە لە دووری بەلەمەکەوە لە دواوە بەجێدەمان لەو چاوانە دەچون کە لە کاتی مەرگدا شەوق و تین و گەشییان بەرە بەرە لە دەست دەدەن. لە چاوی ئەو کەسانە دەچون کە یان لە چاوەڕوانیدا دەمرن، یان لە کاتی سەفەر.

من لە کۆتایی نیگام بۆ سەگەئاوییەکان بیرم هەر لە سەر کابرای لایت بوو کە لەو کاتەدا خودا نەبووایە کەس نەیدەزانی لە چ شوێنێک بوو!

هەر کە زانیم ئەو پنتکە رەشەی کە لە دوور دیاربوو وشکاییە، یەکسەر هەستامە سەر پێ و پڕ بە دەنگی خۆم هاوارم کرد " خەڵکینە، وشکایی،

وشكايي ..... من وشكاييم لێ دياره! " لەگەڵ ئەو هاوارەی من یەکەم کەس کە گەیشتە لام، دوو کوڕە گەنجە بون کە دوو منداڵەکەیان لە ئاو دەرهێنابوو، لەئەملاشەوە شەش ژنەکە وەک شەش نەورەسی باڵشکاو وغەمگین گەردنیان بۆ لای هات وهاواری من بەرزکربووەوە. لە نێو دەستیان کۆرپەیەکی دوو رۆژە بە گریان نەبووایە بە چیتر نەیدەتوانی وەڵامی ئەو هەموو ناهەمواریيە بداتەوە کە لەیەکەمین ساتەکانی ژیانیەوە تووشی ببوو.

لە پاش دەرهێنانی سامی قورتار لە ئاوەکەوە بۆ ماوەیەک نێو بەلەمەکە کش و مات بوو، نە ئێمە و نە ئەوان کەسمان سەرمان بۆ رووداوێک هەڵنەدەبڕی کە بۆنی خۆشی یان ناخۆشی لێبێت، دەتگوت هەر هەموومان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبووین کە خۆمان و بەلەمەکە بخەینە ناو یۆگایەکی بەردەوام. بەڵام ئەوە تەنها من بووم کە چوو بوو لە نزیکەوە سەیری شینی و هێمنی دەریا بکات، سەیری چاوانی خەمناک و پڤدراوی سەگەئاوییەکان کە لە دوورەوە وەک فریشتەی رەنگ قوڕاوی بۆ رێنیشاندانی ئێمە هاتبون. هەرچەندە نە ئەوان و نە دەریا و نە کەسێکی تر توانی سۆراغی کابرایی لایتم پێ بڵێت، نەیتوانی ئەو سڕ و نهێنیە هەڵبێنێت کە ئەگەر دواتر بۆم ئاشکرا نەبووایە ئەوا هەتا مردن لەگەڵمدا دەبوو.

دەنگخۆش لەو ماوەیەدا چەند جارێک چوو بوو بۆ لای تونجای و سامی قورتار بەڵام هەر جارێک لە جاری پێشووتر دەستبەتاڵتر و بێ ئەنجامتر دەگەڕایەوە و باوەڕی نەدەما کە ئەوان دەستیان لە گووم بونە لە ناکاوەکەی کابرای لایت دا هەبووبێت. ئەو زوو دەستی لە هات و چۆ و گەڕاندا شوشت. لە ئێوارەوە تا شەو لە تەنیشت کچە دوازدە ساڵییەکەی دەست لە ئەژنۆ دانیشتبوو و بێزاری دونیا لە سەر رووی کۆببووەوە. بەردەوام ئاخی ئەوەی هەڵدەکێشا کە ئەو هەرگیز نەدەبووایە هیچ بە کابرای لایت بڵێت کاتێک بە هەڵە شەوقی لایتەکەی خستە سەر سمتی سپی ئەو ژنەی کە ژنی ئەو نەبوو.

لە نێوان هەستانی من و گەیشتنی دوو گەنجەکە و شاگەشکەبونی شەش ژنەکە بە بیستنی وشەی پڕ لە ئومێد و تەڕی وشکایی. دوورگەکە لە پێش

چاوی هەر هەموومان گەلێک لە کۆرپە ساواکە تەنیاتر و خاک غەریبتر دیاربوو. بەڵام کە نزیکتر دەبووینەوە بەردەکانی کەنار، دار سنەوبەرە قەد بڵندەکان و خاکە سەوزەکەی دورگەکە لە هەموو ئەو زەمینانەی کە دیبونم ئارامتر و گەشتر دیار بوو، دەتگوت دورگەکە پێشتر باخچەیەکی نهێنی و دوورە دەست بووە کە شایەک دوور لە چاوانی خەڵک پلانە سیاسی و عەشقە قاچاغەکانی تێدا ئەنجام داوە. دەتگوت ئەو دورگەیە خاکێک بوو لە سەر نەخشە و هێڵەکانی جوگرافیا بێ ناو و بێ ناونیشان. بەڵام ئەو ئێوارەیە لە پڕ لە ئاسمانەوە بۆ خاتری کۆرپە ساوا دایک مردووەکە دابەزیوە.

ئێوارە بوو و خۆر دیسان ببوو بە تۆپێکی خڕ و نارنجی یاری سەبەتە و تارماییەکی خامۆشی بەسەر دورگەکەدا کێشابوو. بەڵام تا دونیا تاریکتر دەبوو دورگەکە لە بەر چاوی ئێمەدا زیاتر لە موگناتیسێکی رەشی گەورە دەچوو کە بەلەمەکەی ئێمە بێ وچان بۆ لای خۆی کێش بکات.

هەر کە نزیک بووینەوە تونجای و سامی قورتار پێکەوە هەستانە سەر پێ. تونجای دەستی کرد بە قسە کردن و سامی قورتاریش وەک دەستەڕاسێکی وەفادار یەک بە یەک وشە تورکییەکانی دەمی  ونجای دەکردن بە کوردی و ماوە ماوەش سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد. بە هەردووکیان ئێمەیان ئاگادار دەکردەوە کە هەر بە لەنگەرگرتنی بەلەمەکە لە قەراغ دەبێت زۆر بە پەلە دابەزین، هەموو شت و مەک و کەل و پەلەکانمان ببەین. گوتیان " ئەگەر ناتانەوێت سەر ئێشە بۆ خۆتان دروست بکەن دەتوانن تەرمەکان بەجێبهێڵن ئێمە لە ڕێگای گەڕانەوەمان فڕێیان دەدەینە دەریا. ئەگەر بەوەش رازی نین باشترە هەر ئەو شەوە کە دابەزین پێش هەموو شتێک دوو تەرمەکە بنێژن. نەوەک پۆلیس دەگاتە سەرتان و بە تەرمەکانەوە بگیرێن کاری خۆ بەدەستەوەدانتان زۆر ئاڵۆز دەبێت. ئارەزووی خۆشتانە چی دەکەن، ئێمە دەڵێین کە ئەگەر کۆمەڵێک ئاژاوەچی لە نێو ئەو بەلەمەدا نەبونایە ئەوا نە خۆتان و نە ئێمەش تووشی ئەو هەموو دەردەسەرییە دەبووین! "

من لەو وەختەدا هەموو بیر و هۆشم لە سەر کابرای لایت بوو کە چۆن لە پڕ وەک هەورێکی تەنکی بەهار، ئەستێرەیەکی بەجێماوی سپێدە زوو، و سێبەری کەسێکی ڕێبوار لە بەر چاوی ئێمەوە ون بوو و نەما. بۆیە بۆ دواجار و لە قووڵایی هەناومەوە هاوارم کردە لای تونجای و سامی قورتار کە ئەگەر شتێک لەسەر کابرای لایت بزانن. هەردووکیان لە وەڵامی مندا سوێند و قورئانیان خوارد کە هیچ شتێک دەربارەی ئەو پیاوە نازانن.

بەڵێ هەردووکیان هیچ وەڵامێکی دروستیان نەدا بەدەست، بەڵام من لە مۆنی و کرژی روویان دەمزانی ئەوان مسۆگەر شتێکیان سەبارەت بە کابرای لایت دەزانی و بە منیان نەدەگوت. لێم رون و ئاشکرا بوو هەرووکیان بە شەوقەوە چاوەڕێی ئەو ساتەیان دەکرد کە بەیەکجاری لە کۆڵ ئێمەدا ببنەوە. پاش ئەو داوایەی من زۆری پێنەچوو بەلەمەکەمان بۆ یەکەم جار پاش حەفت رۆژی لە حەفت ساڵ درێژتر لموزی لە لێواری دورگەیەک خشا کە کەسمان نەماندەزانی مولکی چ خاک و وڵاتێک بوو!

من هەر کە دابەزیم خاکی دورگەکەم سێ جاران ماچ کرد، بەڵام لە ناخەوەش پەشیمانی بە قورسایی ناخۆشییەکانی ئەو حەفت رۆژە درێژەی نێو دەریا ئازاری دەدام و جەرگمی کون کون دەکرد. من ناچار بووم خاکی دورگەیەکی نامۆ ماچ بکەم کە ئێمەی بە یەکجاری لە کۆڵ بێبەزەیی و دڵڕەقی ئەو دوو قاچاغچییە تورک و کوردە کردەوە. لەخوارەوە نەفەرەکانی هەردوو بەرە بە جۆرێک تێکەڵ یەکترببون دەتگوت سەد ساڵە هەر پێکەوە ژیاون. ئەوان هەر یەکەیان بە شتێک خەریک بون، منیش هەڵستابوومە سەر پێ و خۆم وەک نیشانەیەکی گەورەی پرسیار و سەرسوڕمان لە بەرامبەر بەلەمەکە ڕاگرتبوو. ئەو بەلەمەی لە ماوەی حەفت رۆژی درێژدا تاکە چارەنووس و بەختی ئێمە بوو کەچی لە دواییدا خەریک بوو وەک شتێکی هەرگیز نەبوو لە ژیانی ئێمەدا بچێتەدەر و نهێنی زوڵم و تاوانەکانم پێنەڵێت.

نەفەرەکان لە ژێر دارسنەوبەرێکی گەورە دانیشتبون و خەریکی ئاخاوتن و پلان دانان بون. کابرای دیپلۆمات لەگەڵ دوو ژنەکەی لە کاتی مەرگی دایکی

کۆرپە ساواکەدا هاتبونە لای ئێمە خەریک بون یارمەتی شەش ژنەکەی بەرەی ئێمەیان دەدا کە بە دیار دوو تەرمی بێگیان و بۆگەن گێژ و وێژ ببون. هەروەها لەگەڵ گریانی بەردەوامی کۆرپە ساواکە گوێییەکانیان بە جۆرێک تەپ ببوو وایان زانیبوو کە گەیشتونەتە شوێنێک کە تێیدا مرۆڤ هەر شەش هەستەکەی لێ دەمرێت. شوێنێک کە بریتی بێت لە بۆشاییێکی رەها و تێیدا نە دەنگ، نە رەنگ، نە بۆن کردن و بینین لە فەرهەنگی شەش ژنەکە دا مانایەکیان مابێت.

دوو کوڕە گەنجەکەی دوو منداڵەکەیان لە ئاو دەرهێنا لە تەنیشتی یەکتر وەک دوو برای دووانە و هاوپشت لە سەر پشت درێژ ببون ئەستێرەکانیان دەژمارد کە هێواش هێواش لە ئاسمانە بچووکە پەیدا دەبون کە بە دار سنەوبەرەکان دەور درابوو. ژنەکەی ئاوێنەکەی خۆی دا بە من خەریک بوو داوای لە کابرای دیپلۆمات دەکرد کە ئاگر بکەنەوەو ئەویش سەری بەڵێ ی بۆ دەلەقاند. لە لایەکی ترەوە دایکی منداڵە مردووەکە کۆرپە ساواکەی لە باوەش بوو و لەگەڵ ئەویش دەستی کردبوو بە گریان. وەک ئەوەی مەلۆتکەکە تاکە کەس بێت کە وەک ئەو لێی قەومابێت و لە مانای ئازار بگات. دەنگخۆش پاڵی بە دار سنەوبەرێکەوە دابوو و کچە دوازدە ساڵییەکەشی سەری لەسەر رانێکی دانابوو و خۆی بۆ خەوێکی قووڵ ئامادە دەکرد. جگە لە من و کۆرپە ساواکە ئەوان بە هەموویان سی و سێ کەس دەبون لە سی و سێ حاڵەتی دەرونی جیادا.

من کە خۆم کردبوو بە نیشانەیەکی گەورەی سەرسوڕمان و لە بەرامبەر بەلەمەکەدا وەستابووم. تونجایم بینی کە ئەویش لەو کاتەدا بە پێوە وەستابوو. ئەو هەر کە منی بینی لە پڕ هەتا هێزی تێدابوو شتێکی بۆ لای من فڕێ دا. لە ترسی ئەوەی نەوەک ئەو شتەکەم بەر بکەوێت و لەسەر ئەو دورگەیە دوورە دەست و تەنیایە دا بمکوژێت، خێرا وەک گۆلچییێکی هەڵخەڵەتاوی گۆل لێکراو خۆم بۆ لایەکی دیکەی دووری شتە فڕێدراوەکە فڕێدا! لە کاتی کەوتنم گوێم لە قاقای پێکەنینی تونجای و سامی قورتار بوو کاتێک خەریک بون جوولەیان بە بەلەمەکەیان دەکرد. بەڵام من بەر لەوەی

ئاوڕبدەمەوە بۆ لای ئەوان یان بۆ لای نەفەرەکان کە خەریک بون ئاگریان هەڵدەکرد، یەکسەر ڕامکردە لای ئەو شتەی کە تونجای بۆ منی فڕی تا بمکوژێت یان چ نەبێت ئازارم بدات. کاتێک نزیک بوومەوە شتەکە وەک قەوانی ئەو گوللە تۆپە چروکانە لە نێو گیادا چەقیبوو کە لە کۆچڕەوی نەوەد و یەک دوژمن دەیگرتنە خەڵکی تۆقیوو و هەڵاتوو. لە یەکەمین سەرنجم زانیم شتەکە چییە، بەڵام نەمدەویست باوەڕبهێنم بەو هەڵهێنانەی خۆم بکەم تاوەکو ئەو شتە لە نێو گیادا هەڵنەکێشم. بەڵێ نەمدەویست باوەڕ بکەم کە ئەوە لایتەکەی کابرای لایتە و بە شکاوی کەوتۆتە دەستی من. ئەو لایتەی کە بە بێ خاوەنەکەی چیتر نەیدەتوانی قوژبنێکی تاریک روناک بکاتەوە و پەردە لە سەر تاوانێک هەڵداتەوە. من چاوەکانم پڕ ببون لە ئاو و ناچار و بێدەسەڵات تفم لەو بەلەمە نەگبەتییە دەکرد کە لە ئێمە دوور دەکەوتەوە. دەمگوت " هەی وەک دونیا بێ وەفا، هەتا دە کەس دەگەیێنیتە کەناری ئارام پێنجیان لێ بێسەر و شوێن دەکەیت، دەیانکوژیت، دەیانخکێنێت، و لە ناویان دەبەیت! " لە دوورەوە و بە بێ ئاگایی ئەوان تفم لە رووی گرژی تونجای و سامی دەکرد، لە رووی هەموو ئەو کەسانەی خۆشەویستیان بۆ دۆلار تاوانی گەورەیان پێ ئەنجام دەدات. لە دڵی خۆم دەمگوت " دڵشاد، دونیا چ بکات ئەگەر ئەو کەسە چڵێسانە هەردەم کلیلی دەسەڵاتیان بە دەست بێت. دونیا چ بکات ئەگەر ئەو کەسانە چارەنووسی خەڵک لە زبڵ بێ بایەختر بنووسن. "

من لە دووری کەسەکان دانیشتبووم کە ئاگرێکیان بە خێرایی کردبووەوە. لە نیو قرچە قرچی سووتانی دارەکان دوو جۆرە دەنگ تێکەڵ ببون، دەنگێک قاقاو پێکەنینی ئەو کەسانە بوو کە بە جارێکیتر گەیشتنیان بۆ سەر وشکایی لە ئەوپەڕی خۆشی دابون. دەنگەکەی دیکەش گریان و منگە منگی ئەو کەسانە بوو کە بیریان لە مەرگی ئەو ئازیزانەیان دەکردەوە کە لە سەفەرە نەگبەتییەکەدا تێداچون. بەڵام ئەوەی لەو نێوانەدا لە مابەینی پێکەنینی دڵخۆشەکان بە گەیشتن و غەمگینی دڵشکاوەکان بە گۆڕ هەڵکەندن مابووەوە بریتی بوو لە شایەدێکی سەرلێشواوی نێو خەم وخۆشی، ئەو هەنسکە قووڵ و پڕ مانایەی

من بوو بە دیار لایتە شکاوەکەدا؛ بە دیار دوورکەوتنەوەی بەلەمەکە و سکاڵای ڕۆحی من لە بون!

*　　　　*　　　　*

سەیفی کە لە خوێندنەوەی نامیلکەکەی ئیلشا بووەوە هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کەسێکی دیکەی وەک ئیلشا هەبێت کە لە توانایی دابێت ئەو هەموو بەسەرهاتە بە نهێنی بهێڵێتەوە. سەیری پێدەهات کە ئەو چۆن توانیبووی ئەو هەموو ڕووداوە لە ناخیدا بهێڵێتەوە و بۆ کەس باسییان نەکات. سەیفی تا ئەو ڕۆژەی نامیلکەکەش دەباتەوە ماڵی خالی ئیلشا و دەیداتە دەست خوشکە تاقانەکەی، هەر بیری لەوە دەکردەوە کە ئیلشا لەبەر چی باسی ئەو ڕووداوانەی بۆ ئەو نەکردا؟ بۆچی هەر جارەی لە بەرامبەر پرسیارەکانیدا بەجۆرێک خۆی دەدزییەوە، لە بەرچی ئەو تا درەنگ و نزیک بونەوەی لە مردن، بەڵێنەکەی بە جێ نەگەیاند کە لە یەکەم دیدار بە ئەوی دابوو، کە ڕۆژێک نامیلکەکەی خۆی نیشان بدات!؟

سەیفی بەدرێژایی ڕێگا و لەگەڵ خوێندنەوەی نامیلکەکەدا بیری لەوە کردبووەوە کە ئەگەر ئیلشا بەیەکجاری دەرگای بیرەوەری لە سەر ئەو حەفت ڕۆژەی نێو دەریا داخستووە، ئەدی بۆچی هەرگیز وشەیەکی سەبارەت بە مانەوەیان لە سەر دورگەکە بۆ ئەو نەدرکاند، بۆچی وشەیەکی دەربارەی ئەو شوێنە نەنوسی کە لە شەوێکی تاریک و لێڵ دا باوەشی بۆ ئیلشا و کۆرپە ساواکە و سی و سێ کەسی دیکەی دڵ پڕ لە خەم و خۆشی کردەوە. سەیفی پێی سەیر بوو کە بە درێژایی یەکتر ناسینیان، ئیلشا بۆچی هەرگیز باسی پەیوەندییەکی خۆی نەکرد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دورگەکەدا لە گەڵیدا بون. ئەو چۆن توانیبووی چارەنووسی کۆرپە ساواکە وەها نادیار بەجێبهێڵێت. دەبێت ئەوەی بیرەوەرییەکانی ئیلشا بخوێنێتەوە بەیەکجار دڵی دابمرکێت و ڕەحمەت بۆ گۆڕی نووسەرێک بنێرێت کە دەرگایەکی کردۆتەوە

داخرانی بۆ نییه، نهێنییەکی ئاشکرا کردووە بەڵام سەدی دیکەی لە پەنادا حەشارداوە!

سەیفی کە جانتاکانی دەخاتە ئەو تاکسییەی لە ئۆتۆگاری جزیرە بە کرێ ی گرتبوو تا بەرەو سیلۆپی و خاپووری ببات. بە ڕێکەوت گوێی لە دەنگی کەسێک بوو کە لە دەرگای پاسێک وەستابوو و کەسێکی دیکەی لە دوور بانگ دەکرد " تونجای ........ تونجای! "

سەیفی پاش چوار ساڵ دووری ئەوە یەکەمین جارییبوو بە سەردان بگەڕێتەوە، حەزی دەکرد لەو سەفەرەی دا خەیاڵ ڕەحەت بێت و بیر لەو هاوڕێیانەی نەکاتەوە کە لە پڕ هاتنە نێو ژیانی و دواییش خێراتر لێی دەرچوون. بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوە دا نەیدەتوانی بیر لە سمکۆ و سەرهەنگ نەکاتەوە کە چۆن لە شەوێکی بەفراوی و ترسناک دا گوللەی زۆردار هەردووکیانی وەک دوو باڵندەی هەژار لە خوێن گەوزاند.

بیری لە جونەیدیش دەکردەوە کە چۆن دوایی ئەو شەوە پڕ لە ترس و ئەنگوستەچاوە بۆی بوو بە دەرگای بەهەشت. سەیفی ئاخی هەڵدەکێشا و خۆی بە دارێکی شووم دەزانی بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە دوورکەوتنەوەیان لە سێبەری ئەو بەرچاو و دیارتر بوو لە نزیک بونەوەیان، ون بونیان ئەبەدی تر بوو لە مانەوەیان.

سەیفی وایدەزانی سێبەری مەرگە و هەرکەسێک بیناسێت بۆ ڕۆژی دوایی نامینێت، بۆیە لە ناو تاکسییەکەدا زۆر بە پەرۆشەوە بیری لە جونەید دەکردەوە، بەڵام خودا خودای بوو کە چاوی بە چاوی ئەو نەکەوێتەوە. نەوەک سێبەری ئەو مەرگە پڕ گومان و نادیارە لیێ بدات و بیکوژێت. لە پەنجەرەی تاکسییەکە سەیری تەپ و تۆزی ژێر تایەی ئەو جێب و لۆرییە پڕ لە سەربازانەی دەکرد کە لەو وەختەدا بە نێو شاری جزیردا ڕەت دەبون. لەگەڵ بینینی ئەو دیمەنە سەیفی دەچووە نێو خەیاڵ و بە خۆی دەگوت کە ئەگەر مرۆڤ بەردێک لەسەر ئەو بیرەوەرییە تاڵانە دانەنێت کە لە ژیانیدا روودەدن، ئەوا بە زیندوویی لە نێو گۆمی خەفەتدا دەخنکێت.

ئیلشاش لەوانەیە بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ویستبێتی بە یەکجاری دەرگا لەسەر یادەوەرییە تاڵەکان دابخات، یان زیرەکانە تر ئەو رووداوانە تۆمار بکات کە ئینسان لەسەر دەستی نائینسان گیرۆدەیان دەبێت. دەتگوت ئەو کەسێک بوو ویستبووی بە نهێنی و نووسینێکی دۆکیومێنت کراو بۆ زەمەنێکی تاوانکاران لە قاف هەڵکێشێت. بۆیە ئەو نامیلکەکەی هەرگیز نەدابوو بە سەیفی وەک ئەوەی بۆ رۆژێکی شیاوی هەڵگرتبێت تا لە گۆڤارێک یان رۆژنامەیەکدا چاپی بکات. تا هەر کەسێک فرسەتی ئەوەی هەبوو بیخوێنێتەوە بێ سێ و دوو بە دوایی سەرەداوێک بگەڕێت بۆ ڕیسواکردنی هەموو ئەو تاوانانەی لەبەر چنگ کەوتنی بڕێک لە دۆلار ئەنجام دەدرێن. بەڵێ، تا هەر کەسێک نامیلکەکەی ئەو بخوێنێتەوە بیر لە سەرگوزشتەی ئەو مەلۆتکەیە بکاتەوە کە لە دەریادا بە بێ دایک لە دایک بوو. لە خەیاڵدا ئەوە بکات بە فلیمێک کە گەلێک لە راستییەکەی سەرسوڕهێنەر و قووڵتر بێت.

سەیفی ئەوەی بە بیر دەهاتەوە کە ئیلشا چەند جارێک بەڵێنی دابوو نامیلکەکەی بۆ بهێنێت بەڵام هەرگیز وەها ڕێنەکەوت کە ئەو لە ژیاندا مابێت و کەسێک هەبێت نامیلکەکەی ئەوی خوێندبێتەوە. ئیلشا ئەو ڕەفتارەی لە هی رۆژنامەوانێک دەچوو کە لە یەک کات ئازا و ترسنۆک بێت، رۆژنامەوانێک کە لە نێو گەرمەی رووداوەکان پەردەی لە سەر رووی تاوانبار هەڵماڵیبێت، بەڵام بۆ نزیکترین هاوڕێی نەیوێرابێت ناو و ناونیشانی ئاشکرا بکات.

ئیلشا نەیویستبوو کە ئەو لە ژیاندا بێت و نامیلکەکەی بخوێنرێتەوە، نەوەک وەک ئەو کەسانەی کە بەخت یار پاش ئەوەی لە گێژەن و رووداوە جەرگبڕەکان دا دەربازیان دەبێت، بکەوێتە بەر لێشاوی پرسیار و وەڵامی بێزارکەر. بۆیە لە کەمپ کاتێک لە ئەوپەڕی تەنیایدا بوو، بڕیار دەدات یادەوەری تەنها حەفت رۆژ بنووسێتەوە کە لە نێو دەریادا بەسەری بردبوو. دواتریش بۆ یەکجاری دەرگا لەسەر ئەو حەفت رۆژە دابخات!

* * *

لە ڕێستورانە ئیتالییەکە، کاتێک سەیفی دڵی ئاوەڵا کردو بەسەرهاتی گەشتەکەی نێو بەفری بۆ ئیلشا گێڕایەوە، لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئەوەی لە بەرامبەریدا دانیشتبوو چیرۆکەکەی گەلێک لە هی ئەو سەیرتر و قووڵترە!

ئیلشا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ سەیفی لە ڕێستورانەکە دانیشتبوو، ماوەیەکی زۆر نەبوو ئاووای ناسیبوو. لەو ماوە کورتەدا تامەزرۆ بوو ئەوی ڕۆژێک لە ماڵەکەی خۆی بینیبایە، بەڵام هەر جارەی پلانی بۆ دادەڕشت بەربەستێک دەهاتە ڕێ و سەردانی ئەو یارە تازەیەی لێ دەکرد بە جوولانی چیای سەفین. دەتگوت پیرەژنە تورکەکە دوعایەکی شێخی نەورسی لەسەر خوێندبوو هەتا پاکی و نوورانییەتی ئەو کوڕە ڕۆژهەڵاتییە لە ڕۆژئاوا وەک مێشێکی گێژ نەکەوێتە نێو پەرداخێک لە بیرە، تەڕ نەبێت بە ماچی کچە جوولەکەیەک!

بۆیە لە ڕێستورانەکە کاتێک سەیفی پرسی بووی کە ئایا ئەو کچی برادەری هەیە یان نا!؟ ئیلشا بە نا وەڵامی دابووەوە. ئەوەی سەیر بوو لە کەسییەتی ئیلشا ئەوە بوو کە ئەو هەردەم دەیەویست لایەنێک لە ژیانی بە شاراوەیی بەجێبهێڵێت. دەتگوت کەسێک بوو کە ئاواتی ئەوەیە پاش مەرگ جارێکیتر بگەڕێتەوە ژیان تەنها بۆ ئەوەی باسی ئەو شتانە بکات کە بە ئەنقەست بە شاراوەیی بەجێیاندەهێڵێت. ئیلشا لە ژیانیدا هەر کەسێکی دەناسی کەمێک لە کەسییەتی خۆی بۆ ئاشکرا دەکرد. ئەو هەڵسوکەوتەی هەرگیز لەگەڵ ڕووی نوورانی و فریشتانەیەی ئەو نەدەگونجا.

ئەو ڕۆژانی مانەوەی لە گەڕەک و ماڵی خاڵی لە هەر هات و چونێکیدا سەیری بەردەگای ماڵی کەزانی دەکرد. لە زۆربەی ئەو جارانەی کە چاوە یاقووتییەکانی ئەوی لە چاوەڕوانییەکی بێ وێنەدا دەبینییەوە، نەیدەتوانی وشەیەکی ئەویندارى بۆ ئەو کیژە دەلالە بدرکێنێت. هەرگیز پێی نەگوت ئەو نەخشەی گەشتێکی دووری لە خەیاڵە. بۆیە ئەو ڕۆژەی کە بە یەکجاری لە بەر چاوی گەرەکدا ون بوو، کەزان بەدزی دایکیەوە چاوەکانی کرد بون بە گۆمی روندک و خوێن.

ئیلشا کاتێک لە ڕێستورانەکەی نەدیم بەیش چەند مانگێک بوو بەردەوام قاپی دەشوشت، هەرگیز بە ئایفەری نەگوتبوو کەوا ئەو لە شارەکەی خۆی یەکەمی سەر کۆلیجی ئەندازە بووە. لەگەڵ ئاوواش هەروا بوو تا درەنگ و تەشەنەکردنی نەخۆشییەکەی، ڕاستی بۆ ئەو ئاشکرا نەکرد، هەرچەندە زوو هەستی دەکرد کە ئەو لەبەرامبەر ئەوینە قووڵەکەیدا لەگەڵ ئاووا لە جیاتی یارێکی وەفادار بێت ناسنامەی مەرگێکی ناوەختەیە. سەرەڕای ئەو هەموو شتە، ئیلشا بە خەیاڵیش لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئەو چەندە دڵی گەورە و میهرەبانی هەریەکێک لەو سێ کچەی بریندار کردبوو. سێ کچی یار کە هەر یەکێکیانی بە شێوەیەک لە سێ سەردەم و وڵاتی جیادا ناسی.

ئەو ڕۆژەی سەیفی بۆ یەکەمجار ئیلشا لەگەڵ ئاووا دەبینێت، بێ سێ و دوو یەکسەر پلارێکی لێ دەدات و پێی دەڵێت "دڵشاد، دەڵێیت جگی گورگت لە قۆڵتدا بەستووە، چۆن توانیت بەو ماوە کەمە دڵی ئەو پەرییە جوانە بۆ خۆت ڕابکێشیت!؟ "

ئیلشا لە منداڵ پاکیزەتر لە پیاسەکەی ئەسکی بازاڕ لەگەڵ ئایفەر و پیاسەکەی نیوەشەوی کەنار ڕووبار، ئەوە سێیەمین کەڕەتی بوو لەگەڵ دۆستی کچ چوو بێتەدەر. سەیفی نەیدەزانی کە ئیلشا هەر لە خەوندا جووتبونی خۆی لەگەڵ مێدا دیوە. بەڵێ، نەیدەزانی ئیلشا بەقەدەر دونیا تامەزرۆیە ڕۆژێک ئەو حەزە شێتەی ناخی بکوژێت. بەڵام وەک ئەو پیاوە بێشەرمانە نا کە بە دزی هاوسەرەکانیانەوە دڵیان دەکەن بە بەرد کاتێک ناتوانن کۆنترۆلی کرانەوە و داخرانی زریزەی پانتۆڵەکانیان بکەن. ئەو پیاوە بێشەرمانەی کە بەیەک بۆینباخ دەیانەوێت حوکمی گەل و ناوگەڵ بکەن. کاتێک لە شەوانی پڕ لە مەی و فستەقیان دا ئارەقەی شەرمەزاری و خیانەتیان لەسەر دڵی ئەو کچانە دەسڕنەوە کە بە تەمەن بە کچ و نەوەکانیان دەشێن.

*          *          *

ئیلشا پاش ئەوەی کچێک و نەخۆشی پێکەوە دێنە دونیای ئەو، خۆی لە نێوان چەند لێکدانەوە و هێنان و بردنی دژ بەیەکتر دا دەبینێتەوە کە بە وشە ریزکردن بریتی لە ( نەکردن و ژیان، یان کردن و مردن!) بۆیە لە پیاسە و ماچ و مووچ و دەست لەملانێی لەگەڵ ئاووادا هەمیشە لە سەربازێکی شمشێر شکاوی نێو شەڕ دەچوو. هەردەم تارماییەکی پڕ لە شەرم و خەم رووی ئەوی دادەپۆشی. هەروەها کە بۆ جاری سێیەم دکتۆری پسپۆر دەبینێت رووی وەک پەڕەی گوڵی سوور هەڵدەگەڕێت کاتێک بەشەرمەوە پرسیار سەبارەت بە توانایی سێکسی خۆی دەکات. دکتۆر هەر لە رووی گوڵپەڕی ئیلشادا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو گەنجە روو نوورانییە رۆژهەڵاتییە کە سێ ساڵی مابوو بۆ سی، هێشتا سێبەری مێینەیەک بەلایدا ڕەت نەبووە. ئەو بە خەون و خەیاڵ نەبێت هەرگیز لە سەر جێگەی خەودا کچێکی لە تەنیشت خۆیدا نەبینیووە. بەڵام دکتۆری پسپۆر وەک نهێنی پارێزێکی دڵفراوان ئەوەی نیشان نەدا کە لە رووی ئیلشادا فایلی سێکسی ئەوی وەک بەری دەست بەتاڵ و چۆڵ خوێندۆتەوە. دکتۆر لە وەڵام دا دەتگوت لە بەرامبەر گۆرانیبێژێکی راپی ماسوولکە پڕی ئەمریکی دانیشتووە، ئەوانەی کە لە کاتی گۆرانی گوتن دا هەردەم حەفتا حۆری رووتیان بە دەورەوەیە. بۆیە دواتر پاش چەند دەقیقەیەک لە بیرکردنەوە بە ئیلشای گوت " زۆرکردن بۆ نەخۆشییەکەت باش نییە! بەڵام دەتوانیت بیکەیت بە دوو حەفتە جارێک. بەمەرجێک نابێت خۆت زۆر جوولە بکەیت، با دۆستەکەت بەشە زۆرەکەی جوولە بخاتە ئەستۆی خۆی! "

" بەشە زۆرەکەی جوولە! "

ئیلشا ئەو بەشەی ئاخاوتنی دکتۆرەکەی وەک لوغزێکی نادیار و سەیر وەرگرت، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشت. لەو ماوە کورتەی دانیشتنی بەرامبەر دکتۆر و دواییش بە درێژایی رێکردنی بەرەو ماڵ هەر بیری لەو وشە نامۆ و زەحمەتانەی دکتۆری پسپۆر دەکردەوە کە لە دیدارێکی دە دەقیقەیدا بە گوێی دا چرپاند. ئیلشا یەک بە یەکی ئەو وشانەی دکتۆری لە خەیاڵیدا دەکرد بە

وێنەو خۆی لەگەڵ کچێکدا دەبردە ژووره سارد و تەنیاکەی. بەڵام لە رووی کچەکە هەرگیز رووی ئەو کچ و ژنانەی نەدەبینی کە لە رۆژگارێکی بەسەر چوو دا بینیبونی.

لە کاتی ڕاکشانی لە سەر جێگاکەیدا رۆژگارێکی دەهاتەوە یاد کە ئەو تێیدا ساغ و تەندروست بوو، کەچی هەرگیز نەیتوانیبوو لە باخچەکانی زانکۆ تەنیا بێت و پیاسە لەگەڵ دۆستێکی کچ بکات. نە لە پەرتوکخانەکان ئەوەی بۆ ڕێکەوت کاتێک تیایاندا بە سەعات دادەنیشت و سەر لەسەر کتێبەکان هەڵنەدەگرت. بۆیە ئیلشا بەر لە پیاسەکەی ئەسکی بازار و ئەوەی کەنار رووبار پێیوابوو ئەگەر ئەو بە ساغی نەیتوانیبێت کچێک لە پاڵ خۆی ببینێت، ئێستا بەو نەخۆشییەی چۆن دەتوانێت!؟ لەبەر ئەوە ئەو بەیانییەی ئاووا وەک مەلێکی سیحراوی چووە نێو نیگاری پەنجەرەکەی و لە سەر کورسییە ساجەکەدا هەڵنیشت. ئیلشا سەراسیمە و شاگەشکە بوو و رووداوی ئەو بەیانییە زووەی وەک یەکێک لە خەون و خەیاڵە بڵاوەکانی بینی نەوەک راستییەکی رون.

ئاووا لەبەر سەرقاڵی بە وانە قورسەکانی فەلسەفە نەیدەتوانی ئەوەندە کات بۆ ئەو ئەوینە لە ناکاوە پەیدابکات کە وەک دیاریەکی ئیلاهی لە نەبونەوە کەوتبووە نێو پەنجەرەکەی ئەو. دواییش وەک موگناتیسێکی نادیار ئەوی بۆ نێو پارکەکە پەلکێش کرد.

ئاووا لە رۆژگارەکانی خڕبون و تەقینی گۆنای مەمکەکانی چەند جار دۆستی جوایەزی کوڕی هەبووە. بەڵام لە دوا ساڵەکانی خوێندنی لە زانکۆ و قوڵبونەوەی زۆر لە وانەکانی فەلسەفە، لێکدانەوەکانی دەربارەی ئەوین سەدو هەشتا پلە بە ئاڕاستەیەکی دیکە گۆڕدران. هەرگیز لە هەڵس و کەوتی ئەو کوڕانەی کە ناسیبونی و ئەوانەی لەسەر کورسییەکانی زانکۆ هاوپۆلی بون ئەوینێکی راستەقینەی بەدی نەکرد. باوەڕی وابوو ئەو ئەوینەی کە لە چاوەڕوانی ئەو دایە رۆژێک بە پێ ی خۆی دێتە بەر دەرگای ماڵەکەی. بۆیە هەر کە ئیلشای بۆ چەند جارێک لە پەنجەرەکەیەوە بەدیکرد هیچ گومان و دوو

دڵی لەو بیرۆکەیەی نەما کە لەگەڵ وشە فەلسەفیەکانی ئەمانوئێل کانت، نیچە و کیرکگارد لە مێشکی ئاخنیبوو.

ئەو رۆژەی کە ئاووا ئیلشای لە پەنجەرەکەیدا بەدیکرد، وایزانی ئەو کەسێکە لە ئاسمان بە تایبەتی بۆ ئەو دابەزیوە و سەلماندنە بۆ بیرۆکە تازەکانی سەبارەت بە ئەوینێکی پاک و ئەفلاتونی. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چەند رۆژێکی پێچوو تا بڕیاری دا ئەو کوڕە سیما رۆژهەڵاتییە لە نزیکەوە ببینێت، کە لە پێش چاو و پەنجەرەکەی ئەودا لە فریشتە نەبووایە لە چیتر نەدەچوو. لەبەر چاوی ئاووا، دانیشتن و ڕامان و هەڵسوکەوتی ئەو کوڕە رۆژهەڵاتییەی میوان لە پەنجەرەی ئەو، زۆر جودا بوو لە جولانەوەی ئەو کەسانەی کە رۆژانە لە باخچە و هۆڵەکانی زانکۆدا دەیبینین. بۆیە لە هەر سێ کەرەتی دەست گرتن و هێنانی ئیلشا بۆ ماڵەکەی، ئەوین و سۆز لە بیریدا گەیشتبووە ئەوپەڕی قووڵی و بەرزی. بە لێکدانەوە فەلسەفیەکانیشی رۆژ لە دوایی رۆژ گڕی ئەو ئەوینەی بە تینتر دەکرد و زیاتر وێنەی ئیلشای لە دڵیدا دەچەسپاند. هەروەها بە پەرۆش بوو رۆژێک بچێت لە نزیکەوە سەردانی ماڵەکەی بکات، بزانێت لە چ شوێنێکی شار دەژیت؟ چ بۆنێک لە جێگای خەوتنی دێت؟

ئەو رۆژەی لە بەردەم دوکانی پیرەژنەکەدا بە شەوقەوە لە چاوەڕوانی ئیلشادا وەستابوو، پڕ بە دڵ تامەزرۆ بوو لە دوکانەکە بێتە دەر و بەرەو ماڵەکەی ئەو بچن. لەوێدا وەڵام بە هەموو ئەو پرسیارانەی ئەو بدرێتەوە کە لەبەرامبەر ئیلشا و رۆژهەڵات هەیبون. کەچی ئەو شەوە هەر وەک زانیتان کە چۆن بوو ڕێک نەکەوت ئاووا ماڵی ئیلشا ببینێت.

دواتر ئاووا خۆی ڕووبەڕووی پرسیار ببوو کە تا چ رادەیەک ئیلشای خۆشدەویست!؟ لەکاتی ئەو پرسیارەدا، گلێنەی چاوە قاوەیی و گەشەکانی وەک دوو پەندۆلی بارگاوی دژ بە یەک لە دووری یەکتر دەوەستن و ئەو لە ساتێکی درێژی بێدەنگی دەهێڵنەوە. وەک ئەوەی هەریەکەیان بۆیە بەلایەکدا چووبن تا وەڵامێکی پڕ بە پێست بهێننەوە. یان بەوە هەردووکیان پێکەوە زوو

ئەو راستییەیان درکاندبێت کە لەوەتەی بەسەر باڵای کوڕی گەنجدا دەڕوانن، لە ئیلشا بترازێت بۆ کەس ئەوەندە تامەزرۆی دیدەنییان نەبووە!

لە بەرامبەردا ئیلشا وەک پسپۆڕێکی چاو خوێندنەوە لە ناخەوە بە تەواوی باوەڕ بەو ئاخاوتنە کپ وبێدەنگەی چاوە قاوەییەکانی ئاووا دێنێت. ئیلشا ئەو کاتە چوار مانگ بوو ئاووای دەناسی، بەڵام تەنها سێ جار بواری ئەوەی هەبوو لەگەڵ ئەو لە ماڵەکەی دابنیشێت و ئەو کتێبە فەلسەفییانە سەرا و ژێر بکات کە بە ئەڵمانییەکی قورس نوسرابون. بەڵام ئەو کاتەی سەیفی ئیلشا و ئاووای پێکەوە بینی شەش مانگێک بە سەر پەیوەندییان تێپەڕ ببوو.

*　　　　*　　　　*

لە گەرمەی ئەوین دا، ئیلشا بەو دەرمان و چارەسەرییەی لە دکتۆری پسپۆڕی وەردەگرت هەستی دەکرد بەرەو باشتر بون دەچێت. سەیفیش دوایی یەکتر ناسینیان لە ڕێستورانەکە بۆ ئیلشا ببوو بە جۆرە هاوپشت و چارەسەرییێکی رۆحی، بە تایبەت پاش ئەوەی ئیلشا نزیکەی ساڵێک بوو کەسێکی نەبینیبوو کە بە کوردی ئاخڤیبێت!

ئیلشا لە شەشەمین مانگی خۆشەویستیدا نزیکەی سەد و پەنجا مارکی ئەڵمانی لەو بڕە کۆمەکەی سۆشیال پاشەکەوت کردبوو. بەو پارەیە بڕیاری دابوو ئاووا و سەیفی بە جیا لە ڕێستورانێک داوەت بکات. ئیلشا ئەمجارە لە سوچێکی دووری دوکانی پیرەژنە تورکەکە بۆ چاوەڕوانی ئاووا وەستابوو، هەروەها بە درێژایی گەیشتنی بۆ ئەو شوێنە بیری لەسەر ئەوە بوو کە چۆن بە ئاووا بڵێت " بفەرموو کەمێک بچین لە ماڵەکەی من دانیشین"

ئاووا بە خۆشحاڵییەوە لە دەرگای ماڵی ئیلشا چوو بووە ژوور. لە یەکەم هەنگاوی بەرەو ژوورەوە سەیری بە ماڵەکەی ئیلشا هاتبوو. چونکە بە پێچەوانەی تەواوی ئەو ماڵ و هۆڵ و ڕێستوران و خەستەخانە و هەتا دواییانە لە رۆژئاوا کە دیوارەکانیان ئەگەر هیچ نەبێت بە وێنەیەک، کاتژمێرێکی دیوار، ساڵژمێرێک، یان هەر شتێکی دیکەی کات رەوێن ڕازاوەتەوە. کەچی

دیوارەکانی ماڵی ئیلشا لە بەری دەست رووت و قووت تر بون، لە بەر چاوی ئاووا لە دارێکی تەنیای بەر بایی پایز دەچون. یان لە دیواری ماڵی کەسێک کە وەک فریشتە چوار دەوری بەو وێنانە پڕنەکرابێتەوە کە مرۆڤی ناو ماڵ دەستی پێیان ناگات. ئیلشا بە هەڵنەواسینی هەر شتێک بە دیواردا نەیویستبوو دیوارەکانی ژوورەکەی بە دیوار بزانێت و بە دەستی خۆی خۆی تیایاندا بەند و مەحکوم بکات. ئیلشا چۆن وەک شایێکی نەخۆش لە دەست (دال) ەکانی ناوە راستییەکەی خۆی هەڵاتبوو، هەرواش لە دەست دیوارەکانی ماڵەکەی خۆی دادە دادی بوو. بەڵام ئەمجارە بۆ ئەو شتێکی جوایەز و خەون ئاسا بوو کە بۆ یەکەمین جاری تەمەنی پەرییەک لە نێو دەرگای ماڵەکەی ببینێت. بەڵێ ئەمجارە ئەو بە جۆرێکی دیکە سەیری دیوارەکانی ماڵەکەی کرد، هەروەها بە جۆرێکی دیکە لە دالەکانی ناوەکەی خۆی ڕاما.

ئیلشا و ئاووا دەتگوت شێر و خەتی یەک دراوبون، یەک ڕۆح لە دوو جەستەی جیادا. بۆیە هەردووکیان بە هەمان شێوە کە بۆ یەکەم جار سەردانی ماڵی یەکتر دەکەن دەمێک لە دەرگا یەکتر دەوستن و بە ڕامانیان لە تاق و دیوارەکان کەسییەتی یەکتر دەخوێننەوە.

هەر کە ئاووا پێینایە ژوورەوە، ئیلشا ئاخاوتنەکەی دکتۆری پسپۆری هاتەوە یاد کە پێی گوتبوو با دۆستەکەت بەشە هەرە زۆرەکەی جوولە بخاتە ئەستۆی. کەچی بە پێچەوانەوە ئاووا بە یەکەم جار هاتنی بۆ ماڵی ئیلشا بیری لە شتێکی دیکە دەکردەوە کە ئەو زیاتر بەرەو ئەو دونیا و کەلتورێک بیجولێنێت کە ناوی ڕۆژهەڵاتە!

ئاووا وەک کچە جوویەکی ڕۆژئاوایی هەرگیز بۆی ڕێک نەکەوتبوو کەسێکی ڕۆژهەڵاتی بناسێت، کەسێک لە دەرەوەی ئەو بازنە کەلتورییەی کە تێیدا گەورە ببوو. یان نزیک بەو خاکەی کە لە منداڵییەوە باوک و دایکی بەردەوام ناوەکەیان بە گوێییەکانیدا دەچرپاند. بەدەر لەوەش خوێندن لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی شتوتگارت وای لە ئاووا کردبوو کە ببێت بە کەسێک هەردەم حەزی بە هەڵکۆڵێنی بنج و بنەوانی شتەکان بێت.

ئاووا ئارەزووی بوو لە نێو ڕەنگ و مۆزاییکی کەلتورەکان نقووم بێت. حەزی دەکرد بەتەواوی لە دونیای نامۆی ئەو کوڕە ڕۆژهەڵاتییە ڕوو پێغەمبەرانەیە بگات کە بەر لە یەکتر ناسینیان بیست و هەشت ڕۆژ لە پەنجەرەکەی ئەودا مێوان بوو.

ئیلشا ئەوەندە باوەڕی بە جودایی و دژایەتی نێوان کەلتورەکان نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە دونیای بە مافوورێکی بە دەست چنراوی هەزار و یەک ڕەنگ دەبینی، لای ئەو هەر مرۆڤێکیش کائینێکی کەلتوری سەربەخۆ بوو. پێی وابوو هەر مرۆڤە بە پلە و پایەی کەلتوری خۆی دەتوانێت هارمۆنییەتی خۆی بپێوێت بۆ گونجان یان نەگونجان لەگەڵ ئەو شوێن و کەسانەی کە دەستی قەدەر دەیانخاتە نێو ژیانی. لێرەدا لەبەر چاوی ئاووا ئیلشا لەو بیرمەندە سەیرانە دەچوو کە بەر لە هەموو کەس خۆیان ناتوانن پەیڕەوی بیر و بۆچونە سەیر و قووڵەکانیان بکەن. ئەو وەک خۆی بۆ ئاووای گێڕابووەوە کە لە نێو زەرد و سوور و ڕەش و سپی کەسەکانی کەمپ کەس نەبوو ببێت بە هاوڕێ و هاوخەم و هاودەردی. ئیلشا بەرگری لە خۆی دەکرد کە ژیانی کەمپ بۆ ئەو بریتی بووە لە یۆگایەکی تەنیایی پڕ لە ئازار، کە بە هیچ جۆرێک ڕووی ڕاستەقینەی کەسییەتی ئەوی نیشان بە خەڵکەکە نەدا. بە ئاووای دەگوت " ئەوەی من لە ڕێگای گەیشتنم بۆ ئێرە چەشتوومە، هەر کەسێکی دیکە بووایە ڕەشبینتر لە ئێستاکەی من سەیری ئەو کائینە ئاڵۆزەی دەکرد کە ناوی ئینسانە! "

هەموو جارێک کە ئاووا ڕەخنەی لە ڕەفتارێکی ئیلشا دەگرت، ئیلشا بە جۆرێک وەڵامی دەدایەوە کە ئەوەی ئەو لە ژیاندا بینیبووی خۆی پاساو و وەڵامی گشت گلەیی و ڕەخنەیەکە. هەرچەندە ئەو بۆ ئاوواش هەرگیز باسی ئەو حەفت ڕۆژەی نەکردبوو کە لە ڕێگای قاچاغ لە نێو دەریادا بەسەری بردبوو. ئیلشا دوودڵ نەبوو لەوەی کە ئەگەر بۆ هەر کەسێک ئەو بەسەرهاتانە بدرکێنێت، دەبێت باسی ئەوەش بگێڕێتەوە کە لە دورگەکەوە بەدواوە چی ڕوویدا. بۆیە لە کەمپ کاتێک بڕیاری نووسینەوەی

بەسەرهاتەکانی ئەو حەفت رۆژە شوومەی تەمەنی دا، ویستی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ژیان بکاتەوە و ئیتر جارێکی تر هەرگیز نەچێتەوە سەر ئەو رابردووە تاڵانە. سوێندی بەسەری خوشکە تاقانەی خواردبوو کە لە مەودوا هەر کەسێک لە هەندەران بناسێت، کەمپەکە بکاتە خاڵی سفر و سەرەتای گێرانەوەی بەسەرهاتەکان. هەروەها سوێندی خواردبوو کە بۆ هیچ کەس یادهێنانەوەی نەخاتە گڕ نەوەک ئاخاوتنێکی پڕ لە تاسە و خەم بیگەڕێنێتەوە ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان دەرچوون لە قولەقاپی و گەیشتن بە کەمپ دابوو.

*　　　*　　　*

ئیلشا بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی ژیانی کە پاش دەرچوون لە کەمپ تووشی ببوو، بۆ ماوەی مانگێک لەو پۆلە مراوییەی نێو پارکەکە ڕادەما کە هەرگیز دەستبەرداری یەکتر نەدەبون. پاشان لە پێش چاویدا پەپۆسلێمانکەیەکە وەک رۆحی یارێکی نادیار بوو کە بە چاوێک سەیری جوودایی و تەنیایی ئەو بکات و بە چاوەکەی دیکەشی لە کۆمبون و خڕبونەوەی پۆلە مراوییەکە ڕابمێنێت. یان ئەو باڵندەیە جوانە ئاووا بێت و لە نزیکەوە هاتبێت تا رۆحی ئەو گەنجە رۆژهەڵاتییە وەک مەلێکی شادمان بەرەو پەنجەرەکەی خۆی بفڕێنێت.

ئیلشا کە لە بۆشایی دەرگای ماڵیدا لە باڵای ئاووا ڕادەما باوەڕی وابوو ئەو کچە پەرییەی وەک مەلێک فڕی بووە نێو دونیای ئەو، لەمەودوا گشت ناخۆشییەکانی رێگای قاچاغی و رابردووی بیردەباتەوە. سەیری وەستانی ئاووای دەکرد لە نێو دەرگاکەدا و بۆ ساتێک بیری لە کابرای لایت دەکردەوە کە چۆن لە دژوارترین و ناخۆشترین شەو و رۆژەکانی نێو دەریا ببوو بە نزیکترین هاوڕێ و هاوخەمی ئەو. بەڵام بونی ئاووا بەو نزیکیە هەستێکی دیکەی خستبووە دڵی کە زۆر گەرم و قووڵ و پڕ سۆز تر بوو لەوەی تەنها کەسێکی وەک کابرای لایت هاوڕێی بێت. بۆ گەنجێکی رۆژهەڵاتی وەکو ئیلشا کە هەر لە خەوندا باڵای دۆستێکی مێیینەی لە تەک خۆی بینیبوو، لەو کاتە

ناسکەی ژیانیدا باڵای ئاووا وەک دار هەنارێکی بەهەشت وابوو. ئیلشا لە هەرەتی لاویدا گیرۆدەی نەخۆشییەک ببوو کە دەربازبون لێی ئەستەم و مەحال بوو، بۆیە بە شەوقەوە لە باڵای ئاووا ڕادەما و وایدەزانی بە دەست گیربونی لە یەکێک لەو دوو هەنارە خڕەی سەر سنگی، ئاوی حەیات دەڕژێتە سەر لێوەکانی و ئەو نەخۆشییە شوومەی بۆ ئەبەد لە کۆڵ دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە کە پڕ بە دڵ بە دەست نەخۆشییەکەیەوە دەیناڵاند، هەستی دەکرد حەزی سەر شێتی سێکس خیانەتکارێکی بێ ئابروو و بێ سەبرە وا لە نێو ڕۆحی ئەودا شین بووە.

لە ماڵی ئیلشا هەر کە لە سەر سۆفاکە لە بەردەم تەلەفزیۆنێکی پازدە ئینجیدا دادەنیشن، ئاووا زوو لە ئیلشا دێتە پێش و سەری دەخاتە سەر شانی چەپەی. لەو کاتەدا ئیلشا لە ناخیدا لە شەڕێکدا بوو لە نێوان چونە نێو پێستی ئەویندارێکی خەیانەتکاری دڵشاد یان یەکێکی ئەفلاتونی، بەڵام پەژیوان و دڵشکاو. بۆ زیاتر لەنگەرگرتن لەو شەڕی نێوانەدا، ئیلشا باسی ژیانی خۆی لە کۆلیجی ئەندازەی زانکۆی سەلاحەددین بۆ ئاووا دەکرد، باسی خوشکە تاقانەکەی، ماڵی خاڵی و ئەو گەڕەکەی کە لێی گەورە ببوو. کاتی دەکوشت و دەچوو ئەو دوو وێنەیەی خوشکە تاقانەکەی دەهێنا کە لەبەردەم کۆلیجی پزیشکی گرتبونی و حەفتەیەک پێشتر وەک یەکەمین نامەی غوربەت بە دەستی گەیشتبون. ئاووا لەگەڵ هەر بزووتن و جوولەیەکی ئەو گەنجە ڕۆژهەڵاتییە تازە دۆستەی بیری لە شەرم و خۆ دزینەوەی ئیلشا دەکردەوە و بە ئەنقەست زیاتر لێی نزیک دەبووەوە و خۆی دەدایە دەست ئەو دونیایە نامۆیەی کە هیچی لێ تێنەدەگەیشت. ئەو دونیایەی کە گەلێک جوایەز بوو لە دونیای ئەو هەموو دۆست و هاوڕێیەی لە ژیانیدا ناسیبونی. بۆیە بێ هیچ دوو دڵی و چاوەڕوانییەک دەستێکی کردە ملی ئیلشا، بەڵام ماچەکەی لە جیاتی ڕوومەت بەر چەناگەی ئیلشا کەوت. ئیلشا لەو کاتەدا دووبارە لە شەڕدا بوو لە نێوان هەڵبژاردنی یەکێک لە دوو ئەویندارەکەی ناخی. لە شەڕێکدا بوو و نەیدەزانی چۆن لە ئاووا بگەینێت کە ئەو هەنووکە کەسێکە لە نێوان دوو ئەوینداری

پێچەوانە بە یەکتر. بەڵێ، ئەو کەسێکی دووکەرتە! بە ماچی ئاووا لە شایێکی دڵخۆش دەچێت، بەڵام لە نێو پیتە ئینگلیزییەکانی کتێبە قەبەکانی خوشکی و پیتە ئەڵمانییەکانی راپۆرتی دکتۆری پسپۆر ئەو کەسێکی [ILL] و نەخۆشێکی بێچارەیە.

ئێلشا بەو دانیشتنەی لە پاڵ ئاووا دا هەستی دەکرد کە ئەو کەسێکی وەک جاران نیە و ناوەکەی مانایێکی قووڵ و شاد ببەخشێت. تازە ئەو لە دیدی کەزانیشدا ئەو (نەبی دڵشاد)ە نییە کە بە نیگایەکی چاوە یاقووتییەکانی لە پڕ ببێتە پێغەمبەرێکی کۆڕی ئەوین و خۆشی وەک باران بە سەری دا بباریێت. ئەو ئەویندارێکی ئەفلاتونی بوو، بەریقێکی چاوە جوانەکانی کەزان و بزەیەکی سەر لێوە تەڕەکانی بەس بون تا دڵشاد بخەنە ئەوپەڕی خۆشییەوە. بەڵام ئەو هەرگیز نابێتەوە (نەبی دڵشاد)ە کەی جاران. ئێستاکە ئەو بە دەستی خۆی ناو و قەدەری خۆی گۆڕیوە. ئێستاکە ئەویندارێکی ترە، ئەویندارێکی خیانەتکاری بێدەسەڵاتە و نایەوێت نهێنی نەخۆشییە شوومەکەی بۆ ئەو کچە بیانییە بدرکێنێت کە ئەوی بەبێ هیچ پرسیار و وەڵامێک تا سەر ئێسقانەکانی خۆش ویستووە. کچێکی بیانی کە وەک مەلێکی میهرەبان بەسەر تەنیایی ئەودا فڕی و هەڵنیشت. بەڵام ئەو تازە نابێتەوە دڵشادەکەی جاران بە تەنیا بە بزە و نیگای کچێک وەک کۆترێکی سپی بفڕێتە ئەوپەڕی ئاسمان. بەڵێ، ئەو تازە ئەو دڵشادەی جاران نییە، ئێستا ناوی ئێلشایە و لە شایێکی نەخۆشی سەر لێواری گۆڕ نەبێت لە هیچی دیکە ناچێت.

ئێلشا لە پاڵ ئاووادا تەواو نقوومی ئەو خەیاڵانە بوو، ئەوەندەی دەیهێنا و دەیبرد نەیدەتوانی کڵپەی ئەو گڕە لەمێژینەی ناخی چۆن دابمرکێنێت و چۆن ببێتە کەسێکی داکەساوی ناو کتێبەکانی ئاین،نەیدەتوانی ببێتە ئەو جونەیدەی کە سەیفی لە وەسف کردن و پێداهەڵگوتنی تێر نەدەبوو، کاتێک لە شەوێکی ترسناک و بەفراوی دا ببوو بە داڵدە و پەناگەی ئەو. ئەو جونەیدەی کە لە مزگەوتێکی دوورە دەستی نێو شاخان پشتی لە هەموو خۆشییەکانی دونیا کردبوو و بڕیاری دابوو تا رۆژی رۆح دەرچوونی ئەویندار خۆی تەنها لەگەڵ

خودادا بکات. ئەو جونەیدەی هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە و پاش مەرگی ناوەختی باوکی، ئەو شەڕانەی نێو ناخی یەکلایی کردبووە و کە ئێستاکە لە نێو ناخی ئیلشا دا دەکران.

ئیلشا ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی وەک جونەیدەکان بیربکاتەوە و پشت لەو دونیایە بکات کە هەموو جوانییەکانی رەگەزی مێینەی پێوە دیارە. نەیدەتوانی لە ئاست تروسکەی رەنگاوڕەنگی ئەو هەورە تریشقانەدا چاو بنوقێنێت کە لە ئەنجامی بەریەکەوتن و لە یەکترخشانی پەلە هەورێکی نێر و پەلە هەورێکی مێدا چێدەبن. نەیدەتوانی گوێییەکانی لە ئاست جریوە جریوی ئەو بێچووە بولبولانە دابخات کە تازە فێر ببون بەسەر ئەو نێرینە و مێینانەدا بفڕن کە لە نێو هێلانە بڵند و شاراوەکان خەریکی جووتبون بون.

ئیلشا پێیوابوو کە { - - ن}  پێچەوانەی دروستی {تاوان}ە! بەڵام لە پاش چەند دیدارێکی لەگەڵ سەیفیدا و گوێگرتنی بۆ ئەو ئاخاوتنانەی کە دەربارەی ژیان و کەسییەتی جونەید بون، ئیلشا کەوتبووە گومانێکی گەورەوە لە نێوان لێکدانەوەکانی خۆی و ئەوانەی جونەید کە لە زاری سەیفییەوە بە بەردەوامی دەیبستن. جونەید وایدەزانی بنیادەمی نێر بە نزیکبونەوەی لە مێدا توانا روحییەکانی هێواش هێواش لە دەست دەدات، ئەو بۆ زیاتر پێداگرتنی لە بەرامبەر بیرە چەپڕەوەکانی سەیفیدا لە گفتوگۆی شەوە تاریکەکانی پێکەوەبونیان ناوە ناوە بەیتە شیعرێکی مەولانا رومی، تووسی، یان شێخ سەعید نەورسی بۆ سەیفی خوێندبووەوە.

سەیفی لەگەڵ ئەوەی خۆی بە کەسێکی چەپڕەو مەزندە دەکرد، کەچی لە رۆژئاوای سێکس ئازاد دا تا درەنگ کاریگەری ئاخاوتنەکانی جونەیدی وەک هی رابەرێکی لێنینیست بەسەرەوە بوو و بەردەوام لە ناو گوێییەکانیدا دەزرینگانەوە. بەڵام لەگەڵ زیاتر ناسینی ئیلشا زۆر لەو بیر و بۆچونانەی جونەید لە زەینی دا کاڵ دەبونەوە و نەدەمان، بەڵام هێشتا باوەڕ و ئامادەیی نەبوو کە پەیوەندییەکی سەرپێی لەگەڵ کچدا دابنێت.

ئەوەی بۆ ئیلشا جێگای سەرسووڕمان و گوومان بوو، چەق بەستووی خۆی بوو لە نێو ئەو بیر و لێکدانەوانەی جونەید کە پێشتر لە زاری سەیفیەوە گوێی لێ ببون. هەر بەو پێوەرەش بیری لە خۆی دەکردەوە کە چۆن لە گەڕەک و رێستورانەکەی نەدیم بەی شوورەیەکی وەهمی لە دەوری خۆی کێشابوو و رێگەی نەدابوو لە نیگا و بزەکانی کەزان و چاوبڕکێ و ماچێکی روومەتی سێوی ئایفەر زیاتر هیچی دیکەی لێوە بێتە ژوور. بەو شورەیە پڕ لە ئابروو و شەرمەی، ئیلشا هەستی کردبوو ئەوسا ئادەمییەکی گەلێک بە هێز و پتەوتر بوو، هەروەها لە ئێستاکەی گەلێک دڵشادتر دەژیا.

لە لایەکی ترەوەوە ئیلشا لە ژێر کاریگەری ماچە تەڕەکانی ئاووا خەریک بوو تەسلیمی ئەو راستییە دەبوو کە جونەیدەکان بە هەڵەدا چووین. ئەو خۆشی لەم رۆژگارانە پێشوو هەڵە بووە کاتێک شوورە پڕ لە شەرم و ئابرووەکەی لە دەوری خۆیدا چێکردبوو. ئیلشا خەریک بوو باوەڕی دەهێنا کە پێشتر هیچ رۆژێکی لەوەی ئەمڕۆکەی خۆشتر نەبینیبووە، کاتێک جووتە لێوە تەڕ و وەک گوڵ کراوەکانی کچە نەشمیلێکی بیانی رووی سوور هەڵگەڕاوییان وەک خاکێکی هەرگیز دەست لێ نەدراو بە گاسنی ماچ دەکێڵا.

ئیلشا لە ژێر بارانی ئەو ماچانە، سەرباری نەخۆشییە کوشندەو ئاڵۆزەکەی هەستی دەکرد لە رۆژگارە بەسەرچووەکانی ژیانی هەرگیز لە ئێستاکەی دڵشادتر نەبووە، ئەو کاتانەی شوورەیەکی لە دیواری بەرلین بڵندتر و قایمتر لە نێوان ئەو و کەزانی هاوسێدا هەبوو، شوورەیەکی بەردینی کۆن وەک دیواری بەرز و ئەستووری کۆڵانە تەسکەکانی نێو قەڵاتی هەولێر، گەرەکی جوولەکان و مەیدانی کۆتر. شوورەیەک کە پڕ لە قسەی نووسراو و هەڵبەسترای کابرا قوتەکەی گەڕەک کە هەردەم وەک بەکرۆکەیەکی سەردەمی نو لە نێوان کتێبە قەبەکانی بن هەنگڵی ئیلشا و نیگای چاوە یاقووتی و چاوەڕوانەکانی کەزان لە بۆسە و دانووسان دابوو.

ئیلشا لە ناخییەوە بیری لەم رۆژگارە بە سەرچووانە دەکردەوە، بیری لە جونەید دەکردەوە کە ئەگەر لە شوێنی ئەو بووایە و کچێکی بیانی نەشمیل بە

ماچی تەڕ ئەوین بارانی کردبایە چۆن دەیتوانی بە بەیتە شیعرێکی رومی، تووسی یان نەورسی ئاگری دڵی کپ و خامۆش بکات؟ چۆن دەیتوانی ئەوینی کچ بە شتێکی تر بگۆڕێتەوە؟ چۆن دەیتوانی بە هەمان بیر و لێکدانەوە لە شوێنەکەی ئەو لە پاڵ ئەو کچە روو پەرییە دابنیشێت دەستێک نەبات بۆ هەنارە شیرینەکانی سەر سنگی؟ ئەگەر ئەویش لێرە بووایە وەک سەیفی بە یەکەم نیگای بۆ جوانی و دەلالی بێ وێنەی ئاووا، دەمێک واق وڕماو و دەم کراوە جێدەما! بەڵێ، سەداسەد جونەیدیش پەنجەی خۆی دەگەست و خۆی بۆ نەدەگیرا، دواییش وەک سەیفی دەیگوت " دڵشاد، برا ئەڤ چ پەرییە!؟ "

ئیلشا بە هەموو بیر و هۆشی لە نێو ئەو شەڕانە دابوو کە لە ناخییەوە لە نێوان ئەویندارێکی خیانەتکار و ئەویندارێکی ئەفلاتونی دەکران، جونەیدێکی پەژیوان و نەبی دڵشادێکی ماچ نەکردوو. ئەو بە هەموو بیر و هۆشییەوە لە نێو ئەو لێکدانەوە و بیرکردنەوانەدا بوو کاتێک سەیر دەکات گشت دوگمەکانی تیشێرتە شینەکەی کراوەنەتەوە. بەڵێ، لە یەکلا کردنەوەی ئەو شەڕانەی نێو ناخیدا بوو، کاتێک هەستدەکات کە وەک منداڵێکی شەرمن جلەکانی یەک لە دوایی یەک دادەکەنرێن و لە سەر رایەخی ژوورەکەدا وەک پارچە پەڕۆی هیچ و بێکەلک فڕێدەدرێن. لەو وەختەدا ئیلشا لە گەرمی شەڕەکانی نێو ناخی دابوو و خۆشی نەیدەزانی لە بەرامبەر ئەو هێرشە سێکسییە لە ناکاوەی ئاووا چۆن خۆی ڕاگرتبوو. ئەو هێرشە سێکسییەی کە ترس و شەرم و ئاڵۆزی وشەی رۆژهەڵاتی وەک زبڵێکی کۆن رادەماڵی. ئیلشا خۆشی نەیدەزانی چۆن لە بەرامبەر گەرمترین و شیرینترین و خۆشترین ماچی تەمەنی وەها بێدەسەڵات و بێهەڵوێستە.

لەو کاتەدا ئیلشا چاوەکانی کەوتنە سەر ئەو پەنجەرەیەی کە لە بەرەبەیانییەوە لەبەر گەرمای هاوین لە سەر پشت کراوە بون. ئەو پەنجەرەیەی کە هەردەم وەک چاوێکی کراوە بەسەر جادە چۆلەکەی خوارەوە دەیڕوانی، بەسەر دوکانی ئەو پیرەژنە تورکەی کە ئەوەندەی دونیا رقی لەو دوو ئەویندارەی پشت ئەو پەنجەرەیە بوو. ئیلشا بە پێچەوانەی ویستی ئاووا

یەکسەر بەرەو پەنجەرەکە چوو کە دەتگوت جەمسەری موگناتیسێکی نادیارە و ئەو بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. هێزێکە ڕێگانادات ئەو وەک پەرەسێلکەیەکی کۆچکردووی ئیماندار لە ئاسمانەوە بخرێتە خوار و بکەوێتە نێو هێلانەیەکی گەرم لە نێوان مەمکە سپی و خڕەکانی کیژێکی جوولەکەی جوان.

ئیلشا لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا بیری دەکردەوە کە چۆن ئەو دەتوانێت وەک جونەید پەیمان بدات کە هەتا سەر دەست لە ملی هیچ مێینەیەک نەکات؛ چۆن دەتوانێت وەک ئەو پشت لە حەز و ئارەزووەکانی دونیا بکات و لە کونجێکدا دابنیشێت تا بە درێژایی تەمەنی هەشتا ساڵەی شێخ سەعیدی نەورسی خەریکی دروست کردنی پردێک بێت لە نێوان خۆی و خودادا؟ یان چۆن دەتوانێت یەکسەر بەبێ هیچ پێشەکیەک ببێتە فلۆرەنتینۆکەی گارسیا مارکیز و نیو سەدە لەو باوەشەوە بچێتە ئەو باوەش تا ڕۆژێک لە سێبەری یەکەم یار و دوا یاری ئاخرین پشووی ژیانی دەدات؟ هەروەها لە نێوان ئەو گومان و دڵەڕاوکێیەی کە هەیبوو سەبارەت بە نەخۆشییەکەی، لە دیار پەنجەرەکەدا خۆی گەلێک لەو دوو دیدەی پێشوو بێدەسەڵاتر و لاوازتر دەبینی. هەستی دەکرد ئەو نەخۆشییە وەک دار کلۆرەیەک ڕۆژ لە دوایی ڕۆژ جەرگ و هەناوی قووڵتر هەڵدەکۆڵێت و هەرگیز ڕێگانادات یەکێک لەو دوو هەڵبژاردەیە هەشتا ساڵییەی بە خەونیش بۆ بچێتە سەر. لە کاتی ئەو بیرکردنەوانەدا پڕ بە سییەکانی هەوای مەیلە و فێنکی ئێوارەی هەڵدەمژت.

ئیلشا لەو وەستانەیدا فانیلەیەکی ئارەقگیری سپی لەبەربوو. بۆ ئاووای دانیشتوو لەسەر سۆفاکە، ئەو لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا دیمەنی گەنجێکی باڵابەرزی سێکسی و تەندروستی هەبوو. ئاووا دەمێک لە سەر سۆفاکە دامابوو لە نێوان سەرسوڕمان و گوماندا لە بەرامبەر کەسییەتی شەرمنی ئیلشا، بۆیە ئەویش لە ناخییەوە کەوتبووە شەڕێک لەگەڵ خۆی کە ئایا وەک کیژۆڵەیەکی شەرمن پاشەکشە بکات و لە یەک بەیەکی ئەو ماچانە پەشیمان ببێتەوە کە بەر لە چەند دەقیقەیەک بەسەر ڕووی ئیلشایدا باراندبون. یان وەک کچێکی بوێر و پڕ باوەڕ پارێزگاری لەو ئەوینە بکات کە قەدەرێک فڕێی دابووە ناو

پەنجەرەکەی ئەو. ماوەیەک سەیری ئەو گوڵانەی کرد کە ئیلشا بۆ پێشوازی ئەو لە دوکانی پیرەژنە تورکەکە کڕیبونی و لەسەر مێزەکەی پێش سۆفاکەی دانابون. ئاووا دەستی بۆ دوو گوڵی قەرەنفولی سوور دەبات و هەردووکیان لە بنەوە دەقرتێنێت. دوایی وەک ڕەفتارێکی پڕ لە سەرسامی و تامەزۆبون بە تەوقەی قژ هەر یەکێک لەو دوو گوڵە سوورانە لە گۆنای مەمکێکی دەدات. پاش ئەوەی بە بێ ئاگاداربونی ئیلشا تیشێرتە ڕەنگ بادەمیەکە و سوخمە سپییەکەی بە تەواوی داکەندبون. ئاووا بۆ چەند چرکەیەک بیر لەو کردارە شێتانەیەی دەکاتەوە و یەکسەر هەڵدەستێتە سەر پێ و بەرەو پەنجەرەکە دەچێت. هەر کە لە ئیلشا نزیک دەبێتەوە هەردوو قۆڵە سپی و رووتەکانی لە نێو قەدی ئیلشا دەئاڵێنێت و لەسەر ناوکیدا پیتێکی گەورەی(X ) دروست دەکەن. وەک ئەوەی بەو کردارە بەگوێی ئاسماندا بچرپێنێت کە هیچ هێزێک نییە پێش لە ئازادی و ڕەهایی ئەو سومبلە سروشتی و جیهانییە بگرێت، هیچ هێزێک نییە پێش لە تەشەنە کردنی ئەو گڕە بگرێت کە لە نێوانی ئاگر و پووش دایە.

ئیلشا لەو نێوانەدا وەک مەلێکی ترسنۆکی تازە فڕ لە نێوان هەڵبژاردنی ئاووا و ئاسماندا بە تەواوی دامابوو، سەرگەردان لە نێوان هەڵمژینی شنەی بای ئێوارە و بۆنی خۆشی سەر و مل و گەردنی ئاووا. مەلێکی غەریب بوو لە نێوان فڕین و ون بون بە ئاسماندا یان خۆخستنە نێو هێلانەی گەرمی دونیا و خۆشی لە شوێنێکدا بدۆزێتەوە کە بەر دەست و ئێستاکەیە. ئیلشا هەستی دەکرد لە ناخییەوە دەنگێک دەخرێتە گوێییەکانی وەک ئەوەی دەنگی کابرای لایت بێت و بە روناکی شەوقی لایتەکەی بیەوێت ئەو دڵەڕاوکێ و گومانانەی نێو دڵی وەک پەلە هەوری سوکەڵەی بەهار لە ئاسمانی ئەودا بڕەوێنێتەوە، ئەو بیرکردنەوانەی لە مێشکیدا بسڕێتەوە کە دەمێک بوو بە دیار پەنجەرەکەوە ئەویان گیرۆدە کردبوو.

ئەو کاتەی کە ئاووا لە پشتییەوە خۆی نووساند بە لەشی، ئەو بە بێ ئاوڕدانەوە وەک ئەو شەوەی لە ژێر لایتی هاوڕێیەکەیدا بۆ یەکەم جاری

تەمەنی سمتی ژنێکی بەدی کرد کە لە بەفر گەلێک سپیتر بوو، بەهەمان رەسمی خەیاڵ لە ئاسماندا وێنەی رووتی ئاووای لە نێو پەلە هەورەکانی ئاسماندا دەکێشا. شێوەی ئاووا لە ئاسمانی دەرەوە و دونیای ناوەوەدا رۆحی ئیلشایان بە تەواوی داگیر کردبوو. ئاووا بۆ ئەو وەک حەوواکەی ئادەم هەم ببوو بە ئاسمانی هەم بە دونیای. بەڵێ، ئیلشا وەک هەر ئادەمییەکی تر لە شەڕی نێوان هەڵبژاردنی حەووایەک لە ئاسمان و حەووایەک لە دونیا، خەریک بوو بەرەو ئەولایە نزیک و بەردەستەکە لەنگەری دەگرت. لێرەدا ئیلشا هێواش هێواش پەردە تەنکەکانی پەنجەرەکەی دادەخست، پاشان بە دڵێکی پڕ لە کەسەر و برینەوە دەستی راستەی بە سەری خڕ و نیوە رووتاوەی دادەهێنا و سەربوردەی ژیانی بە چەند وشەیەکی کورت بۆ ئاووا وەسف دەکرد. لە ئەملاشەوە دەستی چەپەی بردبووە سەر سمتە پڕ و توورتەکانی ئاووا. لە ناخەوە بە خۆی دەگوت " دڵشاد، ئەمڕۆکە ئەگەر دەستی راستەت ناخۆشی و مەینەتییەکانی ژیان وەک مووە هەڵوەراوەکانی سەرت بژمێرێت، ئەوا دەستی چەپەت لە باڵای دارهەنارێک دەخشێت کە رەنگە سەر لە نوێ خوێنێکی گەش بگێڕێتەوە بە لەشت دا. جارێکی دیکە بتوانێت ئەو خۆشییانەت بۆ بگەڕێنیتەوە کە سیاسەتی چەپەڵ، سەردەمی شەڕ، و قەدەری شووم لە دەستیان بردیت! "

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوانەیدا ئەمجارە بەبێ سێ و دوو یەکسەر ئاوڕ لە ئاووا دەداتەوە بە دیتنی گوڵە قەرەنفولەکانی سەر گۆنای مەمکەکانی بۆ چەند چرکەیەک لە شوێنی خۆی تاساو و شاگەشکە دەبێت. دوایی بە هەموو هێزییەوە ئەو مەمکە سپیانە و لەشی بیشەنگی ئاووا بە تەواوی بە لەشی خۆیەوە دەنووسێنێت.

پاش نیو کاتژمێری تر لە ژوورەوە لە سەر قەرەوێلە یەک نەفەریەکەدا، ئیلشا رووت وەک یەکەمین چرکەکانی لە دایک بونی، هەناسە سووار و شین و مۆر هەڵگەڕابوو. لە پاڵیشی ئاووا رووتتر لە ئەو وەک مامانێکی شارەزا بە هەموو هێزییەوە شەپازللەی لە پشتی ئیلشا دەدا. پاشان دەستی کردبوو بە شێلانی شان و ملی ئەو. تا ئیلشا کەمێک هێور دەبێتەوە ئینجا ئەو بە لێشاو

پرسیار بەسەر سەری ئەو ئەویندارە کڵۆڵ و نەخۆشەدا دەبارێنێت. بەبێ چاوەڕوانکردنی وەرگرتنی وەڵامەکانیش لە ئیلشا لە سەر یەک دەڵێت پێیدەڵێت " ئێستا باشتری، بۆ وات لێهات، دەڵێیت ناساغیت. ئایا ئەوە یەکەم جارت بوو!؟ شەرم مەکە، تۆم لە هەموو کەس خۆشتر دەوێت، من هەتا سەر ئەویندارى تۆم "

ئیلشا وەک ئەوەی لە خەون دابێت یان لە مردنێکی کاتی گەڕابووبێتەوە، بە وەرگێڕانی یەکە یەکەی وشەکانی ئاووا بۆ کوردی خۆشییەک قەترە قەترە دەڕژایە نێو دەرونییەوە و هەستی بە دڵنەوایی دەکرد. بەڵام لە قووڵایی ناخیشەوە ئازارێک سەری هەڵدەدا کە چۆن ئەو لە یەکەم دیداری لەگەڵ تاکە ئەویندار و دوا ئەویندارى تەمەنی تووشی شکست و رووخان هات؟ چۆن لە پڕ بوو بە مرۆڤێکی نیوە مردوو و یارەکەشی تووشی گەورەترین دڵەڕاوکێ و گومان کرد؟ ئازارێک گیانی دەخوارد کە چۆن ئەو لە یەکەم جووت بونی تەمەنی دا رۆلی ئەویندارێکی فێڵباز و خیانەتکاری بینی، چۆن نەیوێرا ئازایانە دەرد و ئازاری بە دەست نەخۆشییەکەی بۆ ئاووا ئاشکرا بکات.

ئیلشا لەو بیرکردنەوانە دابوو کاتێک ئاووا دەستی نەرم و نیانی دەخاتە سەر رووومەتی ئیلشا و پێیدەڵێت " باشترە بچیت ئاوێکی سارد بە خۆتدا بکەیت، لەوانەیە لەبەر گەرما وەهات لێهاتبێت. ئەم شارە هەرگیز هاوینی بەو شێوەیە گەرمی بە خۆیەوە نەبینیووە! "

ئیلشا لەو وەختەدا خودا خودای بوو وەک ئەکتەرێکی سەرنەکەوتوو سەر شانۆ بەجێبهێلێت. یان یەکسەر بیتوانیایە بگەڕێتەوە گەڕەکەکەی خۆی و لە ژێر ئاوی فێنکی بارانە سیحراوییەکەی ئێوارانی دەستی کەزان بوەستێت. بارانێک کە جارێکیتر رۆحێکی نوێی بخاتەوە بەر و ئەو رۆژە بەسەرچووانەی بۆ بگێڕێتەوە کە وەک گوللە تیژەکانی سەردەمی شەڕ خێرا بەسەر سەریدا تێپەڕین.

ئیلشا لە ژێر بارانی دووشەکەدا کەمێک دوا دەکەوێت، ناچار ئاووا بۆ دڵنیایی دوو جار لە دەرگاکە دەدات و پێیدەڵێت کە ئەگەر شتێکی پێوست بێت.

**لە ژێر لێزمەی ئاوی سارددا لێوەکانی وەک دەنووکی باڵندەیەکی بێ هێلانەی بەر باران بە خێرایی بەر یەکتر دەکەوتن. بە چەند سوپاس سوپاسێکی لە سەریەک بە ئەڵمانی لە ژوورەوە وەڵامی ئاووای دەدایەوە، بەڵام نەیدەویست جارێکی تر بێتە دەرەوە و بەرامبەری بوەستێت.**

**ئیلشا باوەڕی وابوو کە ئەگەر ئەویندارەکان نهێنییەکانیش بۆ یەکتر نە درکێنن ئەوا دەتوانن لە چاوانی یەکتر بیانخوێننەوە. بۆیە لە ژێر ئاوە ساردەکەوە پێی وابوو کەوا ئاووا لە هەناسە سووواربونی ئەو و مەلوولی چاوە زەردەکانی هەموو شتێکی پێشتر خوێندۆتەوە. ئیتر پێوست بەوە ناکات چیتر ئیلشا درۆ لەگەڵ خۆی و ئاووا بکات. لوکیمیا پەتایەکی ئەوەندە سادە نییە کە دیاردە ترسناکەکانی بە ئەو بشاردرێتەوە.**

**ئیلشا لە ژێر تەوژمی ئاوە ساردەکەدا بیری لەو رۆژە گرنگەی تەمەنی دەکردەوە کە لەوەتەی سمێڵ گووگرەبونی خەونی پێوە بینیبوو، خەون بەو رۆژەی کە لەگەڵ بووکی خەونەکانی تاق و تەنیا بێت لە ژوورێکدا. بەڵام ئەفسووس، ئەو هەرگیز لەو خەیاڵەدا نەبوو کە ئەو رۆژەی بەختی یار دەبێت لەگەڵ یاری جوانیدا بخەوێت، پەتای شوومی لوکیمیا بەجۆرێک تەنگی پێهەڵدەچنێت کە هەر ئەوەندەی پیرە پیاوێکی دڵتەڕی تەمەن هەشتا ساڵەی پێدەکرێت. ئیلشا تا بە تەواوی بەسەر ئەو بیرکردنەوە نێگەتیڤانەی زاڵ نەبوو، نەیتوانی بە باوەڕی جاران بێتەوە بەرامبەر ئاووا. کە هاتە دەرەوە ئاووای بینی لەسەر سۆفاکە دانیشتبوو و زۆر گەرم و گوڕتر لەو یەکشەممەیە پێشوازی لێکرد، کە ئیلشا لە پارکەکەدا بەوە شەرمەزار ببوو کە رۆژی پێشوو نەگەیشتبووە دیدار لەگەڵ ئەو. ئاووا بە پێکەنینەوە وەک ئەوەی هیچ شتێکی نائاسایی رووی نەدابێت دەستی چەپەی ئیلشا دەگرێت و چەند جارێک بە رووومەتی خۆی دادەهێنێت، ئینجا دەیباتە سەر لێوە پڕەکانی ماچێکی نەرم و بێدەنگ لە نێو لەپی دەستی ئیلشا دەکات. بەو ماچە و رووە پڕ لە خەندە و پێکەنینەکەی ئاووا، ئیلشا یەکسەر وەک گولێکی پێشتر سیس و ژاکاو دووبارە دەگەشێتەوە. خێرا لە پاڵ ئاووا دادەنیشێت و پێدەڵێت " ئاووای شیرین، ئەو**

ئێوارەیە داوەتی منیت، چ شوێنێکت پێخۆش بێت بۆ ئەوێ دەچین؟ " ئاووا بە بزەیەکی سەر لێوەکانی وەڵامی پرسیاری ئیلشا دەداتەوە و دوایی هەڵدەستێت بەرەو ئاودەستەکە دەچێت. بێئەوەی دەرگای ئاودەستەکە لە ژوورەوە قوفل بکات، بە پەلە تراکسووتە قاوەییە تەسکەی دادەکەنێت لەسەر ئاودەستەکە دادەنیشێت. سەیری هەرچوار لای دیوارەکان دەکات و لە ئاوێنەیەکی سەر دەست شۆرەکە زیاتر شتێکی دیکەی هەڵواسراو بە دیوارەکاندا نابینێت.

ئاووا بەر لەوەی هەستێتەوە سەر پێ لە نێو گۆڤارێک کە لەسەر تانکییە فەخفورییەکەی ئاودەستەکە دانرابوو، کارتی دکتۆرێکی پسپۆر لە نەخۆشیەکانی خوێن دەبینێتەوە. ئەو بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە یەکسەر کارتەکە دەخاتە گیرفانی تراکسووتە تەسکەکەی و بە پەنجە گەورەش پاڵ بە ئەو دوگمەیەی لێواری تانکە فەخفوریەکەوە دەنێت تا بە شووڕەی لێشاوی ئاوێکی خێرا ئەو برە میزەی ڕابماڵێت کە تێکەڵ بە لینجاوێکی سپی ببوو.

ئاووا وەک کردارێکی خۆنەویست بەر لەوەی دەستی بشووات یەکسەر نیوەی دەرگاکە دەخاتە سەر پشت، ئینجا خەریکی دەست شووشتن و خۆڕازاندنەوە دەبێت. ئاووا وەک ئەو خووەی کە لەگەڵ خوێندنی فەلسەفەدا فێری ببوو، لە زۆر وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەیدا پەنای بۆ بیرۆکەی پۆلینکردنی ئەرەستۆتالیس دەبرد و نەیدەویست هەرگیز شتەکان تێکەڵ بە یەکتری بکات. بۆیە لە ناخیدا بڕیاری دا کە هەرگیز ئەو شەوە تایبەتییەی ئەوین لەگەڵ ئیلشا تێکەڵ بە هەناسە سوواربونی سەر قەرەوێلەکە و دۆزینەوەی کارتەکە نەکات.

ئاووا خەریکی خۆ ڕازاندنەوە بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیلشا پێکەوە بچنە دەرەوە کاتێک زەنگی تەلەفۆنی سەر مێزەکە لێدرا. ئیلشا بە خێرایی خۆی گەیاندە تەلەفۆنەکە. بەڵام کەمێک پەژیوان بووەوە لەوەی هەڵیگرت. لەگەڵ هەڵگرتن و ئاراستەکردنی تەلەفۆنەکە بەرەو گوێی یەکسەر دڵی خەبەری پێدا کە سەیفی یە. پاش چاک و چۆنی ئیلشا پێیدەڵێت کەوا دۆستێکی لەگەڵدایە لە

ماڵ. سەیفی کەمێک وەستا چونکە بەر لە دوو ڕۆژ ئیلشا پێی گوتبوو کە لە ئەو زیاتر کەس لەو شارەدا ناناسێت، بۆیە لەوسەری هێڵی تەلەفۆنەکەوە کە گوێی لەو هەواڵە دەبێت یەکسەر وامەزەندە دەکات کە دۆستەکەی ئیلشا کەسێکی کوردە و تازە هاتۆتە شارەکە. سەیفی بە خۆشحاڵییەوە بێئەوەی چاوەڕوانی هیچ وەڵامێک لە ئیلشا بکات، یەکسەر گوتی " ناوی چییە؟ "

ئیلشا لە جیاتی ئەو ڕاستییەی کە لەسەر قەرەوێڵەکەدا بە نهێنی هێشتیەوە، لە تەلەفۆن کردنیدا لەگەڵ سەیفی گەلێک ڕاستگۆتر هاتە وەڵام و گوتی " ئاووا! "

سەیفی کە گوێی لەو ناوە سەیرە دەبێت یەکسەر بە ئیلشا دەڵێت " دڵشاد، گاڵتەم پێ مەکە ! تۆ کەست لا نییە، من وا هاتمە لات " پاشان یەکسەر تەلەفۆنەکە دادەخات و بوار بە ئیلشا نادات کە دوا وشەکانی هەناوی بگەیێنێتە گوێییەکانی. ئیلشا پڕ بە دەنگی هاواری دەکرد" سەیفی ..... سەیفی! " وەک ئەوەی هاوڕێیەکەی لە قووڵایی بیرێکدا جێمابێت و ئەویش تاکە کەس بێت بەدیاریەوە. کەچی لەگەڵ داخستنەوەی تەلەفۆنەکەدا خۆی سەرکۆنەی خۆی دەکرد و لە ڕاستگۆییە یەک جەمسەرییەکەی تووڕە دەبوو.

ئاووا لە دیار ئاوێنەکەوە دەنگی هات و پرسیاری کرد کە ئایا خوشکە تاقانەکەی بووە کەوا تەلەفۆنی کرد یان کەسێکی دیکە. لەوەڵامدا ئیلشا زۆر بە ساردییەوە پێیدەڵێت " نەخێر، سەیفی هاوڕێم بوو کە ئێستاکە بۆ ئێرە دێت "

ئیلشا و سەیفی هەردووکیان برایان نەبوو، لە غوربەتدا ببون بە برا و بەو ئەندەزەیەش دڵیان بە یەکترەوە بوو. بەڵام ئیلشا پێیخۆش نەبوو لە ڕۆژێکی وەها تایبەت دا مامۆستا نەبی و ست نەسرینی باوک و دایکیش زیندوو ببنەوەو بێنە سەردانی. ئەو پاش شکستەکەی سەر قەرەوێڵەکەی ژووری نووستن، پلانی خۆی وادانابوو کە شەو لە دەرەوە وەک حەفتەی پێشوو بە ماچ و مووچ و پیاسەی ڕۆمانسی و ئاخاوتنی لە سەرخۆ، هیز و بازووی ئەوینی بە شێوەیەکی تر نیشانی ئاووا بدات.

ئیلشا تا گەیشتە سەر سۆفاکە و دانیشت هەر پەژیوانی پێوە دیار بوو کە بۆچی ناوی ئاووای وەک خۆی بە ئێڤا بە سەیفی نەگوت. ئەو کاتە ئەو هەموو شتێکی بۆ رون دەبووەوە و خۆی نەدەهات. ترسی گەورەی ئیلشا لەبەر ئەوە نەبوو کە سەیفی لەگەڵ کچێکی بیانی دەیبینێت، بەڵکو لەوە بوو نەوەک سەیفی لە دڵپاکی خۆیەوە سەبارەت بە نەخۆشییەکەی پرسیارێکی لێ بکات و نەزانێت کە ئەو نهێنییە گەورەیەی لە ئاووا شاردۆتەوە. هەرچۆنێک بێت چیتر نەیویست کات بە بیرکردنەوە بکوژێت، بۆیە بە ئاووای گوت " هاوڕێکەم ئێستا دەگاتە ئێرە، ببوورە ئەو مەودای پێنەدام رووخسەت لە تۆ وەربگرم، وابزانم بە هەڵە لە من گەیشت" دیسان ئاووا بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و لێبوردن وەڵامی دەداتەوە و پێیدەڵێت " من لەگەڵ تۆدا بم دەتوانم لە چاوەڕوانی چاک و خراپ دابم، بۆیە بە گرنگ کێ دێت و کێ دەڕوات "  ئیلشا پێکەنی و گوتی" باشترە لە خوارەوە چاوەڕێی بکەین، من دەزانم ئۆپلەکەی هەموو جارێک لە کوێ ڕادەگرێت " دوایی چارەکێک سەیفی ئۆپلەکەی لە بەردەمیاندا ڕادەگرێت و هەر کە دێتە خوار دەڵێت " وای لەو پەرییە جوانە! " دوایی بە شەرمەزارییەکی زۆرەوە داوای لێبوردن لە هەردووکیان دەکات. روو دەکاتەوە ئاووا دەڵێت " من هەرگیز ناوی ئاووام نەبیستبوو، وامزانی ئیلشا گاڵتە دەکات " ئیلشا یەکسەر دێتە ئاخاوتن و بە سەیفی دەڵێت " لە چیرۆکی ئەو ئەوینە منیش ناوم دڵشاد نەبی نییە. من ئیلشامە ئەویش ئاووا! " سەیفی بە پێکەنین روو دەکاتە هەردووکیان و پێیان دەڵێت " بۆ چ شوێنێک دەچن من دەتانگەیێنم، نامەوێت پلانی ئەمرۆکەتان لێ تێک بدەم " لێرەدا بەر لەوەی ئیلشا وەڵام بداتەوە، ئاووا بە سەیفی دەڵێت کەوا ئەوان هیچ پلانێکی وایان نییە، تەنها دەچن بۆ رێستوران و ئەویش دەتوانێت لەگەڵیاندا بچێت. ئیلشا دەرگای پشتەوە بۆ ئاووا دەکاتەوە و بە پەلە خۆی دەگەیێنێتە سەیفی و بە دوو وشە پێیدەڵێت کەوا ئاووا هیچ دەربارەی نەخۆشییەکەی نازانێت. ئیتر ئەمشەوە تا هەرسێکیان لە یەکتری دابڕان، ئەوە تاکە ئاخاوتن بوو لە نێوان ئیلشا و سەیفیدا بە کوردی بکرێت و ئاووا ئاگادار نەبێت. پاش ئەو قسەیە ئیلشا هەر

قونی دەخاتە سەر کورسی پێشەوەی ئۆپلەکەی سەیفی هەست بە ئیسراحەت دەکات و وادەزانێت بارێکی قورسی لە سەر شانیدا داتەکاندووە.

شەو هەتا درەنگ هەرسێکیان پێکەوە بون، لەو قاوەخانەی کە حەفتەی پیشوو ئیلشا و ئاووا لێی دانیشتبون و شیعرەکانی ریلکەیان پێکەوە خوێندبووەوە، ئەمجارە ئەوان لەوێ بە هیچ جۆرێک بەلای ئەدەبدا نەچون. هەرچەندە هەرسێکیان دەیانزانی کە ئەدەب بەرهەمی ئەو ئەندێشە قووڵ و پاراوەی مرۆڤە کە لە هەموو بابەتێک سانا تر سنووری کەلتوورەکان دەبڕێت و بەربەستەکان تێکدەشکێنێت.

سەرەتا باسەکانیان سادە و ساکار بون، بەڵام بۆ ئاووا بۆنی فەلسەفەیان لێدەهات. ئیلشا هەر لە سەرەتای قووڵبونەوەی باسەکان بێدەنگی نوواند. هەردەم هەڵسوکەوتی لە یاری زانێکی شەترەنج دەچوو، ئەو لە کاتی ئاخاوتنیش ستراتیژییای ئەو یارییە ببوو بە خووی ژیان و دانیشتنەکانی لەگەڵ خەڵکدا. ئیلشا نەیدەتووانی هیچ ئاخاوتنێکی تێر و تەسەل بکات ئەگەر بەرامبەرەکەی لە کەسێک زیاتر بووایە. زۆر جاران لە ماڵی خاڵی تووشی بێزاری دەبوو کاتێک شەوان مێوانی ناوەختیان دەهات و هەردەم پیاوەکان بە دەم مژ لێدانەوە لە جگەرە پێچراوەکانیان رووی قسە کردنیان دەکردە خاڵ و خاڵۆژنی و دەیانگوت " دەڵێیت ئەو کوڕەتان کەڕ و لاڵە؟ " ئەوانیش هەردەم بە سەرسوڕمانەوە وەک ئەوەی باوەڕیان بە قسەی مێوان هێنابێت و یەکسەر روویان وەردەگێڕایە لای ئیلشا و لە رووی پاکیدا نیشانەی بێزاربون و دڵتەنگیان دەخوێندەوە. پاشان یەکسەر پێکەوە بە رەقی لە مێوانەکە بە وەڵام دەهاتن و دەیانگوت " نا، ئەو کوڕەمان لە زیرەکیدا بەو شێوەی بێدەنگە، دڵشاد هەردەم یەکەمی سەر پۆلەکەیەتی! " کابرای مێوانیش بێ ئەوەی تەواو گوێی شل بکات بۆ وەڵامی هەردووکیان، چەناگەی بەڵێ بەڵێ ی چەند جارێک بۆ خوارەوە و سەرەوە دەجوولاند و پاشان گووپی پڕ لە دووکەڵی جگەرەی وەک نووزڵی بوتڵی ئاگر کوژێنەوە بە رووی ژوورەکەدا دەکردەوە. هەم رووی ئیلشا، هەم وەڵامەکانی خاڵ و خاڵۆژنی نووقمی نێو هەورێکی چڵکن و

قێزەوەن دەکرد. ئیلشا لە دوایی ئەو ڕۆژەوە کەمتر چووە دیار میوانەکانی ماڵی خاڵی. ماڵەکە هەر هەمووی دوو ژوور و هەیوانێک بوو و نەخشەی ماڵەکە لە جۆرانە بوو کە لە بازاڕی خانوو و بەرە پێیان دەڵێن شەرقی. ئەو و خوشکە تاقانەکەی لە ژووری میوان دەنووستن، بۆیە ئەو شەوانەی ماڵی خاڵیان میوانی ناوەختیان دەهات، هەردووکیان ناچار دەبون تا درەنگانی شەو دابنیشن. جار وابوو بۆ بەیانی گرانترین تاقیکردنەوەشیان دەبوو، کەچی ئەوان پاش ڕۆیشتنی میوانەکان تا نیوەی شەو دەمانەوە تا ژوورەکە لە تۆی فڕێ دراوی گوڵەبەڕۆژەو و دوکەڵی جگەرەی بەجێماو پاک بکەنەوە. هەندێک جاریش ئەو و خوشکە تاقانەکەی بۆ دەرس خوێندن بە خۆیان کتێبەکانیان دەچونە سەر جێ و باڵینگانی خاڵ و خاڵۆژنیان.

*            *            *

ئەو شەوە ئیلشا بۆ ئاووا و سەیفی باسی سەردەمی هەرزەکاری خۆی دەکرد کە چۆن لە شارەکەی دا قاوەخانەیەکی وەها ئارام و هێمن نەبووە بۆ دانیشتن لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا یان بۆ خوێندن و خوێندنەوە. دەیگوت کە لە زانکۆش بوو ئەو دڵی بە خۆی و ئەو ئەویندارانە دەسووتا کە شوێنێکیان چنگ نەدەکەوت بۆ ژووان و دانیشتن. دڵی بەو کچانە دەسووتا کە وەک مەلی غەمگین لە کەلێنی دەرگاوە یان لە کونی کلیلەوە بە دزی باوک و براکانیان لە زاوای خەونەکانیان دەگەڕان.

ئیلشا کە لە تورکیاش بوو بەردەوام بیری لە خەم و بێ بەشییەکانی گەنجانی وڵات دەکردەوە، بە تایبەت کچانی وەکو کەزان کە هەر بە سەیرکردنێک داستانی ئەوینێکی قووڵ و ڕەنگاوڕەنگ لە ناو دڵیاندا دەچنن. بۆیە لە ئەستەنبۆل و قاوەخانەکانیدا ئەو زیاتر بیری لەو دیوارە دەکردەوە کە لە کاتی خوێندنی لە زانکۆ دا لە نێوان نێر و مێدا هەبوو. بۆیە بەر لەوەی بگاتە ئەوروپا هەر لە دیوە ئاسیاییەکەی ئەستەنبۆلەوە سەرسام ببوو بە شکان و نەمانی ئەو دیوارە. هەردەم سەردانی ئەو قاوەخانانەی دەکرد کە پڕ

بون لە خوێندکاری کوڕ و کچی زانکۆ ئەوانەی لە ئاو و هەوایەکی زۆر ئارام و شارستانیدا خەریکی ئاخاوتن و خوێندنەوە و یاری شەترەنج بون. لەو قاوەخانانەدا ئیلشا هەردەم گوێی لە دەنگی ئەحمەد کایا دەبوو، بۆیە لە یەکەم رۆژی یەکتر ناسینی لەگەڵ سەیفیدا کە لەنێو ئۆپلە زیوییەکە دووبارە گوێ لە دەنگی کایا بووەوە لە ناخەوە فرمێسکی بۆ هەموو خۆشی نەدیوێکی وڵاتەکەی رشت. هەروەها ئەوەشی بیر هاتەوە کاتێک لەو قاوخانەیەی کە ئاوی شینی پەسفور لە پەنجەرە بچووکەکانییەوە دیاربوو، کچێک زۆر بە هێمنی هاتە سەر مێزەکەی ئەو و بە تورکی سڵاوی لێکرد. کچەکە ملوانکەیەکی بە وێنەی یەلماز گونای بە گەردنەوە دیار بوو. هەر کە زانی ئەو کوڕە روو سەرنج ڕاکێشە تورکی نازانێت، یەکسەر بێ سێ و دوو بە چەند وشەیەکی ئینگلیزی و ئیشارەتدان توانی ئیلشا تێبگەینێت کە زۆر شەوان پۆلیس هێرش دەکات سەر قاوەخانەکە و ئەوەی تورکی نەزانێت و کەمێک بۆنی کوردانی لێبێت دەیگرن و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن. ئیلشا سوپاسی کچەکە دەکات و لەو ئێوارەیە بە دواوە پێ ناخاتە نێو هیچ قاوەخانەیەکی ئەستەنبوڵ. ئیلشا زۆربەی جاران کە بیری لەو قاوەخانە شارستانی و بەڵام بڤانە بۆ ئەو دەکردەوە، یەکسەر جادەی باتا و هەموو ئەو جادانەی دەهاتە بەر چاو کە دەوری قەیسەری هەولێریان دابوو، دەیبینی کە چۆن گەنجی کوڕ وەک مانووری سوپایەکی زل یەک لە دوایی یەک قۆڵیان لە قۆڵی یەکتر هەڵکێشابوو و بەدەم قسەکردن و گوڵە بەڕۆژە خواردنەوە پیاسەیان دەکرد. زۆربەیان چاویان ئامادەبوو بۆ نزبونەوە و هەڵتەکان، زاریان ئامادە بون بۆ پلار، و دەستەکانیشیان هی خۆیان نەبون کاتێک کچێک لەگەڵ دایکی عەبا بەسەری، دەستە خوشکێکی، یان برایەکی بچووکی تیژ بە بازاڕ دا ڕەت دەبوو.

لەلایەکی ترەوە سەیفی بۆ ئاووا بە درێژی باسی گەشتەکەی رێگای قاچاغی کرد، وەک چۆن لە یەکەم دیداری لەگەڵ ئیلشا دا، ئەمجارەش لە گێڕانەوەدا خاڵ و فاریزەی بازنەدا. هەڵبەت ئەوە گرنگترین و جەرگ کونکەرترین رووداو بوو کە  لە ژیانی ئەودا روویدابێت. بۆیە سەیفی دیسان بە هەمان نەفەس

ڕووداوەکانی سەفەرەکەی هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئاووا دەگێڕایەوە. ئیلشا لەو نێوانەدا دەتگوت کەسێکە کە بلیتێکی بەخۆڕایی فلیمێکی دەست کەوتووە کە پێشتر بینیویەتی، بەڵام ئەمجار بە دوبلاجکراو بۆ سەر زمانێکی دیکە.

ئاووا بۆ ئیلشا و سەیفی گوێگرێک بوو نمونەیی، بەڵام کە نۆرەی ئەو دادەهات پرسیارەکانی بۆ ئەوان لە دونیایەکی دیکە سەرچاوەیان گرتبوو و هەڵقوڵابون. خۆی ڕۆژئاوا بوو و هەردەم بە پرسیارە دایەلۆگییەکانی باسەکانی بەرەو ئاقارێکیتر دەبرد. ئاووا بە بێ هیچ پێشەکیەک پرسیاری خۆی سەبارەت بە ژیانی ژنان کرد لە کەلتووری کۆنی ڕۆژهەڵات. پێی لەسەر ئەو دیمەنە تراژیدییە دادەگرت کە بەر لە چەند شەوێک لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەڵمانیی بینیبووی کاتێک ژنێکی بێدەسەڵاتی قۆڵبەستراو لە ناوەڕاستی بازنەیەکی تووڕەی پیاواندا بەرد باران دەکرێت. ئاووا بە ڕوویێکی پڕ لە پرسیارەوە باسی بەردەوام بونی دیمەنەکە دەکات کاتێک ژنەکە هەموو گیانی شەڵاڵی خوێن دەبێت و جەستە سارد و سڕ و تێکشکاوەکەی وەک بێکەلکترین شتی دونیا لە نێوە ڕاستی گۆڕەپانەکە فڕێدەدرێت. دوایی ئەوەی پیاوانی بەربارانکەر تەواو لە مەرگی دڵنیا دەبن ئینجا پەرتەی لێدەکەن و شوێنەکە بەجێدەهێڵن. لەبەر چاوی ئاووا دا، ئیلشا و سەیفی وەک دوو کەسی ڕۆژهەڵاتی نزیکترین کەس بون بۆ ڕونکردنەوەی مێژوو و وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوە. هەرچەندە هەریەکەیان لە بیرکردنەوە و کەسییەتیدا جیاوازی نێوانیان ڕون و دیار بوو لەبەر چاوی ئەو. بەڵام لە ئەنجامی دوور کەوتنەوە و ناخۆشییەکانی ڕێگای قاچاغ و دڵتەنگییەکانی غوربەت هەردووکیان لە زۆر خاڵ دا سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئاووا و ڕۆژهەڵاتی بون دید و بۆ چونیان لەیەکتر نزیک بوو.

سەیفی هەردەم وەک کەسێکی چەپڕەو خۆی پێناسە دەکرد، بەڵام لە نێو هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە ناسیبونی ئەو بە کەسێک زۆر سەرسام بوو کە لە بیر و باوەڕدا دوژمنە سەرسەختەکە بوو؛ بە ووتەی ڕابەرانی دیندار و ئەفیون خۆرێکی ڕاستەقینە بوو! بەڵام لەبەر چاوی سەیفی جونەید گەلێک لەو کۆنە

هاوڕێ کۆمۆنیستانەی ڕاستر دیار بوو کە پاش ساڵی نەوەد و یەک، سەد و هەشتا پلە بە دەوری خۆیاندا سووڕان و بە سەرێکی گێژەوە کەوتنە باوەشی پڕ لە پارەی ئەو بزووتنەوانەی کە پێشتر لە زمان حالی حیزبەکانیان بە دواکەوتوو و دوژمنی سەرسەختی ئینسانییەت لە قەڵەم درابون. هەروەها لەبەر چاوی سەیفی جونەید گەلێک لەو کەسانەش ڕاستر بوو کە لە وڵاتی خۆیان لە کافر کافرترن، بەڵام لەغوربەتدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە تێیدەکەون خودایان بیر دێتەوە و هات و چۆی مزگەوت دەکەن.

سەیفی ئەو ئێوارەیە زۆر بە باوەڕەوە دەئاخڤی، بە تایبەت کاتێک لە باسی شەوی تراژیدیایەکەوە یەکسەر دەچێتە نێو باسکردنی ژیانی جونەید لە مزگەوتە دڵگیرەکەی قەد پاڵ چیا. دوایش باسی ئەو ڕۆژەی کرد کە خۆی بە خۆشحاڵترین مرۆڤی سەر زەوی دەزانێت، کاتێک لە سەر سووچی شەقامێکی جوان و قەرەباڵغی شاری ئەسینا دا قسە لەگەڵ سەمەدی ئامۆزای دەکات و هەواڵی ئەوەی لێ دەبیستێت کە تەرمی سەرهەنگ و سمکۆ دوو حەفتە پێشتر گەیاندرابونەوە هەولێر. دوایی سەیفی دێتە سەر ماندوو بون و شەونخونی شەوانی تاوەکو لە کۆتاییدا توانیبووی سێ باری ئەو پارەیەی پێشوو بۆ دایکی سەرهەنگ و برای سمکۆ بنێرێتەوە. سەیفی لە کاتی باسی پاراستن و گەڕاندنەوەی پارەی دوو هاوڕێ کوژراوەکەی دەکرد بەریقێک کەوتبووە سەر هەر دوو گلێنەی چاوە ڕەشەکانی، دەتگوت ئەکتەرێکی سەرکەوتووی فلیمێکی دراماتیکی ئینسانییە.

پاش ئەوە سەیفی لە شتوتگارت ببوو بە کەسێکی دیکە کە تازە ژیانی دەست پێبکات. ئەو وەک ئیلشا گیرۆدەی دەستی نەخۆشی و بێ وەڵامی نەبوو، بۆیە ئەو شەوە بەشی زۆری دانیشتنە بریتی بوو لە گوێ گرتن لە ئاخاوتنەکانی ئەو.

*                *                *

سەیفی کرێکار بوو لە کۆمپانیای مێرسیدیس. لە تەلەفۆنەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی ناوەوە و دەرەوەیدا هەردەم حەزی دەکرد لێی بپرسن کە ئەو لە ئەڵمانیا چ کارەیە؟ زۆر جاران یان لەبەر ناتەواوی هێڵی تەلەفۆن، یان لەبەر سەرقاڵبونی هاورێکەی لە ئەوسەری هێڵەکەوە ئەو بوارە دروست نەدەبوو کە پرسیارکردن دەربارەی بار و گوزەرانی بکرێت، سەیفی لە ناکاو خۆی دەهاتە سەر باسی کارکردنەکەی لە کۆمپانیای مێرسیدیس. ئەو لەو کۆمپانیایەدا لە بەشی بۆیەکردنی ئۆتۆمبیلەکان کاری دەکرد، بۆیە ئەوەی لێببوو بە خوو هەر پێییەکانی دەهێنایە دەرەوەی کۆمپانیاکە، پڕ بە سییەکانی هەوای پاکی سەر رووبارەکەی هەڵدەمژت.

باوکی سەیفی فیتەرێکی بە ناوودەنگی هەولێر بوو، تایبەتمەندی لە چاکردنەوەی ئۆتۆمبیلە ئەڵمانییەکان وەرگرتبوو. رۆژ نەبوو گەراجەکەی لە ناوچەی پیشەسازی بەردەمی پڕ نەبێت لە مێرسیدیس و بی ئێم و ئۆدی و ئۆپل. ئەو زۆربەی رۆژەکان لە کاتی کارکردندا کەسێکی مووچ و مۆڕ دیار بوو، هەزار جوێنی بە شاگردە مێرمنداڵەکانی بەردەستی دەدا کاتێک سەریان قەرەباڵغ دەبوو. بۆیە بە درێژایی ئەو یازدە کاتژمێرەی کە لە گەراجەکەی بەسەری دەبرد هەرگیز لە بیری نەبوو کەوا ئەو تاقە کوڕێکی هەیە بە ناوی سەیفی. بەڵام رۆژانی پشوو کە لەژێر دار یۆکالیپتۆسەکانی نێوان مەلا ئۆمەر و شاوێس لەگەڵ برادەرە فیتەرەکانی دادەنیشت و سفرەی دەڕازاندەوە بە پێکی ئارەق و بوتڵی بیرە و دەیەها جۆری مەزە. بە سەرخۆشی کوڕەکەی بە بیر دەهاتەوە و ناوە ناوە دەیگوت " ئەرێ دەزانن سەیفی کوڕم لە کۆمپانیای مێرسیدیس کار دەکات! "

ئیلشا لە بەڕازیلیە سوورەکەی خاڵی و فیاتە سپییەکەی مامۆستا نەبی باوکی بترازێت کە بە منداڵی هەردەم لە کورسی پێشەوە بوو، هەتا زانکۆی تەواو کرد و وڵاتی جێنەهێشت سواری هیچ شتێک نەببوو لەو دووانەیان خۆشتر و خێراتر و نوێتر. بۆیە هەر جارەی وشەی مێرسدیسی لە زاری سەیفی هاوڕێیەوە گوێ لێدەبوو، ئیلشا لە جیاتی ئەو ئۆتۆمۆبێلە ئەڵمانییە

گرانبەهایەی کە لە ژیانیدا دەستی بەر نەکەوتبوو، گشت بیر و خەیاڵی بۆ وێناکردنی هاوسەری گابریێل گارسیا مارکیز دەچوو کە ساڵانێک بوو دەیزانی ناوی مێرسیدیسە.

ئەو شەوە ئاوواش پێیخۆش بوو زوو بابەتی مێرسیدیسەکە ببڕێتەوە و بوار بڕەخسێت بۆ کردنەوەی دەرگای باس و خواسێکی تر. بابەتێک وەک تۆپی تێنس لە نێوانیان لە هەڵبەزینەوە دابێت کاتێک بۆ درێژە پێدان و قووڵکردنەوەی ئاخاوتنەکان وشەی جوان دەکەن بە ئامراز. ئاووا کچێک بوو یەک پارچە لە فەلسەفە، پێی خۆش بوو هەموو باسێکی سادەش بە هەوراز و نشێوەکانی فەلسەفەدا ببات. ئەوەش هۆی سەرەکی بوو کە ئەو لەو دانیشتنە سادە و ساکارەی ئیلشاوە کە لە پارکەکەی ژێر پەنجەرەی ماڵی ئەو کردبووی بە خووی رۆژانە، پەی بە ئەوینێکدا ببات کە دەستی قەدەر بۆ ئەو و ئیلشای نەخشاندبێت و فەلسەفەیەکی گەورەشی بە دواوە بێت.

پاش ئەوەی مێرسیدیس نەبوو بە هەوێنی باسێکی درێژ و بەربڵاو تر. ئاووا دووبارە گەڕایەوە سەر دیمەنە ناخ هەژێنەکەی ژن بەردباران کردن کە بەر لە چەند رۆژێک لە هەندێک کەناڵی تەلەفزیۆن نیشان درابوو. سەیفی بە ئاووای گوت کە ئەو تا سەر ئێسقان دژ بە هەر کارێکی دڕندانە و نامرۆڤانەیە بەڵام هەرگیز بەوە شاد نابێت کە رۆژهەڵات لە مێدیای رۆژئاوا وەک گورگێکی دڕندە ببینرێت. ئەو خۆی لە نزیکەوە مەرگی دوو هاوڕێیەکەی بینیبوو و دەیزانی کە کوشتنی کەسی بێتاوان چ پەڵەیەکی رەشە بە رووی ئینسانەوە. چۆن لە ئاووا زیاتر هەست بەو ئازارە دەکات کە رۆژهەڵات بە دەستییەوە دەناڵێنێت. سەیفی بۆ ئاووا وەها نیشان دەدات کە لە رۆژهەڵات شتەکان تێکەڵ و پێکەڵن. ژیان کەمتر بۆنی فەلسەفەی پۆلین کردنی ئەرستۆی لێدێت، بۆیە زۆربەی جاران ئەستەمە بتوانیت رووی گرژی بکوژ لە رووی خاوی کوژراوەوە جوایەز بکەیتەوە. وەک نمونە بە ئاووای دەگوت کەوا زۆر کەس هەن هەتا هێزیان تێدایە ژنێک بەرد باران دەکەن بێئەوەی بیناسن و چیرۆکەکەی بزانن، کەچی چەند کاتژمێرێک بەر لە ئامادەبونیان بۆ بەردباران هەریەک لەو پیاوە

دڵڕەقانە بە فیڵێک دەستی لە مەمکی کاڕک، ڕانی لاواز، ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاوی ئەو کیژۆڵە دوازدەساڵی و سێزدە ساڵییانەدا گیرابوو، کاتێک دوکان بە دوکانی نێو بازاڕ دەگەڕان بۆ فرۆشتنی ئەو پاکێتە جگەرە و بنێشت و بسکویتانەی لە نێو ئەو کارتۆنانە دابون کە بە فەرمانی دایکیان بە پەتێکی زبرەوە بە ملە باریک و ناسکەکانیانەوە هەڵواسرابون. یان سەیفی باسی زوڵم و دڵڕەقی ئەو جەندرمەیەی بۆ ئاووا دەکرد کە بەبێ هیچ دوو دڵییەک گوللەکانی لە جەستەی گەنجێکی بێتاوان بەتاڵ دەکات کە لە دەستی ستەم و ناخۆشییەکانی ژیان هەڵاتووە، بەڵام هەمان جەندرمە لە کاتی پشوو و سەردانی بۆ ماڵەوەی چەند میهرەبان و بە سۆز دیارە کاتێک بۆ خۆشی منداڵەکەی هەڵدەپەڕێنێت و ژنەکەی ماچ دەکات و توند لە باوەشی دەگرێت.

ئیلشا لێرەدا وەک ناوبژیوان ڕەفتاری دەکرد و بە هەردووکیانی دەگوت کەوا هۆی نەگەیشتنیان بە یەکتر هەر هەمان هۆیە کە ڕێنادات ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە تەواوی بە یەکتر بگەن. بە سەیفی دەگوت " تۆ زیاتر پێ لە سەر هێڵە گشتییەکان دادەنێیت و لەو تەوەرەیشدا قسەدەکەیت. هەرچی ئاووایە زۆر گرنگی بە وردەکاری شتەکان دەدات، ئەوەش وادەکات کە ئاووا هەرگیز ڕێگەی نەچێتە سەر ئەو تەوەرانەی کە تۆ لە هێڵە گشتییەکانەوە باسیان لێوە دەکەیت.

ئەو وردەکارییەی ئاووا لە پرسیار و ڕەخنە بەرامبەر شتەکان بەکاریاندەهێنێت دەتوانرێت وەک شوناسی مرۆڤی ڕۆژئاوایی سەیری بکرێت. هەر ئەوەش وەها لە تاک دەکات کە هەردەم بە دوایی ئازادی ڕەهادا بگەڕێت. لەو گەڕانە هەرگیز دوو کەس لە یەک شوێن کۆ نابنەوە بۆ ئەوەی ژنێک لە مەیدانێکی گشتیدا بەردباران بکەن. بەڵام ئەو هێڵە گشتگیریانەی کە سەیفی باسیان لێوە دەکات چەند لە ساتە ناخۆش و دژوارەکاندا قازانج دەبەخشن، دە ئەوەندەش بارودۆخی ترسناک بۆ مرۆڤەکان دروست دەکەن "

سەیفی لێرەدا یەکسەر دێتە وەڵام و بە ئیلشا دەڵێت کەوا ڕاستە ئەو لەسەر هێڵە گشتییەکان قسەدەکات، بەڵام ڕەخنەی ئەو تەنها لە میدیای ڕۆژئاووایە

که چەوتییەکانی ڕۆژهەڵات تەنها بۆ خودی ڕۆژهەڵات دەگەڕێنێتەوە و هەرگیز لە بنج و بنەوانی شتەکان ناکۆڵێتەوە. بازرگانی چەک فرۆشتن بکە بە نمونە کە بە هۆیەوە هەردەم وەها ڕێکەوتووە لە زۆر وڵاتانی ڕۆژهەڵات مرۆڤ کوشتن لە ئاو خواردنەوە ئاسانتر بێت. بەر لەوەی سەیفی کۆتایی بە قسەکانی بهێنێت و ماوە بە ئیلشا و ئاووا بدات بۆ ئەوەی سەرنجی خۆیان دەربڕن. یەکسەر سەیرێکی ئاووا دەکات وەک ئەوەی قسەکانی پێشووی بۆ گوێی ئەو ڕاست بکاتەوە دەڵێت " دەزانی چاکترە من بڵێم سەرمایەداری لە جیاتی ڕۆژئاووا، تا قسەکانم هیچ بۆنێکی ڕەگەزپەرستیان لێ نەیێت! "

ئاووا لێرەدا بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوەکانی و بە گاڵتەوە بە سەیفی دەڵێت " باشە با شتەکان زیاتر تێکەڵ بە یەکتری نەبن، چونکە ئەوەی من باسم کرد سەبارەت بە ڕووداوی کوشتنی ژنەکە، هیچ چەکێکی ڕۆژئاوایی تیایدا بەکارنایەت ئەو تاوانە تەنها بە فڕێدانی بەرد دەکرێت. سەیرکە ڕۆژئاواش پڕە لە بەرد، بەڵام ئەمڕۆکە لێرە کەس بە ئەندازەیە بێبەزەیی ودڵ بەرد نییە، تا لە مەیدانێک ژنێکی بەستەزمان بەرد باران بکات. با جارێک واز لەو باسەش بهێنین. سەیفی، تۆ تازە بە شانازییەوە باسی کۆمپانیای مێرسیدیست دەکرد، ئەی نازانیت کە ئەو سەرمایەدارییەی تۆ باسی لێوە دەکەیت لە چەندین کۆمپانیای گەورەی گەورەی بەو شێوەیە پێکهاتووە. تۆ بەو پێیە لێرەدا لە من ڕۆژئاوایی تر بە دیار دەکەویت، چونکە من بە حوکمی خوێندنم لە بەشی فەلسەفە دەبێت زیاتر بە جیهانگیری شتەکان پەیوەستبم. باسکردنی ئەو ژنەی کە بەرد باران کرا، من وەها لێدەکات زیاتر لە ڕۆژهەڵات نزیکبم نەوەک لە باس کردنی ئەم مێرسیدیسەی کە لە جەرگەی ئەورووپاوە بە بەرهەم دێت. ئاخاوتنەکەی من ڕاستە ئەگەر تۆ ئەلمانیا یان ڕۆژئاوا بە گشتی بەو جۆرە لە یەک لایەنەوە سەیر بکەیت "

ئاووا بەردەوام دەبێت و باسی ئەو یەک جەمسەرییە دەکات کە دوایی ڕووخانی دیواری بەرلین بە هاتە کایەوە. دەڵێت کەوا لێرەدا مرۆڤ بە گشتی تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە، وەک ئەوەیە کە خرابێتە ژوورێکی گەورە کە پڕ

بێت لە ئاوێنەی جیا جیای قۆقز و قۆپاو، تا لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا خۆی بە جۆرێکی دیکە ببینێت کە هەرگیز لە ئەوەی پێشووتری نەچێت.

ئیلشا لەو نێوانەدا وەک ناوبژیوانێک گوێی لە ئاخاوتنی گەرمی نێوان سەیفی و ئاووا ڕاگرتبوو. هۆی بەشداری نەکردنی ئیلشا لەبەر ئەوە نەبوو کەوا ئەو وەک هەردووکیان نەیدەتوانی بە ئەڵمانییەکی پاراو قسە بکات، بەڵکو ئەو خۆی کەسییەتی وابوو هەردەم بە هەرتک هەستی بیستن و بینین وێنەی جوانترین دونیای لە خەیاڵیدا دەکێشا. لە نێوان ئاووا و سەیفیدا وەک کەسێکی بێلایەن بۆ ڕاگرتن و درێژە پێدانی باسەکان هەر جارەی خۆی دەخستە لایەنێک، بەڵام بێ ئەوەی پشتگیری تەواوی خۆی بۆ ئەو لایە نیشان بدات. دەیەویست بەو خۆخافڵاندنە ژیرانەیەی شکستی سەر قەرەوێلە یەک نەفەرییەکەی ژووری نووستن لە بیر خۆی بباتەوە کە ئەو ئێوارەیە لەگەڵ بەژنی بیشەنگی ئاووا بەسەری بردبوو. ئەو قەرەوێلەیەی کە هەتا پێی بکرێت درەنگتری شەو دەچێتەوە سەری، دەچێتەوە ئەو ماڵەی کە ئەگەر بەهۆی تەلەفۆن و سەردانی ئەم دوو دۆستە نزیکەی نەبوایە کات تێیدا گەلێک لە ڕۆیینی کیسەڵ هێواشتر تێپەڕدەبێت.

کات نزیکی نیوەی شەو بوو کەچی ئەوان لە ئاخاوتن و گفتوگۆدا هەر بەردەوام بون؛ ئیلشا و ئاووا باوەڕیان وابوو کە مرۆڤ ناتوانێت کۆتای بە ئاخاوتنەکانی بێنێت. پێیان وابوو ئەگەر کۆتایی هاتن بۆ ژیانیش هەبێت، ئەوا بۆ ئاخاوتنەکان هیچ سنوور و کۆتاییەک نییە، واتە گەیشتنێک نییە بە ئەنجامێکی رون و دیار. بەڵام سەیفی پێی وابوو کە رۆژێک هەموو ئاخاوتنەکانی مرۆڤ لە یەک تەوەرەدا کۆدەبنەوەو و لە کۆتاییدا بە ئەنجامێکی دیار و رون دەگەن. ئەو کات سەرکەوتن بۆ هیچ بەرەیەک نییە نە رۆژهەڵات، نە رۆژئاوا، نە سەرمایەداری، و نە پرۆلیتاریا. سەرکەوتن تەنها بۆ مرۆڤە! بەڵێ، مرۆڤ تاکە براوە و دوا براوەی شەڕی نێوان ئایدۆلۆژیا و ئاین و فەلسەفەکان دەبێت. ئەو کات مرۆڤ خۆی دەتوانێت وەڵامی یەکە بە یەکەی پرسیارەکانی بداتەوە.

ئیلشا بە گاڵتەوە بە سەیفی دەڵێت " لەوانەیە ئەو رۆژەی کە تۆ باسی دەکەیت لە بڕی ئەو هەموو ملیارە زۆرەی بەشەر تەنها وەک ئێستاکەی ئێمە سێ کەس لە ژیاندا مابن، کە دووانیان دوو ئەویندار سەر شێت بن وەک من و ئاووا، یان ماقووڵتر وەک ئادەم و حەووا کە هەرگیز حەز بە کۆتایی شتەکان نەکەن. هەرگیز حەز نەکەن ئەو بەرزی و نزمییە، خۆشی و ناخۆشییە، ئەو ژیانە دراماتیکەی مرۆڤ لە پڕ کۆتایی بێت. کەچی کەسی سێیەم زیاتر لە تۆ بکات، یان راستتر وەک براهیمێکی تەنیا بە دوایی بەهەشتێکدا بگەڕێت کە تێیدا گشت پرسیارەکان وەڵام درابنەوە، ناخۆشییەکان بەیەکجاری کۆتاییان هاتبێت. هەموو ئەو شتانە نەمابن کە ئەندێشەی مرۆڤ داگیر دەکەن و بون بە ناسنامەی. بەڵێ، کەسێک بێت وەک پەیامبەرێکی تەنیا لە نێوان دونیای مێیینە و ئاسمانی نێرینەدا پیتێک، وشەیەک، یان رستەیەک بدۆزێتەوە تا کۆتایی هاتنی ژیانی پێ ڕابگەیێنێت. هەتا کات و توانایی مابێت لە هەوڵدان دابێت بۆ ئەوەی بە پیتەکەی، وشەکەی، رستەکەی، یان خەونی درێژی شەوانی بیسەلمێنێت کە لە کۆتاییدا ئەنجام بۆ هەموو پرسیار و بیردکرنەوەکانی مرۆڤ هەیە. "

ئیلشا نیوەی ئەو قسانەی بەدەم ڕۆیشتنەوە کرد.

کاتێک هەرسێکیان لە ئۆپلە زیوینەکەی سەیفی نزیک دەبنەوە ئیلشا کۆتایی بە ئاخاوتنەکانی دەهێنێت. بەڵام لە هێکڕا بە پێکەنینێکی بەرزەوە سەیری سەیفی دەکات و دەڵێت " با لە ژوورەوە گوێ لە مۆسیقایەکی هێمن بگرین و تەنها لە جوانی شەقامەکانی ئەو شارە ڕابمێنین "

سەیفی بە پێکەنینەوە سەر نزم دەکاتەوە و دەڵێت " بەسەر چاو کە ئاووامان گەیاندەوە ماڵ حەز دەکەیت تا بەیانی بە ئۆپلەکەم بە شەقامەکاندا پیاسە دەکەین "

ئاووا کە دەبینێت هەردووکیان وەک دوو پیرەمێردی کۆنە هاوڕێ و هاوبیر لەگەڵ چەماوەبونی لەشیان بۆ نێو ئۆپلەکە هەر لە ئاخاوتن بەردەوامن. بۆیە

هەر کە دەگەنە سەر کورسییە چەرمەکانی ئۆپلەکە، ئاووا بە پێکەنینەوە پێیان دەڵێت" دیارە لە کۆتاییدا بە زمانی زگماکیتان گەیشتنە ئەنجام؟ "

بەڵام لەگەڵ هەڵکردنی مەکینەی ئۆپلە تازەکەی، سەیفی زووتر لە ئیلشا دێتە وەڵام و بە نیوە ئاورێکی بۆ لای ئاووا لە کورسی پشتەوە دەڵێت " بە پێچەوانەوە، خەڵکی زۆر ئێمە زاناتر لە مێژ ساڵە بەو زمانە قسە دەکەن کەچی هێشتا ئەوان نەگەیشتونەتە ئەنجام چۆن ئێمە بە دوو وشەی خێرا و سەرپێیی پێی دەگەین. ئاووا، دەزانی کورد تەنها لە کاتی شایی و هەڵپەڕکێدا دەتوانن بەتەواوی یەکگرتوو بن. بۆیە ئێمە وەک میللەت چاوەڕێی ڕۆژێک دەکەین کە سیاسەت و میاسەت نەمێنن. ژیان تەنها ببێت بە دۆڵ کوتان و زووڕنا لێدانێکی بەردەوام! "

*   *   *

ئاووا بە نیگەرانییەکی زۆرەوە چاوەڕێی ڕۆژی دووشەممە بوو تا تەلەفۆن بۆ ئەو دکتۆرە بکات کە کارتەکەی لە نێو ئەو گۆڤارە دابوو کە لە ئاودەستی ماڵی ئیلشا خەریکی خوێندنەوەی بوو.

دووشەممە داهات، بەڵام بەهۆی سەرقاڵ بونی دکتۆرەکە ئاووا توانی تەنها لەگەڵ کچە سکرتێرەکەدا بئاخڤێت. ئەویش پاش گەڕان بە دوایی پیتی نونی ناوی نەبی فایلەکەی دڵشاد دەدۆزێتەوە و پێی دەڵێت کەوا دڵشاد نەبی ماوەی چەند مانگێکە نەخۆشی تایبەتی دکتۆر زانگەرە. ئاووا هەست بە بارێکی دەرونی سەیر دەکات کە ناوی ڕاستەقینەی ئیلشا لە دەمی کچەکەوە دەبیستێت. بەڵام بەرلەوەی خۆی بۆ پرسیاری دووەم ئامادە بکات و سەر داوی مەبەستەکەی لێ ون نەبێت. کچە سکرتێرەکە ئامادە نابێت هیچ زانیارییەک سەبارەت بە نەخۆشی ئیلشا بۆ ئاووا بدرکێنێت. ئاووا لەسەر تەلەفۆنەکەدا زۆر هەوڵ دەدات کچەکە رازی بکات تا تەنها چەند خاڵێکی سەرەکی دەربارەی نەخۆشییەکەی ئیلشا ئاشکرا بکات، یان بواری بدات تەنها دوو دەقیقە لەگەڵ دکتۆری ئیلشا قسە بکات. کچە داوای لێبوردن دەکات کە ناتوانێت هیچ کام لەو

دوو داوایەی ئاووا بەجێ بگەیێنێت. دوایی بەر لەوەی تەلەفۆنەکە دابخات کچەکە بە ئاووا دەڵێت " لەبەر ئەوەی دڵشاد ناوی هیچ کەسێکی نەداوە بۆ کاتی فریاگوزاری و پێویست، بۆیە بێ رەزامەندی وەرگرتن لە نەخۆش ئێمە ناتوانین ناواخنی هیچ فایلێک نیشان کەسێکی دیکە بدەین"

نیگەرانی ئاووا لەبەر ئەوە نەبوو کە ئیلشا فایلی لە لای دکتۆر هەیە، چونکە ئەو کەسانەی لە تەندروستیدا وەک فیلیشن هەر دەبێت دکتۆر بۆ خۆیان دەست نیشان بکەن. بەڵام دکتۆرەکەی ئیلشا بۆ خۆی دیاری کردووە پسپۆرێکی تایبەت و بەناوبانگی نەخۆشییەکانی خوێن بوو. هەروەها زیاتر لەبەر ئەوە دڵتەنگ بوو کاتێک دیمەنی ترسناکی هەناسە سواربونی ئیلشای دەهاتەوە یاد. ئاووا لەو جۆرە کچانە نەبوو کە دەست هەڵگرتن و دەست بەردان لە دۆست لە قژبڕینێک ئاسانتر بێت. ئەو هەتا زیاتر بیری لە دیمەنی ئیلشا دەکردەوە لە سەر قەرەوێلەکەدا، قووڵتر خۆی لە نێو عەشقێکدا دەدۆزییەوە کە بەسەرهات و چیرۆکەکەی لە ئەوینی نێو کتێبان دەچوو، یان لەو ئەوینە راست و مێژووییانەی کە خەم و حەسرەت تیایاندا دە بار و سەد باری خۆشی و شادییە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە ئەوینانە تا دونیا دونیایە بە نەمری دەمینێنەوە!

ئیلشا کاتێک سەیفی ناسیبوو پێی گوتبوو کە ئەو نەخۆشی دڵی هەیە، ئەوەش بۆ ئەوە نەبوو کە راستی لە نزیکترین هاوڕێی خۆی بشارێتەوە. بەڵام درکاندنی ناوی لوکیمیا بۆ خودی خۆشی زۆر ترسناکتر بوو لەوەی کە بە سادەیی ناوی نەخۆشی دڵ بهێنێت. هەروەها ئەگەر ناوی لوکیمیا لە گوێی سەیفیدا نەزانراو و نامۆش بووایە، بەڵام ترسناکی و دڕندەیی جۆرەها وشەی لە بابەت دراکۆلا و هیستێریا و چەکی کیمیای پێوە دیاربوو.

ئیلشا هەر دەبوو شتێک بە سەیفی بڵێت تا ئەو وەک هاورێیەکی نزیک لە کاتی بینینی گۆڕانەکان لەجەستەیدا گلەیی ئەوەی لێ نەکات کە چۆن ئەو لە غوربەتدا نەخۆشییەکی وەها کوشندەی لەو شاردۆتەوە. لە سێیەمین دیداریاندا کە سەیفی لە ماڵەوە سەردانی دەکات، ئیلشا بە دەم هێنانی دوو

پەرداخ لە شەربەتی پورتەقال، بەر لە دانیشتنی بە سەیفی دەڵێت " سەیفی، دەزانیت من بەهۆی دووچاربونم بە نەخۆشی لە کەمپ گواسترامەوە ئەو شارە، وەک ئەوەی بزانن تۆ لێرەیت و رۆژیک دەبیت بە نزیکترین هاوکار و هاوڕێم "

ئاووا ئێوارەی دووشەممە لە جیاتی تەلەفۆن بۆ ئیلشا بکات یەکسەر ژمارەی سەیفی بەر چاو دەکەوێت کە لە سەر پارچە کاغەزێکی بچووکی ناو جانتاکەی نوسرابوو. سەیفی لە نێو ئۆپلەکەی دابوو و بەرەو ماڵ دەگەرایەوە کاتێک زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدرا. زوو هێڵەکە دەکاتەوە و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گوێی لە دەنگی ئاووا دەبێت. ئاووا بێ پێچ و پەنا یەکسەر دەچێتە ناو بابەتەکە و بە سەیفی دەڵێت کەوا ئەو چ شتێک دەربارەی تەندروستی ئیلشا دەزانێت.

سەیفی بەو پرسیارە کەمێک دادەمێنێت و لە ئەنجامدا یەکێک لە تایەکانی ئۆپلەکەی دەخزێت و دەکەوێتە سەر هێڵە زەردەکەی ناوەڕاستی جادە. کەچی تەلەفۆنەکەی هەر بە گوێییەوە دەبێت و لە وەڵامێکی دروست دەگەڕێت بە ئاووای بدات. چونکە دەیزانی ئەو لە خۆشەویستی و ئەوینی بۆ ئیلشا تەلەفۆنەکەی کردووە.

سەیفی بێئەوەی گوێ لە تەواوی قسەکانی ئاووا بگرێت، ئەو وەڵامەی ئامادەی کردبوو یەکسەر لە دەمی دەردەپەڕێت و بە هێڵی تەلەفۆنەکەدا دەکەوێتە نێو گوێی ئاووا.

" گرفتی دڵ، هەرگیز بە منی نەگوتووە! " ئاووا بە پەرۆشییەکی زۆرەرە ئەوە بە گوێی سەیفی دا دەچرپێنێت.

سەیفی لە وەڵام دا دەڵێت " نازانم، بەڵام سەدا سەد لە خەمی تۆدا بووە بۆیە هیچی بۆ نەدرکاندوویت. لای ئێمە زۆر کەس نەخۆشی کوشندەیان هەیە و لە نزیکترین کەسیان دەشارنەوە! " سەیفی پاش تەوابونی تەلەفۆنەکە بیری لە دوا رستەی ئاخاوتنەکەی دەکردەوە چۆن پێشتر بۆ ئاووای شی کردبووە کەوا جوایەزیەکی زۆر هەیە لە نێوان هەڵسکەوتی مرۆڤی دڵ پڕ لە رۆژئاوا لەگەڵ ئەو شوێنەی ئەو و ئیلشای لێ هاتبووە دونیا. بیری دەهاتەوە کە چۆن

جاریکیان ژنێک بە شێوەیەکی چاوەڕوانەکراو نهێنییەکی گەورەی دڵی خۆی بۆ ئەو ڕشتبوو، کاتێک بە هەنسکێکی قووڵەوە بە سەیفی گوتبوو کەوا شووەکەی پێنج ساڵ دەبێت ئێکسپایەر بووە. یان ڕۆژێکی دیکە لەسەر کار چۆن گەنجێک دەردی دڵی خۆی بۆ ئەو هێنابوو کاتێک باسی خوشکەکەی دەکات کە چۆن دوو سەد مارکی لە گیرفانەکەی بردبوو، دواییش بۆ دوور هەڵاتبوو. تا ڕۆژێک لە چۆلەوانییەک لە سەر هێڵێکی ئاسنی شەمەندەفەر کە لە دوا شەڕی جیهانەوە لە کار کەوتبوو بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە.

بە درێژایی ڕێگاوە سەیفی بیری لە نەخۆشییە ترسناکەکەی ئیلشا دەکردەوە، کە چۆن بە درێژایی ڕۆژەکانی یەکتر ناسینیان بە شاراوەیی لە نێو دڵیدا هەڵیگرتبوو.

ئەوروپاییەکان دەڵێن خەم ئەگەر زۆر لە ناخی مرۆڤدا مایەوە، ئەوا ڕوو کرژ و مۆن دەکات. بۆیە خەڵک ئەگەر بۆیان بلوێت لە نێو باس و ترام وای و شەمەندەفەر دا خەمەکانیان وەک دوکەڵی جگەرە بۆ یەکتری بەبادەکەن. بەڵام بۆ ئیلشا ئەوە تەواو پێچەوانە بوو، ئەوروپا دەتگوت شوێنێکە کە بیستەر و خەم هەڵگرێکی دڵ گەورەی لێ نییە بۆ ئەو!

ئاووا دەیەویست بە پەلە تەلەفۆنەکەی لەگەڵ سەیفی دا تەواو بکات و زوو ژمارەی ئیلشا لێبدات. بەڵام بەر لە داخستنی تەلەفۆنەکە سوپاسی سەیفی دەکات و پێیدەڵێت کە ئەو حەز دەکات جارێکی تر وەک ئەو شەوە پێکەوە دابنیشن.

کاتژمێر شەشی ئێوارە بوو کاتێک ئاووا ژمارەی تەلەفۆنی ئیلشای لێدا، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو. ناچار ئەو بەرامبەر مێزە سەر پڕ لە کتێبەکە دادەنیشێت و خەریکی خوێندنەوە دەبێت. ئاووا زۆرترین کتێب و سەرچاوەی فەلسەفی لە بەر دەستدابوو. ئەگەر بیست سەعات خەریکی خوێندنەوە بووایە، ئینجا بە تەواوی دەیتوانی بە دەرسەکانی ڕابگات.

لەگەڵ ئەو پلە و پایەیەی لە ژیانی ئەکادیمیدا هەیبوو، لە ئەویندا پاکی و سادەیی کەسێکی وەک کەزانی پێوە دیاربوو. وەک ئەویش لە دوورەوە زوو

کەوتە داوی ئەوینی ئیلشا، ئەو کوڕەی کە لە بێدەنگییەکی ڕەها و خەمێکی قووڵ زیاتر هیچی پێ نەبوو بۆ ئەوان.

بۆ تێزی ماستەرنامەکەی ئاووا دەیەویست لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل لە سەر ئەو فەیلەسووفە ئافرەتانە بکات کە مێژوو لە بیری کردبون، یان ناو و بەرهەمەکانیان لەگەڵ شەرە نەبڕاوەکانی پیاودا تەفر وتونا و سووتێنرا بون.

هۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە لە لایەن ئاوواوە ئاخاوتنێکی کورت و سەیر بوو، کاتێک یەکێک لە پرۆفیسۆرەکان لە ژوورەکەی خۆی باسی فەلسەفەی شوپینهاوەری بۆ دەکات کە چۆن ژنی لە پەراوێزدا هێشتۆتەوە. پرۆفیسۆرەکە بەر لە ئەوەی بچێتە نێو قووڵایی باسەکەی، ئاووا بە وەڵامێکی کورت ڕایدەگرێت و دەیخاتە نێو تەوەرە و باسێکی فراوانتر لە فەلسەفەی شوپینهاوەر، هەروەها وەها لە پرۆفیسۆرەکە دەکات کە جیا لە هەموو قوتابییە هاوپۆلەکانی سەرپشک بێت لە هەڵبژاردنی تێزی ماستەرەکەی.

" ئەگەر ئایین پیاو بێت، ئەوا فەلسەفە ژنە ئەگەرچی ژنیش نەینوسی بێت!

"  ئەوە وەڵامە کورت و لە ناکاوەکەی ئاووا بوو کە لە گوێی مامۆستاکەی دەزرنگایەوە کاتێک بە ئاووا دەڵێت " من لێرە ناتوانم هیچ وەڵامێکت بدەمەوە، بەڵام داوات لێدەکەم بۆ پرۆژەی ماستەرەکەت ئەوەم بۆ بسەلمێنیت! "

پرۆفیسۆر و ئاووا پێکەوە هەڵوەستە دەکەن چونکە هەردووکیان دەزانن کەوا کاری سەلماندن لە فەلسەفەدا وەها ئاسان نییە بە تایبەت لە سەر بابەتێک کە ئەوەندە کتێب و سەرچاوە نەبن بۆ پاڵپشتی کردنی. پاشان پرۆفیسۆرەکە پێیدەڵێت " تۆ لەو کارە ماندوو دەبیت بەڵام ئەگەر تەواو باوەڕت بە هێزی شاراوەی مرۆڤی مێ هەبێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانیت ڕەخنە بگریت لە هەر ڕستەیەکی *über die weiber* نووسینە بەناوبانگەکەی شوپینهاوەر لەسەر ژن"

ئاووا لە سەر سۆفاکە بەرامبەر مێزێک کە هەردەم منارەیەک کتێبی لەسەر بوو، بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کە لەگەڵ پرۆفیسۆرەکەدا باسیان لە هەڵبژاردنی تێزێکی فەلسەفی دەکرد بۆ ماستەرەکەی. هاوکات لەگەڵ ئەو هەڵبژارنە پێشوەختە بۆ بابەتی ماستەرەکەی.

ئیلشا بیست و هەشت ڕۆژ وەک قەدەرێک ببوو بە بەشێک لە پەنجەرەکەی ماڵی ئەو، ببوو بە هێزێک و وایکردبوو ئاووا زوو زوو لە دیوە ئاڵۆزەی ژیانی هەڵبێت و بێت لە تەکی دا وەک پەرییێکی سادە و دوور لە گرفت ڕەفتار بکات.

لەگەڵ خوێندنەوەی پەرەگراف دوایی پەرەگرافی ئەو کتێبە قەبە و ئەستوورانەی بەر دەمی، لە هەموو سەرە سەعاتەکانی شەش و حەفت و هەشت ژمارەی ئیلشای لێدەدا بەڵکو بتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات و لە تەندروستی بپرسێت. پاش ئەوەی لە کاتژمێر دوو کاتی تەلەفۆنەکەی بۆ سەیفی دڵنیا ببوو کە ئیلشا نەخۆشە. هەشت و چارەک جارێکی تر دەستی دایە تەلەفۆنەکە و بە خۆی گوت کەوا ئەوە دواجارە. ئیلشا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و ئاووا یەکسەر چووە نێو باسی نهێنی ئەو نەخۆشییەی کە ئیلشا لێی شاردبووەوە، بەڵام بێئەوەی سەرچاوەی هێنانی هەواڵەکەی بۆ ئاشکرا بکات. لێرەدا ئیلشا تووشی سەرسووڕمان نەبوو چونکە چەند دەقیقەیەک بوو سەیفی ئەوی هێنابووەوە ماڵ و باسی تەلەفۆنەکەی ئاووای بۆ کردبوو. یەکشەممەش تەواوی ڕۆژەکەیان لەگەڵ یەکتر بەسەر بردبوو. ئەو ڕۆژە ئیلشا بە تایبەتی بۆ ئەوە سەردانی ماڵی سەیفی کردبوو تا لە ڕاستی نەخۆشییەکەی ئاگاداری بکاتەوە. چونکە دەمێک بوو دڵی خەبەری پێ دابوو کە هەر دەبێت ڕاستی نەخۆشییەکەی بۆ ئەو دوو هاوڕێ نزیکەی ئاشکرا بکات.

پاش ئەوەی ئیلشا ڕاستی نەخۆشییەکەی بۆ سەیفی دەدرکێنێت، هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە تەنها بونی مەترسی نەخۆشی دڵ بە ئاووا بڵێن.

ئیلشا لەگەڵ ئەو ئاخاوتن و پیلانە ناپاکانەیەیدا هەردوو چاوەکانی پڕ دەبون لە روندک و هەستی دەکرد ئەو لە نێوان ئەوینێکی پاک و نەخۆشییەکی پیس دا کەسێکی بێهێزە و بەلای لایەنی براوەدا دەشکێتەوە. لەو نێوانەدا خۆی وەک ناپاکترین ئەویندارى سەر زەمین دەهاتە بەر چاو.

سەیفی کە بە نەخۆشییەکەی ئیلشا دەزانێت، دڵی گەورە و میهرەبانی وەک تەرمۆمەترێکی پڕ لە جیوە دەکەوێتە جوولە و ترپە ترپ لێدەدات. بە

شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراویش خەم و حەسرەت بە هەموو کەلێن و قوژبنێکی لەشیدا دەگێڕێت.

ئەو پاش چوار ساڵ تێپەڕبون بەسەر مەرگی دوو هاوڕێیەکەی و دڵنیا بونی لە گەیشتنەوەی تەرمەکانیان. هەروەها خۆشی و دڵ ئارامبونی بە ناردنەوەی سێ باری ئەو بڕە پارەیەی کە لە ناخۆشترین و دژوارترین شەوی تەمەنیدا کون بە کونی لەشی هەردوو هاوڕێ کوژراوەکەی بۆ گەڕابوو. سەیفی بڕیاری دابوو جارێکیتر هەرگیز دەرگای خەم نەخاتە سەر پشت وە چیتر خۆی نەخاتە ژێر باری ئەو بیرەوەرییە تاڵانەی کە وەک شووژنی تیژ جەرگ کون کون دەکەن. ئەو وەکو ئیلشا قەدەری تاقانە بون هەر لە سەرەتاوە لە چارەی نوسرابوو، بۆیە هەرگیز بەختی ئەوەی نەبوو کە ئەو جۆرە هاوڕێیانەی تا سەر بمێنن کە سیمای برایەکی نەبووی لە نێوچەوانیان دەخوێندەوە. ئەو کاتەی ئیلشا بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە هەواڵی نەخۆشییەکەی پێگوت، سەیفی تاوێکی درێژ داماو و نووقمی نێو خەفەتێکی بێوێنە بوو. ساردی و لەرزین هەموو گیانی داگرت وەک ئەوەی ئەو لە ئێستاکەیدا برینداری نێوان تەرمی دوو هاوڕێ کوژراوەکەی بێت. لەگەڵ ئەو قسانەدا ئەو تارمایی مەرگی لە چاوانی ئیلشا دەخوێندەوە، لە ناخیشی سێبەری مەرگی دەدیت کە هەر کەسێک بۆ ئەو وەک برا دەرکەوێت تارمایی ئەو سێبەرە زوو لەوێ ئامادە بێت و ئەو کەسە لەناو دەبات و دەیکوژێت.

سەیفی پاش ماوەیەکی درێژی بێدەنگی، نەیتوانی سەیری ئیلشا بکات. ئەو لە ناخەوە خۆی دەخوارد و بەخۆی دەگوت " سەیفی، تۆ نابێت هەرگیز هاوڕێی گیانی بە گیانی کەس بیت، تەنیایی قەدەری تۆیە وەک چۆن هی ئیلشایە. تۆ دەبێت هەموو هاورێکانت سەرپێی بناسیت وەک ئەو کرێکارانەی کە لە کارگەی مێرسیدیس لەگەڵیاندا کار دەکەیت، وەک ئەو هاوپۆلانەی کە دوایی ساڵانێکی درێژی پێکەوە بون، کەچی لە سەرجادە و شەقامەکاندا لە دوا دابڕاندا یەکتریتان نەدەناسیەوە، یان وەک ئەو کەسانەی لە تورکیا و یۆنان و هەنگاو بە هەنگاوی ڕێگاکانی قاچاغیان لەگەڵتا بڕی بەڵام کە گەیشتن ئەوان

وەک خەونێکی کورت و ناخۆش کۆتاییان پێهات و بۆ ئەبەد لە ژیانت دەرچوون. تۆ دەڵێیت لەوەتەی جونەیدت ناسیوە بەشێک لە رۆحی ئەو هاتۆتە نێو ناخت و رێگەت نادات کە رۆحت تێکەڵ بە رۆحی هیچ یەکێک لەو کچانەش بێت کە شەوان لە سەر جادە و بارەکاندا دەیاناسیت. رێگەت نادات کچێکی جوان و نەشمیل لە جیاتی ئەو هاوڕێیانە بناسێت کە سێبەری خەم و مەرگ لە سەر روویان نیشتووە! "

لەراستیدا ناسینی ئیلشا بۆ سەیفی وەک دۆزینەوەی گەنجینەیەک وابوو، بە تایبەتی لە ژیانی دووری و غوربەتەیدا. بۆیە کە ئیلشا هەواڵەکەی پێگوت هەستی کرد پەنجەرەیەکی بە روو دا داخرا کە تێیدا ماڵ و گەڕەک و شار و وڵاتەکەی تێدا دەبینی.

ئیلشا پێشتر بە سەیفی گوتبوو کەوا نەخۆشی دڵی هەیە، سەیفی بۆ ئەوە ئەوندە پەرۆش نەببوو. چونکە لە رۆژئاوا رۆژانە تەکنیکی نوێتر دەدۆزرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی  دڵە ناساغەکان. بەڵێ دڵ، ئەو پەمپە سیحراوییەی کە بە بچووکترین پرۆتستۆ و زیزبونی زەبەلاحترین مرۆڤ هەراسان دەکات و دەیروخێنێت. هەروەها سەیفی لە منداڵییەوە گوێیەکانی ئاشنا بون بە نەخۆشی دڵ، کاتێک دایکی هەردەم گلەیی لە بوتڵە شەراب و ئارەقەکانی باوکی دەکرد کە شەو و رۆژ خەریکی خواردنەوە و بەتاڵ کردنیان بوو بە فێڵی ئەوەی کە خواردنەوە بۆ نەخۆشی دڵ باشە. بۆیە ئەو کە بۆ یەکەمین جار و پاش ساڵانێکی دوور لە شەڕی نێوان باوک و دایکی، ناوی ئەو نەخۆشییەی دووبارە گوێ لێ ببووەوە، وایهەست کردبوو کەوا ئیلشاش وەک باوکی چل ساڵ زیاتر بە دەست ئەو نەخۆشییە دەناڵێنێت و هیچی بەسەر نایەت. بەڵام بیستنی لوکیمیا بۆ ئەو ڕاچڵەکینێکی قایم بوو، گەلێک لە تەزووی کارەبا بە هێزتر بۆ گیانی. ئەو هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد ئەمجارە مەرگ لە خاکێکی وەها ئارامدا هاوڕێییەکی دیکەی لێ بڕفێنێت کە ماوەیەکی کورتە بە دیدار و ناسیینی شاد بووە. شەوی پێشتری دەهاتەوە یاد کە لە رێستوران و قاوەخانەکەدا لە رووی ئیلشا و ئاووا ڕادەما شێوەی دوو ئەوینداری دەبینی کە

دواڕۆژێکی شاد و پڕشنگدارییان هەبێت. سەیفی پێی سەیر بوو کە بۆچی ئەو ئەویندارانەی بە قووڵی ناخیان بریندار دەبێت هەمیشە بەربەست و چارەنووسێکی وەها سارد دێتە ڕێیان، هەمیشە هێزێک هەیە ڕێگە لە بە یەکتر گەیشتنی ئەو جۆرە عاشقانە بگرێت.

*　　　　*　　　　*

سەیفی لە کاتی گەڕانەوەیدا لەسەر گۆڕی مەم و زین بیری لە ئەوینی ئیلشاو ئاووا دەکردەوە، لە ئاخاوتنی ئەو مێرمنداڵەی کە دەمێک بوو بە دیارییەوە وەستابوو تا بواری بۆ ڕەخسا و قسەی خۆی کرد " خال، تو دزانی بوچ گورا مەم و زینێ مینا ئێک گورییە !؟ "

سەیفی لە کاتی پرسیارکردنی مێرمنداڵەکە بیری بە خێراییەکی بێوێنە بەرەو ئەو ڕۆژە چوو کە لەسەر گۆڕی ئیلشای هاوڕێی وەستابوو و ڕەفتاری هێستریایی ئاووای دەهاتەوە بەر چاو. کە چەند جار بووە هۆی وەستاندن و تووڕە کردنی ئەو ئیمامە ریش تەنکە تورکەی بە دوو سەد مارکی ئەڵمانی هاتبوو ئیلشا تەلقین بدات. سەیفی دەیەویست زیاتر گوێ بە قسەکانی مێر منداڵەکە بدات کە لە ئۆتۆگارەوە شوێن پێی سەیفی کەوتبوو، لە جیاتی ئەوەی بە قووڵی بیر لەو ڕۆژگارە تاڵە بکاتەوە کە ئیلشایان وەک کەسێکی هەرگیز نەبوو نایە ژێر خاک. ئەو ڕۆژە ئەوان تەنها چوار کەس بون لەسەر گۆڕی ئیلشا وەستابون، بەڵام تەنها بۆ ئەو و ئاووا مەرگ و کۆچباری ئیلشا مانایەکی دەدا. سەیفی هەستی دەکرد ئەو ڕۆژە خەمبار و بەسەرچووەی ژیانی لە هەندەران گەلێک لەو دواڕۆژە دەچوو کە لە جزیرێ بۆتان لەگەڵ مێرمنداڵەکە پێکەوە بە دیار گۆڕی مەم و زینەوە وەستابون. شوێنێک کە سەرەڕای کۆنی و شیداری، تۆز و خۆڵی ئەو ڕێگا کورتەی کە لە ئۆتۆگارەوە پێیدا هاتبووە سەر گۆڕەکە، هەروەها نارێکی و نا ئەندازەیی گۆڕەکە لە چاو هی سوپاسالارێکی دلڕەق. هێشتا بۆ ئەو مانایەکی گەلێک گەرم و سۆزدارتری

دەبەخشی لەو باخ و ساباتە پڕ گوڵ و گوڵزارەی کە لە خاکی غوربەت بە پێچەوانەی حەز و خواستی ئەوان بە گۆڕی خاک غەریبی ئیلشا.

سەیفی لە کاتی ئەو بیرکردنەوانەیدا ئاوڕ بۆ لای مێر منداڵەکە دەداتەوە و لە وەڵامی پرسیارەکەی دا دەڵێت " نەخێر، ئەز نزانم، تو بۆ من بێژە! " بەڵام بەر لەوەی منداڵەکە بێتە قسە سەیفی یەکسەر لێی دەپرسێت کەوا ناوی چییە؟
" جونەیدا! "

سەیفی لەگەڵ گوێ بیستنی بۆ ناوی مێرمنداڵەکە هەڵوەستەیەک بۆ دواوە دەکات و سەیری بەو ڕێکەوتەش دێت، وەک ئەوەی چەند دەقیقەیەک پێشتر لە نێو ئۆتۆگار بە ڕێکەوت گوێی لە ناوی کەسێک بوو بە ناوی تونجای. لەسەر گۆڕەکەی مەم و زین لە ئاست ئەو دوو ڕێکەوتە دوایی یەک و سەیرانە دا سەیفی بە تەواوی دامابوو. هەستی دەکرد ژیان دەقاو دەق وەک هۆنراوەکەی ئەحمەد هەردی فلیمێکی پڕ لە ناسۆر و دووبارەیە. ئەو پاش مەرگی دوو هاوڕێیەکەی بەڵێنی بە خۆی دابوو کە هەرگیز وەک پیاوێکی غەمباری تەمەن پایز نەڕوانێتە ژیان. هەرگیز وەک کەسەکەی نێو هۆنراوە بە نێو و دەنگەکەی هەردی بە باڵای خەم و ناسۆردا نەچێتە خوار. هەروەها هەرگیز ئەو سەفەرە پڕ لە ئومێد و هیوایەی نەکات بە دەستەسرێکی مۆری خەمۆک و بیخاتە نێو گۆماوی پڕ لە روندک و ئەفسووس و خوێنی عاشقان. سەیفی دەیەویست بۆ دوا جار گوێ لە چیرۆک و بەسەرهاتی عاشقان بگرێت، بەڵام لە زمانی شاعیر نا کە خەم و ئەفسووس و دڵشکانی خۆشی تێکەڵاوی گێڕانەوەی هەر چیرۆک و بەسەرهاتێک دەکات کە بە شیعر بۆ خەڵکی دەهۆنێتەوە. بەڵێ، ئەو ئەمجارە لە سەر گۆڕی مەم و زین دەیەویست لە زمانی مێرمنداڵێک چیرۆک و بەسەرهاتی مەم و زین و هەموو ئەویندارانی بە گوێییەکی تر ببیستێت.

منداڵەکە دەستپێدەکات کەوا لە پاش ناشتنی مەم و زین، بەکری مەرگەوەریان یەکسەر هێناوەتە سەر گۆڕی ئەو دوو ئەویندارەی ئەزەل، وەک عیبرەت بۆ ناپاکی و خیانەت خەنجەری دەبانیان خستۆتە سەر گەردنی و کوشتوویانە. لە کاتی ئەو کوشتنەیدا بەکر چاوی هەر لە سەر مەسافەی نێوان

گۆڕی مەم و زین بووە کە لە سەرەتا دوو گۆڕی لەیەکتر جیابون. لێرەدا جونەید دەستی بۆ سەر ئەو کۆنکریتە ڕەوان دەکات کە گۆڕی ئەو دوو عاشقەکەی پێ بونیاد کرابوو.

جونەید بەردەوام دەبێتەوە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە و دەڵێت کەوا چۆن لە ئەنجامی دڵپیسی و ناپاکی بەکردا خوێنەکەی بەرەو شوێنیک لە نێوان گۆڕی مەم و زین فرچک و فوارەی کردبوو. وەک ئەوەی بەڵینی مەرگ و مردنیشی بێت کە هەرگیز ڕێگەنەدات دوو عاشقی وەک مەم و زین لە مەرگیشدا بەیەکتر بگەن و لە پاڵ یەکتری دا بخەون. بەڵێ، جونەید باسی میری تووڕەی دەکرد کاتێک ئەو خوێنە ڕژاوەی بەکری مەرگەوەر بەهەند هەڵناگرێت و زوو شوێنەکە بەجێدەهێلێت و دەڕوات.

ساڵان دێن و دەڕۆن و لە زاری ئەو خەڵکانەی کە بەردەوام سەردانی مەزاری میر ئەبدال دەکەن، هەروەها بەترسو شەوقێکی زۆریشەوە چاوێکیان دەبڕنە سەر گۆڕی مەم و زین، دەبینن لە شوێنی ڕژانی فرچکە خوێنەکانی بەکر دا دار دڕکێکی ناشیرین و نامۆ رووواوە کە لە هیچ کون و قوژبنێکی خاکی کوردان هاوجۆر و هاوشێوەی نییە. ئەو دارە دڕکاوییە دەرز و شەقارێک لە مەسافەی نێوان گۆڕی مەم و زین دروست دەکات، کە بە ئەندازەی باڵا و گۆڕی ئەم دوو عاشقە غەریبە درێژ بوو و بە ئەندازەی برینی دڵیشیان قووڵ. خەڵکی زیارەتکار بە سەرسامییەکی زۆرەوە دەڕواننە ئەو دەرزە شەیتانی و لەیەکتر دابڕینەی ئەو نێوان دوو عاشقە لە گۆڕدا. هەندێکیان بێئەوەی چیرۆکی شین بون و ڕووانی ئەو دارە دڕکاوییە بزانن، بێئەوەی بچنە بەر قاپی میران و لە خەو و ڕاز بە ئاگایان بێنن. بێئەوەی دوو دڵی و پەشۆکان بیانگرێت یەکسەر بە تەورە تیژەکانیان ئەو دارە دڕکاوییە نەگبەت و شوومە لە بن و بۆتکەوە دەبڕنەوە. کەچی، ئەفسووس بۆ بەختی مەم و زین و ئەو خاکەی کە تێیدا نێژرابون ئەو دارە دڕکاوییە وەک تۆی دووبەرەکی نێوان کوردان هەردەم دەڕوێتەوە و دەڕوێتەوە. جونەید لێرەدا هەنسکێکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت" بەلێ، خال! "

پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت کەوا چۆن خەڵک ساڵ لە دوایی ساڵ و بەردەوام وەک تقووسێکی پیرۆز دارە دڕکاویەکەی بەکری مەرگەوەر دەبڕنەوە، کەچی دارەکە دووبارە دەڕوێتەوە.

بەڵێ، دەیبڕنەوە... دەڕوێتەوە،... دەیبڕنەوە... دەڕوێتەوە،... دەیبڕنەوە.. دەڕوێتەوە!

سەیفی کۆتایی و دوا ئەنجامی چیرۆکی جونەیدی رون لەبەر چاودابوو کە چۆن لە کۆتاییدا گۆڕی ئەو دوو ئەویندارە بە نێو و دەنگەی خاکی کوردان وەک تاتە نوێژێکی رەق و وشک چیمەنتۆ ڕێژدەکرێت، وەک ئەوەی هەردووکیان دوو گەریلای یەخسیر و بریندار و عاشق بە یەکتر بن و لە خانەیەکی یەک نەفەری زیندانی دیاربەکر ئاخنرابن.

سەیفی هەستدەکات ئەگەر هەروا گوێ لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی جونەید بگرێت هەرگیز ناگاتەوە ماڵ و ناچار دەبێت کۆڵان بە کۆڵان بە دوایی جونەید بکەوێت تا لە خاوەن تاکسییەکە بگەڕێن و لە ئوتێلێکدا ژوورێکی بۆ پەیدا بکات. بۆیە لێرەوە داوا لە جونەید دەکات تا پێی دەکرێت چیرۆکەکەی خێراتر بگێڕێتەوە.

جونەید سەیری نێو چاوە رەش و گەورەکانی سەیفی دەکات و دەڵێت " باشە خال، ئەز دزانم تو بلەزی، نوکە دێ تەمامکەم! "

جونەید بەردەوام دەبێتەوە کە چۆن خەڵک سەریان سووڕدەمێنێت لە بڕینەوە و شین بونەوەی دارە دڕکاوەکەی بەکر. دەڵێت دوایی بڕینەوەی دارەکە خەڵک هەردوو گۆڕەکە بە سەدەها جۆر لە بەرد و چەوی دیجلە دادەپۆشن، دەچن جۆرە خۆڵێکی وشک و کۆن لە چیای جوودییەوە دەهێنن و سەر بەردەکانی پێ سواغ دەدەن، پاشان ئاو لە گۆلی وانێ دەهێنن و شوێنەی پێ ئاو پرژێن دەکەن، کەچی دەبینن دوایی تێپەڕینی چەند ساڵێک دووبارە دارە دڕکاوییەکەی بەکری مەرگەوەر سەر دەردەهێنێتەوە.

سەیفی بە جونەید دەڵێت " دوماهی چ بوو !؟ "

جونەید بە خێراییەوە دەڵێت کەوا هەندێک کەس گوتیان گۆڕەکان بگوازرێنەوە سەر ترۆپکی شاخێکی وەک جوودی یان بەرزتریش وەک گارا و گۆڤەند و ئەرارات. کە ئەگەر تاڵە ڕێیەکی باریکیش لە ڕەگی دارە دڕکاوییەکەی بەکر لەگەڵ خۆڵی گۆڕەکان چووبێت، لەوێ هەرگیز نەتوانێت خۆی لەبەر کڕێوەی ساردی سەر ئەو چیایانەدا ڕابگرێت. بەڵێ، ئەو تاڵە باریکەی ڕەگی ئەو دارە نابووتە هەرگیز نەتوانێت جارێکی تر ببوژێتەوە و مەم و زین لە گۆڕدا لە یەکتر بکات. کەچی گەلێک کەسی دیکە پێچەوانەی ئەوەیان دەگوت و پێیان دادەگرت لەسەر شوێن نەگۆڕ کردنی گۆڕەکان، دەیانگوت ئەو دەڤەرە بە بێ بونی مەم و زین هیچ خێر و بێرێکی نامینێت. باشترە هەموو ساڵ دارە دڕکاوییەکە ببڕینەوە نەوەک مەم و زین ببردرێن بۆ شوێنێک کە خۆشمان دەستمان نەگات پێیان، بۆ شوێنێک کە لە دوورەوە دوو گۆڕی خاک غەریب دیار بن و ڕێبوارێک ڕێی نەکەوێتە سەریان.

جونەیدی بچووکیش وەک جونەیدی گەورە دەتگوت بارگەی موگناتیس بە سەر زمانییەوە بوو، بۆیە سەیفی وەک ئەو بەیانییەی کە لە نێو پێخەفەکەدا گوێی بۆ ئاخاوتنی جونەیدی یەکەم شل کردبوو. دووبارە خۆی لە بەردەم جونەیدێکی تر دەبینێتەوە و ئەمجارە گشت لەشی دەبێت بە یەک پارچە گوێی گەورە. جونەیدی بچووک بە گێڕانەوەی چیرۆکی مەم و زین سەیفی تەواو مات و مەدهۆش کردبوو، بە زمانی موگناتیسی شیرینی و جوولەی رووی نەیدەهێشت ئەو مێوانە ناوەختەی سەر گۆڕی مەم و زین بە ئاسانی لەبەر دەستی دەرچێت و بڕوات. دەتگوت ئەویش لە تروسکایی نێو دوو چاوە ڕەش و گەورەکانی سەیفیدا وێنە و بەسەرهاتی ئەوینێکی دەخوێندەوە کە وەک ئەوەی مەم و زین قووڵ و خەمبار و دراماتیک بوو.

سەیفی وایدەزانی لە بەرامبەر جونەیدی گەورەدا وەستاوە و ئەوەندەی دەکات ناتوانێت دەست بەرداری بێت و بەجێیبهێڵێت. جونەیدێک کە لە ڕۆژێکی دژواری سارد و سڕدا وەک خدرێ زیندە نەفەسی ژیانەوەی کرد بە سییەکانیدا. وایهەست دەکرد کە ئەو جونەیدە بچووکەی بەردەمی کۆپی یان ڕۆحی جونەیدی

یەکەمە و لە چیایە دوورەکانەوە هاتووە بۆ دڵدانەوەی ئەو. بۆ ئەوەی چیرۆکێکی تراژیدی تر و کۆن تر لەوەی ئیلشا و ئاووای بۆ بگێڕێتەوە. سەیفی ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی ژوورە شێدار و نیوە رووخاوەکە بەجێبهێڵێت کە مەم و زین و میر ئەبدال و بەکرۆکی لێ نێژرابوو. سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکرد و ئاوڕێکی پڕ لە پرسیاری لە جونەید دەدایەوە. جونەید دوو چاوە خڕ و بچووکەکانی چەند جارێک دەکردەوە و دایدەخستن، پاشان بە قورگێکی پڕ لە سۆزەوە بە سەیفی دەگوت " نا، خال نەچە ئەز نوکە دێ تەمامکەم! " بەڵام ئەمجارە کاتێک دەبینێت سەیفی وەک گوێگرێکی بێبایەخ بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە پێیدەڵێت " بلا جونەید، بەس بیچەک بلەز، وەختێ من چ نینە! " جونەید یەکسەر هەڵوەستەیەک دەکات و وەک کەسێکی پیر پندۆکێکی ژیر کە نەیەوێت نهێنییێکی گەورە بۆ کەسێکی بیانی و گەڕیدە ئاشکرا بکات. بێ چاوڕوانی سەیفی لە پڕ بۆ دەرەوە ڕادەکات و بە سەیفی دەڵێت " خال، ئەز نکارم مەم و زینێ بلەز تەمامکەم. خودێ د گەل تە بیت! " لەو کاتەدا سەیفی هەردوو گوێییەکانی تەپ ببون، وەک ئەوەی ئەو ئاخاوتنەی جونەید گرمەی تۆپێکی نەمساوی بێت، یان دەنگێکی بچووکتر وەک رمبەی داخستنی دەرگاییێکی ئاسنین. بۆیە ماوەیەک لە شوێنەکەیدا وشک وەستا و پاشان ملی رێگای گرت و بەرەو ئۆتۆگاری جزیرێ بەڕێکەوت. بەدەم رێگاوە بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو هێشتا لە وێڵی و ون بون لە نێو نامیلکەکەی ئیلشادا تەواو دەربازی نەبووە، ئیتر چۆن دەتوانێت وەها بەو خێراییە لە زاری مێرمنداڵێک تەواوی بەسەرهات و چیرۆکی ئەوینی مەم و زین تێبگات.

سەیفی پاش خوێندنەوە و داخستنی نامیلکەکەی ئیلشا بڕیاری دابوو کە لە داهاتوودا بە جیدی بە دوایی رووداوە ون بوو و نادیارەکانی نێو نامیلکەکەدا بگەڕێت. لە چارەنوسی یەک بە یەکی کەسەکان بکۆڵێتەوە، لە یەکەم کەسەوە دەست پێبکات کە تەنها لەسەر رۆکردنی تفێک زۆر بێبەزییانە فرێ درایە نێو دەریا، تا دەگاتە سەر ئەو منداڵەی لە یەکەم رۆژی هاتنی بۆ دونیا بەبێ دایک لە نێو گێژاوی دەریادا بەجێما. سۆراغی کابرای لایت بپرسێت، ئینجا هی

ئافرەتەکان بە تایبەت ئەو ژنەی کە ئاوێنەکەی خۆی دابوو بە ئیلشا، کابرای دیپلۆمات، هەروەها چاک و خراپی نێو بەلەمەکە. بەڵێنی بە خۆی دابوو رۆژێک بە دوایی تونجای و سامی قورتاریشدا بگەڕێت پرسیاری هەموو نهێنییەکانیان لێبکات کە ئیلشا بە شاراوەیی لە نامیلکەکەیدا بەجێیهێشتبون، پرسیاری شوێن و ناوی دورگەکە. بەڵێ، بڕیاری دابوو کۆپییەک لە نامیلکەکەی ئیلشا بدات بە ئەنتەرپۆل تا ئەو دوو کەسە وەک دوو جەردەی نێودەوڵەتی لە هەر قوژبنێک بن گوێیان بگیرێت و دەربهێنرێن.

لە نێو تاکسییەکەی بەرەو سیلۆپی دەیبرد بیری لە چیرۆکەکەی جونەیدی بچووکیش دەکردەوە و بە خۆی دەگوت کەوا جونەید دڵی لە ئەو نە ئێشاوە، چونکە هەر لە سەرەتای گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا ئەو مێرمنداڵە بیر تیژە دەرکی بەوە کردبوو کە ئەویش هەڵگر و شایەدی بەسەرهاتی ئەوینێکی نەمرە. سەیفی لە دڵیدا دەیگوت " گوێگر بۆ چیرۆکەکەی جونەید گەلێک زۆرن، ئەو دەتوانێت بۆ هەر کەسێک کە سەردانی گۆڕەکەی مەم و زینی کرد هەمان چیرۆک دە بارە و سەد بارە بگێڕێتەوە. بەڵام بۆ چیرۆکی ئەوینی ئیلشا و ئاووا من تاقە گوێگر و شایەدم. من تاکە کەسم کە بەسەرهاتی ون بونی حەفت رۆژەی بەلەمەکە بزانم، بەسەر هاتی ئەو چل کەسەی لە گێژاوی دەریادا وێڵ ببون» سەیفی لە نیو جامی تاکسییەکەوە سەیری چۆمی دیجلەی دەکرد و بە خۆی دەگوت " سەیفی تۆ چیرۆکی عیشق و سەربوردەی وێڵ بونی بەلەمێک دەزانیت کە پێشتر هەرگیز لە هیچ کەسێکەوە نەبیسترابێت، لاوک بێژێک نەیچڕیبێت، شاعیرێک نەیهۆنیبێتەوە"

*　　　　*　　　　*

رۆژانی دواتر کە سەیفی بە نەخۆشییە کوشندەکەی ئیلشا دەزانێت، ئەگەر چاوێکی لە سەر ژیانی خۆی بووایە ئەوا دوو چاوی خستبووە سەر ژیانی ئیلشا. زۆربەی جاران دەیبردە لای دکتۆری پسپۆر، تاقیگە دوور و نزیکەکانی پێدەکرد، بە باخچە و شوێنە خۆشەکانی دەگێڕا. لە لایەکی دیکەوە ئاووا

تووشی دوو دڵی و نیگەرانییەکی گەورە ببوو. لە چەند تەلەفۆنێکدا لەگەڵ ئیلشا نەیهێشتبوو کە ئەو بزانێت شتێکی نهێنی سەبارەت بە نەخۆشییەکەی دەزانێت و شوێنی دکتۆری تایبەتی ئەوی دۆزیوەتەوە. هەرگیز نەیدەویست باسی ئەوە بکات کە چۆن کارتی دکتۆرەکەی لە نێو گۆڤارەکە دەرهێنابوو، هەردەم لە تەلەفۆن لەوە دەترسا نەوەک بابەتەکان وا بڕوژێن ببنە هۆی دەرز دروستکردن لەو ئەوینەی کە لە نیگارێکی سیحراوی دەچوو.

ئیلشا لەلای خۆیەوە بە شلۆقی و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە چاوەڕێی داهاتنی ڕۆژی شەممە دەکات بۆ ئەوەی ئاووا ببینێت ئەو دەرگایە شاراوەیەی ناخی بۆ بکاتەوە کە لوکیمیا وەک بارانێکی فسفۆری دایڕژاندبوو و خەریک بوو ناخی سەرتاپا هەڵدەتەکاند.

سێشەممە ئیلشا لەگەڵ سەیفیدا سەردانی دکتۆری پسپۆری کردبوو. بۆ بەختی شوومی دەرئەنجامەکانی پشکنینی خوێنی لە حەفتەی پێشوودا شێوانێکی ترسناکیان بە خۆوە بینیبوو؛ شکانی خرۆکە سپییەکان گەیشتبووە ئەوپەڕی پەرەسەندن.

ئەو ڕۆژە هەر کە ئیلشا و سەیفی چونە ژوورەوە کچە سکرتێرەکە بە بزەیەکی پڕا و پڕ لە ئومێد و وورە پێدان پێشوازی لێکردن. دەتگوت وا ڕاهێنراوە کە لەگەڵ هاتنی نەخۆشەکان و جۆری فایلەکانیان شێوەی بزە دەستکردەکانی سەر لێوانی لە یەکێکە بگۆڕێت بۆ یەکێکی تر. سەیفی لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی هۆڵی چاوڕوانی دادەنیشێت و ئیلشاش لە مێزی کچە سکرتێرەکە نزیک دەبێتەوە. کچەکە هەر کە ئیلشا دەگاتە نزیکی پێیدەڵێت " هیچ کەسی نزیکت لەو شارەدا هەیە؟ "

ئیلشا لە ئاست ئەو پرسیارەدا کەمێک وەستاو دڵی خورپەی کرد. ئەو لە گشت قارەی ئەوروپادا جگە لەوانەی لە سەر دورگەکە لێی دابڕان، ئەو تەنها دوو کەسی بە چاکی دەناسی. کەوا یەکێکیان ئەوی هەتا بەردەم سکرتێرەکەی ئۆفیسی دکتۆری پسپۆر بردبوو. ئیلشا لە پرسیارکردنی کچەکەدا کەمێک دەکەوێتە گومانەوە و ترس دایدەگرێت و پێشبینی هەواڵێکی ناخۆش دەکات.

دوایی ئاوڕێک بۆ دواوەی خۆی دەداتەوە وەک ئەوەی بە دوایی شارێکی پڕ لە خزم و کەسدا بگەڕێت. بەڵام لە پشتەوەی تەنها هۆڵێکی چاوەڕوانی هەبوو کە لە یەک کەس زیاتر کەسێکی تر نەبوو بۆ دڵنەوایی ئەو دانیشتبێت. بەڵێ، تەنها سەیفی دەبینێت کە بە جۆرێک سەری خستبووە نێو لاپەڕە رەنگاوڕەنگەکانی گۆڤارەکەی نێو دەستی دەتگوت بە ناویش ئەو ناناسێت.

کچە سکرتێرەکە لە بیری نەبوو یان خۆی نەیویستبوو بە ئیلشا بڵێت کەوا رۆژی پێشتر کچێک بە تەلەفۆن لە نەخۆشییەکەی ئەوی پرسیبوو. ئەوەش شتێک بوو تا درەنگ لە مێشکی ئەودا بەجێما کاتێک رۆژانی دواتر بەردەوام ئیلشا و ئاووا پێکەوە سەردانی ئۆفیسی دکتۆرەکەیان دەکرد.

ئیلشا کە وشەی تەنگانەی لە کچە سکرتێرەکە گوێ لێبوو ترسێکی گەورە دایگرت و وایزانی ئیتر تەواو ئەو چیدیکە جارێکی تر ئاووا نابینێتەوە. دڵتەنگ بوو و هەستی کرد کە ئەو لەو ساتە وەستانەی بەردەم مێزی کچەکەدا، مەرگ بۆ ئەو لە هەموو شتێک نزیکترە. نزیکتر لە کچە روو خۆشەکە، لە سەیفی برا ئاسای، هەروەها لە ئاووای یەکەم ئەویندار و دوا ئەوینداری. ئیلشا بێئەوەی پێ دابگرێت و پرسیار لە کچەکە بکات سەبارەت بە نەخۆشییەکەی، بە زۆر دەیەویست کەمێک خۆی بە هێزتر نیشان بدات، نەوەک ئەو کاتە ناسکەی بە پرسیارێکی پڕ لە گومان و دڵەڕاوکێی ئەو ورد و خاش بێت.

ئیلشا ئاوڕ لە سەیفی دەداتەوە و بانگی دەکاتە لای کچەکە بۆ ئەوەی ناو و ژمارەی تەلەفۆنی لە فایلی ئیلشادا بنووسێت. کچە پێیدەڵێت کەوا ئاساییە لە کاتی پێویست پەیوەندی پێوە بکەن. سەیفی ئامادەیی خۆی بە هەموو شێوەیەک دەردەبڕێت و پاشان وەک دوو برای جمک دەچن لە سەر کورسییەکانی چاوەڕوانی دا بۆ بیستنی دراماتیکترین هەواڵ دادەنیشن.

چارەکێک بەسەر چاوەڕوانی تێدەپەڕێت کچەکە بانگی ئیلشا دەکات بۆ ژوورەوە. ئیلشا هەر کە دادەنیشێت شتێک لە رووی دکتۆری پسپۆر دەخوێنێتەوە و خۆی بۆ هەواڵێکی زۆر ناخۆش ئامادە دەکات. دکتۆرەکە ئەنجامی پشکنینی خوێن لە نێو فایلەکە دەردەخات و چەند جارێک

چاویلکەکەی دەباتە پێش و پاش دەیەوێت شتێک بڵێت و دەیگێڕێتەوە. ئیلشا وەک سەنەمێکی بەرد چاوەڕێی کەوتنە خوارەوەی وشەیەکی دەمی دکتۆرەکە دەکات.

" خڕۆکە سپییەکان! "

دکتۆرەکە ئەوە دەڵێت و جارێکی تر بێدەنگ دەبێتەوە. ئیلشا دەیزانی بە شکانی خرۆکە سپییەکان، خوێن وەک دەریاچەی بەنداوێکی رووخاوی بەسەر دێت لە جیاتی خێر و خۆشی هێنان گەورەترین کارەسات دەنێتەوە.

دکتۆرەکە پاش چاوەڕوان کردن بۆ دۆزینەوەی شێوازێک بۆ شیکردنەوەی ئەوەی دەیویست بە ئیلشای بڵێت. یەکسەر کاغەزەکەی دەستی لەسەر مێزەکەدا دادەنێت و دەستی دەخاتە سەر چەند وشەیەک کە ئیلشا تەنیا دەیتوانی پیتەکان بناسێتەوە. پاشان بە ئیلشا دەڵێت " پشکنینەکانی خوێن شێوان و شکانێکی بەرچاوی خڕۆکە سپییەکان نیشان دەدەن، ئەوە پێشبینی دژوارترین جۆری لوکیمیای لێدەکرێت کە لەوانەیە خوێن بەخشینیش چارەیەکی گونجاو نەبێت"

دکتۆرەکە لێرە کەمێک دەوەستێت و نایەوێت ئیلشا بە تەواوی بڕوخێنێت نەوەک رووخانی دەرونی ببێتە هۆی تەواو هەرەس پێهێنانی سیستەمی بەرگری لەشیشی. بۆیە بزەیەک دەخاتە سەر لێوەکانی بە ئیلشا دەڵێت کەوا چارەسەری دژوارترین جۆری لوکیمیا زۆر جاران مەحاڵ نییە. کۆمەڵێک دەرمان و چارەسەری بۆ دەنوسێت و پێدەڵێت لە مەودوا دەبێت حەفتەی دوو جار سەردانی بکات.

ئیلشا کەمێک دادەمینێت و چاو بە هەر چوار لای دیوارەکان دادەگێڕێت، بە سەر مێزە مەڕمەڕەکەی بەردەم دکتۆر، بەسەر رایەخە مارۆنییەکەی ژێر مێزەکە، هەر شتێکی دیکەی سەرنج ڕاکێش و سەرنج ڕانەکێشی ژوورەکەی دکتۆر. دەتگوت منداڵێکی ساوایە و خراوەتە نێو ژوورێکی پڕ لە شتی سەیر و سەمەرە، بەڵام ئەو هەر چاوەکانی لە گەڕاندا بن بۆ دۆزینەوەی شتێکی ئاشنا بە بۆنی دایکی.

ئیلشا لەو سەردانەیدا دەیەویست شتێک دەربارەی رۆژی هاتنەکەی ئاووا بۆ ماڵی بە دکتۆرەکە بڵێت، بەڵام ئەوەندەی دەیکرد نەیدەزانی چۆن دیمەنی سوور هەڵگەڕان و هەناسە سواربونی خۆی لەسەر قەرەوێلە یەک نەفەریەکەدا بکات بە ئاخاوتنێکی ئەڵمانی. لە نێو شەرمی گێڕانەوە و پەشۆکاوبون بە دوا ئەنجامەکانی پشکنینی نەخۆشییەکەی، ئیلشا بە زەحمەت دەیتوانی وشەی گونجاو بۆ وەسف کردنی ئەو نهێنییە بدۆزێتەوە کە ئەگەر لەبەر نەخۆشییە شوومەکەی نەبووایە مەحال بوو وردەکاری یەکەمین {.........} ی ژیانی بۆ کەسێکی دیکە باس بکات. لەبەرامبەر دکتۆرەکەدا وشەکان بە ئاسانی نە دەکەوتنە سەر زاری دەتگوت چاپلنێکی بێدەنگی خەمۆکە و قورسترین رۆڵی قسەکردنی دراوەتێ.

دکتۆری پسپۆریش وەک دەرهێنەرێکی سانسۆرچی کە رێگەنەدات دیمەنێکی ناشیاو فلیم بەردار بکرێت، یەکسەر دەستی راستەی بەرامبەر ئیلشا ڕادەگرێت و لە جیاتی ئەوەی پێیبڵێت " بەس، ئەو رۆڵە بۆ تۆ قورسە! " پرسیار لەسەر پرسیار ئاراستەی ئیلشا دەکات " دوایی چی قەوما، بەرامبەرەکەت کردەوەی چۆن بوو؟ جارێکی تریش ئەو شتە لە نێوانتان رووی دا، ئایا بەرامبەرەکەت ڕەچاوی خاڵەکانی فریاگوزاری کردبوو یان نا؟ "

دەیان پرسیاری دیکەی دکتۆری پسپۆر وەک مێشوولەی بێزارکەری هاوین بەرببونە سەر و چاوی ئیلشا و گوێچەکانیان پڕ کردبوو لە ویزە ویزێکی بێمانا. ئیلشا بە دەست جوولاندن بە ئەولا و ئەملادا وەڵامی پرسیارەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد لە بەڵێ وە بۆ نەخێر، لە نەخێرەوە بۆ بەڵێ، هەروەها لەگەڵ هەر وەڵامێکیشدا ڕونکردنەوەی کورت کورتی دەدا بە دکتۆر. ئەویش وەک پاکانەی کەتنکەرێکی بێشەرم یەکە بە یەکەی وەڵامەکانی دەخستە سەر لاپەڕەیەکی سپی ژێر دەستی.

بەر لەوەی دانیشتنەکەیان کۆتایی پێبێت، دکتۆر زیاتر پێی لەسەر ئەوە داگرت کەوا لەسەر ئیلشا پێویستە بە دۆستەکەی بڵێت کەوا دووچاری نەخۆشییەکی ترسناک بووە. پاشان بەر لەوەی لیستی دەرمان و ناونیشانی

تاقیگەکان بدات بە ئیلشا داوای لێدەکات کە حەفتەی داهاتوو سەردانی بکات. دکتۆرەکە کە هەڵدەستێتە سەر پێ دێتە دەرەوەی مێزە مەڕمەڕە سپییەکەی بەر دەمی و دەستی راستەی بۆ تەوقەکردن درێژدەکات و پێدەڵێت " ئێستاکە ئەم دۆستەت لەگەڵدایە؟ "

ئیلشا لە وەڵامدا دەڵێت " نەخێر، بەڵام هاوڕێیەکم لەگەڵدایە کە هاوشاری خۆمە "

" ئەو بە نەخۆشیەکەت دەزانێت؟ " دکتۆرەکە پرسیار دەکات.

" بەڵێ "

دکتۆرەکە دەگەڕێتەوە نزیک مێزەکەی و بە ئیلشا دەڵێت" دەتوانم دەربارەی نەخۆشییەکەت هەندێک قسەی لەگەڵدا بکەم؟ "

" بەڵێ! "

دکتۆرەکە زەنگێک بۆ سکرتێرەکەی لێدەدات بۆ ئەوەی سەیفی بانگ بکرێتە ژوورەکەی.

سەیفی کە دێتە ژوورەوە و زوو خۆی بە دکتۆرەکە دەناسێنێت.

دکتۆری پسپۆر دڵخۆش دەبێت کاتێک دەبینێت هاوڕێیەکەی ئیلشا بە ئەڵمانییێکی ڕەوانتر قسەدەکات. بۆیە بێ ئاوڕدانەوە لە ئیلشا دێتە سەر باسکردنی وردەکارییەکانی نەخۆشییەکە بۆ سەیفی. هەروەها بە بێ خواستی ئیلشا یەکسەر پەردە لەسەر نهێنیترین رۆژگاری ئیلشا هەڵدەماڵێت. وەک ئەوەی مامۆستاییێکی دڵڕەق بێت منداڵێک لەبەرچاوی منداڵێکی تر ئامۆژگاری بکات، باسی حالەتی ئیلشا دەکات لە سەر قەرەوێلەکەی ژووری نووستن کاتێک هەناسە بڕکێی لە نێو گوێییەکانی ئاووا دا دەنگی دەهۆڵ کوتان بوو.

سەیفی لە ناخەوە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد و پێیخۆش نەبوو شایەدی نهێنییەکانی هیچ کەس بێت. نەیدەویست هەرگیز بزانێت کەوا ئیلشای نزیکترین هاوڕێی تووشی چ حالەتێک بووە لە نووستنی لەگەڵ ئاووا دا. بە خۆی دەگوت " سەیفی، دیارە قەدەرتە بەسەر نهێنی هاوڕێیانت دا بچیت،

بیانبینێت کە چۆن لە لێواری مەرگدا هەناسە بڕکێیان وەک گۆرانی ئەسکیمۆیەکی خەمباری قوتب بە گوێ بەفردا دەنگ دەداتەوە"

لە کاتی گوێ گرتنی لە دکتۆری پسپۆر، سەیفی بەروویێکی پڕ لە شەرمەزارییەوە ناوە ناوە سەیری ئیلشای دەکرد کە چۆن بێزاری هەموو دونیا لە رووی کۆ ببووەوە. دەتگوت بە بێدەنگییەکی پڕ لە ئەفسووسەوە رقی خۆی لە بەرامبەر نەخۆشییە شوومەکەی دەردەبڕی کەوا بێشەرمانە وردترین نهێنییەکانی ژیانی هیچ و بێ بایەخ خستبووە روو. دەتگوت بەو بێزارییەی دەردی دڵی خۆی لە بەرامبەر دکتۆریش دەڕشت، لە بەرامبەر سەیفی کە چۆن لەمەودوا بە بینینی ئەو لەگەڵ ئاووا وێنەیەکی پڕ بەپێست و هاوشێوە لەو وەسفانە زاری دکتۆر لە خەیاڵیدا دەکێشێت. سەیفی لە کاتی گوێ گرتنی بۆ دکتۆر بیری هەر لەسەر ئیلشا بوو نەوەک باس کردنی ئەو نهێنییە ساردییە بخاتە نێوانیان. یان بە ئاشکرا وجودی ئاووا ببێتە ئەو تارماییە کە بڕوا بە هەردووکیان بهێنێت تا پێکەوە بڵێن" راستیان وتووە کە هەر بونی ژنە برایان لەیەکتردەکات! " بەڵام سەیفی هەرگیز نەیدەویست لە خەونیش رۆلی برایەکی خیانەتکار ببینێت. برایەک کە هەموو نهێنییە شاراوەکانی براکەی دەزانێت بۆیە لە هەموو کەس شارەزاتر دەتوانێت دوژمنداری بکات. برایەک هەر کاتێک دڵنیا بوو لەوەی گوللەیەکی وێڵ، کارەساتێکی جەرگبڕ، یان نەخۆشییەکی کوشندە براکەی بەر لە خۆی لە دونیادا شاپ دەدات، هەزار و یەک پلان دابڕێژێت بۆ دزینی دڵی برا ژنە جوانەکەی.

بەڵام سەیفی لە بەرامبەر دکتۆر و ئیلشادا ئەوەندەی لە توانایی دابوو هەوڵی دەدا وەک کەسێکی بەرپرسیار ڕەفتاربکات. هەرگیز ڕێگەی بە خۆی نەدەدا کە نهێنی ژیانی هەر هاوڕێیەکی وەک بۆمبێکی تەوقیت کراو ببینێت و هەر کاتێک دڵی ویستی ئەوە وەک گەورەترین هەڕەشە بەکاربهێنێت و ناخۆشترین قسە بە روویدا بتەقێنێتەوە.

له لایەکی دیکەوە ئیلشا بە تەواوی پێچەوانەی ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوانەی سەیفی بوو. ئەو بە بونی خوێنێکی ورد و خاش لە نێو دەمارەکانیدا بێزار و نارەحەت بوو لەوەی زیاتر ئاشکرابونی نهێنییەکە بکات بە خەم.

ئیلشا لەو دانیشتنەی لە بەرامبەر دکتۆر و تەک سەیفیدا هەستی دەکرد رادەیەکی زۆر لە مردن نزیکترە لەوەی لە ژیان، بۆیە ئیتر باکی نەبوو کێیە نهێنییەکی لەو جۆرەی ژیانی ئەو دەزانێت. بەڵێ، ئیلشا وەک هەر مردووێکی رووت و قووت هیچ باکی بە شەرم نەمابوو لە بەرامبەر ئەو کەسانەی تەرمەکەی دەپشکنن، هەڵدەگرن، دەشۆن، و دەنێژن! بۆیە پێیوابوو دکتۆر و سەیفیش جۆرێکن لەو کەسانەی کە لەگەڵ بینینیان بۆ نهێنیترین و شاراوەترین ئەندامەکانی کەسێکی رووت و مردوو هەرگیز ناچن وەک هەواڵێکی نێوپاکەت بە گوێی خەڵکدا بیچرپێنن.

سەیفی بە دکتۆرەکە دەڵێت کە ئەو زیاتر شتەکان بۆ ئیلشا ڕون دەکاتەوە و هاوکاری دەکات. هەوڵیش دەدات بوارێک بڕەخسێنێت کە تێیدا ئیلشا بتوانێت راستی نەخۆشییەکەی بۆ ئاووا بدرکێنێت. لێرەدا دکتۆرەکە بە ئیلشا دەڵێت کەوا حەفتەی داهاتوو پێویستە سەردانی بکات، پاش ئەوەی ئەنجامی هەموو پشکنینەکانی بەدەست دەگات.

ئیلشا و سەیفی هەڵدەستن و ئەو کاغەزانە لە دکتۆرەکە وەردەگرن کە ناو و ناونیشانی تاقیگەکانی نێو شاری لە سەر بوو، لەگەڵ جۆر و شێوەی پشکنینەکان کە دەبووایە بۆ خوێنی ئیلشا بکرێت .

* * *

سێبەری مەرگ دوور یان نزیک هەرگیز لەبەر چاوی ئاووا دا ڕەت نەببوو، ئەو باوک و دایکی هێشتا گەنج بون و لە ژیان دابون. هەروەها دوو برای لە خۆی بچووکتر هەبون کە ساڵەکانی تەمەنیان پازدە و دە بوو. ئاووا چەند جارێک لە باوک و دایکی بە درێژی باسی تارمایی مەرگی بۆ کرابوو کاتێک دونیا لە نێو ئاگری شەڕێکی گەورەدا دەسووتا. ئەو کاتانەی هەردووکیان بە

منداڵی تەرمی دەیان لاشەی پەنما و بۆگەنی کوژراوانیان لە گەڕەک و کۆڵانەکاندا بینیبوو. یان لە باوک و دایکیانەوە دەیان چیرۆکی سەیر و دڵتەزێنتریان دەربارەی شەڕ و قات و قڕییەکان گوێ لێببوو. دایک و باوکی ئاووا هەموو شتێکیان وەک فلیمێکی نەبڕاوە بۆ کچەکەیان دەگێڕایەوە بە تایبەت کاتێک دەیانبینی کە ئەو هەموو هۆش و بیری لەسەر ئەو بابەتانەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە مەسەلەکانی خەڵکەوە هەیە وەک بابەتە تیورییەکانی مێژوو، کۆمەڵناسی، و فەلسەفە. باش دەیانزانی کچەکەیان هەرگیز ئامادە نییە ئینجێکی چوارگۆشە لە مێشکی بۆ بابەتەکانی زانستییەکان تەرخان بکات.

ئاووا سەرەتا تەنها حەزی لە مێژوو بوو، بەڵام لە رووپەڕی کتێبە تۆز لەسەر کەوتووەکانی مێژوو لە مەرگی بەردەوامی مرۆڤ بترازێت تاکە چیرۆکێکی دیکەی نەدەبینی. بۆیە زوو لەو کتێبانە بێزار بوو کە باسی شتێکیان دەکرد ئەو هەرگیز لە راستیدا تارماییەکەشی نەبینی بوو. نەیزانی بوو مەرگ چ روو و بۆنێکی هەیە کەوا بەو شێوەیە مرۆڤ دەتۆقێنێ. لە هەرزەکاریدا لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو کتێبانە کە باسی ئەو شەڕ و کوشتارانەیان دەکرد کە لەسەر سنگی سەوزی ئەوروپاوە هەڵقوولابون و پاشان دونیایان تەنیبووەوە، رۆژیک لە زاری هاوپۆلێکی بە ناوی پیرێکی نەمساوی ئاشنا دەبێت کە لە هەموو کەسێکی سەر ئەو زەمینە زیاتر رۆچوو بووە نێو ناخی ئاڵۆزی مرۆڤ. ئاووا لە دوایی ئەو رۆژەوە کتێبە پڕ لە نەخشە و وێنەکانی مێژوو تورِ هەڵداوێت و ئەمجارە سیگمۆند فرۆید دەبێتە تاکە هاوڕاز و هاودەمی شەوانی. ئاووا لەو نێوانەدا مێژووی وەک رووکەشێکی سەقەتی دەروونناسی دەبینی. بڕیاری دابوو جارێکی دیکە نەچێتەوە سەری ئەگەر بێت و نەزانێت کە بۆچی ژمارەی شەڕەکان هەردەم لە کتێبەکانی مێژوودا زیاترن لە ژمارەی پەیمان بەستن و دانوستانەکان؟ ئەگەر نەزانێت لەبەرچی ناوی سەرکردە و شەڕەکانیان لەو کتێبانەدا هەردەم بە خەتێکی گەلێک ئەستوور و قەشەنگتر نوسراون، لە ناوی ئەو شاعیرانەی کە تا مردن هەر خەونیان بە

ئاشتییەوە دەبینی. بە خوێندنەوەی دەروونناسی ئاووا دەیەویست بە قووڵایی ناخی ئینساندا بچێتە خوار و لە شتە شاراوەکان بگەڕێیت. لەو هۆیانە بکۆڵێتەوە کە مێژوو چەواشە دەکەن، وەها لە مرۆڤ دەکەن کە لەزەت لە خوێندنەوەی مێژووی خۆی نەبینێت.

لەو نێوانەدا ئاووا بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی لە رەهەندێکدا دەبینی کە تێیدا دەروونناسی بەرەو ناخی شتەکانی دەبرد و مێژووش هەزار و یەک ئاخی پێهەڵدەکێشا. تارۆژێک بە بابەتێکی دیکە ئاشنا دەبێت کە هەست دەکات کۆکەرەوەو و کلیلی هەموو بابەتەکانە، هەر ئەو بابەتەش وای لێدەکات لە بەرامبەر دایک و باوکیدا بێ هیچ دوو دڵیەک فەلسەفە بە تاکە بابەت و دوا رشتەی ژیانی بناسێنێت. خوێندنی بابەتە تیورییەکانی فەلسەفە تا سەر ئێسقان کاریان لە دید و بۆ چونی ئەو کرد لە بەرامبەر ژیاندا. ئەو لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە خەریکی کتێب خوێندنەوە بوو، بەڵام هیچ لەو کتێبانە مەرگ و ژینیان بەو جۆرە تاو و توێ نەکردبوو وەک ئەوەی ئاووا لە کتێبەکانی فەلسەفەدا دەیخوێندەوە.

ئاووا بە پێچەوانەی ئیلشا لە راستیدا کەسی نزیکی نەبینیبوو کە لە پڕ مەرگ ڕفاندبیێتی و لەبەر چاوانی ون کردبێت. بۆیە کاتێک لە تەلەفزیۆن مەرگی کەسێکی ناوداری دەبیست یان لە رۆژنامە و گۆڤارەکان وشەی مەرگی بە هەموو رەنگەکانییەوە دەخوێندەوە. یەکسەر رووی لە دایک و باوکی دەکرد تا پێی بڵێن کەوا مەرگ چییە؟ مەرگ چۆنە؟ پاش مەرگ چی هەیە؟ بۆ خەڵک دەمرن؟ هەتا دوایی بە دەیان پرسیاری دیکەی سەبارەت بەو دیوە نامۆیە لە دایک و باوکی دەکرد. ئەوانیش پێیان دەگوت" مەرگ وەک پایز وایە! سەیرکە، چۆن گەڵای داران رەنگی سەوز و جوانیان لەدەست دەدەن، چۆن چرچ و لۆچ دەبن و یەک لە دوایی یەک وەک شتی بێ نرخ دەکەونە ژێر پێی پیادەڕۆی سەر شۆستەکان. ئێڤای شیرین، ئەوە ساکارترین و سادەترین مانایە بۆ مەرگ " ئاووا لە وەڵامیاندا دەیگوت " من باسی ئەو مەرگە ناکەم کە گەڵا دەکوژێت بۆ ئەوەی ساڵ لە دوایی ساڵ سەوزتر و جوانتری بژیێنێتەوە. من جۆرە مەرگێکم

مەبەستە کە هەرگیز تارماییم نەبینیوە. من باپیرە و داپیرەم تەنها لە وێنەدا بینیون کە هیچ بەهارێک ناتوانێت وەک گەڵای داران بۆ ئێوەیان بگەڕێنێتەوە"

دایک و باوکی لە ئاست ئەو پرسیار و بەدواچوونە قورسانەی کچە هەرزەکارەکەیان تووشی دامان و سەرسوڕمان دەبون. پێیان خۆش بوو کە کچەکەیان ئەوەندە بە دوایی ئەو بابەتانە دا نەچێت کە ئەوان خۆشیان وەڵامەکانیان نەدەزانی.

سەیر بوو ئاووا قەدەری وابوو کە باڵندەیەکیشی بە مردوویی نەبینیبێت، بۆیە کاتێک ئیلشا هەواڵی نەخۆشییەکەی پێگوت و دواتریش وەک مۆمێکی کز رۆژ لە دوایی رۆژ لە پێش چاویدا زیاتر توایەوە، ئاووا پێیوابوو ئەوە دەرئەنجامی پرسین و پێداگرتنی خۆی بووە لەسەر بابەتی مەرگ. هەستی دەکرد ئەوە هەموو گوناهی خۆی بووە کە مەرگی بە جۆرێک بە ئاگاهێناوە تا لە نزیک رۆحی یەکەمین ئەویندار و دواییەمین ئەویندارى سێبەری خۆی نیشاندات. ئەو کەسەی ئاووا بۆ یەکەمین جار مانای رەهایی ئەوینی لە بەریقی نێو چاوە زەردەکانی خوێندەوە. بۆیە ئەو رۆژە خەمناکەی لە فڕگەی شاری شتوتگارت تەرمی ئیلشا لە باوەش دەگرێت، هەست دەکات ئەو لە هەموو کەسێکی سەر ئەو زەمینە دڵساردتر شەقی مەرگ درا بە بناگوێیەکانیدا. هەست دەکات پرسیار و پێداگرتنی خۆی بووە سەبارەت بە مەرگ تا لە خاکێکی دوورەوە بێت و ئەو بە خراپترین و دڵتەزێنرین شێوە سزا بدات.

ئاووا ئیتر خۆزگەی دەخواست کەوا مەرگ بە هیچ شێوەیەک نەبێت بە میوانی رۆژگارەکانی. مەرگی هاوسێیەکی پیری سەر جێگا، مەرگی کەسێکی نەناس لە رووداوی تامپۆن کردن یان وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل، مەرگی هاوپۆلێکی کە لە گەشتێکی ناو چیادا پێیەکانی لەسەر تەپکە شاخێک هەڵخلیسکابن و کەوتبێتە ناو دۆڵێکی قووڵ، یان مەرگی چۆلەکەیەکی بەستەزمان کە بەر تەلی کارەبا کەوتبێت، یان مەرگی پشیلەیەک کە لە پڕ غاری دابێتە سەر جادە و کەوتبێتە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلێکی خێرا. مەرگی ئیلشا بە شێوەیەکی وەها نزیک و کاریگەر خۆی نیشان دابوو کە سانایی بیر ئاووا نەچێتەوە. مەرگێک

که لە ئەوپەڕی غەمگینی و خامۆشی دابوو، مەرگی خۆشەویسترین کائین کە لە پڕ هاتە دونیای ئەو و لێی دەرچوو.

مەرگی کەسێکی پاک و خۆشەویست. مەرگی ئیلشا!

*　　　　　*　　　　　*

ئاووا شەوی دووشەممە لەسەر تەلەفۆن ناڕاستەوخۆ هەندێک پرسیار سەبارەت بە نەخۆشی دڵ لە ئیلشا دەکات. پێیدەڵێت کەوا لەوەتەی هاتۆتە ئەڵمانیا چەند جار فەحسی دڵی کردووە؟ ئایا سەری لە هیچ دکتۆرێکی پسپۆر داوە لەو شارە؟ ئیلشا دەزانێت هەتا سەر ناتوانێت نەخۆشییەکەی لە ئاووا بشارێتەوە، کەچی سێ مانگ تێپەڕ دەبێت بەسەر یەکتر ناسینیان ئینجا بڕیار دەدات کە هەواڵی نەخۆشییەکەی بدرکێنێت، ئەویش تا دوا ئەنجامی پشکنینەکان دەدەکەون.

ئاووا لە تەلەفۆنەکە سەرقاڵ بونی تەواوی پێوە دیاربوو بە خوێندنی لە زانکۆ، کەچی هەر بە ئیلشا دەڵێت کە سێشەممە حەز دەکات لەسەر هەمان کورسییە ساجەکەی ناو پارکەکە یەکتر ببینن.

نیو سەعات پێکەوە قسە دەکەن، دوا ئاخاوتن خەوی خۆش و خەونی خۆش بۆ یەکتری دەخوازن و تەلەفۆنەکانیان بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و هیواوە دادەخەن.

هەینی ئەو ڕۆژە بوو کە دەبوو ئیلشا دکتۆری پسپۆری ببینێت تا ئەنجامی ئەو چەند جۆرە پشکنینەی پێبڵێت کە بۆ خوێنی ئەو ئەنجام درابون. دکتۆری پسپۆر بە تەواوی دڵنیا ببوو لە جۆری ئەو لوکیمیایەی کە ئیلشا تووشی ببوو.

Chronic Lymphocytic Leukemia – CLL

کە بریتی بوو لە دژوارترین جۆری لوکیمیا. کە خوێن گۆڕین و دەرمان و تیشکی رادیۆیش ناتوانن نەخۆش ڕزگاربکەن. خڕۆکە سپییەکانی خوێنی ئیلشا بە تەواوی تووشی هەرەس و تێکشکان هاتبون. دکتۆری پسپۆر بەر لە هاتنی

ئیلشا بۆ ئۆفیسەکەی سەری بەسەر ئەنجامی پشکنین و ریکۆردی نەخۆشییەکەی ئیلشادا داگرتبوو و بیری لە چارە و دەرمانێک دەکردەوە کە ڕێگە بگرێت لە رووخانی ئەو لەشکرە سپییەی کە کاریان بەرگری کردن و پارێزگاری کردنە لەو سیستەمە ئاڵۆزەی سووڕی خوێن. ئەو دەیزانی کە chlorambucil باشترین چارەسەری سەردەمە، بەڵام ئەوەش لە چەند مانگێگ زیاتر ناتوانێت تەمەنی نەخۆش درێژتر ڕابگرێت.

ڕۆژی هەینی ڕۆژێکی چارەنووس ساز بوو بۆ ئیلشا، بۆیە وەک بنیادەمێکی قەلەندەر و نەخۆش نەیدەتوانی تەنیا ڕوو بە ڕووی دکتۆرەکە ببێتەوە. چەند ڕۆژ پێشتر لەگەڵ سەیفی پێکەوە ڕێک کەوتبون کە بۆ شەو بچێت لە ماڵی ئەودا بخەوێت. سەیفی لەو ڕۆژەی کە لەگەڵ ئیلشادا چووبووە لای دکتۆری پسپۆر بەڵگەنامەیەکی پێدرابوو کە بتوانێت لە کاتی پێویست و یارمەتی دانی ئیلشا روخسەت لە کارەکەی وەربگرێت. ئێوارەی پێنجشەممە دوایی تەواو بونی لە کار سەیفی دەچێتە ماڵی ئیلشا بۆ ئەوەی بەیانی پێکەوە زوو بچنە لای دکتۆری پسپۆر. هەردووکیان دڵتەنگی و پەشۆکاوییان پێوە دیار بوو نەیاندەتوانی راستەوخۆ سەیری چاوی یەکتر بکەن و پێکەوە بئاخڤن. بەڵام بەر لەوەی دڵتەنگی دەرونی هەردووکیان بڕوخێنێت سەیفی پێشنیار دەکات کە بچن فلیمێک ببینن. ئیلشا لەوەتەی نەخۆشییەکەی بۆ سەیفی ئاشکرا کردبوو، وەک مەلێکی غەمگین کە تازە کەوتبێتە فڕین و بە ئاراستەکان نەزانێت لە هیچ پێشنیارێکی سەیفی دوو دڵی نەدەکرد. وەک کەسێکی کوێری لێهاتبوو، هەرچی سەیفی بیگوتبایە ئەو بە دوایی دەکەوت.

لە تاریکایی هۆڵی سینەمادا بەر لە دەستپێکردنی فلیمەکە ئیلشا باوەڕی تەواو بەو راستییە دەهێنێت کە ئیتر ئەو کەسێکی خەمۆکی چاوبەستراو و بێ ئیرادەیە. بەڵام لەگەڵ دەست پێکردنی فلیمەکە بۆ ماوەیەک دەچێتە دونیاییکی تر. بە درێژایی دوو سەعاتی فلیمەکە ئیلشا دەمێک رووخاو و دەمێکیش دڵ پڕ لە هیوا و ئاوات بوو.

فلیمەکە ناوی {ژیان جوانە} بوو. کارەکتەرەکانی بە ئیتالی و ئەڵمانی دەئاخڤین. ئەو فلیمە تراژیدیایەکی نێو شەڕ و چیرۆکێکی ئەوینی بە زمانێکی پڕ لە شادی و خۆشی دەگێڕایەوە. تا کۆتایی فلیمەکە ئیلشا و سەیفی تەواو سەرسام ببون بە توانایی پاڵەوان و دەرهێنەرەکەی. بە رای سەیفی بۆ ئەو شەوە فلیمەکە باشترین هەڵبژاردن بوو لە نێو هەموو ئەو فلیمانەی ئەو کات کە لە هۆڵی سینەماکان نیشان دەدران، بە تایبەت بۆ کەسێکی وەک ئیلشا کە بەر لە دەستپێکردنی فلیمەکە لە ژێر باری خەمدا دونیای لە هۆڵی سینەماکە تاریکتر بینیبوو.

*                    *                    *

سالآنی دواتر لە دیار پاڵەوانی هەمان فلیم کاتێک بە گەرمی باسی تاقیکردنەوەی خۆی دەکات لەگەڵ فلیمی {ژیان جوانە} سەیفی لە پاڵ هاوسەرە تازە بووکەکەی دانیشتووە و هۆڕ هۆڕ دەگرییێت. وەک ئەکتەرێکی خەمباری سەرنەکەوتوو و پاداشت نەکراو دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکی هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ ئیلشا. بە هاوسەرەکەی دەڵێت کە چۆن ئەو ئەکتەرە ئێسک سووکە بە درێژایی دوو کاتژمێری فلیمەکە ئەو و ئیلشای خستبووە قاقای پێکەنین سەرباری خەم و دڵتەنگی ئەو شەوەیان. سەیفی بۆ هاوسەرەکەی باس دەکرد کە چۆن پاش دەرچوونیان لە سینەما دەچن تا درەنگ لە دۆنەر فرۆشێک دادەنیشن باسی سینەما و خواردن و ئەدەب و هەزار یەک بابەتی دیکە دەکەن بەڵام هەرگیز بەلای باسکردنی لوکیمیا و هەر نەخۆشییێکی دیکەی سووکتر لە سەر ئێشە ناچن.

*                    *                    *

بۆ بەیانی دکتۆری پسپۆر بە پەرۆشییەوە سەیری ئەنجامەکانی بەر دەستی دەکات و وەک نوێنەرێکی گچکەی عیزرائیل قەلەم دەخاتە سەر وشە و پیتەکان، ژمارەکان کەم و کۆی یەکتر دەکات، پاشان بێئەوەی ورتە لە

دەمیەوە بێت و شتێک بە ئیلشا بڵێت. بە دوو پەنجەی دەستی چەپەی چوارچێوەی چاویلکە شووشەییە رونەکەی دەگرێت و بە دوو پەنجەی دەستی راستەشی نێو قەدی قەڵەم پاندانێکی شیڤەر. خەریک دەبێت بە مەرەکەبێکی سووری وەکو خوێن بەرواری رۆژی مەرگی ئیلشا بخاتە سەر کاغەز.

کاتێک ئیلشا و سەیفی هاتبونە بەردەم دکتۆری پسپۆر، ئەو بە روویێکی ساردەوە پێشوازییان لێدەکات ئەنجامی پشکنینەکەیان پێدەڵێت. بە ئیلشا دەڵیت کەوا ژیانی لە مەترسی دایە بەڵام ئەو هەتا پێیبکرێت یارمەتی دەدات ئەگەر هیچ نەبێت چەند ساڵێکی تر ژیانی درێژ بکاتەوە. ئینجا بە بزەیەکی ساردەوە بە ئیلشا دەڵێت کە حەفتەی دوو سێ جار دەبێت سەردانی بکات بۆ ئەوەی بخرێتە ژێر تیشکی رادیۆیی و هەر جارەی چەند ملیگرام لە ئاوێتەیەکی کیمیاوی بخرێتە نێو خوێنی.

ئیلشا لە تەک سەیفییەوە لە ژێر باری ئەو شیکردنەوە قورسانەی دکتۆری پسپۆر هەموو گیانی دەلەرزی. سەد و هەشتا پلە جیابوو لە دوێنێ شەوی کاتێک بە دیار فلیمی {ژیان جوانە} هەموو گیانی پڕ ببوو لە ئومێد و هیوا. رووی پاڵەوانی فلیمەکەی دەهاتەوە بەرچاو کە تەواو پێچەوانەی رووی ئاڵۆزو هەڵبزرکاوی دکتۆری پسپۆر بوو. روویێک کە بێئەوەی ئاشنا و ناسیار بێت هەوری ئومێد و هیوای دەباراندە نێو گیانی بینەرانی فلیمەکە. دونیای لەبەر چاوان دەکرد بە گەشتێکی شاد و خۆش سەرباری تاڵی و سوێرییەکانی.

ئیلشا لەو وەستانەی بەرامبەر دکتۆری پسپۆر فلیمی راستەقینەی ژیانی خۆی دەبینی کە پاش دەربازبون لە بینە و بەردەی شەڕەکان کە تیایاندا هەزاران گەنجی وەک ئەو بون بە قوربانی شەقیکی غەدر، گوللەیەکی وێڵ، تەقینەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، کەمینێکی هەڵە، هەزار و یەک شتی دیکە کە هەردەم سێبەر و تارمایی مەرگ لە سێبەری خودی مرۆڤ نزیکتر ڕادەگرن.

بەڵێ، ئیلشا وەک رۆبێرتۆ بێجینی پاڵەوانی فلیمی {ژیان جوانە} پاش ئەوەی لە گشت نەهامەتی و کارەساتەکان دەربازی ببوو، وورەی بە خۆی دەدا تا بە خەندەوە روو بە رووی هەواڵی مەرگێکی ناوەخت ببێتەوە.

ئەو کە گەیشتە ئەورووپا ئەو قارەیە لە بەر چاوی کیژۆڵەیەکی ناسک و جوان بوو زۆر جیا لەو ئەورووپایەی نێو کتێبەکانی مێژوو کە چل ساڵان لە نێو تەپ و تۆزی شەڕەکاندا خنکا بوو، کاتێک نەتەوەکان وەک گورگ بەر ببونە گیانی یەکتر. بۆیە وایدەزانی لە مەودوا لە نێو ئەو جوانییە ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات کە زۆر دوور بێت لە شەڕە نگریسەکان، ترس و گرتن و ڕاونان، زمان پیسی جاسووسان و هەموو ئەو ڕەفتار و کردەوانەی کە ئەویان وەک مەلێکی غەمگین پەراگەندەی وڵاتان کرد. وایدەزانی لە ئەورووپا ئیتر دەستی مەرگ هەرگیز بە ئەو ناگات، خەم جارێکی تر ناچێتە بەر دەرگای. بەڵام لە بەرامبەر دکتۆری پسپۆردا هەستی دەکرد هەموو خەونەکانی بە ئەورووپا پووچ و هیچ دەرچوون. بۆیە وەک مەلێکی دڵشکاو ئەمجارە هیچ پرسیارێکی لە دکتۆر نەبوو تەنها چاوەڕوانییەکی جەرگبڕ نەبێت بۆ مەرگێکی ناوەخت و دژوار. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەوەی دڵی وەک هی پیرەمێردێکی دڵتەڕ بۆ ژیان لێیدەدا و خۆی بۆ نەدەگیرا ئەگەر لە دکتۆر نەپرسێت کە ئەو چۆن بەو نەخۆشییە شوومەی دەتوانێت چەند جارێکی تر لەگەڵ یارەکەیدا بخەوێت. سەیر بوو ئیلشا لەو کاتە دژوارەیدا بیری لای خەوتن لەگەڵ ئاووا بوو، دەتگوت نەیدەویست ئەو دونیا ڕەنگاوڕەنگ و فراوانە بەجێبهێڵێت کە تیایدا ئەو تەنها دەتوانێت چەند ماچێک و گانێکی تەواو نەکراوی تێدا بژمێرێت.

ئیلشا بە وەستانی لەسەر خەرەندی قووڵی مەرگ لە ناخیدا دڵێکی تەڕ ترپەی دەهات و وەک باڵەکانی چۆلەکەیەکی تازە فڕ دەجوولا. بیر و خەیاڵی دەچێتە نێو باوەشی گەرمی ئاووا و بەچاوێکی پڕ لە گریانەوە بە دکتۆری پسپۆر دەڵێت " بەڕێز، من چەند ساڵی دیکە دەژیم؟ "

دکتۆر لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی ئیلشادا هەڵوەستەیەک دەکات دەستێکی بەرز دەکاتەوە وەک ئەوی نەزانێت لە چ شوێنێکی سەری دابنێت. پاشان لە وەڵامی پرسیارەکەی ئیلشادا بە بزەیەکی پڕ لە بەزەیی پێداهاتن پێیدەڵێت " زۆر "

ئیلشا لەوەڵامدا دەڵێت " زۆر چەندە ساڵێکە ئایا زیاترە لە دە؟ "

دکتۆری پسپۆر بە قورسییەوە " بەڵێ! "

ئیلشا لە بەرامبەر ئەو وەڵامە کورتەی دکتۆری پسپۆردا تووشی گومان و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دێت و شێوەی ئەو وەڵامانەی دێتەوە یاد کە لە تاقیکرنەوەکاندا لە نێوان هەڵبژاردنی راست یان چەوت، بەڵێ یان نەخێر دادەما. هەردەم پێی خۆش بوو کێشە ئاڵۆزەکانی ماتماتیک و ئەندازە بە راستی بگەیێنێتە ئەنجام، یان بۆ پرسیارێکی کورت وەڵامی چەند لاپەڕەیی بنووسێت. بەڵام ئەو هەرگیز حەزی لەو جۆرە پرسیارانە نەبوو کە وەڵامەکانیان بەڵی و نەخێری کورتن، دوو وەڵامی خێرا، بەڵام پڕ لە ترس و گومان. ئیلشا لە ئاست ئەو بەڵێیە تاق و تەنیایەی دەمی دکتۆری پسپۆر جومگەکانی بە ژان دەهاتن و دەلەرزین. ئەم وەڵامەش وەک هەموو ئەو کەسانەی کە کەوتبونە قەدەری تاقانە و تەنیا بوو. تاقانە وەک خۆی، وەک خوشکە تاقانەکەی، خاڵی تاقانەی، کەزانی تاقانە، ئایفەری تاقانە، سەیفی تاقانەی نێو چوار خوشک، ئاووای تاقانەی نێو سێ برا. تاقانە وەک دونیا، وەک سەربردە و بەسەرهاتی ژیانی ئەو. وەک ئەو {.......}ە تاقانەیەی تەمەنی کە لە شەوێکی تاقانەدا لەسەر قەرەوێلەیەکی تاقانە لەگەڵ کچێکی تاقانەدا کردی.

ئیلشا بەو بەڵێیەی زاری دکتۆر بیر لە ئاووا دەکاتەوە و بەڵێن دەدات کە حەفتەی داهاتوو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری باری تەندروستی بێت. ئاووا دەبێت بزانێت کە نەخۆشییەکەی ئەو تەنها بۆ گیانی ئیلشا خۆی خراپە، دەبێت بزانێت کە ئەو دەمێکە بە دەست لوکیمیا وەک دارێکی رەگ وشک بوو دەناڵێنێت. هەروەها ئاووا دەبێت ئەوەش بزانێت کە ئەو نە سیلیەتی نە ئێیدز تا لە نەفەسێکەوە بگوازرێتەوە بۆ نەفەسێکی تر، یان لە لیکێکەوە بۆ لیکێکی تر. دەبێت ئاووا بزانێت کە ئەو تووشی ترسناکترین جۆری لوکیمیا بووە. بەڵێ، لوکیمیا ئەو پەتایەی کە دەچێت بە گڕ شلەیەکدا کە گەلێک لە پەترۆل بە بەهاتر و پڕشنگدارترە.

* * *

ئیلشا لەگەڵ سەیفیدا پێکەوە بە دڵێکی تەنگەوە ئۆفیسی دکتۆرەکە بەجێدەهێڵن و زوو دەگەنە سەر کورسییە چەرمەکانی ئۆپلەکە. هەردووکیان دەڵێیت قووڕ لە دەمیان درابوو فزەییان لێوە نەدەهات. یەکێکیان نەیدەوێرا باس لە دوا پشکنینەکانی دکتۆر بکات. سەیفی لێرەدا خۆی زۆر دڵپەشۆکاوتر دەبینی لەو شەوەی کە بۆ دەمێکی کورت لە نێوان دوو هاوڕێ کوژراوەکەیدا نیوە مردوو کەوتبوو. ئەو شەوەی مەرگ وەک بروسکەیەکی تیژ و خیرا بە گوڕ هات و بە هەمان گوڕیش گیانی خۆشی نەدیوی دوو هاوڕێیەکەی لە گەڵ خۆیدا برد.

سەیفی لێرەوە هەموو شتەکان جوایەز دەبینێت. دەبینێت کە نە مەرگ ئەو جۆرە مەرگەیە کە لە وەلاتدا هەیە و نە ژیانیش ئەو جۆرە ژیانەی ئەوێندەرە. مەرگ لەوێ جەربەزەیە و شەرم نە لە گەورە، نە لە بچووک دەکات، مەرگ ئەوەندە بێرەحمە برای گیانی خۆی ناناسێت. کەچی لە ئەوروپا کیسەڵێکی هێواش و لەسەرخۆیە کە کەس نایبینێت تا ئەو چرکەیەی دەگاتە سەر کەسەکان. مەرگ لە ئەوروپا سێبەرێکی تەڵخ و نادیارە بە دوایی ژیان، بەڵام شەوق و روناکی ئەو قارە جوانە هەرگیز بواری ئەو مەرگە نادەن بۆ چرکەیەکیش رووی ترسناکی بە ئاشکرا دەرکەویت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەرگەی لە ئەوروپا دوایی ئیلشا کەوتبوو هەمان ئەو مۆتەکە مزیڕ و نابووتە بوو کە هەردەم بەدوای کەسی بێکەسەوەیە.

سەیفی دەمێک بوو دەستی لەسەر فەرمانی ئۆتۆمبێلەکەی رەق ببوو و ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی سویچەکەی نێو دەستی بسووڕێنێت و ئۆپلەکەی بخاتە گڕ. ئەو ئەگەر لە دەستی هاتبایە چۆن لە شەوی کوژرانی دوو هاورێکەیدا ئارەزووی دەکرد کە جەندرمەرکانی لە نێو بەفر دا رووت کردبایەوە و لە نێو دوند و دۆڵی پڕ بەفر و گورگ دا جێیهێشتبان. وەهاش حەزی دەکرد بە ئەو نەخۆشییە شوومەی نێو گیانی ئیلشا ڕاپێچی دەرەوە بکات و وەک خیانەتکارێکی بێ ئابروو بیداتە بەر چەقۆ و خەنجەر، مست و پێ لەقە.

ئیلشا دەیەویست ئەو بێدەنگیە بشکێنێت و پرسیارێک فڕێدەداتە نێو ئاسمانی ئۆپلەکە و چاوەڕێی وەڵامیش نەکات. بەڵام لە جیاتی ئەوە رووی وەردەگێڕێت و تەماشای پەنجەرە شووشەییە گەورەکەی ئۆفیسی دکتۆر دەکات و خۆی هاتە بەر چاو کە چەند دەقیقەیەک پێشتر لە پشت ئەو پەنجەرەیەدا هەستی کرد کە تاقانەترین بنیادەمی سەر ئەم زەمینەیە.

" نازانم چۆن بە ئاووا بڵێم؟ " ئەوە پرسیارەکەی ئیلشا بوو کە دەمێک بەبێ گوێگرێکی ئامادە لە هەوای نێو ئۆپلەکەدا هات و چوو. تا بەر گوێیەکانی سەیفی دەکەون و لەو بێدەنگییە دەریدەهێنن کە ماوەیەک بوو تێیدا نقووم ببوو و بۆ چرکەیەک ئاوڕی بۆ لای ئیلشا نەدابووەوە" کەنگی دەیبینیت!؟ " سەیفی پرسیار دەکات بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە.

" سبەی! " ئیلشا بێئەوەی چاوی لە سەر پەنجەرەی ئۆفیسی دکتۆرەکە هەڵبگرێت.

سەیفی ئەمجارە ئاوڕێک دەداتەوە و دەست بۆ سویچی ئۆتۆمبێلەکەی دەبات و لەگەڵ هەڵکردنی ئۆتۆمبێلەکەی بە ئیلشا دەڵێت " باشترە زوو هەموو شتێکی لەگەڵدا باس بکەیت، نەوەک لە پڕ تووشی حەپەسان بێت. ئەوروپاییەکان وەک ئێمە نین، ئەوان حەزدەکەن هەموو هەواڵێک دەم و دەست بزانن. خۆش بێت یان ناخۆش. رقیان دەبێتەوە بزانن کەسێک راستیان لێدەشارێتەوە "

" ئەمشەو درێژترین شەوی تەمەنم دەبێت! " ئیلشا بەساردییەوە پەرسڤی سەیفی دەداتەوە.

" ئەگەر حەز دەکەیت ئەمشەویش دەچین سەیری فلیمێکی دیکە دەکەین؟ "

" نا..... من خۆم وابوویم بە فلیم. هەروەها وەها باشترە لەسەر فلیمی ژیان جوانە بوەستین "

بۆ ئێوارە سەیفی تا درەنگ لە ماڵی ئلیشا دادەنیشێت، هەردووکیان پێکەوە دەمێک سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، دەمێک یاری کاغەز و دەمێکیش لاپەڕەی ئەو فەرهەنگ و کتێبانە هەڵدەدەنەوە کە ئیلشا لە کۆرسی خوێندنی زمانی ئەڵمانی وەریگرتبون. سەیفی بڕیاری دابوو ئەمشەوە لەگەڵ ئیلشا لە بێدەنگی و

کپییەکی بێوێنەدا دابنیشێت، ئەوەندەی بۆی بکرێت نەچێتە نێو قووڵایی ئەو باسانەی کە ناخ دەهەژێنن و مێشک هەراسان دەکەن. سەیفی پێی باش بوو ئەو شەوە ئیلشا بە ئارامی سەر بخاتە سەر بالیف تا ئەو دەمەی دەگاتە بەردەم ئاووا و روو بە رووی تاڵترین هەواڵی دەکاتەوە.

ئیلشا بەیانی زوو خۆی ئامادە کردبوو بۆ دیداری ئاووا بەڵام مات و مەلوولتر لەو ڕۆژانەی کە تازە هاتبووە شارەکە و هەموو بەیانییەک کاتژمێرێک لەسەر کورسییە ساجەکە دادەنیشت. ئەو مانگێک دەبوو نەچوو بووە پارکەکە، ئەو بەیانییە هەر کە پێی نایە نێو پارکەکە لە دوورەوە پۆلە مراوییەکانی بینین کە خەریک بون بەر لە ئەو بە پێ و دەنووکە پانەکانیان خوناوی سەر فریزی پارکەکەیان دەشکاند. ئیلشا کە گەیشتە سەر کورسیە ساجەکە پێڵاوەکانی تەواو تەڕ ببون، بەڵام بەر لەوەی تەماشای پێڵاوەکانی بکات سەر بۆ پەنجەرەکەی ماڵی ئاووا بەرزدەکاتەوە و دەبینێت پەردەکە دەرزێکی بە ئەندازی چاوێکی تێدابوو. لەو باوەڕە دا نەبوو ئاووا بەو بەیانییە زووە لە خەو هەستابێت. بۆیە ویستی هەمان یاری جاران لەگەل پۆلە مراوییە گەردن نەخشینەکان دووبارە بکاتەوە. کاتێک داهاتن و پارچە کاغەزە پێچراوەکانیان بە دەنووکە پانەکانیان هەڵدەگرتەوە و پاشان بە نادڵی فڕێیان دەدانە سەر زەوی. ئیلشا لەسەرەتای هاتنی بۆ پارکەکە بەختی خۆی بەو شێوەیە لە نێوان مەرگ و ژین دا تاقی دەکردەوە.

ئیلشا دیسان سەر بۆ پەنجەرەکەی ئاووا هەڵدەبڕێت و هیچ گۆڕانێک نابینێت، بەڵام بە بینینی نزیک بونەوەی پۆلە مراوییە باڵ نەخشینەکان دەست دەبات بۆ گیرفانەکەی سەر دڵی و قەڵەمەکەی دەگرێتە دەست. ئەمجارە دەیەوێت پرسیارێکی ئاسانتر لە مراوییەکان بکات کە دەربارەی مردن و ژین نەبێت، پرسیارێک بێت زۆر سادە و ساکار. بریتی بێت لە وەڵامی دڵی ئاووا کاتێک بە هەواڵی نەخۆشییەکەی رووبەڕووی دەکاتەوە. کاتێک وشەی لوکیمیا وەک زەنگی خەتەر لە نێوان لێوە وشک هەڵاتووەکانی ئەو و گوێیە قووڵاغەکانی ئاووادا بە سامناکترین شێوە دەلەرێتەوە. ئیلشا بەر لەوەی

پیتێک بخاتە سەر کاغەز لە خۆی دەپرسێت دەبێت وەڵامی کچێک چۆن بێت کە لە دەستپێکی ئەوینێکی قووڵ دا تارمایی مەرگ بەسەر یارەکەی دا دەبینێت. ئایا یارەکەی بە یەکجاری بەبەجێدەهێلێت و وەک کەسێکی هەرگیز نەبوو لە یادەوەری دەیسڕێتەوە؟ یان لە تەکیدا دەمینێتەوە و وەک ئەویندارە سۆزدارەکان پەیمان و بەڵێن دەدات کە مەرگ و ژینی لەگەڵ ئەو بێت.

ئیلشا کە ئەو خەیاڵانەی دەکرد نەیدەزانی کە سێ رۆژ پاش مەرگی ئەو، ئەو کچە ئاووا نییە کە دوایی مەرگی یار ژەهر فڕ دەکات و خۆی دەکوژێت. بەڵکو ئەوە کەزانی چاو یاقووت و بێکەسە دوایی مەرگی ئەو واز لە ژیان دەهێنێت و ئاگر لە جەستەی زرافی بەر دەدات.

سەعات حەفتی بەیانی بوو دووبارە وەک رۆژانی بەسەر چوو، خەریک بوو دوو شێوە چارەی بۆ بەختی لەسەر پارچە کاغەزی بچووک بچووک دەنووسین. پاشان وەک چوکلێتی ترش و شیرین دەیپێچانەوە و فڕێ دەدانە بەردەمی مراوییەکان. ئەمجارە ئیلشا دوو وەڵامی دەنووسین کە لە جاری پێشوو سادە و ساکارتر بون. لە یەکێکیان دەینووسی {ئاووا بەجێمدەهێلێت} و لەوەی دیکەش {ئاووا بەجێمناهێلێت} مراوییەکان دەهاتن دەنووکیان لە گشت پارچە کاغەزەکان دەدا تەنها یەکێکیان نەبێت کە ئیلشا لە خوار دەنووکی ئەوان بە خێرایی لەسەر گیایە تەڕەکەدا هەڵیدەگرتەوە و بەشەوقەوە خۆی بۆ خوێندنەوەی ئامادە دەکرد دەتگوت ئەوەی لەسەر پارچە کاغەزە لوولدراوەکە نوسراوبوو، دەستخەت و دەستنووسی ئەو نییە، بەڵکو وەسیەتێکی نەخوێندراوەی مامۆستا نەبی باوکیەتی کە شادترین خواست و داخوازی ئەوی تێدابێت. چل دەقیقە بەسەر دانیشتنی لەسەر کورسییە ساجەکەدا تێدەپەڕێت لە پەنجەرەکەدا ئاووا دەبینێت بە قژی پەخش و پەرشانیەوە سەیری پارکەکە دەکات. ئەو کە دەبینێت ئیلشا هەمان نیگارەکەی جارانی نێو پەنجەرەکەوە، پەردەکە بەتەواوی لادەداو لایەکی پەنجەرەکە دەخاتە سەر پشت. پاشان بە قۆڵی رووت و چاوی بەخەوەوە بای بای لە ئیلشا دەکات و دەستە ماچ وەک پەپوولەی رەنگاوڕەنگ بەرەو رووی ئیلشا ڕەوانە دەکات. ئیلشا لەگەڵ خەریک

بونی بە کردنەوەی پارچە کاغەزەکە، دەستی نیوە بەرز دەکاتەوە و بە بزەیەکی مات و خامۆش وەڵامی ئاووا دەداتەوە. ئەفسووس، لە پارچە کاغەزەکەدا ئەو شتە دەخوێنێتەوە کە دڵ و دەرونی هەرگیز نەیدەویست ڕووبدات، بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی بۆ {ئاووا بەجێمدەهێڵێت} دەستی بە ساردی و خێراییەکی بێوێنە دەکەوێتە سەر رانی. دوایی چاوەکانی شێتانە بە دوایی پارچە کاغەزێکی دیکەدا دەگەڕێن کە نووکی پان و نارنجی مراوییەکانی بەر نەکەوتبێت. بەڵام هیچی بۆ نادۆزێتەوە ناچار ئەوە بە یارییەکی منداڵانە و بێ بەرهەم دەزانێت و واز دەهێنێت. لە دڵەڕاوکێیەکی بێوێنەدا مات و داماو لە چاوڕوانی گەیشتنی ئاووا دادەنیشێت.

ئاووا وەک هەموو جارێکی دیدار، بە خەندە و پێکەنینەوە بەرەو رووی ئیلشا دێت. لە دوورەوە پێیدەڵێت کە بۆچی نەخۆشییەکەی دڵی لە ئەو شاردبووەوە؟ ئایا لەخەمی ئەودا بووە کە دڵی نەیێشێت، یان لە خەمی خۆیدا بووە بێ دۆست و یار بمێنێتەوە؟ ئیلشا بە بزەیەکی خەمناکەوە سەیری قووڵایی چاوە قاوەییەکانی ئاووا دەکات و ناتوانێت ئەوەی ناوی وشەیە بیدرکێنێت. ئاووا زوو لە تەنیشتی دادەنیشێت و دەست لەملانی دەبێت، لێرە ئیلشا ئامادە دەبێت کە بچێتە نێو مەبەستی سەرەکی دیدارەکە. بەر لەوەی دەست بە قسەکردن بکات دەستێک دەخاتە پشت ئاووا و لەشە نەرم و نیانەکەی توند بە هی خۆیەوە دەنوسێنێت. وەک ئەوەی دژ بەو بەختە نادیارەی خۆی بجەنگێت کە پۆلە مراوییەکە لە سەر پارچە کاغەزێکی بچووک بۆیان بەجێهێشت. تا دەهات ئاووای زیاتر بە لەشییەوە دەنوساند وەک ئەوەی بە دونیا و قیامەت بڵێت کە ئەو کچە دەلالە هەرگیز دڵی نایەت ئەو تەنیا بەجێبهێڵێت.

ئیلشا بە ماچ گەردن و روومەتی ئاووا داگیر دەکات، دوایی لە پڕ ئاوڕێک بۆ لای پێچەوانەی ئاووا دەداتەوە وەک ئەوەی سەیری هاتنی کەسێک بکات کە لە دوورەوە بێت، ئینجا بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە ڕووی بۆ لای ئاووا وەردەگێڕێت و دەڵێت:

" شیرینەکەم، چی دەکەیت ئەگەر من بۆ دوا جار ئۆغرم کرد و مردم!؟ "

ئاووا لە ئاست ئەو پرسیارە نامۆ و نادیارەدا یەکسەر ڕادەچڵکێت و سەیری نێو چاوە زەردەکانی ئیلشا دەکات، بەڵام بێئەوەی وەڵامێکی دیاری بۆ پرسیارێکی نادیار پێبێت.

ئاووا پێشتر بە درێژایی تەمەنی کەسی نەدیبوو مردبێت، هەرگیز بۆی ڕێک نەکەوتبوو کە کەسێکی ناسیبێت بۆ بەیانی لەپڕ لە پێش چاوانی نەمابێت. ئەو وشەی مەرگی تەنها لەسەر رووی کتێبەکانی ئاین و مێژوو و فەلسەفەدا بینیبوو، کەچی لە پراکتیکدا وشەی مەرگ بۆ ئەو بریتی بوو لە نامۆترین و نادیارترین شت. بۆیە کاتێک لە ڕێگای سەیفییەوە زانی کە ئیلشای دۆست و یاری دووچاری نەخۆشی دڵ بووە، تووشی دڵتەنگییەکی بێ وێنە بوو. هەروەها تامەزرۆ بوو ئیلشا زوو ببینێت و روو بە رووی پرسیارەکانی دەمی و فرمێسکە نەسڕاوەکانی نێو چاوانی بکاتەوە.

کاتێک ئاووا خۆی لە نێو باوەشی ئیلشا دا دەبینێتەوە، رووی دەمی دەکاتە ئەو و پێیدەڵێت " لەو کاتەوەی لە سەیفی هەواڵی ناساغی دڵی تۆم زانیوە، دڵی منیش پڕ بووە لە ئێش و ئازار. ئیلشا، تۆ فریشتەی ژیانی منیت، من زۆر دڵتەنگم بە بیستنی ئەو هەواڵە»

ئیلشا وەک کەسێکی بریندراری نێو شەڕەکان نەیدەتوانی بچێتە نێو وردەکاری و دارشتنی پێشەکیەک بۆ باسکردنی ئەو مەبەستەی کە بەو بەیانییە زووە بۆی هاتبووە پارکەکە. بۆیە بێ هیچ چاوەڕوانییەک و سەرهەڵبڕینێک بەرەو لای ئاووا، پارچە کاغەزەکەی ناودەستی چەند جارێک لوول دەدات و لوول دەدات وەک ئەوەی مێشوولەیەکی چزوو ژەهراوی بێت. ئینجا لەبەر خۆی و بە دەنگێکی کپ و نزمەوە بە ئاووا دەڵێت " من دووچاری نەخۆشی لوکیمیام "

ئاووا لە شوێنی خۆی وشک و واق وڕما و جێدەمێنێت، دەتگوت کەسێکە لە پڕ خراوەتە ناو گۆمێکی سەهۆڵ بەندان و دەرهێنراوە. یان کەسێکە لەسەر تەلارێکی بەرز لە پڕ فڕێ دراوەتەوە خوارەوە. ئاووا بۆ ماوەیەک بێدەنگ

دەبێت، فرمێسک وەک خوناوی سەر گیای بەهاران برژانگە ئەستوور و درێژەکانی تەڕ دەکەن. راستە ئاووا مەرگی کەسی نەبینبوو بەڵام نەشارەزا نەبوو لە جیاکردنەوە و ناسینی ئەو نەخۆشی و پەتایانەی کە لە ئەزەلەوە بە هەڵکەندنی رۆحی ئینسان خەریکن. لوکیمیای لە گشتیان چاکتر دەناسی چونکە گەلێک لەو شاعیر و بیرمەندانەی دونیا کە ئەو لە ناخەوە خۆشی ویستبون و ژیاننامەیانی وەک چیرۆکی ژیانی مووسا ئەزبەر کردبوو، بەدبەختانە بە دەردی لوکیمیا چووبون. ئەو مرۆڤە مەزنانەی لە ئەنجامی توانەوەیان لە نێو بیرکردنەوە و نووسیندا خوێنی گەش و سووری نێو دەمارەکانیشیان ببوو بە مەرکەب و ژەهراوی کردنی جەستەیان. ئاووا کە ناوی لوکیمیای لە زاری ئیلشاوە گوێ لێبوو لە هەموو شتێک زیاتر سەیری بەوە دەهات، کە بۆچی ئەو لە یەکەم شەوی دانیشتن و دڵکردنەوەی بۆ ئیلشا لە قاوەخانەکەی کەنار رووبار خەریکی خوێندنەوەی شیعرەکانی ریلکە بوو. ریلکە ئەو شاعیرە داهێنەرەی کە لە پەنجا ساڵی تەمەنیدا بە لوکیمیا مرد.

ئەو شەوە ئاووا شیعرەکانی ریلکەی بە حەز و تینێکی وا گەرم و عاشقانە بۆ ئیلشا دەخوێندنەوە، بێئەوی بەو ڕێکەوتە سەیر و چاوەڕوانەکراوە بزانێت کە ئەو دۆستە رۆژهەڵاتییە تازەیەی ریلکەیەکی ترە لە ئان و سەردەمێکی تردا بە دەست لوکیمیاوە دەناڵێنێت.

ئاووا بۆ ماوەیەک لە پاڵ ئیلشا نە دەجولێت نە قسەیەکی گونجاویشی دێتە سەر زوبان تا بۆ ئەو ئەوینە بیکات کە خۆی ئوستاد و نیگارکێشی بووە. ئەو تازە نەیدەتوانی سادە و ساکار  بە مەرەکەبێکی سپی وشەی نەخۆشی بکات بە خۆشی. ئەفسووس، ئەو کیژە جوانە ئەوندەی دەهینێا و دەیبرد لە نێو گشت ئەو شاعیر و بیرمەندە رۆح روناکانەی دووچار بە لوکیمیا کەسێکی نەدەبینیەوە نەجاتی بووبێت.

ئاووا تەنها لە رووپەڕی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکاندا کەسانی دووچار بە لوکیمیای ناسیبون. بەڵام هەرگیز لە نزیکەوە هەستی بەو ئازار و مەینەتیانە نەکردبوو کە ئەوان بەدەست نەخۆشی کوشندەوە دەیانبینی. بۆیە دۆزینەوەی

خۆی لە دۆخێکی وەها چەندە دڵتەنگ و خەفەتباری دەکرد، ئەوەندەش بە گەرمی بە دوایی توانایی دەگەڕا بۆ چونە نێو شەڕێک کە تێیدا مەرگ گرەوی ژیانی بەدەستە، تامەزرۆی تێگەیشتن و گەڕان بە دوایی شتێک کە ئەو هەرگیز لە نزیکەوە هەستی پێنەکردبوو. وەک ئەوەی ئیلشا لە بنەماوە بۆ ئەوە نەکەوتبێتە ژیانی ئەو تا رۆڵی عاشقێکی قەلەندەر ببینێت، بەڵکو بۆ ئەوە بووە تا سێبەری مەرگێکی رۆژهەڵاتی بێت و ئەو وەک کچێکی دەلالی رۆژئاوایی بە حەقیقەت و ئەبەدی بونی مەرگ ئاشنا بکات.

دوایی چەند چرکەیەک نقووم بون لە نێو ئەو بیرکردنەوانەیدا، ئاووا تا سەر ئێسقان خەم و پەژارە دایدەگرێت و بیر لەو یارە بێکەس و تەنیایەی دەکاتەوە کە لە سەرەتایی ژیانیدا تووشی کوشندەترین نەخۆشی بووە. نەخۆشییەک بۆتە مێوانی کە هەردەم تێکدەری ئەو خوێنانە بووە کە خڕۆکە سپی و سوورەکانیان پڕن لە تۆی ژیان، پڕن لە پیت و وشەی رەنگاوڕەنگ، لە بەهرە و ئیلهامی ژیانبەخش.

لوکیمیا مۆتەکە و دوژمنی رۆحی بەرزی ریلکەش بوو، رانیێر ماریا ریلکە خۆشەوسترین شاعیری دڵی ئاووا!

ئاووا بەدەم ئەو ئاخاوتنانەی نێو ناخیدا هەردوو چاوەکانی پڕ ببون لە فرمێسک. رقی لەو قەدەرە بوو کە ترسناکترین نەخۆشی لە جەستەی خۆشەویسترین کەسیدا چاندبوو. لە جەستەی ئەو یارەی کە سەر لە سپێدەیەکی زوو وەک فریشتەیەکی غەمگین کەوتە نێو نیگای پەنجەرەکەی ماڵی ئەو، نێو دوو چاوە گەش و قاوەییەکانی.

دواجار ئاووا ئاوڕ دەداتەوە و دەست لە ملی ئیلشا دەکات، هەروەها چەند جارێک لەسەر یەک ماچی دەکات. لەو کاتەدا ئیلشا دەتگوت کەسێکی ڵاڵە، خوێن بە تەواوی لە جەستەی وەستاوە و رۆحیشی چەند سانتیمێک کەوتۆتە دەرەوەی لەشی. ئەو لە ژێر ماچە فرمێسکاوییەکانی ئاووادا لەیەک کاتدا خۆی بە خەمبارترین و دڵخۆشترین کەس دەزانی.

هەردووکیان دەتگوت چونەتە نێو تقووسێکی قووڵی ئەوین کە تێیدا نە بتوانن بئاخڤن و نە بڕواننە رووی یەکتر. هەردووکیان دەتگوت دوو کەسن لە سەردەمێکی ترەوە هاتون. تەنها بۆ ئەوە هاتون تا ئەفسانە و چیرۆکی ئەوینە بەسەرچووەکان زیندوو بکەنەوە، هاتون بۆ ئەوەی مێژوویێکی دیکە بۆ بەسەرهات و چیرۆکی ئەوینداران دابڕێژن. ئەوینێک کە لە ئادەم و حەووا دەستی پێکردبێت و هەوێنی بەردوام بون و ئەزەلیەتی ژیانی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت.

ئاووا پاش ماوەیەکی درێژی بێدەنگی و بیرکردنەوە لە پڕ ئاوڕ لە ئیلشا دەداتەوە و دەست دەکات بە ئاخاوتن. باسی تەلەفۆن کردنەکەی دەکات بۆ سەیفی و ئۆفیسی دکتۆر. ئەو بە پێچەوانەی ئیلشا هەرگیز سڵی لە درکاندنی راستییەکان نەدەکردەوە، بێ پەردە باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن لە یەکەم جاری خەوتنی لەگەڵ ئەو کەوتە گومان، کاتێک هەناسە بڕکێ ی لەسەر قەرەوێلەکەدا پڕ بە ژووری نووستن دەنگی دەدایەوە.

ئیلشا هیچ ناڵێت تەنها بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە چاوەڕێی دوا بڕیاری ئاووا دەبێت تا لەسەر چارەنووسی ئەوینێک بڕیار بدات کە کت و مت لەو ئەوینانە دەچوو کە خەڵک لەسەر رووپەڕی کتێبان دەیانخوێننەوە. ئیلشا بیری دەکردەوە کە دەبێت هەڵوێستی ئاووا چۆن بێت لە بەرامبەر ئەو؟ نەیدەزانی کە لەو ساتە وەختەشدا ئاووا وەک ڕەفتاری هەمیشەیی لە چاوە زەردەکانی دا تەنها یەک شت دەخوێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەو لاوە رۆژهەڵاتییە نەخۆشە نە کەسی بەرادەی ئەو خۆش ویستووە، نە کەسیشی وەک ئەو ماچ کردووە.

ئیلشا لە ئاست قسەکانی ئاووا هەستی بە شەرمەزاری دەکرد و کاغەزە پێچراوەکەی دەستی کە لەسەری نوسرابوو {ئاووا بەجێمدەهێلێت} وەک مێشوولەیەکی خوێن مژ بە دوو پەنجە دەفلیقاندەوە نێو یەک. لەو دانیشتنەیدا لە کەسێکی نێو ژووری سێدارە دەچوو کە دوا تروسکاییەکانی ئومێد خەریک بن بە یەکجاری لە چاوانیدا بڕەونەوە. {ئاووا بەجێمدەهێلێت} وشەی سەر

زاری بوو هەتا ئەو کاتەی لە پڕ ڕادەجڵەکێت و لێوە پڕ و تەڕەکانی ئاووا لەسەر ڕوومەتی خۆی دەبینێتەوە. شاگەشکە بە میهرەبانی ئاووا ئاوڕ دەداتەوە و لێوە تەنکەکانی دەخاتە سەر لێوە پڕەکانی ئەو. دەتگوت ئاووا بە مژینی لێوە وشک هەڵاتوەکانی ئیلشا دەیەوێت ئەو نەخۆشییە نەگریسە لە ڕەگەوە لە نێو ناخی ئیلشادا هەڵکێشێت و لە بەرامبەر هەر شتێک دا بوەستێت کە بەربەست دەخاتە پێش ئەوینی ئەو لەگەڵ ئیلشا.

ئیلشا دەست دەگێڕێت بە قژە پڕ و قاوەییەکەی ئاووا و بە گوڕتر و تامەزرۆتر وەڵامی ماچەکانی دەداتەوە. وەک ئەوەی بیەوێت لە جەستەیە پڕ لە ژینەکەی ئاووا ڤەیتامینی نەمری و ڕۆحێکی تازە هەڵمژێت.

چل دەقیقە لەسەر کورسییە ساجەکەدا خەریکی دەست لەملانێ و ماچ کردن دەبن. پاشان بێ ئەوەی وشەیەک بۆ یەکتر بدرکێنن دەستی یەکتر دەگرن و بەنێو پارک و جادە و شەقامەکانی شاردا پیاسە دەکەن. لە بێدەنگیدا زۆرترین قسە بۆ یەکتر دەکەن.

ئیلشا حەزی نەدەکرد ئاووا بە دوو چاوی سۆزدارەوە لەوە زیاتر تەماشای بکات، بەتایبەت کاتێک بە پەرۆشەوە داوای لێ دەکرد کە شەو لای بمێنێتەوە. ئاووا بە هەر ڕێگەیەک بێت هەوڵی دەدا دڵنەوایی ئیلشا بداتەوە و پێی دەگوت " ئیلشا فریشتەکەم، من هەرگیز ناتوانم خۆم تەسلیمی ئەو ڕاستییە بکەم، تکات لێدەکەم ئەمشەو نە خۆت تەنیا بەجێبهێڵە نە من. دەی شیرینەکەم، با ئەو شەو پێکەوە درێژترین شەوی تەمەنمان بەسەر بەرین! "

شەو لە ماڵ وەک دوو ئەوینداری ئەزەل پێکەوە دانیشتن، ئاووا شیعرەکانی ریلکە بە دەنگێکی پاراو و خۆش بۆ ئیلشا دەخوێنێتەوە. پیت بە پیت و وشە بە وشەی ئەو شیعرانەی بۆ ئیلشا شیدەکردنەوە. لە شیعرەکانی ئادەم، حەووا پێداهات تا بوودا، موحەمەد، شاعیر، ئێوارە، مەرگ، پیاسە، جیران، چاوەڕوانی و هتد.

بەڵام لە نێو گشت شیعرەکانی ریلکە دا، بۆ ئاووا شیعری پۆرترێتی ناخ لە هەموویان کاریگەر و هەست بزوێن تر بوو. هەستی دەکرد ئەو شیعرە کت و مت

**باس لە ئەو دەکات لە بەرامبەر ئیلشا دا. ئاووا ئەمشەوە لە کەسیێتی ئیلشادا رۆحی ناشادی ریلکەییێکی دیکەی دەبینی کە بە هەمان نەخۆشی لە هەمان خاکدا بە دوایی ئەوینێکی ئەبەدی و شادییێکی رەهادا دەگەڕا، بە دوایی خودایەکی نزیکتر لە گشت کەس.**

**ئاووا ئەو شەوە کە شیعری** Innenportrait **ی بۆ ئیلشا دەخوێندەوە، چاوە قاوەییەکانی بە بەریقێکی پڕ لە سیحر و رۆندک دەور درابوو. شیعرەکەی هێواش هێواش بە دەنگێکی لە دەنگی بولبول ناسکتر و بە جۆشتر دەخوێندەوە، بە سەر خاڵ و فاریزەکان ماوەییێکی درێژ دەوەستا و چاوەڕێی ئیلشا دەبوو تا ماناکانی لە خەیاڵیدا دەکرد بە کوردی.**

**Innenportrait**

**Rainer Maria Rilke**

***Sie überleben nicht in mir wegen der Gedächtnisse; noch sind sie***
***Grube wegen einer reizenden sehnenden Stärke.***
***Was Sie bildet, ist Geschenk der leidenschaftliche Umweg, den eine***
***langsame Weichheit in meinem Blut nachvollzieht.***
***Ich brauche nicht, Sie zu sehen zu erscheinen;, tragend genügt,***
***damit ich Sie weniger verliere.***

**پۆرترێتی ناخ**

**رانیێر ماریا ریلکه**

*تۆ هەر لەبەر یادەوەرییەکان،*
*لە نێو مندا ناژیت*
*تۆ هی من نیت لەبەر پەیوەندی درێژی پێکەوە بون.*
*ئەوەی تۆ دەکات بە ئێستاکەی من،*
*ترپەیەکی پڕ لە سۆزە ئارامی دەهێنێتە نێو خوێنم.*
*من نامەوێت بتبینم دەرکەویت*
*کە تەنها بۆ ئەوە هاتبێتیە دونیا*
*هەتا کەمتر ونت بکەم.*

ئاووا دوایی خوێندنەوەی ئەو شیعرە دەست لە ملی ئیلشا دەکات و دەکەوێتە نێو بێدەنگییەکی قووڵەوە. دوایی هەڵدەستێت و بەرەو یەخچاڵەکە دەچێت و ئەوەی دەستی دەکەوێت دەهێنێتە سەر مێزەکە. هەرچەندە دەیزانی کەوا ئیلشا لەو بارە دژوارەیدا ئەستەم بوو دڵی چووبایە هیچ شتێک. ئاووا کە دادەنیشێت دەبینێت ئیلشا کتێبێکی دەربارەی ژیانی نیچەی بەدەستە. ئاووا کتێبەکە لە ئیلشا وەردەگرێت و بە چاو داوەتی سەر مێزەکەی دەکات. پاشان پێیدەڵێت " فریشتەکەم ئیلشا، نیچە بیرمەندێکی گەورە بوو. وتە بە نرخەکانی ناخی مرۆڤ پتەو و بەهێز دەکەن. بەڵام ئێستاکە با شتێک پێکەوە بخۆین! "

ئاووا لێرەدا وەک کەسێک ڕەفتار و قسەی دەکرد کە هەرگیز نەزانێت مانای ئازاری لەش چییە، ئەو ئەمشەوە دەیەویست خۆی و ئیلشا بخاتە نێو وێژەیەکی قووڵ لە ئاخاوتن و هزری ئەو بلیمەتانەی کە وشەکانیان هەندێک جار لە داو و دەرمان باشتر کاردەکەن. ئەوانەی وشەکانیان هەر بۆ زاخاوی مێشک نین، بەڵکو کار لە ڕۆحی ئینسانیش دەکەن. لەو کاتەدا ئاووا دەست لە

ملی ئیلشا دەکات و پێیدەڵێت " شیرینەکەم، هەوڵ بدە ئەوەندە بیر لە ئازارەکانت نەکەیتەوە! "

پێشتر ئیلشا لە ڕێگای نزیک بونەوەی لە پارکەکە هەستی بە سەرسامییەکی زۆر کردبوو لە بەرامبەر میهر و خۆشەویستی ئاووا.

ئیلشا ژیانی وەک فلیمێکی دروستکراو دەبینی کە تێیدا هەموو ساتەکان دراماتیک و دووبارەن. ئەو لە منداڵییەوە لەو ڕۆژەوەی دایک وباوکی بە کارەساتی ئۆتۆمبێل دەمرن، هەرگیز نەیتوانی بوو بە زمانێکی سروشتی گوزارشت لە ژیانی بکات. هەستی دەکرد ئەو بەو ژیانە کورت و پڕ لە بەسەرهاتەی، تەمەنی پڕ لە ئازاری پێغەمبەرەکانی سەردەمی کۆنی هەیە. کەسێکە لە هەموو زەمەنەکاندا دەژیت و ڕووداوەکان لە پێشی دا ئەوەندەی شەپۆڵەکانی ئۆقیانوس بەرز و نزمن. کەچی خۆشبەختانە بۆ ئەو هەردەم حەووایەک هەبووە کە وەک پەری ئۆقیانوسەکان داڵدە و ڕزگارکەری بێت. ئیلشا لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتە سەیر و تیژ گوزەرانەی ژیانی کە پڕ بون لە تاڵی و سوێری، لە شیرینییەکی ناوەخت، هەرگیز وەک کەسێکی ئاسایی نەیدەتوانی بیری فراوان و پەرش و بڵاوی کۆبکاتەوە. ئەو پاش مێژوویەکی درێژ لە خوێندنەوە، رامان لە هەردوو وشەی خود و خوادا، قووڵبونەوە لە ئەوین، لە نێو مێشک و دەرون و  دڵ و جەستەیدا نەخۆشییەکی شووم و ناوەخت ناخی ئەوی بە شێوەیەکی وەها شێتانە شێواند کە لە ئەنجامدا دڵەڕاوکێ و گومان بون بە بەشێکی نەپچڕاوە لە ئەندێشەی ئەو. بەڵام ئەگەر کەسێک وەک ئاووا لە نزیکەوە بیناسیبایە، هەستی دەکرد لە بەرامبەر کەسێکە کە هی هەموو زەمەنێکە! ئاووا هەر لە دەسپێکی ئەو ئەوینە ئەفلاتونییەی نێوانیان زوو دەرکی بە کەسییەتی ئیلشا کردبوو. هەروەها بەیانییەک پاش ئەوەی لە زاری یەکێک لە پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ، وتەیەکی سۆرین کیرکگاردی گوێ لێببوو، ئەو یەکسەر خەیاڵی بۆ ئیلشا چووبوو. ئەو رۆژە بە درێژایی ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵ بیری لە وتەکەی ئەو فەیلەسووفە بیر تیژە کردبووەوە وەک ئەوەی وەسفی کەسێکی وەک ئیلشای بۆ کردبێت.

لە نێو ترام وەی و باسدا وتەیەکەی چەند جار وەک خۆی دەنووسییەوە چۆن لە زاری پرۆفیسۆرەکەی گوێ لێببوو بە خاڵ و فاریزەکانیشەوە. وەک ئەوەی لەگەڵ زمانی پاراوی مامۆستاکەی ئەو نیشانە ورد و بەنرخانەی دونیای نووسینیش وەک بارانێکی نەرم کەوتبنە سەر لاپەڕەکەی ئەو.

(هەر کەسێک فێری ئەوە بوو بە ڕێگاییێکی راست گومانی هەبێت، فێریش بووە چۆن بگات بە یەقیین!) – سۆرین کیرکگارد

ئەوەی لە شەوی پێکەوەبون لەگەڵ ئاووادا، لە هەموو شتێک زیاتر کاری لە ئیلشا کرد نە مانای قووڵەکانی شیعرەکانی ریلکە بون، نە فەلسەفەی نیچە و کیرکگارد، بەڵکو ئەو دەنگە خۆشەی و ناسکەی ئاووا بوو کە وەک خوڕەی ئاوی بێخاڵ و ئەحمەدئاوا دەهاتە نێو گوێییەکانی. وایدەزانی ئەمشەوە ئەو نەخۆشە بەدبەختەکەی سەر لێواری مەرگ نییە، بەڵکو شەهرەیارێکی سەردەمی نوە. جوایەز لەو شەهرەیارانەی کە ئامادەن بۆ چەند تنۆکێک خوێن بووک لە گۆمی خوێندا بگەوزێنن، یان بە دەستی شاهانەیان بە ناوی پارێزگاری لە شەرەفی گەل بە دەرزەن ژن بخەنە نێو تونێلە قووڵەکانی مەرگ. ئەمشەوە ئەو شەهرەیارێک بوو هەژار و بێکەس، تەنیا و نەخۆش تەواو پێچەوانەی ئەو شایەی کە دەبووایەی هەزار و یەک شەو حیکایەتی بۆ بکرێت تا لە تاوان دوور بێت. ئیلشا خۆی نقوومی نێو ئەدەب و حیکایەت بوو، هەرگیز پێویستی بە شەهرەزادێک نەبوو کە لە خراپە و تاوان بە دووری بخات. ئەو جۆرە شەهرەزادانەی کە دەتوانن بە مەکر و فیڵی زۆرزانانەوە هەزار و یەک شەو لەسەر یەک حیکایەت بۆ ئەو پیاوە دڵڕەقانە بگێڕنەوە کە لەوەتەی هەن وشەیەکیان لە کتێبێکدا نەخوێندۆتەوە. ئەگەر ئەمشەوە ئەو شەهرەیار بووایە ئەوا شەهرەزادەکەی کچێکی رۆژئاوایی دەلالە کە دەتوانێت بە یەک شەو حیکایەتی هەزار و یەک شەو بگێڕێتەوە. ئەمشەوە شەهرەزادەکەی ئەو بۆ ئەوە دانەنیشتووە تا خۆی و هاوچارنووسانی لە ژێر چەپۆکی مەرگ دەربهێنێت. بەڵکو شەهرەزادی ئەو بە خوێندنەوەی شیعر و

وتە فەلسەفییەکان، حیکایەتە کورت و پێکەنیناویەکان خۆی خەم ڕەوێن و ڕزگارکەری ئەم شەهرەیارە بەدبەختەی بەردەمیەتی.

لێرەدا ئیلشا سەری خستبووە سەر رانەکانی ئاووا و بە چاوی نوقاوەوە گوێ گرتبوو بۆ شیعرەکانی ریلکە بە دەنگە پڕ سۆزەکەی ئەو. ئیلشا بەبێ چاوکردنەوە و سەیرکردنی ئاووا هەستی دەکرد دەنگی ئاوواش وەک دەنگی پەروین موشیر وەزیری نەغمەیەکی سازگار و نەرم و هارمۆنی تێدایە. دەتگوت خودا ئەم جۆرە دەنگانەی هەر بۆ شیعر خوێندنەوە دروست کردون. ئیلشا بە هۆی دەنگی ئاوواوە تەواو مەست ببوو بە شیعرەکانی ریلکە دەتگوت لە ئەو زیاتر لە مانا شاراوەکانی شیعرەکان دەگەیشت. ئەو شیعرانەی کە سەد ساڵ بەر لە دایک بونی ئەو بە هەمان دەرد و کول و برین نوسرابون، کاتێک نەخۆشی و خەم و نەداری وەک هەوری رەش مانگی روناکی دڵی شاعیرێک دادەپۆشن. ئیلشا خۆی کوشتبایە نەیدەتوانی دێرە شیعرێک بنووسێت، کەچی وەک شەیدایەکی ئەو دونیایە قووڵ وسەرسامە، شیعر نەبوو لە بەردەمی بمێنێت کە لە کۆتاییدا ماناکەی نەزانێت. ئیلشا بە دونیای زۆربەی شاعیران ئاشنابوو (دۆستێ من دوژمنێ پۆستێ من، بەگێ ئاخیر زەمان)ی قەدری جان، وەک دەقێکی زیندوو لە هەرزکارییەوە تا گەیشتنی بە خاکی غوربەت لەگەڵیدا دەژیا. بەڵام لە غوربەتدا و لە زمانی یەکەم و دوا ئەوینداری، دونیای ریلکە دەبێت بە دوا وێستگەی شیعر خوێندنەوەی ئەو. لەبەر دوو هۆ شیعرەکانی ریلکە تا ناو مۆخی ئێسقانەکان کاریگەرییان لەسەر رۆحی ئیلشا دانا. یەک، لەبەر ئەوەی لە یەکەم شەوی دیداریدا لەگەڵ ئاووا شیعرە بەرزەکانی ریلکە بون لەگەڵ نەسیمی شەوی کەنار رووبار وەک مانفیستۆی ئەوینێکی ئەبەدی ناخ و دەرون و دڵی ئەویان بە تەواوی داگیر کرد. دوو، ریلکە ئەو شاعیرە چاو زەردە بوو کە پەنجا ساڵ بەر لە هاتنی ئیلشا بۆ دونیا لە پەنجا ساڵیدا بە هۆی لوکیمیاوە دونیای جێهێشتبوو.

ئیلشا وەک شەهرەیارێکی شا بەڵام نەخۆش سەری نەرم و وەریوی نقوومی نێو کۆشی نەرمی ئاووا کردبوو، دەتگوت ئادەمێکە لە یەکەم ساتەکانی

دەرکرانیدا لە فیردەوسی ئەبەدەیەت، دونیا و دوارۆژ لە نێو کۆشی حەووادا نەبێت لە هیچ شوێنێکی تر نابینێت. بەڵام لە راستیدا ئەو وەک ئادەم نەبوو ئەگەر بە بیرەوەریەکانیدا بگەڕابایە ئەو هیچ بەهەشتێکی نەدەبینی کەوا لە دوایی خۆی بەجێیهێشتبێت تا بۆی بگریت. ئەو لە شوێنک هاتبوو کە مەیدانی بەردەوامی شەڕە گەورە و بچووکەکانە، وڵاتێکە کە تیایدا هەردەم زمانی جاسووس لە زمانی بەهرەمەند درێژترە، دەستی زاڵم لە هی هەژار، بۆیە ئیلشا وەک ئادەمییەکی مەلوول، هەزار و یەک بیرەوەری تاڵی لە خەیاڵدا بوو، لە نێوان خوێندنەوەی هەر کۆپڵەیەک لە شیعری ریلکە لە لایەن ئاوواوە، ئەو یادەوەرییێکی وەلاتی خۆی دەگێڕایەوە. کە هەر هەموویان مووچرکیان دەخستە نێو گیانی ئاووا و تاوێک دەیانوەستاند، بەر لەوەی دووبارە دەست بکاتەوە بە خوێندنەوەی پارچە شیعرێکی دیکە.

ئیلشا باسی ئەو ماڵەی بۆ ئاووا دەکرد کە دوو دەرگا لە خوار ماڵی کەزان بوو کە چۆن لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا کابرا قووتەکەی گەڕەک یەک مەفرەزە چەکدار دەباتە سەریان. هەر لە بەر ئەوەی کابرای پیری خاوەن ماڵ دوو خوشکی کوێر و سووتاوی خۆی لە ژوورێکدا حەشار دابون. پاش ئەوەی لە بۆردمان کردنی شێخ وەسانان بە ترس و ئازایەتییێکی زۆرەوە هەردووکیانی نیوە مردوو دەرباز کردبوو. ئەو شەوە کاتێک بردیانن نەدەبووایە کەس لە گەڕەک سەر دەربهێنێت و سەیری نهێنی ئەم رووداو و تاوانە بکات. درەنگانی شەو بوو، کاتێک ئیلشا لەسەر بانی ماڵی خاڵی خەریکی خوێندن بوو. بەو رووداوە خەمێکی قووڵ لە ناخی ئەودا رووا و وایکرد هەتا سەر دونیا رەش و بێکەلک ببینێیت، خۆشی بە تەنیاترین و بێدەسەڵاترین کەس. ئیلشا لەسەر بان دەیبینی ژن و کچکەکانی پیاوە پیرەکە چۆن دەست و پێی چەکدارەکان و پیاوە قوتەکەیان ماچ دەکرد و دەپاڕانەوە. کەچی قوتەی گەڕەک بە روویێکی شەرمەزار و نامەردەوە وەک پیاو باشێک دەنوشتایەوە و ژن و کچەکانی لە سەر کۆنکریتی جادەکە هەڵدەستاندنەوە سەر پێ و پێیانی دەگوت " خوشکینە، هەستن برۆنە ژوورەوە، ئەوانە بۆ نەخۆشخانە دەبردرێن تا تیمار بکرێن.

وەها مەکەن بەم شەوە خەڵک کۆبېیتەوە و چەکدارەکان ناچار بن دەستڕێژیتان لێبکەن "

ئیلشا بە ئاووای دەگوت کە پێش ئەو ڕووداوە و دواتریش ئەو هەردەم رادیۆیەکی بچووکی بە دەست بوو، شەوان دوایی خوێندن گوێی دەگرت لە هەردوو رادیۆی {بی بی سی} و {ڤی ئۆ ئەی} لەو شەوانەیدا ئەوەندە نەدەما شێت بێت و عەقلی لە دەست بدات، کاتێک گوێبیستی ئەو هەواڵانە دەبوو کە دەیانگوت چاودێرە بیانییەکانی سەر سنوور بۆنی هیچ تراژیدیایەکیان نەکردووە.

ئیلشا بە دڵڕەنجانێکی زۆرەوە بە ئاووای دەگوت کە ئەو ئەمشەوە خۆزگەی بوو لە جیاتی رادیۆکە، کامیرایەکی بچووکی پێبوایە وێنەی دوو خوشکە بەستەزمانەکەی بۆ مێژوو بگرتبایە، کاتێک هەردووکیان وەک دوو دیلی شەڕ و دوو باڵندەی غەمگینی باڵشکاو بە بەتانی داپۆشرابون و بە پەلە پەلکێشی نێو جێبە وازە سەربازییەکە کران. ئیلشا دەیگوت" ئەو شەوە وامزانی بوو کە تاکە شایەدی ئەم تاوانە گەورەیە تەنیا منم، بەڵام ڕۆژانی دواتر لەسەر ڕێگاکان، لە ناو هۆڵ و کافێتریا و باخچەکانی زانکۆ، لە نێو تاکسی و پاسە قەرەباڵغەکانی بازاڕ، بەردەوام گوێم لە سەدان نمونەی دیکەی تاوان دەبوو کە لە بەرامبەر بریندار و قوربانیانی چەکی کیمیاوی ئەنجام درابون. هەندێک کەس دەیانگوت کە ئەوان لە گۆڕێکی گەورەدا لە بیابانێکی گەرم و دوور زیندە بەچاڵ کراون، هەبوو دەیگوت نا هەموویان بۆ تاقیگەیەکی گەورە بردراون تا لە نێو کورەیەکی گەرمدا بسووتێنرێن و جۆرە مادەیەکی کیمیاویان لێ دروست بکرێت. یەکێکی تر دەیگوت نەخێر من بیستوومە هەر هەموویان فرۆشراون بە خەستەخانەی چەند وڵاتێک تا گورچیلە و ئەندامەکانی دیکەیان بۆ نەخۆشی تر بەکاربهێنرێن "

ئیلشا لە کاتی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ ئاووا زۆر پێی سەیر بوو کچێک بەو هەموو جوانییەوە کەوتبێتە داوی کەسێکی نەخۆش کە لە پەژارە و خەم

زیاتر هیچی لەگەڵ خۆی نەهێنابێتە ماڵی ئەو. کەسێک ئەوەندەی بە خەیاڵیدا بگەڕێت بەسەرهاتێک نا دۆزیتەوە کە بە هەوری خەم دانەپۆشرابێت.

لێرەدا دوایی خوێندنەوەی شیعرێکی دیکەی ریلکە، ئیلشا دووبارە دەچێتەوە سەر گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ خەم و باسی ماڵی کەزان بۆ ئاووا دەکات، کە چۆن لە ناکاو دەبن بە هاوسێی ئەوان. پاش ئەوەی لە شەوێکی ترسناکدا لە ئۆردوگایەکی دەرەوەی شار باوک و سێ برای لە گەڵ هەزارانی دیکەدا شوێن بزرکرابون. بەڵام کەزان و دایکی وەک هەموو ژن و کچانی قوربانی ئەو تاوانە شوومە تا چک بونی روندکی چاوانیان بە هیواوە لە چاوەڕوانی دابون.

ئاووا واق وڕماو و سەرسوڕماو گوێی بۆ ئەو بیرەوەری و چیرۆکە تاڵانەی ئیلشا گرتبوو. سەیری بەو ڕێکەوتە دەهات کە ئیلشای خستبووە ژیانی. ئاوواو ئیلشا لە دوو کەس دەچون، کە بە دروستی پێناسە لە مانای ژیان بکات. ژیان بە هەردوو دیوەکەیەوە. دیوێک کە پڕە لە خەم و پەژارە و دڵتەنگی، لەوێدا مرۆڤی دڵرەق و دڵبەرد بڕیار و جڵەویان بە دەستە و ژیان لە ملیۆنان کەس تاڵ دەکەن. ژیان لە خەڵک دەکەن بەو جەهەندەمەی کە کتێبەکانی ئاین لە ئەزەلەوە ناوەکەی بە گوێی مرۆڤدا دەچرپێنێت. دیوەکەی تر تەواو پێچەوانەیە، مەرگ و خەم شتێکی نامۆیە تیایدا. ئاووا پێیوابوو ئەو دیوە گەشەی ژیان هەرگیز نابێتە شتێکی کامیل و تەواو هەتا دیوە پڕ خەم و گرفتەکە بمێنێت کە بە قەوارە سەد جار گەورەترە. بۆیە ئاووا لە دڵدانەوەی ئیلشا، ژیانی خۆی زۆر بە شتێکی بێمانا و هیچ دەزانی و دەیگوت" هەتا ژیان ئەو لەنگی و ناتەواوییە بە خۆییەوە ببینێت، خۆشی لەو دیوە و ئەو بارودۆخەی کە منی تێدا گەورەبووە هیچ مانا و تامێکی نییە" بە ئیلشای دەگوت " سەیرە، لە کاتێکدا من کەسێکم نەبینووە بە مردنی سروشتی ئەو ژیانەی جێهێشتبێت، کەچی تۆ بەو تەمەنە کەمەتەوە چیرۆکی وەها دەگێڕیتەوە کە لە سەردەمێک دەچێت کە پێغەمبەران تیایدا ژیابن، تۆ وەک ئەوان لە نێو مەرگدا دەربازبوویت تا پەیامیک بەگوێی دیوەکەی تری دونیا بچرپێنیت. پێمان بڵێیت کە ئەوەی ئێمە بەهەشتێکی ساختە و یۆتۆپیایەکی

ناتەواوە، هەروەها بە هەزارانی وەک من بڵێیت کە ژیانی خۆشی ئێمە هیچ و بێمانایە  بە تایبەت کاتێک دونیایەک لە پاڵ دونیاکەی ئێمەدا هەیە کە رۆژانە هەزار و یەک رووداوی جەرگبڕی تێدا ئەنجام دەدرێت "

ئاووا لە رووی پڕ لە خەم و نیگەرانی ئیلشا مەرگی دوو خوشکەکەی شێخ وەسانانی دەبینی، مەرگی باوک و براکانی کەزان، مەرگی هەزاران هاوڵاتی بێتاوان. لە ژیانی خۆی و ئیلشاشدا دوو شتی سەدا سەد پێچەوانە بە یەکتری. لە یەکێکیان تارمایی مەرگ لەگەڵ خەو و خواردندا بەشێکی سەرەکی ژیانی خەڵکی داگیر دەکات، کەچی لە ئەویتریان وەک چۆن لە ژیانی ئەودا ڕوویدابوو سێبەری مەرگ بە ڕێکەوتیش خۆی نیشانی خەڵک نادات. زۆرن ئەوانەی هەتا ئەو رۆژەی مەرگی خۆیان دەبینن، وشەی مەرگ لە قووڵایی رۆحیان وەک شتێکی نامۆ دەمینێتەوە. بۆیە ئاووا لە کۆتایی پەیوەندی لەگەڵ ئیلشادا هەستی کرد کە ئەو کوڕە رۆژهەڵاتییە غەمگینە وەک پێغەمبەرێکی هەڵاتووی سەردەمی کۆن تەنها بۆ ئەوە هاتبوو تا بە مەرگی تراجیدی خۆی ئەو لە بێئاگایی و خەوێکی قووڵ بە ئاگابهێنێت. مەرگێک کە وەک زەنگی کلێسا کەوتبێتە بەر گوێی ئەو و خەڵکی گەڕیدە کە لە ناو هۆڵەکانی فڕگەی نێودەوڵەتی شتوتگارت لە هات و چۆ دابون. ئەو کاتەی ئاووا بۆ یەکەم جاری تەمەنی بە بینینی مەرگ بە جۆرێک تاسا بوو و هەستی کرد کەوا قەدەرێک ئەوی سزا داوە کە هەردەم دژ بە تێکەڵ بونی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە.

ئەو رۆژەی جەستەی ئیلشا وەک شێرە بەفرینەیەکی تواوە بە باڵای چناریدا هاتە خوار، پاشان رەنگ زەرد و بێ گیان کەوتە سەر مەڕمەڕی زەمینی فڕگەکە و ژێر پێی ئەو گەڕیدانەی کە بە پەلە جانتاکانیان بە دوایی خۆیاندا ڕادەکێشا. ئەو کات بوو کە ئاووا زانی بێئاگایی بونی ئەو لە زاراوەی مەرگ چ سزا و قەدەرێکی هێناوەتە پێش کە لە خودی مەرگ گەلێک تاڵترە. ئاووا ئەو کاتە لە گەڵ خێرا لێدانی ترپەکانی دڵی هەستی کرد کە تاڵترین شت بۆ ئەو مەرگی ئەو کەسەیە کە لە هەموو کەسێک خۆشەویسترە. بە دیار ئیلشاوە هەستی دەکرد کە ئەو بە مەرگی تاڵی هەمان ئەو یادەوەرییە دڵتەزێنانە بۆ خەڵک

دەگێڕێتەوە و لە بێدەنگیدا دەڵێت" هۆ خەڵکینە مەرگی من بەو شێوەیە ڕاگەیاندنی مەرگێکی بێ ئەژمار و بە کۆمەڵی خەڵکێکی بێتاوانە، مەرگی بە هەزاران ژن و پیاو ، پیر و پەکەوتە و منداڵ. مەرگی من پەیامێکە بۆ ئێوە ئەی خەڵکی گەریدە و بەڕێز تا هەریەکەتان لە ماڵەکانتان، شارەکانتان و وڵاتەکانتان دەست پێبکەن و چیرۆکی مەرگی من بگێڕنەوە کە لە مەرگی هیچ کەسێکی دیکە ناچێت "

ئەمشەوە کە پێکەوە دانیشتبون ئاووا لەگەڵ گوێ گرتنی بۆ چیرۆکە خەمناکەکان ترسی لێنیشتبوو نەوەک ئیلشا بەو نەخۆشییە شوومەی و هەموو خەم و برینەی کە لە ناخیدا هەڵیگرتبوو چرای تەمەنی لای ئەودا بکوژێتەوە. بەڵام کە بیری ئەوینە قووڵەکەی نێوانیان دەکردەوە دڵی بە چرایەک خۆش دەکرد کە وەک داری مووسا تاریکترین قوژبن روناک دەکاتەوە و خوێنێکی نو بە جەستەی مرۆڤدا دەگێڕێت.

ڕۆژانی دواتر ئاووا دەبێتە هاوخەمی گیانی بە گیانی ئیلشا و هەنگاو بە هەنگاو بە دوایی ڕێگا چارە و پێشهاتەکاندا دەگەڕێت کە نەخشە و چارەنوسی ئیلشایان دیاری دەکرد. ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بۆ بەخشینی خوێن هەرچەندە سەردەمی منداڵی لێ بترازێت، ئەو لەژیانیدا دەرزیەک نەخرابووە سەر پێستی.

ئاووا دەیزانی کەوا لە ڕۆژئاوا خەستەخانەکان بەگشتی بانکی خوێنیان هەیە، بۆیە بۆ هیچ نەخۆشێک ڕاستەوخۆ کەسێکی دیکە ناخەنە ژێر نووکی دەرزی. ئاووا بە دکتۆری دەگوت کە ئەوە بیروکراسییەتە و پێی باش بوو کە خوێنەکەی ئەو بکرێتە نێو دەمارەکانی ئیلشا لە جیاتی هی کەسێکی دیکە. بەڵام دکتۆرەکە بە شێنەیی جۆری لوکیمیاکەی ئیلشای بۆ ئاووا ڕون دەکردەوە کە چۆن یەکێکە لە ترسناکترین جۆرەکان و بەخشینی خوێنیش چارەی ناکات. بە ئاووای دەگوت کەوا لوکیمیاکەی ئیلشا دووچاری بووە بە زمانە زانستییەکە پێیدەڵێن *CLL* لەو جۆرە لوکیمیایە کە خڕۆکە سپییەکان لە هێکڕا بەرەو زیاد بون دەچن و شێوانێکی ترسناک دەخەنە نێو سووڕی خوێنی نەخۆش.

دکتۆرەکە لە ژێر چاویلکە شووشەییە رونەکەیدا لە جوانی و بەژن و باڵای ئاووا ڕادەما و سەیری بەو پەیوەندیە دەهات کە کچێکی وەها شۆخ لەگەڵ پەنابەرێکی نەخۆشدا هەیبوو. بۆیە کە خوداحافیزی لێدەکات بە پێکەنین و پلارێکی ژیرانەوە پێیدەڵێت " کچی جوان، من لێرە بەدواوە ئیتر باوەڕ بە قودرەت و نهێنی قووڵی ئەوین دەهێنم! "

دکتۆرەکە دوایی تەوقەیەکی گەرم لەگەڵ ئاووا، بەردەوام دەبێت لە قسەکردنی تاڵ و تفت سەبارەت بە نەخۆشییەکەی ئیلشا. بەڵام ئەو کاتەی کە ئاووا خەریکە دەرگای ژوورەکە لە دوایی خۆی دادەخات و دەڕوات، دکتۆرەکە ئیتر فرسەتی ئەوەی نییە دوا وشەکانی ناخی بگەیێنێتە گوێییەکانی ئەو " من سەرسامم بەو ئەوینەی کە لەنێوانتاندا هەیە، بەڵام ئەفسووس من لە تەمەنمدا دەبم بە شایەدی یەک چیرۆکی ئەوین، ئەویش کورترین و خەمناکترینانە! "

ئیلشا لە پاش ئاشکراکردنی نەخۆشییەکەی بۆ ئاووا تا دەهات لاوازتر و بێهێزتر دەبوو. هەندێک جار لە کاتی وەرگرتنی چارە و دەرماندا جەستەی وەک پارچە ئیسفەنجێک دەئاوسا و بەل دەبوو. هەرگیز لەم ئیلشا بەژن درێژو روو ناسکە نەدەچوو کە ئاووا یەکەم جار لە پارکەکە بینیبونی.

*                    *                    *

لەو ماوەیەدا خوشکە تاقانەکەی ئیلشا چەند جارێک تەلەفۆنی کردبوو، بەڵام لە هەموو تەلەفۆنەکانیدا لەبەر پچڕان و بێهێزی هێڵەکە نەیتوانیبوو پڕ بە دڵی لەگەڵ براکەی بئاخڤێت. ئەگەر ئەو کێشە سەر ئێشێنەیەش نەبووایە، ئیلشا هەرگیز ئامادە نەبوو ناخۆشترین هەواڵ بە خوشکە تاقانەکەی بڵێت، هەواڵی نەخۆشییە شوومەکەی. چونکە دەیزانی بۆ ئەو هەواڵەکە گەلێک لە هەواڵی مەرگی دایکی و باوکی دڵتەزێن تر دەبوو. ئەو کاتەی مامۆستا نەبی و ست نەسرین بە خۆیان و فیاتە سپییەکەیانەوە کەوتنە نێو ئاوی بەستۆرە، ئەوان هەردووکیان بە تەمەن زۆر منداڵ بون و رووداوە دڵتەزێنەکە هیچ

برینێکی لە ناخیان هەڵنەکەندبوو. بەڵام نەمانیان بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانی هەردووکیان چێکردبوو. خوشکە تاقانەکەی لە دوا تەلەفۆنیدا لە هەموو جارانی پێشوو زیاتر لە تەندروستی ئیلشای پرسی، دەیگوت " کاکە، خەونێکی سەیرم بە تۆوە بینیووە! لە خەوما تۆ لە نێو گۆمێکی پڕ لە شەربەتی هەنار مەلەت دەکرد. لەوسەری گۆمەکەوە پەرییەکی دەریایی وەستابوو کە تا سەر ناوکی رووت بوو. نیوەی سەرەوەی لەشی ئافرەتێکی ناسک و سپی بوو، نیوەکەی دیکەی بریتی بوو لە جەستەی ماسییێکی پولەکە وردی زیوین. کاکە، تۆ بەرەو ئەو پەرییە مەلەت دەکرد. بەڵام، ئەوەی سەیر بوو تۆ تەنها یەک جاریش بۆ ئەو لایە ئاوڕت نەدایەوە کە من خەونەکەم لێیەوە دەبینی"

ئیلشا لێرەدا قوڕگی پڕ بوو لە گریان و لەبەر منگە منگی نێو دەم و لووتی نیوەی خەونەکەی گوێ لێنەبوو. بۆیە کە هێڵی تەلەفۆنەکە لە ناوەڕاستی گێڕانەوەی خەونەکەدا پچڕا، ئەو بە دڵ پێی خۆش بوو. دواتر زوو لێی دانیشت و تێر تێر بە دەنگ گریا. ئیلشا پاش ئەو تەلەفۆنە زۆر هەوڵی دابوو لەگەڵ خاڵی یان خوشکە تاقانەکەی قسە بکات و راستی نەخۆشییەکەی بە هەردووکیان ڕابگەیێنێت. بەڵام لەو رۆژگارانەدا هێڵەکانی تەلەفۆن چیان لەوانەی کارەبا باشتر نەبوو.

ئەو کاتەی ئیلشا هێشتا رێگای هەندەرانی نەگرتبووە بەر، خاڵی هەردەم بە پلار و توانج دەیگوت " کوڕم دڵشاد، کورد هەردەم هێڵەکانی کورت دێنێت، هیچ هێڵێکی پێ لە یەکتر قایم ناکرێت، نە هێڵەکانی کارەبا، نە تەلەفۆن، و نە هێڵەکانی گفتوگۆی نێوانیشیان! "

پاش تەلەفۆنەکەی خوشکی چەند شەوێک دواتر لەگەڵ زەنگی تەلەفۆن لە شیرینی خەوە پڕ لە خەونەکەی بە ئاگا دێت و دوایی دوو هەلۆ هەلۆی لە سەر یەک دەنگی خاڵی لە دوورەوە دەگاتە نێو گوێی. بەر لەوەی ئەو قسە بکات خاڵی لەوسەری تەلەفۆنەکە بە پەرۆشەوە لە ژیان و تەندروستی ئیلشا دەپرسێت. ئیلشا نقووم بوو لە نێو ئەو دەنگە بە سۆزەی کە لە تەمەنی حەفت ساڵییەوە بە بەردەوام لە ناو گوێیەکانیدا بوو، ئەوەندەی نەمابوو بڕوخێت و

هەواڵی توشبونی بە لوکیمیا بە دڵسۆزترین کەسی ڕابگەیێنێت. بەڵام ئەوەندەی هەوڵی دا نەیتوانی هەواڵێک بە نێو هێڵی تەلەفۆندا بەرەو گوێی خاڵی ڕەوانەبکات. کاردانەوەکە بە جۆرێکی وەها بێت کە ئەو تا ڕۆژی مردن جارێکی تر نەوێرێت دەستی بۆ تەلەفۆن بەرێت.

دوایی ئەو دوو تەلەفۆنەی خوشکە تاقانەکەی و خاڵی کە دوا دوو تەلەفۆنی ژیانی ئەو بون، ئیلشا وەک حەفت ڕۆژەکەی نێو دەریا کەوتە نێو ئەوپەڕی دڵتەنگی، ئەمجارە تاق و تەنیاتر، بێکەس و غەریبتر، خۆی و کۆڵێک بیرەوەری نەدرکێنراو، ئومێدی مردوو، لوکیمیا و ئەوینێکی کورت و سووتێنەر.

ماوەی نێوان درکاندنی هەواڵی نەخۆشییەکەی بۆ ئاووا و سەفەرەکەی ئیلشا بۆ ئەستەنبۆل بریتی بوو لە حەفتا و سێ ڕۆژ و پێنج سەعات و بیست دەقیقەو چەند چرکەیەک. لەو ماوەیەدا هەردووکیان وەک دوو ئەوینداری سەردەمی کۆن یەکتریان لە باوەش گرت، فرمێسکیان بۆ یەکتر ڕشت، وەک مۆمیش بۆ یەکتر توانەوە. ئیلشا تا کات دەڕۆیشت زیاتر تامەزرۆی ژیان و مانەوە لەگەڵ ئاووا دەبوو. بە پێچەوانەی ئەو ئاووا لە هەموو کاتێکی تەمەنی زیاتر هەستی بە بێ مانایی ژیان دەکرد. بە تایبەت پاش ئەوەی لە زاری دکتۆری پسپۆر بیستبووی کە ئیلشا تەمەنی لە دوازدە مانگی دیکە تێناپەڕێت. بە ڕێنمایی ئەویش بڕیاری دابوو لەو ماوەیە بە تەواوی ڕۆح و جەستەی تەسلیم بە ئیلشا بکات. هەوڵ بدات تا ئەو شوێنەی بۆی دەکرێت خۆشترین کات بۆ ئیلشا فەراهەم بکات. بەڵام لەگەڵ نزیک بونەوەی سەری ساڵ و کۆتایی هاتنی ساڵێکی پڕ لە ژمارە نۆ، لە دەستپێکی سەدەی نودا پێشهاتەکان خێراتر هاتن و چون. کاتێک ئەو بۆ دوو حەفتە لە پشوودا دەبێت، ئیلشا بۆ سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەخەوێت.

بەر لەو کاتەش لە سەرەتای ئەو مانگانەی کە تازە ئاووا بە نەخۆشییەکەی ئیلشای زانیبوو. ئێوارەیەک لە قاوەخانەکەی سەر کەنار ڕووبار دانیشتبون، وەختێک لە پڕ ئیلشا هەراسان و گێژ و وڕ دەبێت، بە پەلە هێز دەداتە بەر

خۆی و بەرەو ئاودەستی پیاوان ڕادەکات. لە ژوورەوە تا شل دەبێت ڕشانەوەک دەڕشێتەوە کە پڕ بوو لە پارچە خوێنی مەیلەو ڕەشی مەییو دەتگوت نارنجۆک لە هەناویدا تەقیوەتەوە!

ئیلشا کە هاتە دەرەوە هەستی دەکرد کە بۆشاییێکی گەورە لە هەناویدا دروست بووە، پارچەیەک لە ڕۆحی شکاوە، و جەرگی بەتەواوی کەوتۆتە نێو ئاودەستەکە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی دەکرد کە ئازار و ژانی پشت و جومگەکانی بە تەواوی نەماون. کە دێتە دەرەوە دەبینێت ئاووا بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکات. ئیلشا کە ئاووا دەبینێت هەستدەکات هێزێکی خودایی ئەوی وەک ئادەمێکی دەرکراو لە بەهەشت بۆ ماوەیەک ڕاگرتووە تا ڕۆژێک لە نێوان سێوی خودا و سێوی حەووا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت.

ئیلشا لە ماوەکانی دواییدا زۆر جار لە ماڵی ئاووا دەخەوت، لەگەڵ هەر جولانەوەیەکی تووشی سەرسوڕمان دەبوو. هەستی دەکرد کە لە هیچ شوێنێکی دونیا کچێکی وەها میهرەبان نە دەبوو بە دۆستی. وایدەزانی ئەو ئەوینەی لەگەڵ ئاووا خەونێکی ناڕاستە، خۆشی لەو باوەڕەدا نەبوو کە کچێکی شۆخی وەک ئاووا کەوتبێتە داوی کەسێکی نەخۆش و پەنابەر و بێکەسی وەک ئەو.

*　　　　*　　　　*

شەوێک ئیلشا لە ماڵی ئاووا دەبێت لە ناکاو زەنگی تەلەفۆن لێدەدرێت و لە دەمی ئاووا ناوی سەیفی گوێ لێدەبێت. ئیلشا سەیری بەو تەلەفۆنە پڕ لە گومان و ناوەختەی سەیفی دێت. بۆیە بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە و گوێ بۆ وشەیەکی ئاخاوتنی نێو تەلەفۆنەکە هەڵبخات، پێییەکانی خۆنەویستانە هەڵیدەگرن و دەیبەن لە بەرامبەر ئەو پەنجەرەیە ڕایدەگرن کە دەروازەی ئەوینی ئەو و ئاووا بوو. ئیلشا هیچ گومانێکی خراپی لە سەیفی نەبوو. بەڵام ئەو بە هۆی نەخۆشییەکە و ژیانی دووری و تەنیایی دڵی لە باڵی پەپولەیەک ناسکتر ببوو. نەیدەویست نزیکترین کەسیشی ئەو ڕۆژانەی

لێ تێک بدات کە تیایاندا پەنابەری ژێر باڵە میهرەبانەکەی ئاووا بوو نەوەک دەولەتی ئەڵمانیای فیدرال.

لەبەر ئەوە ئەگەر تەلەفۆنەکەی سەیفی پەرۆشی و پرسینێکی برایانەش بووایە ئەو پێی خۆش نەبوو فووێکی کەس ئەم مانگە هەنگوینییەی سەر لێواری مەرگی لێ تێک بدات، کەس بزانێت ئەو لە دژوارترین کاتەکانی ژیانی خۆی لە ژێر چ ئاسمانێکدا حەشارداوە.

ئاووا کە دەبینێت ئیلشا بەرەو پەنجەرەکە دەچێت، یەکسەر دەزانێت کە ئەو نایەوێت قسە بکات. نەوەک باس و خواسی نێو تەلەفۆن بیگەڕێنەوە ئەو کەتوارەی کە لە دەرەوەی پەنجەرەکەیماڵی ئەودایە.

جگە لە ئەوەش ئیلشا ئەوەندە لەگەڵ تەلەفۆندا دۆست نەبوو. ئەو پێیوابوو قسەکردن لەگەڵ هەر کەسێکدا بێت کاتێک تامی هەیە کە جوولە و ئەماراتی رووی ئەو کەسە دیاربێت. هەروەها تەلەفۆن وەک ئامێرێکی پێوستی دونیای ئەمرۆ لە غوربەتدا دەردێکی زۆری دابوو بە ئیلشا. هەردەم لە دڵی خۆیدا دەیگوت " تەلەفۆن لە هەندەران بۆ من سەرچاوەی دوو شت بووە یەکەمیان هەواڵ و پرسی دکتۆر و یەکە پزیشکییەکان، دووەمیشیان پرسیار و وەڵامی پارێزەر و فەرمانبەرانی دەزگاکانی دەولەت "

کەچی ئەفسووس، لە کۆتاییدا دەرئەنجامی هەردووکیان دژ بە خواست و ئاواتی ئەو دەرچوون، نە نەخۆشییەکەی بەرەوە چاک بونەوە چوو، نە کەیسەکەشی بەرەو وەڵام.

هۆی سەرەکی تەلەفۆنەکەی سەیفی بۆ ماڵی ئاووا پەرۆشی بوو سەبارەت بە تەندروستی ئیلشا و بێدەنگی چەند رۆژەی بوو. سەیفی بە هۆی ئەو ئەتەکێتە تازەیەی کە  لە رۆژئاوا فێری ببوو زوو کۆتایی بە تەلەفۆنەکە دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بێئەوەی بە خۆی بزانێت چەند ساتێک بوو ئەو دوو ئەویندارەی لە یەکتر کردبوو. بەرلەوەی تەلەفۆنەکەی دابخات بە ئاووا دەڵێت کە حەزدەکات رۆژی یەکشەممە ئیلشا ببینیت، چونکە دوو نامەی لە ماڵەوە بۆ هاتبوو.

ئاووا کە تەلەفۆنەکە دادەخات و بەرەو لای ئیلشا دەچێت و وەک ئەو ئێوارەیەی کە هێشتا بە نەخۆشییەکەی ئیلشای نەزانیبوو، نیوە رووت لە پشت ئیلشاوە دەوەستێت و قۆڵە سپییەکانی لە ناوقەدی لاواز و باریکی ئەو لە یەکتر دەئاڵێنێت. بەڵام ئەمجارە ئاووا جیا لە جاری پێشوو بە حەز و ئارەزوویەکی گەرم و گوڕتر لە ئیلشا دێتە پێش. لە ناخییەوە بە قووڵایی و فراوانی وشەی مەرگ دەیەوێت ژیان بەسەر باڵا و رۆحی ئیلشادا ببارێنێت. دەیەویست ئەو ئەویندارە ناشاد و بەدبەختە نووقمی نێو کۆڕی گەرمی عیشق بکات، تا پێی دەکرێت شادمانییەکی بۆ بگێڕێتەوە کە بەهۆی نەخۆشی و خەمەکانی ژیانی هەندەران لە دەستی چوو بوو.

ئیلشا لەو کاتەدا بیری لە تەلەفۆنەکەی سەیفی دەکردەوە، پێی سەیر بوو کە سەیفی دەبێت بەو شەوە بۆچی تەلەفۆنی بۆ ئاووا کردبێت. بەڵام ئیلشا نەیدەویست کەسێکی ئەوەندە منۆخ بێت و بچێتە بنج و بنەوانی مەسەلەیەک کە لە خەیاڵیشدا باوەڕی پێی نەبوو. ئەو ئەگەر زانیاری و ئاگاداریشی هەبووایە سەبارەت بەو رووداوە سەیرانەی کە لە نێو گەنجە پەنابەرەکان ڕوویاندەدا کاتێک بۆ دزینی دڵی کچی سوور و سپی ئەوروپایی، هاوڕێ و هەڤاڵ بە بۆکس و چەقۆ دەکەوتنە گیانی یەکتر. بەڵام ئیلشا لە خەون و خەیاڵیشیدا هەرگیز لەو دوو وشە کوردییەی سەروو تارمایی و شێوەی دوژمنێکی شەیتانی نەدەبینی.

پاش نزیکەی پێنج دەقیقە کپ بون لە نێو قۆڵە سپی و لەشە ناسک و زرافەکەی ئاوودا، ئیلشا دوا جار بە قسە دێت. لە جیاتی چونە سەر باسکردنی تەلەفۆنەکەی سەیفی، ئەو باسی شتێک دەکات تا سەر ئێسقان ئاووا دەحەپەسێنێت کاتێک دەڵێت " ژێر ئەو کورسییە باشترین شوێنە ببێتە گۆڕم! "

ئاووا بزەیەکی سارد دەکەوێتە سەر لێوەکانی و هەنسکێکی قووڵ هەڵدەمژێت لە بەرامبەر ئەو مرۆڤە پاک و رەوانە کە ئەو ئاواتەی لە مەرگیشدا بۆ نایەتە دی. ئیلشا کاتێک ئەو ئێشەی دڵی بە ئاووا گوت بیری لای ئەوە نەبوو کە لە

ڕۆژئاوا چۆن ژیان پارەیەکی زۆری تێدەچێت، ئەوا مەرگیش پێشهاتێکی پڕ مەسرەفە.

یان ئاووا چۆن دەتوانێت ئەمجارە لە پەنجەرەکەیدا لە جیاتی بینینی دیمەنی گەرم و سەرنج ڕاکێشی ئیلشا گۆڕێکی تەنیا و خاک غەریبی لێ دیاربێت. چۆن دەتوانێت جارێکی تر بە خەڵک بڵێت کەوا هەرگیز تارمایی مەرگ بە لایدا ڕەت نەبووە. لە تەنیشت ئیلشا سەیری کورسییە ساجەکەی نێو پارکەکەی دەکرد و ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی وەڵامێک بۆ رستە پڕ لە خەم و ڕەشبینەکەی ئیلشا بدۆزێتەوە. ئاووا لێرە ناچار دەبێت زوو مەبەستی تەلەفۆنەکەی سەیفی بە ئیلشا بڵێت " شیرینەکەم، دوو نامەت لەماڵەوە بۆ هاتووە، سەیفی دەیەوێت یەکشەممە بتبینێت "

دوو نامە لە ماڵەوە؟

ئیلشا بە شەوقەوە چاوەڕێ دەبێت سەیفی ببینێت، بەڵام بۆ بەختی ئەو سەیفی ئەمجارە لە هەموو کاتێکی تر سەرقاڵترە، ئەو لە بەیانییەوە لە ماڵ دەردەچوو و تا حەفتی ئێوارە نەدەگەڕایەوە. بەر لەوەی ئیلشا نەخۆشییەکەی بۆ ئاووا ئاشکرا بکات باری گرانی ئەو لە سەر سەیفی بوو. زۆر کات ناچار دەبوو کۆمپانیا بەجێبهێڵێت و لەگەڵ ئیلشا بە دوایی نەخۆشخانە و تاقیگە و دەرمانخانەکاندا بگەڕێت. بەڵام ئەو چەند جارێک ئاگادار کرابووەوە کە لەوە زیاتر نابێت کار بەجێبهێڵێت.

سەیفی لە تەلەفۆنەکەی دا بۆ ئاووا تەواو بێزاری خۆی بەرامبەر ڕۆژئاوا و ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە دەربڕیبوو کە مرۆڤ وەک مەکینەیەکی بێهەست دەخاتە کار و وایلێدەکات کە نەتوانێت لە ئەوپەڕی تەنگانەدا هەڵوێستێکی مەردانە نیشان هاوڕێیەکی بدات. سەرمایەداری ئەو وشە دێوەزمەیەی کە لە هەرزەکارییەوە سەیفی لە زاری ئەو هاوڕێیانە بیستبووی کە بە تەمەن و تاقیکردنەوە لەو گەورەتر بون. دواتریش لە قۆناغەکانی دیکەی ژیان و خوێندنیدا هەمان وشەی لەسەر رووپەڕی ئەو کتێبە سوورانە دەخوێندەوە کە هێشتا نەکرابون بە کوردی.

سەیفی ئەو یەکشەممەیەی کە بڕیار بوو ئیلشا ببینێت وایزانیبوو لە سەفەرێکی دوور گەڕاوەتەوە، بەڵام بە تەواوی لەو هەستەی دڵنیا نەبوو تا ئەو کاتەی ئیلشا دەرگای ئەپەرتمانەکەی لێدەکاتەوە و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شێوە گۆڕاو دێتە بەرچاو. سەیفی بە بینینی ئەو دیمەنە ماوەیەک لە دەرەوەی دەرگاکە تاساو و دڵ پڕ لە خەم دەوەستێت و خۆزگە دەخوازێت کەوا ئیلشای هەر لە سەرەتادا نەناسیبایە. هەرگیز لەو دووریەیدا دەرگای بەسەر خەمێکدا نەکردبایەوە کە داخستنی بەو جۆرە ئەستەم بێت. ئەو هێشتا برینی مەرگی دوو هاوڕێیەکەی سارێژ نەببوو، چۆن دەیتوانی لە چاوی ئەو هاوڕێیە تازەیەی ڕابمێنێت کە نیوە مردوو لە بەرامبەری شەکەت و ئەفسوودە وەستابوو.

سەیفی ساڵانێک بوو تەنیا دڵی خۆی بە ئاخاوتنەکانی جونەید خۆش دەکرد تا ئەو کاتەی توانی ئەو شەوە پڕ لە بەفر و کڕێوەیە لە بیر بکات کە بە جەستەی دوو هاوڕێیەکەی لە پنتێکدا سوور نەخشابوو. ئەم دوو جەستەیەی کە لە دوو خاڵخاڵۆکەی سووری باڵشکاو دەچون کە دۆزینەوەی دەرگای ماڵی خاڵان هەتا سەر خەونێکی مەحاڵ و نەهات بێت. ئەو ڕۆژەی کە ژمارەی تەلەفۆنی ئیلشای لە خوشکی وەرگرت، سەیفی لە ئەوپەڕی خۆشحاڵی دابوو. وایدەزانی خودا پاداشتی ڕۆژانی تەنیایی ئەوی داوەتەوە بۆیە هاووڵات و هاوشارێکی وەک خدرێ زیندە بۆ ناردووە. تا ئەو دیمەنە دڵتەزێن و ترسناکە بە یەکجاری لە بیر بکات کە لە شەوێکی سارد دا بە دوو چاوە ڕەش و گەورەکانی لەسەر بەفری سپی بینیبونی. ئەو کات سەیفی لە خۆشی هاوڕێ و هاودەمێکی تازەدا بە پێکەنین و خۆشییەکی زۆرەوە خوداحافیزی لە خوشکی دەکات و ژمارەکە وەردەگرێت بێ ئەوەی بینووسێت.

سەیفی کە دەچێتە سەردانی ئیلشا لەبەر دەرگا ئەو وەک پیرێکی بە ساڵاچوو لەڕ و لاواز و بێ هێز دەبینێت. بۆیە بەو دیمەنە بە تەواوی دەتاسێت و ناتوانێت چ قسەیەک بکات تا هەردوکیان دەگەنە سەر سۆفاکە و دادەنیشن.

ئیلشا بە پێکەنینەوە بەخێرهاتنی سەیفی دەکات و پێیدەڵێت کەوا لە رۆژی تەلەفۆنەکەیەوە ئەو بە شەوقەوە چاوەڕێی وەرگرتنی نامەکان دەکات. کەچی ئەفسووس هەردووکیان نەیاندەزانی کە ئەو دوو نامەیە دوا نامەی ژیانی ئیلشان.

ئیلشا بە درێژایی چوار رۆژی مانەوەی لە ماڵی ئاووا هەموو بەیانیان لە نێو بیرکردنەوە و کردنەوەی ئەو لوغزە جێدەما کە دەبێت کێ بێت نامەکەی دووەمی بۆ ئەو نوسیبێت. سەدا سەد بۆی رون بوو کە نامەی یەکەم بەدەستی خوشکە تاقاناکەی نوسراوە. بەڵام ئەوەندەی دەهێنا و دەیبرد نەیدەزانی خاوەنی نامەی دووەم کێیە. ئەو کەسە خاڵی نییە چونکە ئەو ساڵانێک پێییەوە خەریک بوو تا فێری خوێندن و نووسینی بکات، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەش وەک هەزار و یەک پرۆژەی دیکەی خەیاڵی بە نیوە چلی بەجێما. هەروەها ئیلشا باوەڕی نەدەکرد یەکێک لەو هاوڕێیە پەرتەواز بووانەی ئەو نامەیەی نوسیبێت کە لە پاش تەواوکردنی زانکۆوە هیچ هەواڵێکیان نەما.

*                    *                    *

ئیلشا ئەو رۆژانەی کە لە ماڵی ئاووا دەنووست دەبووایە بۆ دەرمان خواردن و میزکردن چەند جارێک لە خەو ڕابووایە، بۆیە سپێدە زوو ئاگاداری ئەوە نەدەبوو کە ئاووا چ کات لە ماڵ دەردەچێت. ئاووا پەتوویێکی نەرمی بۆ ئیلشا لە ژێر پەنجەرەکە ڕاخستبوو وەک ئەوەی بەرپەرچی ئەو ئاخاوتنە دڵ هەژێنەی ئیلشا بداتەوە کە دەربارەی گۆڕی ژێر کورسییەکە کردبووی. وەک ئەوەی هەموو شەوێک پێیبڵێت " شیرینەکەم تۆ جوان و زیندوو لە سەر کورسییە ساجەکەوە هاتیت بۆ نێو پەنجەرەکەی من، تا من ئەویندار و ئێشگرتبم ڕێنادەم مەرگ لە پەنجەرەکەی منەوە بترفێنێت و بتباتەوە پەنای کورسییەکەوە، ئەو شوێنەی کە لە سەرەتاوە لێیەوە هاتیت "

ئیلشا شەوان بە ماچ و ئاخاوتنە نەرمەکانی ئاووا کە بەر لە نووستن بە گوێیەکانیدا دەیچرپاند، بە گیانێکی پڕ لە هیوا و ئومێد سەری دەخستە سەر

باليف. جاريش وەها بوو نقوومی دەریاییەک لە خەم و خەیاڵی ناخۆش دەبوو و سەعاتی درێژ لە سەر جێگەکەدا دەمایەوە و خەوی لێ نەدەکەوت.

بە ڕۆژ کە ئاووا لە ماڵ نەدەبوو ئیلشا بە دیار تەلەفزیۆن و رامان لە پەنجەرەکە و خوێندنەوەی پەرەگرافی کورت کورت لەو کتێب و گۆڤارانەی کە منارەیان لە سەر مێزە شووشەیەکەدا چێکردبوو کاتی دەکوشت. لەگەڵ ئەوەشدا بیرکردنەوە لە کردنەوەی لە دوو نامەکەی لای سەیفی یەک چرکە خەیاڵی ئەویان بەرنەدەدا. وایدەزانی ئەم دوو نامەیە تاکە شیفا و دەرمانی دەردی ئەون. هەر بە کردنەوەی نامەکان خوێن لە دەمارەکانیدا بە جۆرێکی دیکە سووڕ دەخوات، لە پڕ خوێنهێنەرەکان دەبن بە خوێنبەر و خوێنبەرەکانیش بە خوێنهێنەر. بە خوێندنەوەی پیت بە پیت و وشە بە وشەی نامەکان خڕۆکە سپییەکانی گوڕ و تینی جارانیان بۆ دەگەڕێتەوە و هیمۆگڵۆبینەکان بەرگێکی تازە دەپۆشن. هەروەها پلازمایەکی رەنگ هەنگوینیش وەک بارانی بەهار دەڕژێتە ناو دەمار و لوولە ورد و باریکەکانی خوێنی.

*        *        *

ئەو یەکشەممەیە کاتێک سەیفی لەسەر سۆفاکە دانیشتبوو و نامەکانی دەدا بە ئەو، ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی بە بزەیەک وەڵامی ئەو پێکەنین و خەندەیە بداتەوە کە رووی زەرد و لاوازی ئیلشایان داپۆشیبوو. نەیدەتوانی سەیری چاوە زەردەکانی ئەو هاوڕێیەی بکات کە وەک پایزێکی کورت هاتە نێو ژیانی ئەو و وەک ئەو وەرزە خەمناکەش ئاوات و هیواکانی بە ژیان لە بەرامبەر زستانێکی سارد و تووش هەرەسیان هێنا. لە بەرچاوی سەیفیدا ئەو ئیلشایە هەرگیز لە ئیلشای ئەم رۆژە نەدەچوو کە لە رێستورانە ئیتالییەکە بە شەوقەوە گوێی بۆ بەسەرهاتی ژیانی ئەو ڕاگرتبوو. سەیفی کە سەیری ئیلشای دەکرد نەیدەزانی کەوا ئەو چۆن نامەکان وەک دوو جۆکەری یاری کاغەز دەبینێت. ئەو دوو نامە سادە و ساکارەی کە یەکێکیان پڕبوو لە سڵاو و قوربان

قوربانی خوشکە تاقانە و ژیرەکەی، بەڵام نامەی دووەمیان وەک لوغزێک بوو بەسەر رووی شپرزە و شێواوی ئیلشا.

لێرەدا سەیفی بۆ شلەقاندنی گۆمی بێدەنگی ئیلشا نامەکان دەدات بە دەستی ئیلشا و دەڵێت " دڵشاد، ببورە نامەکانم درەنگ گەیاندە دەستت، بەڵام باوەڕ بکە هەفتەی پێشوو بوارم نەبوو سەریشم بخورێنم. من چەند جارێک تەلەفۆنم بۆت کرد، کەچی وەڵامت نەبوو. دوا جار باش بوو ژمارەی ئاووام لە نێو ئەو پانتۆلەم دۆزییەوە کە شەوی چونە دەرەوەمان لە بەرم بوو. وابزانم  کاتی تەلەفۆن کردنەکەم تۆ خەوتبوویت! "

ئیلشا لە وەڵامدا بە بزەیەکی خەمناکەوە روو دەکاتە سەیفی و دەڵێت " برام سەیفی، من بە هەر شێوەیەک بێت سوپاس گوزارتم، بەڵام هەستدەکەم ئەو دوو نامەیە دوا نامەی ژیانمن. بۆیە ئەگەر پڕ لە هەواڵ و قسەی خۆش بن لەوانەیە لە ماوەی داهاتوودا کە نازانم چ رۆژێکە، مانگێکە، ساڵێکە چەند جار و چەند جارێکی دیکە ئەو دوو نامەیە بخوێنمەوە "

لە نامەی یەکەمدا خوشکە تاقانەکەی ئیلشا بە خەتێکی ورد و جوان پاش سڵاو و بە قوربان بونێکی زۆرەوە هەواڵی خاڵ و خاڵۆژنی بۆ نوسیبوو کە چەند بیری ئەو دەکەن. پاشان هەواڵی خۆی بە وردی لە کۆلیجی پزیشکی نوسیبوو، باسی قورسی وانەکان و گەورەیی کتێبەکانی کە بە ئینگلیزی نوسرابون. هەروەها بە گاڵتەوەش نوسیبووی " برای شیرینم دڵشاد گیان، ئەو کتێبانەی من لێرە لە کۆلیجی پزیشکی دەیانخوێنم سێ ئەوەندەی ئەم کتێبانەن کە تۆ هەموو جار لە پێش من گلەییت لە دانەرانیان دەکرد کە بۆچی هۆشیان بە ماندوو بونی قوتابی نەبووە بەدەست هەڵگرتنی کتێب بەو بارستایی و قەوارەیە. لە بیرتە کە دەتگوت، ئای لە دەبەنگی ئەو پرۆفیسۆرە ئەمریکی و ئینگلیز و هیندیانە چۆن بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە دڵشاد بەو هەموو کتێبە بە چ دەردەسەرییەک بە پاسە شڕ و قەرەباڵغەکاندا لە برایەتیەوە دەچێت بۆ زانکۆ "

خوشکە تاقانەکەی ئیلشا بەردەوام بوو. نوسیبووی کەوا ئەو لە هەموو بابەتەکان باشترین نمرەی هەیە، تەنها لە بابەتێک نەبێت کەمێک خراپە، کە ئەویش دکتۆرێک دەیڵێتەوە کە ناوی دکتۆر کاوە کەمالە.

" دڵشاد گیان، دکتۆر کاوە تا بڵێیت مامۆستاییێکی زیرەک و بە توانایە. وانەی سووڕی خوێنی ئینسان و دڵ و دەمارەکان دەڵێتەوە، بەڵام ئەوەندە خێرا بە ئینگلیزی قسە دەکات، من لە وانەکانیدا وادەزانم کۆمبارسم لە فلیمێکی ئەمریکی ئەگەر نا هیچ لە وانەو شیکردنەوەی ئەم مامۆستایەم ناگەم. برا گیان، چەند پێم خۆشە تۆش وەک دکتۆر کاوە رۆژێک بە پلەی دکتۆراوە بگەڕێیتەوە و لە کۆلیجی ئەندازە وانە بڵێیتەوە. زۆر جار وایە کە لە وانەکانی دکتۆر کاوە کەمال دادەنیشم ئەوەندە بیر لە تۆ دەکەمەوە رووی ئەوم لێدەبێت بە رووی تۆ، ئەوەندە نامینێت بە هاوپۆلەکەی تەنیشتم بڵێم دەزانیت ئەو مامۆستایە برای منە. هەست دەکەم ئەو شوێنێکی لە هی تۆ دەچێت بەڵام ئەوەندەی دەیهێنم و دەیبەم ناتوانم ئەو مەتەڵە هەڵبێنم، وابزانم ئەوەش هۆیەکی ترە کە ڕێگام نادات لە وانە گوتنەوەی ئەو مامۆستایە بگەم. هەندێک جار ئەو لە یەکتر چونەی نێوانتان لە خەیاڵم ئەوەندە قووڵ دەبێتەوە هیچ ترسێکم لە کەوتن لەو بابەتەدا نامینێت. وادەزانم لە کۆتایی ساڵ رووی ئەم دکتۆرە لە بەرچاوم بە تەواوی دەبێت بە رووی تۆ و یەکسەر بە خەندەیەکی پڕ سۆز و برایانە پێم دەڵێت، خوشکم تۆ بێ تاقی کردنەوە لە وانەکەی من دەرچوویت! "

ئیلشا بە دەم خوێندنەوەی نامەی خوشکە تاقانەکەی دەمێک دەرونی پڕ لە شادمانی دەبوو و دەمێکیش خەم تەواوی گیانی داگیر دەکرد. بەڵام لەگەڵ کردنەوەی نامەی دووەم دڵی ترپ ترپ وەک دەهۆڵێکی گەورە لێیدەدا، چونکە بیری بۆ کەس نەدەچوو کە ئەو نامەیەی بۆ نوسیبێت. لەوەتەی هاتبووە دەرەوە رۆژ نەبوو چاوە یاقوتییەکانی کەزان بە خەیاڵی دانەیێت، بەڵام مەحال بوو بیر لە نامەی ئەو بکاتەوە. ئەوەش لە بەر دوو هۆ بوو، یەکەم کچ درەنگتر لە کوڕ دەست دەداتە قەڵەم و نامە بۆ سوارچاکی خەونەکانی

دەنوسێت، دووەمیش کەزان وەک خاڵی ئیلشا نەخوێندەوارێکی کۆڵەوار بوو و لەتەمەنیدا پیتێکی نەخستبووە سەر کاغەز.

نامەی دووەم جیا لە هەموو ئەو نامانەی کە ئیلشا بە درێژایی تەمەنی هەستابوو بە کردنەوە و خوێندنەوەیان، بەجۆرێک نوشتە کرابوو کە ئیلشا هەرگیز هاوشێوەی نەبینیبوو. دەتگوت ئەوە کردەوەی کەسێکی زۆر شارەزا و پسپۆر بووە لە پێچانەوەی زەرف و کاغەزی نامە، یان کەسێکی زۆر بێئاگا و نەشارەزا لە بواری نامە نووسین. ئیلشا بەرلەوەی نامەکە بکاتەوە هەندێک لە پیتەکانی بینی، چونکە کاغەزی نامەکە زۆر سپی بوو و پیتەکانیش بە خەتێکی گەلێک گەورە و شاش نوسرابون. لەگەڵ کردنەوەی زەرفەکە، ئیلشا نامەکە وەک سێگۆشە و لاکێشەیەک دەبینێت. دەبینێت کە سەر سێگۆشەکە هەمووی بە نووسین پڕ کرابووەوە وەک ئەوەی پیتەکان شوێن پێی مەلێکی غەریب و بێهێلانەی سەر بەفر بن. بەڵام ئەوانەی سەر لاکێشەکە لە پەڕ و بالی پەڕەسێلکەیەک دەچون کە لە ماڵێکی گەرم هێلانەیەکی گەرمی لێ تێکدرابێت. ئیلشا بەرلەوەی دەستی بە دوو نامەکە ڕابگات، نامەی دووەمی بە نامەی قەدەر و چارەنووس ناسیبوو. دەیگوت لەوانەیە ئەو نامەیەم لە پیرێکی شارەزاوە بۆ هاتبێت کە لە دوورەوە بە دەرد و مەینەتی منی زانیبێت. بەڵام کاتێک نامەکەی لە زەرفەکەوە دەرهێنا لە شیوەی پێچەوانەی نامەکە دڵی دوو دڵداری بینیبوو، کە یەکەمیان  دڵی سێگۆشەی کچێک بوو کە پڕبوو لە حەرفی باڵدار و دووەمیشیان دڵی رون و لاکێشەی کوڕێک، لە دڵیدا دەیگوت " ئافەرین، ئەی نامە نووس ئافەرین! چۆن توانیوتە بۆ منی ئەندازیاری بێبەهرە بە شێوەیەکی ئەندازەیی پێناسەی ئەوینی من و ئاووا بکەیت. باس لە عەشقێک بکەیت کە لە دووری خاکی کوردانەوە دەگوزەرێت، بەڵام وەک ئەوەی مەم و زین پڕ لە ناڵە و برین "

ئیلشا هەر کە دەرگای سێگۆشەیی و لاکێشەکەیی دڵی نامەکەی دەخاتە سەر پشت و بە سەرسوڕمان و دوو چاوی ئەبڵەقەوە ناوی خاوەن نامەکە دەخوێنێتەوە، هەموو بیرۆکە و لێکدانەوەکانی سەبارەت بە نامەکە دەبن بە

**بڵقی سەر ئاو، بە دەبدەبەیەکی فشبووەوەی بەتاڵ. ناوی کەزان بە دەستخەتێکی پڕ لە ترس و شەرمەوە لە خوارەوەی نامەکە نوسرابوو و لە تەنیشتییەوە ئیمزاییێک کرابوو کە لە دەنووکی کۆترێکی سپی باڵ مقەست کراو دەچوو. ئیلشا لەگەڵ بینینی ناوی کەزان دوو چاوە زەردەکانی وەک دوو گورزە لە تیشکی خۆری سپێدە بە خێرایی لە لوتکەی نامەکەوە بەسەر تەواوی کاغەزەکەدا کشان و یەک بە یەکی وشەکانیان بەم شێوەیە خوێندەوە.**

*ئازیزم دڵشاد، سەلام*

*دلێ من ئەز کەزانم کەزانا تە. دلێ من گەلەک پڕە. کەسەک هاتیە داخازیا من کو بیست سالا ژ من مەزنترە، ئەو سەرکردەکێ کۆڕ و خەباتێن کوردینییێ یە، بەلێ بۆ من ............!*

*دلێ من دڵشاد، دلێ دایکا من هەر رۆژ بۆ من دسوژیت، بەلێ ئەو نەشێت بۆ من چ بکەت. تو وەرە من خەلاسکە.*

*کەزان*

**کاتێک سەیفی لە رووی ئیلشاوە ئەماراتی پەشۆکان و شپرزەبون دەخوێنێتەوە، ئەو چەند جارێک بوو لەسەر یەک نامەکەی کەزانی خوێندبووەوە. لە ناخەوە دڵی بۆ ئەو کچە دەسووتا کە لە بێکەسیدا هانای بۆ کەسێکی سەر لێواری گۆڕ هێناوە. ئیلشا رقی لەو بارودۆخە ناهەموارەی خاکی کوردان بوو کە جێگەی بە هەزاران گەنجی وەک ئەو لەق کرد. کەچی لە لایەکی دیکەوە شوێن و باڵینگانی ئەو پیرە گایانەی خۆش کرد تا بەسەر و سمێڵی بۆیاغ کراویانەوە تەڕاتێنی تێدا بکەن و بە دوایی کچی چواردە ساڵ و پازدە ساڵ بن. ئیلشا رقی لەو جۆرە ئازادییە بوو کە بۆ ئەو گا پیرانە سنوور هێڵێکی باریکی سەر و بن نادیارە، کەچی بۆ کەزان و دەیان هەزار کچی چاو خوماری دڵساف و دەلال، وەلات زیندانێکی دیوار ئەستوور و تاریکە.**

ئیلشا لەگەڵ خوێندنەوەی زیاتری بۆ نامەکەی کەزان دەیان ئاخ و هەنسکی هەڵدەکێشا کە چۆن دەتوانێت لەو کاتە دژوارەی ژیانیدا یارمەتی کەزان بدات، چۆن ببێت بە داڵدە و پشتی ئەو کچە دڵساف و بێکەسە. لەگەڵ ئەوەشدا لە قوژبنێکی بچووک و قووڵی ناخی ئیلشادا خۆشییەکی ناشاز و ناڕێک سەری هەڵدەدا و وەک هەر مرۆڤێکی نقووم بوو لە نێو خەم بە بونی هاودەرد و هاوخەمێکی دڵشاد بوو.

سەیفی لە هەڵبزرکانی رەنگی رووی ئیلشا دەیزانی کەوا نامەی دووەم بە تەواوی رەقیب و پێچەوانەی نامەی یەکەم بووە. دەیزانی ئەو دوو نامەیەی کە ئەو وەک پۆستەچییێکی دڵسۆز بە دەستی ئیلشای گەیاندبون دروست دوو پەیامی لە یەکتر جیا و دژ بە یەکن. ئەگەر لە یەکەمدا وشەی ژیان بە دەسخەتێکی جوان و ناسک نوسرابێت. ئەوا هەڵبەت لەوەی دووەمدا وشەی مەرگ بە دەستخەتێکی ناڕێک تر نوسراوە. ئیلشا دەیزانی هیچ چاوێک لە دونیادا نییە نەتوانێت ئەو دوو نامەیە بخوێنێتەوە. نەخێر، بەڵکو ئەو دوو وشەیە کە هەر یەکێکیان بریتی یە لە چوار پیت، لە چوار ئاراستەکەی دەوروپشت و جوگرافیا. کەس نییە بە بینینی ئەو دوو وشەیە خۆشی و ترس پێکڤە پڕ نەبێتە نێو دڵ و دەرونی.

ئەو کاتەی ئیلشا نامەکانی دەخوێندنەوە، سەیفی وەک بت لە سەر سۆفاکە دانیشتبوو و نقەی لێ بڕا بوو. وەک ئەوەی پێشبینی کردبێت کە دواتر ئیلشا بە دوور و درێژی باسی ناواخنی نێو نامەکانی بۆ دەکات، باسی کەزان.

ئیلشا سەرباری ئازاری گیان و دڵی پڕ لە خەمی بە درێژی باسی ئەو شەوە تاریکە دەکات لە ژیانی کەزان کە تێیدا باوک و چوار برای بە دەستێکی پڕ ترس و تۆقێنەر لەگەڵ هەزاران گەنج و پیاوی دیکەی بێتاواندا بۆ دوور دەبردرێن و بە کۆمەڵ زیندە بەچاڵ دەکرێن. چەند شەوێک دوایی ئەم شەوە رەشە کەزان و دایکی بە هۆی خزمێکی دووریانەوە دەگوازرێنە شار و دەبن بە هاوسێی ماڵی خاڵی. سەرەتا کەس لە گەڕەک نەیدەزانی ئەو ژنە بێ مێردە و کچە منداڵە چاو جوانەکەی لە کوێوە هاتبون، بەڵام دواتر بیست و چوار

سەعات بەس بوو بۆ پیاوە قوتەکەی گەڕەک تا هەواڵی هەردووکیان لە بنج و بنەوانەوە دەربهێنێت و وەک دەنگوباسێکی نێو پاکەت بڵاوی بکاتەوە. دوایی هەواڵ لە زاری ئەو ژنانەی کە پیشەیان دانیشتنی بەر دەرگا و گوڵە بەڕۆژە خواردن و پلار لێدانە لە ڕێبواران، گەڕەک بە گەڕەک بە شاردا بڵاو بووەوە و بە سەر مێزی پڕ فایلی سەد پیاوی سیخوڕ و زاڵم و دڵڕەق دا چوو، تا گەیشتە بەر چاویلکەی یەک نووسەر و شاعیر.

ئیلشا بۆ سەیفی باسی خاڵی دەکرد کە چۆن لەگەڵ زانینی هەواڵی دڵتەزێنی ئەو دایک و کچە بوو بە پشت و پەنا و داڵدەیان، دەیگوت " خاڵم سەرەڕای لێپرسینەوە و سەرئێشەی بەدەست جاسووس و پیاو خراپان، هەردەم لە نێو پیاوانی گەڕەک دادەنیشت و پێیدەگوتن کەوا یارمەتی دانی دایک و کچەکە لە حەجکردن گەلێک پیرۆزترە! "

پاشان ئیلشا باسی خۆی دەکرد کە چۆن لە چاوە یاقووتییەکانی کەزان پاکی و جوانییەکی رەهای دەبینی. بەڵام ئەو لەوپەڕی گەرم بون و کوڵانی فوارەی هەرزەکاریدا هەرگیز بە چاوی لەزەت سەیری باڵای زراڤی کەزانی نەدەکرد، بەتایبەت ئەو کاتانەی دوو مەمکە کاڕک و هێشتا نەتەقیوەکانی لە نێو ماکسییە رەنگا و ڕەنگەکانی ئێوارادا وەک دوو باڵندەی تووڕە و دەنووک تیژ لە هات و چۆی پڕ لە شەرمی ئیلشا ڕادەمان. کەزان لە هەرزەکاریدا دەیویست ئیلشا لە هەمان کاتدا ببووایە بە یار و بە کاک و بە باوک، هەروەها بە پیاوێکی چاو نەترس و دانا کەوا قودرەتی هەبووایە پارێزەری جوانی و تەنیای و بێکەسی ئەو بێت. ئیلشا ژیانی کەزانی ئەوەندە بە وردی بۆ سەیفی دەگێڕایەوە وەک ئەوەی کە دوا حیکایەت و بەسەرهاتی ژیان بێت و گێڕانەوەکەی بەو سپێردرابێت.

سەیفی پاش بیستنی بەسەرهات و ژیانی کەزان پڕ بە دڵ تامەزرۆ بوو ئەو کچە لە نزیکەوە ببینێت. ئەو پاش کۆچباری ئیلشاش بە درێژایی ماوەی بەر لە سەفەرکردنی هەزار و یەک خەونی وەک مافووری کاشان رەنگاوڕەنگ سەبارەت بە دیداری ئەو کچە بێکەسە لە مێشکیدا چنیبوو. بەهۆی گێڕانەوەی

ورد و پڕ لە وەسفی ئیلشا وێنەی کەزان بە جۆرێک لە زەینی سەیفیدا چاپ ببوو، کە بۆ ماوەیەکی دوور پاش پێزانین بە هەواڵی خۆ سووتاندن و مەرگیشی، ڕووێک وەک مانگی چواردە لەگەڵ دوو ئەستێرەی یاقووتی سەوز دیمەنێکی بەردەوام بوو لە ئاسمانی شەوانی سەیفی هەردەم دووبارە و دووبارە دەبووەوە.

لەگەڵ ئیلشادا، سەیفی زۆر جاران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەویست تەوەرەی باس بەلای باسکردنی ئەو کچە دا ببات. سەیفی لە تەنیایی و بێزارییەکانی رۆژئاوا، خەونی بوو رۆژێک بتوانێت بگەڕێتەوە و کچێکی جوانی کورد دەست نیشان بکات. بەڵام گەلێک جار گاڵتەی بە خۆی و ئەو بیرکردنەوانەی دەهات کە چۆن ئەویش وەک زۆرینەی ئەو گەنجانەی پاش ئەوەی تێر دەبن لە رابواردن و هەڵپەڕین و مەست بونی شەوانی ئەوروپا، گەیشتووە بەو حیکمەتە باوەی ئەوان و دەڵێت " کچ کچی خۆمانە و کچی بێبنی ئەوروپایی بە فلسێک! " هەندێک جاریش سەیفی خۆی لەگەڵ خۆی دەچووە شەڕێک و بە خۆی دەگوت " ئەی دەبەنگی نەزان تۆ چۆن خۆت کەسێکی ڕۆشن وەسف دەتەوێت بەو شێوەیە لە دونیا ڕابمێنیت. بۆ لە نزیکتەوە ئاووا نابینیت؟ یان وەک ئیلشا بیرناکەیتەوە کە کچ لە هەر شوێنێک بن، دڵ و دەرونیان وەک یەکە، هەموویان وێڵن بە دوایی ئەوینێکی راست و پاک، هەروەها دوژمنی گەورەیان درۆزن و ساختەچیانی نێو کۆڕی عەشقن "

سەیفی لەو بیرکردنەوانە زیاتر بە ناخیدا دەچووە خوار و گلەیی لە بەخت و دەرونی خۆی دەکرد وەک ئەوەی بە خۆی بڵێت " سەیفی بەدبەختی گەورە تۆیت، نەوەک ئیلشا و دوو هاوڕێ کوژراوەکەت، مردووی راستەقینە تۆیت نەوەک ئەوان. ئەوە چ قەدەرێکە تووشی هاتوویت کە وەک سەرکردە دۆڕاوەکان بەسەر پردێکدا بپەڕیتەوە لە ژێرەوەی خوێن ڕژاوی هاوڕێ کوژراوەکانت لێ دیارە؟ "

سەیفی تاوێک دەرون و هەستی خۆی بەو شێوەیە سەر کۆنە دەکرد، بەڵام زوو پەشیمانی دەیگرت و دڵی خۆی دەدایەوە و دەیگوت " سەیفی، ئەوەی

دەرونی تۆی وا شڵەژاند ڕەوشت و بیروباوەڕت نەبوو، بەڵکو ئەو پەیمانە بوو کە لە فولکەی کۆتر لەگەڵ دووهاوڕێ کوژراوەکەتدا بەستت. بەڵێ، ئەو پەیمانەی کە لە ڕۆژی کارەساتەکەوە تاوەکو ئێستا وەک چەقۆیەکی تیژ لە لەشت چەقیوە و ڕۆژ لە دوایی ڕۆژ زیاتر بریندارت دەکات. بۆیە سەیفی ئەمجارە دەبێت هەمان هەڵە دووبارە نەکەیتەوە، پەیمان لەگەڵ کەسێکدا نەبەستیت کە ڕێبواری سەر ڕێگای هات و نەهاتە، گەشتی مان و نەمان. تۆ ڕاستە لە فیتەرێکی دڵڕەق پەیدابوویت کە تەواوی تەمەنی لەگەڵ ئاسن و ئارەقدا بەسەر بردووە. بەڵام دڵی تۆ دڵی شاعیرە هەر کە بریندار بوو ئیدی هەتا سەر خوێنی لێدەتکێ "

پاش خوێندنەوەی نامەکان، سەیفی و ئیلشا زۆر جاری دیکە یەکتریان بینی و باسی کەزانیان کرد. سەیفی هەردەم سۆز و پەشێوی خۆی دەردەبڕی بەرامبەر بە باری ناهەمواری ئەو کچە، بە تایبەتی کاتێک دەستی هانای بۆ کەسێک درێژ کردبوو کە خۆی هەتا تەوقی سەر نقوومی نێو گێژاوە.

ئەو ڕۆژانەی ئیلشا تەندروستی چوو بووە ئەوپەڕی خراپی، وەها بە باش دەزانێت کە بە زووترین کات سەیفی ببینێت. سەیفی کە وەڵامی تەلەفۆنی ئیلشای دابووەوە سیمای کەزانی لە خەیاڵدا مابوو، بەڵام نەوەک وەک ڕۆژانی پێشوو گەش و ڕوناک. ئەمجارە ڕووی کەزان لە خەیاڵی سەیفی دا وەک ئەو مانگە چواردەیە بوو کە بە هەڵاتنی خۆر دەبێتە پەلە هەورێکی تەنیا و تەماوی لە ئاسمان. ڕووی کەزان لە زەینی سەیفیدا کت و مت وەک ئەو مانگە بوو کە شەوان گەش و بریقەدارە، بەڵام ڕۆژان خامۆش و کز. هەروەها دوور دوور لە چاو ئەو مانگە تابانەی شەوان کە زۆر جاران دەڵێیت بە دەست دەگیرێت.

ئیلشا سەرباری ڕوو لە خراپی تەندروستی لەوپەڕی ڕۆژانی تەنیایی دا بوو، چونکە ئاووا چەند ڕۆژێک بوو سەفەری بۆ پراگ کردبوو. بڕیاربوو دوو حەفتە لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام بۆ ئیلشا ئەوەندەی دوو سەدە درێژ بون. ئیلشا ناخۆشترین کاتەکانی تەمەنی دەژیا ئەگەر تەلەفۆنە بەردەوامەکانی نێوان ئەو و ئاووا نەبووایە هەر لە سێیەم ڕۆژی سەفەرکردنی ئاووا دڵی دەوەستا و شەق

دەبوو. زۆربەی شەوان بە خەیاڵی ئاووا سەری دەخستە سەر سەرین بەڵام ئازار و دڵ خووسانەوەی هەناوی لە کاتی خەوتندا ئەو خەیاڵە شیرینانەی دەگۆڕین بە کابووسی ترسناک. لە خەو دا زۆر جار سواری یەکێک لە شەمەندەفەرە خێرایەکان دەبوو و خۆی لە بەر دەرگای ماڵی ئاووا دەبینییەوە، بەڵام بەرلەوەی بە رەنگی زەرد و ئاڵەوە هەواڵی دوا پێشهاتی نەخۆشییەکەی بباتە بەردەم ئاووا و گەشتەکەی لێبکات بە قوزەڵقورت، ئیلشا لە خەو بە ئاگا دەهات. ئیلشا کە ئاووا نزیکی دەبوو هەرگیز نەیدەویست هەواڵی ناخۆشی پێبڵێت. دوایی ئاشکرا کردنی نەخۆشییەکەی ئیلشا هەردەم لە هەوڵی ئەوە دابوو کە ئاووا وەک کەسێکی هەرگیز نەبوو لە بیری بکات.

لە ماوەی سەفەری ئاووا، پڕ ئازارترین شت بۆ ئیلشا بە تەنها ئازاری پشت و جومگەکان و خوسانەوەی نێو هەناوی نەبوو، بەڵکو ئازارێک بوو کە لە قووڵایی روحییەوە هەڵدەقوڵا. زۆر جار دەگەیشتە ئەو رادەیەی کە دەست بداتە تەلەفۆن و ژمارەی ئاووا لێبدات. بەڵام نەیدەویست ئەو پەیمانە بشکێنێت کە بە خۆی دابوو سەبارەت بە کاڵ کردنەوەی پەیوەندی ئەوینی لەگەڵ ئاووا. لەمسەر شتەکان تەواو پێچەوانە بون، ئاووا لە هەموو کاتێک زیاتر تەلەفۆنی بۆ ئیلشا دەکرد و دڵی دەدایەوە. ئاووا لە رۆژانی پشووی دا لە پراگ تەواوی بیر و هۆشی لەسەر ئیلشا بوو، خۆشی نەیدەزانی چ ناوێک لەو حەز و ئارەزووی بنێت کە بۆ دیداری ئەو کوڕە رۆژهەڵاتییە نەخۆشە هەیبوو. لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی Die leiden des jungen werthers ئازارەکانی ڤارتەری گۆتەدا، ئاووا زیاتر بە باڵای ئەو ئەوینەدا دەچووە خوار کە لە نەبونەوە بە هاتنی گەنجێکی رۆژهەڵاتی غەمگین بۆ نێو پەنجەرەکەی دروست ببوو.

* * *

رۆژانی دواتر سەیفی و ئیلشا لە باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و پەیکەر و فوارەی ئاو یەکتریان بینی، لەبەر چاوی سەیفی ئیلشا لە هەموو جارانی پێشوو

جیاوازتر دیاربوو. تارمایی مەرگ بە تەواوی لەسەر رووی نیشتبوو و بە حاڵ قسەی بۆ دەکرا. ئەو هاتبوو تا خێرا چەند قسەیەک لەگەڵ سەیفی بکات و زوو بگەڕێتەوە ماڵ تا لێی پاڵکەوێت. ئیلشا لەو دیمەنەیدا دەتگوت پیرەمێردێکی بە ساڵاچووە کە بەر لە مەرگ بیەوێت نهێنییەکی گرنگ بۆ براکەی بدرکێنێت. بێ هیچ پێشەکیەک یەکسەر دەچێتە نێو باسەکەی، سەیفیش وەک گوێڕایەڵی هەواڵێکی زۆر گرنگ لەوپەڕی کپی و بێدەنگی لە چاوەڕوانی کرانەوەی دەمی ئیلشادا بوو کە دەڵێت " سەیفی برام، هەستدەکەم تەواو بێ هێز بووم و چیتر توانایی بەرگریم نەماوە. ئەگەر بە هۆی ئامادەبونی بەردەوامی ئاووا نەبێت لە خەیاڵم، عیزرائیل دەمێکە گەیشتووتە بەر قاپیم. بەڵام دیارە بووە بە فریشتەیەکی دڵنەرمی بەر لە بونی بەشەر، یان نایەوێت هێلانە لە ئەویندارانی تێکبدات، ئەگەرچی سەرپێچی لە فەرمانی خوداش کردبێت. بەڵام سەیفی چەند شەوێکە لە دووری ئاووا هەستدەکەم شتێک لە دەرگای ناخم دەدات و بۆ دونیایەکی دیکە بانگم دەکات. بەڵێ، هەستدەکەم هەموو شەوێک چرپەی باڵەکانی ئەو فریشتەیە هەم دڵنەرم و هەم دڵڕەقەم گوێ لێیە کە دەیەوێت زۆر بە شێنەی رۆحم بکێشێتە دەرێ. سەیفی برام، من وادەزانم ئاووا سەد ساڵە ڕۆیشتووە و لێم دوورە، تۆ بڵێیت بواری ئەوەم هەبێت جارێکی دیکە بە دیداری شاد ببمەوە؟ دەبێت ماوەم ببێت باز بدەمە ناو سەدەیەکی نوێ و ببم بە مرۆڤی دوو سەدە. ئای سەیفی کە رقم لە ساڵی (١٩٩٩)یە، لە پێش چاوم ئەو ژمارەیە دەڵێیت دیمەنی سێ برای پشتێنە و بەیەک سێدارە لە دار دراون. ئای کە پێم خۆشە بۆ چەند رۆژێکیش بێت پێم بخەمە نێو ساڵێکی نوێ، سەدەیەکی نوێ کە تێیدا من و ئاووا وەک ژمارە دووەکەی ئەو ساڵە نوێیە کاتژمێر و دەقیقە و چرکەکانی بەردەممان سێ سفری بچووک بن، سێ بازنەی بۆش و هیچ "

ئیلشا بە ون بونی لە نێو ئەو ئاخاوتنانەی دڵیدا لە بیری چووبوو کە سەرەتا ویستبووی بێ پێشەکی بچێتە نێو ئەو مەبەستەی بۆی هاتبوو. بۆیە سەیفی تا شوێنی ئەو ئاخاوتنەی ئیلشا هیچ لە مەبەستی سەرەکی ئەو دیدارە نەدەگەیشت، نەیدەزانی کە ئایا ئیلشا بەو ئاخاوتنانە دەیەوێت مەرگی

ناوەختی خۆی ڕابگەیێنێت، یان باسی ئەوینێکی نەمر بکات؟ ئیلشا لەبەر چاوی سەیفی دەتگوت دێوانەیەکی شێواوە و ون بون لە نێو قسەکانیدا هەرگیز شتێکی ئەستەم نییە. لە زۆر شوێن کەسی دڵ پڕ لە خەفەت و ئازار بەرلەوەی ڕێکەوتی برایێکی دڵسۆزی کردبێت، کەوتۆتە بەردەم کەللە پوتێک، کەسێک کە بەر لەوەی لە رستەیەکی ئاخاوتنەکان بگات، یەکسەر سووک و سانا ناوی شێتی بەسەر بەرامبەرەکەیدا بڕیوە. بۆ نمونە دۆڵی بە دوا لێداوە، هۆی های لێکردووە و پاشان مندالّی بە دوادا خستووە. بەڵام سەیفی زۆر جیا لەو کەسانەی ئامادە بوو تا کۆتایی گوێ لە ئاخاوتنەکانی ئیلشا بگرێت و بێزار نەبێت. سەیفی نەیدەزانی ئامادەبونی بەرامبەر ئیلشا ئایا گوێ گرتنە لە عاشقێکی بێچارە یان وەرگرتنی پەیامێکە کە پەیوەستە بە قەدەر و چارەنووسی ئەو؟ نەیدەزانی ئیلشا ئەوی بۆچی هێناوەتەوە کەنار ئەو رووبارە ئایا بۆ ئەوەیە تا لە کۆتایی قسەکانی پێی بڵێت " سەیفی، من وا دەمرم، ئەو نامەیە بە هەر ڕێگایەک بێت بگەیێنە بە خوشکە تاقانەکەم. ئەوەشیان بدە بە دەست ئاووا هەر کە لە گەشتەکەی گەڕایەوە. هاوڕێی شیرینم سەیفی، من دەڕۆم ئۆغر، بەڵام دەبێت پەیمانم بدەیتێ هەر کە مردم جلەکانم لەبەر داکەنیت و فڕێم بدەیتە نێو ئەو رووبارە. برام سەیفی، هیچ شتێک لە مەرگ تاڵتر نییە، بەڵام من بۆ یادەوەری باوک و دایکم لە مەرگمدا حەز دەکەم وەک ئەوان دەست لە ملی رووبار بم! "

سەیفی لە ناخەوە لەرزی گرتبوو، هەرچەندە ئیلشا ئاخاوتنەکانی بەو شێوەیە نەکردبوو. ئەو بە ترسەوە چاوەڕێی جۆرە داخوازی و پەیمانێک بوو ئەو دووبارە بکاتەوە بە کەسێکی شووم کە هەردەم تەرم هەڵگرەوەی هاوڕێیانیەتی. ئیلشاش وەک ئەوەی بیەوێت خۆنەویستانە سەیفی بخاتە ئەو کەتوارەوە، بە سانایی نەدەچووە سەر ئەو مەبەستەی کە بۆی هاتبوو. بۆیە دەمێک پاش تەواو کردنی هەگبەی گشت قسەکانی، هەنسکی قووڵی هەڵدەکێشا و بیری لە بەدبەختی خۆی دەکردەوە کە تێیدا نەیدەتوانی خۆی ڕزگار بکات، نە دەستی هاناش بۆ کەزانی دەلال درێژ بکات، کە لە بێکەسیدا ئەوی کردبوو بە

هەموو کەس. ئەو کچەی کە سەرەڕای نەخوێندەواری دوا جار دەستی دابووە قەڵەم و نامەی بۆ نوسیبوو. نامەیەک کە بریتی بوو لە چەند وشەیەکی کورت، بەڵام خێرا و تووڕە وەک گوللەیەکی گەرم، سامناک و بەترس وەک چەقۆیەکی خۆکوشتن. لێرەدا ئیلشا بەر لە پەرش بونەوەی خەیاڵەکانی، لە شەپۆڵە نەرمەکانی رووبار ڕادەمێنێت و یەکسەر رووی دەمی دەکاتە سەیفی و دەڵێت " برای شیرینم سەیفی، من بووم بە بارێکی زۆر گران بەسەر دونیادا لەگەڵ خۆمدا تۆشم خستۆتە نێو گێژاوی خەم و دڵتەنگی. بەڵام هەستدەکەم ئەو نەخۆشییە شوومە هەموو شتەکان زوو کۆتایی پێدەهێنێت. بەڵێ هەموو شتەکان، ئەوینی من لەگەڵ ئاووا، هاوڕێیەتیم لەگەڵ تۆ، بیرکردنەوە لە کەزان و وەلاتێکی دروست بوو لە خەم. من بۆ ئەوەی لە گۆڕدا بحەسێمەوە پەنام هێناوە بۆ تۆ و یەک داوای برایانەم هەیە. بەڵێ یەک داوا، ئەویش سەبارەت بە کەزانە، کەزانی جوان و دەلال. بەڵام تۆ و خودا سەیری رووم مەکە، چونکە من خۆشم لە خۆم بە گومانم، هەروەها سەیری و پێکەنینم بە خۆم دێت کە لێرەدا وەک ئافرەتێکی مەکرباز و فێڵباز دەمەوێت دەست بخەمە چارەی کچێکی شەرمن و بەستەزمان. بەڵی، وەک ئەو بمەوێت کچان بە شوو بدەم بێئەوەی نرخێک بۆ هەستی ناسکیان دابنێم. بەڵێ، بچم جۆرەها وێنەیان نیشاندەم کە بەر لە ساڵانێکی دوور لە ستۆدیۆ جۆرا و جۆرەکانی وەک جان و میدیا و نالی گیرابون. پێیان بڵێم کەوا مێردە روو تەماوییەکانتان لە هەندەرانەوە پۆل پۆل بەڕێوەن بۆ وەلات. بەڵام سەیفی، لێم ببوورە من چارەی دیکەم نییە! ئەگەر بۆ جارێکیش بێت دەبێت دەست بخەمە چارەی کەزان و داوایەک لە تۆ بکەم بۆ پارێزگاری کردن لە ئەو. بەڵێ، پارێزگاری کردن لە ئەو کە خۆت دەزانی لە کوردەواری چ مانایەک دەگەیەنێت. من لێرەدا بەو دەستە بێ هێز و نەخۆشانەم دەمەوێت دەست لەسەر قەدەری تۆ و کەزان دابنێم. سەیفی، کەزان پاکترین و مەزڵومترین کچی دونیایە، بزانە چۆن ئێوارەیەک بەسڵاو و بەیانی باشێکی لە من وایزانی دەرگای ئەوینێکی ئەبەدی خستە سەر پشت. بە سەیرکردن و خەندەیەکی سەر لێوان سوارچاکێکی لە

وڵاتە دوورەکانەوە دەستنیشان کرد کە دەتوانێت لە گەرووی عەزیاوە ڕزگاری بکات. ئەو کچە بێکەسە ئومێدی تەواوی بە من بەستووە. من بە دڵخۆشییەوە حەزدەکەم نامەکەی کەزانت بۆ بخوێنمەوە! "

ئیلشا بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە دەست دەکات بە خوێندنەوەی نامەکەی کەزان. نامەکە بە دەنگێک دەخوێنێتەوە کە تا سەر ئێسقان کاریگەر بوو. بۆیە دواتر بێ سڵەمینەوە لە قسەکانی بە سەیفی دەڵێت " برام، دەمەوێت پێت بڵێم کە دەبێت تۆ پاڵەوان و رزگارکەری کەزان بیت. تۆ ئەگەر لە پاش مەرگی من گەڕایتەوە، بەر لەوەی هیچ گەشت و سەیرانێک بکەیت، بچوو بە فیڵێک دڵی کەزان بدزە. بڕۆ دەستی دایکی ماچ بکە و دەستی شووشەیی و بلورینی کچەکەی بخوازە. سەیفی، لێم ببورە من دووبارە پێکەنینم بە خۆم دێت، دەڵێیت سێبەری باوکێکی دڵڕەقم و دەمەوێت بە زۆر جوانترین کچم لە برازایەکم قایم بکەم. سەیفی، دە تۆ پێم بڵێ کە من چۆن دەتوانم بە نەخۆشی و دڵێکی تەژی لە ئەوین بچم بۆ هانای کەزان؟ برام دەبێت ئەو پەیمانەم بدەیتێ و بچیت بە هانای کەزان!»

سەیفی لێرەدا یەکسەر رووی کەزان وەک مانگێکی چواردە لە ئاسمانێکی دوورە دەست لە خەیاڵیدا ڕەسم دەکات. مانگێک کە دوو ئەستێرەی سەوزی یاقووتی تێدا بدرەوشێنەوە. دوو ئەستێرە پڕ لە خەم و چاوەڕوانی، بەڵام گەش و بریقەدار بۆ چاوی ئەستێرەناس. سەیفی لە قوژبنێکی دیکەی خەیاڵیدا بیری لە وشەی پەیمان بەستن دەکردەوە و خەم گشت لەشی دادەگرت، چونکە وایدەزانی لە دوایی ئەو پەیمانەی کە لە فولکەی کۆتر لەگەڵ سەرهەنگ و سمکۆ سوێند و بەڵێنی بۆ خوارد، ئیتر ئەو وشەیە بۆ ئەو قەدەرێکی سەیر و قومارێکی شەیتانی یە. بەڵێ قومارێک کە ئەو تێیدا وەک قارەمانێکی دۆڕاو بەسەر تەرمی هاوڕێیانیدا بازدەدات. بۆیە لەگەڵ ئەو داوایەی ئیلشا تووشی گومان دێت کە چۆن هەردووکیان لە چەقی شارستانییەتدا وەک دوو کەسی سەردەمی کۆن بیر دەکەنەوە و کاڵا فرۆشی بە کچ دەکەن. سەیفی سەبارەت بەوە بە درێژی قسە بۆ ئیلشا دەکات، بەڵام کاتێک دەبینێت ئیلشا سوورە

لەسەر یەکلایی کردنەوەی ئەو باسە، سەیفی ناچار پێ لەسەر دڵی دادەنێت و زوو بە ئیلشا دەڵێت " کاک دڵشاد، باشە پەیمان پەیمان ئەگەر گەڕامەوە و ویستم کچێک دەستنیشان بکەم، ئەوا دەچمە داوای کەزان "

لێرەدا ئیلشا دڵی کەمێک ئاو دەخواتەوە و بەسەیفی دەڵێت " خۆزگە ئاووا زوو دەگەڕایەوە، من هەستدەکەم چیتر بەرگریم نەماوە بۆ بەردەوام بونی ژیان. بەڵام ئەفسووس، ماڵئاوایی چەند قورسە بەسەر دڵمەوە، من چوار کچ لە دوایی خۆم بەجێدەهێڵم کە بە کۆچم هەریەکەیان لە دڵەوە بە جیا بریندار دەبێت. چوار کچ دەتۆرێنم کە هەریەکەیان بە جۆرێک شینم بۆ دەگێڕێت. سەیفی من چ براییێکی بەدبەختم، چ ئەویندارێکی خەمبار. نازانم لە دوایی من خوشکە تاقانەکەم چۆن دەتوانێت زانکۆ تەواو بکات و ببێت بە پزیشکێکی سەرکەوتوو؟ ئاووا چۆن دەتوانێت کەسێکی دیکەی خۆش بووێت؟ کەزان چۆن جارێکی تر دەتوانێت بەر دەرگای ماڵیان ئاو پرژێن بکات و دونیا وەک پەلکە زێڕینەی نێو ئاوەکە ڕەنگاوڕەنگ ببینێت؟ ئایفەر چۆن دەتوانێت جارێکی تر چاوەڕوانی ئەو نامانە بکات کە هەرگیز بۆی نەنوسرابون، یان چۆن دەتوانێت جارێکی تر ئەویندارى کەسێکی ڕێبوار بێت کە سەرەتا و کۆتایی سەفەرەکەی رووبارێکی شێلو و نادیار بێت؟ " سەیفی بە خەمبارییەوە روو دەکاتە ئیلشا و دەڵێت " دڵشاد، براکەم تکات لێ دەکەم کەمێک ورە بدەیتە بەر خۆت! "

لەو ماوەیەدا ئیلشا و سەیفی زۆربەی کات پێکەوە بون. بۆ سەیفی لەوەتەی لە ئەوروپا بوو ئەوە یەکەمین پشووی سەری ساڵ بوو کە تام لە رۆژانی بێکاری نەکات. رۆژانە دەبووایە بە دیار ئیلشا بمێنێتەوە و چاودێری بکات کاتێک تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو. لە کاتی پێویست دەیبرد بۆ تاقیگەکانی خوێن و لە پێش دەرگای داخراوی ژوورەکانی تیشکی رادیۆیی بە سەعات چاوەڕێی دەکرد، کاتەکانی دەرمان خواردن و شوێنەکانی پشکنینی بۆ دیار دەکرد. سەیفی چەند شەوێک نەیتوانی بچێتەوە ماڵ، چونکە نەدەکرا بۆ دەقیقەکیش ئیلشا بەجێبهێڵێت. زۆر جاران بێزار دەبوو و دەیەویست تەلەفۆن بۆ ئاووا بکات، بەڵام خۆشی نەیزانی بۆچی هەرگیز ئەو کارەی نەکرد.

لەو دوو حەفتەیەدا بڕی زۆری دەرمان و تیشکی رادیۆیی و چارەسەری کیمیاوی تەواو شێوە و روخساری ئیلشایان گۆڕیبوو. پرچی تەواو هەڵوەریبوو، روومەتەکانی قۆپابونەوە نێو یەکتر، چاوە زەردەکانی رەنگە هەنگوینی و شیرینەی جارانیان نەمابوو. ئەو هەرگیز لەو ئیلشایە نەدەچوو کە سەیفی بۆ یەکەمجار لە سەر قاڵدرمەکانی ئارت گالەری بینیبووی.

لە نەخۆشخانەی فریاگوزاری دکتۆرەکان بە شێوەیەکی چڕ دەرمان و تیشکی رادیۆیی و حەبی ژان و حەبی خەویان دابوو بە ئیلشا، بۆیە سەیفی هەستی دەکرد کە مەحاڵە ئیلشا جارێکی تر هەستێتەوە سەر پێ. بەڵام دکتۆرەکان زۆرترین هەوڵیان دەدا ئیلشا زیندوو ڕابگرن تا دکتۆری پسپۆر لە پشوو و سەفەری دەگەڕێتەوە و دوا بڕیار لەسەر ژیانی ئیلشا دەدات.

ژیانی ئیلشا زیاتر پەیوەست بوو بە گەڕانەوەی ئاووا نەوەک دکتۆری پسپۆر. چونکە ئیلشا بۆ بینینەوەی ئەو ئامادە بوو بە هەموو هێزێکی رۆحییەوە بەرەنگاری نەخۆشییەکەی ببێتەوە تا جارێکی تر دەست دەخاتەوە دەستی ئاووا.

ئیلشا لە ساتەکانی بێداربون و ئاگاییدا بیری لە خوشکە تاقانەکەی دەکردەوە، هەردەم رووی پڕ لە خەندە و چاوە جوانە چاوەڕوانەکانی ئەوی دەبینی کە لە دوورەوە وزە و تینیان دەخستە نێو خوێنی نەخۆشی و دژ بە هێزی شێوێنەر و تێکدەری نێو لوولە باریکەکانی خوێنبەر و خوێنهێنەرەکان دەجەنگان. هەروەها ئیلشا تارمایی پڕ لە عیشوە و نازی ئاوواشی دەبینی کە بە قژە قاوەیی و دوو چاوە قاوەییەکانی وەک چوکلێتێکی شیرین لێوە وشکەکانی ئەویان تەڕ دەکرد و لە جیاتی دەرمان و حەبە تفت و تاڵەکان. لێو و سەر زمان و هەناوی ئەویان شیرین ڕادەگرت. چاوە یاقووتییەکانی کەزانی دەبینی کە وەک دوو ئەستێرە بە تیشکە سیحراوییەکانیان ئەو خانە مردووانەی نێو مۆخی ئێسکی ئەویان زیندوو دەکردەوە کە بەهۆی تووشبونی بە لوکیمیاوە دەمێک بوو مردبون. دواجار لەسەر سیسەمی یەکێک لە ژوورەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن ئایفەری روومەت سێو بوو کە دەهاتە

خەونی ئیلشا. بەڵێ، لە جیاتی ئەو سستەرە شان پان و پرچ زەردانەی کە بە ئەڵمانییەکی قورسەوە هەردەم لە ژێر سەریدا ئاخاوتنیان دەربارەی تەندروستی ئەو دەکرد و دەیگوت " جانم، بەن سەنە قوربان ..... ! " ئینجا داوای لێدەکرد کە ئیلشا لەسەر جێگا هەڵبستێت و بۆ دواجار پیاسەیەک بە ئەسکی بازاڕدا بکەن، سواری بەلەمێک بن و لە بست بە بستی ئەستەنبۆل ڕابمێنن، لە باخچە و ماڵەکان، لە قوبە و منارەی مزگەوتە جوانەکان، لە قەڵاتە کۆنەکان، لە شەقامە جەنجاڵەکان و خەڵکە ماندووەکەی. پاشان بەرەو قووڵایی دورگەی پەسفۆر و دەردەنیل بچن، بە ژێر پردە بەرز و ئاسنینەکان دا، بەرەو دورگەیەکی تەنیا کە زیندانییێکی تەنیای تێدا بەند کرابێت.

*　　　　*　　　　*

ڕۆژێکی ساردی زستان بوو بەڵام ئاسمان ساماڵ و شین وەک ئاسمانی ئەو بەیانییە زووەی نێو دەریا کە ئیلشا بۆ یەکەم جار و بەر لە هەموو کاروانچیانی بەلەمەکە لە دوورەوە وشکایی بەدی کرد. کاتێک لە چاوی ئەو ڕەوە سەگەئاوییانەی نێو دەریا دواڕۆژێکی بەدی کرد کە نەیدەزانی ئایا بە دڵۆپەکانی ئاووی دەریا تەڕە یان بە فرمێسکی سەگەئاوییەکان. ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنەوەی کاری سەیفی و کرانەوەی ئۆفیسی دکتۆر بوو. سەیفی بەر لە چونی بۆ کار سەعات حەفت و نیوی بەیانی ئیلشای گەیاندبووە قاوەخانەیەکی نزیک ئۆفیسی دکتۆری پسپۆر. خۆشی دەبووایە نیو سەعات بە ڕێگاوە بێت تا دەگاتە شوێنی کار. سەیفی لە ماوەی دوو حەفتەی پشوویدا نەیتوانی بۆ ڕۆژێکیش پشوو بدات، سێ شەو لە خەستەخانەی فریاگوزاری لە لای ئیلشا مابووەوە، چوار ڕۆژ لە ماڵ لە لای بوو، پێنج ڕۆژانیش دەیبرد بۆ باخچە و بازاڕ و شوێنە خۆشەکانی شار بەڵکو دڵی هاوڕێ نەخۆشەکەی بکاتەوە. بۆ شەوی سەری ساڵ هەردووکیان وەک دوو ڕێبواری ماندوو یان وەک ژمارە دووەکەی ساڵی دوو هەزار لە پێش سێ سفری گەورە دانیشتن.

هەریەکەیان بە جۆرێک لەو سفرانەدا زەمەن و بەخت و چارەیەکی بۆ خۆی خوێندەوە، بە جۆرێک ئاگر پرژێنە رەنگاوڕەنگەکانی ئاسمانی بینی.

ئەو سەعاتەی کە ئیلشا لە قاوەخانەکەدا چاوەڕێی دکتۆری پسپۆر بوو بریتی بوو لە درێژترین کاتی تەمەنی. سەرەتا کە چووە بەردەم خاوەنە زارشیرینەکەی قاوەخانەکە و نەیزانی چی بخواتەوە. شتەکان دەمێک بوو لە زاریدا تاڵ بون و یەک جۆرە تامیان هەبوو. بەڵام نەدەکرا کورسی و مێزی قاوەخانەیەک داگیربکات و هیچ نەخواتەوە. بۆیە هەستی کرد کە باشترین شت داوای بکات چایەکی سەوزە کە چینی و ژاپۆنییەکان هەردەم دەیخۆنەوە، لەگەڵ چایەکەش ئاوێکی منیرالی داواکرد کە شووشەکەی وێنەیەکی چیای ئەلپی لە سەر بوو. پاشان چوو لەسەر کورسی و مێزێک بەرامبەر جادە دانیشت و لە شووشەی پەنجەرەکەدا سەیری رەت بونی ئەو ئۆتۆمبێلە رەنگاوڕەنگانەی دەکرد، وەک ئەوەی بە تێپەڕینی یەک لە دوایی یەکی ئەوان شتێک لە ناخیدا بژمێرێت کە خۆشی نەزانێت چییە. لەگەڵ هەر قووم لێدانێکی بۆ کوپی چایەکە سەیرێکی سەعاتە سایکۆکەی دەستی دەکرد و هەستی دەکرد هەر سێ میلە کورت و درێژ و مامناوەندی نێو سەعاتەکەی وەستاون و بەر لە ئەو دەستیان لە ژماردنی چرکە و دەقیقە و سەعاتەکان شوشت بوو، دەتگوت چیتر نایانەوێت وەک سێ گای کوێر بە دەوری چەقێکدا بسووڕێنەوە کە بە دەوریدا هەردەم شتەکان دووبارە و دووبارە دەبنەوە، لە سفرەوە دەچنەوە بۆ سفرێکی تر.

ئیلشا لە قاوەخانەکەدا بیری لە ئاووا دەکردەوە و وەک خوشکە تاقانەکەی و خاڵی دڵی بۆ هەواڵێکی تازەی دڵ سڕکەر خورپەی دەکرد. ئەو لە بەردەم دوو دیداری چارەنووس سازدا بوو و نەیدەتوانی دروست بیر لە ژیانی بکاتەوە. پاش تێپەڕینی بیست دەقیقە خۆی لە بەردەم دکتۆری پسپۆر دەبینێتەوە و دوو رۆژی دیکەش بە شەوقێکی زۆرەوە لە چاوەڕوانی ئاووا دا دەبێت. لە یەکتر بینینی لەگەڵ دکتۆردا وەک ئەوەی دڵی هەواڵی پێدابێت، کاتێک لە نێو لێوە تەنکەکانی رستەیەک دەخوێنێتەوە و دواتر لە راستیدا وەک ڕمبەی تۆپێکی

نەمساوی بە گوێییەکانی دا دەنگ دەداتەوە. ئیتر بۆی زۆر دژوار و ئەستەم دەبێت دەست بە تەلاری ژیان بگرێت. ژیانێک کە لەمەودوا ماڵێکی سارد و سڕی دیوار شەقار شەقارە، ماڵێکە لەسەر تخووبی بوومەلەرزەیەکی تووڕە و ڕمێنەر.

ئیلشا لە دوا قوم لێدانی لە چایە سەوزەکە، وتەکەی کیرکگاردی فەیلەسوفی دەهاتەوە یاد کە ئەو شەوە لە زاری ئاووای گوێ لێببوو. کاتێک تا بەرەبەیان خۆیان نقوومی نێو وشەکانی نێو کتێبان کرد بوو.

{ئەوەی فێربوو بە ڕێگاییێکی راست گومانی هەبێت، فێریش بووە چۆن بگات بە یەقیین}

ئیلشا لە دوا دەقیقەکانی چاوەڕوانیدا بەوپەڕی دڵەڕاوکێوە لە دەرگای ئۆفیسی دکتۆری پسپۆری دەڕوانی و هەستی دەکرد کە هیج ترسێک لە گیان و جەستەی ئەودا نەمابوو لە بەرامبەر مەرگ. تەواو خۆی دابوو بە دەست ئەو بیرۆکەیەی کە ژیان بە چەند میللیمەترێکی زۆر کورت دەپێورێت لە چاو هەزار بە هەزار کیلۆمەتری ڕێگایەک کە بە مەرگ ناوزەند کراوە.

ئیلشا لە سەرەتادا کەسێکی ڕەشبین نەبوو، بەڵام چاوەڕوانی چ لە کەسێک دەکرێت لە کە غوربەتدا دووچاری ترسناکترین نەخۆشی هاتبێت. هەروەها کەسێک کە لە بەیانییەکی زووی ساڵێکی نوێ و سەدەیەکی نوێ و هەزارەیەکی نوێدا لە بەرامبەر دەرگایەک دانیشتبێت کە لە ناوەوەیدا تاڵترین هەواڵی تەمەنی گوێ لێدەبێت.

ئیلشا بە باوەڕەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و هەنگاو بە هەنگاو ئەو ڕێگایە دەپێویت کە دەیبەن بۆ بەردەم سکرتێرەکەی ئۆفیسی دکتۆری پسپۆر.

دکتۆرەکە پێشتر بە ئیلشای ڕاگەیاندبوو کە پاش پشووی سەری ساڵ یەکەم نەخۆش ئەوە کە دەیبینێت. ئیلشا پێیوابوو کە دکتۆری پسپۆر لە ماوەی سەفەردا ئاگاداری باری تەندروستی ئەو نەبووە. بەڵام دکتۆر فایلی ئیلشای وەک شتێکی تایبەت و سەرسوڕهێنەر تەماشادەکرد. خۆشی تێیدامابوو و هەندێک جار دەهاتە سەر ئەوەی فایلەکە بە یەکجاری دابخات و پێی بڵێت ئیتر

تۆ تەواو، هەندێک جاریش هەستی دەکرد کەوا ئیلشا دەتوانێت ماوەیەکی درێژتر بژیت لەوەی کە خۆی دایناڤون.

ئەو شەوەی کە سەیفی ئیلشای برد بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن تا بەیانی دکتۆر و پشکێنەران بەسەریەوە بون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتیان بۆ رون نەبوو. بۆیە ناچار دەبن پەیامێکی ئەلکترۆنی خێرا بۆ دکتۆری پسپۆر بکەن و تێیدا زانیاری ورد داوابکەن لەسەر نەخۆشییەکەی ئیلشا. دکتۆری پسپۆر رۆژی دوایی لە یەکێک لە هوتێلە چوار ئەستێرەکانی شاری ئۆدیسا لەسەر بەحری رەش تەلەفۆنێک بۆ دکتۆری سەرپەرشتیار بەسەر ئیلشاوە دەکات. لە کاتی ئاخاوتنیدا هەست دەکات هەموو هەوڵدانێک بۆ ڕزگارکردنی ئیلشا کارێکی بێهودەیە. بۆیە هەر کە تەلەفۆنەکە دادەخات بڕیار دەدات کە گەڕایەوە و بەر لە مردنی ئەو گەنجە بێکەس و نەخۆشە رێگا چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر ناردنەوەی بۆ نێو کەس و کاری.

ئەو بەیانییە زووەی کە ئیلشا بۆ دواجار گەیشتە بەر دەمی کچە سکرتێرەکە نەیدەزانی کە بەر لە چەند رۆژێک دکتۆری پسپۆر لە گەشتەکەی گەڕابووەوە و خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتێک بوو دەربارەی چارەنووس و کۆتایی هێنان بە دەرد و مەینەتیەکانی ئەو. لە بەر ئەوە ئەو لە ژوورەوە بەر لەوەی رێگە بدات ئیلشا ببینێت بە سکرتێرەکەی دەڵێت کە بە ئیلشا ڕابگەینێت دوو سەعات درەنگتر بگەڕێتەوە لای. لە ماوەی ئەو دوو سەعاتەدا دکتۆری پسپۆر لەگەڵ نەخۆشخانەی فریاکەوتن و ئەو دکتۆرانە دەئاخڤێت کە سێ شەوەکە سەرپەرشتیاری ئیلشا بون. پاشان تەلەفۆن بۆ چەند لێپرسراوێک دەکات لە دەزگای پەنابەران.

ئیلشا لە ماوەی چاوەڕوانیدا دەچێتە سەر جادە و بە درێژای سێ کیلۆمەتر پیاسەیەکی لەسەرخۆ و هێواش بە بەردەمی بازاڕ و رێستوران و قاوەخانەکان دەکات. سەرەتا لە چەند بازاڕێکی جل و بەرگ لادەدات. بێ ئەوەی هەست بکات کە ئەو بلوز و پانتۆڵەی بەری پۆشاکی رۆژی مەرگ و فەنابونیەتی، ئیلشا چەند شێرت و پانتۆڵێک لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ژووری خۆگۆڕین و یەک لە

دوایی یەک جلەکان تاقیدەکاتەوە، وەک ئەوەی زاوایەکی پڕ وەخت و گیرفان پڕ بێت. دوایی دەچێتە کتێب فرۆشێکی سەر سوچی جادەکە و ماوەیەک بە نێو کتێب و گۆڤارەکاندا دەگەڕێت. بیر لە ئاووا دەکاتەوە و حەز دەکات بۆ گەڕانەوەی دیارییەکی بۆ بکڕێت. دەچێتە نێو کتێبەکانی شیعر، ڕۆمان، فەلسەفە، نازانێت لە کامەیان کتێبێک بە دیاری بۆ ئاووا هەڵبژێرێت. بەر لەوەی ئیلشا کاتی بەرەو تەواو بون بچێت بۆ دواجار دەگەڕێتەوە نێو کتێبەکانی ڕۆمان. لە یەکەم سەر هەڵبڕین و نیگایدا چاوەکانی دەکەونە سەر بەرگی سەرنجڕاکێشی کتێبێک بە ناوی Das memorial که ڕۆمانێکی تازە وەرگێڕدراوی سەرەماگۆ بوو. ئیلشا بێ ئەوەی بزانێت بابەتی ڕۆمانەکە چییە، هەست دەکات ناونیشانەکەی پڕ بە پێستە تا ببێت بە دیاری گەڕانەوەی ئاووا.
بەدەم ڕێگاوە سەیری بەرگی کتێبەکە دەکات، بە نیگایەک دەچێتە نێو لاپەڕەکان و چەند رستە و پەرەگرافێکی لێ دەخوێنێتەوە و دەزانێت ئەم کتێبە چیرۆک و بەسەرهاتی دوو ئەوینداری سەدەی هەژدەهەمە بە ناوی بەلتەسار و بیلموندا. بە بینینی ئەو دوو ناوە ئیلشا بیری بۆ ئینسایکلۆپیدیایەک دەچێت کە ناوی هەموو ئەو ئەویندارانەی تێدابێت کە پیتی سەرەتای ناوەکانیان وەک یەکە. ئەو ئینسایکلۆپیدیایە بە ناوی ئیلشا و ئاووا دەست پێبکات، بەلتەسار و بیلموندا، تا دەگاتە سەر دوو ئەویندارى نەناسراو لە خاکی ڕەسەنی کوردان بە ناوی یار و یارا.

ئیلشا کە دەگاتە بەر ئۆفیسەکەی دکتۆری پسپۆر دوو سەعاتی ڕێک بەسەرچوبوو. کچە سکرتیرەکە یەکسەر ڕەوانەی لای دکتۆری پسپۆری دەکات. لە بەردەمی دکتۆر ئیلشا پێشبینی هەواڵێکی زۆر ناخۆش دەکات. دکتۆر یەکەمجار زۆر بە شێنەیی هەڵدەستێت و تەوقەی لەگەڵ دەکات، پاشان دەست بۆ کورسییە پورتەقالییەکە ڕەوان دەکات و خۆشی دەچێتەوە پشت مێزە مەڕمەڕەکە و دادەنیشێت. بەر لەوەی دەست بە قسەکردن بکات دەستی دەبات بۆ ژێر مێزەکە و شتێکی پێچراو دەدات بە ئیلشا. سەیرێکی رووی ئیلشا دەکات و دەڵێت " ئەم دیارییەم لە شاری ئۆدیسا وە بۆ تۆ هێناوە کە یارییێکە بۆ کەسی دانا و زیرەک. تۆ دەتوانیت لە نێو فرۆکە کاتی خۆتی پێ بکوژیت! "

" فرۆکە! " ئیلشا دڵی خورپەیەکی کرد و وشەی فڕۆکە چەند جارێک لە مێشکیدا دووبارە و دووبارە دەبووەوە.

دواتر کتێبەکەی ئاووا لەسەر مێزەکەی دکتۆر دادەنێت و بە نا دڵیەوە سەرنجێکی خێرای دیارییەکەی دکتۆر دەدات کە بریتی بوو لە بلۆکێکی ڕەنگاوڕەنگی چوارگۆشە کە یارییەکی ئەندازەیی سەیری پێدەکرا، کە دەکرایەوەش لە ناوەوەی مۆدێلێکی بچووکی ئەسپی تەروادە هەبوو. ئیلشا بۆ دیارییەکە سوپاسی دکتۆری پسپۆر دەکات و پاشان چاوەکانی دەچنە سەر ئەو کاغەزە نوسراوانەی بەردەم دکتۆر.

دکتۆری پسپۆر بەرلەوەی ناخۆشرین ئاخاوتن سەبارەت بە ژیانی ئیلشا بدرکێنێت، هەوڵی دا باری دەرونی ئیلشا ساز و ئامادە بکات بۆ وەرگرتنی هەواڵەکە. پاش بەخشینی دیارییەکە هەواڵی ئاووای لێ پرسی تا دڵنەوایی و ئارامی بخاتە گیانی. ئیلشا بە بیستنی ناوی ئاووا سۆزی ئەوین تک تک ڕژایە نێو ناخی و یەکسەر دەستی بۆ کتێبەکە درێژ کرد و بە لێوێکی بەبارەوە بە دکتۆری پسپۆری گوت " ئاووا بە سەردان چووە بۆ پراگ و بەیانی دەگەڕێتەوە. ئەو کتێبەم بە دیاری بۆی کڕیوە، چیرۆکی عەشقێکی قووڵە! "

دکتۆرەکە بزەیەک دەکەوێتە سەرلێوانی بەڵام هیچ ناڵێت. دوایی بە وردی باسی سێ شەوەکەی مانەوەی ئیلشا دەکات لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن. ئیلشا بە سەرسوڕمانەوە ئەو قسانەی دکتۆری وەرگرت و وایزانی بەرامبەر سیحربازێک دانیشتووە لە جیاتی پزیشکێکی پسپۆر و شارەزا لە زانست. لە بەرامبەر دا دکتۆری پسپۆر ئاخاوتنەکانی خێراتر تەواو دەکات و یەکسەر دەچێتە سەر جێگای مەبەست. ئەمجارە بێ ئەوەی لە چاوە زەردەکانی ئیلشا ڕابمێنێت، یەکسەر بەو وشانەی ئیلشا خەم باران دەکات " تەنها چوار پێنج ڕۆژێکت لە ژیاندا ماوە، بەڵام هێشتا کاتت بە دەستە بگەڕێیتەوە و لە وڵاتی خۆتدا بمریت! "

ئیلشا بە بیستی ئەو ئاخاوتنەی دکتۆری پسپۆر دەڕووخێت و دیارییەکەی دکتۆر لە نێو دەستیدا پارچە دەبێت و دەشکێت. دکتۆرەکە بۆ دڵنەوایی ئیلشا

راپۆرتەکانی نەخۆشخانەی فریاگوزاری نیشان دەدات و بە ئیلشا دەڵێت " ئێمە بڕیارمان داوە سەفەرەکەت ڕێک بخەین. چەند ئیمزا و مۆرێکی ڕۆتین ماوە دوو سێ ڕۆژی دیکە تەواوی شتەکان ئامادە دەبن، ڤیزا، راپۆرتی نەخۆشی و بلیتی تەیارە. ئەگەر دەتەوێت ئەوە دوا دیدارمان بێت، ئەوا یەکێک لە دوو هاوڕێکانت دەتوانێت بێت ئەو شتانە هەڵبگرێت! "

ئیلشا نەیدەتوانی هەموو شتەکان بەو خێراییە وەربگرێت، بۆیە یەکسەر هەڵدەستێتە سەر پێی و بە دڵساردی و دڵڕەنجانێکی زۆرەوە تەوقەی خوداحافیزی لەگەڵ دکتۆر دەکات. دکتۆرەکە دەبینێت کەوا ئیلشا هەردوو دیارییەکە لەسەر مێزەکە لە بیردەکات، بەڵام ئەویش لەبەر پەرۆشی و نیگەرانی بە دوا ساتەکانی یەکتر بینین لەگەڵ ئیلشا، ناتوانێت دەنگ هەڵبڕێت و بانگی بکات تا دوو دیارییەکەی هەڵبگرێت.

ئیلشا لە دەرەوە بێ ئەوەی بزانێت جادەکان بەرەو کوێ دەڕۆن لە چواڕیانەکە ملی چۆلترین ڕێگا دەگرێتە بەر. کە دەگاتە نێو کۆڵانەکان هێواش هێواش وەک کیسەڵێکی بێزار لە ناخۆشترین و درێژترین کاتژمێرەکانی تەمەنی دوا پیاسەی ژیانی دەکات. لە بەرامبەر بالکۆنی ماڵێک دەوەستێت کە بالکۆنەکەی پڕ بوو لە ئینجانە و مەرکانی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و بیر لە ئاووا دەکاتەوە. سەیر بوو دەتگوت ئەو ساڵە مانگی یەک هەرگیز نەیویستبوو بەرگی زستان لەبەر بکات، دەتگوت ئەویش لەگەڵ دکتۆری پسپۆر و دەزگای پەنابەران ڕێکەوتبوو تا ئیلشا بەر لە مەرگی پێش وەخت لەزەت و خۆشی لە بەهاری ساڵ و سەدە و هەزارەی نو ببینێت، بەهەشتێکی پڕ لە سەوزایی و گوڵزار و گوڵ بکەوێتە بەر چاوی بەرلەوەی دواجار ئەو دونیای پڕ لە خەم و دەردەی بەجێبهێڵێت. ئەو دونیایەی جگە لە شەڕ و شۆڕی نگریس، غوربەت و تەنیایی، نەخۆشییەکی شووم هیچی دیکەی نیشانی ئەو نەدا. ئەو دونیایەی کە ئەوەندە چاوچنۆک و قرچۆک بوو کە لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی ئەودا نەبێت، ئامادە نەبوو ئەوینێکی بێ کێشە و بەهارێکی ئارام، و ژیانێکی بێ شەڕ و شۆڕی بۆ فەراهەم کات.

ئیلشا بۆ ئێوارە تا درەنگانی شەو بە جادەکاندا پیاسەی کرد و گەڕا و هەرگیز نەیدەویست بەرەو ماڵ بێتەوە. ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی تەلەفۆن بۆ ئاووا و سەیفی بکات تا هەواڵی مەرگی دیاری کراوی خۆی ڕابگەیەنێت. لە زۆر شوێندا لە ژێر باری قورسی خەم و بێ هێزیدا لەشی ئەوەندەی نەدەما بکەوێت. دواجار کاتژمێر نۆی شەو شەکەت و ماندوو دەرگای ئەپارتمانەکەی دەکاتەوە. پاشان گوێدەگرێت لە سێ پەیامی سەیفی کە لەسەر تەلەفۆنەکە بۆی بەجێهێشتبوو. ئیلشا پێی جوان نەبوو وەڵامی سەیفی نەداتەوە، بەڵام بۆی زۆر قورسیش بوو لە کاتێکی وەهادا تەلەفۆن بۆ دڵسۆزترین هاوڕێی بکات و لە پڕمەی گریان نەدات. کە ژمارەکەی سەیفی لێدا تا هێزی تێدابوو خۆی ڕاگرتبوو، زۆر بە شێنەیی قسەی لەگەڵ سەیفیدا کرد بۆ ئەوەی بەیانی ببینێت. پاش تەلەفۆنەکە ئیلشا بە جلەوە لە سەر قەرەوێڵەکەدا ڕاکشا کە بەر لە چەند مانگێک بە هەناسە بڕکێیەکی زۆرەوە یەکەمین و دوا .......... ی تەمەنی لەسەر کرد. لەسەر قەرەوێڵەکەدا ئیلشا هیچ خەو نەچووە چاوانی و تا بەیانی بە تەنیا تێر تێر بۆ بەختی خۆی گریا. ئاخی هەڵدەکیشا کە ڕۆژی وەرگەڕانی فیاتە سپییەکەی باوکی بۆچی لە کورسی پشتەوەدا نەبوو و لەگەڵ ئەو دوو خۆشەویستەی بە یەکجاری ماڵئاوایی لە دونیا نەکرد. بیری لە خوشکە تاقانەکەی دەکردەوە کە دەبێت چۆن پێشوازی لە هەواڵی مەرگی ئەو بکات. بیری لە خاڵ و خاڵۆژنی دەکردەوە، لە ئاووای تاکە یار و خۆشەویستی، لە سەیفی هاوڕێی. کاتژمێر یازدەی بەیانی ئیلشا لەگەڵ تەلەفۆنی سەیفی لە خەو ڕابوو، شەوی پێشوو بە هەمووی سێ سەعات نەخەوتبوو، بەڵام لەبەر بێ هێزی و قورسایی لەشی وایدەزانی لە خەوێکی قووڵ گەڕاوەتەوە، درێژترین کات بەسەر ئەو دانیشتنەی تێپەڕیوە کە دکتۆرەکە ناخۆشترین هەواڵی بە گوێییەکانیدا چرپاند. لەو کاتە بەر لەوەی قەرەوێڵەکە بەجێبهێڵێت هەستی کرد ئەو سەر لێشواوترین کەسی سەر ئەرزە، بێشوێنترین کەسە و نەدەزانێت لە کوێ هاتووە، نەدەزانێت بۆ کوێ دەچێت. تازە هەموو شتەکان لەبەر چاوی ئاڵۆز و تەڵخ و شێلو ببون. ئەو کەسێک

بوو چاوەڕێی حەزرەتی مەرگی دەکرد تا لە هەر چرکەیدا بێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ دوور بیبات.

ئیلشا زۆر بە نادڵی دەچێتە دەرەوە و ملی ڕێگا دەگرێت. پێییەکانی بەرەو شوێنێکی دەبەن کە خۆشی پێی سەیر بوو کە بۆچی بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات. بێ ئەوەی سەیری ئەملاو ئەولای بکات و لە ووژەی تێپەڕینی ئۆتۆمبیلان بسڵەمێتەوە هێواش هێواش لەجادەکەدا دەپەڕێتەوە. لە ناوەڕاستی جادەکەدا مسۆگەر دەزانێت کە پێییەکانی بەرەو دوکانی پیرەژنە تورکەکەی دەبەن، کە بۆ ساڵێک دەچوو ئیلشا رووی ئەوی لە نزیکەوە نەبینیبوو. گەلێک شەوان تامەزرۆی خواردنێک دەبوو کە بۆنی خواردنی کوردی، تورکی، عەرەبی، فارسی، یان یۆنانی لێبێت، بەڵام لە هەموو کاتەکاندا بە کوشتنی ئەو حەز و تامەزرۆیانە سەری دەخستە سەر بالیف و نەیدەتوانی بەرەو ئەو دوکانە هەنگاو بنێت کە رۆژێک رووی خاوەنەکە و موقەدەسترین شتی بە بیرە تەڕ کردبوو. ئەو پیرەژنەی یەکەمین کەس و دواییەمین کەس بوو کە دڵی لە ئیلشا ڕەنجابێت.

ئیلشا کە دەچێتە ژوورەوە پیرەژنەکە بە هیچ جۆرێک نایناسێتەوە، چونکە ئیلشا شێوەی بە تەواوی گۆڕابوو. بەڵام کە زیاتر دەچێتە پێشەوە و سڵاو دەکات، پێرەژنەکە یەکسەر دڵی خورپە دەکات و دەزانێت ئەو گەنجە بێ هێز و روو هەڵپزرکاوە هەمان کەسە ئێسک گرانەکەیە کە بیرەی لە دوکانەکەی ئەودا ڕشت. ژنەکە یەکەم جار زۆر بە مۆڕە و نا دڵییەوە وەڵامی ئیلشا دەداتەوە، بە تورکی دەڵێت " سەن نە ئیستیورسن!؟ "

ئیلشا لە ماوەی مانەوەی لە ئەستەنبۆل کەمێک تورکی فێر ببوو، بەڵام نەیویست بە تورکی وەڵام بداتەوە. یەکسەر بە ئەڵمانی گوتی کەوا بۆ ئەوە هاتووە تا پێیبڵێت چەند رۆژێکی دیکە دەمرێت و نایەوێت کەس دڵ ڕەنجاو لە دوایی خۆی بەجێبهێڵێت. پیرەژنەکە بەو ئاخاوتنە لە جاری پێشوو زیاتر حەپەسا کاتێک ئیلشا خۆی و کیسە نایلۆنەکەی دەستی وەک بەرخێکی قوربان کەوتە ژێر پێییەکانی. بەڵام ئەمجارە پێچەوانەی جاری پێشوو دڵی پڕ بوو لە

**سۆز و میهرەبانی و پەشیمانی، دوو چاوە بچووکە شینەکانی زۆر بە پەلە ئاوێکی لە خۆیان گەورەتریان تیادا زا. ئینجا یەکسەر بە گورجی لە پشت مێزی قاسەکە هاتە دەر و پڕی دایە دەست ئیلشا تا ماچی بکات. بەڵام ئیلشا بە شەرمەوە زوو دەستی کێشایەوە و ڕێگای نەدا ئەو ژنە بە تەمەنە دەستی ماچ بکات. دوایی هەردووکیان وەک دایک و کوڕ یەکتری لە باوەش دەگرن، هەردووکیان پێکەوە فرمێسکەکانیان تێکەڵ یەکتری دەکەن و بۆ یەکتریش دەیانسڕنەوە. لە دەرەوە خەڵکی پیادە بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو دیمەنە هەست بزوێنەیان دەکرد وایاندەزانی ئەو دوو کەسە دوو کارەکتەری دەرکراو و سەرنەکەوتووی نێو فلیمی شەڕێکی درێژ خایەنن.**

**نزیکەی دە دەقیقە لەگەڵ پیرەژنە تورکەکە لە باوەشی یەکتر مانەوە و بەیەکەوە گریان. دوایی ژنەکە هەزار و یەک پرسیار و لێکدانەوەی سەبارەت بەو گەنجە کوردە بە مێشکدا هات، ئەوەی جارێک ئەوی خستە ئەوپەڕی تووڕەیی و دڵڕەقی، کەچی جاری دووەم ئەوی برد بۆ لوتکەی میهرەبانی دایک.**

**ئیلشا پاش ئەوەی دوکانەکە بەجێدەهێلێت، زوو دەگەڕێتەوە ماڵ و چاوەڕێی سەیفی دەبێت تا کاتژمێر دوازدە بێت بە دواییدا. سەیفی دە دەقیقە بەر لە دوازدە دەگاتە بەردەم ئەپارتمانەکەی ئیلشا.**

**ئیلشا کە دەرگا دەکاتەوە و سەیفی دەبینێت خۆی بۆ ناگیرێت یەکسەر دەست لە ملی دەکات و ئەوەندەی پێیدەکرێت بە کوڵ دەگریت. سەیفیش بێ ئەوەی دوا پێشهات و هەواڵی سەبارەت بە نەخۆشییەکەی ئیلشا زانیبێت، ئەویش چاوەکانی پڕ دەبن لە ئاو و وەک پیرەژنە تورکەکە تاوێکی زۆر لەگەڵ ئیلشادا دەگریت. دەیەوێت دڵی بداتەوە، بەر لەوەی ئیلشا بە قورگی پڕ لە گریانەوە بێتە قسە و پێیبڵێت " سەیفی برام، با لەو ماڵە بچینە دەرێ خەریکە دڵم دەتەقێت! "**

سەیفی بێ پرسیار و وەڵام یەکسەر پێش ئەو دەکەوێت وەک ئەوەی هەردووکیان لە ماڵێکی گڕ گرتوو ڕابکەن بە قالدرمەکاندا دەچنە خوار و خۆیان دەگەیێنە سەر کورسییەکانی ئۆپلە زیوینەکە.

ئیلشا لەو وەختەدا پێیخۆش بوو کە سەیفی ئەوەندەی بۆی دەکرا ئۆتۆمبێلەکەی خێرا لێخوڕیبایە و هەرگیز نەوەستابایە. ئیلشا حەزی دەکرد بکەوتبایە نێو گێژاوێکی پڕ لە ترس و خێرا، هەرگیز بواری نەبووایە بیر لە مەرگی بکاتەوە. بەڵام ئەوەش وەک زۆر شتی دیکەی ژیانی ئیلشا بریتی بوو لە خەیاڵێکی رەها و رووت و بێهودە.

سەیفی ئیلشای برد بۆ باخچەیەکی سەر کەناری رووبار کە دار و درەختەکانی رووت و بێ پەلک خۆیان دابووە بەر خۆرێکی بێتینی زستان. کە لە یەکەم حەفتەی ساڵ و سەدە و هەزارەی نوێدا لاوازی و بێ هێزی ئیلشایان پێوە دیاربوو. هەر کە کورسییەکیان بەدیکرد و چون دانیشتن، سەیفی رووی دەمی کردە ئیلشا گوتی " کاکە، بۆ وا بە کوڵ گریایت دکتۆر چی پێ گوتیت!؟ "

لێرەدا ئیلشا دەمێک دادەمێنێت و پاشان دەڵێت " دەبێت ئاووا کەی بگەڕێتەوە، دەبێت جارێکی تر بیبینمەوە!؟ "

سەیفی کە دەزانێت گریانەکەی ئیلشا بۆ دووری ئاووا بووە بێدەنگ دەبێت و زیاتر پرسیار ناکات. تا ئەو کاتەی ئیلشا دەست دەکاتەوە بە ئاخاوتن و ئەو بە تەواوی دەتاسێنێت کاتێک ئەو وشانەی بە گوێدا دەچرپێنێت " سەیفی گیان، دکتۆرەکە پێی گوتم هەمووی چەند رۆژێکم لە ژیاندا ماوە. چەند رۆژێکی ترەو ئیتر من مردووم! "

سەیفی بۆ ماوەیەکی درێژ کپ دەبێت وەک ئەوەی بانێکی کۆنکریتی بەسەردا ڕووخابێت. ئەوەندەی دەکات ناتوانێت لە چاوە زەردەکانی ئیلشا ڕابمێنێت، دەیەوێت بە مێشکیدا بە دوایی ئەو وشە و رستانەدا بگەڕێت کە بۆ دڵدانەوەی کەسێکی نقووم بووی نێو خەم دووبارە و دە بارە دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وشەو رستەیەکی شیاوی دەست ناکەوێت تا بە ئیلشا بڵێت. سەیفی لە ناخەوە باوەڕی تەواوی نەبوو بە خودا، کەچی نەیتوانی بێ ناوی ئەو کۆمەڵە

وشەیەک بەسەریەکەوە بنێت و دڵی ئیلشای پێبداتەوە " برام دڵشاد، تۆ دەڵێیت چی! خۆ ئەو دکتۆرە سەگبابە نەبووە بە خودا تا تەمەنی خەڵک دیاری بکات. هەرگیز ئەو شتە باوەڕ مەکە و هێز بدەرەوە بەر خۆت، خودا نەبێت کەسی تر ساتی ئەجەل و مەرگ نازانێت "

ئیلشا پاش بەجێهێشتنی ئۆفیسی دکتۆری پسپۆر، ئەوە یەکەم رستەی دڵدانەوە بوو کە لە کەسێکی گوێی لێبێت. ئەو لە گریانی لەگەڵ پیرەژنەکەدا زیاتر بە باڵای خەمدا چووبووە خوار و مەرگی خۆی نزیکتریش بینیبوو لە پێشبینی دکتۆری پسپۆر.

ئیلشا ئاوڕێکی پڕ لە گومان و ترس و پرسیار بۆ لای سەیفی دەداتەوە و دەڵێت " بەڵام بەیانی راپۆرت و ڤیزا و شتە پێویستەکانم بۆ ئامادە دەکات! "

سەیفی دڵی خورپە دەکات و دەکەوێتە بەرامبەر راستییەکی تاڵ " کاکە دڵشاد، ئەو کابرایە چی یە؟ دکتۆرە، وەزیری دەرەوەی وڵاتە، یان عیزرائیلە؟"

ئیلشا وەک ئەوەی ئەو ئاخاوتنەی دوایی سەیفی گوێ لێ نەبووبێت، ئاوڕ لە سەیفی ناداتەوە و دەڵێت " سەیفی دەبێت بەیانی تۆ بچیت ئەو شتانە لە ئۆفیسی دکتۆر هەڵبگریت. ڤیزا و بلیتی تەیارەکە لە بیر نەکەیت. ئەوان هەموو شتێکیان بۆم ڕێکخستووە. دوو بەیانی بۆ ئێوارە دەبێت لە فڕگە بم و سەفەر بکەم. من دەبێت لە دڵەوە سوپاس گوزاری دکتۆر بم سەرباری ئەو هەواڵە تاڵەی کە پێیدام. بەڵام گەورەترین نەگبەتی ئەوە دەبێت کە لە مەرگیشدا نەگەم بە وەلات و کەس و کارم "

سەیفی لێرەدا دەزانێت کە وشە و رستە ئامادەکراوەکانی چیتر بەرگەی ئەو هەواڵە ناگرن کە وەک ئەو فیشەکانەی جەستەی سەرهەنگ وسمکۆیان بڕی تیژ و سامدار بە پەنای گوێییەکانی تێدەپەڕین.

ئیلشا بۆ بەیانی لە ماڵی سەیفی بە ئاگادێت و لەوێدا چاوەڕێی سەیفی دەبێت تا لە لای دکتۆری پسپۆر دەگەڕێتەوە. پاشان کاتژمێر چوار و نیو دەبێت پێکەوە لە فڕگەی شتوتگارت ئامادەبن بۆ پێشوازی کردن لە ئاووا. سەیفی دوو و چارەک دەگەڕێتەوە کیسەیێکی نایلۆنی گەورەی بە دەستەوە

بوو، یەکەم جار کتێبی بالتەسار و بیلمۆندا دەداتە دەست ئیلشا، دوایی دیارییەکەی دکتۆری پسپۆر بە شکاوی. ئینجا بە دڵگرانی و خەمێکی زۆرەوە دەست دەداتە زەرفێکی کاغەزی زەرد کە گشت پێویستیەکانی گەشتەکەی ئیلشای تێدابوو. راپۆرتی پزیشکی بە مۆری دکتۆر و وەزارەتی تەندروستی، ڤیزای تورکیا بە وێنەی ئاڵا و ئیمزای باڵیۆز کە هەردووکیان لە سەر کاغەزە لووسەکەی فاکسەوە رەش دەرچوبون.

ئیلشا یەکەم کەس بوو کە بلیتی سەفەر کردنی نێو دەستی بۆنی مەرگ و فەنابونی لێبێت، یەکەم کەس بوو بزانێت کە ئەو بۆ ئەوە بە ئاسماندا دەفڕێت تاوەکو بمرێت.

لە رێگای فڕگەی شتوتگارت سەیفی بیری لە بەدبەختی ئیلشا دەکردەوە، نەیدەزانی چۆن پێیبڵێت کە چەندە پەرۆش و دڵتەنگە لە ئاست سەفەری لە ناکاوی ئەو، بەڵام بێدەنگ بوو و نەیویست بە قسەیەک باری خەمی ئیلشا قورستر بکات.

ئیلشا لە پێشەوەی ئۆپلەکەی سەیفی چاوی بۆ ئاسۆیەکی دوور چوو، هەموو بیر و خەیاڵی لەسەر ئەوە بوو بەر لە مەرگ جارێکی تر ئاووا ببینێتەوە، جارێکی  تر دەست  لە ملی بکات و تێر لە باوەشی بگرێت. هەروەها لە باوەشی گەرمیدا شیوەن بۆ بەختی خۆی و ئەو ئەوینە کورتەیان بگێڕێت، کە وەک زۆرینەی چیرۆکە قووڵ و زیندووەکانی مێژوو کەوتبووە بەر دەستی رەقی قەدەر، شەقی بێ رەحمی زەمانە. وەک ئەوەی ئیلشایان زووتر و خراپتر لەو ئەویندارانەی پێشوو سزادابێت و دەنگێکی کپ ئەوەی بە گوێیدا چرپاندبێت " ئەی بەنی ئادەم، گوێ ڕادێرە و باش بزانە کە هەر لە کۆنەوە ئەویندارن بەخت رەش و بێچارەن، ئەوانەی حەوواکانیان لە خودا و خود و خاک خۆشتر دەوێت! "

بە درێژایی رێگاوە ئیلشا بیری لەم ئەویندارانە دەکردەوە کە لە گەرمەی قووڵبونەوەیان بە باڵای عیشقدا، مەرگ وەک راوچییێکی فێڵباز دێتە رێیان و لە

پڕ وەک مەلی بێکەس و خەمناک بەرەو خەرەندی مەرگ بانگلۆزییان دەکات و دەیانکوژێت.

که دەگەن بە فڕگەی شتوتگارت ئیلشا بە شەوقەوە دەڕوانێتە یەک بە یەکی کچە گەشتیارەکان کە خۆیان و جانتا قورسەکانی دەستیان لە سەفەرە دوور و نزیکەکاندا دەگەڕانەوە. کاتێک لە دوورەوە ئاووا دەبینێت شاد و شاگەشکە نە مەرگی نزیکی خۆی لە بیر دەمینێت، نە جەنجاڵی نێو فڕگەکە.

ئاووا چاکەتێکی چەرمی قاوەیی لەبەر بوو کە ئەوەندە لەگەڵ قژ و چاوەکان و بەژن و باڵای کۆک بوو، لەبەر چاوی ئیلشا ئەو بەو شێوەیە لە هەموو کاتێکی گەشتر و جوانتر دیاربوو. ئاووا کە نزیک دەبێتەوە و رەنگ و رووی پەژمووده‌ی ئیلشا دەبینێت چەند هەنگاوێکی خێرا دەنێت و وەک کار مامزێکی کێوی دەکەوێتە باوەشی ئیلشا. هەر بە گەیشتنی دوو مەمکە خڕ و نەرمەکانی ئاووا بۆ سەر سنگی ئیلشا، یەکسەر وەک بەنداوێکی دەرز بردوو بە رووی ئاووادا دەتەقێتەوە و فرمێسکی گریانی وەک شەپۆلی بێئامان، بارانێکی خەمناکی پایز قژ و پەرچەم و گەردنی ساف و بۆنخۆشی ئاووا تەڕ دەکەن. ئاووا یەکەم جاری بوو کە ببینێت کەسێک وەها بە کوڵ لە باوەشیدا بگرییێت. ئەو لەوەتەی ئیلشای ناسیبوو هەرگیز بەو شێوەیە خەمناک نەبینیبوو. ئاووا پاش ئەوەی تەوقەیەک لەگەڵ سەیفی دەکات، دووبارە ڕوودەکاتەوە ئیلشا و سەری وەک ئینجانەیەکی دەرزبردووی پڕ لە گوڵی سیس و ژاکاو لە دەست دەگرێت. وەک ئەوەی خۆی بە خۆی بڵێت " ئای لەو بێ هۆش و بێ دڵانە، ئەو گوڵانەی منیان بۆ والێکردووە! "

ئاووا ئەوە ناڵێت بەڵام لە جیاتی سکاڵای دڵی لە ئیلشا دەکات و دەڵێت "شیرنەکەم، بۆ وەهات لێهاتووە، بۆچی لە تەلەفۆن هیچ شتێکت بە من نەگوت؟ "

ئیلشا ناتوانێت هیچ شتێک بڵێت، لەو نێوانەدا سەیفی زوو بابەتەکە دەگۆڕێت و دەمی دەکاتەوە لای ئاووا و دەڵێت " دە تۆ پێمان بڵێ بزانین گەشتەکەت چۆن بوو، دەڵێن پراگ بووکی ئەوروپایە!؟ "

ئاووا هیچ وەڵامێک ناداتەوە بەڵام لە جیاتی خەندەیەک پێشکەش بە سەیفی دەکات و زوو رووی وەردەگێڕێتەوە لای  ئیلشا و دەڵێت " لەبەرچی وەها بە خێرایی رەنگ و رووت تێکچووە؟ ئەی دکتۆر جاری پێشوو نەیگوت لەمەودوا تەندروستیت بەرەو چاکبونەوە دەچێت؟ "

ئیلشا وەک ئەوەی دڵی دورگەیەکی مینڕێژکراو بێت و لە ژێر پرسیارەکانی ئاووا دا چرکە لە دوایی چرکە زیاتر بە نێو خۆیدا بتەقێتەوە، نقەی نەدەهات بەڵام هەردوو چاوانی ببون بە گۆمی فرمێسک و خوێن. پێشتر ئیلشا و سەیفی رێکەوتبون کە ئەو ئێوارەیە هیچ شتێک بە ئاووا نەڵێن، تا ئیلشا بۆ بەیانی ئەپارتمانەکەی چۆل دەکات و خۆی ئامادە دەکات بۆ سەفەر.

*                    *                    *

ئیلشا ئەوەندەی کردبووی نەیتوانیبوو دیارییەک بۆ خوشکە تاقانەکەی بکڕێت، بۆیە لە کاتی ئامادەکردن و داخستنی جانتا بچووکە دەستییەکەی فرمێسک تک تک دەڕژایە چاوەکانی و لە دڵیدا بە خۆی دەگوت کە ئەگەر کەسێک خۆی  بریتی بێت لە شوومترین و غەمگینترین دیاری، چۆن دەستی دەگرێت دیارییەکی تر بکڕێت.

ئەو تەنها دوو تاکە شەوی لە شاری شتوتگارت و ژیانی غوربەت مابوو، پێی خۆش بوو هەردوو شەو لە لای ئاووا بمابایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاووای بە جۆرێک خۆشدەویست، نەیدەویست لە دوا رۆژەکانی ژیانیدا دوو شەوی تاڵ لە یادەوەری ئەودا بەجێبهێلێت.

کاتێک سەیفی ئۆتۆمبیلەکەی وەستاند، ئاووا زۆری پێ سەیر بوو کە ئیلشا لە شوێنی خۆی ناجوولێت. کەچی سەیفی جانتا قورسەکەی ئەوی بەدەستەوەیە و خەریکە پێش ئەو دەکەوێت و بۆ سەرەوەی دەبات. ئیلشا لە پێشەوەی ئۆپلەکەدا وەک حەربایێک کە لە کاتی ترس و شپرزەیی رەنگی پێستی خۆی گۆڕیبێت، نەیدەزانی چۆن ئەو ساتە وەختەش بگۆڕێت.

ئیلشا کتێبی ئەوینی بالتەسار و بیلمونداى بەدەست گرتبوو و بەر لەوەی ئاووا دوو جانتا دەستییەکەی هەڵبگرێت و پرسیارێکی پڕ لە گومانی لێبکات، ئیلشا خێرا پەنجەرە ئۆتۆماتیکییەکەی ئۆپلەکە دەهێنێتە خوار و ماچێک دەخاتە سەر بەرگی کتێبەکە تا وەک دوا دیاری تەمەنی پێشکەش بە یارەکەی بکات. ئاوواش وەک ئیلشا کە یەکەم جار کتێبەکەی گرتە دەست بیری بۆ دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی نێو کتێبان چوو. کاتێک هەنگاو و بە هەنگاو بە قالدرمەکان بەرەو ماڵە یەک ژوورییەکەی سەرکەوت، بیری لە ناوی کتێبێک دەکردەوە کە ڕۆژێک خۆی بینووسێت و ناوی بنێت.

{ئیلشا}

{ئیلشا و ئاووا }

{ئیلشا و ئاووا و لوکیمیا}

ئەو شەوە ئیلشا و ئاووا و سەیفی، هەریەکەیان بە جیا لە سەر بالیف و جێگا و بالینگانی خۆی تا درەنگ خەو نەچووە چاوانی، هەر یەکەیان لە لای خۆی هەزار و یەک لێکدانەوە و بیری سەیری سەبارەت بە مەرگ و ژیان بۆ هات.

بۆ بەیانی سەیفی زۆربەی کارەکانی ئیلشای ڕاپەڕاندبوو، ماڵەکەی بۆ پاک کردبووەوە و کلیلەکەی دابووەوە بە خاوەنەکەی. سەیفی لە مێژبوو چەندین کاتەلۆگ و گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگی ئۆتۆمبێلی مێرسێدیسی بۆ باوکی هەڵگرتبوو، بەڵام هەرگیز بە ڕاست و شیاوی نەزانی کە داوا لە ئیلشا بکات تا هەولێر بیانباتەوە.

جگە لە ئیلشا، سەیفی پێشتر کەسی نەبینیبوو کە بە کاتی مەرگی خۆی زانیبێت. سەرەڕای ئەوەش کەسێک بۆ مەرگ وەک باڵندەیەکی غەریب بە ئاسماندا بفڕێت. دەتگوت ئیلشا بە مەرگی دیاریکراوی لە تاقیکردنەوەیەکی خودایی دا بوو، تا وەکو بزانرێت کە ئەگەر کەسێک بە ئان و زەمانی مەرگی خۆی زانی، دەبێت دوا شت چی بێت کە بیری لێ بکاتەوە. ئایا ئەو شتە بیرکردنەوەیە لە خودا، یان مانەوەیە لەسەر پردی گومان؟

ئیلشا لە دەرەوەی بازنەی هەر بیر و باوەڕ و تاقیکردنەوەیەکدا کەسێک بوو لە یەک کاتدا دەیتوانی لە ئەوپەڕی خەمناکی و شادی دابێت، لە بێباوەڕی و باوەڕدا، لە گومان و یەقیین دا.

کاتژمێر دووی نیوەڕۆ هەموو شتەکان ئامادە بون، تا ئیلشا بەیانی کاتژمێر دە سەفەر بکات. بەڵام دوا شت کە دەبوو ئەنجامی بدات بینینی ئاووا بوو. کاتژمێر سێی ئێوارە سەیفی ئیلشای گەیاندە نزیک پارکەکە بۆ ئەوەی بچێت بۆ جاری کۆتایی لەسەر کورسییە ساجەکەدا لە چاوەڕێی ئاووا دابنیشێت.

هەردووکیان کە یەکتریان بینی زۆر بە گەرمی چونە باوەشی یەکتر، ماوەیەکی درێژ بە پێوە و بێ ئەوەی هیچ بە یەکتر بڵێن لە باوەشی یەکتردا مانەوە. کە دانیشتن فرمێسک بە لێشاو دایانبارانده نێو چاوەکانی ئیلشا. ئاووا نەیتوانی خۆی لە بەردەم ئەو ساتە خەمناکەدا بگرێت، یەکسەر بە پەنجەکانی فرمێسک لە چاوەکانی ئیلشا دەسڕێت و دەڵێت " شیرینەکەم، دوێنێ کە تۆم بینی زانیم شتێکی خەمناکت لە دڵدایە و ناتەوێت من بیزانم. من لە پراگەوە دڵم گوشراو و هەستم دەکرد کە ئیتر لە تۆ دادەبڕێم. بەڵام کە لە تەلەفۆن دەنگی تۆم گوێ لێدەبووەوە دڵم خۆش دەبوو "

ئیلشا لە نێو منگە منگ و گریانی ئاخنراوی نێو سی و مەلاشوو و چاوەکانیدا بە دڵێکی گوشراوەوە گوێی لەو ئاخاوتنەی ئاووا گرتبوو. بەڵام نەیدەویست ئەو ساتە درێژ بکێشێت، بۆیە زوو هاتە قسە و گوتی " ئاووای شیرینم، من بەیانی سەفەر دەکەم، دەچم دەمرم! "

" سەفەر! " ئاووا بە سەرسوڕمانەوە بە قۆڵ و باسکی نەرم و ناسکی لەشی بێ هێزی ئیلشا بۆ لای خۆی دەکێشێت. وەک ئەوەی فرۆکە لە نێو پارکەکەدا وەستابێت ئەو بەو کردارەی رێ لە سەفەری ئیلشا بگرێت. لێرەدا ئیلشا هەموو هەواڵەکان بۆ ئاووا ڕون دەکاتەوە، لە مانەوەی سێ رۆژەی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، تا دوا سەردانی بۆ لای دکتۆری پسپۆر، چونی بۆ لای پیرەژنە تورکەکە و چۆلکردنی ئەپارتمانەکە و هتد.

ئیلشا دەستی ئاووا دەگرێت و بەشێنەیی ماچی دەکات و دەڵێت " شیرینەکەم، ئیتر تەواو من لە بیر بکە وەک ئەوەی من لە سەرەتاوە نەهاتبم بۆ بەرامبەر پەنجەرەکەی تۆ. بەڵێنم پێبدە کە من لە بیر دەکەیت! "

هەردووکیان چەند ساتێک لە بێدەنگیدا دەمێننەوە و بە کپی لە ناخیانەوە تێر تێر بۆ یەکتری دەگرین. کات بە خێرایی لەگەڵ گریان و بێدەنگی ئەوان دا دەچوو پێش، دەتگوت ئەو رۆژانە ئیلشا لە زیادەدا ژیاوە و عیزرائیل بەزەیی پێداهاتۆتەوە. یان چاوەڕێ بووە تا ئیلشا بۆ دواجار بە دیداری یارەکەی شاد دەبێت، ئینجا لە ئەمسەرەوە چاوەڕێی دەبێت تا لەبەر دەرگای ماڵی کەزان رۆحی بکێشێت.

بۆ بەیانی ئیلشا و ئاووا و سەیفی پێکەوە لە نێو ئۆپلەکەدا دانیشتن و بەرەو فڕگەی شتوتگارت کەوتنە رێ. چتاقیان نەیاندەزانی چی بڵێن و باسی چی بکەن. ئەمجارە ئیلشا لە کورسی پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبوو وەک ئەوەی لە ئێستەوە خۆی لە گەشتێکی ئەبەدی ڕابهێنێت کە تێیدا هەتا تاق و تەنیایە.

ئیلشا لە کۆی ئەو گەشتیارانەی کە بەرەو ئەستەنبۆل دەچون تاکە کەس بوو بێهوودە و مەلوول، جگە لە جانتایەکی بچووکی دەستی چیدیکەی لەگەڵ خۆیدا نەبردبوو. هەروەها تاکە گەشتیاریش بوو کە بێ پەساپۆرت سواری فرۆکە بێت و بەرەو گەشتێک بچێت کە هیچ کەسێکی سەر زەمین نە ئێرەیی پێ دەبرد و نە پێیخۆش بوو بچێتە شوێنی. لە چاوەڕوانی ئیلشادا نوێنەرێکی دەزگای پەنابەران وەستابوو و لەگەڵ وەرگێڕێک کە ژنێکی رند و باڵابەرزی کوردی تورکیا بوو. ئەوان هاتبون هەموو ئاسانکارییەک بۆ گەشتەکەی ئیلشا فەراهەم بکەن. پاش ئەوەی هەردووکیان تەواو دڵنیا دەبن لە گشت داکیومێنت و ڤیزا و بۆردینکارتەکەی ئیلشا، بە خەمبارییەوە دەست لە ملی ئەو دەکەن و ئومێد دەخوازن کە سەلامەت بگاتەوە ماڵ. دوایی ئەوە ئاووا و سەیفی کاتێکی کەمیان بۆ دەمینێت تا لەگەڵ ئیلشا دابنیشن. سەرەتا سەیفی بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە ئیلشا بەڕێ دەکات، پاشان نۆرەی ئاووا دێت کە دڵشکاو و غەمگین

زۆر بە گەرمی ئیلشا لە باوەش دەگرێت. ماچ لەسەر ماچی لێدەکات و پێیدەڵێت " شیرینەکەم، بڕۆ... بڕۆ، من ناتوانم هیچ شتێک بڵێم! "

لێرەدا ئاووا وەک منداڵێکی زیز و تۆراو بە ڕاکردن دوور دەکەوێتە و دەچێت لە پەنا دیوارێک دەست دەکات بەگریان و سەیری دڵتەزێنترین دیمەنی ژیانی دەکات.

*　　　　*　　　　*

ئیلشا ئەو کاتانەی کە لە ئەستەنبۆل بوو هەردەم سەیری ئاسمانی دەکرد و لە دوکەڵی سپی ئەو فڕۆکانە ڕادەما کە لە بەرزایی ئاسماندا بە دوایی قونیانەوە بەجێیاندەهێشتن. ئەو دوکەڵانەی کە پاش نیشتنەوە و دوورکەوتنەوەی فڕۆکەکانی ئاسمان وەک پەمۆی شەنەبوو لە چەقی ئاسمانەوە لە شێوەی کەوانە گەورە گەورە دەمانەوە و پاشان ڕەنگە سپییەکانیان هێواش هێواش لە دەست دەدا و دەبون بە پەلکە زێڕینەی ڕەنگ بۆڕ و مردوو. ئیلشا خەونی بوو ڕۆژێک خۆی لە نێو فڕۆکەدا ببینێتەوە، سواربونی فڕۆکە بۆ ئەو مانای گەشتێکی دەدا کە بەسەر دەریاکانەوە مرۆڤ دەبەن بۆ باخچە و شارە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ئەوروپا. ئەو شارانەی کە پێشتر لە پۆستکارت و وێنەی نێو گۆڤارەکاندا دیمەنی بەهەشتێکی خالی لە خەمیان نیشانی ئیلشا دابوو، نەوەک خاکێک کە دواتر بە یەک دەست مەرگ و ئەوینی پێکەوە پێ بەخشی.

زۆر جاران ئەو ڕۆژانەی کە لە ڕێستورانی نەدیم بەی کاری نەدەکرد، دەچوو لە باخچەکانی دەوروپشتی ئایا سۆفیا و سوڵتان ئەحمەد دادەنیشت. لە ئاسمان ڕادەما و تەنها ئەو فڕۆکانەی دەژمارد کە بۆ نێو قووڵایی ئاسمان دەفڕین و ئەو و ئەستەنبۆلیان بچووک بچووک لە دوایی خۆیان بەجێدەهێشت.

ئیلشا هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو و نەیدەزانی کە ئەو ڕۆژەی سواری فڕۆکە دەبێت و بە ئاسمانەوە دەفڕێت، کاتێکە کە ئەو پەساپۆرتی مەرگی لە

باخەڵدایە. ئەو فڕۆکەیەی کە ئەو سواری دەبێت لەو جۆرە فڕۆکانەیە کە ئەو هەرگیز لە ئەستەنبۆل بە خەونیش بیری لە ژماردنیان نەکردبووەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئیلشا بەرەو مەرگ دەچوو، بەڵام دەیەویست کەمێک سەرسامی بنوێنێت کاتێک بۆ یەکەم جار خۆی لە نێو دەرگای فڕۆکەدا دەبینێتەوە. لە یەکەم نیگای بۆ نێو ژوورەوەی فڕۆکەکە هەستی کرد ئەو لە شوێنێکە وەک هۆڵێکی سینەمایە کە دوو گۆریلای گەورە لە ئەوسەر و ئەمسەریەوە ڕایانکێشابێت و شاشەی سینەماکەیان کردبێت بە دەیان پەنجەرەی بچووک.

لەگەڵ گەیشتنی ئیلشا بۆ نێو فڕۆکەکە دوو کچ لە تاخمی ناوەوە هاتن بۆ پێشوازی کردنی و تا شوێنی دانیشتنیان برد. ئیلشا ئەوەی پێ سەیر نەبوو چونکە ئاگادار بوو کە کەسەکەی دەزگای پەنابەران و ژنە وەرگێڕە کوردەکە سەبارەت بەو لەگەڵ تاخمی فرۆکەکە قسەیان دەکرد. دوو کچەکە کە دوور کەوتنەوە بۆ دڵنیا بون بە چاوی بەزەیی و سۆزەوە ئاوڕێکیان لە ئیلشا دایەوە. نیو سەعات بە سەر چوو تا تەواوی خەڵکەکە دانیشتن و دوو کچەکە ڕێنمایەکانی فریاگوزاریان پێشکەش کرد.

ئیلشا لە لای پەنجەرە دانیشتبوو، لە تەنیشتی کابراییکی قوت و قەڵەو دانیشتبوو کە بونیادی لەش و قیافەی لە تورکوت ئۆزال دەچوو، بەڵام شێوەی رووی لە هی ئەو وردتر و سپیتر بوو. کە فڕۆکەکە بە خێراییەکی بێوێنە ڕۆیشت و خەریک بوو بۆ سەرەوە بەرز بێتەوە، کابرای قەڵەو خەریکی خاوکردنەوەی بۆینباخە زەرد و سوورەکەی ملی بوو.

بۆ ئیلشا سواربونی فڕۆکە و فڕین بە هەوادا شتێکی تازە بوو، بۆیە ئەوەندەی خەریکی سەرنجدان بوو ئەوەندە بیری لە مەبەستی سەرەکی گەشتەکەی نەدەکردەوە. بەرزبونەوە و هەستانی لە ناکاوی فڕۆکەکە بۆ ئیلشا نێوە رۆح کێشانێک بوو. ئیلشا بە تەواوی شلەژا بوو تا ئەوکاتەی فرۆکەکە گەیشتە ئاستێک و بە ئارستەیەکی ئاسۆیی جوولەی کرد، دواییش وەک نەورەسێکی زەبەلاح بە تاقی تەنیا لە قووڵایی ئاسماندا مایەوە.

ئیلشا به درێژایی دوو سەعاتی ڕێگا نە سەری لە پەنجەرەکە دوورخستەوە، نە ئاوڕێکی دۆستانەشی لە کابرا قەڵەوەکەی تەنیشتی دایەوە. بەڵام کاتێک فڕۆکەکە دەچێتەوە ئاستێکی نزمتر و لە خوارەوە ئاسمانێک بەدی دەکات کە ڕەنگی کەمێک تۆخ و سامناکتر دیار بوو لەو ئاسمانەی کە فڕۆکەکەی تێدا دەفڕی، ئیلشا لێرەدا بواری ئەوەی نابێت خۆی ئەو نهێنییەی خوارەوە ئاشکرا بکات. چونکە لە پڕ کابرای قەڵەو بە بەردەم ئەوەوە سەری بۆ نزیک پەنجەرەکە دەبات و پێیدەڵێت کەوا شینایییەکەی خوارەوە بەحری ڕەشە. ئیلشا بە بینینی دەریای ڕەش، ڕۆژە ڕەشەکانی نێو دەریای سپی بیردەهاتەوە و زۆر بە وردی لە بەرزایی ئاسماندا لە ناخی ئەو دەریایە ڕادەما. وەک ئەوەی بە دوایی تەرمی کابرای لایت و ئەو کەسەدا بگەڕێت کە تونجای شەڕێکی ناڕەوای پێفرۆشت و بۆ نێو قوڵایی دەریا پاڵی پێوەنا. ئیلشا بیری لە منداڵە خنکاوەکە دەکردەوەکە کە لەگەڵ دایکی کۆرپە ساوواکەدا بە تەنیشت یەکەوە لە دوو گۆڕی غەریب لە دورگەیەکی دوردا نێژران. کابرای قەڵەو کە ڕووی دەمی دەکاتە ئیلشا نازانێت ئەو گەنجە باریک و سپیلکە و جوانەی تەنیشتی سەیرترین و بەدبەخترین گەشتیاری نێو فڕۆکەکەیە. سەرەتا بە ناوی کوتای خۆی بە ئیلشا دەناسێنێت، دواییش کۆمەڵە پرسیارێکی خێرای لێدەکات و گوێ بەوە نادات کە ئەگەر وەڵامی نیوەشیان وەرنەگرێت. کوتای بەی لەگەڵ ئیلشا لە پەنجەرەکەدا سەیری دەریای ڕەش دەکات و دەڵێت " من هەرچەندە منداڵیم لەسەر لێوارەکانی ئەو دەریایە بەسەر بردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو سەفەرەکانم لە سەر ئەو دەریایە تووشی ترس و خەفەقان دەبم "

ئیلشا نەیویست دەرگای ئاخاوتن بە ڕووی ئەو پیاوە ڕوو خۆشە دابخات، پاش ئەوەی لە نێو هەموو پرسیارەکانی ئەودا ئەو تەنها یەک وەڵامی هەبوو ئەویش «کورد» بوو. لێرەدا ئیلشا یەکسەر ئاوڕیکی برایانەی لێدەداتەوە و پێیدەڵێت " بەی ئەفەندم، شوێنی منداڵیت ناوی چییە؟ "

" ئەبانا "

" ئێستاکە لە شاری کاستەمەنو دادەنیشم و بازرگانم. هەموو ساڵێک جارێک بەسەردان سەفەری ئەڵمانیا دەکەم "

" ئایا کاستەمەنوش دڵگیر و جوانە وەک ئەبانا؟! " ئیلشا پرسی.

" بەڵێ، لە ناو شاخدایە و قەڵایێکی کۆنی لێیە. بەڵام، خۆت دەزانیت بەهەشتیش ناگات بە شوێنی منداڵی! "

پاش ئەو پرسیار و وەڵامانەی کوتای بەی بۆ ماوەی زیاتر لە پازدە دەقیقە بە زمانێکی تێکەڵ لە تورکی و ئەڵمانی بۆ ئیلشا دەئاخڤێت و دەیباتە دونیای منداڵی خۆی، دونیایێکی شاد و ئارام بەڵام بەسەرچوو. دوایی کوتای بەی دەوەسێت و لە کڕی و کپی ئەو کوڕە کوردە دەکەوێتە گومان و پێیدەڵێت " کارداشم، دە تۆش کەمێک باسی خۆت بکە. چ کارێک دەکەیت لە ئەڵمانیا؟ دوایی ئەستەنبۆل بۆ کوێ سەفەر دەکەیت؟ "

ئیلشا بە دەنگێکی گن و خنکاوەوە ئاوڕ لە کوتای بەی دەداتەوە و دەڵێت " هیچ کارێک ناکەم، من بۆ مردن دەگەڕێمەوە کوردستان، بۆ نێو کەس و کارم "

ئیلشا وەک کەسێکی سەر لێواری مەرگ و بەرزە فڕی ئاسمان چەند بە لەش و جەستە لە زەمینەوە دوور بوو، سەد ئەوەندەش بە بیر و ئەندێشە دوور بوو لە کێشە و ناکۆکییەکانی دونیا.

لە دڵیدا دەیگوت کە فڕین بە ئاسماندا بۆ چەند کاتژمێرێک بێت، بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بکات بە مەلێکی کێوی و سنوورە دەستکردەکانی جوگرافیا ببڕێت. بۆیە ئەو کە بۆ یەکەم جار دەرگای ئاخاوتنی لەگەڵ کوتای بەی کردەوە ئەویشی وەک مەلێک سەیر کرد. لە نێو ئەو گردە لە گۆشت و خوێنەی تەنیشتی نەورسێکی ناسک و سپی بینی. بۆیە پاش یەکتر ناسین ئامادەبوو چیرۆکی ژیانی وەک هێلکەیەکی سپییکراو بخاتە نێو دەستی ئەو پیاوە.

" من ناوم دڵشاد نەبی یە، لە ئەڵمانیا دووچاری لوکیمیا بووم. دکتۆر پێی گوتووم کەوا تەنها دوو سێ رۆژێکم لە ژیاندا ماوە! "

لەگەڵ ئەو وشانەی کە وەک هەورە تریشقە بەر گوێ ی کوتای بەی کەوتن، ئیلشا یەکسەر لە نێو جانتا دەستییەکەی راپۆرتی دکتۆر نیشانی کوتای بەی دەدات.

کوتای بەی خەم دایدەگرێت وەک ئەوەی ئیلشا هاوەڵێکی سەردەمی منداڵی ئەو بێت و ساڵانێکی دوور بێت یەکتریان نەبینیبێت. یەکسەر دەست دەکاتە ملی و هاوخەمی خۆی لە دڵەوە پێ ڕادەگەیەنێت. لەو کاتەدا کە ڕاپۆرتەکەی ئیلشای بە دەستەوە دەبێت، نووسراوی سەر کاغەزەکە لە بەر چاوی دا لێڵ و تەماوی دیار دەبێت، کە ئەو نە دەتوانێت بیانخوێنێتەوە وە نە لە مانا شاراوەکانیان بگات.

کوتای بەی لە دانیشتنی دوو سێ سەعاتییەی لە تەک ئیلشادا هەستی کرد بە دونیاییێکی پڕ لە خەم و دڵتەنگی ئاشنا بووە کە لە مەودوا بۆ ئەو بیرنەکردنەوە لێی کارێکی ئەستەم دەبێت. بۆ ماوەیەک هەردووکیان نقوومی نێو خەیاڵ و بیرکردنەوە دەبن تا ئەو کاتەی گوێیان لە ڕاگەیاندنی قوپتانی فڕۆکەکە دەبێت کەوا لە ئەستەنبۆل نزیک بونەتەوە. لە پەنجەرەکەدا ئاوە شینەکەی پەسفۆر دەبینن، تەپۆلکە و گردە سەوزەکان، و خانووە بان سوور و دیوارە سپییەکان. کوتای بەی بە چاوێکی پڕ لە بەزەیی و سۆز دەڕوانێتە ئیلشا و بێەوەی دەنگی ببیسترێت، لە ناخەوە لەگەڵ ئیلشادا دەئاخڤێت، " کارداشم، سەیری ئەستەنبۆل بکە کە لە ئاسمانەوە چەند جوان دیارە. تێر تەماشای بکە و لە جوانییە شارەوەکانی ئەو شارە ڕابمێنە. تۆ تەنیا نیت کە ئەو شارە لە دوایی خۆت بەجێدەهێلیت و دەڕۆیت. ئێمە هەموومان وەک تۆ دەڕۆین، بەڵام ئەستەنبۆلی جوان هەر لە شوێنی خۆیدا دەمینێت. ئەستەنبۆل ئەو شارەی کە هەرگیز پیر نابێت! "

ئیلشا لەگەڵ گوێ گرتنی بۆ ئاخ و ئەفسووسی هاوڕێی سەفەری لە خوارەوە لە جیاتی مێرگ و باخچە، قەڵای کۆنی بەردین، قوبە و منارەی مزگەوتەکان، بازاڕ و کۆڵانە تەسکەکانی نێو ماڵان، چاوەکانی وەک دووسەتەلایتی بچووک بە دوایی گۆڕستانەکاندا دەگەڕێن. ئیلشا لەو گەشتە بە چاوگەڕانەیدا چاوە شەکەت و ماندووەکانی وەک موگناتیس بەرەوە پنتێکی بچووک و دوور دەکێشرێن. پنتێک کە تا دەهات لە ژێر چاوەکانی گەورەتر و رونتر دەردەکەوت، تا لە پڕ دەبوو بە گۆڕێکی تەنیا و غەریب. دەبوو بە گۆڕی

حەزرەتی نالی، ئەو شاعیرە کوردەی کە رۆژگارێکی دوور وەک ئیلشا دڵشکاو و رەنجاو پشتی لە خاکی باب و باپیرانی کرد و بەرەو وەلاتێن عەجەم و توور و رووم ملی ڕێگای گرت.

ئیلشا لە ئاسمانێکی غەریبدا لە پاڵ کەسێکی غەریب چاوی بۆ کون و قوژبنەکانی شارێکی غەریب دەگێڕا تا کەسێکی ئاشنا بدۆزێتەوە و لەو بەرزاییەدا هاواری فریادڕەسی بخاتە گوێی و پێیڵێت.

*قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور*
*وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور*

فڕۆکە بەسەر ئاسمانی ئەستەنبۆل دا تا دەهات نزمتر دەبووەوە، کوتای بەی بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە ناخیدا خۆی دەخواردەوە و خەریک بوو کپ و مات دیسان ئیلشای دەدواند " کارداشم، ئەستەنبۆل شاری غەریبانە! سەیرکە چۆن دەرگا و قاپییەکانی بۆ میوانداریت خستۆتە سەر پشت"

پاش ماوەیەکی درێژی بێدەنگی ئیلشا لە پڕ بە پرسیارێکی ناوەخت کوتای بەی نقووم بووی نێو بیرکردنەوە، ڕادەچڵەکێنێت.

" بەی ئەفەندم، دەزانێت لالەلی دەکەێتە کام لاوە؟! "

کوتای بەی وەک قوپتانیکی گەڕیدە و شارەزای نێو دەریا بێ ئەوەی دووربینی باخەڵی دەربهێنێت و نیوەی چاوێکی بنوقێنێت یەکسەر بە بەردەمی ئیلشاوە پەنجەی بۆ شوێنێکی دوور درێژ دەکات.

کوتای بەی لە ئیلشای نە پرسی کەوا ئەو لە ئاسمان و سەرە مەرگدا لالەلی بۆ چییە!

تا فڕۆکەکە نزمتر دەبووەوە، ئیلشا زیاتر سەرنجی شوێن پەنجەی کوتای بەی دەدا، لەگەڵ ئەوەی هیچیشی بۆ رون نەبوو. دەیەویست لەو بەرزاییەوە سەیری شوێنێک بکات کە تێیدا پشتی چەما ئەوەندەی پەرداخ و قاپ و مەنجەڵ و مەقلی چەور بشووات. ئیلشا دەیەویست لەو دوورییە روومەتە سێوەکانی

ئایفەر ببینێت و پێیبڵێت " ئەی کچی دڵ نەرم و جوان، منم وا دەگەڕێمەوە شارە جوان و جەنجاڵەکەت. منم بەرەو ئەستەنبۆل دێمەوە. هەرچەندە رون دەزانم کە نە تۆ و نە شارە جوانەکەت منی رەنگ پەڕیو ناناسنەوە. بەڵام من تەنها لەبەر چاوی ئێوەدا نامۆ نیم، بەڵکو لە پێش هەموو کەس من چارەیەکی نەناسراو و غەریبم، نامۆم بە خوشکە تاقانەکەم، نامۆم بە شارەکەم، هەروەها نامۆم بە وەلاتە پڕ خەمەکەم "

کوتای بەی وەک دۆستێکی گیانی بە گیانی و دڵسۆز بستێک لە ئیلشا دانەدەبڕا. لە نێو تونێلە ساردەکەی دابەزین لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا ئاوڕی بۆ ئیلشا دەدایەوە. کە دەگەن بۆ ناوەوەی فڕگەکە بە ئیلشا دەڵێت" کارداشم، لێرە چاوەڕێم بە، من تا بە سەلامەت تۆ بەڕێ نەکەم بە جێتناهێڵم "

لە کاتی گەیشتنیان بۆ بەردەم خاڵەکانی پشکنین، کوتای بەی ئیلشای پێش خۆی خستبوو. بەڵام لە بەدبەختی ئەوان ئەو ریزەی ئەوان لێی وەستابون، پۆلیسی نێو کۆشکە شووشەییەکەی کەسێکی قین لە دڵ و دەم و چاو ترشاو بوو. بەر لە دوو ساڵ برایەکی بچووکی لە ناوچەی هەکاری کوژرابوو. کاتێک ئەو پۆلیسە هێنانەوەی تەرمی برا کوژراوەکەی کەوتبووە ئەستۆ، ناچار ببوو سەفەر بۆ ئەو شوێنە عاسێیە بکات. پۆلیسەکە یەکەم جاری بوو پێ بنێتە خاکی کوردان، لەو گەشتەیدا ئەویش وەک ملیۆنان لە خەڵکی ئەو شوێنانە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی چاوانی دەچەقینە سەر نوسراوێک کە وەک ئایەتی قورئان لە نێوچەوانی گشت گردو تەپۆلکە و چیاکاندا هەڵکەنرابوو.

*NE MUTLU TÜRKÜM DIENE*

ئەو رۆژەی ئەو پۆلیسە بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی براکەی دەگاتە مۆڵگە سەربازییەکەی جەندرمە لە نێو چیادا. لە دەرەوە یەکەم شت بینیبووی بریتی بوو لە دوو گەریلا کە پەل بەستراو لە ژێر دیوارێک فڕێ درابون. یەکێکیان کچێکی ئەسمەری حەڤدە ساڵان بوو، ئەویدیکەش کوڕێکی خڕپن و کورتی

بیست سالآن، که جیا له کچەکە لا شانێکی له دوو لاوه بریندار و کون ببوو. ئەو پۆلیسە هەر کە تەرمی برا کوژراوەکەی بینی، وەک شێت هاوار دەکات و دەگرییێت، تووشی هێستیریایێک دەبێت کە بە یوزباشی و هەموو جەندرمەکان گیر نابێت. هەتا خۆی لەبەر دەستیان رزگار دەکات و رادەکاتە دەرەوە بەرەو شوێنی کوڕ و کچە یەخسیرەکەی پەنا دیوار. هەر کە دەگات بە هەردوو پێی بە سەر سەری گەنجە بریندارەکە دەکەوێت. بە لەق و شەق خەریکی تێهەڵدان و لێدانی دەبێت تا نیوە مردووی دەکات. بە هەموو هێزی پێ لە سەربرینەکانی شانی دادەنێت و تا پێیدەکرێت زیاتر ئازاری دەدات. هاوار و ناڵەی گەنجە بریندارەکە لە شاخ و دۆڵ و دوندەکاندا دەنگی دەدایەوە. پۆلیسەکە تا خۆی شەکەت و ماندوو نەبوو دەستی هەڵنەگرت لە لێدان و تێهەڵدانی گەنجە بریندارەکە. ئەو لەگەڵ هەر لەقەیەکیدا بۆ سەری گەنجە بریندارەکە دەیگوت " شەرەف سز، خائین، سەن ئیسمی نە!؟ "

گەریلاکە بە دەم لووتی پڕ خوێنەوە، دەنگێکی کز و نوساوەوە چەند جار لەسەر یەک دەیگوت.

" دڵشاد! "

" دڵشاد! "

" دڵشاد! "

ماوەیەکی دوور پاش ئەوەی پۆلیسەکە گەڕابووەوە ئەستەنبۆل و براکەی لە یەکێک لەو گۆڕستانانە ناشتبوو کە ئیلشا لە ئاسمانەوە بینیبونی. ئەو ناوە وەک کابووسێکی شێتکەر لە پەنا گوێیەکانی ویزە ویزەی دەهات و بێزاری دەخستە دڵ و دەرونی. بۆیە پۆلیسەکە بەردەوام وێڵ بوو بۆ زانین و ئاشکراکردنی مانای ئەو ناوە نەویستراوەی نێو گوێیەکانی. تا لە ڕێکەوتێکدا لە کەسێکی کورد راست دێت و یەکەم پرسیار مانای تورکی ناوی دڵشادی لێدەکات. کەسەکە وەک شارەزایەکی هەردوو زمانی هاوسێ، بێئەوەی بیربکاتەوە و دابمێنێت یەکسەر بە پۆلیسەکەی گوتبوو.

" موتڵوو! "

" ئەڤەت، موتڵوو! "

پۆلیسەکە چەند جارێک ئەو وشەیە لە مێشکی لێکدەداتەوە و ئاخاوتنەکەی ئەتاتورکی دێتەوە یاد کە لە سەر دیواری شارەکان و لوتکەی چیاکانی خاکی کوردان بە پیتی گەلێک گەورەتر و درشتر نووسرابون لەوەی کە ئەو پێشتر لە سەر رووپەڕی رۆژنامە و کتێب و گۆڤارەکان لە ئەستەنبۆل بینیبونی. ئەو کە مانای ناوەکەی دەست دەکەوێت لە ناخەوە پێدەکەنێت و ئەو گەریلا بریندارەی دێتەوە یاد کە لە ژێر پێیەکانی ئەودا پڕ بە گوێی شاخەکانی هەکاریناڵەی دەهات، ئەو هەرگیز ئێرەیی و بەخیلی بە کەسێک نابات کە بە کوردی دەیەوێت موتڵوو بێت.

کەسێک بێت بە ناوی دڵشاد.

* * *

کاتێک ئیلشا دێتە بەرامبەر پۆلیسەکە، دوو ساڵ بەسەر مەرگی براکەی تێپەڕیبوو. بەڵام کە لەسەر کاغەزی ڤیزاکەی ئیلشا دووبارە رووبەرووی ناوی دڵشاد دەبێتەوە، لەو ناوە بترازێت هیچ وشەیەکی دیکەی ناکەوێتە بەرچاو. پۆلیسەکە هەردوو چاوەکانی دەچنە پشتی سەری و ئەوەی ئەقل بێت لە سەریدا نامینێت. وادەزانێت ئەو نەخۆشە کوردە هەمان گەرێلای یەخسیر و بریندارە، لە ئەڵمانیاوە ساغ و تەندروست گەڕاوەتەوە بەردەمی. بۆیە پۆلیسەکە یەکسەر بێ بیرکردنەوە لە هیچ شتێک و بەزەیی هاتن بە ئیلشای نەخۆش، یەکسەر ڤیزاکە دەدڕێنێت و پچڕ پچڕی دەکات.

کوتای بەی کە دەبینێت لە نێوان ئیلشا و پۆلیسەکەدا گرژییەک هەیە، یەکسەر چەند هەنگاوێک دەچێتە پێش. بەڵام رووداوەکان بەسەر ئارامی و دڵنەرمی ئەودا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو تێپدەپەڕن. پۆلیسەکە سەرەتا بە زمانێکی نەرم ویستی کوتای بەی هێور بکاتەوە، کە بێ سوود بوو بە توڕەیی پێیگوت کەوا بۆ ئەو باشترە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دەست لە کاری دەوڵەت وەرنەدات.

ئیلشا لێرەدا نەیدەزانی چ بکات و چۆن لەگەڵ ئەو پۆلیسە دڕ و نا ئینسانییە هەڵسوکەوت بکات. بۆ ئەو لەسەر لێواری مەرگ، کۆنترۆلی فڕگەکان و سنووری نێوان وڵاتان هیچ مانایەکیان نەدەدا. ئەو لە وەستانی بەرامبەر پۆلیسەکەی نێو شووشە بەندا دوا ئاواتی لە ژیان ئەوە بوو کە بتوانێت بگەڕێتەوە شوێنی منداڵی و لەوێدا بمرێت.

لە حەشاماتی نێو فڕگەکە و لە نێو گەشتیار و گەڕیدەکاندا تەنیا کوتای بەی دەرکی بەو راستییە دەکرد و لە رووی ئیلشا کەسێکی بێگەرد و پاکی دەبینی. بۆیە بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی ئیلشا لەو بارودۆخە دژوارەدا بەجێیبهێڵێت. پاش ئەوەی پۆلیسەکە هات و هاواری ئەو پشت گوێ دەخات و ئیلشا دەداتە پێش خۆی بۆ بەشی لێکۆڵینەوە و کۆنترۆڵ. کوتای بەی دەیەویست بەدواییاندا ڕابکات، بەڵام نەدەکرا بەبێ مۆر کردن و پشکنینی پەساپۆرتەکەی هێڵی پشت پۆلیسەکە ببڕێت.

کوتای بەی بۆینباخەکەی شل دەکاتەوەو چاو بە دەوروپشتی دەگێڕێت. ئەو یەکەم جاری بوو خۆی لە بار و دۆخێکی وەها ناسک ببینێتەوە. پاشان بەپەلە ئەو ریزە بەجێدەهێڵێت کە ئەو لە پێشەوەی وەستابوو. بەرەولای راست هەنگاو دەنێت و داوا لە ژنێک دەکات کە منداڵێکی یەک ساڵەی لە باوەش بوو تا نۆرەی خۆی بدات بە ئەو. ژنە گەنجە جوانەکە شەکەتی سەفەرێکی دووری پێوە دیار بوو، لە کڵاوە سوورەکەی سەری کۆرپە ساواکە دیار بوو کە لە کەنەداوە هاتبون. بەڵام زیاتر لە دە سەعاتی دانیشتنی نێو فڕۆکە و فڕینی نەپساوەی بە سەر ئەتلانتیکدا گەردێک لە جوانی و گەورەیی دڵی ئەو ژنە جوانەی نەشێواند بوو. بۆیە کە کوتای بەی رەنگ هەڵبزرکاو دەبینێت بێ ئەوەی لە ئاخاوتن و زمانی بگات شوێنەکەی خۆی دەدات بە ئەو.

پاش ئەوەی پۆلیسەکە پاسپۆرتەکەی مۆر دەکات، کوتای بەی خێرا بەرەو ئەمنیەتی فڕگە دەچێت و دەرگا داخراوەکەی دەخاتە سەر پشت. ژوور بە ژوور چاو بۆ ئیلشا دەگێڕێت، بەڵام زوو شاد دەبێت بەوەی کە لە یەکێک لە ژوورەکاندا پشتەوەی ئیلشا دەبینێت کە لە تەنیشت پۆلیسەکەدا لە بەرامبەر

مێزی ئۆفیسەرێکی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر وەستابوو. کوتای بەی وەک پارێزەرێکی چاونەترس و بوێر ڕوودەکاتە ژوورەوە و خۆی دەناسێنێت. داوای یارمەتی لە ئۆفیسەرەکە دەکات کە ڕێگای ئیلشا بدات بگەڕێتەوە نێو کەس و کاری. بەڵام پۆلیسە قین لە دڵەکە بارەکەی وەها نەشێواندبوو بە ئەو چاکبکرێتەوە. پاش ئەوەی ڤیزاکەی لە ئیلشا دڕاندبوو، بە ئۆفیسەرەکەی گوتبوو کە ئەو گەنجە قاچاغە و هیچ بەڵگەیەکی هاتنە نێو تورکیای پێنەبووە.

ئۆفیسەرەکە باوەڕی تەواو بە پۆلیسەکە هێنابوو و بە گومانەوەش سەیری ڕەنگی پەڕیوی ئیلشای دەکرد و هیچ نرخێکی بۆ بەڵگەنامە و ڕاپۆرتی پزیشکی دەستی ئەو دانەنا. بەڵام زۆر بە شێنەیی گوێ لە کوتای بەی ڕادەگرێت کاتێک پێیدەڵێت کە ئیلشا لە نێو فڕۆکەدا لە کورسییەکەی تەنیشت ئەودا بووە و ڤیزای تورکیاشی پێبووە. ئۆفیسەرەکە باوەڕی بە کوتای بەیش دەهێنا و دەیزانی کە ڕێکخراوە مرۆییەکان لە توانایاندایە خەڵک بە بێ پاسپۆرت بفڕێنە ئەمسەر و ئەوسەری دونیا. بەڵام بەشێوەیەکی فێڵبازانە بە کوتای بەی دەڵێت " وەتەن داشم، تۆ خۆت نابێت رازی بیت کە کەسێک بێ پاسپۆرت پێبخاتە نێو وڵاتەکەت. ئەو کوردانە دەیانەوێت تورکیاش وەک عیراق کاولکەن! "

کوتای بەی کاتێک دەزانێت کە مەسەلەکەیان زۆر لە ئیلشا ئاڵۆز و گەورە کردووە لە ئۆفیسەرەکە دەپاڕێتەوە و دەڵێت" ئەفەندم ئەو کارداشە نەخۆشە، من ئامادەم لە جیاتی ئەو ئیمزا بکەم و بیبەم بۆ ماڵی خۆم لە کاستمەنو هەتا ئێوە لەگەڵ ئەڵمانیا کێشەکەی چارەسەردەکەن "

ئۆفیسەرەکە کەمێک دەماری گرژ دەبێت و بە کوتای بەی دەڵێت " ئەفەندی بەی، لەوە زیاتر خۆت ماندوو مەکە، ئەو کەسە لە هاتنی بەقاچاغ بۆ ناو خاکی تورکیا گەورەترین خراپەی بەرامبەر تورکیا کردووە. ئەگەر ئەو کەسە لە ئەوروپاوەش هاتبێت، دەبێت ئێوە بزانن ئەوە چ دەگەیەنێت. دیارە

ئەوروپاییەکان تورکیا بە دەوڵەت نازانن نەوەک چۆن خەڵکی بێ پاسپۆرتمان بۆ دەنێرن.

ئێمە بە ناردەنەوەی ئەو کەسە هۆشدارییەکی توندیان پێدەدەین کە رێز لە هەیبەتی تورکیا بگرن "

ئەو بینە و بەردەیە نزیکەی چل دەقیقە دەخایەنێت، کوتای بەی ئامادە دەبێت تا بەیانی بمێنێتەوە ئەگەر بتوانێت ئیلشا لە گێژاوەکە ڕزگار بکات. بەڵام ئۆفیسەرەکە پاش ئەوەی پۆلیسە داخ لە دڵەکە دەنێرێتەوە شوێنی خۆی، بە هێمنی بە کوتای بەی دەڵێت کەوا چیتر خۆی ماندوو نەکات، چونکە ناردنەوەی ئیلشا بە هەمان فڕۆکەکەی پێی هاتبوو دوا بڕیاری ئەوە. لەو کاتەدا کوتای بەی وەک کەسێکی کۆست کەوتوو قوڕگی پڕ گریان دەبێت و دەست لە ملی ئیلشا دەکات. چەند دڵی بۆ ئیلشا لێدەدات و توندتر باوەشی پێدا دەگرێت، سەد ئەوەندەش دڵی لە وڵاتەکەی دەشکێت و لە دڵ ڕەقییەکەی بەرامبەر کوردان دەتۆرێت.

بەر لەوەی لە یەکتر جودا ببنەوە ئیلشا بە کوتای بەی دەڵێت کە داوا لە ئۆفیسەرەکە بکات تا رێگای بدات تەلەفۆنێک بۆ هاوڕێکانی بکات تا لە فڕگە چاوەڕێی بکەن.

پاش ئەوەی ئۆفیسەرەکە سەرێک دەلەقێنێت کە لە هەمان کاتدا لەسەری خۆی نەدەچوو. کوتای بەی تەلەفۆنە دەستییەکە لە گیرفانی چاکەتەکەی دەردەهێنێت و دەیداتە دەستی ئیلشا. یەکەم جار ژمارەی سەیفی لێدەدات بەڵام ئەو وەڵامی نابێت. ئەمجارە خێرا ژمارەی ئاووا تاقی دەکاتەوە، یەکسەر بە گوێگرتنی بۆ دەنگی ناسکی ئاووا ئارامییەک دەکەوێتە نێو دڵی و کەمێک دەگەشێتەوە. ئیلشا بە خێرایی هەواڵی دیپۆرتکردنەوەی بە ئاووا ڕادەگەیەنێت، بەڵام هێشتا دەنگی ئاووا لە نێو هێڵەکەدا مابوو کە تەلەفۆنەکە دادەخات و دەیداتەوە دەستی کوتای بەی.

ئیلشا زۆر بە دڵیشکاو و پڕ خەمەوە تەوقەی ماڵئاوایی لەگەڵ کوتای بەی دەکات. پاشان دەکەوێتە نێوان دوو پۆلیس تا بەرەو ئەو شوێنە بیبەن کە دووبارە فڕۆکەکەی لێدەفڕێتەوە شتوتگارت.

ئیلشا بە دەم ڕێگاوە بیر لە بەخت و چارەی خۆی دەکاتەوە، بیر لەو رق و قینەیەی کە مرۆڤ دەخاتە ئەوپەڕی دڵڕەقی و بێرەحمی.

ئیلشا ئەمجارە دڵ پڕ و دڵ شکاوتر لەجاری پێشوو دەفڕییەوە ئاسمان، کەچی هێشتا تروسکاییەکی کەم لە شادمانی لە ناخیدا مابوو. ئەو پاش ناسینی کوتای بەی گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە هەموو مرۆڤێک پێویستە وەک ئەو هەر ساڵەی جارێک بە ئاسماندا بفڕێت. وەک ئەو بەهۆی فڕینی زۆرەوە چاوانی بە بینینی فراوانی ئاسمان ڕاهاتبێت لەجیاتی ئەو سومبول و هێڵ و هێمایانەی کە مرۆڤ دەکەن بە خوێنە خۆرەی یەکتری. بەڵێ، ئەگەر مرۆڤەکان بەردەوام بە ئاسماندا بفڕیبانایە و وەک مەلە کۆچبەرەکان ئاشنا بونایە بە ساردی و گەرمی ژیان، بە ئازاری ئەو مەلانەی کە لە ترسی فەنابون هەردەم بەرزتر دەفڕن، ئەوا هەرگیز رق و کینە جێگایان لە هەناویاندا نەدەبووەوە.

لە گەڕانەوەدا ئیلشا ئەمجارە کەسی لە تەنیشت دانەنیشتبوو. مات و مەلوول سەیری ئاوە شینەکەی پەسفوری دەکرد، ئاهی ساردی هەڵدەکیشا بۆ نەگەیشتنەوە بە خوشکە تاقانەکەی، بە باوەشی خاڵی و گەڕەک و یادەوەرییەکانی منداڵی، بە وەلاتە شیرین و جوانەکەی. هەستی دەکرد کە ئەو بووە بە تۆپی بالە لە هەموو لایەکەوە بەر شەق دەدرێت و لە شوێنێکدا جێگای نابێتەوە.

ئیلشا کە زیاتر دەچووە نێو بیرکردنەوە لەو پێشهاتەی کە لە فڕگەکەدا بەسەری هات، پەنجەی خۆی دەگەست کە چۆن  وەها بە ئاسانی گوێی بۆ ویستی پۆلیسە تڕوهات و بێرەحمەکە شل کرد و هیچ ناڕەزاییەکی توندی نیشان نەدا، بە خۆی دەگوت" تۆ لەسەر لێواری مەرگ باکت بەچی بوو بیدۆڕێنیت، نەدەبووایە بە مەرگیش ئەستەنبۆل بەجێبهێلیت، لەوێ گیانت دەرچوو بووایە سەد بار باشتر لە گەڕانەوەت، ئەوسا لە قەرەبالغیدا

دەبوویتە شەرم و پەلەیەک بە رووی پۆلیسە داخ لە دڵەکە و ئۆفیسەرە لووت بەرزەکە. تۆ کە بۆ مردن سەفەرت کردبوو نابووایە دڵشکاو و دۆڕاو بگەڕابایتەوە ئەو شوێنەی بە دەستێک چەپکە گوڵی ئەوین وژیانەوەی بەسەردا باراندی، بەڵام بە دەستەکەی تر تەوقی مەرگی کردە گەردنت. دەبووایە لە ئەستەنبۆل بمابایتەوە و لەو شارە مردبایت کە گۆڕی کەڵە شاعیری میللەتەکەی تۆی لێیە. لەوێ بەر لەچونت بۆ لای پۆلیسە دڵ ڕەقەکە دەبووایە لە جیاتی حەزرەتی نالی شیعرێکت بەسەر باڵای ئەو ژنە جوانەدا گوتبایە کە خۆی و ساوا یەک ساڵییەکەی لە پشتەوەی دەریا و ئۆقیانووسەکان هاتبون. لە جیاتی حەزرەتی نالی پێتگوتبایە ئەی مەحبووبەی جوان ئەگەر گەڕایتەوە وڵاتەکەت پێیان بڵێ کە تۆ لەو گەشتەدا کەسێکت بینی کە لە بێ خاکیدا خاکێک نەبوو تێیدا بمرێت.

دەبووایە ئاخاوتنی لەوەش رونترت بەو کابرا پیرە فینلاندیە گوتبایە کە یەکەم جاری تەمەنی بوو پێی بنێتە سەر خاکێک کە مزگەوتی لێبێت. دەبووایە رازێکی خۆشت بەو ژنە قەڵەوە سوور و سپییە یۆکرانییەش گوتبایە کە لە سویسراوە ڕێگای ئەستەنبۆلی گرتبووە بەر تا نهێنی ئەو تاوانە ئاشکرا بکات کە کچەزا پازدە ساڵییەکەی تێدا کوژرابوو. دەبووایە تۆ لە سەرەتاوە پشتت لە کۆشکە شووشەکانی کۆنترۆل و پۆلیسەکانی نێویان کردبایە و لە جیاتیدا کێشەکەی خۆت بۆ گەشتیاران باس کردبایە! "

ئیلشا لە نێو فڕۆکەی گەڕانەوە دا سەیری خوارەوەی دەکرد و دووبارە دەریای رەشی دەبینییەوە. لەو کاتەدا بیری لە کوتای بەی دەکردەوە و وێنەی ئەبانای لە سەر لێوارەکانی دەریای رەش بە جوانترین شێوە لە خەیاڵی دەکێشا. دووبارە دەکەوتەوە نێو لێکدانەوە و خەیاڵ، بەڵام ئەمجارە تەواو پێچەوانەی جاری پێشوو. خۆی بەوە شاد دەکرد کە زۆربەی ئەویندارانی مێژوو بۆ مەرگ و ژیان شوێنی سەرەتا و کۆتاییان باوەشی گەرم و سۆزداری یارانیان بووە.

ئاووا لەمسەرەوە دوایی تەلەفۆنەکەی ئیلشا یەکسەر بەرەو فڕگەی شتوتگارت کەوتبووە ڕێ. دووکاتژمێر زووتر گەیشتبوو و بە دڵێکی پڕ لە سۆزو خەمەوە لە چاوەڕوانی ئیلشا دابوو. هەوڵێکی زۆری دابوو لە پەیوەندی کردن بە دکتۆری پسپۆر و دەزگای پەنابەران بەڵام کار زوو لە کار ترازابوو و ئیلشا بە خێراییەکی وەها دیپۆرت نەکرابوو کە کەس بتوانێت چارەیەکی بۆ بکات. لەو ماوە کەمە دا ئەگەر کێشەکەی چارەش کرابایە ئەوا هێز نەبوو ئەو لە ئاسمانەوە دایبگرێت و وەک بێچووە مەلێکی غەمگین و تەنیا بیخاتەوە نێو هێلانەکەی.

ئاووا چەند جار تەلەفۆنی بۆ سەیفی کردبوو کەچی لە هەموویاندا نەیتوانی بوو بە قسەوە بیگرێت. بۆیە دوا جار پەیامێک لەسەر تەلەفۆنە دەستییەکەی بەجێدێلێت و بڕیار دەدات خۆی  بە تەنیا بچێتە پێشوازی ئیلشا.

کاتێک فڕۆکەکە خەریکی نیشتنەوەبوو، ئیلشا ببوو بە جەستەیەکی بێ گیان، ئەوەی ناوی هێز و توانایە لە لەشیدا نەمابوو. بێ ئومێدترین و ڕەشبینترین کەس بوو. ئەگەر تاکە هیوای گەڕانەوە بۆ باوەشی ئاووا نە بووایە پێیخۆش بوو هەر لە ئاسماندا گیانی دەرچووبایە.

ئاووا هەر کە ئیلشا دەبینێت وەک شێت بۆ لای ڕادەکات، لە دوورەوە دەیبینێت کە ئیلشا وەک ساوایەکی یەک ساڵە بە ترس و ئەژنۆی چەماوە ڕێی دەکرد. کە دەگەن بە یەکتر ئیلشا وەک وەستان بەرامبەر داری نەجات باوەش بە ئاووا دەکات و خۆی بە بەژن و باڵای ئەو دەگرێتەوە. تاوێکی زۆر دەگرییێت دوایی هێواش هێواش بێ ئەوەی هیچ شتێک بە ئاووا بڵێت دەست و پەنجەکانی شل و خاو دەبنەوە. چۆن خۆیان بە گەردن و باڵای ئاووا هەڵواسی بەهەمان شێوەش لە باڵای ئەو یارە جوان و ژیر و وەفادارەی دەبنەوە. کەمتر لە دەقیقەک دەخایەنێت تا لەشی تەواو خاو دەبێتەوە و لە پڕ گیانی دەردەچێت و وەک لاولاوێکی بێ هێز و شکاو دەکەوێتە ژێر پێییەکانی ئاووا. تاکە ئەندامی لەشی ئیلشا کە ئامادە نەبوو بە ئاسانی دەستبەرداری ژیان بن هەردوو دەستەکانی بون کە بۆ ماوەیەکی درێژ توند پوزە پڕ و سپییەکانی ئاووایان

گرتبوو. وەک ئەوەی ئەو دوو دەستە بیانەوێت بە گەشتیارانی کۆبووەوە بەدەوری ئاوواوە بڵێن " ئێمە دەتوانین دەست لە هەموو شتێکی دونیا بەردەین، بەڵام ئەستەمە دەست بەرداری باڵای سەر ئەو پوزە سپییانە بین "

ئاووا تا زیاتر لە زیڕەی دەدا زیاتر خەڵک کۆدەبووەوە و دەبون بە شایەدی مەرگێک کە بۆ ئاووا لە چارەگە سەدەی تەمەنیدا یەکەم مەرگ و دوا مەرگ و هەموو مەرگ بوو. مەرگێک بوو کە برینێکی قووڵی لە دڵی ئەودا بەجێهێشت، مەرگی کەسێکی بێکەس و قەلەندەر، ئەویندارێکی دڵپاک، فریشتەیەک لە جەستەی مرۆڤدا، پێغەمبەرێکی دەربەدەر.

سەیفی کە دەگاتە نێو فڕگەکە، چارەکێک دەبوو کەوا ئیلشا گیانی دەرچوو بوو. ئاووا بە بینینی ئەو فرمێسک زیاتر بەسەر لەشی سارد و سڕی ئیلشادا دەبارێنێت. پاشان هەردووکیان بە دیار تەرمی ئیلشا تاوێک دادەنیشن، دەست لە ملی یەکتر دەکەن و دڵی یەکتر دەدەنەوە.

مەرگی ئیلشا لەم شوێنە گشتییە و لەبەر چاوی گەشتیارانی نێو فڕگەی شتوتگارت کارەساتێکی سارد و دڵتەزێن بوو. ببووە هۆی جەنجاڵی و شێوانێک کە خەڵکەکە خاو و هێواشتر بەرەو شوێنی مەبەستیان دەچون، وەک ئەوەی لە مەراسیمی کۆچی کەسێکی ناوداردابن. بەڵام بۆ ئاووا و سەیفی بە پێچەوانەوە ڕووداوەکان پاش مەرگی ئیلشا زۆر خیرا و تیژ تێپەڕین، زوو ئەمبیولانس و یەکەی پزیشکی گەیشتن و تەرمەکەیان هەڵگرت. ناو و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی ئاووا و سەیفیان وەرگرت بۆ ئەوەی دوایی پەیوەندیان پێوە بکەن.

تەرمی ئیلشا پاش شیکردنەوە و پشکنین لە یەخچاڵێکی کاتی لە نەخۆشخانەیەکی گەورەدا هەڵدەگیرێت. چەند رۆژێک دواتر ڕێگا بە سەیفی دەدرێت کە تەرمەکە لە نەخۆشخانە هەڵبگرێت، دواییش خۆی بیباتە مزگەوتێک بۆ شۆردنی.

سەیفی لە ترسی ئەوەی نەوەک وەک جاری پێشووی بەسەر بێت کە نەیتوانیبوو زوو هەواڵی مەرگی دوو هاوڕێیەکەی بگەیەنێتەوە کەس و کاریان،

ئەمجارە لە ناردنەوەی هەواڵی مەرگی ئیلشا ئەوەندە پەلەی کردبوو کە ئەو کارەی دواتر کۆڵێک خەمی خستە نێو دڵی.

چونکە بەر لە مانگێک لە سەفەرکردنی لە زاری خوشکەکەی هەواڵی کەزانی جوان و دەلالی دەبیستێت کە چۆن دوو رۆژ دوایی مەرگی ئیلشا لە داخا خۆی سووتاندبوو. هەروەها هەواڵی خوشکە تاقانەکە ئیلشا کە بە مەرگی براکەی وەک شێتی لێهاتبوو و بە یەکجاری دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو.

رۆژی ناشتنی ئیلشا وردە بەفر وەک وردە لۆکە دەبارین، دەتگوت کەسێک لە سەرەوە لە شادمانی زستانێکی فێنک لێفە پەمۆ کۆنەکەی دەدڕی، یان کەسێک دڵتەنگ و دێوانە لە دیار مەرگی ئیلشا شەڕە بالیفی لەگەڵ سێبەری خۆی دەکرد.

به ئیلشاوە هەموویان پێنج کەس بون و ئەویان بۆ گۆڕستانێکی دەرەوەی شاریان دەبرد. تەرمی ئیلشا لە نێو پیکاپی تەرم شۆرەکە دابوو، کە پیاوێکی چل ساڵەی پاکستانی بوو. لە دوایی پیکاپەکەش سەیفی لە ئۆپلەکەیدا مەلایەکی گەنجی تورکی لەتەکی دانیشتبوو. مەلایەکە ریشێکی تەنکی مەیلە و سووری هەبوو، بە چاوێک دەیڕوانییە تەرمی تەنیا و بێکەسی ئیلشا لە پشتەوەی پیکاپەکە و بە چاوەکەی تر لە نەینۆکی ئۆپلە زیوینەکەدا ئاووای بە جلێکی رەش دەبینی و بە گومانەوەش لە ملوانکەکەی گەردنی دەڕوانی.

ئاووا لە پشتەوەی ئۆپلەکە سەرتاپا رەش بوو. ئەوەی وەک بەفری سپی خۆی دەنوواند بریتی بوو لە گەردن و پوزە سپییەکانی. ئەو دوو شوێنەی لەشی ئاووا کە لە کاتی مەرگی ئیلشادا یەکەمین و دواهەمین وێستگەکانی دەستیی ئەو بون. لە نێو بلوزە رەشەکەیدا هەردوو مەمکەکانی لە دوو گومەزی دوو پیاو چاکی جمک و تەنیا دەچون. بە هۆی مەسافەی نێوانیان یەک لە ئەویتر خڕتر و جوانتر و ئەندازەیی تر دیاربوو، هەروەها بەسەر مەمکەکانیدا دوو کەزییە قاوەییە ئەستورەکانی ئاووا دەتگوت دوو ماری عاشقن.

چل دەقیقە بەڕێوە بون و ئەو کاتەی گەیشتنە گۆڕستانەکە کاتژمێر دووی تەواو بوو، نە چرکەیەک کەم نە چرکەیەک زیاد. دەتگوت ئەو کاتە رێکە

زەنگێکی خەمناک بوو بۆ ئەو دوو عاشقە کە ئیتر پاش ئەو دووەی سەر سەعات ئەوان چیتر دوو ئەوینداری لە یەکتر نزیک نین. پاش ئەو دووەی سەر سەعات دەبێت هەریەکەیان بە جۆرێکی دیکە مانا بۆ کاتژمێر و ساڵەکان دابنێت. هەردووکیان دڵ ڕەنجاو لە دووەکەی سەر سەعات و ئەو دووەی بەردەم سفرەکانی ساڵی دوو هەزار، لە دوو زەمەنی جیادا هەردەم بە بینینی ژمارە دوو، سەردەمی ئەوینێکی قووڵ و ساڵێکی خائینیان بێتەوە یاد.

که دەگەن هەر چواریان خێرا دادەبەزن، ئاووا کەمێک دوور دەوەستێت، بە دەستێک لە ژێر چاویلکە ڕەش و گەورەکانی فرمێسکەکانی دەسڕێت و بە دەستەکەی دیکەش چەپکە گوڵێکی ڕەنگاو ڕەنگ هەڵدەگرێت.

گۆری ئیلشا پێشتر لە لایەن شارەوانی هەڵکەنرابوو و پارەکەی درابوو. بریتی بوو لە لاکێشەیەکی کورت و قووڵ، بەڵام لەبەر چاوی ئاووادا دەتگوت ئەو گۆڕە کورتە بۆ بەژنی درێژی ئیلشا شوێنێکی نەشیاوە. کاتێک سەیفی و کابرای پاکستانی خێرا تەرمی ئیلشا بەڕێکی دەخەنە ناو گۆڕەکەوە، زوو چاوەکانی ئاووا هەڵخەڵەتاو و هەڵە دەرکەوتن.

بەر لەوەی هەردووکیان دەست بکەن بە داپۆشینی تەرمی ئیلشا بە گڵی کۆمکراوی ڕۆخ گۆڕەکە، ئاووا بە دەنگێکی پڕ لە نوزە و گریانەوە بانگی سەیفی دەکات کە بوەستێت. لێرەدا ئاووا بەرەو گۆڕەکە دەچێت و بە دەم ڕێگاوە هێواش هێواش مقەستێکی مامناوەندی لە جانتا دەستییەکەی دەردەهێنێت و هەردوو کەزییەکانی لە خوار گوێیەکانییەوە قەد دەکات و دەیانبڕێت. پاشان کە لە گۆڕەکە نزیک دەبێتەوە هەردوو کەزییە بڕاوەکانی لە چەپکە گوڵەکە لوول دەدات و دەیەوێت فڕێیان بداتە نێو گۆڕی ئیلشا. لەو کاتەدا مەلا گەنجەکە وەک قەلە ڕەشێکی تووڕەی دەنووک شکاو بەسەر ئاووادا دەقیرێنێت و پێیدەڵێت کەوا دوور بکەوێتەوە.

ئاووا بەو ڕەفتارەی مەلا و ئەو دونیا نامۆیەی نێو گۆڕستان تەواو دەتاسێت. بۆ ئەو مەرگ و لە گۆڕنانی مرۆڤ پێشتر دوو شتی نامۆ بون، نەیدەزانی چۆن هەڵسوکەوتیان لەتەک بکات، چۆن بڕوانێتە تەرمی یارە

بەدبەختەکەی لەنێو گۆڕدا، چۆن قیرەی دەنگی مەلاکە لە گوێیەکانی دەربهێنێت و بۆ دوا جار چۆن لە کەزییە مردووەکانی ڕابمێنێت.

ئەو مەرگی ئیلشای تەنیا بە مەرگی کەسێکی نەخۆش و بێچارە نەدەزانی، بەڵکو لە مەرگی ئیلشادا مەرگی عەشق و ئەوینی خۆی دەبینی؛ مەرگی فریشتەیەک لە جەستەی گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی دەربەدەر. بۆیە کە قیرەی مەلایەکەی گوێ لێبوو هەستی کرد کە ئەو هاوارە تەنیا بەسەر ئەودا نیە بەڵکو قیرە و هاوارێکە بەسەر هەر ئەوینێکی قووڵ لە نێوان دوو کەسی سەربەستدا. قیرەیە بەسەر ئادەم و حەووا، بەسەر مەم وزین، بەسەر بەلتەسار و بیلموندا.

لەو کاتەدا سەیفی چووە پاڵ ئاووا بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە، لەملاشەوە کابرای پاکستانی خێراتر لە جاران گۆڕەکەی بە گڵ دادەپۆشی. مەلا گەنجەکەش خۆی بۆ تەلقین دانی ئیلشا ئامادە دەکرد. ئاووا لەو کاتەدا خۆی بۆ ناگیرێت و لە کاردانەوەیەکی تووڕە و هێستیریدا بە بەر چاوی مەلایەکە چەپکە گوڵ و جووتە کەزییەکەی بۆ ئیلشا فڕێ دەداتە نێو گۆڕەکە. لە بەرامبەر ئەو کردەوە شێتانەیەی ئاووا، مەلاکە لە جاران تووڕەتر دەبێت و وەک کەسێکی ساویلکە دەمارەکانی ملی دەردەپەڕن و بەسەر سەیفیدا دەنەڕێنێت کە چۆن کیژێکی کافری هێناوەتە سەر گۆری کەسێکی ئیسلام. هەڕەشە دەکات و بە سەیفی دەڵێت کە ئەگەر گوڵ و مووەکانی ئەو کچە لە گۆڕەکە دەرنەهێنێت ئەو ئامادە نییە یەک دەقیقە زیاتر بمێنێتەوە و کارەکەی تەواو بکات.

سەیفی وەک ئەو ساتانەی کە لە نێوان تاریکایی شەو و بەفری سپیدا بەدیار تەرمی دوو هاوڕێ کوژراوەکەی دامابوو، بەدیار گۆڕی ئیلشا نەیدەزانی کامە ڕێگا هەڵبژێرێت. ئایا لەگەڵ مەلادا بمێنێتەوە و دژ بە ئەوینی پاک و شێتانەی دوو کەس بجەنگێت، یان لەگەڵ ئاووا بێت و چاو نەترس و بوێر تا مردن بەرگری لە ئەوینداران بکات.

ئەو کیشەیە نزیکەی چل دەقیقە دەخایەنێت و یەکلایی نابێتەوە، بەوەش گۆڕی پڕنەکراوە و پشت گوێ خراوی ئیلشا لە ژێر بەفری نەرم و چاوەکانی

سەیفیدا زیاتر لە گۆڕی سەرهەنگ و سمکۆ و ئەو گەنجە گۆڕ غەریبانە دەچوو کە لە دووریدا بێکەس و تەنیا دەمرن. لە دەستە چەپی سەیفیدا ئاووا وەک شێت فرمێسک دەبارێنێت و سەیری تەرمی نیوە داپۆشرای ئیلشا و کەزییە بڕاوەکانی دەکات. لەلای راستەشی مەلایەکە وەک خەتیبێکی تووڕە و ئاگرخۆشکەری شەڕ سوورە لەسەر ئەوەی ئیلشا تەلقین نەدات ئەگەر گوڵ و کەزییە بڕاوەکانی ئاووا لە گۆڕەکە دەرنەهێنن. دواجار بڕیار لە دەستی سەیفیدا دەبێت چونکە ئەو پارەی مەلا و مردوو شۆرە پاکستانییەکەی دابوو. سەیفی دووبارە لە نیوان هەردوو بەرەی دەستە راست وچەپیدا بیری لەو شەوە خەمناک و نەگبەتییە دەکردەوە کە دوو هاوڕێ کوژراوەکەی بێ گۆڕ لە ژێر رەحمەتی شەو و بەفر بەجێمان. سەیفی بۆ چەند ساتێک لە نێو بیر و لێکدانەوەکانیدا دەمێنێتەوە، پاشان هەڵدەستێتە سەر پێ و دەستێک لەسەر شانی مەلا گەنجە تووڕەکە دادەنێت و پێیدەڵێت " بڕۆکارداشم، بڕۆ ئۆغر. ئێمە بە بێ تۆش دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین. ئەویندارا پێویستیان بە تەلقین نییە! ئەویندارا فریشتەن لە ئەوین و خۆشەویستی بترازێت مانای شتی دیکە نازانن، بڕۆ کارداشم بڕۆ .... بڕۆ ئۆغر"

سەیفی و ئاووا تا پێنجی ئێوارە بە دیار گۆڕی ئیلشا مانەوە. لەو ماوەیەدا پاش ڕۆیشتنی مەلا گەنجەکە و کابرای مردوو شۆر، سەیفی چووبووە نێو گۆڕەکەوە. یەکەم شت کە ئەنجامی دابوو هەڵگرتنەوەی چەپکە گوڵ و کەزییە قاوەییەکانی ئاوابوو لەسەر پێییەکانی ئیلشا. سەرەتا زۆر وریا و ئاگادار چەپکە گوڵەکە دەخاتە سەر سەری ئیلشا، دواییش دەستی بە سەر کفنەکەدا دەگێڕێت و بە دوایی دەستەکانی ئیلشادا دەگەڕێت. هەر کە هەردوو دەستە خاو و تلاوەکانی ئیلشا دەدۆزێتەوە، هەر یەک لە کەزییەکی ئاووا دەخاتە ناو دەستێکی و پاشان بە جۆرێک دایاندەخات وەک ئەوەی کلیلی گەنجینەیەکی دوور و یەکێک لە دەرگاکانی بەهەشت بن. سەیفی دەستەکانی ئیلشای بە هەمان شێوەی ئەو رۆژە داخستبون کە بە سەر پوزە سپی و پڕەکانی ئاووا لە سەر زەوی فڕگەکەدا بەجێمابون. ئەو بەو کردەوەی هەستی دەکرد نەوەک هەر

دڵی ئیلشا بەڵکو دڵی هەردوو هاوڕێیەکەشی خۆشدەکات کە تەرمەکانیانی لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا لە نێو بەفردا بەجێهێشت.

سەیفی و ئاووا بە خێرایی بە دەستەکانیان گڵی لێواری گۆڕەکەیان پاڵدەنایە نێو گۆڕەکە و کفن و جەستەی ئیلشایان هێواش هێواش دادەپۆشی. لەگەڵ ئەو کارەشیان هەردووکیان هۆڕ هۆڕ بۆ ئەو ئەویندارە بێکەس و گۆڕ غەریبە گریان.

کاتێک هەستان بۆ ئەوەی بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ئیلشا بکەن بینیان پۆلە مراوییێکی باڵ نەخشین بە غەمگینی بە تەنیشت گۆڕەکەی ئیلشادا هێواش هێواش ڕەت دەبون. ئاسمان ڕەنگێکی ئەرخەوانی خەمناکی پۆشیبوو، بەفری تەنکی سەر گیای گۆڕستانەکە لەبەر چاوی هەردووکیان ڕەنگێکی بۆر و شێواوی هەبوو. دەتگوت ئەو ئێوارەیە هەموو ئەو شتانەی دەکەوتنە بەر چاویان بەهۆی مەرگ و کۆچباری ئیلشا تارماییان غەمگینە و ڕەنگیان پەڕیوە؛ دەتگوت سەرتاپا دونیا بەرگی ڕەشی خەمی پۆشیوە.

## سێ ساڵ پاش مەرگی ئیلشا

پاش ئەو ئێوارەیەی کە سەیفی و ئاووا ئیلشای هاوڕێیان لە گۆڕستانێکی دەرەوەی شار ناشت. ئیتر لەو رۆژە بەدواوە یەکتریان نەبینییەوە. هەردووکیان بێ ئەوەی هۆی ئەو ساردییە بدەنە دەستی یەکتر، هەریەکەیان لە لای خۆیەوە خۆنەویستانە دوور کەوتبووەوە و پەیوەندییەکەی پچڕاندبوو. سەیفی لەو سێ ساڵەی کە بەسەر مەرگی ئیلشا تێپەڕیبوو گەلێک شت لە ژیانیدا گۆڕابوو. یەکەم شت کە پاش ئەوەی لە سەفەر گەڕابووەوە و بەردەوام ئەلقەی مارەیی لە پەنجەیدا بادەدا، ئەوە بوو کە شاری شتوتگارت بەجێبهێڵێت و رووبار رووبار بۆ سەرەوە بڕوات تا لە شارێکی دیکەی کەنار راین بگیرسێتەوە.

کاتێک لەگەڵ هاوسەرە تازەکەی بەیەک دەگەن و لە ژێر یەک باندا دەژین، هەردووکیان پێکەوە بڕیار دەدەن کە شارە تازەکە بکەن بە شوێنی ژیانیان. لە دوو جار سەفەری بۆ وڵات، سەیفی سەردانی خوشکە تاقانەکەی ئیلشای کردبوو، لە دەرگای داخراوی ماڵی کەزان ڕامابوو، ماوەیەکی درێژ لە تەنیشت دایکی سەرهەنگ دانیشتبوو. هەروەها مەسافەیەکی دووریشی بڕیبوو بۆ دیدەنی برا گەورەکەی سمکۆ. بەڵام بە درێژایی ئەو سێ ساڵە بەردەوام خۆی دەخواردەوە و تامەزرۆی زانینی هەواڵی ئەو کەسانە بوو کە لە گەشتی بەلەمەکە لەگەڵ ئیلشادا بون. ئارەزووی بوو هەواڵی یەک بە یەکی کەسەکانی نێو بەلەمەکە بزانێت، لە تونجای و سامی قورتارەوە بگرە تا ئەو مەلۆتکە ساوایەی کە دایکی بەسەر بونی گیانی دابوو. پێشتر سەیفی لە بێ هەواڵی جونەید، ئەو کەسەی کە دەرگای دەربازبون و ژیانی بۆ ئاوەڵا کرد، ساڵانێک بوو دەرونی ئازاری دەدا. زۆربەی جاران گازاندەی دڵی خۆی بۆ خۆی دەکرد و دەیگوت " سەیفی، ئەی هاوڕێی بێبەختی! تاکەی لە دابڕانێکەوە دەچیت بۆ دابڕانێکیتر"

سەیفی سێ ساڵی تەواو پاش مەرگی ئیلشا یەکشەممەیەک لە باخچەیەک دانیشتبوو و خەریکی فستەق و پسکویت و پیپسی خواردن بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی. دوو منداڵە جمکەکانیشیان کە ناوی نابون شایان و شێروان لەملاوە خەریکی بازبازێن و یاری کردن بون. لەو کاتەدا ئەو لە ناکاو گوێیەکانی بە بیستنی چەند وشەیەکی کوردی مووت دەبن و ئاوڕێکی خێرای بۆ دواوە پێدەدەنەوە. سەیفی دەبینێت گەنجێگ لە پشت ئەوان تەنیا لە سەر کورسییێک دانیشتووە و چەند جار لەسەر یەک بە " دەریا، دەریا! " بانگی کچێکی حەفت ساڵان دەکات کە لە بەرامبەری خەریکی جۆلانێ بوو. سەیفی خۆشی نازانێت چ هێزێک بەرەو لای ئەو کوڕە گەنجەی دەبات، کاتێک ئەو هەر ئەوەندە بە خۆی ڕادەگات وشەکانی بۆ سڵاو کردن ئامادەبکات، هەردووکیان تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن و خۆیان بە یەکتر دەناسێنن. ئاخاوتنیان زۆر درێژە ناکێشێت تا سەیفی لە پڕ سەرسام و دڵ خورپاو بەرامبەر باوکی کچەکە دەوەستێت کاتێک بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە سەیفی دەڵێت " ئەو کچەم بەر لە حەفت ساڵان لە نێو دەریا لە دایک بووە. دایکی لە نێو بەلەمێکی پڕ لە خەڵکدا بەسەر بونی ئەو کچەمدا بۆ دوا جار ماڵئاوایی کرد و هەردووکمانی تەنیا بەجێهێشت "

سەیفی لێرەدا واق ووڕما و لە شوێنی خۆی وشک دەبێت، چەند جارێک شایان و شێروان بە تەنیشتی ڕەت دەبن و سەرنجیان نادات. پاشان رووی تاساو و شاگەشکەی لە باوکی دەریا دەکات و پێیدەڵێت " برای بەڕێزم، چیرۆکی بەسەرهاتی ئەو بەلەمە لای منە. من و تۆ لەمەودوا رۆژانێکی درێژمان لە پێشە بۆ ئاخاوتن. دەبێت هەردووکمان چیرۆکەکان لە سەرەتاوە بۆ یەکتر بگێڕینەوە! "

باوکی دەریا بە بیستنی ئاخاوتنەکانی سەیفی دەکەوێتە نێو بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، سەیری بە ئەوە دێت کە لە دوایی لە دەست دانی هاوسەرەکەی و شاد بون بە کۆرپە دەربازبووەکەی. ژیانی ئەو بووە بە فلیمێکی سەرسوڕهێنەر و کۆتایی نادیار. هەر رۆژە کارەکتەرێک بە خۆی و

کۆڵێک لە قسەوە دێتە نێو ئەو فلیمەی ژیانی ئەو. هەر رۆژە و باسێکی نوێ سەبارەت بەو بەلەمە نەگبەتییە دەبیستێت کە شوێنی ناخۆشترین و خۆشترین هەواڵ بون بۆ ئەو. ئەو بەلەمەی کە بەدرێژای حەفت شەو و رۆژی نێو دەریا دوو بەرەی دژ بە یەکتری تێدا لە شەڕ و ململانێ دابون. ئەو بەلەمەی کە زۆر بچووکتر بوو لە کەشتییە گەورەکەی حەزرەتی نووح، بەڵام لەیەک کاتدا بەرەی خێر و شەڕی پێکەوە هەڵگرتبوو و بە بارێکی گرانەوە لە چەقی دەریاوە بە جێمابوو. بەڵێ، ئەو بەلەمەی کە تا مردن حیکاتەکەی بۆ باوکی دەریا نە تەواو دەبوو و نە کۆتایی دەهات.

بۆیە سەیفی و باوکی دەریا رۆژان و مانگان و ساڵانی دواتر وەک دوو شەهرەزادی سمێڵدار و دڵبریندار بەردەوام لە بەرامبەر یەکتر دادەنیشتن و حیکایەتی بەلەمەکە و بەسەرهاتەکانی دواتریان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. ئەو حیکایەتەی کە تا دونیا دونیایە نە کۆن دەبێت و نە کۆتایشی دێت. ئەو حیکایەتەی کە جیاوازە لە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی پێشوو. ئەو حیکایەتەی کە نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی، ئەو حیکایەتەی کە پاش مەرگی پاڵەوانەکەشی هەر دەخوێندرێتەوە و زیندووە.

حیکایەتی مەرگ و ژیانی ئیلشا!

حیکایەتی مەرگ و ژیان!

حیکایەتی مەرگ!

*ئەلبێرتا ـ کەنەدا*

٢٠٠٦